حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو



جووڵانەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران
١٩٦٧-١٩٦٨

نامەیەکە

شێوە عوسمان موحەمەد ئەمین

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەری مێژوو/ لە پسپۆریی مێژووی نوێ و هاوچەرخ پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە.

سەرپەرشت

پرۆفیسۆر دکتۆر یاسین خالید حەسەن

٢٧٢٦کوردی ٢٠٢٦ زایینی

بەڵێننامەی خوێندکار

بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی "جوولانەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران ١٩٦٧-١٩٦٨" کارێکی ڕەسەنی خۆمە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێریی پڕۆفیسۆر دکتۆر یاسین خالید حەسەن بەڕێوە چووە. پشتڕاستی دەکەمەوە کە هەموو کارە ئەزموونییەکان و کۆکردنەوەی زانیاری و نووسین، بە پشتیوانیی ئەکادیمیی بەنرخی سەرپەرشتیارەکەم، لەلایەن خۆمەوە، ئەنجام دراون.

دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم توێژینەوەیە پێشتر، هەمووی یان بەشێکی بۆ پێدانی هیچ بڕوانامەیەکی ئەکادیمی لە هیچ دامەزراوەیەکی تردا پێشکەش نەکراوە.

واژۆ:

خوێندکار : شێوە عوسمان موحەمەد ئەمین

ڕێکەوت:

ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەی خوێندکار(**شێوە عثمان محمد**) بە ناونیشانی(**جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردستانی نێران ١٩٦٧-١٩٦٨**)، لە ژێر سەرپەرشتی ئیمە لە بەشی مێژوو/ کولێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، پێشنیاز دەکەین پێشکەش لێژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

ناو: **د.یاسین خالد حسن**

پلە: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: / /2026

بەپێی ئەو پێشنیازەی سەرپەرشتیاری خوێندکار، ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: **پ.ی.د.هاوار کمال میرزا عبدالله**

سەرۆکی بەشی مێژوو

بەروار: / /2026

Scanned with CamScanner

II

پەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (شێوە عوسمان محمد أمین) بە ناونیشانی (جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران ١٩٦٧-١٩٦٨)مان خوێندەوە. گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی( ) بڕوانامەی (ماستەر)ی لە زانستی (مێژوو)دا پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د. سامان حسین احمد
پلەی زانستیی: پڕۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٤/١٩/ ٢٠٢٦

واژۆ:
ناو:د. اسماعیل عبدالرحمن سعید
پلەی زانستیی: پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ٤/١٩ / ٢٠٢٦

واژۆ:
ناو:د. شاخەوان عبدالله صابر
پلەی زانستیی: پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ٤/١٩/ ٢٠٢٦

واژۆ:
ناو: د. یاسین خالید حسن
پلەی زانستیی: پڕۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ٤/١٩ / ٢٠٢٦

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی پەسەندکرا.

واژۆ:
ناو: پ.د. پاڤێ جمیل احمد
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە وەکالەت
ڕێکەوت: ٥/ ٤/ ٢٠٢٦

Scanned with CamScanner

III

پێشکەشە

- **بە پێشمەرگە و شەهیدە قارەمانەکانی جووڵانەوەی چەکدارانەی ١٩٦٧-١٩٦٨ی کوردستانی ئێران.**
- **بە تێکۆشەران و شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کورد و کوردستان.**

سپاس و پێزانین

پاش سپاسی بێپایان بۆ خودای مەزن، کە بۆ گەیشتن بەم قۆناغە تەمەن و تەندروستیی پێبەخشیم، بە پێویستی دەزانم سپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم، پێش لە هەموان سپاسی بێپایانم بۆ:

- بەڕێز **پڕۆفیسۆر دکتۆر یاسین خالید حەسەن** کە زۆر لەگەڵم ماندوو بوو، سەرنج و تێبینی و زانیارییە بەنرخەکانی ڕۆلی گرنگی لە بەئەنجام گەیشتنی ئەم توێژینەوەیەدا هەبوو.
- سپاسی تایبەتیم بۆ بەڕێز **پڕۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر هاوار کەمال میرزا عەبدوڵلا** سەرۆکی بەشی مێژوو کە بە ڕێنماییە بەنرخەکانی بەردەوام هاوکاریی کردم.
- ئەرکی سەرشانمە سپاسی تێکڕای مامۆستایانی تەمەنی خوێندنم بکەم، بەتایبەتی مامۆستایانی بەشی مێژووکە هەوڵ و ماندووبوونەکانیان، لە پێگەیاندنی زانستیی سەدان خوێندکاری وەکوو ئێمەدا بەشدار بووە.
- سپاسی تایبەتیم بۆ سەرجەم ئەو بەڕێزانەی کاتی خۆیان پێبەخشیم، چاوپێکەوتن و گفتوگۆم لەگەڵدا کردن، زانیارییەکانیان یارمەتیدەری پێگەیشتنی نامەکەم بوون، ئەوانیش بەڕێزان: محەمەد خزری، ڕەسوول پێشنەماز، عەبدوڵلا حەسەنزادە، د.مەحموود عوسمان، ناسر قازیزادە، ئیبراهیم مینەشەم، ئەحمەد نەستانی، خاتوو نەرمین عوسمان، د. قادر وریا، ئەحمەد حوسێن.
- سپاس و ڕێزی زۆرم بۆ بەڕێزان: عەلی بداغی، گۆران حوسێن، د.سمایل بازیار، ئاگری ئیسماعیل نەژاد، تاهیر قاسمی، د.قادر وریا، د.یاسین تەها، د.شەیما حەمەلاو، د.ئارەزوو نەستانی، نیما حوسێنی، کە بە سەرنجەکانیان هاوکاریی زۆریان کردم، جگە لەوەی لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی بەنرخدا هاوکارم بوون.
- سپاسی تایبەتیم بۆ بەڕێزانی کتێبخانەی گردی زەرگەتە کە بە سەرچاوەکانی نێو کتێبخانەکەیان هاوکاریی زۆریان کردین. هەروەها بۆ بەڕێزانی "بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی"، بە ئەرشیڤەکانی نێو بنکەکەیان زۆر هاوکارمان بوون.
- سپاسی تایبەتم بۆ سەرجەم هاوڕێیانم بە تایبەتی هاوڕێیانی ئەم قۆناغەی خوێندنم، کە هاوکاری و پشتگیرییان، هۆکاری ئاسانکردنی ڕێگای ئەم قۆناغەی خوێندنم بوون.
- لە کۆتایدا سپاسی تایبەتیم بۆ سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم و بە تایبەتی هاوسەری بەڕێزم، کە لەم پڕۆژە زانستییەدا هاوبەشی ڕاستەقینەی ماندووبوونەکانم بوون.

پوختە

جوولانەوەی چەکدارانەی ١٩٦٧-١٩٦٨، یەکێکە لە کاریگەرترین وێستگەکانی خەباتی سیاسی و چەکداری لە کوردستانی ئێران کە بە گەڕانەوەی بەشێک لە کادرە بالاکان و لاوە خوێندەوارەکانی "ح.د.ک" لە کوردستانی عێراقەوە بۆ کوردستانی ئێران دەستی پێکرد. جوولانەوەکە لە ڕووی سەربازییەوە تێکشکا، بەڵام کاریگەری و شوێنپەنجەی خۆی بەسەر خەباتە چەکداریەکانی پاش خۆی لە ئێراندا بەجێهێشت، هاوکات کۆتایی بە سستی و سڕبوونی جەستەی "ح.د.ک" لەپاش کۆماری کوردستان هێنا؛ خەباتی چەکداریی لە مێژووی تێکۆشانی سیاسیی کوردستانی ئێران دژ بە دەستەڵاتی داگیرکەردا کردە نەریت.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە تیشک خستنەسەر جوولانەوەی چەکدارانەی ٦٧- ٦٨ی کوردستانی ئێران، پاڵنەر و هۆکارگەلی پشت سەرهەڵدانی جوولانەوەکە، هەروەها نیشاندانی ئامادەکارییەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، سەرهەڵدانی جوولانەوەکە و کۆژانەوەی، وێڕای خستنە ڕووی گرنگترین کاریگەرییەکانی جوولانەوەکە و دەنگدانەوەکەی لەسەر ئاستی ئێران و ناوچەکە و جیهان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار گەلێکی وەک: فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی جوولانەوەکە چی بوون؟ ئامادەکارییەکان بۆ جوولانەوەکە چۆن بوو؟ هۆکارەکانی شکستی چی بوون؟ لێکەوتەکانی جوولانەوەکە لەسەر ئێران، کوردستانی ئێران، "ح.د.ک" و ئەدەبیات چی بوو؟ دەنگدانەوەی جوولانەوەکە لە نێو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئێران و ناوچەکە و جیهان لە چ ئاستێکدا بوو؟

لە نووسینی توێژینەوەکەدا پشتمان بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی (وەسفی، گێڕانەوە- شیکاری) بەستووە و بەشێوەیەکی بابەتییانە سەرنجەکانمان ڕوون کردووەتەوە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە فاکتەرە نێوخۆییەکانی کوردستانی ئێران، ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەتایبەتی ساڵانی دەیەی شەستی سەدەی بیست و ڕەوشی "ح.د.ک" لە هەمان ماوەی مێژووییدا، فاکتەرە هەرێمییەکان و شۆڕشی کوردستانی عێراق، چەکەرەکردنی بیری چەپی نوێ لای بەشێک لە کادرەکانی "ح.د.ک"، هاوشانی ڕاپەڕینە چەکداریەکانی وڵاتانی ئاسیا و ئەمەریکای لاتین، لە گرنگترین فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی جوولانەوەکە بوون. جوولانەوەکە، ماوەیەکی کورت پاش سەرهەڵدانی، بەهۆی بێبەش بوونی لە هەموو هاوکارییەکی دەرەکی، وێڕای خەیانەتی هەندێک لە دەرەبەگەکان و سیخوڕی کردنیان بۆ دەزگای ساواک، هەروەها ڕەوشی شۆڕشی کوردستانی عێراق و پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ حکومەتی ئێران، لە ڕووی سەربازییەوە شکستی هێنا. لەگەڵ ئەمەشدا دەنگدانەوە و لێکەوتەکانی

جووڵانەوەکە لەسەر ئاستی کوردستانی ئێران بە تایبەتی و وڵاتی ئێران بە گشتی هێندە قوول بوون کە ئێستاش شوێنەواری لەسەر تێکۆشانی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا ماوە.

خشتەی ناوی مانگەکانی ساڵ

مانگی عەرەبی	مانگی میلادی
کانوونی دووەم	یەنایر (January)
شوبات	فەبرایر (February)
ئازار	مارس (March)
نیسان	ئەپریل (April)
ئایار	مایۆ (May)
حوزەیران	یونیۆ (June)
تەممووز	یولیۆ (July)
ئاب	ئۆغستس (August)
ئەیلول	سێپتێمبەر(September)
تشرینی یەکەم	ئۆکتۆبەر (October)
تشرینی دووەم	نۆڤێمبەر (November)
کانوونی یەکەم	دیسێمبەر (December)

لیستی کورتکراوەکان

هێما	**ماناکەی**
ل	**لاپەڕە**
و.	**وەرگێڕ**
چ.	**چاپخانە**
ژ.	**ژمارە**
ب.س	**بێ سالّی چاپ**
ب.ش	**بێ شوێنی چاپ**
ب.چ	**بێ چاپخانە**
ح.د.ک	**حزبی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٥-١٩٧١**
حدکا	**حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ١٩٧١...**
پ.د.ک	**پارتی دیموکراتی کوردستان**
ی.ن.ک	**یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان**
حشع	**حزبی شیوعیی عێراق**
ع.	**عدد**
ت.	**ترجمة**
ط.	**طبع**
ب.م	**بی مکان چاپ**
ش.	**شمارە**
ساواک	**سازمان اطلاعات و امنیت کشور**

أ، ب، ج ئەم پیتانە لەپێش ناوی ئەو نووسەرەوە هاتووە، کە لە سالّێکدا زیاتر لە کتێبێکی چاپ و بلّاو کردووەتەوە.

ناوەڕۆک

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	١-٦
دەروازە: ڕەوشی کوردستانی ئێران لەسەردەمی پەهلەویی یەکەم و دووەم:	٧-٢١
بەشی یەکەم: فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی جوواڵانەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران(١٩٦٧-١٩٦٨)	٢٢-٧٨
باسی یەکەم: ڕەوشی نێوخۆیی کوردستانی ئێران لە دوا ساڵەکانی دەیەی پەنجاکان تا سەرەتاکانی ڕێکخستنی جوواڵانەوە چەکدارانەکە ١٩٥٨-١٩٦٦:	٢٣-٤٢
تەوەری یەکەم: ڕەوشی ئابووری.	٢٣-٢٩
تەوەری دووەم: ڕەوشی کۆمەاڵیەتی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.	٢٩-٣٥
تەوەری سێیەم: ڕەوشی سیاسی لە کوردستانی ئێران .	٣٥-٤٢
باسی دووەم: ڕەوشی نێوخۆی حزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوان ساڵانی(١٩٥٨-١٩٦٦):	٤٣-٦٠
تەوەری یەکەم: ڕەوشی نێوخۆی حزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٥٨)	٤٣-٤٧
تەوەری دووەم: ڕەوشی ح.د.ک لە پاش باڵادەستیی باڵی ڕاست تا کۆنگرەی دووی ئەو حیزبە (١٩٦١-١٩٦٤)	٤٧-٥١
تەوەری سێیەم: ڕەوشی ح.د.ک لە سەروبەندی کۆنگرەی ٢ تا سەرهەڵدانی جوواڵانەوە چەکدارانەکە(١٩٦٤-١٩٦٦)	٥٢-٦٠
باسی سێیەم: کاریگەریی پەرەسەندنی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستانی عێراق لە سەرهەڵدانی جوواڵانەوە چەکدارییەکە (١٩٥٨-١٩٦٦)	٦١-٧٨
تەوەری یەکەم: کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستانی عێراق لەسەر ح.د.ک و کوردستانی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣.	٦١-٧٠
تەوەری دووەم: گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی کوردستانی عێراق و ح.د.ک.(١٩٦٣-١٩٦٦)	٧٠-٧٨
بەشی دووەم: چوارچێوەی گشتیی جوواڵانەوە چەکدارانەکە (ئامادەکارییەکان- سەرهەڵدان و پەیوەندییەکانی)	٧٩-١٢٣
باسی یەکەم: ئامادەسازیی بۆ ڕاپەڕینی چەکداری:	٨٠-٩٥
تەوەری یەکەم: ڕەوشی سیاسیی لقی سێ و چواری ح.د.ک و کۆمیتەی شۆڕشگێڕ گوندی ئالانێ:	٨١-٨٦
تەوەری دووەم: : ڕەهەندە میژوویییەکانی گەڕانەوەی سولەیمان موعینی و جوواڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨ لە کوردستانی ئێران:	٨٦-٩٥
باسی دووەم: پەیوەندییەکانی جوواڵانەوەکە:	٩٥-١٠٧
تەوەری یەکەم: پەیوەندییەکانی جوواڵانەوەکە لەگەڵ حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران لە دەرەوە :	٩٥-١٠٠
تەوەری دووەم: پەیوەندیی جوواڵانەوەکە لەگەڵ واڵتە عەرەبییەکانی وەکوو میسر و عێراق	١٠٠-١٠٢

تەوەری سێیەم: پەیوەندیی جوولانەوەکە بە گرووپەکانی دیکەی ح.د.ک و لایەنەکانی کوردستانی عێراق. ١٠٢-١٠٤
تەوەری چوارەم: پەیوەندیی جوولانەوەکە بە لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٠٤-١٠٧
باسی سێیەم: ڕۆڵی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ح.د.ک لە جوولانەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ و گەیشتنی جوولانەوەکە بە لووتکەی خۆی: ١٠٨-١٢٣
تەوەری یەکەم: خەباتی سیاسیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٧ ١٠٨-١١٤
تەوەری دووەم: ڕەوشی سیاسی و سەربازیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە ساڵی ١٩٦٨ ١١٤-١٢٣
بەشی سێیەم کاریگەرییەکان و دەنگدانەوەی جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨: ١٢٤-١٧٠
باسی یەکەم: کاریگەرییەکانی جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨ لەسەر ئێران بە گشتی و کوردستانی ئێران و ح.د.ک بەتایبەتی ١٢٥-١٤٠
تەوەری یەکەم: کاریگەریی جوولانەوەکە لەسەر ح.د.ک: ١٢٥-١٣٢
تەوەری دووەم: کاریگەرییەکان لەسەر کوردستانی ئێران بەتایبەتی و ڕەوتی خەباتی چەکداریی لە ئێران بە گشتی: ١٣٢-١٤٠
باسی دووەم: دەنگدانەوەی جوولانەوەکە و پرسی کورد لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان: ١٤١-١٥٤
تەوەری یەکەم: دەنگدانەوەی جوولانەوەکە لە نێو ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئێرانییەکاندا: ١٤١-١٤٩
تەوەری دووەم: دەنگدانەوەی جوولانەوەکە لە عێراقی هاوسێ و وڵاتانی دیکە. ١٤٩-١٥٤
باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی جوولانەوەکە لەسەر ئەدەبیات : ١٥٥-١٧٠
تەوەری یەکەم: ڕەنگدانەوەی جوولانەوەکە لەسەر شیعری نوێی کوردستانی ئێران: ١٥٥-١٦٠
تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی جوولانەوەکە لەسەر شاعیرانی نوێی شیعری کلاسیک: ١٦٠-١٦٦
تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی جوولانەوەکە لەسەر ئەدەبیاتی دەرەوەی کوردستانی ئێران: ١٦٦-١٧٠
ئەنجام ١٧١-١٧٣
لیستی سەرچاوەکان ١٧٤-١٨٥
پاشکۆکان ١٨٦-٢١٦
ملخص ٢١٩
Abstruct ٢٢٠

لیستی وێنە و هاوپێچ و نەخشەکان

بابەت	لاپەڕە
پاشکۆی ژمارە (١) ڕۆژنامەی "خاک و خون"، ژ. ٦٣ .	١٨٦
پاشکۆی ژمارە (٢) ڕۆژنامەی "خاک و خون"، ژ. ٥٢ .	١٨٧
پاشکۆی ژمارە (٣) ڕۆژنامەی "خاک و خون"، ژ. ٦٦ .	١٨٨
پاشکۆی ژمارە (٤) ڕۆژنامەی "خاک و خون"، ل ١٢٨ .	١٨٩
پاشکۆی ژمارە (٥) ڕۆژنامەی "خاک و خون" ژ ١٢٢ .	١٩٠
پاشکۆی ژمارە (٦) ڕۆژنامەی "خاک و خون"، ژ. ٥٩ .	١٩١
پاشکۆی ژمارە (٧) ڕۆژنامەی "خاک و خون"، ژ. ٨٩ .	١٩٢
پاشکۆی ژمارە (٨) بڵاوکراوەی "تیشک" ژمارە ١ سەرماوەزی ١٣٤٥ .	١٩٣
پاشکۆی ژمارە(٩) سنووری جوولانەوەی ٦٧ – ٦٨ لەسەر نەخشەی کوردستانی ئێران	١٩٤
پاشکۆی ژمارە(١٠) شوێنی گەمارۆدان و کوژرانی شەریفزادە و هاوڕێیانی لە دارێنە.	١٩٥
پاشکۆی ژمارە (١١) بەڵگەیەکی ساواک سەبارەت بە کوشتنی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی .	١٩٦
پاشکۆی ژمارە(١٢) شوێنی لە داوکەوتنی مەلائاوارە لە دیوانان.	١٩٧
پاشکۆی ژمارە (١٣) بەڵگەیەکی ساواک سەبارەت بە دەستگیرکردنی مەلائاوارە و دوو لە هاوڕێکانی .	١٩٨
پاشکۆی ژمارە(١٤) شوێنی گەمارۆدان و کوژرانی مینەشەم و عەبدوڵلا موعینی لە قالوێ.	١٩٩
پاشکۆی ژمارە(١٥) شوێنی کوژرانی مراد شیرێژ و ئەحمەد عەلی عەجەم لە کانیزەردی ناوچەی پیرانشار.	٢٠٠
پاشکۆی ژمارە (١٦) ڕاگەیەنراوی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی تووده سەبارەت بە ڕەشبگیری و سزای لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ لە پاش جوولانەوەی ٦٧-٦٨.	٢٠١
پاشکۆی ژمارە (١٧) ڕەشبگیریی نوێ لە کوردستانی ئێران لە پاش جوولانەوەی ٦٧-٦٨ لە ڕۆژنامەی "توفان" ژمارە ٢٢.	٢٠٢
پاشکۆی ژمارە (١٨) کێشانی نیگاری سولەیمان موعینی لە لایەن ناسر قازیزادە.	٢٠٣
پاشکۆی ژمارە (١٩) نامەی ئاراستەکراوی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی تووده بۆ ڕێکخراو و خەڵکی ئازادیخواز لە سەرانسەری جیهان، سەبارەت بە ڕەشبگیری و سزای لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ لە پاش جوولانەوەی ٦٧-٦٨.	٢٠٤
پاشکۆی ژمارە (٢٠) هەواڵەکانی تایبەت بە ڕەشبگیری و درندەیی ڕژێمی شا لە کوردستانی ئێران لە پاش جوولانەوەی ٦٧-٦٨ و ناوهێنانی دوو لە ڕێبەرانی جوولانەوەکە (سولەیمان و عەبدوڵلا موعینی)	٢٠٥
پاشکۆی ژمارە (٢١) باسکردنی ڕەنگدانەوەی تاوانەکانی ڕژێمی شا لە کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٦٨ و ناساندنی یەک لە ڕێبەرانی جوولانەوەکە (مەلائاوارە) .	٢٠٦
پاشکۆی ژمارە (٢٢) یادکردنەوەی ڕێبەرانی جوولانەوەکە و ناساندنی سولەیمان و عەبدوڵلا موعینی.	٢٠٧
پاشکۆی ژمارە (٢٣) یادکردنەوەی ڕێبەرانی جوولانەوەکە لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد.	٢٠٨
پاشکۆی ژمارە (٢٤) هەواڵەکانی تایبەت بە کوردستان و زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانەکانی ڕژێمی شا.	٢٠٩
پاشکۆی ژمارە (٢٥) دەنگدانەوەی تاوانەکانی ڕژێمی شا لە کوردستان لە پاش جوولانەوەی ٦٧-٦٨.	٢١٠
پاشکۆی ژمارە (٢٦) باسکردنی تاوانەکانی ڕژێمی شا لە کوشتن،لەسێدارەدان و نمایشکردن لە کوردستان و هێنانەکایەی پرسی ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد.	٢١١
پاشکۆی ژمارە (٢٧) یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی خەباتی سمایل شەریفزادە لە دووەمین ساڵڕۆژی شەهیدکردنیدا.	٢١٢
پاشکۆی ژمارە (٢٨) پرسی جوولانەوەکە لە ڕۆژنامەکانی ئێران پاش شۆڕشی گەلانی ئێران.	٢١٣
پاشکۆی ژمارە (٢٩) دەنگدانەوەی تێکۆشانی برایانی موعینی.	٢١٤
پاشکۆی ژمارە(٣٠) هەواڵی پێشانگای ناسر قازیزادە، تایبەت بە شەهیدانی کوردستان و جوولانەوەی٦٧-٦٨.	٢١٥
پاشکۆی ژمارە (٣١) هەواڵی تایبەت بە جوولانەوەکە و ناساندنی ڕێبەرانی جوولانەوەکە.	٢١٦

پێشەکی:

خەباتی چەکداری یان خەباتی چەکدارانە بەو چالاکییانە دەوترێت کە بزووتنەوە مافخوازەکان لە نەبوونی دیموکراسی و ئازادی و ڕێگری لە شێوازە ئاشتیخوازانەکانی تێکۆشانی سیاسی، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرش و سەرکوتی دەسەڵاتێکی زۆردار و پاشەکشەپێکردنی لە سیاسەت و کردەوەی ستەمکارانە، بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خەڵکی پشتیوانی جوولانەوەکە، بەڕێوەی دەبەن. مێژووی نوێ و هاوچەرخ، شاهێدی چەندین جوولانەوەی چەکدارانەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی بندەست و داگیرکراوە.

نیشتمانپەروەرانی کورد وەکوو وەڵامێک بۆ نادادپەروەریی سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان، پەنایان بۆ جوولانەوە و خەباتی چەکدارانە بردووە. ئەم جوڵانەوانەش، بەشێکی زێڕینی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی تێکۆشانی نەتەوەی کوردیان لە پارچەکانی کوردستانی دابەشکراو، بەتایبەتی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا پێکهێناوە.

گرنگیی توێژینەوەکە:

جوولانەوەی چەکدارانەی ١٩٦٧-١٩٦٨، یەکێکە لە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێران و ''ح.د.ک''، دەستپێکی قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی ئێران و کوردستانی ئێراندا. گرنگییەکەی بەتایبەت بۆ وەلانانی خەباتی مەدەنی و پەنابردنە بەر خەباتی چەکدارانە، وەکوو وەڵامێک لە بەرانبەر سیاسەتی دەستەڵاتی شاهەنشاهیی پەهلەوی دەگەڕێتەوە. ئەم جوولانەوەیە هەروەها سەرەتایەک بوو بۆ سوودوەرگرتن لەم شێوازی خەباتە لە لایەن "ح.د.ک" و پارتە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران، لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان لە قۆناغەکانی دواتر بە تایبەتی لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا. بەهۆی گرنگی و کاریگەرییەکانیەوە،"جوولانەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران١٩٦٧-١٩٦٨" وەکوو بابەتی توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە. هەوڵ دراوە بەپشتبەستن بە سەرچاوەی جۆراوجۆر، وەڵامی پرسیارگەلێکی وەک فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی جوولانەوەی ٦٧-٦٨ی کوردستانی ئێران چی بوون؟ چ لایەنێک سەرکردایەتیی جوولانەوەکەی کرد؟ ئامادەسازییەکان لەچ ئاستێکدا بوون؟ هۆکارەکانی شکستی جوولانەوەکە چی بوون؟ گرنگترین لێکەوتەکانی کامانە بوون؟ مەودای دەنگدانەوەکەی تا کوێ و لە چ ئاستێکدا بوو؟ بدرێتەوە. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، ڕەوشی کوردستانی ئێران، "ح.د.ک"، ڕەهەندەکانی پەیوەندیدار بە نزیکەی دەساڵ پێش جوولانەوەکە، وێرای خستنەڕووی ڕووداوەکانی سەروبەندی جوولانەوەکە و دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی ئەو جوولانەوەیە، تیشکیان خراوەتەسەر. لە کۆتاییشدا لێکەوتەکانی شکستی جوولانەوەکە، بە شێوەیەکی بابەتی و زانستییانە شی کراونەتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە سێ گۆشەیەکی پێکەوە بەستراودا تیشکی خستووەتە سەر قۆناغێکی گرنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستانی ئێران. لە گۆشەی یەکەمدا، فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی جوولانەوەکە وەکوو یەکەم ڕاچەنینی چەکداریی نیمچە ڕێکخراوی چەپی ڕادیکاڵ شی کراوەتەوە. لە گۆشەی دووەمدا تێکۆشانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ''ح.د.ک'' لە کوردستانی ئێران، ناساندنی ڕێبەرەکانی، شوێنپەنجەیان لەو قۆناغە گرنگەی خەباتدا ڕوون کراوەتەوە. لە گۆشەی کۆتاییدا

لێکەوتەکانی یەکەم جوولانەوەی چەکداری لە ئێران، لەسەر ئێران، لەسەر تێکۆشان لە کوردستانی ئێران، لەسەر "ح.د.ک" و ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە شی کراوەتەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

جوولانەوەی ٦٧-٦٨ قۆناغێکی گرنگی مێژووی تێکۆشانی نەتەوەیی و سیاسی لە کوردستانی ئێران بووە، وەکوو قۆناغێکی یەکلاکەرەوەی نێوان خەباتی کلاسیکی کورد و تێکۆشانی نوێی "ح.د.ک"، کاریگەریی قوولّی لەسەر هۆشیاری نەتەوەیی، ئەدەبی بەرگری و شێوازی تێکۆشانی قۆناغەکانی پاش خۆی داناوە. شوێنپەنجەی خۆی لەسەر تێکۆشانی "ح.د.ک" لە دوور مەودا دروست کردووە؛ وێڕای ئەوەش تا ئێستا توێژینەوەیەکی تایبەتی زانکۆیی لەسەر نەکراوە. بەراورد بە ڕووداو و قۆناغەکانی دیکەی کوردستانی ئێران لەسەر ئاستی زانکۆکان و ئەدەبیاتی "ح.د.ک"، فەرامۆشکردنی پێوە دیاربوو. زۆرینەی توێژینەوەکان سەرنجیان لەسەر قۆناغی شۆڕشی گەلانی ئێران و دواترە. ڕووداوەکان و مێژووی ساڵانی ١٩٦٠-١٩٧٠ و بەتایبەتی جوولانەوەی ٦٧-٦٨، وەکوو قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی کورد و ئێران و دەستپێکی خەباتی چەکدارانە لە ئێران و کوردستانی ئێران، کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە، ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە.

گرفتەکانی توێژینەوەکە:

بێگومان ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بێ گرفت نابێت. پێویستە ئاماژە بە هەندێک گرفت بکرێت کە هاتنە ڕێگای نووسینی ئەم توێژینەوەیە؛ لەوانە لەنێوچوونی بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکانی تایبەت بە جوولانەوەکە و هەڵسووڕانی ڕێبەرانی، تێکشکانی جوولانەوەکە و کوژرانی ڕێبەران و زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەکانی. هاوکات ژیانی پەنابەریی "ح.د.ک" و هەڵکەندرانیان لە بنکە و مەڵبەندەکانی کارکردنیان و نەبوونی دەزگایەکی ئەرشیفی تایبەت بەو جوولانەوەیە، ئەمانە هۆکارگەلێکن بۆ بە شاراوەیی مانەوە و ونبوونی بەڵگەنامەکان. وێڕای ئەوانە، هەوڵدراوە لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ زۆرینەی ئەو کەسانەی پەیوەندیدار و شایەتحاڵ و هاوسەردەم و پێشمەرگەی ڕزگاربووی جوولانەوەکە بوون، ئەو ئاستەنگە کەم بکرێتەوە. وەفاتی هەندێک لە پێشمەرگەکانی جوولانەوەکە، خراپیی تەندروستی زۆرێک لەوانەی کە لە ژیاندان، وێرای ئەمانەش قسەنەکردنیان بە هۆکاری خۆپاراستن لە بانگهێشت و لێپرسینەوەی دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتی ئێران، یاخود خۆبواردنیان لە وەڵامی هەندێک پرسیار ئاستەنگێکی دیکە بوو.

میتۆدی توێژینەوەکە:

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی (وەسفی، گێڕانەوە - شیکاری) بۆ باسکردن و ڕاڤەکردنی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زانستیانە ڕەچاو کراوە و سەرنجەکان ڕوون کراونەوە؛ لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی ڕەسەن و بایەخدار لە چەندین سەرچاوەی جیاوازی وەکوو بەڵگەنامە، پەرتووک، یادداشت، چاوپێکەوتن، توێژینەوەی ئەکادیمی، گۆڤار و ڕۆژنامە، بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بێلایەن و بە لەبەرچاوگرتنی کرۆنۆلۆجیای ڕووداوە مێژووییەکان شیکردنەوە بۆ بابەتەکان کراوە.

سەرچاوەکانی تۆێژینەوەکە:

لە نووسینی تۆێژینەوەکەدا سوود لە بەڵگەنامە و سەرچاوەی جۆراوجۆر بە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی وەرگیراوە، دەکرێت بەپێی بەشەکان پۆلێنی گرنگترینی ئەو سەرچاوانە بەم شێوەیەی خوارەوە بکرێت:

لە بەشی یەکەمدا زۆرترین سوود لە پەرتووکی "کوردستانی ئێران- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد" ی د.یاسین سەردەشتی، "کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حزبی دێموکراتی کوردستان وەک نموونە"ی د.سمایل بازیار، بەشێک لە هەواڵەکانی تایبەت بە ڕەوشی نێوخۆی کوردستانی ئێران لەنێو ڕۆژنامەی "خاک وخون" بە سوود وەرگرتن لە کتێبی "خاک و خون- سەرچاوەیەکی مێژووی هاوچەرخی کوردستان"ی د. یاسین سەردەشتی، "شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان" وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە شەفیقی حاجی خدر، هەروەها یادداشتی بەرگی دووی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، وەرگیراوە.

لە بەشی دووەمدا، زۆرترین سوود لە کتێبی "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوولانەوەی سااڵەکانی ٤٢-٤٧_١٩٦٣-١٩٦٨)ی حزبی دێموکراتی کوردستان" ی محەمەد خزری، "بەهاری کوردەواری سوور و شینە" ی محەمەد خزری، "جوولانەوەی ١٩٦٧ و ١٩٦٨- کۆمەڵێک زانیاری، یادداشت، بیرەوەری و بەڵگەنامە"ی مەلا ڕەسوول پێشنەماز، بەڵگەنامەکانی نێو پەرتووکی "چپ در ایران به روایت اسناد ساواک- حزب دمکرات کردستان"، "خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕووداوە نێوخۆییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا) و جوولانەوە چەکدارانەکەی سااڵنی ١٩٦٧-١٩٦٨ی کوردستانی ئێران" ی د. یاسین سەردەشتی، هەروەها بەرگی سێی یادداشتەکانی کەریمی حیسامی وەرگیراوە.

لە بەشی سێیەم و کۆتایی، زۆرترین سوود لە ڕۆژنامەکانی "کوردستان"(ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک)، گۆڤاری "ڕزگاری"(بااڵوکراوەی مەکتەبی سیاسیی پ.د.ک)، ڕۆژنامەی "هاوکاری"، "مردم" (ئۆرگانی حزبی تووده)، "توفان"(ئۆرگانی سازمانی مارکسی لینینستی تۆفان)، "ستارەسرخ"ی نزیک لە سازمانی ئینقلابیی حزبی تووده، هەروەها پەرتووکی "ئێعجازی ئەنگوستی پاکی موحەممەد"ی تاهیر قاسمی، بەرهەمە کۆکراوەکانی سواردی ئێلخانیزادە، دیوانە شیعرییەکان (ی هێمن، هێدی، سەید کامیل ئیمامی، شێرکۆ بێکەس و سواره قەاڵدزێیی) وەرگیراوە.

جگە لە پەرتووک و یادداشت و بەڵگەنامەکان، سوودێکی زۆر لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێزان: محەمەد خزری، مەلاڕەسوول پێشنەماز، عەبدوڵلا حەسەنزادە، ئەحمەد نەستانی، د. مەحموود عوسمان، ئیبراهیم مینەشەم، ناسر قازیزادە وەرگیراوە؛ هەروەها چاوپێکەوتنی بااڵونەکراوەی نیما حوسێنی لەگەڵ ڕەحمان شەخسی، تاکە پێشمەرگەی ڕزگاربووی زیندانیکراو لە دەستەی مەلا ئاواره، وێرای گفتوگۆی ژمارە ٥٢ی گۆڤاری "تیشک" لەگەڵ تاکە پێشمەرگەی ڕزگاربووی دەستەی سمایل شەریفزادە (عەبدوڵلا کەریمزادە)، هەروەها گفتوگۆی ژمارە ٦٧-٦٨گۆڤاری "تیشک" لەگەڵ ئەنوەر سوڵتانی، گفتوگۆ گەلێکن کە سوودی زۆریان لێوەرگیراوە. هەروەها ژمارە ١٩ی گۆڤاری تووەدی ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حزبی تووده یەکێکە لەو سەرچاوانەی لە تێکڕای بەشەکانی تۆێژینەوەکە بەکارهێنراوە.

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

چەند نووسین و بابەتێک لە شێوەی بیرەوەری و نووسینی ئەکادیمی لەسەر جوولانەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ ی کوردستانی ئێران نووسراوە، لەوانە "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوولانەوەی ساڵەکانی ١٩٦٣-١٩٦٧ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان" ی محەمەد خزری، تیایدا نووسەر لە نووسینەکەیدا لە شێوەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی تایبەت بەو قۆناغە و ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بووە تۆماری کردووە و خوێنەرانی پێ ئاشنا کردووە، بەڵام نووسەر بەشداری جوولانەوەکەی نەکردووە و ڕووداو و پێشهاتی ماوەی ١٨ مانگی جوولانەوەکە و لێکەوتەکانی جوولانەوەکەی بەسەر نەکردووەتەوە. هەروەها مەلا ڕەسوولی پێشنەماز، بابەتێکی بە ناونیشانی "جوولانەوەی٤٦-٤٧، ١٩٦٧-١٩٦٨، کۆمەڵێک زانیاری، یادداشت، بیرەوەری و بەڵگەنامە" لە شێوەی نامیلکەیەکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تایبەتی خۆی لە فەیسبوک بڵاو کردووەتەوە. بەهەمان شێوە نووسەر بیرەوەریی تایبەتی خۆی لەگەڵ ئەو ڕووداوە مێژوویییە گێڕاوەتەوە. لەچوارچێوەی لیکۆڵینەوە و توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا، د. یاسین سەردەشتی ساڵی ٢٠٠٢ لە تێزی دکتۆراکەیدا "کوردستانی ئێران- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد"، باسێکی بەشی سێی بۆ جوولانەوەکە بە ناونیشانی "جوولانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ی کوردستانی ئێران" تەرخان کردووە. تێزەکەی ناوبراو ٢٤ ساڵ لەگەڵ توێژینەوەکەمان جیاوازی هەیە و لە ئێستادا سەرچاوەی جۆراوجۆر زیاتر بەردەستە، ئەوەش وایکردووە توێژینەوەکەی ئێمە دەوڵەمەندتر و گشتگیرتر بێت، سەرەڕای ئەوە توێژەر لە باسی تەرخانکراوی تێزەکەیدا زیاتر لە ڕوانگەی ڕەوشی نێوخۆی "ح.د.ک" لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردووە وە ئاوڕی لە جوولانەوەکە داوەتەوە، پاشان لە شێوەی کتێبێکی تایبەتدا دوای چاپکردنەوەی بەڵگەنامەکانی بڵاوی کردووەتەوە. هەروەها د.سمایل بازیار سالی ٢٠٢٠ لە تێزی دکتۆراکەیدا "کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حزبی دێموکراتی کوردستان وەک نموونە"باسێکی بۆ جوولانەوەکە بە ناونیشانی " ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦-١٣٤٧یان ١٩٦٧-١٩٦٨"، توێژەر لە ڕوانگەی فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی جوولانەوەکەوە باسی لەو ڕووداوە مێژوویییە کردووە. ڕەحمان نەقشی نامیلکەیەکی بە ناونیشانی "جوولانەوەی شۆڕشگێڕانە ساڵەکانی ٤٦-١٣٤٧" لە ٢٠١٥ بڵاو کردووەتەوە، ناوبراو وەک ئامادەکارێک نووسینی ئەو کەسایەتییانەی بەبێ لێکۆڵینەوەی ورد و پلانێکی زانستی، بەڵام لە ڕوانگەی ئاگاداری و شارەزاییان ئاوڕیان لە جوولانەوەکە داوەتەوە، کۆ کردووەتەوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیەی بەردەستتان، بەپێی پلانی زانستی هەموو لایەنەکانی لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی جوولانەوەکە و تیشک خستنە سەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی جیاکاریی دەستەڵاتی پەهلەوی و فەرامۆشکردنی کوردستانەوە بگرە تا دەگاتە ئامادەکارییەکان و چوارچێوەی جوولانەوەکە، پەیوەندییەکانی جوولانەوەکە و سەرکوت و هۆکاری شکستی، لەگەڵ کاریگەرییەکانی لەسەر ئێران، کوردستانی ئێران و ڕەنگدانەوەی لە نێو ئەدەبیات و هونەرمەندان و چین و توێژە جیاوازەکان، بە گشتگیری گرتووەتەخۆ. ئەمەش وایکردووە وێنەیەکی ڕوونتر و وردتر بەو ڕووداوە مێژوویییە ببەخشێت.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

دەروازە: بۆ "پوختەیەکی مێژوویی لەسەر ڕەوشی گشتی کوردستانی ئێران لە سەردەمی پەهلەوی یەکەم و پەهلەوی دووەم تا ساڵی ١٩٥٨" تەرخان کراوە .

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی"فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران١٩٦٧-١٩٦٨"، باس لە فاکتەرە نێوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەکان دەکات، لە سەرهەڵدانی جووڵانەوەکە و دابەش کراوە بەسەر سێ باسدا: باسی یەکەم: بە ناونیشانی "ڕەوشی نێوخۆی کوردستانی ئێران لە دواساڵەکانی دەیەی پەنجاکان تا سەرەتاکانی ڕێکخستنی جووڵانەوەی چەکدارانە ١٩٥٨-١٩٦٦"، تێیدا تیشک خراوەتە سەر ڕەوشی نێوخۆی کوردستانی ئێران و ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی جووڵانەوەکە. ئەم باسە بەسەر سێ تەوەردا دابەش کراوە و تیایدا باس لە ڕەوشی ئابووری، ڕەوشی کۆمەڵایەتی و فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕەوشی سیاسی لە کوردستانی ئێران کراوە. باسی دووەم: بە ناونیشانی "ڕەوشی نێوخۆی ح.د.ک لە دوایین ساڵەکانی دەیەی پەنجاکان تا سەرەتاکانی ڕێکخستنی جووڵانەوەی چەکدارانە١٩٥٨-١٩٦٦"، تیشک خراوەتە سەر ململانێ نێوخۆییەکان و وێستگەکانی"ح.د.ک" لەو ماوەیەدا و ڕۆڵی لە دەستپێکی جووڵانەوەکەدا. ئەم باسە بەسەر سێ تەوەردا دابەش کراوە، تیایدا ڕەوشی نێوخۆی ح.د.ک، ململانێ و دەستەگەرییەکانی نێو ئەو حیزبە شی کراوەتەوە. باسی سێیەم: بە ناونیشانی" کاریگەریی پەرەسەندنی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستانی عێراق لە سەرهەڵدانی جووڵانەوە چەکدارانەکە ١٩٥٨-١٩٦٦" تیشک خراوەتە سەر لێکەوتەی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستانی عێراق بۆ ح.د.ک و کوردستانی ئێران و کاریگەرییان لە سەرهەڵدانی جووڵانەوەکە. ئەم باسەش بەسەر دوو تەوەردا دابەش کراوە و تیایدا ڕووداوەکان و لێکەوتەکانی لەو قۆناغە مێژوورییەدا ڕوون کراوەنەتەوە.

بەشی دووەم: بە ناونیشانی "چوارچێوەی گشتیی جووڵانەوە چەکدارانەکە، ئامادەکارییەکان-سەرهەڵدان و پەیوەندییەکانی" باس لە بنچینە و پێکهاتەی جووڵانەوەکە، لە ئامادەکارییەکانەوە تا سەرهەڵدان و پەیوەندییەکانی کردووە بۆ سێ باس دابەش کراوە: باسی یەکەم: بە ناونیشانی "ئامادەسازی بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانە" تیایدا باس لە هەوڵەکانی بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی حیزبەکەیان و ئامادەکارییان بۆ جووڵانەوەکە کراوە. ئەم باسە بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە و تیایدا باس لە ڕەوشی سیاسیی لقی سێ و چواری ح.د.ک و ڕەهەندەکانی گەڕانەوەی سولەیمان موعینی دەکات. باسی دووەم: بە ناونیشانی: "پەیوەندییەکانی جووڵانەوەکە" باس لە سەرجەم هەوڵەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی کراوە و بەسەر چوار تەوەر دابەش بووە، لە هەر تەوەرەیەکدا بە وردی تیشک خراوەتە سەر هەوڵەکان، سروشت و ئەنجامی پەیوەندییەکان. باسی سێیەم بە ناونیشانی: "ڕۆڵی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ح.د.ک لە جووڵانەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨و گەیشتنی جووڵانەوەکە بە لووتکەی خۆی"، تێیدا باس لە دروستبوونی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و یەکگرتنەوەی تێکڕای کادرەکانی ح.د.ک لە پێناو خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەیان و هەڵبژاردنی خەباتی چەکداری و هەوڵەکانیان لەو پێناوەدا، خراوەتە ڕوو. ئەم باسە بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە و تیایدا بە ڕوونی باس لە خەباتی

سیاسی و سەربازیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و کۆتایی هاتنی جووڵانەوەکە لە ساڵەکانی١٩٦٧ و ١٩٦٨دا کراوە.

لە بەشی سێیەم و کۆتایی بە ناونیشانی: "کاریگەرییەکان و دەنگدانەوەی جووڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨" تیشک خراوەتە سەر کاریگەرییەکانی جووڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨ و دەنگدانەوەی لە نێو بڵاوکراوەکانی ئێران و جیهان. ئەم بەشە دابەشکراوە بەسەر سێ باسدا، باسی یەکەم: بەناوی "کاریگەرییەکانی جووڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨ لەسەر ئێران بەگشتی و کوردستانی ئێران و ح.د.ک بەتایبەتی"، ئەم باسەش بەسەر دوو تەوەردا دابەش کراوە. تیایدا بەوردی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی جووڵانەوەکە لەسەر ح.د.ک و کوردستانی ئێران و ڕەوتی خەباتی چەکداری لە تەواوی ئێران و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی شی کراوەتەوە. باسی دووەم: بە ناونیشانی: "دەنگدانەوەی جووڵانەوەکە و پرسی کورد لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان"، لە دوو تەوەردا بە وردی باس لە دەنگدانەوەی جووڵانەوەکە کراوە. تیشک خراوەتە سەر دەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لەسەر ئاستی ئێران و بڵاوکراوە فارسییەکان لە پاش شکستی جووڵانەوەکە و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران. هەروەها دەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لە ڕۆژنامەکانی عێراق و کوردستانی عێراق و ناوچەکە و جیهاندا باسی لێوەکراوە. باسی سێیەم بە ناونیشانی: "ڕەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لە ئەدەبیاتدا"، لە سێ تەوەردا تیشک خراوەتە سەر ڕەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لە شیعری نوێ، شاعیرانی نوێی شیعری کلاسیک لە کوردستانی ئێراندا بە تایبەتی و شاعیرانی کوردستانی عێراق و وڵاتی ئێران بە گشتی.

دەروازە:

ڕەوشی کوردستانی ئێران لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا:

پاش یەکەمین جەنگی جیهانی، کەشی سیاسیی ئێران بۆ دەرکەوتنی ڕەزاخان(١٨٧٨-١٩٤٤)لە باربوو. ڕەزاخان، پاش ئەوەی لەگەڵ زیائەدین تەباتەبائی لە ٢١ی شوباتی ١٩٢١ کودەتایەکیان بەسەر تەختی دەستەڵاتی قاجاریدا ئەنجامدا، بە هاوکاریی هەندێک هێزی نێوخۆیی و بریتانیا،[١] بوو بە فەرماندەی سوپای قەزاق، ئەوەندەشی نەبرد پۆستی وەزیری جەنگیشی وەرگرت.[٢] پاش ماوەیەکی کەم ناکۆکی لە نێوان ڕەزاخان و تەباتەبائی سەری هەڵدا، ئەم ناکۆکییە بە سەرکەوتنی ڕەزاخان کۆتایی هات و لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٣یەکەم کابینە لەلایەن ڕەزاخانەوە پێکهات.[٣]

ڕەزاخان هەر لە سەرەتای کاری وەزارەتەکەیەوە، کاری لەسەر سێ لایەن کرد، ئەوانیش، سیاسەتی ناوەندگەرایی، نوێگەری لە هەندێ بواردا، هاوشان لەگەڵ بەهێزکردنی سوپا لە پێناو چەسپاندنی دەستەڵاتی ڕەها.[٤] لەم پێناوەدا سیاسەتی لەناوبردنی نەتەوەکانی ئێرانی پەیڕەوکرد، لەم چوارچێوەیەشدا ڕووبەڕووی کوردستانی ئێران و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی بوویەوە.[٥] بەناوبانگترین جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیش لە کوردستانی ئێران لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، جووڵانەوەی سمکۆی شکاک (١٨٧٥-١٩٣٠)ز بوو.[٦]

سمکۆ لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی دەستەڵاتی لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئێران فراوان ببوو، بە جۆرێک لە هاوینی ١٩١٩ ناوچەکانی سەقز، بانە، سەڵماس، خۆی، ورمێ، دیلمان و باکۆی کۆنترۆڵ کردبوو.[٧] دەسەڵاتێکی کارگێڕی لە ناوچەکانی ژێردەستیدا بنیادنابوو.[٨] ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو، لەم پێناوەدا کاری لەگەڵ سەید تەهای نەهری کرد.[٩] بەو هۆیەوە ڕەزاخان سەرەتای تێکهەڵچوونەکانی لەگەڵ کورد بۆ کوژانەوەی جووڵانەوەی سمکۆ تەرخان کرد.[١٠] بۆ ئەم مەبەستە هەوڵە سەربازی و سیاسی و دیپلۆماسییەکانی خۆی خستە گەڕ، زیاتر لە جارێک سوپای نارد بۆ سەر سمکۆ، بەڵام سەرکەوتوو نەدەبوو.[١١] پاشان پەنای برد بەر سەرکردەیەکی

---

[١] أحمدی، محمد علی، ١٣٦٩ه، *گفتمان چپ در ایرن دوره قاجار و پهلوی اول*، چ.١، تهران: شمشاد، ص٢٢.

[٢] سەردەشتی،یاسین و مەلا تەها، بەرزان، ٢٠١٠، *مێژووی هاوچەرخی ئێران*، چ.٢، سلێمانی: چاپخانەی سایە، ل٨٦،٩٠.

[٣] أحمد، ئیبراهیم خلیل ومراد، خلیل علی، ٢٠١١، *مێژووی ئێران و تورکیا*، هەولێر: چ. ڕۆژهەڵات، ل١٣٠-١٣١.

[٤] سەردەشتی، یاسین، ٢٠١١، *کوردستانی ئێران-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩)*، چ. ٢، سلێمانی: چاپخانەی سیما، ل٤٧.

[٥] خورشید، هێمن حمید، ٢٠١٥، *سیاسەتی ئێران لە هەمبەر عەشیرەتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٢١-١٩٤١)*، نامەی ماستەر،بەشی مێژوو، زانکۆی سلێمانی، ل١١٢.

[٦] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٤٥.

[٧] خورشید، ٢٠١٥، ل ١١٠.

[٨] غەریب، دیار، ٢٠١٦، *خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان*، چ.١، ب.ش، چاپخانەی ئازادی، ل٢٧٨.

[٩] عبدالقادر، نازناز محمد، ٢٠٠٨، *سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراقدا(١٩٦١-١٩٧٥)*، چ.١، هەولێر: چاپخانەی ئاراس، ل٧٠.

[١٠] بورزوویی، موجتەبا، ٢٠٠٥، *بارودۆخی سیاسیی کوردستان(١٨٨٠-١٩٤٦)*، چ. ١، و.نازناز محمد عەبدولقادر و ئەوانی تر، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل٢٩٥.

[١١] هەروتی، سەعدی عوسمان، ٢٠٠٧، *بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا(١٨٨٠-١٩٣٩)*، هەولێر: چاپخانەی ئاراس، ،ل٧٨.

کورد به ناوی خالۆ قوربان، که کوردێکی کرماشانی بوو، سەرکردایەتی ژمارەیەک لە کوردەکانی کرد و هێرشی کردە سەر سمکۆ، بەڵام شکستی هێنا و خودی خالۆ قوربان کوژرا.[١] حکومەتی ئێران لە هەوڵەکانی بۆ کۆتایهێنان بە جووڵانەوەکە بەردەوام بوو، تا لە شەڕی شەکەریازی لە ساڵی ١٩٢٢ لە ناوچەی شەکەریازی، سمکۆ لە بەرانبەر هێرشی تونڈی تۆپەکانی سوپای ئێران نەیتوانی خۆی ڕابگرێت و پاشەکشەی کرد و هێزەکەی پەرتەوازە بوو. دواجار بە هۆی ناهاوسەنگیی هێزەوە شکستی هێنا و ڕووی کردە تورکیا و دواتر عێراق. پاشان بەپێی ڕێککەوتنێک کە لەگەڵ ئێران کردی، گەڕایەوە ئێران و لە ساڵی ١٩٢٥ ڕەزاخان چاوی پێکەوت و لەگەڵیدا کۆ بوویەوە و بەڵێنی ئەمەکداری لە ناوبراو وەرگرت.[٢]

ڕەزاخان لە ٢٥ی نیسانی ١٩٢٦ تاجی شای پەهلەوی لەسەرکرد.[٣] ڕەزاشا لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا ئازادییەکانی بەرتەسک کردەوە و دەسکەوتەکانی شۆڕشی نوێخوازی(مەشروتە) لە ناوبرد، هیچ دەرفەتێکی بۆ کاری سیاسی نەهێشتەوە.[٤] هەرچەندە سمکۆ پێشتر بەڵێنی ئەمەکداری بە ڕەزاخان دابوو، بەڵام زۆری نەبرد لە ساڵی ١٩٢٦ دووبارە ڕاپەڕینی بەرپا کردەوە، بەڵام دوای شەڕێکی سەخت ناچار ڕووی کردەوە عێراق.[٥] دواجار ڕەزاشا بە هاوکاریی عیراق و تورکیا و ئینگلیز و ڕوسیا جووڵانەوەی سمکۆی تێکشکاند، پاش بانگهێشتکردنی بۆ گفتوگۆ لە ٢١ی حوزەیرانی١٩٣٠ لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە شاری شنۆ کوژرا.[٦]

جووڵانەوەی سەردار ڕەشید ئەردەڵانی،[٧] یەکێکی دیکە بوو لە جووڵانەوەکانی کوردستانی ئێران لە سەروبەندی یەکەمین جەنگی جیهانی و دوای جەنگ، ناوبراو پێش کۆتایی هاتنی جەنگ و لە ساڵی ١٩١٧ بە مەبەستی گەڕانەوەی حوکمی بنەماڵەی ئەردەڵان بۆ سنە دەستی بە جووڵانەوە کرد.[٨] لە سەرەتادا سەردار ڕەشید توانی دەست بەسەر سنە و کرماشانیشدا بگرێت، بەڵام لە ڕێگەی پلانێکەوە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەستگیر کرا. پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٢١ بەسەر بنەماڵەی قاجاری ئێراندا، سەردار ڕەشید لە زیندان ڕزگاری بوو، دووبارە خۆی ڕێکخستەوە و دەستی بە جووڵانەوە کرد.[٩] بەڵام ڕەزاخان پاش چەندین پەلامار و پیلانگێڕی کۆتایی بەم

---

[١] شرفکەندی، صادق،ب.س، *تاریخچه جنبشهای ملی کرد،(از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم)*، ب.م، ب.چ، ل٦٦-٦٧.

٦٧.

[٢] خورشید، ٢٠١٥، ل١١٣-١١٧.

[٣] غەریب، ٢٠١٦، ل٢٨٤.

[٤] کاوسی، سیروان، ب.س، *کوردستان لەسەردەمی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی*، ب. ش، ب.چ ل٣.

[٥] خورشید، ٢٠١٥، ١١٧.

[٦] کاوسی، ب.س، ل٢.

[٧] سەردار ڕەشید لە بنەڕتدا نازناوی عەباس خانە، لە نەوەی ئەمانوڵڵاخانی گەورەی دوا میری میرنشینی ئەردەڵانە. کەسایەتییەکی بەهێز و چاونەترس و کۆڵنەدەری هەبووە، لە سالانی یەکەمین جەنگی جیهانی و دوای جەنگیش چەند جارێک لە دژی دەوڵەتی ئێران هێزی کۆ کردووەتەوە و لە سنووری سنە و کرماشان و ڕەوانسەر ڕاپەڕینی ئەنجام داوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: سەردەشتی أ، یاسین، ٢٠٠٧، *چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان*، ب١، سلێمانی: چاپخانەی سیما، ل٤٨-٦٠.

[٨] سجادی، علاءالدین، ٢٠١٧، *شۆڕشەکانی کورد و کوردو کۆماری عێراق*، چ. ١، سنە: چاپخانەی کوردستان، ل٦٦.

[٩] سەردەشتی أ، ٢٠٠٧، ل٥٠-٥٤.

جوولانەوەیەش هێنا و سەردار ڕەشیدی لە زیندانی قەسری قەجەر لە تاران زیندانی کرد، ناوبراو لە زیندان مایەوە تا ئەیلوولی ١٩٤١ ئازاد کرا، پاشان لە ساڵی ١٩٤٦ کۆچی دوایی کرد.[١]

بزووتنەوە و جوولانەوەکانی کوردستانی ئێران دژی دەستەڵاتی پەهلەوی بەردەوام بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ڕاپەڕین و جوولانەوەکان، ئامانج و سەرکردایەتیی هاوبەشیان نەبوو، زیاتر لە شێوەی جووڵانەوەی لۆکاڵی و جووتیارانەدا دەردەکەوتن.[٢] لەوانە جووڵانەوەی حەمەڕەشیدخان[٣] لە ناوچەی بانە لە ساڵی ١٩٢٤-١٩٣٠.[٤] ساڵی ١٩٢٦، ساڵی جۆشسەندنی ڕاپەڕین ڕاپەڕین و جوولانەوەی چەکداریی لە کوردستانی ئێران بوو. خێڵەکانی بانە، سەقز و سەردەشت ڕاپەڕین و بەشێکی زۆری بنکە و بارەگای دەوڵەتیان سوتاند و دەستیان بەسەر شاری سەردەشتدا گرت. ڕاپەڕینەکە تەشەنەی کرد و لە باشووریش عەشیرەتەکانی ناوچەی هەورامان و مەریوان بە ڕێبەرایەتیی مەحموود خانی دزڵی، مەحموود خانی کانی سانان[٥] و جافر سانی هەورامان[٦] لە بەهاری ساڵی ١٩٢٦ ئاڵای ڕاپەڕینیان دژی دەوڵەتی ئێران هەڵکرد،[٧] بەڵام ڕاپەڕینەکان سەرکوت کران.[٨]

ڕەزاشا بە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی نافارس لە سنووری دەوڵەتەکەی و لەبیرچوونەوە و تواندنەوەی زمانی دایک ، ساڵی ١٩٢٨ فەرمانی کرد بە پێداگیریی خوێندن بە زمانی فارسی، لە کوردستانی ئێران و تەواوی ناوچە نا فارسەکان، بە جۆرێک خوێندکاران ناچار کران نەک تەنها لە هۆڵەکانی خوێندن، بەڵکو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەشیاندا تەنها بە فارسی بدوێن.[٩] لە هەمان ساڵ فەرمانی فەرمانی کرد بە قەدەغەکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی و پۆشینی پۆشاکی ئەوروپی و کڵاوی پەهلەوی لە تەواوی ئێران. ئەم سیاسەتەی ڕەزاشا لە کوردستانی ئێران ڕووبەڕووی ناڕەزایی بوویەوە، لەوانە ناڕەزایی و ڕاپەڕینی مەلا خەلیلی مەنگوڕی لە ساڵی ١٩٢٨ لە دژی قەدەغەکردنی پۆشاکی نەتەوەیی.[١٠] مەلا خەلیل پەیوەندیی بە هۆزەکانی دیکەوە بە مەبەستی کۆکردنەوەیان لە دەوری ڕاپەڕینەکە کرد، بەڵام سوپای ئێران هێرشی گەورەی کردە سەر ڕاپەڕیوان و مەلا خەلیل ناچار ڕووی کردە کوردستانی عێراق.[١١] دابڕینی ناوچە کوردییەکان لە یەکدی، یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی ڕەزاشا بە مەبەستی تواندنەوەی گەلی کورد بوو. لەو چوارچێوەیەدا لە ساڵی١٩٣٦

---

[١] سەردەشتی أ، ٢٠٠٧، ل٥٩-٦٠.

[٢] کاطع، عقیل جبار، ٢٠٢٤، *الحرکه السیاسیه الکردیه فی عهد البهلوی(١٩٢٥-١٩٧٩)*، جامعه بصره، *مجله دراسات التاریخیه*،عدد ٣٩، ل٥٥٧.

[٣] لەسەر حەمەڕەشیدخان و جووڵانەوەکەی، بڕوانە:(سەردەشتی، ٢٠١١، ل٨٩-٩١؛ خورشید،٢٠١٥، ل١٤).

[٤] سەردەشتی أ، ٢٠٠٧، ل٨٥.

[٥] بۆ زانیاری لەسەر لەدایکبوون و کەسایەتی مەحموود خانی دزڵی و مەحموود خانی کانی سانان، بڕوانە: بەرزنجی، عومەر مەعروف، ١٩٩٧، *مەحموود خانی دزڵی*، چ.٢، هەولێر، نوسینگەی ئازاد بۆ چاپەمەنی، ل ٣٠-٣٦، ل١٧٥.

[٦] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جافرسانی هەورامان و جووڵانەوەکەی، بڕوانە: (خورشید، ٢٠١٥، ل١٣٨-١٤٢).

[٧] بەرزنجی، ١٩٩٧، ل٤٧.

[٨] سەردەشتی أ، ٢٠٠٧، ل٧٩-٨١.

[٩] ئەسکەندەری، ئەحمەد، ٢٠٢١، *بیرەوەری و یاداشت(١٩٤٨-١٩٨٠)*، چ. ١، تاران: ب.چ، ل٧٤-٧٥.

[١٠] بلووریان،غەنی، ١٩٩٧، *ئاڵەکۆک-بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم*: ب.چ، ل١٨.

[١١] غەریب، ٢٠١٦، ل٣١٩.

جەلالییەکانی[1] بۆ ناوچەکانی ئیسفەهان و قەزوین گواستەوە[2] ، لە کاتی ڕاگواستنیشیاندا ٤٠٪یان لێ لێ کوشتن.[3]

سەبارەت بە بواری ئابووری، کاربەدەستانی دەوڵەت، سیاسەتی فەرامۆشکردن و جیاوازیدانانیان بەرانبەر ناوچە نافارسەکان گرتەبەر. لە دوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایی ڕەزاشادا، ژمارەیەکی زۆری کارگە لە بواری جۆراوجۆرەکانی ڕستن و چنین، شەکر، لۆکە، پاککردنی دانەوێڵە و جگەرە لە ئێران دامەزران. بەشی کوردستان و ئازەربایجان تەنها دوو کارگەی بچووک بوو، کە پێداویستییە سەرەتاییەکانی دانیشتوانی ئەو دوو ناوچەیەی پڕ نەدەکردەوە.[4]

ڕەزاشا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، لە ٨ی تەموزی ١٩٣٧ پەیمانی "پێشێل نەکردنی سنوور"ی لەگەڵ وڵاتانی تورکیا و عێراق و ئەفغانستان ئیمزا کرد. ئەم پەیمانە لە کۆشکی هاوینەی شا لە سەعدئاباد بە ئامادەبوونی نوێنەری هەر چوار وڵاتەکە ئیمزای لەسەر کرا، لێرە بەدواوە بە پەیمانی سەعد ئاباد ناسرا.[5] دیدی ئەم پەیمانە، خەباتی هاوبەشی وڵاتانی نێو پەیمانەکە، بە مەبەستی دژایەتی کردنی جووڵانەوە جیاییخوازەکان بوو، کە لە بنەڕەتدا مەبەستیان لە جووڵانەوەی کوردی بوو.[6] لەگەڵ ئەوەی کێشەی کورد و سنووری کوردستان یەکێک بوو لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم پەیمانە و لە سێ ماددەدا بە ئاشکرا باسی لێوەکراوە و بڕیاری لە بارەوە دراوە،[7] بەڵام نەیتوانی کۆتایی بە کێشەی سنوور بهێنێت و لە بەردەم هاتوچۆی کوردی ئێران و عێراق ببێتە بەربەست، بەڵکو بە ڕێگای قاچاخ بازرگانیی نێوان کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق بەردەوام بوو. شا لەو بارەوە هەستی بە مەترسی کرد، چونکە قاچاخچییەکان سەرچاوەی سەرەکیی هاوردەی هەستی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراقەوە بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران بوون.[8] بە مەبەستی ڕێگرتن لە قاچاخچیەکان، پۆلیسی ئێران ساڵی ١٩٣٨ هێرشێکی فراوانی بۆ دەستگیرکردنیان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا ژمارەیەک هاوواڵاتی دەستگیر کرد و بۆ شیراز و کرمان

---

[1] جەلالییەکان یەک لە مەزنترین خێڵە کوردەکانی سنووری ئێران، تورکیا و ڕووسیان. ئەندامانی ئەم خێڵە، بەشێکیان لە ناوچەکانی ئاگری داغی مەزن لە کوردستانی تورکیا، بەشێکی دیکەیان لە ناوچەکانی ئاگری داغی بچووک و ورمێن لە کوردستانی ئێران، ژمارەیەکی زۆریشیان لە قەوقاز و ئەرمەنستانی سۆڤیەتیدا نیشتەجێن، بەشێکیشیان لە کوردستانی باشووردان. وەرگیراوە لە سەردەشتی، ٢٠١١، ل١٠٤

[2] مک داول، دیڤید، ٢٠٠٨، *مێژووی هاوچەرخی کورد*، و.حامید ڕەشیدی زەرزا، ب.ش، ب.چ، ل٢٨٩.

[3] ئاوە، کامەران ئەمین، ٢٠٢٢، *بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان*، ب.ش، چ. هێڤی، ل٦٦.

[4] حمە لاو، شەیما، ٢٠١٧، *کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە(سازکا)*، سلێمانی، چ. حەمدی، ل٤٦.

[5] توفیق، اسراء طالب،٢٠٢١، میثاق سعد اباد عام ١٩٣٧ قراءة معاصرة فی العلاقات (العراقیه-الترکیه-الایرانیة، *مجلة دراسات فی التأریخ والاثار*، عدد٧٨، ص ٢٣٦.

[6] حەسرەتیان، م.ئە. *یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، ٢٠٠٧*، و.دلێر ئەحمد محمد،چ. ١، سلێمانی: مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ل٦١.

[7] عەبولقادر، ٢٠٠٨، ل٧٤.

[8] فەرشی، ئیبراهیم، ٢٠٠٨، *سەدەی کارەسات*، سلێمانی، ب.ش، چ. شڤان، ل٣١.

دووری خستنەوە.[1] لەو هەڵمەتەدا جگە لە قاچاخچییەکان، ڕووناکبیران و ئەوانەی کە بۆنی کوردایەتییان لێدەهات و جێی گومانی پۆلیس بوون، دەستگیرکران و دوور خرانەوە.[2]

لەم قۆناغەدا و لە ترۆپکی دەستەڵاتی ڕەزاشادا، لە پاش سەرکوتکردنی بزووتنەوە خێڵەکییە چەکدارییەکانی کورد و چەککردنی عەشیرەتەکان، لە ساڵی ١٩٣٨ یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کوردی بە ناوی "حزبی ئازادیی کوردستان" بە سەرۆکایەتیی ڕووناکبیری مەهابادی عەزیز زەندی (١٨٩٨-١٩٧٢) بە نهێنی لە لایەن کۆمەڵێک لە گەنجە ڕووناکبیرەکانی مەهابادەوە لەوانە: حوسێن فروهەر، کەریم یاهوو، مەحموود ڕاتبی، حوسێن میکایلی و محەمەد نانەوازادە دامەزرا. ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەم حیزبە، پشتگیریکردنی بەرەی دیموکراسی و بیرو باوەڕی چەپ بوو، ڕێکخراوێکی چاکسازیخوازی دژە فاشیستی پێشکەوتنخوازی کوردستانی بوو، بڕوای بە کوردستانێکی ئازادی فرە نەتەوە هەبوو. کارو چالاکیی ئەم حیزبە لە دوو قۆناغی جیادابوو، قۆناغی یەکەم لەسەردەمی ڕەزاشا بوو، قۆناغی دووەم لەکاتی هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ئێران و ڕووخانی ڕەزاشا بوو. دروست بوونی ناکۆکی و فکری دژبەر لە نێو دەستەی دامەزرێنەرانیدا، هۆکاری هەڵوەشانەوەی ئەم حیزبە لە ساڵی ١٩٤١ بوو.[3]

لە ئەیلوولی ١٩٣٩ جەنگی دووەمی جیهانی بەرپابوو،[4] شا هەوڵیدا پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ سەرجەم هێزە شەڕکەرەکان دروست بکات.[5] لەگەڵ قورسیی بارودۆخی ئێران و ناوچەکە، شا لە گرتن و لە دوورخستنەوەی ئەوانەی لە کاری سیاسی و خەباتی نەتەوەییدا جێگای گومان بوون، بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٩٤٠ بە بیانووی گرتنی قاچاخچییەوە ژمارەیەک هاوواڵاتی کوردی دەستگیرکرد و دووری خستنەوە.[6] یەکێتیی سۆڤیەت و بەریتانیا لە ٢٦ی ئابی ١٩٤١ هێرشیان کردە سەر ئێران، هەرچەندە ئێران پێشتر بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاندبوو، بەڵام ڕێزی ئەو بێ لایەنییەیان نەگرت.[7] حکومەتی ڕەزاشا نەیتوانی خۆی ڕابگرێت و ڕووخا. شا لەسەر تەخت لابرا و بۆ دوورگەی موریس، پاشان بۆ ژوهانسبۆرگ لە ئەفریقای باشوور دوورخرایەوە،[8] هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٤٤ کۆچی دوایی کرد.[9]

---

[1] فاتیح رسول،٢٠٠١، *بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان*، چ. ١، ستۆکهۆڵم: ب.چ، ل١٧٣؛ فەرشی، ٢٠٠٨، ل٣١.

[2] بلوریان، ١٩٩٧، ل١٦-١٧.

[3] بازیار، سمایل، ٢٠٢٠، *کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان –حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نموونە (١٩٤٥-١٩٩١)*، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل ٥٢-٥٥.

[4] أحمد و مراد، ٢٠١١، ل١٩٣.

[5] ولبر، دۆنالد، ١٩٨٥، *ایران ماضیها وحاضرها*، ط. ٢، و.عبدالنعیم محمد حسنین، القاهرة: دارالکتاب المصري، ص١٢٠.

[6] حیسامی، کەریمی، ١٩٨٤، *لە بیرەوەرییەکانم لە منالیەوە تا ساڵی ١٩٥٧*، ب١، ب.ش، منتدی اقرأ الثقافی، ل ٥٩.

[7] ولبر،١٩٨٥، ص١٢١

[8] گادانی، جلیل، ٢٠٠٨، *٥٠ ساڵ خەبات*، چ. ٢، دهۆک: چاپخانەی خانی، ل١٤.

[9] ولبر، ١٩٨٥، ل١٢١.

ڕەوشی کوردستانی ئێران لە سەردەمی پەهلەویی دووەم تا دواساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم:

پاش دوورخستنەوەی ڕەزاشا لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٤١، محەمەد ڕەزای کوڕی خرایە جێگەی. فەرمانڕەوای نوێی وڵات بێ ئەزموون و لاوازبوو، سوپای وڵاتیش تێک شکابوو، دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەسەر ناوچەکاندا نەمابوو. یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەو بارودۆخە دەستبەسەردا گرتنی کەرەستەی جەنگ لەلایەن هۆز و خێڵەکانەوە بوو،[١] ئەوەش زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی جووڵانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی، لەوانەش ڕاپەڕینی ناوچەی بانە بە ڕێبەرایەتیی حەمە ڕەشیدخانی بانە ڕەخساند.[٢] جووڵانەوەی حەمە ڕەشیدخان گەیشتە ناوچەکانی سەردەشت، پاوە، نەوسوود و سەقز، دەستەڵاتی ناوەندی لە سەرجەم ئەو ناوچانە دەرکرد. ئەم ناوچانە ماوەی ٣ ساڵ دوور لە ژێردەستەیی ئێران و بە ئازادی ژیانیان گوزەراند. بەڵام دواجار بە هۆی نەبوونی پشتیوانی دەرەکی و خەیانەتی هەندێک لە هۆزەکانی نێوخۆ، جووڵانەوەکەی حەمەڕشیدخان لە ساڵی ١٩٤٤ سەرکوت کرا.[٣]

هەر لەو قۆناغەدا کوردەکانی ورمێ لە باکوری کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤١-١٩٤٢ لە دژی دەستەڵاتی ناوەندی ڕاپەڕین. لەو هەلومەرجە ناسکەدا عومەرخانی شکاک، ڕەشیدبەگی جەهانگیری، تەها هەرکی و زیرۆبەگی هەرکی سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی جەماوەرییان کرد، لە ماوەیەکی کورتدا توانیان ناوچەیەکی فراوان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بە جۆرێک ترسی گەورەی لای دەسەڵاتدارانی ئێران دروست کرد. ئەم جووڵانەوەیە تاکە ئومێدیان یەکێتیی سۆڤیەت بوو وەکوو زلهێزێک پشتیوانیان بکات،[٤] بەڵام لە کۆتاییدا یەکێتیی سۆڤیەت بێئومێدی کردن و گلۆپی سەوزی بۆ گەڕانەوەی دەستەڵاتی ناوەندی بۆ ورمێ هەڵکرد و لە ٢٥ی ئایاری ١٩٤٥ ڕێگەی دا هێزی ئێرانی بێتە ناوچەکە.[٥]

گرنگترین لێکەوتی کۆتاییهاتن بە دەستەڵاتی پەهلەویی یەکەم، ئەو گۆڕانکارییە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە بوو کە ئێرانی گرتەوە. لە سەرەتای هاتنی شای نوێ بۆ سەر تەخت، ئەوانەی بە تاوانی سیاسی و جوداخوازیی نەتەوەیی لە زیندانیدا بوون، ئازاد کران. بزووتنەوەیەکی پڕ جۆش و خرۆش وڵاتی گرتەوە، پارت و ڕێکخراوی سیاسی پێکهاتن.[٦] لەم بارەیەوە غەنی بلووریان(١٩٢٤-٢٠١١) نووسیویەتی: "خەڵکی دەیانتوانی بە ئازادی قسە بکەن و بنووسن و ڕێکخراوی سیاسیی ڕەنگاوڕەنگ دروست بکەن".[٧] لەم هەلومەرجە نوێیەدا دەرفەت بۆ نەتەوە نافارسەکان و تەواوی گەلانی ئێران ڕەخسا خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی دەست پێبکەن، نەتەوەی کوردیش لەم

---

[١] باوەڕ، ئەحمەد، ٢٠٢٣، *پەرەسەندنەکانی دۆزی کورد لە عێراق و کاریگەری لەسەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٥٨-١٩٧٩*، چ. ١، سلێمانی: چاخانەی کارۆ، ل٢٨-٢٩.

[٢] باوەڕ، ٢٠٢٣، ل٩١.

[٣] سەردەشتی،٢٠١١، ل٩٢-١٠٥.

[٤] غەریب، ٢٠١٦، ل٣١٩-٣٢٠.

[٥] سەردەشتی، ٢٠١١، ل١٢٢-١٢٣.

[٦] ڕسوول، فاتیح، ٢٠٠١، *بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان*، ستۆکهۆڵم: ب.چ، ل١٧٤.

[٧] بلوریان،١٩٩٧، ل٢١.

قۆناغە بەجێ نەما و دەستی بە خۆڕێکخستنەوە و دروستکردنی پارتی سیاسی کرد.[1] شاری مەهاباد بارودۆخێکی تایبەتی هەبوو، کەشێکی ئازادانە و سەربەستی هەبوو. بەهۆی نەبوونی هێزی یەکێتیی سۆڤیەت و ئینگلیز لەم ناوچەیە،[2] ڕووناکبیرەکانی تینووی ئازادی لە مەهاباد لەسەر داروپەردووی حزبی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی "ژیانەوەی کوردستان"[3] یان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دامەزراند،[4] کە کورتکراوەی ناوەکەی "ژ.ک" ە، زۆرجاریش بە کۆمەڵە ناو دەبرێت.[5]

"ژ.ک" پەیوەندیی باشی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی پارچەکانی کوردستان هەبوو، لەوانە پارتی هیوا، توانی تا ڕادەیەکی باش هەستی نەتەوایەتی لە نێو خەڵکیدا زیندوو بکاتەوە و بە ئەدەبیاتی کوردی ئاشنایان بکات. جگە لە هێنانی بڵاوکراوەکانی کوردستانی باشوور، خۆشی گۆڤارێکی بە ناوی "نیشتمان" بڵاو کردەوە کە بە یەکەمین گۆڤاری کوردی لە کوردستانی ئێران دادەنرێت. هەروەها دوو قوتابخانەی شەوانەی کوردیی بە ناوەکانی گەلاوێژ و ئازادی کردەوە.[6] "ژ.ک" هەوڵیدا قازی مەحەممەد (١٩٠٠-١٩٤٧)[7] بکاتە ئەندامی خۆی، چونکە ناوبراو ناوێکی دیار و ناسراوی مەهاباد بوو، لە بنەماڵەیەکی ناودار و جێگەی متمانەی خەڵکی بوو، کوردپەروەرێکی کەم وێنە بوو. قازی ساڵی ١٩٤٤ بوو بە ئەندام و پاش تێپەڕینی ماوەیەکی کورت بەسەر ئەندامبوونی، ناوبراو بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی "ژ.ک".[8]

"ژ.ک" ماوەی سێ ساڵ لە خەباتی نهێنی بەردەوام بوو، بەڵام پێ بە پێی ئەو کەشە سیاسییەی ئێران کە بەرەو دیموکراتیزەکردن دەچوو، بە تەواوی گەشەی نەکرد.[9] چونکە ریکخراوێکی ناسیۆنالیست و داخراو بوو، نەیتوانی وەڵامدەری ئەو بارودۆخە نوێیەی ئێران بێت.[10] ئاشکرایە کە لە کۆتاییەکانی خەباتی "ژ.ک" و دروست لە نیوەی دووەمی دەیەی چل، بیروباوەڕی چەپ زیاتر پەرەی سەندبوو،[11] بەتایبەت دوای ئەوەی لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥، سۆڤیەتییەکان ڕێگەیان بە داگرتنی ئاڵای ئێران و هەڵکردنی ئاڵای کورد لە مەهاباد دا، ئەوەش خەڵکی ناوچەکەی بە گشتی بۆ لای سۆڤیەت و ستالین ڕاکێشا و ئومێدێکی زۆریان لەسەر هەڵچنین.[12] کەسانێک لە نێو ڕێبەرانی

---

[1] بازیار، ٢٠٢٠، ل٥٨.

[2] مستەفایی، تەیمور، ٢٠١٥، ٧٠ *وێستگەی مێژوویی*، چ. ١، کوردستان: ب.چ، ل١٤.

[3] سەبارەت بە بناغەی کۆمەڵەی ژ.ک و دامەزرێنەرانی، د.سمایل بازیار لە زاری عەبدولڕەحمان زەبیحییەوە دەڵێت: هەر سێ حیزبی ئازادی کوردستان، کۆمەڵەی "ژ.ک" و "ح.د.ک"لە ڕاستیدا یەک حیزبن، بەڵام لە سێ هەل و مەرجی جیاوازدا".وەرگیراوە لە: (بازیار، ٢٠٢٠، ل٦٠).

[4] بازیار، ٢٠٢٠، ل٥٩.

[5] سەردەشتی، ٢٠١١، ل١٨١؛ بازیار،٢٠٢٠، ل٥٩.

[6] گادانی، ٢٠٠٨، ل١٨-٢٠.

[7] قازی، محمد ڕەزا سەیفی، ٢٠٠٨، *نهێنییەکانی دادگایی کردنی قازی محمد و هاوڕێیانی*، چ. ١، و. علی ئەکبەر مجیدی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ل٢٩-٣٢.

[8] ڕەسوول،٢٠٠١، ل١٧٧-١٧٨.

[9] گادانی، ٢٠٠٨، ل٨٠-٨١.

[10] قاسملوو، عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٢، *کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی دا*، چ.١، ب.ش، ب.چ، ل٢٨.

[11] گادانی، ٢٠٠٨، ل٢٢.

[12] نەبەز، جمال، ٢٠١٠، *گۆڤاری نیشتمان*، چ. ٢، هەولێر: ب. چ، ل١١٧.

ژ.ک هەبوون کە هەڵگری بیروباوەڕی چەپ بوون، بۆیە ئەگەری بوونی دوو باڵی چەپ و ڕاست لە نێو ژ.ک بوونی هەبووە. باڵی چەپ دەسترۆیشتووتر بووە، ئەوەش لە ڕاگەیاندنەکانیان بە ئاشکرا دەرکەوتووە.[١] بۆ نموونە گۆڤاری "نیشتمان"ی زمانحاڵیان، لە ژمارە ٦ی خۆیدا، کە وێنەیەکی لینین دانراوە و لە ژێر وێنەکەدا نوسراوە"باقیە ناوت ئەتو، گەرچی دەمێکە مردووی، نا، لەنین، ماوی هەتا ڕۆژی قیامەت زیندووی".[٢] هەروەها هەژار موکریانی(١٩٢٠-١٩٩١) هەر لە گۆڤاری نیشتمانداو هۆنراوەیەکی بڵاو کردووەتەوە و نووسیویەتی: "کورد دەتەوێ ببی سەربەخۆ، هەستە دەی ڕاکە تۆ بەرەو مۆسکۆ، قسەی درۆیە سان فرانسیسکۆ، بژی ستالین خۆش بێت چەکوش و داس، لە ژێر ئیستیبدادا کوردی کرد خەلاس".[٣]

سەرئەنجام ڕێبەرایەتی "ژ.ک"، لە سەروو هەموویانەوە قازی محەمەد، بەو ئاکامە گەیشتن لەسەر بناغەی ژ.ک، حیزبێکی سیاسی نوێ دابمەزرێنن،[٤] کە وەڵامدەری بارودۆخەکە بێت،[٥] ئەویش ئەویش حزبی دیموکراتی کوردستان بوو، کە لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە مەهاباد دامەزرا.[٦] بەڵام بە هۆی ئەوەی "ح.د.ک" خۆی بە درێژە پێدەری "ژ.ک"دەزانێت، هەموو ساڵێک لە ١٦ی ئاب یادی دامەزراندنی دەکاتەوە.[٧] "ح.د.ک" لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا، قازی محەمەدی بە سەرۆک هەڵبژارد و لە کۆکردنەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە دەوری خۆی سەرکەوتوو بوو، لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوە، بەرنامە و ڕێبازێکی ڕوونی هەبوو. یەکێک لە کارە گرنگەکانی، ڕاگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان لە مەهاباد بوو ،[٨] لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦، پاش کەمتر لە ٦ مانگ لە دامەزراندنی، لە مەیدانی چوارچرا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان و خەڵکی بازرگان و کاسبکار و جووتیار، کۆماری ڕاگەیاند.[٩] بەم شێوەیە یەکەم قەوارەی سیاسی لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێراندا هاتە کایەوە.[١٠]

قازی محەمەد لە مەیدانی چوارچرا، بەرنامەی کار و تێکۆشانی کۆماری ڕاگەیاند.[١١] لە ١١ی شوباتی ١٩٤٦، کابینەی حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی حاجی بابە شێخ ڕاگەیەنرا، کە لە

---

[١] بازیار، ٢٠٢٠، ل٨٠-٨١ .

[٢] حوسێن، هیمداد، ٢٠٠٨، *ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٣-١٩٤٧*، چ. ١، لوبنان: گرین گاڵۆری، ل٤١٠.

[٣] نەبەز، ٢٠١٠، ل١١٧.

[٤] کەریمی حیسامی سەبارەت بە هەلومەرجی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی "ژ.ک" و دامەزراندنی "ح.د.ک" دەڵێت: "کۆمەڵەی ژ.ک چ لە حاست پرۆگرام و شکڵی ڕێکخراوەییەوە، چ لە حاست باری سیاسی و تێکۆشانەوە پێوستی بە دەستکاری هەبوو، هەر بۆیە جێگای خۆیدا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان". حیسامی، کەریمی، ١٩٧٠، ٢٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان، *ڕۆژنامەی "هاوکاری"*، ژ.٣٢، ل٣.

[٥] مستەفایی،٢٠١٥، ل١٤.

[٦] بڵاوکراوەی ح.د.ک، ١٣٢٤، حزبی دیموکراتی کوردستان، *گۆڤاری کوردستان*، مهاباد: چاپخانەی وەفایی، ژ. ١ل١١؛ سەردەشتی ،٢٠١١، ل٢٠٤.

[٧] بازیار، ٢٠٢٠، ل٨٥.

[٨] حیسامی، ١٩٧٠، ل٣.

[٩] مستەفایی،٢٠١٥، ل١٦.

[١٠] حوسێن، ٢٠٠٨، ل٢٧.

[١١] مستەفایی، ٢٠١٥، ل١٧.

لایەن کۆمیتەی ناوەندی "ح.د.ک" وە دەستنیشان کرابوون. ئالای کوردستان لە هەموو شوێنێک لە شوێنی ئالای ئێران هەڵکرا. لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کۆمار لە ١١ مانگ تێپەڕی نەکرد، بەڵام توانی خزمەتی زۆر پێشکەش بکات، گرنگترینیان هۆشیار کردنەوەی خەڵکی و بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی لەگەڵ بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە خوێندنگە و تەواوی دامەزراوەکانی حکومەتدا بوو ،[١] ئەوەش کاریگەریی گەورەی لەسەر چەکەرەکردن و بڵاوبوونەوەی هەستی نەتەوەیی هەبوو. ئەحمەدی قازی لەم بارەیەوە دەڵێت: "یەکەم خوێندنی ڕەسمیم بە زبانی کوردی و لە کۆماریێکی کوردیدا دەستی پێکرد و هەر ئەوەش فرچکی کوردایەتی پێگرتم و ڕێبازی ژیانمی بۆ هەتا هەتایە بۆ دیاری کردم".[٢] هەروەها ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی بڵاوکرانەوە، لەوانە ڕۆژنامەی "کوردستان" ی زمان حاڵی "ح.د.ک"، هەروەها گۆڤارەکانی "هەڵاڵە" و "هاواری نیشتمان"، "گڕوگاڵی منااڵن" و "هاواری کورد". هاوکات شانۆی کوردی کە لەم قۆناغەدا گرنگی پێدرا و ئەویش ڕۆڵی خۆی گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی، چونکە لە ٪٩٠ی دانیشتوان نەخوێندەوار بوون.[٣] یەکێکی دیکە لە کارەکانی کۆمار، دانانی ئێستگەی ڕادیۆ بوو بە فەرمی لە مەهاباد لە ١٥ی ئایاری١٩٤٦. هەروەها ژمارەیەک گەنجی کوردیشی ڕەوانەی شاری باکۆ کرد، بەمەبەستی دریژەدان بە خوێندن.[٤] لەم سەردەمەدا ژنان ڕۆڵیان پێدراو هاتنە مەیدان. لە ڕووی ئابووریییشەوە، ناوچەکە بووژایەوە و گەشەی بە خۆوە بینی. سەبارەت بە خزمەتگوزاری، کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە پەرەی پێدرا. کۆمار لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کورت بوو، بەڵام لە مێژووی کورد و ئێران و ناوچەکەدا گرنگیی گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەیە ئارچی ڕۆزڤێڵت نووسیویەتی: "ڕەگ و ڕیشە و پێکهاتنی کۆماری بچووکی کوردی، مێژووی کورت و گەردەلوولی، مەرگی لە ناکاوی، هەموو ئەمانە، لە ڕووداوە هەرە سەرنج ڕاکێشەکانی مێژووی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستی مۆدێرنن".[٥]

سەرئەنجام کۆماری کوردستان بە هۆکاری هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکی و پشتیوانی ئەمەریکا و زلهێزەکانی ڕۆژئاوا لە حکومەتی محەمەد ڕەزاشا (١٩٤١-١٩٧٩)ڕووخا.[٦] لە ١٧ی تشرینی دووەمی١٩٤٦، هێزەکانی دەوڵەتی ئێران گەیشتنە مەهاباد و قازی و هاوڕێیانی خۆیان ڕادەست کرد. پاشان دادگای نیزامی، حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر قازی محەمەد، سەیفی قازی و سەدری قازیدا سەپاند. دوای چەند مانگ و لە بەرەبەیانی ٣١ ئازاری ١٩٤٧ لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لەسێدارە دران.[٧] پاش ڕووخانی کۆمار، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی "ح.د.ک" خرانە زیندان زیندان و بەشێکی دیکەشیان بەرەو کوردستانی عێراق و دەرەوە هەڵهاتن.[٨] چالاکییەکانی "ح.د.ک" پاش لە دەستدانی سەرکردەکانی، بۆ ماوەیەک تووشی ئیفلیج بوون هات. ئەوەش کادرەکانی ئەو

---

[١] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٢٣١-٢٣٣.

[٢] قازی، ئەحمەد، ٢٠٢١، *دەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان*، چ. ١، سۆران: کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەدێ خانی، ل٧٧.

[٣] مستەفایی،٢٠١٥، ل١٧.

[٤] کۆچێرا، کریس، ١٣٦٩، *مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا*، چ. ١، تاران: چ.کارون، ل٢٨١-٢٨٢.

[٥] کاطع، ٢٠٢٤، ل٥٥٧-٥٦٠.

[٦] کەریمی، هاشم. ٢٠٢١، *گەشتێک لە ئەربابای بانەوە بۆ باواجی کۆیە*، چ. ١، سوید: چ.کتاب ئەرزان، ل١٠٦.

[٧] بازیار، ٢٠٢٠، ل١٠٨-١٠٩.

[٨] کاوسی، ب.س، ل٨.

حیزبەی تووشی قەیرانی فکری و سیاسیی کرد، چونکە ئەزموونیان کەم بوو. بەو هۆیەوە پەرش و بڵاو بوونەوە.[1] محەمەد ڕەزاشا کوردستانی ئێرانی خستەوە ژێردەستەڵاتی خۆی، زمانی فارسیی کردەوە زمانی فەرمیی پەروەردە و دامەزراوەکان و زمانی کوردیی قەدەغە کرد.[2]

یەکێک لە لێکەوتەکانی شکستی کۆمار، گۆڕانی فکریی لاوە ڕووناکبیرەکانی مەهاباد بوو. لاوەکان بە تایبەتی پاش هاوکاریی سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکان، لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندی، هەروەها هاوکاریی جیهانی سەرمایەداری لەگەڵ محەمەد ڕەزاشا، ڕوویان لە ڕادیکاڵیزم بوون کرد. ئەوە وایلێکردن زیاتر لە پرسە نەتەوەییەکان، لە خەمی پرسە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکاندا بن .[3] لەم بارودۆخەدا و لە مەهاباد کۆمیتەی کۆمۆنیستی کوردستان (ک.ک.ک) بە ڕێبەریی ڕەحیم سوڵتانیان، لە لایەن کۆمەڵێک لە لاوە کوردەکانەوە دامەزرا.[4] ئەم کۆمیتەیە پەیوەندیی بە باڵوێزخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە تاران کرد و خۆیان وەکوو پارتێکی کۆمۆنیستی ناساند. وەڵامی باڵوێزخانە ئەوە بوو پەیوەندیی بە حزبی تووەوە[5] بکەن، بەو بیانووەی کە نابێت دوو حزبی کۆمۆنیستی لە ئێراندا بوونی هەبێت.[6] ئەم کۆمەڵە لاوە لەبەر کەم ئەزموونییان لە ڕووی سیاسیەوە لە دووڕێیاندا مابوونەوە، بەشێکیان پێیان باش بوو ڕێکخستنێکی تەواو کۆمۆنیستی دابمەزرێنن، بەشەکەی دیکە کە زۆرینە بوون پێیان باش بوو لەسەر ڕێبازی "ح.د.ک" بن، ڕای زۆرینە پەسەند کرا. دوای ماوەیەکی کورت، حزبی تووەدە ئامادەیی خۆی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ح.د.ک لە مەهاباد نیشاندا. ئەڵقەی ئەم پەیوەندییە سارمەدین سادق وەزیری(١٩٢١-٢٠١٨)[7] بوو لە ڕێگەی سدیقی ئەنجیری ئازەرەوە[8] ڕێنمایی لاوانی مەهابادیان دەکرد.[1] لەم قۆناغەدا ح.د.ک وەکوو ڕێکخراوێکی

---

[1] کاطع، ٢٠٢٤، ص٥٥٩.

[2] کاوسی، ب.س، ل٨-٩.

[3] بازیار، ٢٠٢٠، ل١١٤-١١٥.

[4] کۆچێرا، ١٣٦٩، ل٢٩٣.

[5] حیزبی تووەدە لە پاش ١٣ ڕۆژ لە سەڵتەنەتی ڕەزا شای پەهلەوی لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٤١ لە ئێران دامەزرا. دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە، کەسانێک سەر بە حیزبی کۆمۆنستی پێشوو بوون و دە ساڵ بوو لە زیندانیدا بوون. ئەم حیزبە زۆر زوو گەشەی کرد، توانیی لە بەشیکی زۆری شارەکانی ئیران ڕێکخراوی خۆی دابمەزرێنێت. لووتکەی سەرکەوتنی ساڵی ١٩٤٦ بوو، کاتێک سێ پۆستی وزاریان لەلایەن قەوامولسەڵتەنەی ئێرانەوە پێدرا. ژمارەی ئەندامەکانی لە ساڵی ١٩٤٦ بوو بە ٥٠هەزار ئەندام و ١٠٠هەزار لایەنگر، تاکو ئەو ساڵە گەورەترین هیزی سیاسیی ئێران بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بازیار، ٢٠٢٠، ل٣٧-٣٩.

[6] ڕەسوڵ، ٢٠٠١، ل١٩٤-١٩٥.

[7] توفیق، جوتیار، ٢٠٠٧، *بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا*، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ل١٣٢-١٣٣

[8] سدیق ئەنجیری ئازەر لە ساڵی ١٩٢٤ز لە مەهاباد لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە مەهاباد خوێندووە، لە خوێندن بەردەوام بووە و پەیمانگای پەروەردەکردنی مامۆستایانی تەواو کردووە. لە ١٩٤٤مامۆستای سەرەتایی لە مەهاباد بووە. تیکەڵ بە کاری سیاسی بووە و ئەندامی کۆمەڵەی "ژ.ک" بووە، لەپاش دامەزراندنی "ح.د.ک" لە ١٩٤٦، بووە بە ئەندام لەو حیزبەدا و لێپرسراوی تەبلیغاتی خوێندکاران بووە، هەروەها بەڕێوبەری بڵاوکراوەی گۆڤاری "هاواری نیشتمان" بووە، ساڵی ١٩٥٤ لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی "ح.د.ک" ڕۆڵی هەبووە و لە تارانەوە بۆ ئەو مەبەستە چووەتە تەورێز. لە ساڵی ١٩٦٣ بە مەبەستی بەردەوامیدان بە تێکۆشان لە نێو "ح.د.ک" ڕووی لە کوردستانی عێراق کردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٦ لە کوردستانی عێراق تیرۆر کرا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سەردەشتی، یاسین، ٢٠١٥،

حزبی تووده‌ی ئێران له کوردستان وابوو، شوێنکه‌وته و جێبه‌جێکاری سیاسه‌ته‌کانی بوو،[٢] له ڕێگای سروشتیی خۆی که خزمه‌تی کوردستان و کوردایه‌تی بوو، لایدابوو. هیچ ڕۆژنامه و گۆڤارێک به زمانی کوردی بوونی نه‌بوو، ته‌نها له ڕۆژنامه‌ی چه‌له‌نگه‌ر، هه‌ندێ جار هۆنراوه‌یه‌کی کوردی بڵاو ده‌کرایه‌وه، که باسی له ده‌ره‌به‌گ و ئیستعمار ده‌کرد.[٣]

له ٢٤ی شوباتی ١٩٤٩ هه‌ولێکی سه‌رنه‌که‌وتوو بۆ تیرۆرکردنی شا درا. له‌و باره‌یه‌وه حزبی تووده تۆمه‌تبارکرا،[٤] ئه‌وه‌ش بیانووی دایه ده‌ست شا و که‌وته گیانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران به گشتی و حزبی تووده به‌تایبه‌تی. ڕاوه‌دوونان و گرتنی ئازادیخوازان ده‌ست پێکرد، کادر و لاوه‌کانی کوردستانیش له‌م هه‌ڵمه‌ته بێبه‌ش نه‌بوون، عه‌زیز یووسفی ،قادر یووسفی، ره‌شید فه‌لاحی، سدیق خاته‌می، حه‌سه‌ن موفتی و غه‌نی بلووریان ده‌ستگیرکران.[٥]

سه‌ره‌تای ساڵانی په‌نجاکان بۆ ئیران قۆناغێکی میژوویی بوو ، له ٢٩ی نیسانی١٩٥١ د.موحه‌مه‌د موسه‌ددیق (١٨٨٢-١٩٦٧) حکومه‌تیکی نیشتمانیی پێکهینا،[٦] له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی موسه‌ددیق لایه‌نگرێکی سه‌ختی ناوه‌ندێتیی ئێران بوو، به‌ڵام ماوه‌ی حوکمه‌که‌ی بۆ هه‌موو ئێران به کوردستانیشه‌وه به سه‌رده‌میکی میژوویی داده‌نرێت، چونکه خودی موسه‌ددیق پیاوێکی ئازادیخواز و دژی دیکتاتۆری بوو. ئازادییه سیاسییه‌کان جارێکی تر بووژانه‌وه، ڕۆژنامه‌و گۆڤاره‌کان ئازادانه چاپ و بڵاوکرانه‌وه، پارت و ڕێکخراوه سیاسی و پیشه‌ییه‌کان به ئاشکرا ده‌ستیان به تێکۆشان کرده‌وه،[٧] گیراوه سیاسییه‌کانی سه‌رده‌می کۆمار ئازاد کران. له‌م هه‌لومه‌رجه نوێیه‌دا "ح.د.ک" تا ڕاده‌یه‌کی باش بووژایه‌وه، کادره‌کانی به گه‌رموگوڕیه‌وه ده‌ستیان به تیکۆشان کرده‌وه.[٨]

حکومه‌ته‌که‌ی موسه‌ددیق له سیاسه‌تی نێوخۆ دوچاری گرفت و کێشه‌ی گه‌وره بوو. جگه له هه‌بوونی کێشه‌ی ئابووری، له ئاستی ده‌ره‌وه‌شدا، به‌ریتانیا و ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا، کاریان بۆ ڕووخاندنی کرد. دواجار له ١٩ی ئابی ١٩٥٣،[٩] به پیلان و نه‌خشه‌ی ئه‌مریکا، شا و جه‌نه‌راڵ زاهیدی، کوده‌تایه‌کی سه‌ربازییان ئه‌نجامدا و موسه‌ددیقیان له‌سه‌ر حوکم لابرد.[١٠] به ڕووخانی حکومه‌تی موسه‌ددیق، به‌رپرس و ئه‌ندامانی حزبی تووده و به‌ره‌ی نیشتمانی که‌وتنه به‌ر تووڕه‌یی کوده‌تاچییه‌کان.[١١] ده‌نگه ئازاده‌کان کپ کران، گرتن و ڕاوه‌دوونانی ئازادیخوازان له

گێڕانه‌وه‌ی به‌سه‌رهاتی بێسه‌روشوێکراوێکی بێ گڵک وو مه‌زار سه‌دیقی ئه‌نجیری ئازه‌ر، سلێمانی، چاپخانه‌ی شڤان، ل٥-١٣٩.

[١] قاسملوو، ٢٠٠٢، ل١٢٨-١٢٩.

[٢] ئاوه ، ٢٠٢٢، ل١٢٥.

[٣] قازی، ٢٠٢١، ل٨٩.

[٤] ولبر، ١٩٨٥، ل١٢٩.

[٥] گادانی، ٢٠٠٨، ل٨٠-٨١.

[٦] باوەڕ، ٢٠٢٣ ،ل٦١.

[٧] که‌ریمی، ٢٠٢١، ل٥١.

[٨] گادانی، ٢٠٠٨، ل٩٠.

[٩] ئه‌حمه‌د و موراد، ٢٠١١، ل٢١٦-٢١٧.

[١٠] ره‌سوڵ، ٢٠٠١، ل٢٠٠.

[١١] گادانی، ٢٠٠٨، ل١٠٨.

سەرانسەری وڵاتدا دەستی پێکردەوە، کوردستانیش لەم بارودۆخە ناهەمواوە بێبەش نەبوو، چونکە گیراوە سیاسییەکانی کوردستان لە دادگاکان بە دوو تاوان تۆمەتبار بوون، یەکیان بیری جوداخوازی، ئەوی دیکەیان بیری سۆسیالیستی.[1]

بە گشتی جوولانەوەی چەپ و دیموکراتی لە قۆناغی پاش ڕووخانی حکومەتی موسەددیق گورزی تووندیان بەرکەوت. حزبی تووده لەم قۆناغەدا پشکی شێری بەرکەوت،[2] بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٥٥ و ئاشکرابوونی ڕێکخراوە سەربازییەکانی حیزب، لە نێو سوپای دەوڵەتدا. هەرچەندە تووده هەوڵیدا ئۆبالی شکستەکە بخاتە ئەستۆی بەرەی نیشتمانی، بەڵام لە ڕاستیدا گران لەسەر حزبی تووده و "ح.د.ک" یش کەوت. لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر لە لاوە ڕۆشنبیرەکان و کادرەکانی خوارەوەی ئەو حیزبە وازیان لە خەبات هێنا. لەم هەلومەرجەدا ڕێبەڕایەتیی "ح.د.ک" کە لە سوڵەیمان موعینی[3]، عەبدولڕەحمان قاسملوو[4]، عەبدوڵڵا ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق)[5]، غەنی

---

[1] کۆیستانی، سەعید، ١٩٩٦، *ئاوڕێک لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان*، ب ١، ب.ش، ب.چ، ل١٩-٢٠.

[2] بازیار، ٢٠٢٠، ل١٧٤.

[3] سوڵەیمانی موعینی(فایەق) لە ١٧ی شوباتی ١٩٣٣ لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مەهاباد لە دایکبووە. کوڕی محەمەد ئەمینی وەزیری ناوخۆی کۆماری کوردستانە، لە تەمەنی لاوێتییەوە تێکەڵی سیاسەت بووە. وەرزشکارێکی بە توانا بووە. لە سەردەمی حکومەتی موسەدیق، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەڕێکخستنی لاوان و سازدانی خۆپیشاندانەکان. لە درێژەی شاڵاوی دەستگیرکردنەکانی پاش ڕوخانی حکومەتی موسەدیق، ناوبراو لەلایەن ڕژێمی شاوە ساڵی ١٩٥٦دەستگیرکرا و تاکو ساڵی ١٩٥٧،پاش مانەوەی کەمتر لە ساڵێک ئازادکرا، پاشان گەڕاوەتەوە مەهاباد. لە ئەنجامی هێرشی ساواک بۆ سەر ئەندامانی (ح.د.ک) و زیندانی کردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو حیزبە، ساڵی ١٩٥٩ ناوبراو ڕووی کردۆتە کوردستانی عێراق، لەوێ درێژەی بە کارو چالاکی سیاسی داوە، لە کۆنگرەی دووی "ح.د.ک"لە ساڵی ١٩٦٤ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوە ساڵی ١٩٦٧ گەڕاوەتەوە کوردستانی ئێران و لەگەڵ چەند کەسێکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک"یان دامەزراندووە. لەگەڵ کۆمیتەی ناوبراو سەرکردایەتی جوڵانەوی ٦٨-٦٧ی کوردستانی ئێرانیان کردووە. بۆ زیاتر بڕوانە: تۆفیق، ٢٠٠٧، ل١٣٦-١٤١.

[4] عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شەوی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٣٠ لە شاری ورمێ لە کوردستانی ئێران لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە کوردستانی ئێران و تاران تەواو کردووە، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چووەتە فەرەنسا، بە هۆی فشاری ئێران بۆ سەر فەرەنسا، قاسملوو ناچار فەرەنسای جێهێشتووە و چووەتە پراگ، لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە. لە ١٩٥٢بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی ئابووری و سیاسی بەدەست هێناوە. لە ١٩٥٣ بە مەستی ئەنجامدانی کاری سیاسی گەڕاوەتەوە بۆ ئێران. لە دوای ڕووخانی حکومەتەکەی موسەددیق درێژەی بە کاری سیاسی داوە. ساڵی ١٩٥٨ ڕووی لە عێراق کردووە. ساڵی ١٩٦٠ لە عێراق دەرکراوە و گەراوەتەوە پراگ و درێژەی بە خوێندن داوە. لە ساڵی ١٩٦٢ تێزی دکتۆراکەی بە ناوی "کوردستان و کورد" پێشکەش بە بەشی ئابووریی زانکۆی پراگ کردووە. پاشان لە زانکۆی "سانت کارلس" دەستی بە وانەوتنەوە کردووە. لە ساڵی ١٩٧٠ بە هۆی هەلومەرجی ژیان و بارودۆخی سیاسی ڕووی کردووەتە شاری بەغداد، شان بە شانی کاری سیاسی بابەتی مێژووی کوردی لە زانکۆی بەغداد گوتووەتەوە. لە ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ لە ڤیەنای پایتەختی نەمسا لە لایەن ئێرانەوە تیرۆرکرا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شێخانی، هۆشمەند عەلی مەحموود،٢٠٠٧ ، *عەبدولڕحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا (١٩٣٠-١٩٨٩)*، چ. ١، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

[5] عەبدوڵڵای ئیسحاقی، ناوە نهێنییەکەی"ئەحمەد تۆفیق"ە، لە کوردستانی عێراق بەو ناوە نهێنییەکەی ناسراوە. ساڵی ١٩٣١ ١٩٣١ لە گەڕەکی هەرمەنییان لە مەهاباد لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٨ چووەتە خوێندنگەی سەرەتایی پەهلەوی لە مەهاباد، لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە تیکەڵاوی چالاکییە خوێندکارییەکانی لاوانی مەهاباد بووە. لەپاش ڕوخانی کۆماری کوردستان یەکیک بوو لەو کەسانەی کە ڕۆڵی گرنگی لە زیندووکردنەوەی "ح.د.ک"دا هەبووە. لە ساڵی ١٩٥٨ وەکوو

بلووریان، سدیق ئەنجیری، هاشم ئەقەلەلتوللاب (قادرشەریف) و ئەسعەد خودایاری پێکهاتبوون، لە بەهاری ١٩٥٥ لە تاران کۆ بوونەوە.[١] لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حزبی تووده دا،[٢] بەڵام ڕێبەرایەتیی حیزبی تووده، بەبڕیاری پچڕاندنی پەیوەندی "ح.د.ک" ڕازی نەبوون. ڕەزا ڕادمەنیش، کەسی یەکەمی حیزبی تووده، قاسملووی بە هۆکاری پچڕانی ئەو پەیوەندییە تۆمەتبارکرد.[٣]

"ح.د.ک" لە هاوینی ١٩٥٥ بە مەبەستی ڕزگارکردنی حیزب لەو بارودۆخە، یەکەمین کۆنفرانسی خۆی، لە کێوی قەڵاتەڕەشی ناوچەی پیرانشار، بە بەشداریی ١٥-٢٠ ئەندام پێک هێنا.[٤] لە گرنگترین بڕیارەکانی کۆنفرانس، دووپاتکردنەوەی پچڕاندنی پەیوەندیی "ح.د.ک" لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبی تووده لە نێوخۆی وڵات[٥] و هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری بوو. ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، عەزیز یووسفی، غەنی بلووریان، ڕەحمەتوڵڵا شەریعەتی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق). هەروەها د. مەولەوی وەکوو ڕاوێژکار دیاری کرا.[٦] لە ڕاستیدا بڕیارەکەی کۆنفرانسی یەک، نەبووە هۆی دابڕان و ڕیشەکێشکردنی یەکجاریی فکری تووده لە نێو ئەو حیزبە، بەڵکو بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکیی نێوان حزبی تووده و "ح.د.ک". پاشانیش بووە هۆی قوولبوونەوەی تێڕوانین و فکرە جیاوازەکانی نێو حیزبەکە و دواجار دابەشبوونی حیزب بە سەر هەردوو باڵی ڕاست و چەپی لێ کەوتەوە .[٧]

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە محەمەد ڕەزاشا، لە شوباتی ١٩٥٥ پەیمانی بەغدای لەگەڵ عێراق و تورکیا و پاکستان و بەریتانیا ئیمزا کرد .[٨] ئەم هاوپەیمانییە کە لە گەرمەی جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو، لە بنەڕەتدا بۆ ڕێگریکردن لە نفووزی سۆڤیەت بوو. بەندێکی پەیمانەکە تایبەت بوو بە ڕێگرتن لە ڕاپەڕین و جوواڵنەوەکان لە سنووری نیوانیان. دوا بەدوای ئەم پەیمانە حکومەتی ئێران گوشارەکانی بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکانی سەر سنوور چڕ کردەوە.[٩]

کەسی یەکەمی ح.د.ک لە کوردستانی عێراق درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە، هاوکات ئەندامی هەڵبژێراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکەی لە کۆنگرەی دووی ساڵی ١٩٦٤دا بووە. ساڵی ١٩٧٣ لە نێو زیندانی حکومەتی عێراق لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی عەبدوڵڵای ئیسحاقی بڕوانە: *سەردەشتی ب، یاسین، ٢٠٠٧، ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق(١٩٣١-١٩٧٣)*، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ل١١-١٦٩.

[١] بلووریان،١٩٩٧، ل١٥٥.

[٢] سەردەشتی، یاسین، ٢٠٠٥، *هەڵوێستی حیزبی توده لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١-١٩٨٣)*، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ل٧٥.

[٣] بازیار،٢٠٢٠، ل١٧٤.

[٤] گادانی ،٢٠٠٨، ل١١٢.

[٥] حسن زادە، عبدالله، ٢٠٠٢، *کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- نیو سەدە تێکۆشان*، ب. ١، ل١٨١؛ ڕەسوول،٢٠٠١، ل٢٠٢؛ بازیار،٢٠٢٠، ل١٧١-١٧٢.

[٦] حسن زادە، ٢٠٠٢، ل١٨١: گادانی، ٢٠٠٨، ل١١٤.

[٧] بازیار، ٢٠٢٠، ل ١٤.

[٨] حمیری، هلال کاظم، ٢٠١٨، عبدالکریم قاسم روایة معاصرة فی المسار العلاقات، *مجلة الکلیة الاسلامیة الجامعة*، العدد ٤٥، ل٤٧٠-٤٧١.

[٩] ڕەسوول، ٢٠٠١، ل٢٠٢-٢٠٣.

ئەوەی جیگەی سەرنجە خودی عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە یەکێک لە هەڵبژێراوانی کۆمیتەی بەڕێوبەری لە کۆنفرانسی یەک و بەشداربوویەکی کۆبوونەوەکەی تاران بوو، بە بڕیاری کۆنفرانسی حیزبەکەی سەبارەت بە پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان لەگەل حزبی تووده پابەند نەبوو. لە ئەنجامی بەردەوامیی پەیوەندییەکانی بە حزبی تووده‌وە، ناوبراو بە هاوڕێیەتی سمایل قاسملووی ئامۆزای، لە ساڵی ١٩٥٧ کەوتنە داوی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی.[١]

ناکۆکییەکانی نێو باڵی ڕاست و چەپی "ح.د.ک"، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەهاتە پێش چاو. لە ساڵی ١٩٥٧ "ح.د.ک" بۆ بەشداری لە ڤیستیڤاڵی لاوانی جیهان لە مۆسکۆ، بڕیاری دا عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا ئیسحاقی، وەکوو نوێنەری حیزب بەشداریی ئەو ڤیستیڤاڵە بکەن، بەڵام ئیسحاقی کە نوێنەری باڵی ڕاست بوو، لە پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا گیری خوارد و نەیتوانی بەشداری ڤیستیڤاڵەکە بکات.[٢] ناوبراو حزبی تووده و عەبدولڕەحمان قاسملووی نوێنەری باڵی چەپی بە هۆکاری ڕێگریکردنەکەی زانی، ئەوەش کەڵێنی زیاتری لە نێوان عەبدوڵڵا ئیسحاقی و عەبدولڕەحمان قاسملوو دروست کرد. عەبدوڵڵا ئیسحاقی گەڕایەوە کوردستان وزۆرتر لە کوردستانی عێراق دەمایەوە،[٣] بەڵام پاش گەڕانەوەی بە تەواوی دژایەتیی حزبی تووده و فکری کۆمۆنیزمی دەکرد،[٤] قاسملووش لە ئەوروپا مایەوە تا ساڵی ١٩٥٨، پاش کودەتاکەی ١٤ی تەمووزی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراق، لەسەر پێشنیازی مستەفا بارزانی گەڕایەوە کوردستانی عێراق.[٥]

کوردستانی ئێران، هەر لە هاتنەسەرکاری ڕەزاشاوە، دژی دەسەڵاتداریتیی ڕێژیمی پەهلەوی و سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ئەو ڕیژیمە بوو. لەلایەن سەرۆک خێڵ و دەرەبەگەکانی کوردستانەوە، چەندین ڕاپەڕینی چەکداری و لۆکاڵی لە ناوچە جیاوازەکاندا دژی دەستەڵاتی پەهلەوی ئەنجام دران، بەڵام هەموویان تێکشکێندران. لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتی پەهلەویی یەکەم و سەرەتای هاتنی پەهلەویی دووەم بۆ سەر تەخت، لە مەهەباد ڕووناکبیرانی کورد قۆڵیان لە دروستکردنی پارت و ڕێکخراوی سیاسی بە مەبەستی ئەزموونکردنی شێوازێکی نوێی تێکۆشان دژی دەستەڵاتی داگیرکەر و لەپێناوی ڕزگارکردنی کوردستاندا هەڵمالی. پاش دروستکردنی چەند ڕێکخراوێکی سیاسی، "ح.د.ک" وەکوو پارتێکی سیاسی، لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکییەوە کۆماری کوردستان ڕووخا و نەیتوانی بەردەوام بێت. سەرئەنجام "ح.د.ک" وردە وردە کۆتایی بە خەباتی مەدەنیی خۆی لە دژی دەستەڵاتی پەهلەوی هێنا و لە قۆناغەکانی دواتریدا، بەرەو شێوازێکی دیکەی خەبات هەنگاوی نا.

---

[١] سەردەشتی ،٢٠٠٥، ل٧٦.

[٢] گەوهەری، حامید، ٢٠١٥، *ئەحمەد تۆفیق*، چ. ١، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل٥٧-٦٠.

[٣] گادانی، ٢٠٠٨، ل ١٢٢.

[٤] حیسامی، کەریمی، ١٩٨٧، *لە بیرەوەرییەکانم١٩٥٧-١٩٦٥*، ب. ٢، ستۆکهۆڵم: ب.چ، ل٢٨.

[٥] بازیار، ٢٠٢٠، ل١٩٠.

بەشی یەکەم:

فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی

جووڵانەوە چەکدارانەکەی کوردستانی ئێران(١٩٦٧-١٩٦٨):

باسی یەکەم: ڕەوشی نێوخۆیی کوردستانی ئێران لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٦):

تەوەری یەکەم: ڕەوشی ئابووری.

تەوەری دووەم: ڕەوشی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

تەوەری سێیەم: ڕەوشی سیاسی لە کوردستانی ئێران.

باسی دووەم: ڕەوشی نێوخۆی "ح.د.ک" لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٦):

تەوەری یەکەم: ڕەوشی نێوخۆی "ح.د.ک" لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦١) .

تەوەری دووەم: ڕەوشی "ح.د.ک" لە نێوان ساڵانی(١٩٦١-١٩٦٤).

تەوەری سێیەم: ڕەوشی "ح.د.ک" لە نێوان ساڵانی(١٩٦٤-١٩٦٦)

باسی سێیەم: کاریگەریی پەرەسەندنی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستانی عێراق لە سەرهەڵدانی جووڵانەوە چەکدارانەکە (١٩٥٨-١٩٦٦):

تەوەری یەکەم: کاریگەریی ڕووداوەکانی عێراق و کوردستانی عێراق لەسەر "ح.د.ک" و کوردستانی ئێران لە نێوان ساڵانی ١١٩٥٨-١٩٦٣.

تەوەری دووەم: گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی کوردستانی عێراق و "ح.د.ک"(١٩٦٣-١٩٦٧).

باسی یەکەم: ڕەوشی نێوخۆیی کوردستانی ئێران لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٦):

تەوەری یەکەم: ڕەوشی ئابووری

ئابووریی ئێران بە شێوەیەکی گشتی ئابووریەکی کشتوکاڵی بوو. تا ساڵی١٩٦١، نزیکەی دوو لەسەر سێی ئێران، لە گوند و ناوچە شاخاوییەکاندا دەژیان و پشتیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستبوو. نزیکەی ٦٥ هەزار گوند لە سەرانسەری ئێراندا هەبوون، بەڵام حکومەتی ناوەندی بە هۆی گەندەڵیی نێوخۆییەوە، لە ڕەوشی ئەو گوندانە و دانیشتوانەکەی، کە بەدەست دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەیاننااڵند، بێئاگابوو. بەوهۆیەوە خەڵکی ئامادە نەبوون درێژە بە ژیانی پڕنەهامەتیان لە گوندەکان بدەن، لە پێناوی بەدەستهێنانی هەلی کار و بژێوی ژیاندا کۆچیان بۆ شارەکان کرد. لە لایەکی دیکەوە سیستەمی نیمچە دەرەبەگایەتی لە بەشی زۆری ئێراندا زاڵ بوو. زەوییە گەورەکان لە دەستی سەرۆک خێڵ و هۆزەکاندا بوون، ئەوەش بارگرانییەکی دیکە بوو. هەروەها بەشێک لە پیاوانی ئایینی بەهۆی سوودمەند بوونیان لە زەوییەکانی وەقف، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و کولتوورییەکانی ئێراندا هەبوو .[١]

ڕەوشی کوردستانی ئێران بەگشتی لە دواساڵەکانی دەیەی پەنجاکان و ساڵانی دەیەی شەستی سەدەی بیستدا سەقامگیر نەبوو. بەهۆی ئەو ستەمە ئابووریە تونده‌ی ڕژێمی شا بەسەر گەلی کورددا سەپاندبووی، لە ڕووی ئابووریەوە، لەگەڵ ئەوەی یەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ئێران بوو، یەکێک لە ناوچە دواکەوتووەکانی ئێران بوو.[٢] لە ئەنجامی ئەو ستەمە و سیاسەتی داچۆڕینی ناوچەکە، وێڕای دەوڵەمەندیی خاکەکەی بە کانزاکانی نەوت، زێڕ، زیو، ئاسن، کبریت، جیوە و زیو، کە فاکتەرێکی باشی بنیادنانی ئابووریەکی پتەون،[٣] کەچی ناوچەکە لە سایەی ڕژێمی شادا، وەکوو ناوچەیەکی کشتوکاڵی مایەوە. بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٦٦ جگە لە پیشەسازیی نەوت لە کرماشان هیچ جۆرە پیشەسازییەک لە ناوچەکە بوونی نەبووە.[٤]

ڕەوشی ئابووری بە گشتی و گوندەکان بە تایبەتی زۆر خراپ بوو، چونکە دەوڵەتی ئێران، لە پرۆسەی سەرمایەگوزاری و دامەزراندنی ناوەندی پیشەسازی و کردنەوەی کارگە، سیاسەتی داچۆڕینی ناوچەکە و فەرامۆشکردنی شارەکانی گرتبووە بەر. هاوکات لە پەرەپێدانی دەزگا خزمەتگوزارییەکان بێبەشی کردبوون.[٥] دانیشتوان بە گشتی بۆ بژێوی ژیانیان پشتیان بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستبوو.[٦] لە هەموو ڕوویەکەوە پشتگوێخستنی گوندەکان زور بەرچاو بوو. بوو. دانیشتوانی گوندەکان لە نەهامەتییەکی کەم وێنەدا دەژیان. بەگشتی لە بەیانییەوە تا خۆرئاوابوون، لە پێناوی دابینکردنی بژێویی ژیانیاندا دەچوونە سەر کێڵگەکان.[٧] بەرهەمی سەرەکییان بریتی بوو لە گەنم، جۆ، تووتن و بەرهەمی ئاژەڵی، زەوییەکانیش دێم بوون.

---

[١] قرگزلو، ناسر، ٢٠٠٦، *از انقلاب سفید تا انقلاب اسلامی زمینه‌ها و ریشه‌یابی عوامل*، پاریس: دایره مینا، ل٧.

[٢] ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی توفان، ، ١٣٤٨، شاه و کودتای عراق، *توفان*، ش. ٣٠، ص١-٢.

[٣] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٣٠.

[٤] جالیاند جیرارد، ٢٠١٢، *شعب بدون وطن*، ت.عبدالسلام نقشبندی، اربیل: دار اراس، ص١٥٤.

[٥] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٥٠٥.

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدوڵلا حسنزاده، کۆیە، ١٢ی ٤ی ٢٠٢٥.

[٧] قاسملوو، نەسرین، ٢٠١٤، *ئوروپاییەک لە وڵاتی کوردان*، چ١، و.ناهید حسێنی، چاپخانەی سەردەم، ل٩١-٩٢.

کەرەستەکانی بەرهەمهێنان زۆر سادە و ساکار بوون، گا و گاسنیان بۆ کێڵانی زەوییەکان بەکار دەهێنا، چونکە شێوازی نوێی بەرهەمهێنان نەگەیشتبووە ناوچە کوردییەکان.[١] ئەوەش بەشێوەیەکی بەرچاو کاری کردبووە سەر کەمیی ئاستی بەرهەم. هەرچەندە ڕووبەری چێنراو لە کوردستان لە ١٩٪ی کۆی زەوییە داچێنراوەکانی ئەو وڵاتەی پێکهێنابوو.[٢] کاری ئاژەڵداریش لەسەر شێوەی سەد ساڵی ڕابردوو بوو. دەرمانخانە و پزیشکی ئاژەڵی لە کوردستانی ئێران دەگمەن بوو، بەو هۆیەوە زۆرێک لە ئاژەڵەکان بە هۆی نەخۆشییەوە دەمردن و لەنێو دەچوون. جگە لە ستەمی نەتەوایەتی، کۆمەڵگەی کوردی گیرۆدەی ستەمی چینایەتییش بوو. وەکوو هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران، چینی جووتیار و ئاغا، لە ڕووی داهات و توانای ژیانەوە زۆر لەیەک دوور بوون[٣]. زۆرێک لە شاعیرانی ئەو قۆناغە، بە هۆنراوەکانیان ئاماژەیان بە ئازارەکانی چینی جووتیاران و وەرزێران لەژێر ستەمی دەرەبەگ و حکومەتی ئێران کردووە. مەلائاوارە[٤] کە یەکێک لە ڕێبەرانی جوولانەوە چەکدارانەکەی ١٩٦٧–١٩٦٨ بوو، چەندین هۆنراوەی نوسیووە کە تێیاندا خەم و ئازاری ئەو چینەی کۆمەڵگەی دەربڕیوە. لە بەناوبانگترین هۆنراوەیدا بەناونیشانی "هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت" باسی لە ژیانی پڕنەهامەتیی وەرزێرانی کورد کردووە.[٥] ناوبراو لە ڕێگەی هۆنراوەکەیەوە، ڕووی کردووەتە وەرزێران و داوای یەکگرتن و تێکۆشانیان،[٦] لە پێناو ڕزگاربوون لەو سیستەمە و تێکشکاندنی،[٧] لێدەکات.

لە دواساڵەکانی دەیەی پەنجا و سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی بیست لە سەرانسەری ئێران چەندین ناڕەزایی و پشێوی و خۆپیشاندان ئەنجام دران، هەریەک لەوانیش لە لایەن چینێکی کۆمەڵگاوە سەرکردایەتی دەکرا. ئەوەش بە واتای ناڕازی بوونی چینەکانی کۆمەڵگە لە سیاسەتی

---

[١] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی توده، ١٩٧٠، بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران، *توده*، ژ.١٩، ل٧.

[٢] مدنی، حسین، ١٣٦٩، *تحلیلی فشرده از دینامیزم و شیوه‌های مبارزاتی در کردستان ایران*، ب.ش، ب.چ، ل٣٠.

[٣] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی توده، ١٩٧٠، ل٨.

[٤] مەلا ئەحمەد شەڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی شەڵماش لە ناوچەی سەردەشت لەدایک بووە، خوێندنی لە مزگەوت لای باوکی تەواو کردووە. لە گەشتەکانیدا کە بە مەبەستی خوێندن لە کوردستان ئەنجامی داوە، هەستی بە هەژاری و ستەمەی چینایەتیی گەلی کورد کردووە. بە مەبەستی کاری سیاسی و خەباتکردن لەپێناو ڕزگاریی گەلەکەی پەیوەندی بە "ح.د.ک" کردووە. لە ڕیزەکانی ئەو حیزبە دریژەی بە تێکۆشانی داوە و یەکێکە لە ڕێبەرانی جوولانەوەی ١٩٦٧–١٩٦٨. بۆ زانیاریی زیاتر بروانە، حیسامی، کەریم، ١٩٧١، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستان، ب.ش، ب.چ، ل٨٥–٨٦.

[٥] شەڵماشی، مستەفا، ١٩–٤–٢٠٢٥، یادێک لە شەهید ئاوارەی شۆڕشگێڕ و شاعیر، ٢٠٢١، https://kurdistanukurd.com

[٦] مەلا ئاوارە لە هاواری تووتنەواندا، پاش هۆندنەوەی مەینەتییەکانی وەرزێران، ڕوو دەکاتە وەرزێران و داوای یەکیەتیی خەباتیان لێدەکات و دەڵێت :

ئەی وەرزێران، ئەی جووتیاران—ئەی تووتنەوانی ماڵوێران
با بە یەک دڵ و یەک زوبان---بە خەباتی شێلگیرمان
تا دوا پشوو هەوڵ بدەین---شەق دەو ڕژێمە هەڵدەین
یەکگرتن هۆی سەرکەوتنە---خەبات ڕێگەی دەستکەوتنە...

بۆ زیاتر بڕوانە: حەسەنپوور، محەمەد ڕەسوڵ، ١٣٨٠، *یادی یاران، ساتێک لەگەڵ مەلا ئەحمەدی شەڵماشی*، ب.ش، ب چ، ل٢٣–٢٤

[٧] حەسەنپوور، ١٣٨٠، ل٢٣.

ئابووریی محەمەد ڕەزاشا بوو. چینی کرێکاری شارەکان سەرکردایەتیی بەشێکی زۆری ناڕەزایەتییەکانی لە پێناوی باشترکردنی گوزەرانیاندا کرد. بۆیە لە ساڵەکانی ١٩٥٧، ١٩٥٩، ١٩٦٠، ١٩٦١ ناڕەزایی و مانگرتنی کرێکاران لە کارگەکانی ڕستن و چنین لە ئیسفەهان، پالاوگە نەوتییەکان لە ئابادان و زۆرینەی شارەکانی ئێران دەبینین. هەرچەندە ئەو ناڕەزایەتیدەربڕینانە سەرکوت کران، بەڵام دۆخی قەیراناوییان بەدوای خۆیاندا هێنا و بەردەواملیان هەبوو. ئەوەش مایەی نیگەرانیی ڕژێم و هاوپەیمانەکانی بوو.[١] لەبەر ئەوە کاتێک دیموکراتەکان لەساڵی ١٩٦١ دەستەڵاتی سیاسیان لە ئەمریکا گرتەدەست، سەرۆک کۆماری نوێ، جۆن کەنەدی (١٩١٧-١٩٦٣)، شای ناچار بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک چاکسازی، بە ئامانجی لەمپەردانان لە بەرانبەر شۆرشی کۆمۆنیزم و ڕاپەڕینی چینی هەژار و زەحمەتکێش کرد.[٢]

محەمەد ڕەزاشا لە چەندین بواردا بەتایبەتی لە بواری زەوی و زاردا، هەنگاوی نوێی بۆ چاکسازی نا. مەبەستیشی ڕێگرتن لە شۆڕشی جووتیاری بوو، چونکە جووتیارانی ئێران لە ژێر باری زوڵم و زۆری دەرەبەگایەتیدا هەراسان ببوون.[٣] چاکسازییەکانی شا بە چاکسازیی زەوی ناو دەبرێت، دابەشکردنی زەویی دەرەبەگ و مووڵکدارە گەورەکان بەسەر جووتیاراندا، بەنیشتمانیکردنی دارستانەکان، بەشداریی کرێکاران لە قازانجی کارگەکان، دانانی سوپای زانست و دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان بۆ ژنان لە گرنگترین خاڵەکانی چاکسازیی زەوی بوون.[٤]

لە قوم و شوێنە ئایینییەکانی دیکەی ئێران خۆپیشاندان دژی ئەم پرۆژەی چاکسازییە ئەنجام درا. ئایەتوڵڵاکان بەتایبەتی دژی ئەو خاڵە بوون کە پەیوەندیی بە مافی دەنگدانی ژنانەوە هەبوو. لە ئەنجامدا سەرۆکوەزیران ئەسەدوڵلا عەلەم(١٩١٩-١٩٧٨) بە نوێنەرایەتیی شا فەرمانی بە پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان دا کە ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ببنەوە. دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران بێبەزەییانە خۆپیشاندەرانیان لە خوێن گەوزاند و بەتوندی خۆپیشاندانەکەیان سەرکوت کرد و خومەینییان دەستگیر کرد.[٥] هەرچەندە محەمەدڕەزاشا لە وتارەکانیدا هەمیشە ئاماژەی بەوە دەکرد، کە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئێرانی لەسەر بنچینەی چاکسازییەکان، ئێران بەرەو شارستانیەتێکی مەزن دەبات و دەیکاتە پێنجەمین هێزی سیاسی و ئابووری لە جیهاندا، بەڵام ئاکامەکەی پێچەوانەی ڕاگەیاندنەکەی شا بوو. چاکسازیی زەوی ئێرانی خستە نێو قەیرانێکی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتیی مەزن.[٦]

سەبارەت بە کوردستانی ئێران، چاکسازیی زەوی بە هێواشی و درەنگتر بەڕێوەچوو، چونکە دەوڵەت ترسی هەبوو لە ئەنجامیدا، سەرۆک عەشیرەتەکان یەک بگرن و ڕاپەڕین بەرپا بکەن. وێڕای ئەوەی چاکسازیی زەوی، بوو بەهۆی لاوازیی دەستەڵاتی دەرەبەگەکان و پاشەکشەی

---

[١] اوری، پتر، ١٣٧٩، *تاریخ معاصر ایران*، چ. ٤، ت. محمد رفیقی مهرابادی، تهران: انتشارات عوامی، ص ١٥٢.

[٢] قرگزلو، ٢٠٠٦، ل٧؛ بازیار، ٢٠٢٠، ل٢١١-٢١٢.

[٣] کەریمی، ٢٠٢١، ل٨٢.

[٤] ابراهامیان، یرواند، ١٣٨٤، *ایران بین دو انقلاب*، چ١١، تهران: چ.غزال، ل٥٢٢.

[٥] ئەسکەندەری، ٢٠٢١، ل٨٩.

[٦] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٥٠٠.

سیستەمی ئەرباب-ڕەعیەتی، بەڵام ئەوانی بە تەواوی لەناو نەبرد، چونکە ساواک[1] پەیوەندییەکی تەواو نزیکی لەگەڵ بەشێک لە دەرەبەگەکاندا هەبوو، هاوکات یارمەتییشی لێوەردەگرتن. ئەو پەیوەندییە پاڕێزەری بەرژەوەندی بەشێک لە دەرەبەگەکان بوو.[2] ڕۆژنامەی "خاک و خون"[3] سەبارەت بەم پرسە لە ژمارە ٦٣یدا باسی لە هەواڵێک لە کوردستان کردووە و نووسیویەتی: ''بەشێک لە ئاغا و مواڵکدارەکانی پێشوو لە کوردستان، ئامادە نەبوون واز لە مافی بێگار و سەرانە سەندن بهێنن، بۆ نموونە ئیسماعیل خان لە گوندی یەکین ئاباد، لە ڕێگەی کۆمەڵێک چەقۆکێش و پیاوخراپەوە زۆری بۆ جووتیارەکانی ئەو گوندە هێناوە و لەبەرەبەیاندا پەلاماری جووتیارەکانیان داوە و ژمارەیەک لە خەڵکیان بریندار کردووە، هەرچەندە پێشتر دانیشتوانی ئەو گوندە دەزگاکانی حکومەتیان لەو هەڕەشە و پەلامارانە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام حکومەت وەڵامی نەداونەتەوە و پەلاماری ئاغای ناوبراویش بەردەوام بووە''.[4]

لە لایەکی دیکەوە چاکسازیی زەوی لە کوردستانی ئێران، بەشێکی کەمی لە جووتیاران بە شێوەی نایەکسان کردە خاوەنی زەوی، چونکە ئەو چاکسازییە لەسەر بنەمای مافی کشتوکاڵی ئەنجام درا. جووتیارە بێ زەوییەکان کە ٨٢٪ ی گوندەکانیان پێک دەهێنا، نیوەیان لە ناچاریدا ڕێگای شارەکانیان گرتەبەر و ڕوویان لە پیشەی دیکە کرد.[5] لە ئەنجامدا شارەکانی کوردستانی ئێران بەهۆی کۆچی گوندنشینەکانەوە دوچاری قەرەباڵغییەکی گەورە ببوون، ئەوەش بووە هۆی گرانی و بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەل و پێویستیەکانی ژیان و دروستبوونی بێکاری و دابەزینی بەها کۆمەڵایەتییەکان و بێبەشبوون لە خزمەتگوزارییەکان.[6] ئەو جووتیارانەش کە لە گوندەکان مانەوە و خاوەنی زەویی بچووک بوون، بەهۆی کەم توانایی مادییانەوە بەکردەوە کۆنترۆڵیان بەسەر زەوییەکانی خۆیاندا نەبوو.[7] هاوکات بە دەست گرفتێکی دیکەشەوە دەیاننااڵند، ئەویش لێکنەچوونی ڕێساکانی چاکسازیی زەوی لە ناوچەکان بوو، ئەوەش هۆکاری ناڕەزایی بەشێکی دانیشتوانی ناوچەکانی کوردستانی ئێران بوو. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی "خاک و خون" لە هەواڵێکیدا

---

[1] شا لە ژێر ڕکێفی خۆیدا و لە ساڵی ١٩٥٧ بە یارمەتی و هاوکاریی دەزگای سی ئای ئەی ئەمریکی و مۆسادی ئیسرائیلی و بە سەرکردایەتیی تەیموور بەختیار، دەزگای "سازمان اطلاعات و امنیت کشور" (ساواک)ی دامەزراند. ساواک دوو ئەرکی لە ئەستۆ بوو، یەکیان هەواڵگری بوو، کە پەیوەندیی بە پرسی دەرەکییەوە هەبوو، ئەوی دیکەیان ئاسایشپاڕێزی بوو، تایبەت بوو بە پرسی نێوخۆیی. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نژاد،٢٠٢٢، ل ١٣٥

[2] پڕوونهووبێر، کارۆڵ، ٢٠٠٩، *خولیا و مەرگی قاسملووی کورد*، چ. ١، وەرگێڕانی کاویان، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل١٥٦.

[3] ڕۆژنامەی "خاک و خون" ئۆرگانی حیزبی پان ئیرانیست بوو، کە"محسن پزشک پور" دەری دەکرد، لە نێوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، هەفتەی سێ جار، چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لەبەرئەوەی حیزبی پان ئیرانیست لایەنگری دەوڵەتی شاهەنشاهیی ناسیۆنالستی ناوەندگەرا و مۆدێرن بوو، لە ئۆرگانەکەیدا چەندین هەواڵی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی ئێرانی بڵاوکردووەتەوە کە تایبەتن بە ناڕەزایی لە سیستمی دەرەبەگایەتی و کەم و کوڕییەکانی کەرتی پەروەردە و تەندروستی و خەمساردیی حکومەتی ئێران لە ئاستی کوردستانی ئێران. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە سەردەشتی أ، ٢٠٢٥، خاک و خون سەرچاوەیەکی مێژووی هاوچەرخی کوردستان، ب.ش، ب.چ.

[4] سەردەشتی أ، ٢٠٢٥، ل٢٠٣. بڕوانە پاشکۆی ژ. ١.

[5] مدنی، ١٣٦٩، ل٣٣.

[6] کەمالی، فەریدە کووهی، ٢٠١٢، *ناسیۆنالیزمی شوانکارەیی*، وەرگێڕانی د.یاسین سەردەشتی، ب.ش، ب.چ، ل١٤١.

[7] مدنی، ١٣٦٩، ل٣١-٣٣.

باسی کێشەیەکی ناوچەی مامەش و لاهیجان(لاجان)ی کردووە. سەبارەت بەو پرسە ژمارەیەک لە جووتیاران نامەیان بۆ چەند کاربەدەستێکی حکومی ناردووە و باسی ئەو نادادییەیان کردووە، کە لە دانانی بەها و گرنگیی زەوییەکان لە بەرژەوەندی مولّکدارەکاندا ئەنجام دراوە. جووتیارەکان باسیان لەوە کردووە کاربەدەستان گرنگی و بایەخی زەوییەکانیان لەبەرچاو نەگرتووە، بە شێوەی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ زەوییەکاندا کردووە، بەجۆرێک بەشێکی زەوی ئەم ناوچەیە دێم و کەم پێتن، لە زەوییە بەراوەکانیشدا، کێشەی کەم ئاوی گرفتی داچاندنی بۆ دروست کردوون و بەشێکیان بێ کەلک ماونەتەوە، بەڵام مولّکدارەکان بە هەمان شێوەی زەوییە چێندراوەکان دوو هێندەی مولّکانەیان خستووەتەسەر. کاربەدەستانی چاکسازیی زەوی، بێ لێکۆڵینەوە لە دروستیی ڕێسا و نەریتە خۆماڵییەکان، بێلەبەرچاوگرتنی سەرنجی جووتیارەکان، بێ لەبەرچاو گرتنی جۆری زەوییە چێندراوەکان، تەنیا لە کلّاوڕۆژنەی بەرژەوەندی مولّکدارەکانەوە، بڕێکی زۆر مولّکانەیان بۆ زەوییەکان زیاد کردووە، ملکەچی و ڕەزامەندیی جووتیارەکانیشیان کردۆتە ناچاری.[1] هاوکات جووتیارانی ناوچەکانی مەریوان و سنە باسیان لە نادادییەکی دیکە کردووە، کە لە کاتی وەرگرتنی بەرهەمەکانیان و هەڵسەنگاندنی جۆرەکەی لەلایەن سەرۆکی دوخانیات و دەستەی وەرگرتنی تووتن بەرانبەریان کراوە، کە بەشێک لە بەرهەمەکانیان پەسەند کراوە و بەشێکی دیکەیان بە ناپەسەند هەژمارکراوە. بەو هۆیەوە دوچاری هەڵاواردن و جیاکاری هاتوون، ئەوەش لە کاتێکدایە ژیان و گوزەرانی جووتیارانی ئەو ناوچانە بەگشتی پشت بە بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتنی تووتن دەبەستێت. ئەم بەڵگانە نیشاندەری مانەوەی گرفتی جووتیاران لە کوردستانی ئێران سەرەڕای ریفۆرمی زەوین.[2]

لە لایەکی دیکەشەوە جگە لە جووتیاران، بەشێک لە مولّکدارەکانی کوردستان، لە چاکسازیی زەوی ناڕازی بوون و شێوازی جیاوازیان گرتەبەر بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزاییەکانیان. لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێکی ساواک لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣ ئاماژەی بەوە کردووە، کە ژمارەیەک لە مولّکدارەکانی مەهاباد، سەقز و لوڕستان و چەند ناوچەیەکی دیکە، بە مەبەستی بڕیاردان لە دژی چاکسازیی زەوی و هەڵوێستوەرگرتن، کۆبوونەوەیەکیان لە ماڵی محەمەد عەباس ناوێک ئەنجام داوە. لە هەمانکاتدا ژمارەیەک لە مولّکداری گەورە و بچووکی خێڵەکانی هەرکی و شکاک کۆ بوونەتەوە، بۆ ئەوەی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بارودۆخیان بۆ کاربەدەستان لەپێوەندی لەگەڵ چاکسازی زەویدا بەرەو تاران بڕۆن.[3] لەگەڵ ئەوانەشدا ژمارەیەک لە مولّکدارەکان لە کوێخا و ئاغاکان، لە ئەنجامی چاکسازیی زەوی و دابەشکردنی زەویەکانیان، ڕوویان لە کوردستانی عێراق کرد و لە ناوچە سنووریەکان بە پەرش و بلّاوی نیشتەجێ بوون.[4] لەگەڵ ئەو کەم و کورتی و ناڕەزایەتیانەشدا، چاکسازیی زەوی لە کوردستانی ئێران، لە دوورمەودا دا کاریگەریی ئەرێنیی

---

[1] بدون نام نویسنده، ١٣٤٤، شکایت کشاورزان قریه مامش، *خاک و خون*، شماره ٥٢، ص١،٢؛ سەردەشتی أ، ٢٠٢٥، ل١٠٧–١٠٨. بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢.

[2] بدون نام نویسنده، ١٣٤٤، ظلم و ستم ازهرسو که باشد ناپسند است، *خاک و خون*، شماره ٦٦، ص١،٤؛ سەردەشتی أ، ٢٠٢٥، ل٢١٤؛ بڕوانە پاشکۆی ژ. ٣

[3] حەمەلاو،٢٠١٧، ل١١٠.

[4] ڕەستگار، حەسەن، ٢٠٢٢، *برگەیەک لە ژیان و خەباتم*، چ٢، ب١، ب.ش، ب.چ، ل٣١٤.

لێکەوتەوە. بەجۆرێک کاری کردە سەر پێکهاتەی کوردستانی لادێنشین. کرانەوەیەک لە گوندەکاندا دروست بوو، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاری گوندەکان ڕوویان کردە شارە گەورەکانی وەکوو تەورێز و تاران بە مەبەستی خوێندن[1]. هەروەها سیستەمی دەرەبەگایەتیی لەبەریەک هەڵوەشاند و دەستەڵاتی ئابووری و سیاسیی ئاغا و مولکدارە گەورەکانی لە گوندەکاندا کەم کردەوە، ئەوەش بۆ گەلی کورد گۆڕانێکی گەورە بوو، چونکە نفووزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئاغا و سەرۆک خێڵ و بنەماڵەکانی لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێراندا نەهێشت. لە ئەنجامدا چارەنووسی کوردستانی ئێران نەکەوتە دەستی سەرۆک خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چاکسازیی زەوی نایەکسانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کێشە و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی قوونڵتر کردەوە. ئەم بارودۆخە نوێیە، پێویستی بە کرانەوە و ئازادی لە تەواوی ناوچەکەدا هەبوو ، بەڵام حوکمی ڕەها و تاکەکەسی، بواری کرانەوە و ئازادیی نەدا.[2]

بە شێوەیەکی گشتی، گۆڕانی بنەمای توانایی ئابووری ئێران و پێکهاتە بنەڕەتییەکەی، لە گرنگترین کاریگەریی و سیماکانی چاکسازیی زەوی بوون، سیستەمی دەرەبەگایەتیی لاوازکرد و سیستەمی سەرمایەداری شوێنی گرتەوە. گۆڕانی کۆمەڵایەتیی دروست کرد، لافاوی کۆچی میلیۆنیی گوندنشینەکانی بە ئاڕاستەی شارەکان لێکەوتەوە کە بە گەورەترین کۆچی نێوخۆیی لە مێژووی ئێراندا دادەنرێت.[3] هەردوو چینی ڕۆشنبیران و کرێکاری شارەکان زیاتر لە چوار هێندە زیادیان کرد. هەروەها ئاغای گوندەکانی کە بۆ چەندین ساڵ بوو بەسەر گوندنشینان و هۆزەکاندا زاڵ بوون، لاواز کرد. ژمارەیەک جووتیاری بێ زەوییشی دروست کرد. لە ڕووی سیاسییەوە جۆرێک بوو لە بۆمبی کاتی، چونکە چاکسازیی زەوی بۆ پێشگرتن لە شۆڕشی سوور داڕێژرا، بەڵام ڕێگەی بۆ ئاڵۆزی و پشێوی خۆش کرد.[4] غولامرەزا موقەددەم کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی بانکی ناوەندیی ئێران دەڵێت: "من هەر ئەو کات پێشبینیم دەکرد، کە ئەم ڕەوتە ڕێگای ڕووخانی ڕژێم خۆش دەکات، شۆڕشی ئیسلامی چەند ساڵ دوای پێشبینییەکەی من ڕوویدا".[5]

نالەباریی ڕەوشی ئابووریی کوردستانی ئێران، لێکەوتە نەرێنییەکانی چاکسازیی زەوی لەسەر گوندنشینەکان و شارنشینەکان، جیاکاری لە یاساکانی ئەو چاکسازییە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، هاندەرێک بۆ نارەزایی خەڵک دژ بە دەستەڵاتی پەهلەوی بوون. وێڕای لێکەوتە ئەرێنییەکانی وەکوو کرانەوەی گوندەکان و تێکەڵبوونی خوێندکارە کوردەکان بە خوێندکارەکانی زانکۆی تاران و تەورێز، ئەم گۆڕانانە کاریگەرییان لەسەر بیری خوێندکارەکان دانا. جیا لە ستەمی نەتەوایەتی، هەستیان بە ستەمی چینایەتی و نادادیی ئابووری لە کوردستان کرد . بۆ ڕزگاربوون لەو ستەمە، بیریان لە خەباتی چەکدارانە کردەوە و لەو پێناوەدا ڕوویان لە تاکە پارتە سیاسییەکەی کوردستانی ئێران "ح.د.ک" کرد. ئەوەش پاش نەمانی ژینگەی تێکۆشانی مەدەنی بۆ ڕزگاربوون لەو

---

[1] حەمەلاو، ٢٠١٧، ل١١٧.

[2] سابیر، ڕەفیق، ٢٠١٤، *ئیمپراتۆریای لم -لە بارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم*، چ. ٤، سلێمانی: غەزەلنوس، ل١٩٣.

[3] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢١٣؛ ئەسکەندەری، ٢٠٢١، ل٨٨.

[4] ابراهامیان، یرواند، ١٣٨٩، *تاریخ ایران مدرن*، چ. ٤، ت. محمد ابراهیم فتاحی، تاران: ب. چ، ل٢٤٠.

[5] ئەسکەندەری، ٢٠٢١، ل٨٨.

نادادییە، بەتایبەتی پاش لە خوێنهەڵگیرشانی خۆپیشاندەرانی دژ بە یاساکانی چاکسازیی زەوی لە قوم و شوێنە ئایینییەکانی دیکە.

تەوەری دووەم: ڕەوشی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

لەو قۆناغەدا کۆمەڵگەی کوردی لە سایەی دەستەڵاتی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی بە دەست هەژاری و بێدەرەتانییەکی سەختەوە دەینالاند. ڕەوشی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانی ڕێگاوبان، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، تەندروستی و فێرکردن لەگەڵ ئەو پەڕی کەم و کووڕی ڕووبەڕوو بوو. بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٦٦، نیۆنجی ژمارەی ئەندامانی زیاتر لە٥٠٪ ی خێزانی کورد، ٦-٥ کس بووە، هەموو پێکەوە تەنها لە ژوورێکدا ژیاون. لە٨٠٪ی خانووەکانیشان لە گڵ دروست کراون و لە خزمەتگوزارییەکانیش بێبەش بوون[١]. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازیی چینایەتی بەرچاو بوو. دابەشبوونی چینەکان بەسەر جووتیاری هەژار، جووتیاری ناوەند، دەرەبەگ و ئاغای خۆشگوزەران، کاری کردبووە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە.[٢]

سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، هەموو لایەنە سەرەکییەکانی سەربەستی ژنی تێدا پێشێل کرابوو، چونکە کۆمەڵگەی کوردەواری، کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووی نێو ڕژێمێکی پاشکەوتووو بوو.[٣] ڕوانگەی خەڵکی بە گشتی بەرانبەر بە ژن و دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا، بەراورد بە سەردەمی پێش ملدانی ئێران بۆ ئیسلام، ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو.[٤] فرەژنی و چەشنە جیاوازەکانی هاوسەرگیری وەک ژن بە ژن و گەورە بە بچووک، دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگەی کوردی بوو. بێگومان قوربانیی ئەم جۆرە پەیوەندییە تویژی ژنان بوون.[٥]

سەبارەت بە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، گرنگی نەدان و پشتگوێخستنی شارو گوندەکانی کوردستان، هێشتنەوەیان بە دواکەوتوویی و هەژاری و بەردەوامیدان بەو سیاسەتە، یەکێک لە ڕووە دیارەکانی سیاسەتی محەمەد ڕەزاشا و نادادپەروەری لە ئێراندا بوو. زیادەڕەوی نییە ئەگەر بوترێت شارو گوندەکانی کوردستان، بەتایبەتی ناوچە سنوورییەکانی، لە بایەخ پێدان و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەکوو ڕێگاوبان و ئامڕازەکانی پەیوەندی، کەرتی پەروەردە و تەندروستی بێ بەش بوون.[٦] عەبدوڵڵای حەسەن زادە سەبارەت بە ڕەوشی خزمەتگوزارییەکانی ئەوکاتی کوردستانی ئێران ئێران لە سایەی حوکمی محەمەد ڕەزاشا دا دەڵێت: ''کوردستانی ئێران لە بوارەکانی ڕێگاو بان، پەروەردە و فێرکردن، ئابووری و تێکڕای خزمەتگوزارییەکان لە پاش هەموو ئێرانەوە بوو''. کەرتی ڕێگاوبان لە خراپترین دۆخیدابوو. تا ساڵی ١٩٦٧ لە ناوچەکانی مەهاباد، بۆکان، سەقز، شنۆ، نەغەدە، پیرانشار و سەردەشت و چەندین ناوچەی دیکەی کوردستان، تەنها مەتریکیش ڕێگای

---

[١] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٥٠٦.

[٢] ئۆرگانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تووەدەی ئێران١٩٧٠، ل٨.

[٣] علی، طاهر محمد، ٢٠١٣، *قانع ژیان و بەرهەمی*، ب.چ. ب.ش، ل ٦٤.

[٤] قاسملوو، ٢٠١٤، ل٨٠.

[٥] نستانی، عەبدول، ٢٠٢١، *ژیانی دەربەدەریم*، چ. ١، ب.ش، چاپخانەی کارۆ، ل١٣.

[٦] سەردەشتی أ، ٢٠٢٥، ل٤٧١.

قیرتاوی تێدا نەبوو، ڕێگای هەرەخۆش چەوڕێژ بوو، کە ئەویش کەم بوو. بەشی زۆریان خۆڵ بوون و گرنگییان پێنەدرابوو.[١] جگە لە چەند شارێکی وەکوو تاران و تەورێز، ڕێگای قیرتاو و شیاو لە ئێران و کوردستانی ئێران نەبوو. وێڕای ئەوەش ڕێگاکان تەسک بوون و مەودای فراوانی نەبوو، بەسەر دۆڵە قوواڵ و ئاودڕەکان و ڕەوەزە تۆقێنەرەکاندا تێدەپەڕی. چەند چێشتخانەیەکی بچووک و ناتەندروستی کەم، لەسەر ڕێگاکان هەبوون، ئەوانیش لە مەرجی پاکوخاوێنی بەدوور بوون.[٢] هاوکات نەبونی هێماکانی هاتوچۆ، گرفتێکی دیکە بوو، کە شۆفێران لە پێچ و هەڵدێرەکان ئاگادار بکاتەوە. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی "خاک و خون" ئاماژەی بە نامەی هاوڵاتییەکی بانە کردووە، کە لە خراپیی ڕێگای نێوان سەقز و بانە دواوە و بە هۆی بوونی سەد پێچ و هەڵدێر بە درێژایی پەنجا و پێنج کیلۆمەتر، وەکوو مەترسیدارترین ڕێگای ئێران ناوی بردووە. مەبەستی هاوڵاتییەکەی بانە ڕاکێشانی سەرنجی بەرپرسان بۆ ئەو کێشەیە بووە کە ڕێگاکانی شارەکانی کوردستان هەیانە.[٣]

بێگومان بارودۆخی گوندەکان لەو ڕووەوە خراپتر بوون. نەبوونی ڕێگای هاتوچۆ گرفتی گەورەی بۆ گوندنشینان دروست کردبوو، لە کاتی گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بۆ شار و شارۆچکەکان، ناچار ئاژەڵی وەک ئەسپ، گوێدرێژ و ئێستریان بەکاردەهێنا، هەر بە هەمان ڕێگاشدا سەرجەم پێداویستییەکانیان بۆ گوندەکان دەهێنا. هەرچەندە دواتر ریگای چەوڕێژ بۆ هەندێک لە گوندەکان دروست کرا، بەڵام ئەو ڕێگا نوێیە چارەسەری گرفتی هاتوچۆی نەکردن، چونکە لە وەرزی سەرما و باراندا، بە هۆی دروست بوونی دەیان چاڵاو، ئوتومبێل نەیدەتوانی هاتوچۆ بەو ڕێگایانەدا بکات.[٤]

گرفتێکی دیکەی ڕێگاکانی هاتوچۆ، بوونی دز و چەتە، سەرەڕای بوونی هێزی سوپا و ئاسایشی دەوڵەت لە ناوچەکەدا بوو. ئەوەش هۆکاری نائارامیی ڕێگاکانی هاتوچۆ بوو. چەتەکان ماڵ و سامانی خەڵکیان دەڕووتاندەوە و زۆرجاریش بە مەبەستی فرۆشتنیان دەیانهێنایە باشووری کوردستان.[٥] ئەو چەتانە سەر بە دەرەبەگ و ئاغاواتی ناڕازی لە چاکسازیی زەوی بوون. هێندە نائاراممییان دروست کردبوو، کە بە نموونە ڕێگای نێوان بۆکان و سەقز ، ئوتومبێل لە دوای کاتژمێر ٤ی دوای نیوەڕۆ هاتوچۆی نەدەکرد.[٦] ئیدارەی ژاندەرمە و مەرزەبانییش لەبری دابینکردنی ئاسایش و بەڕێوەبردنی ناوچەکان و جێبەجێکردنی کاروباری دانیشتوان، ببوونە گیروگرفت بۆ ناوچەکان و، کار و پیشەیان ببووە ڕا و ڕووت. بە سەدان شێوەی جۆراوجۆر بەرتیلیان دەخوارد و خەڵکیان ئازار دەدا.[٧] خودی دەزگا ئەمنییەکان بەشێک بوون لەو چەتەیی و مالوێرانییەی کوردستانی ئێران، چونکە کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران زیاتر لە ژێر پاڵەپەستۆی

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە، ١٢ی نیسانی ٢٠٢٥، کۆیە.

[٢] قاسملوو، ٢٠١٤، ل٩١-٩٢.

[٣] بدون نام نویسنده، ١٣٤٤، در شهرستانهای میهن- ازبانه، *خاک و خون*، ش١٢٢ ص٣؛ سەردەشتی أ،٢٠٢٥، ل٤٤٩. بڕوانە پاشکۆی ژ. ٤.

[٤] سوڵتانی، مەلەکە سوڵتانی، ٢٠٢٤، *سێبەری قەڵەبەرد لەسەر ئەڵمانە و تاڵەسوار*، چ. ٢، ب.ش، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، ل١٩-٢٩.

[٥] نستانی، ٢٠٢١، ل١٧.

[٦] ئیسماعیلنەژاد، ئاگری، ٢٧٢٣، وتوویژ لەگەڵ ئەنوەر سوڵتانی، *گوڤاری تیشک*، ٤٧-٤٨، ل٣٠٥.

[٧] ئەحمەدی، ڕەشید، ٢٠٠٩، *چەند لاپەڕەیەک لەژیانم*، چ. ١، سوید: چ. کتابی ارزان، ل٤٢.

سوپادا بوو. پۆلیس و ژاندارمە بەتایبەتی ساواک زۆر بە قورسی چاویان بڕیبووە سەرجەم جموجوڵەکانی دانیشتوان. ئەوەش ئارامیی ناوچەکەی هێندەی دیکە ئاڵۆز کردبوو. هاوکات هێزە ئەمنییەکان لە کردەوەکانیان لە کوردستاندا سەربەستیی ڕەهایان هەبوو، تا ئەو ڕادەیەکە دەستیان بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانیان کردبوو.[1] بەهۆی کەمتەرخەمیی لایەنی پەیوەندیدار، ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو دز و چەتانە هەندێ جار کەوتبوویە ئەستۆی ئەندامانی "ح.د.ک"، هەرچەندە سەرکردایەتیی حیزبەکە لەو قۆناغەدا لە کوردستانی عێراق بوو، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیان لە کوردستانی عێراقەوە بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران بە مەبەستی کاری ڕێکخستنی سیاسی، زۆرجار ئەو دز و چەتانەیان دەگرت و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکردن. هەندێ کاتیش بە مەبەستی لێپرسینەوەیان لە لایەن ڕێبەڕایەتی حیزبەکەوە لەگەڵ خۆیان ئەیانهێنان بۆ کوردستانی عێراق. ئەوەش ناوی کادر و ئەندامی ئەو حیزبەی لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا خۆشەویست کردبوو، چونکە بەرگرییان لە مافی خەڵکی بەشخوراو دەکرد.[2]

کەمتەرخەمی و بێباکیی دەزگا کارگێڕی و پەیوەندیدارەکان، لە ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچە کوردنشینەکان گرفتێکی دیکەی دانیشتوان بوو. ئەوەش هاوواڵاتیانی ناچار کردبوو هەندێک جار، لەڕێگای ڕۆژنامەی "خاک و خون"ەوە داوای بەدەنگەوەهاتنی لایەنی پەیوەندیدار بۆ چارەسەری کێشەکانیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بکەن. بەو هۆیەوە دانیشتوانی شاری بیجار لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوبراوەوە داوای چاکردنەوەی پردی هەشتا جفتی نێوان شارەکانی بیجار و زنجانیان کردووە، کە بە هۆی لافاوەوە ماوەی مانگێکە ڕووخاوە و دەزگا پەیوەندیدارەکان هیچ هەوڵێکیان بۆ چاکردنەوەی نەداوە. لە هەمان کاتدا داوای چاکردنەوەی هێڵی پەیوەندیی تەلەفۆنیی نێوان بیجار و هەمەدانیان کردووە.[3] هەرەوها هاوواڵاتیێکی دیکەی شاری سنە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ناوبراوە، داوای داوای ئاوڕدانەوەی بەرپرسانی لە کێشەی نەبوونی سەرۆکی دادگا لە شارەکەیان کردووە، کە بە هۆیەوە کێشەی سەدان کەس لە دادگاکە بە بێ بڕیاردان و چارەسەر ماوەتەوە. هاوواڵاتەکە ئاماژەی بەوە کردووە، کە نامەی یەک لە دوای یەکی سەبارەت بەو کێشەیە بۆ سەرۆکوەزیران و وەزیری داد ناردووە.[4] ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی بەڵگەنامەکان، بەرپرسان و تەنانەت سەرۆکوەزیرەکانیش ئاگاداری تەواوی بارودۆخی کوردستانی ئیران بوون، بەڵام فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنی کوردستانی ئێران بەشێک لە سیاسەتی حکومەتی ئێران بوو. بەڵگەنامەیەکی باڵوێزخانەی فەرەنسا لە ئێران، کە لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە ناردراوە، باسی لەوە کردووە کە سەرۆک وەزیرانی ئێران عەلی ئەمینی(١٩٠٥-١٩٩٢) سەردانی شارە سەرەکییەکانی کوردستانی ئێران و هەندێک لە گوندە سنوورییەکانی کردووە، ناوبراو

---

[1] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٣٤-٢٣٥.

[2] خزری، محەمەد، ٢٠٢٠، *لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جووڵانەوەی سااڵەکانی ٤٢-٤٧(١٩٦٣-١٩٦٨)ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چاپی دووەم*، ب.ش، ب.چ، ل٨٤؛ نستانی،٢٠٢١، ل ١٨؛ ئیسماعیلنەژاد، ٢٧٢٣، ل٣٠٥.

[3] بدون نام نویسنده، در شهرستانهای میهن، *خاک و خون*، شماره ١٢٨، ص٣؛ سەردەشتی أ، ٢٠٢٥، ل٤٧١. بڕوانە پاشکۆی ژ. ٥.

[4] بدون نام نویسنده، در شهرستانیای میهن، *خاک و خون*، شماره ٥٩، ص٣؛ سەردەشتی أ، ٢٠٢٥، ل١٦٩. بڕوانە پاشکۆی پاشکۆی ژ.٥.

بینیویەتی کە پارێزگای کوردستان(سنە) تا ڕادەیەک پشتگوێ خراوە، ئەوەشی بە هۆکاری ناڕەزایی خەڵکی لە حکومەتی ئێران و گۆڕانی بیرکردنەوەیان هاوشێوەی خەڵکی مەهاباد زانیوە.[1]

گرفتی نەبوونی خزمەتگوزاری و سیاسەتی فەرامۆشکردنی کوردستانی ئێران و ناوچە سنوورییەکان بەردەوام بوو، ئەوەش ببووە هۆکاری ناڕەزایی دانیشتوان. هاوکات پاڵنەرێکیش بوو بۆ بیرکردنەوە لە ڕێگای ڕزگاری و گۆڕینی شێوازی تێکۆشان. بەپێی بەڵگەنامەکان ساڵی ١٩٦٦ دانیشتوانی مەهاباد بەدەست کێشەی کەمئاوی و پیسیی ئاوی خواردنەوەوە نااڵندوویانە، باخ و باخچەکانی شارەکە دوچاری ووشک بوون هاتوون، لە هەمانکاتدا بەرپرسان و کاربەدەستان لە ئاستی گرفتی شارەکە بێدەنگ بوون. ڕۆژنامەی "خاک و خون" ئاماژەی بە گرفتی کەمئاویی شارەکە کردووە و نووسیویەتی: ''مەهاباد لە بێ ئاویدا دەسووتێت، ئاو بۆتە سەرە و دیار نییە کاربەدەستان و بەرپرسان چ کاتێک بیر لە چاککردنی ڕەوشی ئاوی مەهاباد دەکەنەوە. تەواوی گەرماوەکانی شار بە هۆی نەبوونی ئاوەوە داخراون''[2].

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی، جگە لەوەی کەمی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان کاریگەریی لەسەر تەندروستی دانیشتوان هەبوو، کەرتی ناوبراو بە گشتی لە کوردستانی ئێران یەکێک بوو لە کەرتە فەرامۆشکرا و داتەپیوەکان. شارەکانی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستیەکان بێبەشبوون. بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٦٦، هەر٤٨٠٠ کەس لە ئێران تەنها پزیشکێکان بەرکەوتووە، بەڵام لە کوردستانی ئێران تەنانەت بە هەر٢٠ هەزار کەسیش، پزیشکێکیان بەرنەکەوتووە. ڕەوشی تەندروستیی گوندەکان زۆر خراپتر بووە، نەخۆشیی جۆراوجۆری وەکوو مەلاریا، گرانەتا، ئاوڵە، سیل، ڕشانەوە، ....هتد بڵابۆوە، ئەوەش هۆکاری بەرزیی ڕێژەی مردن لە نێو تەمەنە جیاوازەکان بە گشتی و منداڵان بە تایبەتی بووە.[3] لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشا، سەرەڕای بوونی سەروەت و سامانێکی زۆری دەوڵەت، دەبینین کەسانی هەژار لە کوردستانی ئێران بە ئاسانی گیانیان لەدەستداوە. بە هۆی نەبوونی نەخۆشخانە و دەرمانخانە و نەداری لەو ناوچانەدا، نەخۆش گەر باری دارایی باش بووایە بۆ چارەسەر ڕووی لە شارەکانی تاران و تەوریز دەکرد. کەسانی نەداریش لە لایەن هاوواڵتانیانەوە کۆمەکیان بۆ کۆ دەکرایەوە تا چارەسەر یان نەشتەرگرییان بۆ بکرێت، نەخۆشەکە هەرچەند باری تەندروستییشی خراپ بووایە، بەبێ پێدانی خەرجی لە نەخۆشخانەکان چارەسەری بۆ نەدەکرا. هەندێ جار تا هاوکارییەکە کۆ دەکرایەوە، نەخۆشەکە گیانی لەدەست دەدا.[4] هاوکات مردنی دایک و کۆرپە تازە لەدایکبووەکەی ئێجگار زۆر بوو، ئەو منداڵانەشی کە نەدەمردن دەردەدار و نەخۆش و لاواز بوون.[5] بەپێی ئاماری فەرمیی شارستانی سەقز لە ساڵی ١٩٥٦، ٤٤٦ گوند سەر بە سەقز بوون، لەو ژمارەیە تەنها یەک

---

[1] ڕەحمانی، وریا، ٢٠٢٤، *شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەرنسادا ١٩٦١-١٩٧٦*، هەولێر: چاپخانەی ڕۆکسانا، ل٤٦.

[2] بدون نام نویسنده، در شهرستانهای میهن، *خاک و خون*، شماره ٨٩، ص٣؛ سەردەشتی أ، ٢٠٢٥، ل٣٦٤. بڕوانە پاشکۆی ژ. ٧.

[3] سەردەشتی أ، ٢٠١١، ل٥٠٨.

[4] ئەسکەندەری، ئەحمەد، ٢٠٢١، *بیرەوەری و یاداشت*، چ. ١، چاپخانەی تاران، ل٩٤-٩٥.

[5] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٨.

دەرمانخانەی هەبووە. هاوکات ٩٥١ گوند سەر بە شارستانی سنە بووە، بەڵام بە هەموو ئەو گوندانە تەنها حەوت دەرمانخانەیان هەبووە. شارستانی بیجار هیچ دەرمانخانەیەکی لێنەبووە. لە شارستانی قوروەش تەنها لە دوو گوند دەرمانخانە هەبووە.[١]

سەبارەت بە ڕەوشی فێرکردن و خوێندن، ئەو کەرتە لە کوردستانی ئێران لە خراپترین دۆخیدا بوو. خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندن بە زمانی فارسی بوو. منداڵانی کورد کە گوێبیستی وشەی فارسی نەبووبوون، ناچار دەکران بە زمانی فارسی بخوێنن و لە قوتابخانەکان قسەی پێ بکەن، ئەوەش هۆکارێکی بەردەوامیی دواکەوتن و درێژەدانی پرۆسەی نەخوێندەواریی کۆمەڵگەی کوردی بوو.[٢] وێڕای ئەوەش هەزارەها منداڵی شار و گوندەکانی کوردستان لە دەرفەتی چوونە قوتابخانە و خوێندن بێبەش بوون. بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٦٦ زیاتر لە٨٠٪ ی کۆی دانیشوانی کوردستانی ئێران و زیاتر لە ٩٠ ٪ ی ژنانی کورد نەخوێنەواربوون. ڕێژەکە لە لادێکاندا بەرزتر بوو. ڕێژەی نەخوێندەواریی ژنانی لادێ نزیکەی ٩٩٪بوو.[٣] سەرای ئەوەش پلانێکی دیاریکراو بۆ فێرکردنی خوێندکار لە قوتابخانەکان نەبوو. فێرکردن پشتی بە سەلیقەی تایبەتیی مامۆستاکان بەستبوو. ئاستی خوێندەواری و فێربوون لە گوندەکان زۆر کەم بوو. نەبوونی قوتابخانە لە هەندێک لەو ناوچانەدا، خێزانەکانی ناچار کردبوو منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەکانی دەرەوەی گوندەکانیان. هاوکات دابینکردنی پەرتووک و تێکڕای پێداویستییەکانی خوێندن لە ئەستۆی منداڵەکان بوو، هەروەها سووتەمەنی و پاکردنەوەی قوتابخانە لە ئەستۆی منداڵان و خێزانەکانیان بوو. ئەوەش بارگرانییەکی دیکەی دارایی قورس بۆ خێزانەکان بوو کە توانای ناردنی منداڵەکانیانی بۆ قوتابخانە سنووردار کردبوو.[٤] ڕۆژنامەی "خاک و خون" لە هەواڵێکیدا باسی لە خراپیی دۆخی دارایی خوێندکاران کردووە و ئاماژە بە کۆبوونەوەی دایک و بابی خوێندکارەکانی خوێندنگەی حافزی ناوەندی لەگەڵ مامۆستاکانیان لە خانێ کردووە. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئەو خوێندکارانە دراوە کە پێڵاویان لە پێدا نییە و پێداویستییەکانی خوێندنیان نییە.[٥]

جۆریکی دیکەی ستەم و هەڵاواردن، کە لە کەرتی پەروەردە لە ساڵانی دەیەی٦٠دا، ڕووبەڕووی نەتەوەی کورد بوویەوە، دوورخستنەوەی مامۆستایانی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستانی ئێران بە چەند قۆناغێک بوو. هۆکاری دوورخستنەوەکە، لەلایەک ترسی ساواک لە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی بە هۆی کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانی عێراق بوو.[٦] هەر وەکوو چۆن سەرۆک وەزیرانی ئێران عەلی ئەمینی ساڵی ١٩٦١ لە سەردانەکەیدا بۆ ورمێ، مەهاباد، سەردەشت، سنە و سەقز درکی بە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لەو ناوچانە کردبوو. لە گەڕانەوەیدا ناوبراو ئاماژەی بەوە کردبوو کە لەسەریان پێویستە ئاگاداری ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە کورددییە بن.[٧] لە

---

[١] رعنایی، شهین، ١٣٩٧، *اصلاحات ارضی در استان کردستان ١٣٥٣-١٣٤١*، چاپخانه شیرازه، ل٣٦-٣٧.

[٢] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووەدەی ئێران، ١٩٧٠، ل٨.

[٣] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٥٠٧.

[٤] مستەفایی، ٢٠٢٤، ل٢٩-٣٠.

[٥] سەردەشتی، ٢٠٢٥، ل١٨٩.

[٦] ئیسماعیلنەژاد، ٢٧٢٣، ل ٣٠٤

[٧] ڕەحمانی، ٢٠٢٤، ل٤٧.

لایەکی دیکەوە توانەوەی فەرهەنگی کوردی و بە فارسکردن، هۆکارێکی دیکەی دوورخستنەوەکە بوو. چونکە دانانی سوپای زانست،[1] کە لە ڕووکەشدا ئامانجی بڵاوکردنەوەی فێرکردن لەسەرانسەری وڵاتدا بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانجی ناردنی مامۆستا کوردەکان بۆ ناوچە فارس نشینەکان و وانەوتنەوە و گفتوگۆکردن بە زمانی فارسی بوو. هەروەها هێنانی مامۆستای فارس بۆ ناوچە کوردنشینەکان بۆ ئەوەی منداڵانی کورد بە فارسی بخوێنن و بە فارسی بدوێن.[2] بەو شێوەیە گەلی کورد لە سایەی حکومەتی ئێران، لە بەکارهێنان و چێژوەرگرتن لە زمان و فەرهەنگی نەتەوەی خۆی بێبەش بوو، ئەوەش لە گەشەپێدانی ڕێگربوو.[3] ئەو دوورخستنەوەیە لەو جۆرە سەرکوتانە بوو کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەبوو، چونکە لەو قۆناغەدا ئاستی خوێندەواری نزم بوو. دوورخستنەوەی مامۆستایان و پڕنەکردنەوەی شوێنەکانیان لە زۆرێک لە ناوچەکان، هێندەی دیکە پێکهاتەی خوێندنی لە کوردستان تێکڕووخاند. دەستپێکی دوورخستنەوەکەش لە ساڵی١٩٦٣ لە شاری بانەوە دەستی پێکرد. هاوینی ١٩٦٤ هەڵمەتێکی دیکەی دوورخستنەوەی مامۆستایان لە ژێر ناوی بەرژەوەندی ئیداری دەستی پێکرد، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانجیان ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی بوو. لە ڕواڵەتدا دوورخستنەوەکان لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و بە واژۆی جێگری وەزیری پەروەردە خانمی فەڕوخڕووی پارسا بوو، بەڵام لە بنەڕەتدا بەرنامەڕێژیی دەزگای ساواک بوو. ئەم هەڵمەتەیان کاریگەری و دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، چونکە لەو هەڵمەتەدا هەموو مامۆستاکانی مەهاباد پێکەوە بۆ شارەکانی تەورێز، قەزوین، ئەراک، محەللات، کاشان و دلیجان ... لە ناوەندی ئێران دوور خرانەوە. هاوکات لەگەڵ مامۆستاکانی مەهاباد، ژمارەیەک مامۆستا لە شارەکانی سەردەشت، بۆکان، سەقز و بانەش دوور خرانەوە. مامۆستا دوورخراوەکان کە ژمارەیان چل بۆ پەنجا مامۆستا بوو، خرانە ژێر چاودێرییەوە و ڕێگەیان پێنەدەدرا بگەڕێنەوە کوردستان. ئەم دوورخستنەوەیە جگە لەوەی کاریگەریی لەسەر دابەزینی ئاستی خوێندەواری هەبوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووریییەوە کاریگەریی گەورەشی لەسەر خودی دوورخراوەکان و خێزانەکانیان هەبوو. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دابران و حەسرەتی دووری لە خێزانەکاندا دروست کرد. ئەنوەر سوڵتانی(١٩٤٤...) یەکێک لە مامۆستا دوورخراوەکان دەڵێت: ''لە ماوەی تەبعیدەکە جارێک باوکم هات بۆ سەردانی من لە ئەراک، پێم سەیر بوو، خاڵم هێنابووی لەگەڵ خۆی، دوو ڕۆژ لەلام بوو، دوایی پێکەوە چووینە تاران، لەوێوە ئەو چووەوە بۆکان و منیش گەڕامەوە بۆ شوێنەکەی خۆم، دوای چەند مانگ زانیم نەخۆش کەتبوو و ئیدی بەداخەوە هەڵنەستایەوە تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٧دا کۆچی دوایی کرد و منیش دیدارەو ئاخری

---

[1] "سپاه دانش" (سوپای زانست) خاڵی شەشەم لە بنەماکانی شۆڕشی سپی بوو، ئەندامانی سوپای زانست خاوەنی بڕوانامەی دیپلۆم بوون، لەبەرانبەر نەچوونە خزمەتی سەربازی، هەڵگرانی بڕوانامەی دیپلۆم لە ڕەگەزی نێر دەچوونە سوپای زانست و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی نەخوێندەواری، لە گوندە دوورە دەستەکان وانەیان دەوتەوە.Magiran مرجع فراگیر مجلات علمی و تخصصی ایرانی، ١٠ی ٧ی ٢٠٢٥.

[2] ئیسماعیلنەژاد ،٢٧٢٣ ، ل٣٠١.

[3] ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی توفان، ١٣٤٨، شاه و کودتای عراق، *توفان*، ش. ٣٠، ص٢.

بووم". له ڕووی ئابووورییشەوە هەندێ لە دووڕخراوەکان، تەنها سەرچاوەی داهات و بژێوی مااڵ بوون، بە دووڕخرانەوەیان کاریگەریی ئابووریی خراپیان لەسەر خانەوادەکانیان بەجێهێشت.[1]

لە ئەیلوولی١٩٦٥ هەڵمەتێکی دیکەی دووڕخستنەوەی مامۆستایان بۆ شارەکانی ناوەند و دەوروبەری تاران دەستی پێکرد، لەم هەڵمەتدا نزیکەی دووسەد مامۆستا دوور خرانەوە.[2] ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی، لەنێو کوردە دووڕخراوەکانی کوردستانی ئێران، دوا بە دوای دووڕخستنەوەکە زیادی کرد. دەزگای ساواک بێ ئاگا بوو لەوەی ئەم بەرنامە ڕێژییەیان بە دیوێکی دیکەدا لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی کوردی دەشکێتەوە، چونکە مامۆستا دووڕخراوەکان، دوڕخستنەوەکەیان کردە دەرفەتی دڕێژەدان بە خوێندن و دەستیان بەخوێندن لە زانکۆکانی تاران کرد. تەنانەت دووڕخراوەکانی ساڵی ١٩٦٥و ١٩٦٧ داوایان کرد بیانێرن بۆ تاران و ناوەندی ئێران، بۆ ئەوەی سوود لە دووڕخستنەوەکەیان وەربگرن و دەرفەتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیان هەبێت[3]. بۆ وێنە سادق شەرەفکەندی(١٩٣٨-١٩٩٢) و هاوڕێکانی لە مەهاباد، لە دووڕخراوەکانی هەڵمەتی ساڵی ١٩٦٥ بوون. ناوبراو دوای ساڵێک لە تاران دڕێژەی بە خوێندنی زانکۆیی دا و توانی بڕوانامەی ماستەر لە کیمیای شیکاری بە پلەی یەکەم لە زانکۆی تاران بەدەست بهێنێت.[4]

نالەباریی ڕەوشی کۆمەاڵیەتیی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە ئێران، دابین نەکردنی خزمەتگوزارییەکان و دڕێژەدان بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دواکەوتوویی، کەمتەرخەمیی دەزگا کارگێڕییەکان لە ئاستی بەڕێوەبردنی ناوچەکە، پاڵەپەستۆی دەزگا ئەمنییەکان و قەدەغەکردنی زمانی کوردی و سەپاندنی خوێندن بە زمانی فارسی، هاوشان لەگەڵ چەند هەڵمەتێکی دووڕخستنەوەی مامۆستایان، هۆکاری ناڕەزایی دانیشتوان و بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران بوون. پاش ئەوەی بەشێک لە مامۆستا دووڕخراوەکان لە ماوەی دووڕخرانەوەکانیاندا دڕێژەیان بە کاروانی خوێندن دا و لە زانکۆکانی تاران تێکەڵ بە بیری چەپی نوێ بوون، پرسی نەتەوەیی بیر و ئەندێشەیانی سەرقاڵ کرد و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی خەباتی سیاسییان دانا و ئارەزوویان کرد لەپاڵ "ح.د.ک" دا، بیری چەپی نوێ بۆ ڕزگاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەیان ئەزموون بکەن.

تەوەری سێیەم: ڕەوشی سیاسی لە کوردستانی ئێران.

پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٣ و کۆتاییهاتنی حوکمی نەتەوەیی موسەددیق، بە گشتی لە ئێراندا سەرەتای سەردەمێکی نوێی ڕەهاگەرایی سیاسی دەستی پێکرد، ئەم حوکمە ڕەهایەی شا، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی بەتوندی سەرکوت کرد و مۆدێرنکردنەوەی دەسەاڵتخوازانەی حوکمی پەهلەوی چڕتر کردەوە. ئەم ڕەوشەی ئێران بەگشتی گۆڕانی چەپی لەو وڵاتەدا خێراترکرد. لە ڕاستیدا گەمارۆی سیاسیی دوای کودەتاکە، ئەگەرەکانی خەباتی دیموکراتیی نەهێشت، کە چاالکی حزبی

---

[1] ئیسماعیلنەژاد، ٢٧٢٣، ل٢٩٥-٣٠٠

[2] توکلی، محمد رئوف، ،١٣٥٤ *جغرافیا و تاریخ بانه*، کردستان، چ. ١، چاپخانه سهیل، ص٢٣٨.

[3] ئیسماعیلنەژاد، ٢٧٢٣، ل٢٩٩.

[4] شەرەفی، سمایل،(وەرگێڕ و ئامادەکار) ١٣٨٥، شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، ب.ش، ب.چ، ل١١٢.

تووده و بەرەی نیشتمانیی لەسەر بنیاد نرابوو،[1] بەتایبەت پاش سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ١٩٦٣ی ڕۆحانیەت دژ بە چاکسازیی زەوی، دەرەتانی خەباتی مەدەنی لە ئێراندا نەما. هەروەها سەرکوتی ئۆپۆزسیۆنی قانوونی، سەرکوتی دواییین ئەزموونی ئاشکرا بوو کە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی خۆپیشاندان و مانگرتنەوە خەبات دژ بە حکومەت بکات.[2] دەرئەنجامی ئەم دۆخە، گۆڕانکاری بەرەو پێکهێنانی ناوکەی نهینیی گرووپە ژێرزەمینیەکان و مەیلێک بەرەو خەباتی چەکداری، وەک جێگرەوەی ڕەوتی تەقلیدیی چەپ و خەباتی پەرلەمانی بوو . چەند گرووپێکی چەپ و ئیسلامی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە ئامانجی بەرەو پێشبردنی خەباتی چەکداری لە نیوەی یەکەمی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەریان هەڵدا. گوتاری ئەم نەوەیە، جەختکردنەوە لەسەر خەباتی چەکداری بوو، مەیلیان بەرەوە سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانە و بیرۆکەی ماو بوو، پێچەوانەی سۆسیالیزمی سۆڤیەت بوون.[3]

لە کوردستانی ئێرانیش وێڕای نەبوونی دەرفەتی کاری سیاسی، سەرکوتی نەتەوەیی دریژەی هەبوو. سیاسەتی سەرکوت و وێرانکاری، هاوشانی دامەزراندنی ناوەندە سەربازییەکان، بەشێکی سەرەکی لە پێشینەی کار و ئەرکی ساواک بوو.[4] ساواک و دەزگا ئەمنییەکان دەستەڵاتی بێسنووریان هەبوو، سیاسەت و ڕەفتاری ئەوان ژیانی خەڵکی هەراسان کردبوو. هاوکات لەم قۆناغەدا شا تاجگوزاریی کرد و قۆناغێکی نوێی لەخۆبایی بوونی شا دەستی پێکرد.[5] حکومەتی ئێران بەردەوام نکوڵی لە گەلی کورد دەکرد، تەنانەت کاری بۆ ئەوە دەکرد کە بە ناوی ئێرانچێتییەوە، خۆی بکاتە خاوەنی دۆسیەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و ڕێگە لە گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی کورد بگرێت. ئامانجیشی، لە لایەک قووتدانی تەواوی کوردستان بوو، لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵێک بوو بۆ بەدەستەوەگرتنی جڵەوی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەکارهێنانیان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی، دژ بە حکومەتەکانی ناوچەکە و کوردستانی ئێران.[6] داڕێژەری ئەم سیاسەتە، حوسەینی فەردووست[7] لە ژێر ناوی گەڕانەوە بۆ ئێرانی فەرهەنگی، لە ڕێگەی میدیاوە کاریان لەسەر ئەوە دەکرد، کە کورد بەشێکە لە ئێرانی فەرهەنگی و لە هەر جێگەیەک کوردی لێبێت ئەوە ئێرانە. پەیڕەوکەرانی ئەو

---

[1] کریمیان، سۆران، ١٨-٣-٢٠٢٥، قیام چریکی مائۆئیست ها(١٩٦٧-٦٨)، مە ٦٨ در کردستان، https://www.radiozamaneh.com/٨١٦٣

[2] بازیار، سمایل، ٢٠١٧، ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕۆحی خەباتگێڕییە کرد کە لە شەستەکاندا لە سەرتاسەری جیهان وەڕێ کەوتبوو، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژ.٧٠٣، ل٦.

[3] کریمیان، ٢٠٢٥، https://www.radiozamaneh.com/٨١٦٣

[4] پرووندهووبێر، ٢٠٠٩، ل١٥٨.

[5] نەقشی، ڕەحمان، ٢٠١٥، *جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵەکانی٤٦-١٣٤٧(١٩٦٧-١٩٦٨)*، ب.ش، ب.چ، ل٢٠.

[6] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٤٦٤.

[7] حوسێن فەردووست(١٩١٧-١٩٨٧)یەکێک بوو لە ئەفسەرە پایەبڵندەکانی ئێران و نزیک لە محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی. ماوەیەک بەڕێوبەری کاروباری دەرباری شاهنشاهیی بووە. ئەرکی بەڕێوەبردنی دەفتەری ئاسایشی تایبەتی پێسپێردرابوو، هاوکات لە دەزگای ساواک ڕۆڵی گەورەی هەبووە. وەرگیراوە لە سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٣، *ڕووداوە سیاسیەکانی عێراق و شۆڕشی کوردستان لە یادداشتەکانی ئەرتەشبود (حسێن فردوست)دا*، ب.ش، ب.چ.

سیاسەتە وێڕای ئەوەی لە نێوخۆ چالاکییان هەبوو، لە هەندێک لە شارەکان و لەسەر دیوارەکان دروشمی ئێرانیبوونی کوردیان هەڵدەواسی، بەڵام زیاتر پەیوەندییان بە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە دەکرد، بەراورد بە کوردی کوردستانی ئێران. وەک پەیوەندیکردن بە عیسمەت شەریف وانلی(١٩٢٤-٢٠١١) و جەمال نەبەز(١٩٣٣-٢٠١٨). هەرچەندە ئەم دوو کەسایەتییە سەر بە پان ئێرانیستەکان نەبوون، بەڵام ئامانج لەو پەیوەندییە، ڕاکێشانی سەرنجیان بەرەو ئێران بوو. هاوکات ڕۆژنامەی "خاک و خون" کە بڵاوکراوەیەکی پان ئێرانیستەکان بوو، لەپێناو خزمەتکردن بە ئامانجەکەیان لقیان لە زۆربەی شارەکان هەبوو.[١] ئامانجی پان ئێرانیستەکان زیندووکردنەوەی شکۆی میژووی دێرینی ئیمپراتۆریەتی شاهەنشاهیی ئێران و هاوپێوەندیی نەژادی و فەرهەنگیی گەلانی ئاریایی وەک فارس و کورد و بلوچ و لوڕ ....هتد بوو، کە خاوەن ڕیشە و زمان و نەریت و میژووی هاوبەشن.[٢]

وێڕای ستەمی نەتەوایەتی بە شێوازی جۆراوجۆر، ساواک لە پاییزی ١٩٥٩ شەپۆلێکی بەرفراوانی دەستگیرکردنی چالاکانی سیاسیی سەر بە "ح.د.ک" و ئەوانەی مەیلیان بۆ ئەو حیزبە هەبوو، لە کرماشانەوە تا سەڵماس ئەنجام دا. نزیکەی ٢٥٠ کەسیان دەستگیرکرد و سەرجەمیان کەوتنە بەر ئەشکەنجە و ئازار و تەنانەت سزای لە سێدارەدانیشی تێدابوو.[٣] سەرەڕای ئەو کەش هەوا پۆلیسی و ستەمکارانەیەی ساواک، سااڵنی دەیەی شەستەکان بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، دەیەی بووژانەوە و خەبات لە بواری سیاسی و ئەدەب و هونەردا بوو. بە جۆرێک شیعری بەرگریی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران، لە هەر دوو دیوی کوردستانی ئێران و عێراق، بەشێکی زەنگین لە ئەدەبی کوردی پێکدێنێ. ئەم بووژانەوە سیاسییە- ئەدەبییە بەشێکی بەهۆی چوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی "ح.د.ک" بۆ کوردستانی عێراق بوو، بەشێکی دیکە کاریگەریی تێکۆشانی سیاسی و ئەدەبی لە زانکۆکانی تاران بوو،[٤] چونکە ساواک سااڵی ١٩٥٩ سیاسەتێکی دیکەشی گرتەبەر، ئەویش دامەزراندنی ڕادیۆ و ڕۆژنامەی کوردی، پاش شۆڕشی ١٤ی تەموز بوو. حکومەتی ئێران بەهۆی ئەوەی لە عێراق ئازادیی ڕۆژنامەگەری سەری هەڵدا و بیری ئازادی و خودموختاری لە میدیای کوردیدا وروژێنرابوو، هەستی بە بوونی بۆشاییەکی گەورە لە گۆڕەپانی میدیای ئێراندا کرد. ساواکیش پلانی خۆی دانا بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە لە میدیای ئێرانی پڕ بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاری دامەزراندنی ڕادیۆی کوردیی کرماشان و ڕۆژنامەی کوردستان[٥]یان دەرکرد.[٦] کارمەندانی ڕادیۆ و ڕۆژنامەکە گەنجە ڕۆشنبیر و خوێندکارە کوردەکانی کوردەکانی زانکۆی تاران بوون. زانکۆش هەمیشە کەشێکی چالاکانەی هەبوو، خوێندکارانی

---

[١] ئیسماعیلنەژاد، ٢٧٢٣، ل٣٠٣.

[٢] سەردەشتی أ، ٢٠٢٥، ل٤-٥.

[٣] ئەسکەندەری، ٢٠٢١، ل٧٩.

[٤] قاسمی، تاهیر، ٢٠٢٤، *ئیعجازی ئەنگوستی پاکی موحەمەد*، چ. ٢، کوردستان: ب.چ، ل١٢.

[٥] ڕۆژنامەی "کوردستان" کە لە تاران بە پشتیوانی ساواک دەرکرا، سەرنووسەرەکەی عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی بوو، دەستەی نووسەرانیش لە ئەحمەد موفتی زادە، سوارە ئیلخانیزادە، محەمەد سدیق موفتیزادە، عابد سیراجەدینی و شوکرواڵای بابان پێکهاتبوون. بڕوانە بختیاری، ٢٠١٤، ل٣١.

[٦] نەقشبەندی، ئەسعەد سیراجەدینی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتنی میدیای "درەو" لەگەڵ ئەسعەد سیراجەدینی-بەشی یەکەم، https;//youtu.be/cF٢yGdqJMos?si=DEj٤DS٥xqHhcmm٩w.

کوردستان له کرماشانەوە تا مەهاباد و بۆکان و شنۆ، له پاش چاکسازیی زەوی، پرسی نەتەوەیی فکر و ئەندێشەیانی سەرقاڵ کردبوون.[١] ڕۆژنامەکە بۆ دەرەوەی کوردستانی ئێران ڕەوانە دەکرا و باسی له کوردایەتی، خەبات و شۆڕش و مافی کورد دەکرد. شیعری نەتەوەیی تێدا بڵاودەکرایەوە.[٢] له ڕادیۆی تارانیش ١٥ خولەک بۆ بەرنامەیەکی کوردی تەرخان کرا، پاشان بەرنامەکە بۆ یەک کاتژمێر درێژ کرایەوە، پەخشی بەرنامەکە بۆ شارەکانی مەهاباد، ورمێ، سنە و مەشهەد بوو. پاشان له تەلەڤزیۆنی تاران هەفتانە یەک کاتژمێر بۆ بەرنامەی هونەری و هەڵپەڕکێ تەرخان کرا.[٣]

ئەگەرچی ئەم سیاسەتە ئامانجی قووتدانی کوردستان و نەهێشتنی کاریگەریی دەستەڵاتی کۆماری عێراق بوو، بەڵام بەرهەمی ئەو سیاسەتە، پێچەوانەی ئامانجەکەی کەوتەوە، له بەرژەوەندی کورد و بە زیانی ڕژێمی شا کۆتایی هات. چونکە کوردەکانی ناوچەی کرماشان و ئیلام، بەهۆی زاڵبونی ڕەگەزی فارس بە شێوەیەکی گشتی، هەستی نەتەوایەتی لەنێویاندا لاوازبوو، شارەزاییەکی ئەتۆیان له فەرهەنگ و کولتوور و زمانی کوردی نەبوو، بەڵام پاش بڕیاری سنووردارى بەرنامەی کوردی له گۆڕەپانی میدیای ئێران، تێگەیشتن کە خاوەنی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی دەوڵەمەندی تایبەت بە خۆیانن.[٤] یەکێکی دیکە له لێکەوتە ئەرێنییەکانی ئەو سیاسەتە بۆ بۆ کوردی ئێران، فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی لای زۆرێک له گەنجانی کورد لەو قۆناغەدا بوو.[٥] چونکە وێڕای ئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، کتێبیش بە زمانی کوردی دەگمەن بوو. هەروەها کوردیزانێکی ئەوتۆش له نێو خێزانەکاندا بوونی نەبوو.[٦] لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین، بەشێوەیەکی گشتی ئەم سیاسەتەی ساواک له بەرژەوەندی کورد ڕەنگی دایەوە، شوێنەوارى لەسەر بووژاندنەوەی بیری نەتەوەیی له کوردستانی ئێران دانا، هەروەها بووە هۆی ئاشنابوونی خەڵک لەگەڵ زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەیان و پاراستنی له قۆناغە سەختەکانی ڕەوشی سیاسی له کوردستانی ئێران. ئەسعەد سیراجەدینی نەقشبەندی، وەرگێڕ و پێشکەشکاری ڕادیۆی کوردیی کرماشان لەو بارەیەوە دەڵێت: ''بیری نەتەوەیی له کرماشان تا ئیلام و سنە قەرزاری ڕادیۆ کرماشانە''.[٧] ساواک له کارێکی دیکەی و بەمەبەستی نیشاندانی نیازپاکی و لەخشتەبردنی گەلی کورد له کوردستانی ئێران. سزای له سێدارەدانی بۆ چوار کەس له ئەندامانی "ح.د.ک" کە بریتی بوون له غەنی بولوریان، ڕەحمەت شەریعەتی، عەزیز یووسفی و عەلی مەولەوی) هەڵوەشاندەوە و بۆ سزای تاهەتایی گۆڕیی.[٨]

---

[١] اردلان، یوسف، ریشەهای فکری کومەله، ٢٠٢٥.١٨.٣، ریشەهای فکری کومەله، ٢٠٢٣.٦.٢، https//www.azadi-b.com/?p=٤٠٩١٤.

[٢] ئیسماعیلنەژاد، ٢٧٢٣، ل٣٠١.

[٣] پژمان، عیسا،١٩٩٧، *نهێنی یەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر*، و:ناسر ئیبراهیمی، سوید: چاپخانەی ڕۆژ، ل٤٣

[٤] نەقشبەندی، ٢٠٢٥، https;//youtu.be/cF٢yGdqJMos?si=DEj٤DS٥xqHhcmm٩w

[٥] ئیسماعیلنەژاد، ٢٧٢٣، ل٣٠١.

[٦] ئەسکەندەری، ٢٠٢١، ل١٠٢.

[٧] نەقشبەندی، ٢٠٢٥، https;//youtu.be/cF٢yGdqJMos?si=DEj٤DS٥xqHhcmm٩w

[٨] بختیاری، اسماعیل، ٢٠١٤، *نگرشی تاریخی بر جنبش مسلحانەی ١٣٤٦-٤٧کردستان(مکریان) در رژیم شاه*، سلیمانیه: نشر چواچرا، ل ٣٠-٣١

وەکوو پێشتر ئاماژەی پێدرا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کەمینەیەکی لاوانی کورد لە چینە باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردستان ڕوویان لە زانکۆکان کردبوو، خوێندکارە کوردەکان لە نێو زانکۆکانەوە یەکەم ڕێکخراوی کوردیان لە زانکۆی تاران بە ناوی "کۆمیتەی خوێندکارانی کورد لە زانستگای تاران"،بنیاد نا،[1] دواتر ناوەکەیان بۆ "یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران" گۆڕی.[2] ئەم کۆمیتەیە بە دەستپێشخەریی دکتۆر هاشم شیرازی[3]بوو، بەڵام[4] دامەزراندنی لەلایەن سەلاحەدینی موهتەدییەوە[5]بوو، دامەزرێنەری ناوبراو باس لەوە دەکات کە ئامانجی ڕێکخراوەکە بریتی بووە لە ڕزگاریی کوردستان و گرنگیدان بە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کورد.[6] گرنگترین کار و چالاکیی ئەم کۆمیتەیە، پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسی و ئەدەبی بوو. لەگەڵ گەرم بوونی شۆڕش لە کوردستانی عێراق، کاری ڕێکخراوەکە بە کردەوە بوو بە کۆکردنەوەی کەلوپەل و هاوکاری و گەیاندنی بە شۆڕش لە کوردستانی عێراق. ح.د.ک توانی پەیوەندی بە خوێندکارەکانەوە بکات و بە ڕێکخستنەکانی خۆیەوە گرێیان بدات.[7] ئەوەش بۆ یەکەم جارە لە مێژووی "ح.د.ک" پەیوەندی نێوان زانکۆ و ئەو حیزبە پێک بێت، پاشان خوێندکار و لاوی ڕووناکبیری زیاتری کوردستان هاتنە نێو ڕیزی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە و مۆرکی خۆیان لە قۆناغەکانی داهاتووی ئەو حیزبەدا نەخشاند.[8] لە دیارترینی ئەو خوێندکارانەش سمایل شەریفزادە[9]، شەریفزادە[9]، حەمەدەمین سیراجی، ئەمیر حەسەن پوور، مستەفا ئیسحاقی، عەلی حەسەنیانی،

---

[1] کریمیان، https://www.radiozamaneh.com/٨١٦٣

[2] ئەمیری، ڕەحمان، ٢٠١٢، *مێژووی بزاڤی خوێندکاری لە ئێران ١٩٥٣-١٩٩٩*، چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمیتەی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی یەکیەتیی خوێنکارانی ح.د.ک، ل٨٣-٨٤

[3] دکتۆر هاشم شیرازی خەڵکی شاری مەهاباد، زاوای "قازی محەمەد" ە. ناوبراو ئەندامی سەرەتایی و چالاکی کۆمەڵەی ژ.ک بووە و دواتر لەسەر داوای قازی محەمەد چووەتە تاران، پاشان پەیوەندیی بە حیزبی تووەوە کردووە. لە ناوەڕاستی شەستەکان لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە چەند ساڵێک زیندانی کراوە، کۆلێجی پزیشکیی لە تاران خوێندووە، ساڵی ١٩٩٧ بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە تاران کۆچی دوایی کردووە. سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٣، *چەند لاپەڕەیەک لە ژیانی ئیحسان نوری پاشا لە یاداشتەکانی دکتۆر هاشمی شیرازیی دا*، ب.ش، ب.چ.

[4] قاسمی، ٢٠٢٤، ل١٣.

[5] سەلاحەدینی موهتەدی ساڵی ١٩٣٨ لەدایک بووە، لە گوندی قوڵقوڵەی شاری بۆکان، خوێندنی سەرەتایی لە بۆکان و ناوەندیی لە تەورێز خوێندووە پۆلی ١١ و ١٢ ی لە تاران خوێندووە. باوکی(ڕەحمان ئاغا) وەزیری دەرەوەی کۆماری کوردستان بووە، دوای ڕووخانی کۆمار، خێزانەکەیان ڕوویان لە تەورێز کرد. پاشان لە بەشی یاسای زانکۆی تاران وەرگیرا و بە هاوڕێیەتی کۆمەڵێک خوێندکاری کورد، یەکێتیی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی تارانیان دامەزراند و تێکەڵ بە کاری سیاسی بوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە غەفور، خەڵەف، ٢٠١٩، *هەتاوی ئازادیخوازی*، چ. ١.

[6] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢١٤-٢١٥.

[7] قاسمی، ٢٠٢٤، ل١٤-١٥.

[8] بازیار،٢٠٢٠، ل٢١٥.

[9] سمایلی شەریفزادە ساڵی ١٩٤٣ لە مەهاباد لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و پۆلی ١٠ و ١١ی لە مەهەباد مەهەباد خوێندووە، پۆلی ١٢ی لە تاران تەواوکردووە، پاشان لە بەشی ئەلکتریک و میکانیک لە زانکۆی تاران وەرگیراوە، لەسەرەتای خوێندنی زانکۆدا تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە، لەگەڵ خوێندکارە مارکسیستەکانی زانکۆی تاران، تێکەڵ بە یەکیەتی خوێندکارانی کورد بووە و خەباتیان لە پێناو ئازادیی نیشتمان و دژی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی کردووە. پەلامارەکەی ساڵی ١٩٦٤ی حکومەتی ئێران بۆ سەر کوردستان و خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران، شەریفزادەی ناچارکرد کە بەمەبەستی خۆ ونکردن لە چاوی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت و دریژەدان بە خەبات، ڕوو لە

سواره ئێلخانی زادە، فاتیح شیخولئیسلامی، ئەمیر قازی، سەلاحەدین موهتەدی و ڕەحمان شەریفزادە بوون. تا ساڵی ١٩٦٣ ئەو کۆمیتەیە کۆمیتەیەکی ناسیونالیستی بوو.[١]

لە ساڵانی دەیەی شەستەکان، جیهان شاهیدی یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکانی جیهانی کۆمۆنیزم بوو، ئەویش جیا بوونەوەی بەرەی چین لە بەرەی سۆڤیەت و دووکەرت بوونی جیهانی کۆمۆنیزم بەسەر بەرەی مائۆئیستی و بەرەی سۆڤیەتیدا بوو. ئەم ڕووداوە جێ پەنجەی خۆی لەسەر چەپی هەموو جیهان، لەنێویشیاندا چەپی ئێران و کوردستانی ئێران دانا.[٢] خوێندکارە تێکۆشەرە کوردەکانی دژ بە رژێمی ئێرانیش، زیاتر لە کۆلێژەکانی تەکنیکی و یاسا و ئەدەبیاتدا کۆ ببوونەوە و بیرباوەڕی چەپیش بەتایبەتی چەپی لە جۆری باڵە شۆڕشگێڕەکەی کە لەو کاتەدا زیاتر لە مائۆئیزم و ڕەوتی چریکیدا خۆی دەنواند و لایەنگری چین و مائۆتسەتۆنگ بوون، لە نێویاندا بەهێزبوو. نووسراوەکانی مائۆ دەست بە دەست لەنێو خوێندکارەکاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکرا.[٣] بۆیە دەبینین لە کۆتاییەکانی دەیەی٦٠ لەڕووی فکری سیاسییەوە، دیارترین بیروڕای سیاسی، زاڵبوونی گوتاری چەپی بزووتنەوە دژبەرەکانی وڵاتانی دیکتاتۆری گرێدراوی ئۆردوگای ئیمپریالیستی بوو. سەرکەوتنی شۆڕشی کووبا، خۆڕاگریی خەڵکی ڤێتنام، شەڕی جەزائیر، شۆڕشی خوێندکاری ١٩٦٨ی فەڕەنسا ڕۆڵێکی بەرچاویان لەسەر زاڵبوونی ئەم گوتارە هەبوو. ئێرنێستۆ گیڤارا(١٩٢٨-١٩٦٧) لەو قۆناغەدا هێمایەک بوو بۆ ئەو گەنجانەی کە خوازیاری گۆڕینی دۆخی هەنوکەیی وڵات بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ بوون. بۆیە لە کۆتاییەکانی ساڵانی دەیەی شەستەکان لە زۆرێک لە وڵاتاندا، بیری چەپی نوێ خۆی خزاندە نێو چینی گەنج و خوێندەواری کۆمەڵگە، بە تایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ستەمی چینایەتی و نەتەوایەتی ئازاری دەدان. خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی تارانیش بەشێک لەو خوێندکارانە بوون کە کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو فکرە سیاسیە.[٤] بەڵام لەگەڵ گەشەی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی دیکەی ئێران و جیهان، دەستەیەک لەو خوێندکارانە مەیلیان بەتەواوی بەرەو هێڵی فکریی چەپ و مارکسیزم ڕۆیشت، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٦٣ بە دواوە کۆمەڵێک لەو خوێندکارانە لە هێڵی فکرییە ناسیۆنالیستیەکە جیا بوونەوە، لەوانە فاتیحی شێخولئیسلامی و ئەمیر حەسەنپوور، ئەوانی دیکەیان لەسەر هێڵی ناسیۆنالیستی مانەوە.[٥] هاوکات لەو قۆناغەدا لە هەناوی زانکۆکانی تاران ڕێکخراوی "چریکە فیداییەکانی خەڵق"، "ڕێکخراوی موجاهیدنی خەڵق"، "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حزبی تووده" و "ڕێکخراوی تۆفان" لە ژێر کاریگەریی بیری ماویزم و تیۆری جەنگی پارتیزانی دامەزران، هەمان تیۆر و فکر لەلایەن خوێندکارە

کوردستانی عێراق بکات. پاش مانەوەی بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کوردستانی عێراق، ساڵی ١٩٦٧ گەڕایەوە کوردستانی ئێران و لەگەڵ کۆمەڵێک لە کادرە باڵاکانی "ح.د.ک"، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک"یان دامەزراند و سەرکردایەتیی جوولانەوەی ٦٧-٦٨یان کرد. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە حیسامی، کەریم، ١٩٧١، *کاروانێک لە شەهیدانی کوردستان*، ل٧٢-٧٤.

[١] tv، streak، rawej، ٩-١١-٢٠١٤

[٢] ڕوانگە، ٢٠٢٤-٧-١١، هەڤپەیڤین لەگەڵ دکتور هاشم ئەحمەدزادە ڕەخنەگر و توێژەری ئەدەبی،٤-١٩-٢٠٢٥،https://ruwanga,blogspot.com

[٣] کەریمی، ٢٠٢١، ل٩٧.

[٤] باباخانی، ناسر، ٢٠١٨، چێگواراکان، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ٧٣٣، ل٥.

[٥] tv، streak، rawej ٩-١١-٢٠١٤ .

کوردەکانەوە پێشوازی لێکرا، بەشێکیان بە هەموو توانایانەوە هەوڵیاندا بیری چەپی نوێ و خەباتی پارتیزانی هاوشێوەی گیڤارا بۆ ڕزگاربوون لە ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی لە کوردستانی ئێران ئەزموون بکەن.[١]

چالاکیی خوێندکارە کوردەکان سەرنجی دەزگا سیخورییەکانی زیاتر بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو. بەڵگەنامەیەکی ساواک لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٣٤١ باس لە سەردانی سەڵاحەدینی موهتەدی بۆ کوردستانی عێراق و دیداری لەگەڵ مستەفا بارزانی(١٩٠٣-١٩٧٩)، وێڕای شەش خوێندکاری کرماشانی دەکات کە لە بۆکانەوە بۆ دیداری مستەفا بارزانی چوون و خۆیان بە نوێنەری خوێندکاران ناساندووە.[٢] هاوکات لەو قۆناغەدا ساواک هەڵمەتێکی دیکەی دوورخستنەوەی لە بۆکان و شارەکانی دیکە ئەنجام دا. لەو هەڵمەتەدا هاوشان لەگەڵ مامۆستایان، ژمارەیەک لە بنەماڵەکانی ئێلخانیزادە، موهتەدی و دیبوکریی بە هۆکاری بوونی پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلوولەوە (لەوانە قاسم ئاغای موهتەدی و برایم ئاغای ئێلخانیزادە)ی کردە ئامانج.[٣]

لە دواڕۆژەکانی زستانی ١٩٦٤جارێکی دیکە دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران هێرشیان کردەوە سەر ڕێکخراوەکانی "ح.د.ک" و ڕەشبگیریان لە کۆمەڵگەی کوردی دەستپێکردەوە، هێرشەکە بەردەوامی هەبوو، تا دوو بۆ سێ ڕۆژ لە دوای نەورۆز.[٤] زیاتر لە ١٠٠ کەس لە ئەندامانی "ح.د.ک" لە مەهاباد، نەغەدە، پیرانشار و سەردەشت و ناوچەکانی دیکە دەستگیرکران و خرانە زیندان، بەشێکیشیان بۆ خواروووی ئێران و شاری بافت دوورخرانەوە. لە ئەنجامی ئەم پەلامارە دەیان ئەندام و کادری "ح.د.ک" ڕوویان لە کوردستانی عێراق کرد بە مەبەستی دریژەدان بە خەبات. تەنانەت ئەو گەنجانەش کە بە تۆمەتی زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران بوون، پاش ئازاد ببونیان هەمان ڕێگایان دەگرتەبەر، بەهۆی فشاری ساواک لە لایەک، بە مەبەستی بەشداریکردن لە شۆڕشی کوردستانی عێراق لە لایەکی دیکەوە.[٥] هاوکات ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانی یەکیەتی خوێندکارانی کورد کەوتنە بەر لێشاوی ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنە، لە ئەنجامدا ژمارەیەکیان دەستگیرکران لەوانەش عەلی حەسەنیانی، ڕەحمان شەریفزادە، سوارە ئێلخانیزادە و عەزیز ژیان. ژمارەیەکیشان خۆیان ڕزگارکرد و توانیان خۆیان بگەیەننە کوردستانی عێراق، دیارترینیان سمایل شەریفزادە، حەمەدەمین سیراجی و سالار حەیدەری بوون کە دواتر ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕووداوەکانی "ح.د.ک" و جوولانەوە چەکداریەکەی ١٩٦٧- ١٩٦٨ دا گێڕا. بەم جۆرە ڕێکخراوە خوێندکارییەکە لێدانێکی توندی بەرکەوت، کە تا ساڵی ١٩٦٦ نەیتوانی هەستێتەوە[٦]

بەم شێوەیە ستەمی دەوڵەتی ئێران بەرانبەر بە کوردستانی ئێران لە شێوەی لەناوبردنی کولتوور و ڕێگەگرتن لە پێشکەوتنی کەسایەتیی نەتەوەیی و تێکدانی ژیانی ئابووریدا خۆی بینیوەتەوە. بڵاوبوونەوەی بیری چەپی نوێ لای خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران و

---

[١] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٥١٥-٥١٦.

[٢] مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، ١٣٧٨، چپ *در ایران به روایت اسناد ساواک*، ج. ١، تهران: ل٨٤.

[٣] ئیسماعیلنەژاد، ٢٧٢٣، ل٣٠٤.

[٤] حەسەن زادە، ٢٠٠٢، ل١٩٢؛ هێدی، خالد ئاغای حیسامی، ٢٠٠٨، *ئاوێنەشکاو*، چ. ٢، هەولێر: ب.چ، ل١٤٩.

[٥] مەرەسەنە، خدر، ٢٠٠٦، *بیرەوەرییەکانم* بۆ مێژوو، ب.ش، چاپخانەی دیلان، ل ٣٠-٣١.

[٦] ئەمیری، ٢٠١٢، ل٨٥.

سەرسامبوونیان بە شێوازی خەباتی پارتیزانی، هاوشان لەگەڵ توندیی شەپۆلی جۆراوجۆری سەرکوتی چالاکانی سیاسی و خەڵکی ئاسایی لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٤ بە شێوەیەکی بەرفراوان، ڕەوایەتی دا بە هەڵبژاردنی خەباتی چەکداریی لای بەشێک لە کادرە باڵا و خوێندەوارەکانی "ح.د.ک" لە کوردستانی ئێران دژی دەستەڵاتی پەهلەوی. لەو بارەیەوە سوڵەیمان موعینی دەڵێت: ''ژیانی بە ئاسایش لە ئێراندا هیچ مانا و ناوەڕۆکێکی نەماوە، حکومەتی دار و شکەنجە هەوای ئێرانی ژاراوی کردووە. پشوی لە تێکۆشەران بڕیوە، ئەو خەباتکارانە ناچارن بۆ پارێزگاری لە شەرەف و ئینسانیەتیان پڕ دەنە چەک پەنا بۆ لێرەوار و شاخ و ئەشکەوت بەرن....''.[١]

[١] حیسامی، کەریمی، ١٩٨٨، *لە بیرەوەرییەکانم ١٩٦٥-١٩٧٠*، ب. ٣، ستۆکهۆڵهم: ب.چ، ل٤٩.

باسی دووەم: ڕەوشی نێوخۆی "ح.د.ک" لە نێوان ساڵانی(١٩٥٨-١٩٦٦):

تەوەری یەکەم: ڕەوشی نێوخۆی "ح.د.ک" لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٦١) .

"ح.د.ک"، پاش کۆماری کوردستان بە چەندین هەوراز و نشێویدا تێپەڕیوە، هەرچەندە ئەندام و کادرەکانی ئەو حیزبە، لە هەموو قۆناغەکانی خەبات دژی دەستەڵاتی پەهلەوی وەستاون و درێژەیان بە تێکۆشان داوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پاش لە سێدارەدانی قازی محەمەد، ئەو حیزبە جۆرێک لە سڕبوونی بەسەردا هات.[١] لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی پەنجا، بابەتی پەیوەندیی نێوان حزبی تووەدەی ئێران و "ح.د.ک" ببوو بە پرسێکی گرنگ و جێی مشتومڕی نێوخۆی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە، ئەویش بە هۆی شکستی ستراتیژیی حزبی تووەدە، لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ٢٨ی گەلاوێژی ئێران و ڕیشەکێشکردنیان لە کۆمەڵگای ئێران، هاوشان لەگەڵ بایەخ نەدانیان بە پرسی نەتەوەیی. ئەوەش پرسیاری لای بەشێک لە کادرانی ڕێبەری دروست کرد و بووە قەیرانێکی ڕاستەقینە، کە پچڕانی پەیوەندیی ڕێکخراوەیی حزبی تووەدەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام ئەوە کێشەکەی بنبڕ نەکرد، بەڵکو سنووربەندیی ڕێبازی فکری لەگەڵ ئەم حیزبە هاتبووە ئاراوە، مۆرکی هێڵی چەپ و ڕاست، دووبەرەیی لە نێوان ناسیۆنالیست و دژە کۆمۆنیست لە لایەک، لە بەرانبەر بەرەی تووەدەیی و کۆمۆنیست لە لایەکی دیکە لە نێو ڕیزەکانی "ح.د.ک" دروست ببوو. ئەوەش قەیرانی ڕاستەقینەی نێو ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە بوو.[٢] بەڵام پرسی خەبات و پێ چەقاندن و ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆی "ح.د.ک" لە نێوخۆی کوردستانی ئێران، لە بەرانبەر ڕژێمی شا، ڕۆڵی سەرەکی لە کزکردنی ئەو ناکۆکییانە و یەکبوونی ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا هەبوو. بەڵام گواستنەوەی بنکەی ڕێبەرایەتی و ناوەندی بڕیاردانی بۆ کوردستانی عێراق لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، دەرفەتی تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێو ڕیزەکانی ئەو حیزبەی ڕەخساند.[٣]

لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٤ بۆ ١٩٥٩ لە ڕووی تەشکیلات و شانەبەندییەوە "ح.د.ک" بووژایەوە. کاروباری حیزبەکە بە باشی بەڕێوەچوو.[٤] ژمارەی ئەندامانی ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبووندا بوو بەتایبەتی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی لە ماوەی یەک ساڵدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد، چونکە ڕووخانی رژێمی ناوبراو، ئومێدێکی زۆری بە هەموو کوردستانی ئێران بەخشی، خەڵکی ڕاچڵەکاند و هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لە نێویاندا بەهێزتر کرد. بەڵام زۆرێک لە کادرەکان، بەهۆی لەباریی کەشی ئازادانەی سیاسیی عێراق، زیاتر لەو وڵاتە دەمانەوە، بەتایبەتی قادرشەریف[٥] و ئەحمەد تۆفیق.[١]

---

[١] مەرەسەنە، ٢٠٠٦، ل٢٥.

[٢] بازیار، ٢٠٢٠، ل١٨٧-١٨٨.

[٣] یاسین سەردەشتی، ٢٠٠٢، *خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕوداوە ناوخۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا) و جووڵانەوەی چەکدارانەی ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە کوردستانی ئێران*، چ. ١، سلێمانی: چاپخانەی ڕاز، ل١٠.

[٤] کوێستانی، ١٩٩٦، ل٢٤.

[٥] قادر شەریف، هاشم فەقێ ساڵحی (ناسراو بە قادر شەریف) خەڵکی مەهابادی کوردستانی ئێران بوو، پاش ساڵی ١٩٥٣ چووەتە ڕیزەکانی ح.د.ک و کادرێکی چالاک بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ بە هاوڕێیەتیی ژمارەیەک کادری دیکە حیزبەکەی، کۆمیتەی ساخکەرەوەی ح.د.ک پێکدێنن. لە ڕێکەوتی ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ بە پیلانی ساواک تیرۆر دەکرێت. حیسامی، ١٩٧١، ل١١١-١١٣.

عەبدولڕەحمان قاسملووش، لەوکاتەدا لە چیکوسلۆڤاکیا بوو، لەو وڵاتە چاوی بە مستەفا بارزانی کەوت کە لەسەر بانگهێشتی کۆماری تازەی عێراق دەگەڕایەوە بۆ کوردستان و لە پراگی پایتەختی چیکوسلۆڤاکیا چاوەڕوانی ڤیزای دەکرد. لەو دیدارەدا بارزانی داوای لە قاسملوو کرد هەرچی زووترە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و کەڵک لەو هەلومەرجە لەبارە وەربگرێت بە مەبەستی درێژەدان بە تێکۆشان دژی دەسەڵاتدارانی ئێران. تەنانەت داوای لێکرد پێکەوە بە فڕۆکەیەک بگەڕێنەوە، بەڵام گەڕانەوەیان پێکەوە نەبوو، سەرەتا بارزانی و دوای هەفتەیەک قاسملوو گەیشتە عێراق.[٢] لێرەوە هێدی هێدی بنکەی ڕێبەرایەتیی "ح.د.ک"، بەرەو کوردستانی عێراق گواستراپەوە و لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی عێراق تێکەڵاوییان دروست کرد.[٣] بەگواستنەوەی بنکەی ڕێبەرایەتییان، "ح.د.ک" کەوتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی عێراق و کوردستانی عێراق، ناکۆکییەکانیان قوولتر بوونەوە و زەمینەی تەقینەوەیان لە ژیانی ئاوەڕەیدا بۆ ڕەخسا،[٤] لێرەوە یەکتر بوغزاندن، دژایەتی تا دەگاتە دەرکردن، هەڵوەرین و دەستەگەری و تەنانەت سڕینەوە و کوشتن لە نێو ڕیزەکانی "ح.د.ک" سەری هەڵدا. ئەوەش یەکپارچەیی ئەو حیزبەی زیاتر لەبار برد.[٥]

لە پاییزی ١٩٥٩، "ح.د.ک"، بەهۆی چەند هەڵەیەکی نەخوازراو کە گرنگترینیان خەیانەتی سمایل قاسملوو، ئامۆزای عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، لەپاش گواستنەوەی بنکەی ڕێبەرایەتییان، تووشی یەکەمین زنجیرەی پەلامار و دەستگیرکردنی ئەندامانی هات. دوو ئەفسەری بەناوبانگی ساواک، سەرهەنگ ئەمجەدی و سەرهەنگ زیبایی سەرکردایەتیی ئەو هێرش و پەلامارەیان بۆ سەر کوردستانی ئێران و ڕێکخستنەکانی "ح.د.ک" کرد.[٦] بەپێی پلانێکی لەپێشدا بۆ داڕێژراو لەسەر دانپیانانی سمایل قاسملوو لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە سەرانسەری کوردستان ٢٢٠ کەس لە بەرپرسانی "ح.د.ک" دەستگیرکران، لەوانە عەزیز یووسفی، غەنی بلووریان، دکتۆر عەلی مەولەوی، ڕەحمەت شەریعەتی لە ئەندامانی ڕێبەریی "ح.د.ک"، حەسەن ڕەستگار، جەلیل گادانی، سەید ڕەسوڵ دێهقان و دەیانی دیکە، خرانە زیندانەکانی قزل قەلعە و قەسری قاجار.[٧] ئەوانەی بەر ئەم پەلامارە نەکەوتن ڕوویان کردە کوردستانی عێراق بەتایبەتی شاری سلێمانی. زیندانییەکان پاش دادگایی کردن چەند کەسێکیان بە زیندانی ماوەدرێژ سزادران، غەنی بلووریان و ڕەحمەت شەریعەتی و عەزیز یووسفی بە لەسێدارەدان سزادران. ڕەحمەت شەریعەتی پاش داوای لێبووردن لە ڕژێم ئازاد کرا. غەنی بلووریان و عەزیز یووسفی لە ژێر گوشاری دەرەکی و نێوخۆیی سزاکەیان بۆ سزای تاهەتایی گۆڕا. هۆکاری ئەم لێدانە کوشندەیە جگە لە خەیانەتی سمایل قاسملوو ئەگەڕایەوە بۆ ڕێکخستنی زنجیرەیی، کە بە میرات لە حزبی تووەوە بۆ "ح.د.ک" مابۆوە، کە بە ئاشکرابوونی یەک ئەندام چەند ڕێکخستنێکی دیکە ئاشکرا دەبوو. هەروەها وردنەبوونی ڕێبەرایەتیی

---

[١] گادانی، ٢٠٠٨، ل١٢٣-١٢٤.

[٢] پرووتنهوبێر، ٢٠٠٩، ل٢٠٦-٢٠٧.

[٣] عەزیزی، هادی، ٢٠١٩، تابلۆیەکی ٤٦-٤٧، *گۆڤاری تیشک*، ژ.٥٢، ل٢٥٧.

[٤] یاسین سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل ٩-١٠؛ حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل١١٢-١١٣.

[٥] بازیار، ٢٠٢٠، ل١٨٩.

[٦] حیسامی، ١٩٨٧، ل٨٥-٨٦ ؛ کەریمی، ٢٠٢١، ل٦٩.

[٧] مەرەسەنە، ٢٠٠٦، ل٢٣-٢٤.

"ح.د.ک" لە هەڵبژاردنی کادر و بەرپرسەکانی، لە خۆباییبوون و گۆڕانی شێوەی خەباتی ئەو حیزبە لە نهێنییەوە بۆ نیوەنهێنی لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی عێراق، لە کۆتاییشدا ئەزموونی زۆری دەزگای ساواک، کە لەلایەن دەزگا سیخوڕییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە ڕاهێنانیان پێدەکرا هۆکاری ئەو گورزە بەهێزە بوون. ساواک زانیاری سەرەتایی لەسەر تێکۆشانی "ح.د.ک" دەست کەوتبوو، بە هۆی سمایل قاسملووشەوە دەستی بە بەڵگەکان گەیشت.[١] بەم جۆرە ئەو حیزبە یەکەم گورزی گەورەی لە پاش ڕووخانی کۆمارەوە بەرکەوت، بە جۆرێک هەندێک لە ڕێبەرانی ئەو ساڵەیان ناو ناوە ساڵی حیزب قڕان.[٢] لە کۆی شەش ئەندامی ڕێبەری چواریان لەو پەلامارەدا خرانە نێو زیندان.[٣] شایەنی باسە لە نێو زیندان، ناکۆکی لە نێوان ئەندام و کادرەکانی ئەو حیزبە دروست بوو. لە نێوان لایەنگرانی حزبی تووده بەڕێبەریی غەنی بلووریان و عەزیز یووسفی، لایەنگرانی بیری نەتەوەیی بە ڕێبەریی دکتۆر عەلی مەولەوی. ئەم ناکۆکییە گەیشتە ئاستی یەکترنەدواندن و دژایەتیکردنی یەکتر،[٤] بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پەیوەندیی نێوان زیندانییە کوردەکانی دیکە نەکرد و هاوسۆزی و هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا مابوو.[٥]

پاش ئەم پەلامارەی ساواک، ڕێبەریی هەڵبژێراوی کۆنفرانسی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ ڕۆڵیان نەما. لە شەش ئەندامی ڕێبەری تەنها دووانیان لە دەرەوەی زیندان بوون، ئەوانیش ئەحمەد تۆفیق و عەبدولڕەحمان قاسملوو بوون کە لە عێراق پەنابەری سیاسی بوون. پاش پەلامارەکەی ساواک، هەوڵیاندا ئامادەسازی بۆ قۆناغێکی نوێی خەبات و خۆڕێکخستنەوە بکەن،[٦] بەڵام زۆری نەخایاند ناکۆکییەکی توند لە نێوان باڵی چەپ و ڕاستی "ح.د.ک" کە ئەحمەد تۆفیق و عەبدولڕەحمان قاسملوو نوێنەرایەتییان دەکرد سەریهەڵدا، کە ڕیشەکەی ئەگەڕایەوە بۆ ساڵانی پێشوو. قاسملوو نوێنەری باڵی چەپ بە لای حزبی تووده و شیوعیدا کەوتبوو، ئەحمەد تۆفیقیش نوێنەری باڵی ڕاست بەلای پارتی و بارزانیدا کەوتبوو[٧]. ئەو ناکۆکییە بۆ ئەندامان و کادرەکانی خوارەوە شۆڕ بوویەوە و بەسەر ئەو دوو باڵەدا دابەشی کردن. بەو جۆرە "ح.د.ک" ئەو هەلەی لە عێراق بۆی هاتبووە پێش بێ ئەوەی هیچ کەڵکی لێوەربگرێت لەدەستی دا.[٨] سەرئەنجامی ئەو ململانێیەی باڵی ڕاست و چەپ، بەسەرکەوتنی باڵی ڕاست کۆتایی هات.[٩] ئەم باڵە ناسیۆنالیستە لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە، وەک کەسێکی ناسیۆنالیست ڕابەرایەتی دەکرا. قاسملوو لەگەڵ ئەوەی لەلایەن بەشێکی زۆری کادرەکانی "ح.د.ک" وەکوو بەرپرسی یەکەم سەیر دەکرا، بەڵام بە پلانی نەیارەکانی (ئەحمەد

---

[١] کەریمی، ٢٠٢١، ل٧١-٧٢.

[٢] گادانی، جەلیل، *با نەبێتە درۆی پاش مردوو*، ب.ش، ب،چ، ل١٢٤.

[٣] بازیار، ٢٠٢٠، ل١٩٠-١٩١.

[٤] مەرەسەنە، ٢٠٠٦، ل٢٥.

[٥] ڕەستگار، حەسەن، ٢٠٢٢، *برگەیەک لە ژیان و خەباتم*، چ. ٢، ب. ١، ب.ش، ب. چ، ل١٤٤.

[٦] بازیار، ٢٠٢٠، ل١٩١-١٩٢.

[٧] حیسامی، ١٩٨٧، ل٥٩

[٨] دێهقان، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، ١٩٩٨، بەسەرهاتی ژیانم، *گۆڤاری گزنگ*، ژمارە ٢٠، ل٤٣ ؛ ئەحمەدی، ڕەشید، ٢٠٠٩، چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم، بیرەوەری ساڵانی ١٩٥٠-١٩٨٢، چ. ١، ب. ١، سوید، چاپخانەی کتابی ارزان، ل٦٦.

[٩] مەرەسەنە، ٢٠٠٦، ل٢٦.

تۆفیق و مستەفا بارزانی)[1] لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەرکرا.[2] هەرچەندە نێوانی بارزانی و قاسملوو زۆرباش بوو، بەڵام بە تێکچوونی پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان، پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ قاسملوو بەرەو گرژی برد. لەبەرئەوە ساڵی ١٩٦٠ بە ناچاری قاسملوو گەڕایەوە بۆ چیکوسلۆڤاکیا.[3] پاشانیش کەریم حیسامی،[4] پاش ئەوەی مافی پەنابەریی لەلایەن کۆمیسیۆنی پەنابەری سیاسییەوە لە عێراق ڕەت کرایەوە، عێراقی بەجێهێشت و ڕووی کردە ئەوروپای خۆرهەڵات.[5] کادرە پەنابەرەکانی "ح.د.ک" ی دانیشتووی سلێمانی، لە شوێنێکدا بە ناوی کۆمۆن دەژیان، وێڕای ڕەوشی ناهەمواریان، کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ناکۆکیی باڵەکانی نیو حیزبەکەیان، هاوکات پەیوەندییان لەگەڵ کۆمیتەی بەڕێوبەرییش کە پێکهاتبوون لە ئەحمەد تۆفیق، قاسمی سوڵتانیان، مەلا باقی و هاشمی حوسێنزادە، باش نەبوو. ئەو کادرانەی بیرکردنەوەیان هاوشێوەی عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، کەوتنە بەر تووڕەیی و گوشاری ئەحمەد تۆفیق، لەژێر گوشاری ناوبراو عێراقیان بەجێهێشت. لەوانە یووسف ئەنوەری، یووسف ریزوانی، هاشم حوسێنزادە، هاشم جەلالی، ڕەشیدخانی کێوەڕۆیی و قاسم سوڵتانیان و..... زۆرینەیان بۆ کوردستانی ئێران گەڕانەوە و خۆیان ڕادەستی ساواک کرد، جگە یووسف ئەنوەری کە خۆی ڕادەست نەکرد، لەلایەن ساواکەوە دەستگیرکرا و نزیکەی چوار ساڵ زیندانیکرا.[6]

گیانی خۆسەپاندن و تاکڕەویی ئەحمەد تۆفیق تەنها بە دەرکردن و هەڕەشە لە نەیارەکانی لە نێوخۆی "ح.د.ک" نەوەستا، بەڵکوو پەلی کێشا بۆ خوێن ڕشتنیان، وەکوو کوشتنی ئەسعەد خودایاری(١٩٢٩-١٩٦٠) کە کادرێکی تێکۆشەر و فیداکاری ئەو حیزبە بوو. هەروەها هەوڵدان بۆ کوشتنی قاسم سوڵتانیان، بەڵام بەهۆی فریاکەوتنی ناوبراو لە لایەن مام جەلالەوە ڕزگاری ببوو، ئەمە وێڕای ئەوەی پلانی کوشتنی قاسملووی لە کۆمۆنی سلێمانی پێش دەرکردنی لە عێراق ڕێکخستبوو.[7] لە ئەنجامی ناکۆکییەکانی باڵی چەپ و ڕاستی "ح.د.ک"، ئەو دەرفەتەی بۆ ئەوحیزبە هاتە پێش بە هۆی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی عێراق و هاتنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەری لاو و خوێنگەرم بۆ کوردستانی عێراق لەدەستی چوو، بەو هۆیەوە نەیتوانی سوود لەو پەنابەرانە

---

[1] سەبارەت بە دەرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملوو مام جەلال دەڵێت: ''مەلا مستەفا سەردەمێک پشتیوانی لە قاسملوو دەکرد، دوای ئەوە پشتیوانی لە ئەحمەد تۆفیق کرد، دکتۆر موراد‌یش پشتیوانی ئەحمەد تۆفیقی دەکرد زیددی قاسملوو. مەلا مستەفا لەگەڵ دوکتۆر موراد هەستان چوون بۆلای وەزیر داخیلیەی عێراقی و قاسملوویان دەرکرد. کە دەریان کرد ئەحمەد تۆفیق بوو بە عەبدی مەلا مستەفا''. بۆ زیاتر بڕوانە: کریمی، عەلی، ٢٠٠٥، *ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی(مامۆستا عولەما)*، چ. ١، سوید: چاپخانەی زاگرۆس، گۆتنبێرگ، ل٢١٥.

[2] شێخانی، ٢٠٠٧، ل١١٥.

[3] پڕوونهووبێر، ٢٠٠٩، ل٢٠٨؛ باوەڕ، ٢٠٢٣، ل٢٠٩.

[4] کەریمی حیسامی لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٧ لە گوندی بەیرەمی سەر بە شاری مەهاباد لەدایک بووە. لە لاوێتییەوە تێکەڵ بە جموجۆڵی سیاسی بووە و لە ڕیزەکانی "ح.د.ک" تێکۆشاوە. ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن حکومەتی محەمەد ڕەزاشاوە بۆ ماوەی سێ ساڵ دەستگیر کراوە، بەهۆی چاودێریکردنییەوە لەلایەن دەزگا سیخورییەکانی شاوە، ساڵی ١٩٥٨ ناچاربوو ڕوو لە کوردستانی عێراق بکات. بۆ زیاتر بڕوانە: تۆفیق، ٢٠٠٧، ل ١٣٣-١٣٥.

[5] حیسامی، ١٩٨٧، ل١٠٧؛ کوێستانی، ١٩٩٨، ل٤٤.

[6] خزری، مەلا محەمەد، ١٢-٥-٢٠٢٥، *بەهاری کوردەواری سورو شینە*، https//t.me/kurdistsnbook

[7] حیسامی، ١٩٨٧، ل٨٧.

وەربگرێت و لە ژێربالّی ڕێبەرایەتییەکی کارامە کۆیان بکاتەوە و لە بەرانبەر ڕژێمی ئێران لە ئایندەدا بیانکاتە هێزێکی بەرچاو و خاوەن سەنگ.[1] ئەو لێکەوتانەی لە ئەنجامی ئەو ململانێیە دروست بوو، ناو و ناوبانگی "ح.د.ک" ی لەو قۆناغەدا لاواز کرد، هیچ ڕێکخستنێک و کۆمیتەی ناوەندی و نووسین و جوولّانەوەی نەبوو، مانەوەی تەنها بە ناو بوو.[2]

لە کۆتا ساڵەکانی دەیەی پەنجاکان "ح.د.ک" لە کوردستانی ئێران بووژایەوە و خەڵکی زیاتر ڕوویان لەو حیزبە کرد. کادرە باڵاکانی کە لە ئەنجامی ناهەمواریی ڕەوشی سیاسیی کوردستانی ئێران و ترسیان لە ڕاونان و گرتن لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتی ئێران لەلایەک، لە باریی کەشی سیاسیی عێراق لەلایەکی دیکەوە، ڕوویان لە کوردستانی عێراق و وڵاتی عێراق کرد، بەڵام ڕێبەرایەتیی "ح.د.ک" لەو ماوەیەدا لە ئاستی ئەو حیزبە و جەماوەرەکەیدا نەبوون و بەکێشە نێوخۆییەکانیانەوە سەرقاڵ بوون، ئەوەش ئەو حیزبەی لە کوردستانی عێراق بەرەو لاوازی برد.

تەوەری دووەم: ڕەوشی "ح.د.ک" لە پاش باڵادەستیی باڵی ڕاست تا کۆنگرەی دووی ئەو حیزبە (١٩٦١-١٩٦٤).

باڵادەستیی باڵی ڕاستی "ح.د.ک" و پەراوێزخستنی باڵی چەپ، ئەو حیزبەی نەخستەوە سەر پێی خۆی و نەیکردە حیزبێکی چالاک لە کوردستانی ئێران. هاوکات بارودۆخی پەنابەرە سیاسییەکانیشی لە سلێمانی لەوپەڕی ناهەمواریدا بوو، باری دارایی ئێجگار سەخت بوو. ڕەوشی کوردستانی ئێرانیش لەژێر چاودێری دەزگای ساواک بەردەوام ڕوو لە خراپبوون بوو، هەروەها لەگەڵ گرژبوونی پەیوەندییەکانی "پ.د.ک" و حکومەتی قاسم، پەنابەرەکانی کوردستانی ئێرانیش لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دوچاری ڕاوەدوونان هاتبوون. لەم بارودۆخەدا ژمارەیەک لە کادرەکانی "ح.د.ک" بڕیاریاندا بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەیەک بۆ ڕەوش و گوزەرانیان سەردانی مستەفا بارزانی بکەن. بۆ ئەم مەبەستە لە ١٥ی حوزەیرنی ١٩٦١ وەفدێک کە پێکهاتبوون لە ئەحمەد تۆفیق، سولەیمان موعینی، قادر شەریف، شێخ جەمیل مەردۆخی و ڕەشید فەلاحی ناسراو بە ڕەشەی قاچاخچی، لە هەواری چاڵوێ لە چیای شیرین چاویان بە بارزانی کەوت.[3] پاش دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی، ناوبراو لەگەڵ بیرۆکەی جوولّانەوەی چەکداری لە کوردستانی ئێران بە بەشداریی عەشیرەتەکان بوو، بەمەرجێک هەنگاوی ورد و لەسەرخۆی بۆ بنرێت. سەبارەت بە خراپیی ڕەوشی داراییان، خودی بارزانی و حیزبەکەشی هاوکارییان کردن. سەبارەت بە ڕاوەدوونانی پەنابەرەکان، بارزانی بڕیاریدا لەگەڵ چوونەوەی بۆ بەغداد ئەو پرسە لەگەڵ کاربەدەستان باس بکات[4]. پاش گەڕانەوەیان، وەفدەکەی "ح.د.ک" بڕیاری ڕاپەڕینی چەکداریان دا و بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی پیاوماقوولّ و عەشایەری ناوچەی هەورامان، کۆبوونەوەیەکی لە ناوچەی "کراوەدۆڵ" لە هەورامان

---

[1] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل١٢.

[2] کوێستانی، ١٩٩٦ ل٦٢.

[3] ڕەشەی قاچاخچی، ڕەشیدی فەلاحی، ٢٠١٠، *بیرەوەرییەکان لە شۆڕشدا*، چ. ١، ب.ش، چاپخانەی ئەزمەڕ، ل١٢،١٥؛ سەردەشتی، یاسین، ٢٠١٦، *بیرەوەرییەکانی جەمیل مەردۆخی سەبارەت بە قۆناغێکی گرنگی شۆڕشی کوردستان*، سلێمانی: ب.چ، ل٤٥-٤٧.

[4] ڕەشەی قاچاخچی، ٢٠١٠، ل٢٢-٢٣ ؛ سەردەشتی، ٢٠١٦، ل٤٩-٥٠.

به بەشداریی کەسایەتی و بەرپرسەکانیان لە هەورامان ئەنجام دا. لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبووان بڕیاریان دا کاروبارەکان بە گوڕ و تینەوە ئەنجام بدەن، هاوکات ٨ی ئەیلوولی ١٩٦١یان بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕین دیاری کرد، بەڵام شۆڕشی کوردستانی عێراق، پێش شۆڕشی کوردستانی ئێران کەوت. ئەوەش بیرۆکەی هەستەی چەکداری لە کوردستانی ئێران پەکخست. "ح.د.ک" وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی دەستی لە پرۆژەکەی خۆی هەڵگرت، پشتیوانی شۆڕشی کوردستانی عێراقی کرد و کادرەکانی بەسەر ناوچەکانی شۆڕشدا دابەش کرد.[١]

هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستانی عێراق، بڵێسەی هەستی نەتەوایەتیی لە سەرانسەری کوردستاندا داگیرساند.[٢] لە دەستپێکی شۆڕشەوە "ح.د.ک" بەشێکی زۆر لە کار و تێکۆشانی بریتی بوو لە پشتگیریی و یارمەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق. گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە چاوێکی پڕ ئومێدەوە[٣] سەیری شۆڕشی کوردستانی عێراقیان کرد، لەسەر ئەو بنەمایەی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێتە نموونە و سیمبول بۆ پارچەکانی دیکە. لەو سۆنگەیەوە چی لە توانایاندا بوو، لە هاوکاریی ماددی و مەعنەوی پێشکەش بە شۆڕشیان کرد.[٤] تەنانەت یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە تاران، دەستی بە کۆکردنەوەی یارمەتی و پیتاک لە نێو خوێندکاران و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران و گەیاندنی بە شۆڕش کرد .[٥] هاوکاریی شۆڕشی ئەیلوول هەموو توێژەکانی گرتبوویەوە، لەو بارەیەوە ساعید وەتەندووست(١٩٤٥-...) کە ساڵی ١٩٦٣ خوێندکاری زانکۆی تاران بووە دەڵێت: "لەو یارمەتییەی بنەماڵە بۆ خوێندن بۆیان دابین دەکردین، یارمەتیمان بۆ کوردستانی عێراق بۆ پێشمەرگە دەنارد".[٦]

لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕش، چەندین دەستە لە لاوانی شۆڕشگێڕو خاوەن هەستی نەتەوەیی، کە دەرفەتی کاری سیاسیان نەبوو، یاخود ئەوانەی زیندانی سیاسی بوون پاش ئازادبوونیان ڕوویان کردە کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەی شان بەشانی حیزبەکەیان، بە سەرکردایەتیی ئەحمەد تۆفیق و سوڵەیمان موعینی، بەشداریی شۆڕش بە ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانی بکەن،[٧] لەوانە دەستەی سەڵاحەدین موهتەدی و محەمەد ئیلخانیزادە و چەند لاوێکی دیکە لە ساڵی ١٩٦٢، ڕوویان لە کوردستانی عێراق کرد و وەکوو ئەندامی "ح.د.ک" چوونە نێو شۆڕش. سوڵەیمان موعینیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک، گەڕانەوە بۆ نێوخۆی کوردستانی ئیران، یارمەتییەکی باشی لە ئەندامان و

---

[١] ڕەشەی قاچاخچی، ٢٠١٠، ل٢٤-٢٨؛ سەردەشتی، ٢٠١٦، ل٥٣-٥٦.

[٢] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل١٦؛ بختیاری، ٢٠١٤، ل٧٥.

[٣] عومەری قازی سەبارەت بە گرنگیی شۆڕشی کوردستانی عێراق دەڵێت: "ئەوکات بیروباوەڕی خەڵکی لەسەر ئەوە بوو کە ئەگەر شۆڕشی مەلا مستەفا سەرکەوێ، دەبێتە پشتیوان و سەنگەرێک بۆ هەموو کوردەکانی دنیا. لەبەر ئەوە خەڵک بە گیان و دڵ تێکەوتبوون و ئەوەندەی لە تواناییاندا بوو لە زاری منداڵی خۆیان دەگێڕاوە و یارمەتیی شۆڕشی مەلا مستەفایان دەدا، بەو هیوایەی کە ڕۆژێک بەرهەمی ئەو شۆڕشە هەموو کوردێک بگرێتەوە". بۆ زیاتر بڕوانە: قازی، عومەر، ٢٠٢٢، *ئەوەی دیتم و بیستم، بیروەرییەکانی عومەری قازی*، چ. ١، ب.ش، ب.چ، ل١١١

[٤] کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،١٩٨١، *خیانەتەکانی قیادەی موقت بەنەتەوەی کورد*،ب.ش،ب.چ،ل٦.

[٥] قازی، ٢٠١٤، *لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم*، چ. ٢، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ل٤٠؛ باوەڕ، ٢٠٢٣، ل١٦٠.

[٦] قاسمی، ٢٠٢٤، ل١٤.

[٧] مەرەسەنە، ٢٠٠٦، ل٣٠.

لایەنگرانی حیزبەکەی بۆ شۆڕش کۆ کردەوە،[1] هاوکات شانە و ڕێکخستنەکانی حیزبەکەیان لە شار و گوندەکان بووژاندەوە، لەو قۆناغەدا کەشوهەوایەکی لەبار بۆ چالاکیی سیاسی ڕەخسابوو.[2]

"ح.د.ک" لە شوباتی ١٩٦٢، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی وردی جەماوەر، بڵاوکراوەیەکی بە ناوی "دیسان بارزانی" لە کوردستانی عێراق بڵاو کردەوە، وتارەکانی لە شاری سلێمانی بە نهێنی چاپ کرا. ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی، لەگەڵ چەند کادرێکی دیکە بە نهێنی فڕێیان دەدایە ئەو دوکان و ماڵانەی مەبەستیان بووایە. بەنهێنییش ڕەوانەی کوردستانی ئێران و ئەوروپایان کرد. تێکڕای ئەم بڵاوکراوەیە ٩ ژمارە بوو. یەکێکی دیکە لە هاوکارییەکانی "ح.د.ک" بۆ شۆڕش، هێنانی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی دانا ئادەم شمدت[3] بوو لە لوبنانەوە بۆ کوردستانی عێراق، لە لایەن ئەحمەد تۆفیق کەسی یەکەمی ئەو حیزبەوە. ئامانج لەو کارە، نیشاندانی هێرش و پەلامارەکانی حکومەتی عێراق بە جیهان بوو. تێکڕای کار و چالاکییەکانی "ح.د.ک" و ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، لەپێناوی شۆڕشی ئەیلوول و سەرکەوتنیدا بوو.[4] لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشی کوردستانی عێراق، هەڵێکی بۆ ئەو حیزبە ڕەخساند کە هەنگاو بەرەو بووژانەوە هەڵهێنێت و ڕێکخستنەکانی ببووژێنێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەک لە نێوان سوڵەیمان موعینی، ئەحمەد تۆفیق، سەڵاحەدین موهتەدی (بە نازناوی مستەفا)، محەمەد ئیلخانیزادە (بە نازناوی کاوە) و سەعید کاوە لە کۆیە بەسترا. لە کۆبوونەوەکەدا بێ ئەوەی باس لە پرۆگرام و ئۆرگانی حیزبەکەیان بکەن، کۆمیتەیەکی بەڕێوبەرییان دامەزراند و کاروباری حزبیان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد.[5]

زۆری نەخایەند ناکۆکی و دەستەگەری بەرۆکی ئەو حیزبەی گرتەوە و بواری بووژانەوەی نەدا. هەرچەندە بە ڕۆیشتنە دەرەوەی عەبدولڕەحمان قاسملوو، تا ڕادەیەکی زۆر ململانێی ڕاست و چەپی "ح..دک" کۆتایی هات، بەڵام کێشە و ناکۆکی و دەستەگەرییەکان جارێکی دیکە سەریان هەڵدایەوە. لە ماوەی سالانی ١٩٦٠-١٩٦٤ ئەو حیزبە، دوچاری چەند دابڕانێک هات.[6] بەهۆی سیاسەتی تاکڕەوانەی ئەحمەد تۆفیق و کەوتنە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق بە تایبەتی ناکۆکییەکانی نێوان مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی "پ.د.ک".[7] پاش تێپەڕینی ماوەیەکی ماوەیەکی کورت بەسەر دامەزراندنی کۆمیتەی بەڕێوبەریی کاتیی ئەو حیزبە، یەکەم هەوڵ بۆ

---

[1] خزری، ١٣٩٤، ل٣-٤.

[2] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل١٨٦.

[3] دانا ئادەم شیمدت ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکیی بەناوبانگ لە نیوەی سەدەی بیستەمدا بوو، لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز تایمز وەک هەواڵنێری ناوچەکانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری کردووە. بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٤٠ هاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوەندی کاری لە بەیروت بوو. ساڵی ١٩٦٣ سەردانی کوردستانی کرد و چاوی بە مستەفا بارزانی کەوت، پاش گەڕانەوەی کتێبێکی لەسەر شۆڕشی کوردستان نووسی بە ناوی "گەشتێک بۆ نێو پیاوە ئازاکانی کوردستان"، ساڵی ١٩٦٣ خەڵاتی"باشترین ڕاپۆرتی ناوچەیی لەسەر شەڕ و ئامادەبوونی خەڵک لە شوێنی ژیان" وەرگرت. بۆ زیاتر بڕوانە: https;//govarametin.com/dosten-kurdan

[4] سەردەشتی ب، یاسین، ٢٠٠٧، *ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵای ئیسحاقی)* ١٩٣١-١٩٧٣، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ل١٠٦-١١١

[5] کوێستانی، ١٩٩٦، ل٦٢-٦٣.

[6] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٠٢.

[7] پێشنەماز، مەلا ڕەسوول، ٢٠١٢، *سەربردەی ژیانم*، چ. ١، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ل١٤٤.

دەستەبەندی و خۆجیاکردنەوە لە "ح.د.ک" و ڕێبەرایەتیی ئەحمەد تۆفیق، دامەزراندنی "کۆمەڵەی ڕزگاری" بوو. "کۆمەڵەی ڕزگاری"، لە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی "پیرەکەپر"ی ناوچەی بارزان، لە لایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و پێشمەرگەکانی "ح.د.ک"[١] وەکوو محەمەد ئیلخانیزادە، مەلا عومەر نگڵی، جەمیل مەردۆخی، مەلائاوارە، مەلاسەید ڕەشیدی سەقز، بە ڕێبەریی سەڵاحەدین موهتەدی دامەزرا،[٢] بە نیوەنهێنی لە باشووری کوردستان و بە نهێنی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران، لە ناوچەکانی بۆکان و سەردەشت و لە نێو خوێندکارانی زانکۆی تاران، تا ساڵی١٩٦٥، لە چالاکی سیاسی و تەشکیلاتیی بەردەوام بوو، پاشان بەهۆی بڕیاڕی لێخۆشبوون لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە، سەڵاحەدین موهتەدی ساڵی ١٩٦٥ گەڕایەوە ئێران، بە گەڕانەوەی ناوبراو تەمەنی کۆمەڵەی ڕزگاری کۆتایی هات.[٣]

ساڵی ١٩٦٣ ژمارەیەک لاوی ڕۆشنبیری دیکەی وەکوو حەسەن ڕەستگار، حوسێن مەدەنی، مەلا ڕەسوواڵ پێشنەماز[٤] و قادر قازی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکە، وەک ئەندامی "ح.د.ک" هاتنە کوردستانی عێراق و لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و کادرەکانی دیکە لە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە.[٥] هەروەها ساڵی ١٩٦٤ دەستەیەکی دیکەی لاوی خوێندکاری زانکۆ، وەکوو سمایل شەریفزادە، حەمەدەمین سیراجی و سالار حەیدەری ڕوویان کردە کوردستانی عێراق،[٦] بە هیوای بەهێزکردنی ڕێکخراو و ڕێبەرایەتی "ح.د.ک" هاتبوون، تا بتوانن دریژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن.[٧] لەگەڵ ئەوەی ئەوەی هاتنی ئەم لاوە خوێنگەرمانە هەلومەرجی بووژانەوەی ئەو حیزبەی ڕەخساند، بەڵام بەهۆی سیاسەتی تاکڕەویی ئەحمەد تۆفیق و گیانی دژەڕێکخراوەیی و پەرەنسیپی حزبیی ناوبراو، نەتوانرا سوود لە تواناییی ئەو لاوانە وەربگیرێت.[٨] بەو هۆیەوە جیابوونەوی دووەم لەنێو ڕیزەکانی "ح.د.ک" "ح.د.ک" بە ناوی "کۆمیتەی ساغکەرەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان" دروستبوو. کۆمیتەی ساغکەرەوە سەرەتا لە پێنج ئەندام پێکهات کە ئەوانیش قادر شەریف، مەلائاوارە، حەسەن ڕەستگار، حوسێن مەدەنی و سەعید کوێستانی بوون.[٩] ئامانجی کۆمیتەی ناوبراو، ساغکردنەوەی بارودۆخی

---

[١] سەردەشتی ب، ٢٠٠٧، ل١٣٣.

[٢] سەردەشتی، یاسین، ٢٠٠٦، سەرنجێک لە کۆمەڵەی ڕزگاری، *گۆڤاری پەیامی کوردستان*، ژ. ٣٢؛ غەفور، خەڵەف، ٢٠١٩، هەتاوی ئازادیخوازی(گفتوگۆ لەگەڵ سەڵاحەدینی موهتەدی)، چ. ١، ب،ش، چاپخانەی کارۆ، ل٦١-٦٢

[٣] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٠٣-٢٠٤.

[٤] مەلاڕەسوواڵ پێشنەماز ساڵی ١٩٣٤ لە هەواری نێرخاسان لە نێوان گوندەکانی کاوڵان و کووران لەدایکبووە. ساڵی ١٩٤٣ هاتونەتە مەهاباد، لەوێ چۆوەتە قوتابخانە و ٦ی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٣ هاتووەتە عێراق و لە ڕیزەکانی "ح.د.ک" خەباتی کردووە. لە کۆنفراسی سێ لە ساڵی ١٩٧١دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و بووە بە بەرپرسی پەیوەندییەکانی بارەگای بارزانی و "ح.د.ک". لە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا بووە بە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و فەرماندەی هێز بووە. چەندین پۆستی باڵای لەنێو حیزبەکەی وەرگرتووە، لە کۆنگرەی ٦ بەشداریی نەکردووە و دەستی لەکار کێشاوەتەوە. گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ مەلا ڕەسوواڵ پێشنەماز لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسنجەر، ٦ی ٩ی ٢٠٢٥.

[٥] خزری، ١٣٩٤، ل٤ ؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٤١.

[٦] مەرەسەنە، ٢٠٠٦، ل٣٠-٣١؛ خزری، ١٣٩٤، ل٥.

[٧] حیسامی، کەریمی، ١٩٩٧، *پێداچونەوە*، ب. ٢، چ. ١، ستۆکهۆڵم: چاپخانەی هەرزان، ل١٥٠.

[٨] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل١٨.

[٩] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٠٥ ؛ باوەڕ، ٢٠٢٣، ل٢١١.

"ح.د.ک" و دەرهێنانی بوو لەو سەرگەردانییەی بەرۆکی ئەو حیزبەی گرتبوو.[1] شایەنی باسە بەر لەوەی کۆمیتەی ساغکەرەوە، جیابوونەوەی خۆی ڕابگەیەنێت، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نیوان خۆیان و ئەحمەد تۆفیق چوونە لای بارزانی، بەڵام ناوبراو وەڵامی داخوازییەکانی نەدانەوە و هاوکات بە دەستکرد و بووکەڵەی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک"ی زانین.[2] پاش نائومێدبونیان لە بارزانی، کۆمیتەی ساغکەرەوە ڕوویان لە مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک" کرد، سەرەتا لە گوندی مالومە و پاشان لە گوندی گرگاشە نیشتەجێ بوون. تێکڕای ئەندامی کۆمیتەکە ٢٣ کەس بوون و لە لایەن مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک" وە ٢٣ تفەنگیان بۆ دابین کرا. پاشان بە بەیاننامەیەکی نووسراوی قادر شەریف، بوونی خۆیان ڕاگەیاند.[3]

ناکۆکییەکانی نێوان مەکتەبی سیاسی "پ.د.ک" و بارزانی تووندتر بوو، مەکتەبی سیاسی کەوتە بەر هێرش و پەلاماری بارزانی، ناچار پاشەکشەیان کردە نێو خاکی کوردستانی ئێران و خۆیان ڕادەستی ڕژێمی ئێران کرد. لەگەڵ ئەواندا کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ساغکەرەوە، ناچاربوون بە نیازی خەباتی سیاسی و دامەزراندنی تەشکیلات، بگەڕێنەوە کوردستانی ئێران، بەڵام پاش ماوەیەک دوچاری قەیران و لێکدابڕان هاتن. ناچار گەڕانەوە کوردستانی عێراق، بارزانی سزای نەدان و لە شاری ڕانیە نیشتەجێ بوون. تەنها قادر شەریف و سەعید کۆێستانی و مەلا ئاوارە، لە کوردستانی ئێران مانەوە و گوندی ورچەکیان کردبوو بە ناوەندی خۆیان تا کۆنگرەی دووی "ح.د.ک".[4] دابڕانی کۆمیتەی ساغکەرەوە، بەراورد بە کۆمەڵەی ڕزگاری فراوانتر بوو، بەڵام بە دروستبوون و جیابوونەوە و تێکەڵبوونەوەشی، گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر ئەو حیزبەدا نەهات و نەیتوانی حیزبەکەی ساغ بکاتەوە، بەڵکوو لە بەرانبەر بەربەرەکانێی شاو ساواک، زیاتر لاوازی کرد. ناکۆکییەکانیش بەردەوام لە پەرەسەندندا بوون و کوتلەگەری باڵی بەسەر ئەو حیزبەدا کێشابوو.[5]

بە شێوەیەکی گشتی پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، "ح.د.ک" بە تەشکیلات و حیزبەوە چوونە خزمەتی شۆڕشی ئەیلوول و باسێک لە حیزب[6] و تێکۆشانیان لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بوونی نەبوو. تەنانەت زۆربەی ئەندام و کادرە لێهاتووەکانی نێوخۆی کوردستانی ئێران، بۆ بەهاناوە چوونی شۆڕشی ئەیلوول ڕوویان کردە کوردستانی عێراق. "ح.د.ک" لەم قۆناغەدا بە ڕابەریی ئەحمەد تۆفیق ڕێباز و دروشم و خەباتی خۆی بردە ژێر سێبەری پارتی و بارزانی، بە کردەوە سەربەخۆیی کار و خەباتی لەدەستدابوو.

---

[1] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٢١

[2] بختیاری، ٢٠١٤، ل٩٥ ؛بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٠٦ ؛باوەڕ، ٢٠٢٣، ل٢١١.

[3] کۆێستانی، ١٩٩٦، ل٩٤-٩٦ ؛ بختیاری، ٢٠١٤، ل١٠٦.

[4] خزری، ١٣٩٤، ل٥.

[5] مەردەسەنە، ٢٠٠٦، ل٣١-٣٢.

[6] سەبارەت بە سەربەخۆیی کارو خەباتی "ح.د.ک" لەماوەی دەسەڵاتی ئەحمەد تۆفیق، مەلاڕەسوول پێشنەماز نووسیویەتی: " لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئێمە واغەرقی خزمەت و بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەوان بووین، باسێک لە حیزبی دیموکرات هەر لە گۆڕێ نەبوو، بەداخەوە ناوەکەشی نەمابوو... ئەوان لە تەواوی ئەو ماوەیە کە لەگەڵیان بووین بە زاری یەک کەسیاندا نەدەهات بڵێن حیزبی دیموکرات و ئێمە وەک ئەندامانی دیموکرات ناوزەند بکەن. هەر دەیانگووت جەماعەتی ئەحمەد تۆفیق، کێشەی هەرە ریشەیی ئێمەش هەر لەوە ڕا سەری هەڵدا. پێشنەماز، مەلا ڕەسوول،٢٠٢١، *جووڵانەوەی (١٩٦٧-١٩٦٨ز) (١٣٤٦-١٣٤٧ی هەتاوی)*، ب.س، ب.چ، ل٣١

تەوەری سێیەم: ڕەوشی "ح.د.ک" لە سەروبەندی کۆنگرەی ٢ تا سەرەتاکانی ڕێکخستنی جوولانەوەکە (١٩٦٤-١٩٦٦):

ئەحمەد تۆفیق لەپاش بینینی بەیاننامەی کۆمیتەی ساغکەرەوە، کە تیایدا ئاماژەیان بە بەستنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی یاسایی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کردبوو، ترسی ئەوەی هەبوو کۆمیتەی ساغکەرەوە کۆنگرە ببەستێ و حیزبەکەی لە ژێر دەست دەرکەن، ئەوە لە لایەک،[١] لە لایەکی دیکەوە بەو ئاکامە گەیشتبوو، کە لە ڕێی کۆنگرەیەکەوە، کۆتایی بە قەیران و دەستەگەری بهێنێت و دژبەرەکانی خۆی لە ڕێی کۆنگرەوە وەکوو تاوانبار بناسێنێ و لە حیزب دەریان بکات. هاوکات ڕێبەرایەتییەکیش بەپێی خواست و ئامانجەکانی خۆی هەڵبژێرێت، خۆشی وەکوو کەسی یەکەمی "ح.د.ک" بمێنێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەکی لە هاوینی ١٩٦٤ لە سەنگەسەر گرێدا، بە بەشداریی چەند کادرێکی جێ متمانەی خۆی لەوانە سولەیمان موعینی، نەحۆ پاشایی، مەلا قادر لاچینی، عەبدوڵڵا موعینی، ڕەئوف مەلا حەسەن، مەلا کەریم ساردەکۆسانی، مەلاسەید ڕەشید حوسێنی و مرادڕەسوول لەیلانی .... لەو کۆبوونەوەیەدا بە نهێنی بڕیاری کۆنگرە درا لە هەمان ساڵدا.[٢]

ئەوە بوو لە سەرەتای پاییزی ١٩٦٤ سولەیمان موعینی، بە یاوەریی ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگە، بە مەبەستی بانگهێشتی ئەو کەسانەی دیاری کرابوون بەشداری کۆنگرە بکەن. گەڕایەوە کوردستانی ئێران. ئەوانەی دەهاتنە کوردستانی عێراق، بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆنگرە، دەچوونە بنکەی سەنگەسەر. یەکێک لەو کەسایەتییانەی کە پاش گەڕانەوی سولەیمان موعینی هات بۆ بنکەی سەنگەسەر، سدیق ئەنجیری بوو.[٣] سولەیمان موعینی هاتنی ناوبراوی ڕێکخستبوو.[٤] بەڵام بەڵام نەسرین قاسملووی هاوسەری عەبدولڕەحمان قاسملوو ئاماژە بەوە دەکات، کە عەبدولڕەحمان قاسملوو، سدیق ئەنجیریی ڕاسپاردووە سەردانی مستەفا بارزانی بکات و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، سەبارەت بە هاوکاریی نێوان "ح.د.ک" و "پ.د.ک"، چونکە سدیق ئەنجیری شارەزای خاڵە ناکۆکەکانی هەر دوو حیزب بووە، لە لێکدانەوە و بەڵگەهێنانەوەدا لێهاتوو بووە.[٥] بەڵام خودی قاسملوو، دانی بەوەدا ناوە، کە لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٧٠، تەنها لە دوورەوە ئاگاداری ڕەوشی "ح.د.ک" بووە.[٦]

سدیق ئەنجیری، بە گەیشتنی بۆ کوردستانی عێراق، ئەرکی نووسینی پەیڕەوپڕۆگرامی "ح.د.ک" ی پێسپێردرا. بانگهێشتکراوانی کۆنگرە، کە بەشی هەرە زۆریان نەخوێندەوار و گوڵبژێری ئەحمەد تۆفیق بوون، تا مانگی تشرینی دووەم، گەیشتنە سەنگەسەر و لەوێشەوە ڕەوانەی گوندی"سونێ" لە کوردستانی عێراق، لە سنووری نێوان سەردەشت و قەڵادزێ کران.[٧] بەم شێوەیە دووەمین کۆنگرەی "ح.د.ک" پاش تێپەڕینی ١٩ ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەمدا و لە تشرینی دووەمی

---

[١] کوێستانی، سەعید کاوە، ٢٠٠٥، *وەردانەوە*، چ. ٢، ب.ش، ب.چ، ل٦٣.

[٢] خزری، ١٣٩٤، ل٦ ؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٥٠.

[٣] خزری، ٢٠٢٠، ل٣٠.

[٤] سەردەشتی، ٢٠١٥، ل٤٤-٤٩

[٥] قاسملوو، ٢٠١٤، ل ١٧٩.

[٦] بازیار، ٢٠٢٠، ل١٩٧.

[٧] خزری،٢٠٢٠، ل٦١،٦٣؛ ڕەشەی قاچاخچی،٢٠١٠، ل٩٧.

١٩٦٤/١٣٤٢ لە بەرزاییەکانی گوندی سونێ لە ژێر دروشمی "یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی" لە کوردستانی عێراق بەسترا.[١] کۆنگرە بە ڕێگەپێدان و یارمەتیی بارزانی سازکرا، ژمارەی ئەندامانی ٥٣ بۆ ٥٤ کەس بوو.[٢] کۆنگرە ڕێگری لە بەشداربوونی ژمارەیەک لە ئەندام و کادرە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانی حیزبەکەی کرد، لەوانە حەمەدەمین سیراجی، سمایل شەریفزادە، سالار حەیدەری، حەسەن ڕەستگار و مەلاڕەسوول پێشنەماز... . ئەم لاوانە تاکە ئومێدیان سدیق ئەنجیری بوو کە بتوانێت پاشەکشە بە ئەحمەد تۆفیق بکات و حیزبەکەیان لەو قەیرانانە بێنێتەدەر.[٣] کۆنگرە ١٥ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ١١ ئەندامی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرزی[٤]هەڵبژارد.[٥] لە ١٥ ١٥ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، تەنها ٦ کەس ئامادەی کۆنگرە بوون و بە کردەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون، ئەوانی دیکە بەبێ ئامادەبوونیان دەنگیان لەسەردرا. کۆمیتەی چاوەدێریی بەرزیش ٧ ئەندامی ئامادە بوو، ٤ ئەندام بەبێ ئامادەبوون دەنگیان لەسەر درا.[٦]

لە بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەم دەکرێ ئاماژە بە چەند نمونەیەک بکرێت لەوانە:

١-لەسەر شێوازی خەبات، کۆنگرە خەباتی شۆڕشی چەکدارانەی لە ژێر دروشمی یەکیەتی، خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی کردە بەرنامەی حیزبەکەی.

٢-هەڵوێست و بەیاننامەی کۆنگرە، سەبارەت بە ڕێبەرانی کۆمار نەرێنی بوو، ڕەخنەی توندی ئاڕاستەی ڕێبەرانی کۆمار کرد و بە کەم فامی سیاسی ناوی هێنان.

٣- سەبارەت بە حزبی تووده، هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەو حیزبە پچڕاند و سەرزەنشتی هەڵوێست و سیاسەتەکانی لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٣ داکرد.

٤-سەبارەت بە نەیارەکانی ئەحمەد تۆفیق، وەکوو عەبدولڕەحمان قاسملوو و کۆمیتەی ساغکەرەوە، کۆنگرە بە سیخوڕ و خائینی ناساندن و لە حیزب دەریکردن.[٧]

---

[١] خزری، ٢٠٢٠، ل٦١-٦٢ ؛ لە بڵاکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٢٠٢١، *بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(کۆنگرەکانی ١-٩)*، بەرگی یەک، ، ل١٧

[٢] خزری، ١٣٩٤، ل٧.

[٣] پروونهووبێر، ٢٠٠٩، ل١٨٤ ؛ پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٦٧ ؛ حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل١١٩.

[٤] ئەندامانی هەڵبژێراوی کۆمیتەی ناوەندی لە ئەحمەد تۆفیق، سدیق ئەنجیری، سولەیمان موعینی، ئەمیر قازی، مەلا سەید سەید ڕەشید حوسێنی، مەلا ڕەحیم وێردی، نەحۆ پاشایی (باپیر شکاک)، عەزیز یوسفی، غەنی بلووریان، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی(هەژار)، دوکتۆر عەلی مەولەوی، سەید کامل ئیمامی، حەبیب وەرزێر، دوکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی و سەنار مامەدی پێکهاتبوون. ئەندامانی کۆمیتەی چاودێریی بەرزیش لە ڕەئوف مەلا حەسەن، عەبدوڵا موعینی، ڕەشید فەلاحی، مەلا قادر لاچینی، سەید حاجی کەڵەوی، مەلا کەریم سارده کۆسانی، مەلا نەجمەدین کەوکەبی، سەید تاهیر ئیمامی، مستەفا ئیسحاقی، عەبدوڵا مەولەوی و سەید ڕەسوولّی بابی گەورە پێکهاتبوون. بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی ح.د.ک(١-٩)، ٢٠٢١، ل١٧؛ بەڵام محەمەد خزری کە بەشداربوویەکی کۆنگرەکە بووە، باس لەوە دەکات کە دکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی و سەنار مامەدی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵنەبژێراون، بەڵکوو لە جێی ئەو دوو کەسە، سارمەددین سادق وەزیری و ڕەحیم جوانمەردی قازی هەڵبژێراون. خزری، ٢٠٢٠، ل٧٥

[٥] بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی ح.د.ک(١-٩)، ٢٠٢١، ل١٧.

[٦] خزری، ٢٠٢٠، ل٧٦.

[٧] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل١١٦-١٢٢؛ بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٢٠-٢٢١؛ بۆ زیاتر لەسەر بەیاننامە و بڕیارنامەکانی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕوانە: بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی ح.د.ک، ٢٠٢١، ل١٨-٣٢.

شایەنی باسە پاش کۆنگرە، بەیاننامەی کۆنگرەی دووەم، لەسەر ئیرادەی خودی ئەحمەد تۆفیق و بێ پرس و ڕاوێژی کۆمیتەی ناوەندی نووسرا و بڵاوکرایەوە. بە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە، گەڕێکی نوێی ناکۆکی و ململانێ لە نێو ڕێبەرایەتیی "ح.د.ک" دەستی پێکرد.[١] سدیق ئەنجیری بڕیارەکانی ئەحمەد تۆفیقی ڕەت کردەوە، هاوکات لەسەر داوای ناوبراو، لەنێو کۆنگرە لیژنەیەک بە ناوی "هەیئەتی حوسنی نیەت"[٢]بە مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ساغکەرەوە و گەڕانەوەیان بۆ نێو ئۆرگانەکانی حیزبەکەیان پێکهات. هەیئەتەکە ڕێژەی لەسەدا حەفتای دەنگی کۆنگرەی بەدەستهێنا. ئیدی لێرەوە گلۆڵەی ئەحمەد تۆفیق بەرەو لێژی ڕۆیشت، هەرچەندە زۆر بەتوندی دژی گەڕانەوەی کۆمیتەی ساغکەرەوە بۆ نێو حیزبەکەیان بوو، بەڵام نەیتوانی کارەکانی سدیق ئەنجیری ڕابگرێت، لێرەوە گەرای ناکۆکی و دابڕانێکی دیکەی "ح.د.ک" شکڵی گرت.[٣]

چاوەڕوان دەکرا ناکۆکیی باڵەکانی "ح.د.ک"، پاش کۆنگرەی دووەم کۆتایی پێبێت، بەڵام زۆری نەخایاند لەنێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، بەتایبەتی ئەحمەد تۆفیق و سدیق ئەنجیری کەسی یەکەم و دووەمی حیزبەکە ناکۆکی سەری هەڵدایەوە.[٤] هەروەها ناکۆکیی نێوان سولەیمان موعینی و و ئەحمەد تۆفیق لەسەر بەیاننامەی کۆنگرە پەرەی سەند. ئەحمەد تۆفیق، سدیق ئەنجیریی بە دەستێوەردان لە بەندەکانی کۆنگرە و بێڕێزی، تۆمەتبار کرد، بەڵام سولەیمان موعینی[٥]و ئەمیر قازی قازی بەرپەچیان دایەوە.[٦] ئەنجامی ئەم ناکۆکییە بە پێشکەشکردنی نامەی دەست لەکارکێشانەوەی ئەحمەد تۆفیق کۆتایی هات، پاش قبوڵ نەکردنی دەست لەکارکێشانەوەکەی، ناوبراو بۆ ماوەی ٣ مانگ داوای وچانی کرد و لە تەموزی ١٩٦٥ ڕووی لە قەندیل کرد و بۆ نێو حیزب نەگەڕایەوە.[٧] لە لە پاش ١٥ بۆ ٢٠ ڕۆژ لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە گەڕایەوە ناوچەی باڵەکایەتی و لە گوندی شێخان بنکەی بنیات نا.[٨] پاش ڕۆیشتنی ئەحمەد تۆفیق، کۆبوونەوەکانی نێوان کۆمیتەی ساغکەرەوە ساغکەرەوە و هەیئەتی حوسنی نیەت دەستی پێکرد، لە پاش دوو کۆبوونەوە، ئەندامانی کۆمیتەی ساغکەرەوە جگە لە قادر شەریف هاتنەوە نێو ئۆرگانەکانی "ح.د.ک". حەسەن ڕەستگار، سەعید کوێستانی و مەلائاواڕە کران بە مشاویری کۆمیتەی ناوەندی.[٩] سدیق ئەنجیری کە لەو قۆناغەدا

---

[١] خزری، ٢٢٢، ل٩٤.

[٢] هەیئەتی حوسنی نییەت لە سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (سدیق ئەنجیری، سولەیمان موعینی، نەحۆ پاشایی) لەگەڵ چوار ئەندامی دیکە بە ناوەکانی عەبدوڵا موعینی، ڕەئوف مەلا حەسەن، سەید حاجی کەڵەوی و ڕەشید فەلاحی. بۆ زیاتر بڕوانە: ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٦٠.

[٣] خزری، ١٣٩٤، ل٩.

[٤] خزری، ١٣٩٤، ل٩ ؛ خزری، ٢٠٢٠، ل١٦٢-١٦٣ ؛ بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٢٤ ؛ڕەستگار، ٢٠٢٣، ل٣٥٩.

[٥] لەو بارەیەوە ئەمیر قازی دەڵێت:''لەو کۆبوونەوەیەدا سولەیمانی موعینی بە ئەحمەد تۆفیقی وت:" کاک ئەحمەد تا ئێستا ئێستا هەر من و تۆ بووین. زۆر جار ڕێزم لە تۆ ناوە و چت گوتووە بە قسەم کردووی، لەمەولا نایکەم، ئێستا ئیدی کۆمیتەی ناوەندی هەیە و قسە و قەرار و بڕیار لە کۆمیتەی ناوەندیڕا دەردەچێ نەک لە تۆ ڕا" بڕوانە: قازی، ٢٠١٤، ل١٠١.

[٦] قازی، ٢٠١٤، ل١٠١-١٠٢؛ قازی، قاسم، ٢٠٢٥، *مێژووی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان(سەردەمی دووبەرەکی و لێکدابڕان)*، بەرگی ٤، چ. ٤، سوید: ب.چ، ل ٢٩٢.

[٧] خزری، ٢٠٢٠، ل١٦١؛ قازی، ٢٠١٤، ل١٠٢.

[٨] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٧٤.

[٩] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٤٢ ؛ سەردەشتی، ٢٠١٥، ل٥١ ؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٦٠-٣٦٢.

مێژکی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی و "ح.د.ک" بوو ، ڕۆڵی سەرەکی لە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی ئەو حیزبە و بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسیی کادر و پێشمەرگەکانیدا هەبوو.[١]

دەستەی سمایل شەریفزادە و حەمەدەمین سیراجی و سالار حەیدەری و سەید حەسەن هاشمی، لەگەڵ هاتنیان بۆ کوردستانی عێراق و بینینی بارودۆخی حیزبەکەیان و ڕەفتاری ئەحمەد تۆفیق، بنکەی سەنگەسەریان جێهێشت و لە قەڵادزێ دانیشتن.[٢] سدیق ئەنجیری پاش کۆنگرەی دوو دوو نیازی هەبوو پلنیۆم یان کۆنفرانسێک ببەستێت و ئەو لاوانە بهێنێتە پێشەوە و بۆشاییەکانی ناوەندی حزبیان پێ پڕبکاتەوە، چونکە ئومێدی زۆری بەو لاوە خوێندەوارانە هەبوو، بەڵام پێش ئەو کارە پێویست بوو لەسەر بڕیاری زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، شانە و کۆمیتەکانی حیزبەکەیان لە نێوخۆی وڵات زیندوو بکەنەوە. [٣] چونکە شێوازی خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە، شۆڕشگێڕانە، کە لە گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرەی دووی "ح.د.ک" بوو، بە تاکەڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە قەڵەم درابوو.[٤] بۆ ئەو مەبەستەش کادر و پێشمەرگەکان، بەسەر چوار دەستە دابەش کران و گەڕانەوە نێوخۆی وڵات، بۆ ماوەی ٣ مانگ بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی شانەکان کاریان کرد. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، سێیانیان لەگەڵ ئەو دەستانە وەکوو بەرپرس گەڕانەوە نێوخۆی وڵات، ئەوانیش سولەیمان موعینی، نەحۆ پاشایی[٥] و مەلا ڕەحیمی وێردی بوون. سدیق ئەنجیرییش وەکوو بەرپرسی پەیوەندییەکان لە کوردستانی عێراق مایەوە.[٦]

شایەنی باسە لە ئەندامانی کۆمیتەی ساغکەرەوە، مەلائاوارە وەکوو بەرپرسی ناوچەی سەردەشت مایەوە و ڕێکخستنێکی پتەوی هەبوو. ناوبراو وەکوو دەستەی چوارەم بۆ تێکۆشان گەڕایەوە نێوخۆی وڵات.[٧] سولەیمان موعینی لە کاری سیاسی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران لەگەڵ کادرەکانی لقەکەی بەردەوام بوو، لە هەمان کاتدا لە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەندامە پەرشوبڵاوەکانی حیزبەکەی لە کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و تەنانەت وڵاتانی ئەوروپاش بوو.[٨] ئەو لە گەشتەکانیدا بۆ کوردستانی ئێران، بۆ ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی "ح.د.ک" و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە ستەمی حکومەتی ئێران کاری کرد.[٩] لەنێو مزگەوتی گوندەکانەوە قسەی بۆ خەڵکی کرد و

---

[١] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٣ ؛ بختیاری، ٢٠١٤، ل٦٩.

[٢] خزری، ٢٠٢٠، ل٤٩.

[٣] خزری، ١٣٩٤، ل١٤.

[٤] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٤٠.

[٥] نەحۆ پاشایی ناسراو بە باپیر شکاک ، خەڵکی گوندی ساکانی ناوچەی شکاک بوو، یەکێک بوو لە کادرە تێکۆشەرەکانی "ح.د.ک"، لە پەلاماری ساڵی ١٩٥٩ ی ڕژێمی ئێران بۆ سەر شانە و ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە دەستگیرکرا و ماوەی ٥ ساڵ زیندانی کرا، پاش ئازادبوونی هاتەوە ڕیزی تێکۆشەران و لە کۆنگرەی دووی حیزبەکەی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. لەکاتی ئەرک و چالاکیی لقەکەی لە ناوچەی ساکان کەوتە بۆسەی هێزەکانی ڕژێمی ئێران و لەگەڵ ٤ پێشمەرگەی لقەکەی کوژران. بۆ زیاتر بڕوانە: حیسامی، ١٩٧١، ل٦٧-٦٨.

[٦] قازی، ٢٠١٤، ل ١٠٢-١٠٣؛ خزری، ١٣٩٤، ل ١٤؛ سەردەشتی، ٢٠١٥، ل٥٩.

[٧] خزری، ١٣٩٤، ل١٢.

[٨] حیسامی، ١٩٨٨، ل١٩.

[٩] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٧٩؛ گفتوگۆی تۆژەر لەگەڵ ئەحمەد نەستانی بەشێوازی پێدانی پرسیار و وەرگرتنەوەی وەڵامەکەی لە ڕێگەی تۆری کۆمەڵایەتیی مەسنجەر، کۆیە، ٢٨-٨-٢٠٢٥. ئەحمەد نەستانی ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی نەستانی

پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، وێڕای هەوڵەکانی بۆ خۆپاراستن لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران، بەڵام تووشی هەندێک پێکدادان بوون. لە گەشتێکیدا و لە گوندی پانەسەر لە بەهاری ١٩٦٥، لەگەڵ هێزی ژاندەرمەی ئێران تووشی ڕووبەوڕووبوونەوە بوون. لەو شەڕەدا ژاندەرمەیەک بریندار بوو، دواتر هێزەکە خۆیان ڕادەستی دەستەی سولەیمان کرد. پاش گفتوگۆ هەر دوو لا ڕێککەوتن، هێزەکەی ژاندەرمە لە بەرانبەر ئازادکردنیاندا باسی پێشمەرگە و شەڕەکە نەکەن. چونکە لەو کاتەدا بە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندیی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق و حکومەتی ئێران، پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی ئێران لەسەر "ح.د.ک" زۆر دەکەوت، بۆیە سولەیمان موعینی خوازیار بوو ئەو پێکدانانە دەنگ نەداتەوە،[١] بەڵام حکومەتی ئێران ئاگاداری جموجوڵەکانی "ح.د.ک" بوو، گەڕانەوەی کادرەکانیان بە چەکەوە بۆ کوردستانی ئێران و کارکردنیان لە نێوخۆی وڵات، هۆکاری زیادبوونی گازندەی کاربەدەستانی ئێران لە کاربەدەستانی شۆڕش بوو.[٢]

شایەنی باسە لەم قۆناغەدا، عەبدولڕەحمان قاسملوو و کەریمی حیسامی، بە هۆکاری جیاواز مەیدانی خەباتیان بەرە و ئەوروپا، بە تایبەت وڵاتانی کۆمۆنیستی بەجێهێشتبوو.[٣] سولەیمان موعینی لە٢٣ی ئەیلوولی١٩٦٥، بەمەبەستی کۆکردنەوە و هێنانەوەیان بۆ ڕیزی خەبات و بەهێزکردنی بنکەی جەماوەریی ئەو خەباتەی دەستیان پێکردووە، نامەیەکی بۆ کەریم حیسامی نارد. لەنامەکەدا وێڕای وەبیرهێنانەوەی خەباتی ڕابردوویان، ڕووی گلەیی کردۆتە کەریم حیسامی و ئەوانەی مەیدانی خەباتیان چۆڵ کردووە و ڕوویان لە وڵاتانی ئەوروپا کردووە.[٤] هاوکات ڕەوشی ئەو کاتی حیزبەکەیان و کوردستانی ئێرانی خستبوویە ڕوو، شێوازی کاری سیاسی و پێشوازیی خەڵکی ئاماژە پێکردبوو. ڕاشیگەیاند تەنها چاوەڕوانی بارودۆخی کوردستانی عێراق دەکەن بە لایەکدا بکەوێ، ئەوجا لە کوردستانی ئێران دەست بە ڕاپەڕین بکەن، بۆ ئەو مەبەستە پێیانخۆشە ئەوانیش بەشدار بن. لەو سۆنگەیەوە داوای لە ناوبراو کرد بەرنامەڕێژی بکات و قسەی لەسەر بکات.[٥] پاش ئەو نامەیە، سولەیمان موعینی لەڕێگەی "حشع"ەوە، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و

ناوچەی سەردەشت، لە کوردستانی ئێران لەدایک بووە. ساڵی ١٩٦٣ لە ڕێگەی سولەیمانی موعینیەوە پەیوەندیی بە ڕیزەکانی "ح.د.ک"وە کردووە، لە کوردستانی ئێران لە شانەیەکی پێنج کەسیدا ڕێکخراوە. ساڵی ١٩٦٤ لەژێر فشاری دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران ڕووی لە کوردستانی عێراق کردووە و چۆتە بنکەی "ح.د.ک"لە گوندی سونێ. لەگەڵ دەستەی سولەیمانی موعینی بەشداری جووڵانەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ی کردووە. تاکو ئێستا لە خەبات لە ڕیزەکانی "ح.د.ک" بەردەوامە و چەندین پۆستی جیای لەنێو ئەو حیزبە وەرگرتووە.

[١] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٧٩-٣٨٠؛ پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٧٩؛ گفتوگۆی تۆیژەر لەگەڵ ئەحمەد نەستانی، ٢٨-٨-٢٠٢٥.

[٢] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٨٤.

[٣] قازی، ٢٠٢٢، ل٦٦.

[٤] لە درێژەی گلەییەکەیدا، سولەیمانی موعینی لە نامەکەی بۆ کەریم حیسامیی نوسیووە:" کوا لینین گوتوویەتی سەرکردایەتیی حیزبی گەلێکی ئازادنەکراو بچێتە نێو مانگێ، لەوێڕا مزگێنیی ئازادی بە ئەمواجی ڕادیۆ یا جەوهەری سەر کاغەز ..... ڕزگاربکا". حیسامی، ١٩٨٨، ل٢٢.

[٥] حیسامی،١٩٨٨، ل٢٤-٢٥.

بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی، نامەی بۆ حزبی توودەی ئێران[1] و حزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت نارد.[2]

شۆڕشی کوردستانی عێراق درێژەی کێشا، ساواکیش زیاتر خۆی خزاندبووە نێو شۆڕش و گوشاری زیاتری بۆ سەر سەرکردایەتیی شۆڕش دژ بە "ح.د.ک" هێنا.[3] جموجوڵی پێشمەگەی ئەو حیزبە لەسەر سنوورەکان و ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لە ناوچەکانی لاجان و مەنگوڕایەتی، حکومەتی ئێرانی وروژاند، ساواکیش بە هۆی ئەو نفوزە زۆر و تۆڕە سیخوڕییە بەرفراوانەی دایمەزراندبوو، بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ شۆڕشی کوردستان، ڕاستەوخۆ بۆ بنکۆڵکردنی "ح.د.ک" و لێدانی سەرکردایەتییەکەی دەستی بەکار کرد و فشاری زۆریان خستەسەر مستەفا بارزانی.[4] سدیق ئەنجیری، کە لەو کاتەدا کەسی یەکەمی ئەو حیزبە بوو، لە ماوەی گەڕانەوەی کادرەکانی حیزبەکەی بۆ نێوخۆی وڵات، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلوول و دوورکەوتنەوە لە چاوی سیخوڕەکانی ساواک، چوو بۆ ناوچەی باڵەکایەتی و لە دێی"دەربەند" نیشتەجێ بوو. تەنانەت ئامۆژگاریی کادرەکانی حیزبەکەی کرد بە چەکەوە دەرنەکەون.[5] هاوکات سەردانی ئەحمەد تۆفیقیشی کرد، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ئەندامەکانی حیزبەکەی و ئەحمەد تۆفیق هەوڵی زۆری دا، بەڵام هەوڵەکانی سدیق ئەنجیری لەو باریەوە هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە.[6] پاشان بارزانی لەژێر فشاری ساواک، ئەحمەد تۆفیقی بۆ "کانیماسی" لە ناوچەی بادینان، لە نزیک سنووری تورکیا دوور خستەوە.[7]

سولەیمان موعینی، پاش گەڕانەوەی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران، لە لایەن فەرماندەی هیزی کاوە، حەسۆمیرخان (١٩٢٧-١٩٨٣) بانگهێشت کرا، بەڵام لەسەر پێشنیازی سدیق ئەنجیری، پێکەوە سەردانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی "پ.د.ک" یان کرد، لەسەر ڕاسپاردەی ئەوان و لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی شۆڕشی کوردستان، سولەیمان موعینی و پێشمەرگەکانی لە مانگی ئازاری

---

[1] شایەنی باسە، لەو قۆناغەدا دەنگدانەوەی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق لەلایەک، بڵاوبوونەوی دەنگوباسی چالاکییەکانی "ح.د.ک"لە کوردستانی ئێران لەلایەکی دیکەوە، حیزبی تووەدی هێنایە سەرهێڵ تاکو لە ڕێگەی ئەندامە کوردەکانیەوە، وەکوو عەلی گەلاوێژ، ڕەحیم قازی، عەبدولڕەحمان قاسملو، حەسەن قزڵجی و کەریمی حیسامی، یەکێتیی حیزبی تووەد و "ح.د.ک"دابین بکەن، وەکووو فیرقەی ئازەربایجان ئەو حیزبە ببێتە ڕێکخراوێکی حیزبی تووەد لە کوردستان. لەو پێناوەدا پاش یەک دوو کۆبوونەوە، بڕیاری دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان"یان دا. سەرنووسەری ڕۆژنامەکە عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، دەستەی نووسەرانیش کەریم حیسامی، عەلی گەلاوێژ و حەسەن قزڵجی بوون. لەساڵی ١٩٦٥-١٩٧٠ ڕۆژنامەکە ٢٦ ژمارەی بڵاوکرایەوە. هاوکات کەریم حیسامی لە ساڵی ١٩٦٤، وەکوو بێژەر لە ڕادیۆی پەیکی ئێرانی حیزبی تودە دەست بەکاربوو. بۆ زیاتر بڕوانە: حیسامی، ١٩٨٨، ل١، ٧، ٨.

[2] حیسامی، ١٩٨٨، ل٣٧.

[3] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٧٤.

[4] هێدی، ٢٠٠٨، ل١٥٨؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٨٦.

[5] قازی، ٢٠١٤، ل١٠٥؛ خزری، ٢٠٢٠، ل١٣٤؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٨٦.

[6] سەردەشتی، ٢٠١٥، ل٥٦.

[7] سەردەشتی، ٢٠١٥، ل٥٢-٥٣؛ پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٨٠؛ باوەڕ، ٢٠٢٣، ل٢١٧؛ کوێستانی، ١٩٩٨، ل١٤٧؛ خزری، ١٣٩٤،ل١٤.

١٩٦٦ بنکەیان بۆ دۆڵەڕەقە گواستەوە.[١] ئەمیر قازییش لە گوندی سونێ بوو، خۆی لە کاروباری حیزبەکەی وەرنەدەدا، مەلاسەید ڕەشیدیش لە دەوروبەری بنکەی شێخانی باڵەکایەتی بوو.[٢]

سدیق ئەنجیری، لەو ماوەیەی کە لە دەربەند بوو لەگەڵ سەعید کوێستانی، سەردانی گوندی لێوژەیان کرد و چوونە مالّی خالید ئاغای حیسامی (هێدیی شاعیر) لە "مامەڕووت"، بەمەبەستی دیداری بارزانی، بەڵام ناوبراو لەو سەفەرەیدا لە بەهاری ساڵی ١٩٦٦[٣]، بە پیلانی ساواک تیرۆر کرا.[٤] هەرچەندە زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەنجیری بە دەستی حەسەنی ئیسحاقی و لەسەر ڕاسپاردەی ئەحمەد تۆفیقی مامی تیرۆر کراوە".[٥] لە وەڵامی پرسیارێک لەو بارەیەوە مەلا ڕەسوولّ پێشنەماز وتی:"سەدی ٨٠ بەدەستی حەسەنی ئیسحاقی کوژراوە، بەڵام بەبێ ئاگاداریی ئەحمەد تۆفیق، چونکە ئەو کاتە حەسەن لای ئەحمەد تۆفیق نەماوە و لە پاش چەککردنی، ناوبراو لە لایەن ئەحمەد تۆفیق دەرکراوە، حەسەن بە چەکی مام عەولّای سەعیدی[٦] ئەو تاوانەی ئەنجام داوە، پاش ئەو کارەش چووەتەوە تاران و خۆی تەسلیم کردووەتەوە و تا ئێستاش لەوێ دەژی".[٧]

تیرۆرکردنی سدیق ئەنجیری، زیانێکی گەورە بوو بۆ جوولانەوەی ڕزگاریخوازیی لە کوردستانی ئێران، چونکە ناوبراو بە کارەکانی "ح.د.ک" ی خستبووە سەر ڕێگایەکی باشتر و گوڕ و تینی خستبووە نێو زۆربەی کادرەکانی حیزبەکەی. ئەگەر پلانی تیرۆرکردنی نەبوایە، ئایندەی سیاسیی ئەو حیزبە بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا دەهات.[٨] پاش بێ سەروشوێن بوونی، سەرجەم هاوڕێکانی تا ڕادەیەک هەوڵی گەڕانیان دا و بە شوێن ئەو پرسەدا چوون، بەڵام بەهۆی فشاری دەزگای ساواک و پاراستن، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ لەسەر ئەو حیزبە لە زیادبووندا بوو، وەکوو پێویست نەبوو.[٩]

بە ماوەیەکی کەم پاش تیرۆرکردنی سدیق ئەنجیری. لە ئایاری ساڵی ١٩٦٦،[١٠] ئەندامێکی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی لقی یەکی "ح.د.ک"، نەحۆ پاشایی (ناسراو بە باپیر شکاک) لەگەڵ

---

[١] خزری، ٢٠٢٠، ل١٨٤.

[٢] خزری، ٢٠٢٠، ل١١٨٤؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٨٤.

[٣] سەردەشتی، ٢٠١٥، ل٨٤؛ هێدی، ٢٠٠٨، ل١٧١..

[٤] عەزیزی، هادی، ٢٧١٩، تابلۆیەکی ٤٦-٤٧، *گۆڤاری تیشک*، ژ. ٥٢ ، ل٢٦٠؛ گەوهەری، حامید، ٢٠٢٦، سدیقی ئەنجیری کێ بوو، کێ تیرۆری کرد، والّی تایبەتی فەیسبوک/https://www.facebook.com/share/p/DtY/?mibextid=wwXIf٥٥gN٤C١

[٥] چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ عەبدولّا حەسەنزادە، ١٢ی نیسانی ٢٠٢٥، کۆیە؛ سەردەشتی، ٢٠١٥، ل٨٢، ل٦٠؛ باوەڕ ٢-٢٣، ل٢٢٧.

[٦] عەبدولّا یان عەولّای مام سەعیدی یەکێک بووە لە پەنابەرەکانی کوردستانی ئێران و ئەندامی ح.د.ک لە کوردستانی عێراق، بە هۆی تەمەنەکەیەوە بە باوکی حیزب ناویان هێناوە. وتوویژ لەگەڵ پێشنەماز. ٢٩-٤-٢٠٢٥، سلێمانی. سەبارەت بە هەمان پرسی کوشتنی سدیق ئەنجیری، حەسەن ڕەستگار، دەڵێت: "دوای ماوەیەکی زۆر چاوم بە مام عەولّای سەعیدی کەوتەوە، لێم پرسی مام عەولّا! تۆ دەمانچەی خۆت داوە بە حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق، بە ناڕەحەتییەوە گوتی: بەڵێ ماوەیەک لە لای بووە و دوایی بۆی ناردوومەوە". ڕەستگار،٢٠٢٢، ل٣٩٠.

[٧] چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ ڕەسوولّ پێشنەماز سلێمانی، ٢٩-٤-٢٠٢٥.

[٨] بختیاری، ٢٠١٤، ل٦٩؛ خزری، ٢٠٢٠، ل١٦٢.

[٩] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٥؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٨٧-٣٨٩.

[١٠] خزری، ٢٠٢٠، ل١٩٩؛ ووتوێژ لەگەل محەمەد خزری، ٧-٨-٢٠٢٥ ؛ بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٢٩.

چوار پێشمەرگە بە ناوەکانی مەلا سمایل فەقیسی، مام ڕەزای مامی نەحۆ، فیروزی برا بچووکی و ناجی خوشکەزای، لە کوردستانی ئێران، دوای ئەنجامدانی چەند جەولەیەک لە ناوچەکانی سەڵماس و خۆی، لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ کوردستانی عێراق، لە "گلەخڕ" نزیک گوندی ساکان لە ناوچەی سۆما کوژران.[١] دیارە پاش ئەوەی لە لایەن هێزێکی ژاندارم گەمارۆ دران و پاش ڕووبەڕووبوونەوە و کوشتنی دوو ژاندارم، نەحۆ پاشایی و دەستەکەی کوژران.[٢] لێرەوە کاروباری کاروباری ئەو حیزبە بە کردەوە کەوتە ئەستۆی سولەیمان موعینی و ناوبراو درێژەی بە تێکۆشانی دا و[٣] ڕۆژنامەیەکی سیاسیی بەناوی "ڕۆژ"، وەکوو ئۆرگانی لقی سێی حیزبەکەی بڵاو کردەوە و ڕەوانەی کۆمیتە و شانەکانی نێوخۆی کوردستانی ئێرانی کرد، هاوکات بە مەبەستی خوێندنەوەی لە لایەن کەریم حیسامییەوە لە ڕادیۆی پەیکی ئێران، ڕەوانەی ئەوروپاشی کرد، بەڵام حزبی تووده ڕێگەی ئەو کارەیان بە حیسامی نەدا.[٤] سولەیمان موعینی، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ بۆ بارودۆخی ئەوکاتی "ح.د.ک" و هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ڕێبەرایەتیی نوێ بە نهێنی و بێ ئاگاداری دەزگای پاراستنی شۆڕش، بانگهێشتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادرەکانی بۆ کۆبوونەوە لە دۆڵەڕەقە کرد، بەڵام کۆبوونەوەکە نەیتوانی ئاڵوگۆڕێک لە ڕەوشی ئەو حیزبەدا دروست بکات،[٥] چونکە تەنها چوار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی مابوون کە بە کردەوە تەنها دووانیان دووانیان لە کۆڕی خەباتدا بوون. مەلا سەید ڕەشید بەرپرسیاریەتیی ڕاستەوخۆی وەرنەگرت[٦] و بەلای ئەحمەد تۆفیقدا کەوتبوو.[٧] ئەمیر قازییش خۆی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەدەزانی، بە کردەوە ئامادەی کار لەگەڵیاندا نەبوو و خۆی لە کاروباری حیزبی وەرنەدەدا، بە لای پاراستن و سەرکردایەتیی شۆڕشدا کەوتبوو.[٨] لەو هەلومەرجەدا، کۆمەڵێک لە کادرەکانی "ح.د.ک" نائومێد بوون بوون و کەوتنە بیری پلانێکی جێگرەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بە گرتنەبەری شێوازێکی نوێی خەبات و کۆکردنەوەی کادرەکان، ڕۆحێکی نوێ بەبەر حیزبەکەیاندا بکەن.[٩] لەسەر ئەو بنەمایە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" لە ١٤ی ئەیلولی ١٩٦٦ لەلایەن سمایلی شەریفزادە، حەمەدمین سیراجی، مەلا ئاوارە، سەننار مامەدی، مەلا عەبدوڵلا عەبدوڵلایی(مەلا عەبدوڵلای سەرباز)، سالار حەیدەری و سەعید کاوە، لە گوندی ئاڵانێی ناوچەی باڵەکایەتی دامەزرا[١٠] کە خاوەنی بیروباوەڕی چەپ و دیموکراتی بوون. بەم جۆرە لە ئەنجامی ناکۆکیی نێوخۆیی، جیاوازیی ئایدۆلۆژیا و تێڕوانین لە

---

[١] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٥٨؛ حیسامی،١٩٧١، ل٦٧؛ عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٦١.

[٢] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٥٨.

[٣] کوێستانی، ٢٠٠٥، ل٧٩؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٢.

[٤] حیسامی،١٩٨٨، ل٢؛ خزری، ٢٠٢٠، ل١٩٠؛ عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٦١.

[٥] کوێستانی، وەردانەوە، ٢٠٠٥، ل٧١-٧٣.

[٦] قازی، ٢٠١٤، ل١٠٢.

[٧] خزری، ١٣٩٤، ل١١.

[٨] خزری، محەمەد ٢٠١٠، *نامەیەکی سەر ئاوااڵە بۆ بەڕێزکاک ئەمیری قازی*. ب.ش، ب،چ.

[٩] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٢٩.

[١٠] کوێستانی، ١٩٩٦، ل١٥٢؛ خزری، ٢٠٢٠، ل١٨١.

سەر پرسە سیاسییەکان، هەروەها لەژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق لە سەر ئەو حیزبە، دابڕانێکی دیکە لە مێژووی "ح.د.ک"دا، خۆی تۆمار کرد.[1]

ڕەوشی نێوخۆی "ح.د.ک" و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی، لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و چوونە ژێر سێبەری سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق، وێڕای نفووزی ساواک و چاودێری کردن و لە قاڵبدانی چالاکییەکانی ئەو حیزبە لە کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق و دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق، هاوکات کوشتنی دوو لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمیتەی ناوەندی، بەشێک لە کادرە باڵا و خوێندەوارەکانی ئەو حیزبەی بۆ بڕیاردان لەسەر خەباتی چەکدارانە لە پێناو ڕزگاربوونی نەتەوەکەیان لەژێر ستەمی حکومەتی ئێران و ڕزگاربوونی حیزبەکەیان لەو ڕەوشە قەیراناوییە هێنایە سەر هێڵ و لەو پێناوەدا هەنگاویان نا.

[1] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٢٧

باسی سێیەم: کاریگەریی پەرەسەندنی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و کوردستانی عێراق لە سەرهەڵدانی جوواڵنەوە چەکدارانەکە (١٩٥٨-١٩٦٦)

تەوەری یەکەم: کاریگەریی ڕووداوەکانی عێراق و کوردستانی عێراق لەسەر "ح.د.ک" و کوردستانی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٣.

یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی عێراق لە دواساڵەکانی دەیەی پەنجاکان، شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ بوو، ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی عێراق لە کودەتایەکی خوێناویدا دەسەاڵتی پاشایەتیی هاشمی و سیستەمی پاشایەتیان لە عێراق بە یەکجاری کۆتایی پێهێنا. دوای کوشتنی مەلیک فەیسەاڵی دووەم (١٩٣٥-١٩٥٨) و نوری سەعید(١٨٨٨-١٩٥٨)ی سەرۆک وەزیران، سەرکردەکانی شۆڕش، عەمید عەبدولکەریم قاسم(١٩١٤-١٩٦٣) و عەبدولسەلام عارف(١٩٢١-١٩٦٦) دەستەاڵتیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد.[١] ئەم گۆڕانکارییە کۆمەاڵیەتی و سیاسییە، کەشێکی گونجاوی بۆ ئازادیخوازان و چاالکانی سیاسیی عێراق بە ناوچە کوردییەکانیشەوە دابین کرد، بەم جۆرە سەردەمێکی نوێ لە عێراق دەستی پێکرد. لە دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەدا ئازادیخوازانی کوردی پارچەکانی تورکیا، سوریا و ئێران ڕوویان کردە عێراق، لە بەغداد کە بە دارولسەلام ناوبانگی دەرکردبوو، کۆ بوونەوە. عەبدوڵاڵ ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) ئەندامی ڕێبەریی "ح.د.ک"، بەو بۆنەیەوە بە ناوی حیزبەکەیەوە بەیاننامەیەکی باڵاو کردەوە و پاڵپشتی لە شۆڕشی ١٤ی تەموز کرد.[٢] ئەم شۆڕشە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ژیانی کوردی ئێران و خەبات و تێکۆشانی "ح.د.ک" بەتایبەتی هەبوو ، عێراق بوویە پەناگە و قەاڵیەک بۆ تێکۆشەرانی ئەو حیزبە. هەرکاتێک کادرەکانی ئەو حیزبە هەستیان بە مەترسیی گرتن و ڕاونان بکردایە، دەستبەجێ پەنایان دەبردە بەر کوردستانی عێراق. بە جۆرێک بنکەی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە وردە وردە گوازرایەوە بۆ کوردستانی عێراق، هاوکات ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە کەوتە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ململانێ نێوخۆییەکانی عێراق و کوردستانی عیراق.[٣]

سەبارەت بە وڵاتانی دراوسێ، شۆڕشەکەی عێراق بۆ وڵاتانی دراوسێی و بە تایبەت ئێران ڕوداوێکی نەخوازراو و مەترسیدار بوو. شای ئێران لە ئیستەمبوڵ، لەگەڵ ئەندامانی پەیمانی بەغدا چاوەڕێی گەیشتنی هاوپەیمانە عێراقییەکەیان بە مەبەستی وتووێژ لەبارەی پەیمانی بەغدا بوون کە لەو کاتەدا هەواڵی شۆڕشەکەی عێراق گەیشت، هەواڵەکە شای زۆر نیگەران کرد و بەپەلە ئیستەمبوڵی جێهێشت، وەکوو کاردانەوەیەکی دەستبەجێ سوپای وڵاتەکەی لەسەر سنووری عێراق خستە حاڵەتی ئامادەباشەوە[٤] و ژمارەیەک سەربازگەی نوێ و تۆکمەی لە شارە سنوورییەکانی

---

[١] حەمەدئەمین، ئەحمەد، ٢٠١٠، چەند الپەڕەیەک لە میژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چ. ١، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەاڵتة ل١٦٨؛ ڕەئیسنەژاد، ئارەش، ٢٠٢٢، *شای ئێران، کوردی عێراق و شیعەی لوبنان ١٩٥٨-١٩٧٩، چاپی یەکەم*، و. شەفیقی حاجی خدر، هەولێر، چ. ڕۆژهەاڵت ل١٣٠؛ رفیعی، محمد حسین، ١٤٠٣، سیاست منطقه ای ایران در عراق بر پایه اسناد ساواک(از سقوط پادشاهی تا قدرت گیری حزب بعث، ش ١٢، ل١٠٠.

[٢] حیسامی، ١٩٩٧، ل١٢٠، ١٢٧.

[٣] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل١٨٣-١٨٤.

[٤] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٣٠-١٣١.

وەکوو خانێ و جەڵدیان کردەوە.[1] پێچەوانەی ئێران، هەواڵی شۆڕشی عێراق بۆ کوردستانی ئێران، هەواڵێکی ئێجگار خۆشبوو. نیشتمانپەروەران وێڕای پیرۆزبایی لە یەکتر، ئاواتەخوازی پێکهاتنی هەمان شۆرش لە ئێران دژ بە حکومەتی ئێران، لە پێناو بەدیهاتنی دەروازەیەک لە ئازادی و ڕزگاربوون لە ستەمی دەزگا ئەمنییەکانی ئێران، بوون.[2] لە دەرئەنجامی ئەم بارودۆخە، هەستی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران پەرەی سەند، "ح.د.ک" بووژایەوە و ژیانێکی نوێ دەست پێکرد. ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە لە زیادبووندا بوو. بەو هۆیەوە دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوای وڵاتی ئێران، بەمەبەستی دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە ناوچەکە و ڕێگریکردن لە کاریگەرییەکانی ئەو حیزبە و سڕینەوەی چالاکییەکانی، سەبارەت بە چالاکییە نهێنی و ژێرزەمینییەکانی ئەو حیزبە ڕێنمایی وردیان پێدرا.[3] بەڵام بەهۆی لەبەرچاونەگرتن و وەلانانی ڕێوشوێنی کاری نهێنی و بە کەم سەیرکردنی دەزگا سیخوڕییەکانی دەوڵەت،[4] ئیدارەی گشتیی ساواک لە هەڵمەتی دەستگیرکردنەکەی ساڵی ١٩٥٩ گورزی کوشندەی لەو حیزبە و لایەنگرانی لە کوردستانی ئێران وەشاند. لەو هەڵمەتەدا نزیکەی٢٠٠ بۆ ٣٠٠ کەس لە کوردستانی ئێران بە تۆمەتی ئەندامێتی لە حزبی نایاسایی تووده دەستگیرکران، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەوانە ئەندامی چالاکی "ح.د.ک" بوون.[5] هاوکات ژمارەیەکیش لە نیشتمانپەروەران بۆ کوردستانی عێراق هەڵهاتن و لە خانووەکانی کارگەری چیمەنتۆی سلێمانی بە ناوی "کۆمۆن"، بە ئاگاداری حکومەتی عێراق نیشتەجێ کران.[6]

عەبدولکەریم قاسم پەیمانی بەغدای هەڵوەشاندەوە، پاشان سیاسەتی لە خۆگرتنی گرووپە پەراوێزخراوەکانی گرتەبەر، هەر بۆیە لە مادەی سێی دەستوری کاتیی عێراق ڕایگەیاند: ''عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن، ئەم دەستورە لە ناو یەکێتیی عێراقدا دان بە هەموو حوقووقێکی کورد دائەنێ''.[7] هاوکات ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان و ڕێگەدان بە گەڕانەوەی بارزانی و پەنابەرە بارزانییەکان لە یەکێتیی سۆڤیەت، ڕێگەدان بە چالاکی سیاسیی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو عێراق، شای ئێرانی نیگەران کرد.[8] لە دەرئەنجامی ڕەخساندنی دەرەتانی تێکۆشانی سیاسی بۆ ئازادیخوازانی گەلانی ناوچەکە، حزبی تووەدەی ئێران، بە مەبەستی تێکۆشان و بووژانەوەی ڕێکخراوەکانیان لە نێوخۆی ئێران، چەند کەسێکی لە کادرەکانی خۆی نارده بەغداد. هەموو ئەوانە مایەی نیگەرانیی دەسەڵاتدارانی ئێران بوون،[9] چونکە شا، لەبارەی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم و فراوانبوونی نفووزی سۆڤیەت لە ناوچەکە ترسی هەبوو، پڕوپاگەندەی نەرێنی لە لایەن

---

[1] حیسامی، ١٩٨٧، ل٣٩.

[2] حیسامی، ١٩٨٧، ل٣٧؛ کوێستانی، ١٩٩٦، ل٥٤.

[3] فرد، ١٣٩٠، ل٨٨؛ کوێستانی، ١٩٩٦، ل٢٩.

[4] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل١١٢.

[5] فرد، ١٣٩٠، ل٨٨.

[6] بختیاری، ٢٠١٤، ل٦٣.

[7] سەججادی، ٢٠١٧، ل٣٠١؛ حەمەدئەمین، ٢٠١٠، ل١٧١.

[8] حیسامی، ١٩٩٧، ل١٢٨؛ حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل١٨٢؛ عبدالکریم، د. وجیه احمد، طبیعة العلاقات الایرانیة العراقیة خلال الفترة ١٩٥٨-١٩٦٣، *حولیة الکلیة اللغه العربیة بایتای البارود*، ع.٣٣ ، ل٣٢٢٣.

[9] حیسامی، ١٩٩٧، ل١٢٧.

زلهێزەکانی ڕۆژئاوا لەو بارەیەوە بڵاوکرایەوە، شۆڕشەکەیان وەکوو پلانێکی کومونیستی دژ بە تورکیا و ئێران باس کرد.[١] ساواکیش زوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە یەکێتیی سۆڤیەت ڕۆڵێکی سەرەکیی لەم گۆڕانکارییە سیاسیەدا هەبووە، هاوکات لە هەوڵی گۆڕینی هاوسەنگیی هێزیش لە کەنداوی فارسدایە ، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی حکومەتێکی دوژمنکارانە لە عێراق.[٢] ساواک سەبارەت بە نیگەرانییەکانی شا، لە لێکۆڵینەوەکانی بۆ ڕەوشی ناوچەکە بەردەوام بوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ساواک، ئەفسەرەکانی ڕوسیا لە حاجی ئۆمەران و سیدەکان و برادۆستی نزیک سنووورەکانی ئێران مەشق بە پێشمەرگەی کورد دەکەن، لە هەمانکاتدا بۆ پەیوەندیکردن بە کوردەکانی سەردەشت و مەهاباد لە هەوڵدان.[٣] بەشێوەیەکی گشتی شا لە پەیوەندیی بارزانی و کوردەکانی ئێران و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نیگەران بوو، نیگەرانییەکانی لە بارەی ئەگەری پلانی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆوە لە سنووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەی بوو.[٤]

حکومەتی ئێران وێڕای نیگەرانییەکانی لە بارەی ڕەوشی نێوخۆی کوردستانی ئێران و پەرەسەندنی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم لەسەر سنووورەکانی، ترسی لە بیرۆکەی پان-عەرەبیزم و یەکێتیی سێ قۆڵیی میسر و سوریا و عێراقیش هەبوو، هەموو ئەوانە ئێرانی شپرزە کردبوو.[٥] هاوکات ناکۆکیی سنووری[٦] لەگەڵ عێراق کە ڕیشەیەکی مێژوویی هەبوو، یەکێکی دیکە لە مەترسییەکان بوو ،[٧] لەبەر ئەوە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە لێکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز لەسەر ئاستی دەرەوە و نێوخۆ، حکومەتی ئێران چەند هەنگاوێکی نا. لەسەر ئاستی دەرەوە، ئێران لە ٥ی ئازاری ١٩٥٩ ڕێککەوتنامەیەکی ئابووری و سەربازیی لەگەڵ ئەمریکادا واژۆ کرد.[٨] ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، پەیمانی پەلامارنەدانی یەکتریان واژۆ کرد و لەگەڵ ئیسرائیلیش پەیوەندییەکانی تۆندوتۆڵ کردەوە.[٩]

دەزگای ساواکیش بۆ بەرپەرچدانەوە و ڕێگەگرتن لەو هەڕەشانەی لە عێراقەوە دەهاتن، لەسەر ئاستی نێوخۆ و دەرەوە دوو ڕێگای گرتەبەر. لەسەر ئاستی نێوخۆ، وەکوو کاردانەوەیەکی دەستبەجێ لە ساڵی ١٩٥٩، بە زیادکردنی هێزی سوپا و بەهێزکردنی بنکە سنووورییەکان دەستی کرد بە سەربازگەکردنی کوردستانی ئێران.[١٠] هەروەها بنیادنانی ژمارەیەک سەربازخانەی نوێ بە

---

[١] عبدالکریم، ب.ت، ل٣٢٢٤.

[٢] رفیع، ١٤٠٣، ل١٠١

[٣] چپ در ایران، ١٣٧٨، ل٢٨.

[٤] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٣٥،

[٥] عەبدولقادر، ٢٠٠٨، ل٩٨.

[٦] ناکۆکیی وی عێراق-ئێران یەکێک بوو لەو کێشە گرنگانەی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم وروژێنرا و هۆکارێکی گرژیی نێوان هەردوو وڵات بوو، ئەویش خۆی دەبینیەوە لە کێشەی شەتولعەرەب و کێشەی ڕووبارە ئاوییەکان و کێشەی سنووری وشکانی. بۆ زیاتر بڕوانە: علو، ٢٠٠٧، ل١١٥-١٣٨.

[٧] علو، ٢٠٠٧، ل١١٥؛ عەلی، شەریف، ٢٠٢١، *جوواڵانەوەی نەتەوەیی باشوری کوردستان ١٩٣٢-١٩٦١ لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا*، چ. ٢، و.پارسا شێرکۆ، دهۆک: ب.چ، ل٥٨.

[٨] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٤٧٣؛ باوەڕ، ٢٠٢٣، ل١٤٩.

[٩] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٤٧٣.

[١٠] کریمیان، https://www.radiozamaneh.com/٨١٦٣

هاوکاری و بەشداریی ژمارەیەک لە ئەفسەری ئەمریکی لە شارە سنوورییەکانی وەکوو خانێ و جەڵدیان.[1] سێبەر و هەڕەشەی ساواک بست بە بستی کوردستانی ئێران تەنیبوو، دەستێوەردانی لە بچووکترین جوواڵانەوەی تاکەکانیش دەکرد. "ح.د.ک"، کە تاکە هێزی سیاسیی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران بوو، زۆرینەی ئەندامەکانی دەستگیرکران یان ئاوارەی دەرەوەی وڵات بوون.[2]

لەسەر ئاستی عێراق، ساواک تیشکی خستەسەر خاڵە لاوازەکان و قووڵکردنەوەی دابەشکارییە نەتەوەیی و ئایدۆلۆژییەکانی ئەو وڵاتە، بە مەبەستی سەرقاڵکردن و لاوازکردنی حکومەت و کۆماری نوێ[3]. لەو پێناوەدا شا فەرمانی بە ساواک کرد نەخشەی ڕووخانی کۆماری عێراق و گەڕانەوەی بنەماڵەی هاشمی ئامادە بکات. بۆ ئەو مەبەستە، تەیموور بەختیار (١٩١٤-١٩٧٠) بەڕێوبەری ساواک نەخشەی کودەتایەکی لە عێراق وروژاند، کە دواتر بە پلانی ڕزگارکردنی عێراق ناسرا. عیسا پەژمان بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم نەخشەیە لە عێراق دیاری کرا، بەڵام پلانەکە پێش ئەوەی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە شکستی هێنا.[4] پاشان ساواک بۆ ڕووخانی کۆماری عێراق ڕووی لە هۆزە شیعەکانی عێراق کرد کە لە گەشەکردنی کۆمۆنیزم نیگەران بوون. بەڵام ئەم پلانەش بە دەردی پلانی ڕزگاریی عێراق چوو. پلانی ڕووخاندنی کۆماری عێراق، هێشتا کارتێکی ڕزگاریی ئێران لە هەڕەشەکانی عێراق بوو، بۆ ئەو مەبەستە گرنگترین ڕێگا کورد بوو، کە وەکوو هێزێکی سەرەکی لە عێراق بەکار بهێنرێت؛ لە بەرانبەریشدا دەستی ئێران لە دنەدان و هاوکاریی شۆڕشی کورد ئاواڵە بکرێت و بتوانێت بەرنامەی خۆی، لەبواری سیاسی و نیزامی و سیخوڕییەوە بەرەوپێش بەرێت.[5]

ڕەوشی نێوخۆی عێراق و ئاڵۆزبوونی، هاوکاریی پلانەکەی ئێران بۆ لاوازکردن و ڕووخانی کۆماری نوێی عێراقی کرد. سەرەتای ئاڵۆزییەکان بە ململانێی نێوان عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف لەسەر سێ پرس دەستی پێکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە پرسی کورد، ڕۆڵی "حشع" لە سیاسەت، لەگەڵ یەکگرتن لەگەڵ کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو. عەبدولسەلام عارف، بە توندی لەگەڵ پرسی سێیەم و دژی دوو پرسەکەی تر بوو. سەرئەنجامی ئەم ململانێیە، قاسم، عەبدولسەلام عارفی لە دەسەڵات دامااڵی.[6] ئاژاوەی موسڵ و دەستبەسەرداگرتنی لە لایەن عەبدولوەهاب شەواف(١٩١٦-١٩٥٩)، لە ٦ی ئازاری ١٩٥٩، هەروەها ئاژاوەکەی کەرکووک لە١٠ی تەمووزی ١٩٥٩ و پاکسازیی "حشع"، لە کۆتاییەکانی مانگی ئابی ١٩٥٩ لە گرنگترین ئاڵۆزییەکانی عێراق بوون. لە نێوخۆی "پ.د.ک" لە ئەنجامی ململانێکانی باڵی چەپ و ڕاستی ئەو حیزبە،[7] بارزانی ئەو ئەندامانەی نێو پارتی، کە سەر بە باڵی چەپ و لایەنگری "حشع" بوون، لە ڕیزەکانی حیزبەکەی دوور خستنەوە. لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ لە کۆنگرەی چوارەمی "پ.د.ک"، بارزانی، هەمزە

---

[1] حیسامی، ١٩٨٧، ل٣٩.

[2] نەقشی، ٢٠١٩، ل٣٥.

[3] رفیعی، ١٤٠٣، ل١٠١.

[4] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٤٠-١٤٢.

[5] کوێستانی، ١٩٩٦، ل٣٠.

[6] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٣، ل١٤٣.

[7] ڕەئیسنەژاد،٢٠٢٢، ل١٤٤-١٤٦.

عەبدولّا(١٩١٤-١٩٩٨)ی سەر بە باڵی چەپ، لە سکرتێریی گشتی لادا و ئیبراهیم ئەحمەد(١٩١٤-٢٠٠٠)ی لە جێگای دانا.[١] شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق ڕۆڵی هەبوو لە ئاگادارکردنەوەی بارزانی لە هەژمونی باڵی چەپ و وەلانانی هەمزە عەبدولّای سکرتێری ئەو حیزبە.[٢]

ئەم ڕووداوانەی عێراق، کاریان کردە سەر کادرەکانی "ح.د.ک"، ململانێی باڵەکانی "پ.د.ک" گوازرانەوە بۆ نێو کادرەکانی ئەو حیزبە، ئەوەش هەستی بەرپرسیارەتییانی بەرانبەر کوردستانی ئێران کەم کردەوە، ناکۆکییەکانی نێوانیان زیاتر پەرەی ستاند.[٣] لەوانە ناکۆکییەکانی نێوان دوو لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە لە عێراق، وەکوو لە پێشدا ئاماژەی بۆ کرا، ئەوانیش عەبدولڕەحمان قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق بوون، نەیانتوانی بێلایەنیی خۆیان بپارێزن و ڕۆڵێکی ئەرێنییان لە ناکۆکییەکانی نێو "پ.د.ک"دا هەبێت. ئاکامی ناکۆکییەکانیان، حیزبەکەیانی بەرەو هەڵدێر برد. ئەحمەد تۆفیق زیاتر لایەنگری لە باڵی ڕاستی "پ.د.ک" لە دژی "حشع" و باڵی چەپ کرد. لەو بارەیەوە کەریم حیسامی دەڵێت:''مەلا باقی زۆر جار دەهاتە لام و دەیگوت: فیکرێک بکەوە، ڕەحمانی قاسملوو ڕەگەڵ تووڕە و هەمزە عەبدولّا کەوتوە، ئەحمەد ئەوە دەبینێ چ دەکا ئەگەر زوو تەکبیرێک نەکەی تووشی هەڵدێری گەورە دەبین''.[٤]

کاریگەرییەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز، لەسەر کوردستانی ئێران هێندە فراوان بوو، ناوچەکانی مەریوان و سنەشی گرتبووەوە، وێنەی عەبدولکەریم قاسم و مستەفای بارزانی لە نێو گەنجانی حوجرەکان، وەکوو پێناسی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری تەماشا دەکرا.[٥] ژمارەیەک لەو گەنجانە بۆ بۆ پەیوەندی کردن بە "ح.د.ک" وە لە هەولّدا بوون، بەڵام بەهۆی ئاشکرابوونی شانەکانی ئەو حیزبە، لە هەڵمەتەکەی ١٩٥٩ و هەڵهاتنی ڕێبەرایەتییان بۆ کوردستانی عێراق لەو قۆناغەدا، پەیوەندییان بەو حیزبەوە نەکرد.[٦] ساواک بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە فراوانبوونی "ح.د.ک"، پلانی دروستکردنی پارت و ڕێکخراوی دیکەی کوردیی دانا. لەوانە ڕێکخراوی "کۆمەڵەی شۆڕش" کە ساڵی١٩٦٠ بە ڕابەریی شێخ نەسرەدینی نەقشبەندی، بە مەبەستی ئاشکراکردنی کەسانی نیشتمانپەروەر دامەزرا. بەڵام "ح.د.ک" بەو پلانەی زانی و بەیانناممەیەکی لەو بارەیەوە بڵاو کردەوە، هەندێک لە نیشتمانپەروەرانی لەو داوە ڕزگار کرد، بەڵام هەندێکیشیان کەوتنەبەر پەلاماری ساواک و زیندانی کران.[٧]

لە کوردستانی عێراق و بەغداد، وێڕای ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ دروژەدان بە چالاکیی حزبی و کاری ڕێکخراوەیی، ئەو کادرانەی "ح.د.ک"، کە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە سەرکوت و زیندانی دەکران، دەگیرسانەوە.[٨] پارتە سیاسییەکانیش بە تایبەتی "پ.د.ک" و "حشع" لە ڕێگەی

---

[١] سنجاری، ١٩٩٧، ل٣٩.

[٢] الخرسان، صلاح، ٢٠٠١، *التیارات السیاسیة فی کردستان العراق قراءة فی ملفات الحرکات والأحزاب الکردی*، فی العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، الطبعة الاولی، لبنان، بیروت، ل٧٦.

[٣] قازی، ٢٠٢٥، ل١٥٧.

[٤] حیسامی، ١٩٨٧، ل٦١،٦٨، ٨٩؛ باوەڕ، ٢٠٢٣، ل٢٠٩.

[٥] ئەحمەد زادەو هاوڕێیانی، عومەر،٢٠١٩، *یادێک لە عومەری ئەحمەدزادە*، چ. ١، سلێمانی:چاپخانەی چوارچرا، ل٢١-٢٢.

[٦] ئەحمەد زادەو هاوڕێکانی، ٢٠١٩، ل٢٦، ٣٤.

[٧] سەردەشتی، ٢٠١٦، ل٣٨-٣٩.

[٨] قازی، ٢٠١٤، ل٣٤؛ بختیاری، ٢٠١٤، ل٥٩.

میدیا و ڕۆژنامەکانیانەوە[1] پشتیوانییان لە دۆزی کورد لە کوردستانی ئێران دەکرد، چەندین وتاریان لە بارەی مافەکانی گەلی کورد و ستەمی دەوڵەتی ئێران بڵاو دەکردەوە. ئەو ڕۆژنامانە بە نهێنی دەگەیشتنە کوردستانی ئێران،[2] ئەوەش جێگەی مەترسی و نیگەرانیی بەرپرسانی ئێران بوو. لە یادداشتێکی نهێنییدا، سەرۆکی فەرمانگەی زانیاریی تەبریز (سەرهەنگ میرنەسیری)، دۆخەکەی بۆ وەزارەتی نێوخۆی وڵاتەکەی ڕوون کردووەتەوە، تیایدا باسی لە ئازادیی بڵاوکراوە و گۆڤاری کوردی لە عێراق کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە زۆربەی ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانە لە ڕوانگەتدا لایەنگری لە ڕژێمی تازەی عێراق دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا، بە مەبەستی پەرەسەندنی نفووزی کوردان و سەربەخۆیی کوردستان چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.[3] هاوکات عیسا پەژمان لە زاری عەباس ئارامی باڵوێزی وڵاتەکەی لە بەغداد باسی هەڵوێستی شا بەرانبەر میدیاکان دەکات و دەڵێت:'' شا بە ناڕەحەتییەوە گوتی هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژنامە و گۆڤار و جاروباریش بە تەشەر لە ڕادیۆ بەغدا هێرشمان دەکەنە سەر. ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نە تەنیا هێرش، بەڵکو سووکایەتیشمان پێدەکات و ئەوەمان پێ قبوڵ ناکرێ''.[4] بۆیە دەبینین یەکێک لە لێکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز لەسەر ئێران، چڕبوونەوەی چالاکییەکانی ڕاگەیاندن و شەڕی دەروونی دژ بە ئێران بوو. لە بەرانبەردا، دەسەڵاتدارانی ئێران و ساواک کەوتنە بیری بایەخدان و هەنگاونان بە میدیا و بڵاوکراوەی کوردی لە ئێران. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو هەنگاوە نوێیە هێورکردنەوەی بیروڕای کورد بە گشتی و کوردستانی ئێران بە تایبەتی، بەرانبەر بە فەرمانڕەوایانی ئێران بوو. هەر بۆیە ڕۆژنامەی "کوردستان" و بەرنامەی کوردی لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئێران بۆ ماوەیەکی کورت پەخش دەکرا.[5] سەرجەم بەرنامە و وتارەکان لەسەر ڕاسپاردەی ساواک، دوور لە بابەتی سیاسی بوو.[6]

ئاڵۆزییەکانی نێوخۆی عێراق بەردەوام بوو. پاش پاکسازیی "حشع"، قاسم وردە وردە دەستەڵاتی مستەفا بارزانیی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆی و بەغدا دەبینی، بەو هۆیەوە قاسم هۆزە کوردەکانی هاندا دژی بارزانی بوەستنەوە. لە دەرئەنجامدا لە پاییزی ١٩٥٩، ڕەوشی کوردستان بەرەو یاخیبوون چوو. عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتای شەستەکاندا "پ.د.ک" ی سەرکۆنە کرد و لایەنگریی لە هۆزەکانی سوورچی و زێباری و هەرکی کرد، بەڵام بارزانی ئەو هۆزانەی سەرکوت کرد. دەستەڵاتی بێ رکابەری بارزانی بەسەر کوردستان، وای لە قاسم کرد لە بەڵێنەکانی خۆی بەرانبەر بە کورد پەشیمان بێتەوە.[7] لە ئەنجامدا "پ.د.ك" کەوتە ژێر گوشاری هێزی ئەمنیی عێراق. بەو هۆیەوە پەیوەندیی نێوان قاسم و کورد ساردیی تێکەوت، ئەوەش

---

[1] ڕۆژنامانەی خەباتی زمان حاڵی "پ.د.ک"، ڕۆژنامەی ئازادی زمانحاڵی "حشع" هەروەها دەنگی کورد- صوت الاکراد لە گرنگترینی میدیا نووسراو و بیستراوەکانی کوردستانی عێراق بوون کە پشتیوانییان لە دۆزی کوردستانی ئێران دەکرد. بۆ زیاتر بڕوانە، باوەڕ، ٢٠٢٣، ل١٠٩-١١١.

[2] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٤٦٩؛ باوەڕ، ٢٠٢٣، ل١٠٩-١١٠.

[3] باوەڕ، ٢٠٢٣، ل١١٢.

[4] پژمان، ١٩٩٧، ل٢٣.

[5] پژمان، ١٩٩٧، ل٤٢-٤٣.

[6] فرد، ١٣٩٩، ل٩١.

[7] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٤٦.

هۆکارێک بۆ بناغەی شۆڕشی چەکداریی کورد دژ بە کۆماری عێراق بوو.[١] بارزانی لە ئازاری ١٩٦١ بەغدای جێهێشت و گەڕایەوە ناوچەی بارزان.[٢] پاش گەڕانەوەی بارزانی، حکومەتی عێراق هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی "پ.د.ک" دەست پێکرد، فەرمانی دەستگیرکردنی ئیبراهیم ئەحمەدی دەرکرد و سەرجەم بڵاوکراوە کوردییەکان قەدەغە کران.[٣] سیاسەتی تاکڕەوانە و دیکتاتۆرانەی قاسم، وای لە گەلی کورد کرد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، پەنا ببات‌ەبەر شۆڕشی چەکداری.[٤] تێکچوونی پەیوەندییەکانی کورد و قاسم کاریگەریی لەسەر ڕەوشی پەنابەرەکانی کوردستانی ئێران لە کوردستانی عێراق هەبوو. کۆمۆنی سلێمانی هەڵوەشایەوە، بڕیاردرا پەنابەرەکان مافی پەنابەرییان لێ بسەندرێتەوە و بۆ شارە عەرەبنشینەکان ڕایان بگوێزن.[٥] هەندێکیشان کەوتنەبەر گرتن و ڕاوەدوونانی حکومەتی عێراق. لەو بارەیەوە ڕەشید فەلاحی(١٩٢٧-٢٠١٤)، کادری پەنابەری "ح.د.ک" لە کوردستانی عێراق دەڵێت: ''حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بە جۆرێک لە کورد تووڕە بوو میوانیشی هەر دەگرتن .....ڕۆژ دوای ڕۆژ دەزگای ئەمن تەنگی بە هاوڕێیانمان هەڵئەچنی''.[٦] لە ئەنجامی نەمانی کۆمۆنی سلێمانی، تێکچوونی ڕەوشەکە، هەندێک لە پەنابەرەکان گەڕانەوە بۆ ئێران و خۆیان ڕادەستی حکومەتی ئێران کردەوە.[٧]

هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول کاری کردە سەر هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتیی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتیش کوردستانی ئێران. لە دەستپێک و لەو کاتەی کە شۆڕش هیشتا پاڵپشتی دەرەکیی نەبوو، ئەم پارچەیەی کوردستان هاوسۆزی و هاوچارەنووسیی خۆیان لەگەڵ شۆڕش ڕاگەیاند. وێڕای بەشداریکردنی پێشمەرگەکانی "ح.د.ک" لە شۆڕشدا، بەشداریی‌ەکی گەورەشیان لە دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانی شۆڕش لە ئازوخە و خواردەمەنی و جلوبەرگ و....هتددا کرد.[٨] ئەوەش لە کەمکردنەوەی کاریگەریی ئابلۆقەی ئابووریی ڕژێمی عێراق بۆ سەر کوردستان و کەمکردنەوەی کاریگەریی وشکەسالّی و نەهامەتییەکانی سروشت لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان یارمەتیدەر بوو.[٩] هەر چەندە حکومەتی ئێران، لە سەرەتای شۆڕش سنووورەکانی خۆی لەگەڵ عێراق داخست و ڕێگری لە هاتوچۆی نێوان هەر دوو وڵات کرد، بەڵام نەیتوانی بە تەواوی هاتوچۆی نێوان ئەو دووبەشەی کوردستان کۆتایی پێبهێنێت،[١٠] چونکە جگە لەوەی سنووری نێوان کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران درێژترین سنووورە ، هەروەها وێرای

---

[١] کوێستانی، ١٩٩٦، ل٥٦.

[٢] الخرسان، ٢٠٠١، ل٩٢؛ ئەلعامری، دکتۆر عەبدولخالق ناسڕ، ٢٠٢١، *بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق ١٩٣١-١٩٧٥*، و.ئەرکان شارباژێڕی، دهۆک: ب.چ، ل١٦٠.

[٣] کوێستانی، ١٩٩٦، ل٥٧؛ علو، ٢٠٠٧، ل٢١٢.

[٤] علو، ٢٠٠٧، ل٢١٧.

[٥] ئەحمەدی، ٢٠٠٩، ل٧٥.

[٦] فەلاحی، ٢٠١٠، ل١١-١٢.

[٧] قازی، ٢٠٢٥، ل١٥٥.

[٨] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٤٨٢-٤٨٣.

[٩] جەلال، ئیبراهیم، ١٩٩٨، *خواروو‌ی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥*، چ. ٢، سوید: چاپخانەی هێرمان، ل١٢٥-١٢٦.

[١٠] باوەڕ، ٢٠٢٣، ل١٥١.

بوونی پەیوەندیی ڕەچەڵەکی و کولتووری و نەتەوەییی نێوان دانیشتووانی ئەو دوو پارچەیەی کوردستان، چەندین پەیوەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەیەکەوەی گرێ داون و هیچ یاسایەکی زۆرەملێ و هێزێک توانایی لێکدابڕینیانی نییە.[١] بەڵام شا هیوای وابوو ئەو شۆڕشە هەر دوو لا (کورد و عێراق) لاواز بکات،[٢] بەوەش مەترسیی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم لە عێراق کەم دەکاتەوە و و قاسمیش لە خەڵکەکەی دادەبڕێت ، لە ئەنجامدا کەمترین مەترسیی بۆ سەر ئێران دەبێت.[٣]

لە بەرانبەریشدا مستەفا بارزانی لە هەوڵی پەیداکردنی پشتیوانی دەرەکی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قاسم بوو. بە لای بارزانییەوە شا بۆ پەیداکردنی ئەو پشتیوانییە دەرەکییە کلیلی ڕۆژئاوا بوو. هەرچەندە چەند کەسایەتییەکی پلە باڵای "پ.د.ک" وەکوو ئیبراهیم ئەحمەد دژی ئەو پەیوەندییە بوون[٤] و خودی بارزانییش هیچ بڕوای بە شا نەبوو،[٥] بەڵام بە ئومێدی دەستگەیشتن بە ئەمریکا ناچاربوو ڕوو لە ئێران بکات.[٦] لەو پێناوەدا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦١، بارزانی کادرێکی چالاکی پارتی، بەناوی عەبدولڕەحمانە ڕووتە، بە ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران بۆ مەهاباد، بۆ لای تیمسار وەرهرام نارد. ساڵی ١٩٦٢ جارێکی دیکەش ناردییەوە. لە لایەکی دیکەشەوە عیسا پەژمان پەیوەندیی بە ساڵح یووسفی بەرپرسی "پ.د.ک" لە بەغداد کردبوو، لە کانوونی دووەمی ١٩٦٣ ساڵح یووسفی پێشنیازی ئێرانی سەبارەت بە یارمەتیی ئەو وڵاتە، خستە بەردەست سەرکردایەتیی حیزبەکەی. سەرکردایەتییش عەلی عەسکەری و عومەر دەبابەی وەکوو نوێنەری هەردوو باڵەکەی نێو حیزبەکەی، بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ ئێران نارد.[٧]

ڕەوشی نێوخۆی کوردستانی عێراق و "پ.د.ک" لەو قۆناغەدا، هەمیشە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەوشی نێوخۆی "ح.د.ک" لە نێوخۆی کوردستانی عێراق و تەنانەت لە کوردستانی ئێرانیش هەبوو. سەبارەت بە کاریگەرییەکانی دوو باڵەکەی نێو پ.د.ک (جەلالی و مەلایی)، عەبدوڵلا حەسەنزادە دەڵێت:''دیاردەی بێمانا لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا هەم لە ئێران هەم لە عێراق بەرچاو دەکەوت، ئەویش ئەوەی کە پاش سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا، ڕێبەرانی حزبی دێمۆکراتیش لە نێو خۆیاندا، بە کردەوە بوون بە دوو دەستە و ئەو دووبەرەکییەیان بۆ بەدەنەی حیزب بە دیاری ناردەوە. زۆر جار دەبینرا کە ئەندامانی حیزب لە کوردستانی ئێران

---

[١] جلال، ١٩٩٨، ل١٢٧.

[٢] لەبارەی ئامانجی ئێران لە هاوکاریکردنی شۆڕشی ئەیلوول د.مەحموود عوسمان گوتی: ''ئەوەی ئێران لە بەرامبەر هاوکارییەکان دەیویست ، شۆڕش و شەڕ لە دژی سوپای عێراق، بەمەبەستی لاوازکردنی عێراق بوو، ئەوە گرنگترین شت بوو بۆ ئێران. بە لای ئێرانەوە هەرکەسێک لە بەرەکانی شەڕ بکوژرایە، چ کورد یان عەرەب، لەبەرژەوەندی ئێران بوو''. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، ٢١-٤-٢٠٢٥، هەولێر.

[٣] عبدالکریم، ل٣٢٢٦.

[٤] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٤٨-١٤٩.

[٥] بارزانی، مەسعود، ٢٠٠٤، *بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد*، ،بەرگی ٣، بەشی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل٢٠٣؛ سەبارەت بە هۆکاری پەیوەندیی بارزانی بە ئێرانەوە د.مەحموود عوسمان گوتی:''مەلا مستەفا هیچ بڕوای بە ئێران نەبوو، ئەیوت ئێران خیانەتمان لێدەکات، بەڵام مەلا مستەفا هەمیشە ئەگەڕا بەدوای ڕێگایەکدا تاکو دەستی بگاتە ئەمریکا، بەڵام ئەوەش نەکرا''. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحموودعوسمان، ٢١-٤-٢٠٢٥، هەولێر

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان،٢١-٤-٢٠٢٥، هەولێر.

[٧] کەریمی، ٢٠٠٥، ل٣١٣.

لەسەر ئەوە کە داخوا مەلایی لەسەر هەقن یان جەلالی، لێیان دەبووە هەرا و پێوەندیی حزبییان لەگەڵ یەکتر دەپساند''.[١] لە کوردستانی عێراقیش، "ح.د.ک" چەند جارێک تووشی دابڕان و دەستەگەری هات. یەکەم دابڕانیش وەکوو لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا دروستبوونی کۆمەڵەی ڕزگاری لە لایەن دووئەندامی کۆمیتەی ڕێبەرایەتیی کاتی (سەڵاحەدین موهتەدی و محەمەد ئێلخانیزادە) بوو کە بە پاڵپشتیی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک" لە ساڵی ١٩٦٣ سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.[٢] خودی "ح.د.ک" یش کاریگەریی نەرێنیی لە ململانێکانی نێو "پ.د.ک" و دابەشبوون بە سەر ڕەوتە ناکۆکەکاندا هەبوو. ئەحمەد تۆفیق و بڵاوکراوەی "دیسان بارزانی" ڕۆڵی نەرێنیی لەو پرسەدا گێڕا.[٣] ئەوە جگە لەوەی هەژاری شاعیر و مەلا باقییش کە لایەنگری بارزانی بوون، ڕۆڵیان لە قوواڵبوونەوەی ناکۆکییەکاندا هەبوو. هاوکات سەڵاحەدین موهتەدییش لایەنی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدی گرتبوو.[٤]

شا لە پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق، لەسەرەتاوە دووڵ بوو. هەرچەندە ئەیزانی کە لە ڕێگەی پشتگیریکردنی بارزانییەوە، ئەتوانێت بەرەنگاری هەڕەشەی عێراق بێتەوە، بەڵام خەمی سەرەکیی شا پەڕینەوەی شۆڕشی کورد لە عێراقەوە بۆ نێو کوردی ئێران بوو،[٥] چونکە ئێران ترسی لە بەهێزبوونی شۆڕش و بەدیهاتنی ئامانجەکانی شۆڕش هەبوو، کە ئەوەش دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران بوو. ئامانجی ئێران تەنها بەردەوامیی شۆڕش و ئاڵۆزییەکانی نێوخۆی عێراق بوو.[٦] هەر چۆنێک بێت شا وردە وردە باوەڕی بەوە کرد کە بە دەست لەپشتدانی شۆڕشی کورد دەتوانێت ڕووبەڕووی هەڕەشەی عێراق بێتەوە.[٧] عیسا پەژمان شای دڵنیا کردەوە کە ئەگەر سەرکردایەتیی "پ.د.ک" بە پەیوەندیەکە ڕەزامەند بن، ئەوا لەسەدا سەد لە بەرژەوەندی ئێرانە و دەتوانن لە ڕێگەی ئەو مامەڵەیەوە سوودێکی زۆریان لێوەربگرن.[٨] پەژمان ئەندازیاری پەیوەندییەکە بوو. هەرچەندە لە سەرەتادا پەیوەندیی بارزانی و پەژمان باش نەبوو، بارزانی ئامادە نەبوو ببینێت و وەکوو سیخوڕێک تەماشای دەکرد.[٩] بەڵام هەر چۆنێک بێت ساواک پەیوەندیی لەگەڵ بارزانی دروست کرد. پەژمان بارزانیی بینی و ئامادەیی تەواوی شای بۆ پشتگیریی کوردی عێراق پێڕاگەیاند. بارزانییش پێشوازیی لەو پلانە کرد و بەڵێنی بە ئێران دا، کە دۆستێکی هەمیشەیی شا بێت. پاشان ساواک کۆمەکی سەربازیی پێشکەشی بارزانی کرد.[١٠] کۆمەکە سەربازییەکەش لە سەرەتادا تفەنگی ئاسایی برنۆ و فیشەک بوو، ئەو هاوکارییانە بوون بە بەردی بناغەی

---

[١] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل١١٥.

[٢] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٢٠.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ د. مەحموود عوسمان، ٢٠٢٥، هەولێر.

[٤] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٤٩.

[٥] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٤٩.

[٦] جلال، ١٩٩٨، ل١٧٩.

[٧] ڕەئیسنەژادد، ٢٠٢٣، ل١٤٨.

[٨] پژمان، ١٩٩٧، ل٦٠.

[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحموود عوسمان، ٢٠٢٥، هەولێر.

[١٠] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٥٠، ١٥٤.

دەستێوەردانی شا و ساواک لە کوردستانی عێراق و تەسکبوونەوەی مەیدانی کاری سیاسیی "ح.د.ک".[١]

لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی ئێران و شۆڕشی ئەیلوول، بە مەبەستی گەیاندنی هاوکارییەکان بە شۆڕش. لقێکی ساواک لە سەردەشت کرایەوە. بێگومان کردنەوەی لقی ساواک لە کوردستانی ئێران زیانی بە بزووتنەوەی کورد لەو ناوچەیە گەیاند.[٢] ئامانجی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی شۆڕشی ئەیلوول، وێڕای لاوازکردن و ڕووخاندنی کۆماری عێراق،[٣] لە ڕێگەی دەستخستنە نێو شۆڕشی کورد و بڵاوکردنەوەی سیخوڕەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی کوردستانی ئێران و "ح.د.ک" بوو.[٤] دروستبوونی ئەو پەیوەندییە، لە کۆتاییدا تەنها بەسوودی ئێران تەواو بوو، چونکە، لە لایەک ئێران کۆتایی بە خەمی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی هاوشێوەی عێراق لە ئێران هێنا، لە لایەکی دیکەشەوە، "ح.د.ک" لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەستبەرداری تێکۆشانەکانی خۆی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بوو و دڵسۆزانە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری و هاتنە ڕیزی شۆڕشی ئەیلوول کاریان کرد، لە پاڵ بارزانیدا خەباتی چەکداری و سیاسییان کرد و ببوونە جێگەی متمانەی بارزانی.[٥] ئەحمەد تۆفیقی کەسی یەکەمی ئەو حیزبە لە سەرەتای شۆڕشەوە لەگەڵ بارزانی چووە شاخ و بە چەندین ڕێگا هاوکاریی شۆڕشی کرد،[٦] بەڵام وردە وردە هاوکارییەکانی ئێران بۆ شۆڕشی کوردستانی عێراق پەیوەندیی بارزانی و "ح.د.ک"ی ئاڵۆز کرد. ناوبراو هۆشداری بە کادرەکانی "ح.د.ک" دا کە هیچ هەنگاوێک لە دژی حکومەتی ئێران نەهاوێژن[٧] و ئارەزووی ئەوەی کرد کە ئەوان تێکەڵ بە شۆڕش نەبن، بۆ ئەوەی گلەیی ئێرانی نەیەتە سەر.[٨] لە بەرانبەریشدا "ح.د.ک" بارودۆخی هەستیاری شۆڕشی لە بەرچاو گرت. لەو بارەیەوە د.مەحموود عوسمان وتی:''ح.د.ک تاڕادەیەکی زۆر موراعاتی بارودۆخی ئێمەیان دەکرد، بۆ ئەوەی کێشەمان بۆ دروست نەکەن لەگەڵ ئێران''. لێرەوە "ح.د.ک" بە پارێزەوە کاری دەکرد، تا کێشە بۆ شۆڕشی کوردستانی عێراق دروست نەکات.[٩]

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی عێراق و ئازادیی کەشی سیاسیی عێراق، وێڕای بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران، هۆکارێک بۆ گواستنەوەی بنکەی ڕێبەرایەتیی "ح.د.ک" لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کوردستانی عێراق بوو. هەمان ڕەوشی عێراق هۆکاری پاڵنانی ئێران بۆ دەستخستنە نێو کاروباری نێوخۆی عێراق و لاوازکردنی کۆماری نوێ بوو، تا کۆمارە نوێیەکە نەبێتە مەترسی بۆ سەر ئێران. ئاڵۆزبوونی ڕەوشی نێوخۆی عێراق، هاوکاریی پلانەکانی ئێرانی بۆ خۆنزیککردنەوە لە شۆڕشی کوردستانی عێراق کرد. ئەوەش بە زیانی "ح.د.ک" و

---

[١] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٦٠-١٦١.

[٢] فرد، ١٣٨٩، ل١٢٩.

[٣] جواد، سعد ناجی، ٢٠٠٥، *دراسات فی المسألة القومیة الکردیة*، ط. ١، الدار العربیة، ص٦٣.

[٤] بارزانی، ٢٠٠٤، ل٢٠٢؛ عەبدولقادر، ٢٠٠٨، ل١١٥.

[٥] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٤٩٢؛ عەبدولقادر، ٢٠٠٨، ل١١٤.

[٦] خزری، ٢٠٢٠، ل٣٠.

[٧] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٦١.

[٨] ئەحمەدی،٢٠٠٩، ل١٢٤.

[٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. مەحموود عوسمان، ٢٠٢٥، هەولێر.

بەرتەسکبوونەوەی کاری سیاسییان کۆتایی هات، وێڕای کەوتنە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و دابەشبوونیان بەسەر باڵەکانی "پ.د.ک" و لەبیرکردنی ئامانجی سیاسیی حیزبەکەیان و هاتنیان بۆ کوردستانی عێراق.

تەوەری دووەم: گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی کوردستانی عێراق و "ح.د.ک".(١٩٦٣-١٩٦٦)

لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣، کودەتایەکی سەربازی، لە لایەن باڵی ناسری لە عێراق، بە سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام محەمەد عارف بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرا. ناوبراو پۆستی سەرۆک کۆمار و ئەحمەد حەسەن بەکریش (١٩١٤-١٩٨٤) پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت.[١] لە بەرانبەر ئەم گۆڕانکارییەدا، سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بە ڕێبەرایەتیی مستەفای بارزانی، وەکوو نیشاندانی نیازپاکی شەڕی ڕاگرت و ڕێگای گفتوگۆی لەگەڵ ڕێبەرانی نوێی عێراق لە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکەیدا گرتەبەر.[٢] ڕوانینی شا بۆ حکومەتی نوێی عێراق لە سەرەتادا ئەرێنی بوو. پێی وابوو بوونی حکومەتێکی دژە کۆمۆنیستی لە بەغداد هەژموونی سۆڤیەت لە ناوچەکە لاواز دەکات، بەڵام شا لە پەیوەندیی گەرمی نێوان قاهیرە و بەغداد بەگومان بوو، چونکە کودەتاکەی ٨ی شوبات، پرسی پان عەرەبیزم و یەکێتیی میسر و عێراق و سوریای زیندوو کردەوە. شا ترسی ئەوەی لێنیشت، کودەتاکە فراوانبوونی هەژمونی میسر لە ناوچەکەیدا لێ بکەوێتەوە، بۆیە لێرەوە ئێران زیاتر لە جاران پێویستی بە کوردی عێراق بوو. کوردی عێراقیش سەرەڕای پێشوازیی سەرەتاییان لە کودەتاکە، بەڵام لەوەی ببنە بەشێک لە یەکێتیی میسر و عێراق و سوریا ناڕازی بوون.[٣] جەلال تاڵەبانی لەو بارەیەوە لە قاهیرە بە جەمال عەبدولناسر(١٩١٨-١٩٧٠)ی ڕاگەیاند:'' ئەگەر یەکیەتیی عەرەب دروست ببێت.... عەرەبی عێراقی چەند زامنی ئەوێت لە وەحدەی عەرەبی، ئێمە نیوەی ئەوەمان ئەوێت''. هەر چەندە عەبدولناسر پشتگیریی کوردی دەکرد و یەکێک بوو لەو ژمارە کەمەی سەرکردەی عەرەب، کە پشتیوانی دۆزی کورد لە ناوچەکەدا بوون، بڕوای بە چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد هەبوو،[٤] بەڵام دانوستانەکانی حکومەتی عێراق و کورد لە حوزەیرانی ١٩٦٣ گەیشتە بنبەست. ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکوەزیران و دژبەری ناسر، ڕێککەوتنی ئاشتیانەی لەگەڵ کورد و بارزانی بۆ قووت نەدرا.[٥] حکومەتی عێراق پاش ئەوەی شیوعییەکانی لە ماوەی چوار چوار مانگدا سەرکوت کرد، لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان و ئابڵۆقەیەکی ئابووریی قورسی خستەسەر.[٦] ئەم هەڵمەتەی حکومەتی بەعس، زۆر قورستر لە

---

[١] غریب، بدون تاریخ، ل٦٦-٦٧؛ جواد، ٢٠٠٥، ص٧٨؛ رفیعی، ١٤٠٣، ل١٠٨.

[٢] محێدین، واحد عومەر، ٢٠٠٦، *دانوستانەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق١٩٢١-١٩٦٨*، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ل١٢٦؛ ڕەشید، سەلاح(ئامادەکار)، ٢٠١٧، مام جلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، چ. ٢، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ل٢١٨.

[٣] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٨٦-١٨٧.

[٤] ڕەشید، ٢٠١٧، ل٢٣٤-٢٣٥.

[٥] ڕەیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٩١.

[٦] جەلال، ١٩٩٨، ل١١٠. ڕەشید، ٢٠١٧، ل٢٥٨.

هەڵمەتەکانی عەبدولکەریم قاسم بوو.[1] لەو دۆخەدا "حشع" لایەنی کوردیان گرت، بارزانییش ڕێگەیدان بچنە کوردستان، سۆڤیەتیش پشتیوانیی لە کورد کرد و تاوانی جینۆسایدی دایە پاڵ بەغداد لە هێرشیان بۆسەر کوردستان. ڕووداوەکانی نێوخۆی شۆڕش و کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی وا خێرا تێپەڕین و هاوکێشە سیاسییەکان بە شێوەیەک پێچەوانە بوونەوە کە ئەندامانی "ح.د.ک"یان تووشی سەرسوڕمانێکی کەم وێنە کردبوو، بەجۆرێک نەیانتوانی خۆیان لە کاریگەریی ڕەوتی ڕووداوەکان بەدوور بگرن. ئەندامەکانیان بە سەر لایەنە جیاوازەکان و هاوکێشە جیاوازەکاندا دابەش بوون و یەکێتیی ڕیزەکانیان چەند جارێک لە دەستدا.[2]

هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان کورد و حکومەتی عێراق، کوردی عێراق و شای ئێرانی، جارێکی دیکە لەیەک نزیک کردەوە و گفتوگۆکان لە ئاستی جیاجیادا دەستی پێکرد. بەڵگەنامەیەکی نهێنیی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا، بەشی تۆماری دەرەکی و دژەسیخوڕی لە١٥ ی ئایاری ١٩٦٣، بە ناونیشانی "سەرکردایەتیی کورد دەیەوێت لە ئێران نزیک بێتەوە"، باسی لە دیداری فوئاد عارفی وەزیری دەوڵەتی عێراق بۆ کاروباری ئەوقاف لەگەڵ نوێنەرێکی فەرمیی ئێران لە ١٩ی نیسانی ١٩٦٣ کردووە کە بە چڕوپڕی باسیان لە نیگەرانییەکانی سەرکردایەتیی کورد لە حکومەتی عێراق سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی عەرەب کردووە. بەو هۆیەوە سەرکردایەتیی کورد بڕیاریان داوە بە تەواوی لە ئێران نزیک ببنەوە و داوا لە شا بکەن، پشتیوانی لە دۆزە ڕەواکەیان بکات. لە هەمانکاتدا گرنگە حکومەتی ئێران خواست و نیازەکانی خۆی بۆ کورد ڕوون بکاتەوە، بۆ ئەوەی کاربەدەستانی کورد هەڵوێستێک بگرنەبەر کە هاوتەریب بێت لەگەڵ سیاسەتی ئێران. ئەو کاربەدەستەی ئێران ئاماژەی بەوە کردووە کە فوئاد عارف وتوویەتی، کورد پشت بە پشتیوانیی شا دەبەستێت لە دۆزەکەی و ئامادەن ڕێنوێنییەکانی شا جێبەجێ بکەن.[3] بۆ ئێرانیش هەڵگیرسانەوەی شەڕ ئامرازێکی سەرەکیی کۆنترۆڵکردنی هەڕەشەی پان عەرەبیزم بوو.

لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٦٣ مستەفا بارزانی چوو بۆ تاران و چاوی بە شا کەوت. بارزانی داوای پشتگیریی زیاتری لە شا کرد، شا بە داواکەی ڕازی بوو و فەرمانی بە ساواک کرد خۆی کۆ بکاتەوە و کۆمەکی کورد بکات.[4] بارزانییش نزیکی سنووری بارزان بوویەوە و خۆی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئێران بەڕێوە دەبرد، کاربەدەستانی ئێرانیش بەردەوام لەسەر سنوورەکان و لەدەوری بارزانی بوون، بەڵام هێشتا گوشاری توند بۆ سەر کادرەکانی "ح.د.ک" نەهاتبوو، تەنانەت تا ساڵی ١٩٦٤ یش مەودای پەیوەندییەکە، کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو حیزبە نەبوو. ئەحمەد تۆفیق لە هاوین و پاییزی ساڵی ١٩٦٤ چەند جارێک دەستەی کادر و پێشمەرگەی ناردەوە کوردستانی ئێران بە مەبەستی بانگهێشتکردنی کادرەکانی نێوخۆ بۆ بەشداری لە کۆنگرەی دووی حیزبەکەی کە لە ١٩٦٤ لە کوردستانی عێراق بە هاوکاریی بارزانی بەسترا.[5]

---

[1] البوتانی، دکتور عبداالفتاح علی، ٢٠٢٥، *الموقف المریکی من الثورة الکردیة ٨ شباط ١٩٦٣_٢٦ تشرین الاول ١٩٦٥*، دهوک، نوهەدرا، ل٦٤.

[2] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٤٣.

[3] ڕەحمانی، ٢٠٢٤، ل٨٦-٨٧.

[4] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٩٦-١٩٧.

[5] خزری، ٢٠٢٠، ل٥٤.

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣ پاش ئەوەی عەبدولسەلام عارف لە کودەتایەکدا بەعسییەکانی لەسەر حوکم ڕامالّی،[١] حکومەتی نوێ بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی ناوچەی بەغداد بەشێک لە هێزەکانی لە بەرەکانی شەڕی دژی کورد کشاندەوە.[٢] لەژێر کاریگەریی جەمال عەبدولناسر، عەبدولسەلام عارف خولی دانوستانی لەگەڵ کورددا دەست پێکردەوە. بارزانی لە١٠ی شوباتی ١٩٦٤دا ڕێککەوتننامەی لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا واژۆ کرد. ڕێککەوتننامەکە ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد تێدا نەبوو، هەروەها لەبری کوردستان، دەستەواژەی ناوچەی باکوور بەکارهاتبوو.[٣] ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی ڕێککەوتنەکەیان سەرکۆنە کرد و ڕەخنەیان لە بارزانی گرت کە وردەکاریی ڕێککەوتننامەکە لای ئەوان نییە و کۆمیتەی ناوەندی ئاگاداری نییە، ئەوەش ناکۆکییەکانی نێوان "پ.د.ک"ی قوواڵتر کردەوە. دەرئەنجامی ئەو ناکۆکییە بە کەرتبوونی ئەو حیزبە بە سەر دوو بەرەی بارزانی و بەرەی ئیبراهیم ئەحمەد- تاڵەبانی کۆتایی هات.[٤] دووکەرتبوونی "پ.د.ک" کاریگەریی نەرێنی لەسەر "ح.د.ک" دروست کرد، هاوشان لەگەڵ چەند هۆکارێکی دیکە، ئەو حیزبەی بەسەر کۆمیتەی ساغکەرەوە و باڵی ئەحمەد تۆفیقدا دابەش کرد.[٥] ئەحمەد تۆفیقش لە ژێر هەژموونی باڵی بارزانی، سیاسەتی کارکردن لە پێناو شۆڕشی ئەیلوول، وەکوو کاری لە پێشینە و لکاندنی حیزبەکەی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە پەیڕەو کرد،[٦] تەنانەت لە کۆنگرەی دوو، "ح.د.ک" بە تێکڕای دەنگ مستەفای بارزانییان بە سەرۆکی حیزبەکەیان هەڵبژارد،[٧] ئەحمەد تۆفیق مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک" ی لە کۆنگرە وەکوو خەیانەتکار ناساند.[٨] هەروەها ئەرکی پاراستنی زیندانی شۆڕشی لە سونێ وەرگرت کە تیایدا دژبەرانی بارزانی زیندانی دەکران.[٩]

ڕێککەوتنەکەی حکومەتی عێراق و بارزانی، شای ئێرانی تووڕە کرد. شا دووبارە ترسی لە دروستبوونی قەوارەیەکی گەورەی عەرەب لە ڕۆژئاوای وڵاتەکەی و ئەگەری باڵادەستبوونی بارزانی بەسەر کوردستانی ئێراندا، هەبوو. ساواک وای لێکدایەوە پێکهێنانی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراقدا، ئەبێتە هۆی جۆشدانی کوردی ئێران بەرانبەر بە حکومەت و سازش پێکردنی، چونکە کوردەکانی ئێران بە ڕێککەوتنەکە خۆشحاڵ بوون و بە سەرکەوتنێکی میژووییان

---

[١] الخرسان، ٢٠٠١، ل١٢٣ ؛ ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل١٩٩.

[٢] پرووتهووبێر، ٢٠٠٩، ل٢٠٩؛ البوتانی، ٢٠٢٥، ٦٥.

[٣] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل٢٠٠.

[٤] الخرسان، ٢٠٠١، ل١٢٤-١٢٥؛ مەهدی وحەمید هیمداد، هەردی، ٢٠٠٨، عەبدولستار تاهیر شەریف، نهێنییەکانی ژیانی ئاشکرادەکات، *گۆڤاری لڤین*، ژ.٦١، ل٢١.

[٥] بختیاری، ٢٠١٤، ل٩٢-٩٣؛ بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٠٦-٢٠٧.

[٦] کریمیان، .https://www.radiozamaneh.com/٨١٦٣

[٧] سەبارەت بە هەڵبژاردنی بارزانی وەکوو سەرۆکی "ح.دک"، محەمەد خزری گوتی:'' لە کۆنگرەی دوو بە تێکڕای دەنگ بارزانی بە سەرۆکی "ح.د.ک"هەڵبژێردرا. ئەو بابەتە کاک ئەحمەد تۆفیق سەپاندی، هەر کاک ئەحمەد تۆفیق دەیبڕی و دەیدروو. کەس نەیدەتوانی ڕەخنەی لێبگرێ، ڕەخنەکان دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە کاک ئەحمەد گیران و بەرە بەرە دەست و قاچیان پێ کۆ کردەوە''. گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد خزری لە ڕێگەی وەتسئەپ، ٢٧ی ٤ی ٢٠٢٥.

[٨] خزری، ٢٠٢٠، ل٧٢، ٧٥.کاردۆ، هەیاس، ٢٠١٢، *ئەزموونی خەبات، ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵا حەسەنزادە*، چ. ٢، ٢، سوێد: چاپخانەی ئەرزان، ل٦٢

[٩] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٩٩؛ قاسم، ٢٠٢٥، ل١٧٠.

بۆ هەموو کورد دەبینی.[1] هەروەها شا ترسی هەبوو کوردەکان و عەرەبەکانی ئێران لە لایەن ناسرەوە هان بدرێن و یاخیبوون بەرپا بکەن. لە بەڵگەنامەیەکی ساواکدا ئەم ترسەی شا هەست پێدەکرێت. بەڵگەنامەکە بە مێژووی ١١ی ئابی ١٩٦٤ بە ناونیشانی مەلامستەفا و دەوڵەتی میسر، باس لە نێردەی مستەفا بارزانی بۆ میسر و کۆبوونەوەیان لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا دەکات. لە کۆبوونەوەکەدا ناسر باسی لەوە کردووە کە پێویستە بەو پەڕی میهرەبانییەوە مامەڵە لەگەڵ ئاوارەکانی ئێران بکەین بۆ ئەوەی زووتر بە ئامانجەکەمان بگەین. هەروەها باسی لەوە کردووە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان، فەرمانیان بە عەرەبەکانی ناوچەکان کردووە بە هەر شێوەیەک بێت، ئاژاوەیەک دەست پێبکەن بۆ ئەوەی حکومەتی ئێران لە هەردوو لاوە ڕووبەڕووی یاخیبوون ببێتەوە.[2]

ساواک پاش ڕێککەوتننامەکە، عیسا پەژمانی نارد لای مستەفا بارزانی، تا هۆکاری ڕاوەستانی شەڕ بێ ڕاوێژی ئێران، بزانێت. بارزانی لە وەڵامدا ڕایگەیاند، هیچ هەنگاوێکیان لە دژی ئێران و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئێران نەهاوێشتووە، هاوکات پێشمەرگە لە شەڕی خوێناوی لەگەڵ سوپای نوێی عێراق ماندوو بووە. پاشان ساواک فشاری خستەسەر بەرەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی تا ڕووبەڕووی بارزانی ببنەوە. هەروەها شا فەرمانی کرد کە هاوکاری لە بارزانی ببڕن، بەڵام عیسا پەژمان ڕۆڵی گرنگی هەبوو، لە مانەوەی پەیوەندییەکان بە کراوەیی و شای قایل کرد، کە هێشتا دەرفەت ماوە و ئەگەری زۆرە، حکومەتی عێراق بە ڕێککەوتنەکەی بەرانبەر بە کورد پابەند نەبێت.[3] ئەوەندەی نەبرد بەرەی مەکتەبی سیاسی بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاند کە چیدی بارزانی، ڕابەری نەتەوەی کورد نییە. لە ئەنجامی توندبوونی ناکۆکییەکان، بارزانی ئیدریسی کوڕی نارد سەر بارەگاکەیان لە ماوەت، پاش ئەوەی فەرمانی بارزانییان لە هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداریان ڕەت کردەوە. ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی هێزی خۆیان کێشایەوە سەردەشت و چەکەکانیان ڕادەستی سوپای ئێران کرد و تا هاوینی ١٩٦٥ لەوێ مانەوە.[4] هاوکات عەبدولڕەحمان قاسملوو لەوکاتەدا لە ئەوروپاوە زۆر بە وردی چاودێریی بارودۆخەکەی دەکرد و هۆشداری دا، کە ئامانجی شای ئێران بێهێزکردنی حکومەتی بەغدایە.[5] جێی ئاماژەیە کاتێک بارزانی هێرشی کردە سەر نەیارەکانی، ئەحمەد تۆفیق سوودی لەو بارودۆخە وەرگرت و هێرشی کردە سەر نەیارەکانی خۆی لە کۆمیتەی ساخکەرەوە و چەکی کردن.[6]

کات تێپەڕی و ڕێککەوتنەکە سەری نەکێشا بۆ ئاشتیەکی هەمیشەیی. ڕاگەیاندنی دەستوری کاتی لە حوزەیرانی ١٩٦٤ بێ ئەوەی باسی کوردی تێدا کرابێت، بارزانیی نیگەران کرد و لە ١١ی تشرینی یەکەم ناوبراو بە ئاشکرا داوای ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستانی عێراق کرد. لە هەمان کاتدا

---

[1] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل٢٠٠-٢٠٣.

[2] سەردەشتی ب، یاسین، ٢٠٢٥، *هەواڵی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی دەزگای سەربازی و ئەمنیەتی ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێران*، ب.ش، ب.چ، ل٩٣.

[3] پژمان، ١٩٩٧، ل٧٥

[4] پرووننهووبێر،٢٠٠٩، ل٢٠٩؛ ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٣، ل٢٠٠-٢٠٤.

[5] پرووننهووبێر، ٢٠٠٩، ل٢١٠.

[6] ئەحمەدی، ٢٠٠٩، ل١٢٢.

فشاری ئێران و ئیسرائیل بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەسەر بارزانی بەردەوام بوو. سەرئەنجام شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراق و کورددا سەری هەڵدایەوە.[1] ئێران لە پێناو ئامانجەکانی خۆی لە عێراق، کاری بۆ گەڕانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی "پ.د.ک" بۆ ڕیزی شۆڕش کرد،[2] چونکە تاڵەبانی بە پشتیوانیی بەغداد لقێکی "پ.د.ک" ی لە هەولێر و ڕەواندز کردەوە. ساواک وای لێکدایەوە کە ئەوە هەنگاوی جەمال عەبدولناسرە بەسەر عەبدولسەلام عارفدا، تا پشتی تاڵەبانی بە مەبەستی نزیکبونەوە لە کوردی ئێران و هەڵگیرساندنی شۆڕش لە ئێران بگرن.[3] بۆیە ئێران سەرلەشکر مودەریسیی نارد لای بارزانی لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ناوبراو. پاش ڕەزامەندی و لێخۆشبوونی بارزانی، لە حوزەیرانی ١٩٦٥ باڵی جیابووەوە گەڕانەوە نێو شۆڕش.[4]

هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە بەرژەوەندی ئێران بوو. ساواک و مۆساد بێ گوێدان بە ئەمریکا، لە ڕووی لۆجستی و تەقەمەنییەوە هاوکاریی کوردیان کرد. ئیسرائیل هاوکاریی بارزانی کرد و بە دۆستی خۆی زانی،[5] چونکە بارزانی دژی عێراقی عەرەبی بوو. مەبەستی هاوکاریی ئیسرائیل بۆ بارزانی، ئەوە بوو کە ڕووی سوپای عێراق لە جەنگی داهاتووی عەرەب و ئیسرائیل، لە بەرەی ئوردن یان سوریا وەربگێڕێت. شا ڕێگەی بە پشتگیرییەکی سنووردار ئیسرائیل بۆ کورد دابوو.[6] بەڵام لەم قۆناغەدا هاوکارییەکانی ئیسرائیل زیاتر بوو. لە ڕێگەی ئێرانەوە، چەکی ڕوسیی لە بازاڕی چەکی قاچاغ کڕی و ڕەوانەی کوردستانی عێراقی کرد. ئەم پەیوەندییە بە نهێنی دوور لە چاوی خەڵکی ئاسایی بوو، تەنها چەند کەسایەتییەکی کەمی سیاسی ئاگادار بوون.[7]

لەم قۆناغەدا و لەساڵی ١٩٦٥ بەدواوە، هاوکارییەکانی ئێران بۆ شۆڕشی کوردستان زۆر زیادی کرد، وێڕای ئەوەی هەموو جۆرە هاوکارییەکی مادی و سەربازی وڵاتانی دیکە و پەیوەندییەکانی شۆڕش بە دەرەوە لە سنووری ئێرانەوە ئەنجام دەدرا. عیسا پەژمان لەبارەی هاوکارییەکانی ئەو کاتەوە دەڵێت: ''کاروانی ناردنی چەک و خواردەمەنی و جلوبەرگ و دەرمان گەیشتبووە چەند هێستر و جیب و کامیۆن، سەرێکی کاروان لە تاران و سەرەکەی دیکەشی لە بنکەی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق بوو''.[8] سەرهەنگ عەلی مودەریسی، نوێنەری ساواک لای شۆڕش بوو، عەباس ئارامیش نوێنەری ساواک بوو لای مەکتەبی سیاسی "پ.د.ک".[9] تیمسار سەییادیان لە ورمێ ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئێران و شۆڕش بوو.[10] هاوکات ڕۆژنامەکانی ئێرانیش گرنگییان بە

---

[1] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل٢٠٧.

[2] عەبدولقادر، ٢٠٠٨، ل١٤٣؛ بارزانی، مەسعود، ٢٠٠٤، *بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد*، ب٣، بەشی یەکەم، ل١٧٦-١٧٧.

[3] ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل٢٠٨.

[4] عەبدولقادر، ٢٠٠٨، ل١٤٤.

[5] فرد، عرفان قانعی، ١٣٩٠، *در دامگه حادثه، بررسی علل و عوامل فروپاشی حکومت شاهنشاهی، گفتگو با پرویز ثابتی(مدیر امنیت داخلی ساواک)*، شرکت کتاب، ل٥٣٦. رفیعی، ١٤٠٣، ل١١٤.

[6] بارزانی، ٢٠٠٤، ،بەرگی ٣، ب.٢، ل٢١٤؛ ڕەئیسنەژاد، ٢٠٢٢، ل٢١٦؛ رفیعی، ١٤٠٣، ل١١٥.

[7] فرد، ١٣٩٠، ل٥٣٦-٥٣٨.

[8] پەژمان، ١٩٩٧، ل٧٨.

[9] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، ٢٠٢٥، هەولێر

[10] قازی، ٢٠٢٥، ل٢٩٢.

بابەتی کوردستانی عێراق دەدا، بە زیادەڕۆییەوە باسی سەرکەوتن و داواکارییەکانی کوردیان دەکرد.[١] پەیوەندییەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق و حکومەتی ئێران، کاریگەری لەسەر ڕەوشی نێوخۆی کوردستانی ئێران و "ح.د.ک" لە کوردستانی عێراق زۆر بوو. ئەوەش یەکێک لە ئامانجەکانی شا بوو، چونکە شا ترسی[٢] لە تێکۆشانی سیاسیی کادرەکانی "ح.د.ک" هەبوو.[٣]

لە ئەنجامی کاریگەریی پەیوەندییەکانی حکومەتی ئێران و سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق، ساڵی ١٩٦٥ بە فەرمانی سەرکردایەتیی شۆڕش بنکەکانی "ح.د.ک" داخران و کاری سیاسی لە کادرەکانیان سنووردار کرا. ئەندامەکانیشی ڕووبەڕووی بارودۆخێکی دژوار بوونەوە[٤] و بە پارێزەوە، لە لایەن کاربەدەستانی شۆڕشەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و هاوکارییەکانیان بۆ ئەو حیزبە ڕاگیرا.[٥] لەگەڵ دریژەکێشانی شۆڕش و تێپەڕ بوونی ڕۆژگار، شا و ساواک زیاتر خۆیان خزاندە نێو شۆڕش، لە ئەنجامدا و لە قۆناغی دواتردا لە لایەن سەرکردایەتیی شۆڕشەوە گوشاری زیاتر خرایە سەر ئەو حیزبە.[٦] هاتوچۆ و کاری سیاسیی کادرەکانی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران قەدەغە کرا، چونکە حکومەتی ئێران بەو مەرجە کۆمەکی بە شۆڕش دەکرد، کە ڕێگە نەدات بە تێکۆشان و کردەی سەربازیی کادرەکانی "ح.د.ک" لە کوردستانی ئێران و ناوچە سنووریییەکان،[٧] هاوکات داوای دوورخستنەوەی بۆ قوواڵایی خاکی عێراق دەکردن.[٨] شۆڕشیش بە هۆی هەلومەرجی هەلومەرجی خەبات و پێویستییەکانی بە هاوکارییەکانی ئێران، ناچار داخوازییەکانی ئێرانی جێبەجێ کرد.[٩] سەبارەت بە ڕەوشی نێوخۆی کوردستانی ئێران، کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکە بە "سەییادیان" سەرۆکی ساواک لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا سپێردرابوو. سەییادیان لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشەوە هاوکاری کرا.[١٠] محەمەد خزری باس لە هاوکاریی سەرکردایەتیی شۆڕش و تیمسار سەییادیان دەکات و لە سەردانێکی خۆی و دەستەی سوڵەیمان موعینی بۆ نێوخۆی کوردستانی ئێران و ناوچەی مەنگوڕان و گەورکان لە پاییزی ١٩٦٥، دەڵێت:'' لەگەڵ کاک سوڵەیمان لە ماڵێک بووین، لەو ماڵە پیاوێک وتی: ''لە ورمێوە برادەرێک هەواڵی بۆ ناردووم کە یەکێک لە

---

[١] ڕەحمانی، ٢٠٢٤، ل١٩٠.

[٢] سەبارەت بە ترسی شا لە چالاکیەکانی "ح.دک"، عیسا پەژمان دەگێڕێتەوە: ''ڕۆژێک کاتژمێر ٩ی شەو حەسەن فەتحوڵڵا پاکڕەوان تەلێفونی بۆ کردم و چوومە لای و وتی: شا لە کاروباری باکوری عێراق ئەوەندە نیگەران نییە، بەڵام لە بزووتنەوەی ئێرانییەکانی هەڵاتوو بۆ ئەو دیو دەترسێ'' بۆ زیاتر بڕوانە پەژمان، ١٩٩٧ ل٩٦-٩٧.

[٣] پەژمان، ١٩٩٧، ل٩٨.

[٤] ڕۆژگار، مەلا، ١٩٩٥، لانەی جاسوسی، زنجیرە ٢، *بڵاوکراوەی کوردستانی نوێ*، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیر، ل٢٦٨؛ ئەحمەدزادە و هاوڕێیانی، ٢٠١٩، ل٧٧

[٥] هەژار، عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی، ١٩٩٧، *چێشتی مجێور*، چ. ١، پاریس: ب.چ، ل٤٩١؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٥٥.

[٦] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٧٤.

[٧] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل٢٢-١٢٣؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، ٢٠٢٥، هەولێر.

[٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، ٢٠٢٥، هەولێر.

[٩] مەرەسەنە، ٢٠٠٦، ل٣٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، ٢٠٢٥، هەولێر

[١٠] فرد، ١٣٩، ل٥٣٩.

کاربەدەستانی شۆڕش .... بەڵێنی بە تیمسار سەییادیان داوە کە سوڵەیمان موعینی و ئەو کەوسانەی داوایان دەکەنەوە بیاندەنەوە بە ئێران''.[1]

کاریگەریی ڕووداو و گۆڕانەکانی نێوخۆی عێراق لە نیوەی دووەمی دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوو لەسەر "ح.د.ک" بەتەواوی قووڵ بوویەوە. وردە وردە ئێران شۆڕشی کوردستانی عێراقی بەخۆیەوە گرێدا. داخوازییەکانی ئێران چووە ئاستی داواکرن و گرتن و ڕادەستکردنەوەی ئەندامانی ئەو حیزبە، بەو هۆیەوە مەیدانی کاری ئەندامانی ئەو حیزبە لە کوردستانی عێراق تەواو بەرتەسک بوویەوە. ساڵی ١٩٦٦ بۆ "ح.د.ک." ساڵێکی قەیراناوی بوو،[2] وەکوو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئەحمەد تۆفیق لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشەوە بۆ "کانیماسی" دوور خرایەوە،[3] دوابەدوای ئەویش سەدیق سەدیق ئەنجیری کە پاش کۆنگرەی دوو بە ڕێبەری زیندووکەرەوەی حیزبەکەی ناسراو بوو، لە ناوچەی باڵەکایەتی بە پیلانی ساواک تیرۆر کرا.[4] دواتر نەحۆ پاشایی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لقەکەی، لەنێوخۆی کوردستانی ئێران، لەلایەن ڕژێمی شاهەنشاهیەوە کوژرا. پاشان مونتەقیم قازی لەلایەن پاراستنەوە گیرا و ڕادەستی ئێران کرایەوە.[5] سوڵەیمان موعینی، کە لەدوای دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق و تیرۆرکردنی سدیق ئەنجیری، کەسی یەکەمی "ح.د.ک" بوو، لە هەمان ساڵدا لەژێر گوشاری توندی پاراستن و ساواک، ماوەیەکی زۆر لەسەر سنوورەکانی کوردستانی ئێران- عێراق ژیانی بەسەربرد.[6]

بەڵگەنامەیەکی باڵوێزی فەرەنسا لە تاران، کە بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ناردووە، لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بە ناونیشانی هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردی عێراق، ئاماژەی بەوە کردوە، کە ئێران بڕیاری داوە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ بزووتنەوەی بارزانی هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە پێناو ئەو ئامانجە، دەسەڵاتدارانی ئێران پێیان خۆش نییە هیچ شتێک لە خاکی ئێراندا ڕوو بدات کە ببێتە هۆی هاندانی کوردەکانی ئێران، بۆیە لە پارێزگا کوردنشینەکاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژاندارمەری زیاتر دەچێتە شوێنی سوپا. بارزانییش لای خۆیەوە زۆری پێخۆشە وەکوو پەناگەیەک کەڵک لە خاکی ئێران وەربگرێت، لەوێوە دژایەتیی نەکرێت. بۆیە بە ڕاستی داوای لە کوردەکانی ئێران کردووە، خۆیان لە هەر چەشنە ڕووداوێک بە دوور بگرن کە ببێتە هۆی هاندانی حکومەتی ئێران.[7] دەرئەنجامی پەیوەندیی شۆڕشی ئەیلوول و شا جگە لەوەی بەزیانی کوردستانی عێراق کۆتایی هات، زیانی گەورەشی لە "ح.د.ک" دا و لە کوردستانی ئێران تووشی

---

[1] خزری، ٢٠٢٠، ل١٢٨.

[2] سەبارەت بە بارودۆخی "ح.د.ک"لە ساڵی ١٩٦٦ مەلا ڕەسوول پێشنەماز دەڵێت: ''ساڵی ١٩٦٦ ساڵێکی گەلێک ناخۆش و نادیار و پڕ لە سەرلێشێواوی بوو ، ڕۆژ نەبوو لەلایەن دەزگای پاراستنەوە بەهانە بە یەک یەکی ئێمە نەگرن. بێجگە لە ئەمیری قازی و سەید ڕەسوولی بابی گەورە و هەژاری شاعیر و خالید ئاغای حیسامی، لەگەڵ چەند پێشمەرگە کە خۆیان دەکاریان وەردابوو، باسێکیان لە حیزبی دیوکرات و ڕژێمی ئێران نەدەکرد، ئەوانی دیکە.....لەژێر غەزەبی پاراستندا بووین''. بۆ زیاتر بڕوانە: پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٨٢.

[3] نەقشی(ئامادەکار)، ٢٠١٥، جەلیل گادانی، ب.ش، ب.چ، ل٨٥.

[4] سەردەشتی، ٢٠١٥، ل٥٣.

[5] پێشنەماز، مەلا ڕەسوول، ٢٠٢١، جوولانەوەی ١٩٦٧ و ١٩٦٨، ب.ش. ب.چ، ل٣٤. قازی، ٢٠٢٥، ل٣٥١.

[6] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٠٧-٢٠٨.

[7] ڕەحمانی، ٢٠٢٤، ل٣٠٣

تەنگەژەی سیاسی و تەشکیلاتیی کرد،[1] بەجۆرێک لەم کاتە بەدواوە، وەکوو دەوترێت، مستەفا بارزانی بەڵێنی دا دەستبەرداری کوردەکانی کوردستانی ئێران ببێت و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕادەستی فەرماڕەوایانی ئێران بکاتەوە.[2] بەشێکی زۆری کادرە ناڕازییەکان، بەتایبەت دژبەرانی ئەحمەد تۆفیق و باڵی چەپ، بەردەواملیان لە تێکۆشان هەڵبژارد، ئەوان بە پشتبەشتن بە چینی جووتیار و زەحمەتکێشان و لە ژێر کاریگەریی خەبات و ئەزموونەکانی گەلانی ژێردەستە لە کووبا و جەزائیر،[3] پشتگیرییان لە خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە دەکرد. هاوکات لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوولدا،[4] هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی، ئەوانیش وەکوو برا کوردەکانیان لە کوردستانی عێراق، شۆڕشی چەکدارانە لە دژی حکومەتی ئێران هەڵگیرسێنن و هێدی هێدی هەنگاو بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی ئێران بنێن.[5]

لەو بارودۆخەدا کادرەکانی "ح.د.ک" لە کوردستانی عێراق کەوتنە نێوان بەرداشی حکومەتی ئێران و شۆڕشی ئەیلوول، لە گۆڕەپانێکدا بوون سێ هەڵبژاردەیان لەبەردەست بوو: چوونە بەغداد و دانیشتن بە هیوای هەلومەرجی ئامادە، یاخود تەسلیمبوون بە ئێران و شۆڕشی ئەیلوول، ڕێگای سێیەم گەڕانەوە بۆ ئێران و دریژەدان بە خەبات لە نێوخۆی وڵات و ئامادەکاری بۆ شەڕی پارتیزانی دژ بە حکومەتی پاوانخواز، بەهیوای گەشەسەندنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری. بەشێک لە کادرەکان و لاوە ڕادیکاڵەکانی ئەو حیزبە، ڕێگای سێیەمیان هەڵبژارد.[6]

بەردەوامیی ئاڵۆزییەکانی عێراق و شۆڕشی ئەیلوول کاریگەریی لەسەر "ح.د.ک" و کوردستانی ئێران هەبوو. وێڕای بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی، کاری کردە سەر کادرەکانی ئەو حیزبە، بە جۆرێک وا بیر بکەنەوە کە ئەوانیش دەتوانن وەکوو برا کوردەکانیان، بۆ ڕزگاربوون و بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی ئێران شۆڕشی چەکداری ئەنجام بدەن. بەتایبەتی پاش کۆنگرەی دووی ئەو حیزبە و بڕیاری دیاریکردنی خەباتی چەکداریی وەکوو شێوازی نوێی خەبات، هاوکات لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بەردەوامی و بەهێزتربوونی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئێران و سەرکردایەتیی شۆڕش، کاری سیاسی و گەڕانەوەی کادرەکانی "ح.د.ک" بۆ کوردستانی ئێران، لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشەوە لەژێر کاریگەریی هاوکارییەکانی ئێران قەدەغەکرا. ئەوەش بۆ بەشێک لە کادرەکانی ئەو حیزبە جێگای قبوڵ نەبوو. سەرئەنجام بەشێک لە کادرە باڵاکانی ئەو حیزبە و خوێندکارانی هەڵگری بیری چەپی نوێی حیزبەکە، بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ئێران و لەپێناو خەباتی چەکدارانە و شەڕی پارتیزانی کار بکەن.

---

[1] مەرەسەنە، ٢٠٠٦، ل٣٥؛ مک داول، ٢٠٠٨، ل٣٢١.

[2] باوەڕ، ٢٠٢٣، ل٢١٧.

[3] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٤٠.

[4] سەبارەت بە کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر جووڵانەوەی چەکدارانە، عەبدوڵا حەسەنزادە دەڵێت: ''پێش ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦-٤٧ ئەو کادر و پێشمەرگانەی لە کوردستانی عێراقەوە دەگەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران (لەوانە کە لەگەڵ ڕێبەرایەتیی عەبدوڵلا ئیسحاقی یەک نەبوون) زۆر جار باسی ئەوەیان دەکرد کە کوردستانی گەرمێن جێی وانی تێدا نەماوە و باشترە بێنەوە وڵاتی خۆیان و خەبانی چەکدارانە بە دژی ڕژێمی شا وەڕێ بخەن. ئەوان زۆرجار ئەو مەسەلە کوردییەیان وەبیر دێنایەوە کە 'شەندە لە مەندەی کەمتر نییە''. حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل١٢٢.

[5] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٤٠؛ حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل١٢٢.

[6] اردلان، آزادی بیان٤٠٩١٤=https;//www.azadi-b.com/?p

بەشی دووەم:
چوارچێوەی گشتیی جوولانەوە چەکدارانەکە
(ئامادەکارییەکان، سەرهەڵدان و پەیوەندییەکانی)

باسی یەکەم: ئامادەسازیی بۆ ڕاپەڕینی چەکداریی:

تەوەری یەکەم: ڕەوشی سیاسیی لقی سێ و چواری "ح.د.ک" و کۆمیتەی شۆڕشگێڕی گوندی ئالانێ:

تەوەری دووەم: ڕەهەندە میژوویییەکانی گەڕانەوەی سوڵەیمان موعینی بۆ کوردستانی ئێران و جوولانەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ی کوردستانی ئێران.

باسی دووەم: پەیوەندییەکانی جوولانەوەکە:

تەوەری یەکەم: پەیوەندیی جوولانەوەکە لەگەڵ حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لە دەرەوە:

تەوەری دووەم: پەیوەندیی جوولانەوەکە لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی وەکوو میسر و عێراق:

تەوەری سێیەم: پەیوەندیی جوولانەوەکە بە گرووپەکانی دیکەی "ح.د.ک" و لایەنەکانی کوردستانی عێراق.

تەوەری چوارەم: پەیوەندیی جوولانەوەکە بە لایەنەکانی کوردستانی عێراق.

باسی سێیەم: ڕۆڵی میژوویی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" لە جوولانەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ و گەیشتنی جوولانەوەکە بە لووتکەی خۆی:

تەوەری یەکەم: خەباتی سیاسیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٧:

تەوەری دووەم: ڕەوشی سیاسی و سەربازیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە ساڵی ١٩٦٨

باسی یەکەم: ئامادەسازیی بۆ ڕاپەڕینی چەکداریی:

تەوەری یەکەم: ڕەوشی سیاسیی لقی سێ و چواری "ح.د.ک"[1] و کۆمیتەی شۆڕشگێڕی گوندی ئالانێ:

لە پێناوی شکاندنی کەشوهەوای خنکێنەر لە ژینگەی سیاسیدا و گۆڕینی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئێران، پاش کۆنگرەی دووی "ح.د.ک"، لەسەر ڕای زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، سوڵەیمان موعینی، نەحۆ پاشایی و مەلا ڕەحیم وێردی، لەگەڵ کادرەکانیان بە مەبەستی بووژانەوەی ڕێکخستنەکانی نێوخۆی کوردستانی ئێران و زەمینەسازی بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری دەستیان بەکار کرد.[2] پاش کوژرانی نەحۆ پاشایی، سوڵەیمان موعینی و مەلا ڕەحیم وێردی، لەسەر کارەکانیان بەردەوام بوون. سوڵەیمان موعینی، سەرپەرستی لقی سێی "ح.د.ک"(چالاکترین ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران)،[3] لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و لە گوندەکانەوە دەستی بە چالاکییەکانی کرد. ناوبراو لە نێو دڵ و دەروونی خەڵک و زۆرینەی کادرەکانی حیزبەکەی جێگای خۆی هەبوو. وێڕای ئەوەی کەسێکی شۆڕشگێڕ بوو،[4] ئاگایی سیاسییشی بەرز بوو. لە ڕۆڵ و گرنگیی میدیا تێگەیشتبوو. لەو پێناوەدا لە سەردەمێکدا کە ئەو حیزبە مافی دەرکردنی لاپەڕەیەکی تایبەت بەخۆی نەبوو، دەستی بە نووسین و دەرکردنی ڕۆژنامەی "ڕۆژ" کرد.[5]

مەلا ڕەحیم وێردی[6] سەرپەرستی لقی چواری "ح.د.ک"، سنووری کارکردنی، ناوچەکانی بانە و سەقز و هەورامان لە باشووری کوردستانی ئێران بوو.[7] سەرەڕای هەڵکشانی تەمەنی، چالاکانە لە هەوڵی فراوانکردنی بنکەی جەماوەریی حیزبەکەیدا بوو. بۆ ئەو مەبەستە، پەیوەندیی بە هاوڕێ و خزم و مامۆستاکانیەوە کرد. شێخ جەلال حوسێنی، مامۆستای ئایینی، یەکێک لەو کەسایەتییە دیارانەی بانە بوو، کە ناوبراو پەیوەندیی پێوە کرد، بەڵام شێخ جەلال لەبارەی ڕەچاوکردنی کاری

---

[1] لەو کۆبونەوەدا، تەنها لقی سێ و چواری "ح.د.ک"مابوونەوە. لقی یەک بەسەرپەرستیی نەحۆ پاشایی بوو، ناوبراو ساڵی ١٩٦٦ وەکوو لە پێشتردا ئاماژەی بۆ کرا لە شەڕی ساکان لە کوردستانی ئێران کوژرا. لقی دوو بەسەرپەرستیی ئەحمەد تۆفیق بوو، پاش ڕۆیشتنی ناوبراو بۆ بنکەی شێخان نەگەڕایەوە، بۆیە ئەو لقە چالاکییەکانی وەستا. سدیق ئەنجیری کە پاش ڕۆیشتنی ئەحمەد تۆفیق، ڕۆڵی کەسی یەکەمی ئەو حزبەی دەگێڕا، بۆ چالاککردنەوەی لقی دوو، سەعید کۆێستانیی بۆ ناوچەیەکی کەمی ئەو لقە، وەکوو شنۆ و نەغەدە دەستنیشان کرد. کۆێستانی چالاکییەکی ئەوتۆی نەبوو کە شیاوی باس بێت، پاش بێسەروشوێنکردنی ئەنجیری، کۆێستانی بەناو کەوتە هاوکاریکردنی لقی سێ و دووی "ح.د.ک،"بە فەرمی وازی لە کارکردن لەنێو لقی یەک هێنا. کۆێستانی لەگەڵ لقی دوو و سێش چالاکییەکی ئەوتۆی نەبوو. پاشان ناوبراو لە بەغداد لە شوباتی ١٩٦٨ بڕیاری وازهێنان لە "ح.د.ک"ی دا و ئامادەی کار لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕ نەبوو. گفتوگۆی تۆێژەر لەگەڵ محەمەد خزری، لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ٢٩-١١-٢٠٢٥.

[2] خزری، ١٣٩٤.

[3] خزری، ١٣٩٤.

[4] مەرەسەنە، خدر، ٢٠٠٤، *ئاوێنەی ڕاستیەکان*، چ. ٢، سلێمانی: چاپخانەی قانع، ل٦٤.

[5] هەژاری، ٢٠١٧، ل٧٨.

[6] مەلارەحیمی وێردی، لەو کاتەدا لە کوردستانی عێراق شوێنی نیشتەجێی گوندی سورەدزێ بوو. بەمەبەستی خۆپاراستن لە چاوی ساواک، وەکوو مەلای گوندەکە دەستبەکار ببوو، هاوکات لەکاری سیاسی و کۆکردنەوەی ئەو ئەندامانەی "ح.د.ک"کە لە مەیدانی خەباتی ئەو حیزبە دوور کەوتبوونەوە، بەردەوام بوو. ئەحمەدی، ٢٠٠٩، ل١٢٦.

[7] خزری، ١٣٩٤.

نهێنی و خۆپاراستن لە داوی ساواک، هۆشداری پێدا.[1] وێڕای ئەو وریاکردنەوانەش، مەلاڕەحیم لە چالاکیی خۆی بەردەوام بوو. لە گەشتێکی دیکەیدا بۆ بانە، مەلا ڕەحیم داوای بینینی شیخ جەلال حوسێنی کرد، بەڵام ناوبراو بەهۆی ڕەچاونەکردنی ئامۆژگارییەکانی، ئامادە نەبوو ببینێت.[2] ئەم باڵەی "ح.د.ک"، بە کار و چالاکییە بەردەوامەکانیان حیزبەکەیان وردە وردە بووژاندەوە. لە نێو پەنابەرەکان لە کوردستانی عێراق و لە پەیوەندیشیان بە نێوخۆی کوردستانی ئێران گەشەیان کرد. جموجوڵ و چالاکییەکانیان لە سنووڕە کانی عێراق- ئێران، لە ناوچەکانی پێنجوێن، شارباژێڕ و سیوەیل و پشدەر بوو. حکومەتی ئێران ترسی لەو چالاکییانە پەیدا کرد و سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراقی ئاگادار کردەوە.[3] سوڵەیمان موعینی لە یەکێک لە گەشتەکانی بۆ کوردستانی ئێران، زیاتر لە سێ مانگ مایەوە. ئەمیر قازی بەهۆی زیادبوونی گوشاری شۆڕشی کوردستانی عێراق، نامەیەکی بۆ موعینی نارد و داوای گەڕانەوەی لێکرد، بەڵام ناوبراو پێش تەواوکردنی کارەکانی، ئامادەی گەڕانەوە نەبوو، هاوکات داوای گەڕانەوەی ئەمیر قازیی بۆ کوردستانی ئێران کرد.[4]

لەلایەکی دیکەوە و لە کوردستانی عێراق لەو سەروبەندەدا، لەژێر چەتری "ح.د.ک"، کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، لە ساڵی ١٩٦٦ لەسەر دوو بنەما دروست ببوو، ئەوانیش دروستکردنی ڕێکخراو و دەرکردنی بڵاوکراوەیەک بە ناوی "تیشک"[5] کە زمانحاڵی کۆمیتەکە بێت. سەرنوسەرەکەی سمایل شەریفزادە و حەمەدەمین سیراجی بوون. شایەنی باسە ئەو بڵاوکراوەیە تەنها سێ ژمارەی لێدەرچوو.[6] دامەزرێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، لەژێر کاریگەریی گوتاری شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵ ڕادیکاڵ و بیر و ئەندێشەی ماویزم و بزاڤی چریکیدا بوون، هەربۆیە لەو سۆنگەیەوە دەستیان دایە خەبات.[7] لە ڕاستیدا دەرکەوتنی مەیلی خەباتی چەکداری لە نێوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، نوێترین دیاردە لای هێزە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی ئێران بوو. لە ئەنجامی سەرکوتکردنی خەباتی سیاسی و دەرپەڕاندنی حزبی تووده بۆ وڵاتانی ئەوروپا، ڕاپێچکردنی زۆرینەی ڕابەر و ئەندامانی بەرەی نیشتمانیی دووەم بۆ نێو زیندانەکان لە لایەک، سەرکەوتنی جوواڵنەوە چەکداریەکانی گەلانی ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، وەکوو چین، ڤێتنام، کووبا و جەزائیر بە سەر ڕژێمە کۆنەپەرستەکانیان و بڵاوبوونەوەی بیر و ئەندێشەی ماوسێ تۆنگ، هۆشی

---

[1] گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ بابە شێخ حوسێنی لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسنجەر، ١٥-٧-٢٠٢٥. بابە شێخ حوسێنی کوڕی مامۆستا سەید جەلالی حوسەینییە، ساڵی ١٩٦٥ لە شاری بانە لەدایک بووە، لە تەمەنی لاوێتییەوە پەیوەندی بە سازمانی خەباتەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ بووە بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی سازمانی خەبات. لە ٢٠٠٤ لە کۆنگرەی سێیی سازمان بە سکرتێری سازمان هەڵبژێردرا و تاکو ئێستا سکرتێری گشتیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە؛ عەبدوڵڵا، ژیلوان، ٢٠١٧، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ تۆپزاوا(چاوپێکەوتن لەگەڵ بابە شێخ حوسەینی، سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران)، چ. ١، هەولێر: ب،چ، ل٦.

[2] عەبدوڵڵا، ٢٠١٧، ل٥.

[3] جەلال، ١٩٩٨، ل٢٤٢.

[4] قازی، ٢٠١٤، ل١٠٥.

[5] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بڵاوکراوەی تیشک بڕوانە پاشکۆی ژ. ٨.

[6] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل١٩٧؛ عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٦٠؛ بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٣٠؛ قازی، ٢٠٢٥، ل٣٢٨.

[7] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٤٠.

مینه، ڕۆژی دووبێرە و گیڤارا لە لایەکی دیکەوە هۆکاری هەڵبژاردنی خەباتی چەکداری لە لایەن کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بوو.[١] بەڕێوبەرانی کۆمیتەکە، ویستیان سوود لە خۆشەویستیی سولەیمان موعینی وەربگرن،[٢] لەبەر ئەوە هەوڵیاندا ناوبراو و کەسانی دیکەی نێو "ح.د.ک" بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.[٣] بەڵگەنامەیەکی ساواک بە ناونیشانی پرسی پێکهێنانی کۆمیتەی حیزب، بە ژمارە ٦١٦٦ لە لە ١٤ی ٩ی١٩٦٦، باس لە هەوڵی پەیوەندیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بە سولەیمان موعینیەوە دەکات ، ئاماژە بەوە دەکات جیا لە هەموویان مەلائاوارە لە کۆبوونەوەکەدا داوای کردووە کە خاوەنی هەر بیرۆکەیەکن پێویستە لە ژێر پەردەی "ح.د.ک" دا بن، کار بۆ بەرژەوەندی ئەو حیزبە بکەن. جگە لەوەش پێویستە پشتیوانی لە سولەیمان موعینی بکەن، بۆ ئەوەی ئەحمەد تۆفیق لە مەیدان دوور بخرێتەوە. پاشان جێهێشتنی سولەیمان موعینی کارێکی سادەیە.[٤] بۆ هەمان مەبەست کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بەهیوای هێنانی حەسەن ڕەستگار بۆ نێو ڕیزەکانیان سەردانی ناوبراویان لە گوندی بەستێ لە قەزای پشدەری کوردستانی عێراق کرد، لەژێر کاریگەریی بیری چەپی نوێ و شۆڕشی ڤێتنام، بابەتی شۆڕشی چەکداریان لە کوردستانی ئێران هێنایە بەرباس، بەڵام لە ڕاکێشانی ناوبراو سەرکەوتوو نەبوون. چونکە حەسەن ڕەستگار بیروباوەڕی لەگەڵ ئەواندا یەکی نەدەگرتەوە. لەو بارەیەوە ڕەستگار، دەڵێت: "ڕۆژێک حەمەدەمین سیراجی و سالار حەیدەری و سمایل شەریفزادە هاتن بۆ گوندی بەستێ بۆ مااڵی ئێمە....سالار و سمایل زۆریان باسی شۆڕشی وێتنام و شوێنەکانی دیکە دەکرد. تێگەیشتم کە هەوایەک لە کەللەی داون،.... گوتم بە کوردی پێم بڵێن دەڵێن چی؟ گوتیان باشە بۆ ئێمە ناتوانین لە وڵاتی خۆمان شۆڕش بکەین، هەموو خەڵکمان لەگەڵدایە. گوتم یانی ئێمەش وەکو ویت کۆنگان بە ژێرزەوی تونێل لێدەدەین لە نێو پادگانی فەرەنسەویاندا دێینە دەر و داگیری دەکەین؟! گوتیان بۆ نا خۆ ئێمە لەوان کەمتر نین".[٥] سەعید کوێستانییش(١٩٣٩-٢٠١٨) نامەیەکی بۆ بۆ کەریم حیسامی نارد و لە دامەزراندنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ ئاگاداری کردەوە. وێڕای ئەوەی هیوای کۆمیتەکەیانی لەسەر کەسایەتیی حیسامی خستبوویە ڕوو، داواشی کردبوو لەسەر بارودۆخی عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕوونکردنەوەیان پێشکەش بکات و ڕای خۆی لە بارەیەوە بنووسێت.[٦] کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک"، بەهەمان شێوەی سولەیمان موعینی و بێئاگا لە پەیوەندییەکانی ئەو، لە ڕێگەی حەمەدەمین سیراجییەوە، بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و هاریکاریی نێوانیان لە شۆڕشێکی سەرتاسەریدا، پەیوەندییان بە حزبی تووەوە کرد.[٧] هەروەها سمایل شەریفزادە، چالاکترینی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ "ح.دک"، ساڵی ١٩٦٦ لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە

---

[١] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٣٨-٣٩.

[٢] دێهقان، ١٩٩٨، ل٤٤.

[٣] قازی، ٢٠٢٥، ل٣٢٩.

[٤] چپ در ایران به روایت اسناد ساواک حزب دموکرات کردستان،١٣٧٨، چ. ١، جلد اول، تهران: ل٣٨٣-٣٨٦؛

[٥] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٤.

[٦] حیسامی، ١٩٨٨، ل٤٤.

[٧] حیسامی، ١٩٨٨، ل٥١؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٦.

عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە چووە مەهاباد، لەوێشەوە بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران، بەرەو تاران ڕۆیشت.[1]

دەزگا ئەمنییەکانی ئێران لە جموجوڵەکانی "ح.د.ک" بێئاگا نەبوون. بەڵگەنامەکانی ساواک نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ساواک و دەزگا ئەمنییەکانی ئێران، خاوەنی تواناییەکی بەرز بوون و توانیویانە ئاگاداری کار و چالاکییە نێوخۆییەکانی ئەو حیزبە بن و پێ بە پێی هەنگاوەکانی ئەوان، هەنگاو بنێن. ڕادەی تواناییی ساواک، وێڕای کاریگەرییەکانی لەسەر "ح.د.ک"، کاریگەریی گەورەشی لەسەر کردەوەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق بەرانبەر بەو حیزبە هەبوو. ئەوەش جێگەی نیگەرانیی کادرەکانی "ح.د.ک" تووندبوونی گرژییەکان بوو لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا. لەو بارەیەوە عومەری قازی، باس لە هەڵوێستی مونتەقیم قازی بەرانبەر بە شۆڕشی کوردستانی عێراق دەکات و دەڵێت: ''کاک مونتەقیم لە زیندان بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕامەوە،... زۆر گلەیی و گازندەی لە بەرپرسانی شۆڕشی ئەو دیو هەبوو، کە تا چ ڕادەیەک لە ژێر هەژمون و کاریگەریی حکومەتی ئێراندان''.[2] هاوکات بەڵگەنامەیەکی ساواک بە ناونیشانی هۆکاری ناڕازی بوونی کوردانی ئێران لە مەلامستەفا، لە بەرواری ٥ی٦ی ١٩٦٦، بە ژمارە ٤٢١\٢، باسی ناڕەزایەتیی کوردەکانی ئێران لە مستەفا بارزانی کردووە، چونکە ناوبراو ڕێگە نادات کوردەکانی ئێران دژایەتیی حکومەتی ئێران بکەن و سەربازی ئێران بکوژن. هەروەها بەڵگەنامەیەکی دیکەی ساواک بە ناونیشانی سولەیمان موعینی، لە بەرواری ١٤ی٢ی ١٩٦٧، بە ژمارە ١٥٠٩٢\٢١٣، باسی لەوە کردووە سولەیمان موعینی و ١٩ هاوڕێی، بە هاوکاریی بایزاغا و سواراغا و کوڕەکانی عەباس مامەندئاغا، لە قەڵادزێوە هەڵهاتوون و پەیوەندییان بە لایەنی جەلال تاڵەبانییەوە کردووە. هەروەها باسی لە دەستگیرکردنی مونتەقیم قازی و زیندانیکردنی لە لایەن کاربەدەستانی شۆڕشەوە کردووە. بوونی ئەم بەڵگەنامانە، نیشانەی ئاگاداریی وردی ساواک و مەودای نفووزیان لە کوردستانی عێراقە.[3]

مەلاڕەحیم وێردی و سولەیمان موعینی لەسەر بانگهێشتنامەی "پ.د.ک"، بە هاوڕێیەتیی ژمارەیەک لە کادرەکانی حیزبەکەیان، لە تشرینی دووەمی ١٩٦٦، بەشداری کۆنگرەی حەوتی ئەو حیزبەیان کرد. لەو کاتەدا سولەیمان موعینی، کە ڕۆڵی کەسی یەکەمی "ح.د.ک" ی دەگێڕا، کادرەکانی حیزبەکەی لە کوردستانی عێراق، لە تێکۆشانیان لە کوردستانی ئێران و پێشوازیی خەڵک و ناردنی نامە بۆ کەریم حیسامی ئاگادار کردەوە.[4] لە شوباتی ١٩٦٧، دواکۆبوونەوەی کادرەکانی لقی سێ و چواری "ح.د.ک" لە کوردستانی عێراق لە دێرێ (سەر بە ناحیەی سەرکەپکان سەر بە قەزای ڕانیە لە کوردستانی عێراق)، بە بەشداریی حەمەدەمین سیراجی، سمایل شەریفزادە، سالار

---

[1] گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، کۆیە ٢٢-١٠-٢٠٢٥؛ عومەر قازی باسی سەردانی سمایلی شەریفزادەی بۆ مەهاباد کردووە و یەک دووجار بە نهێنی چاوی پێی کەوتووە. بە بیانوی چوونە دەرەوە بۆ ئەورووپا، شەریفزادە داوای بەشە میراتی باوکی لە براکەی کردووە، بەڵام لە زاری عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە نوسیوویەتی: ''ئەو پارەیەی بۆ پێشمەرگەکانی خۆیان بووە نەک بۆ چوونە دەرەوە''. بۆ زیاتر بڕوانە قازی، ٢٠٢٢، ل٢٢٧.

[2] قازی، ٢٠٢٢، ل٢٠٤.

[3] چپ در ایران به روایت اسناد ساواک، حزب دموکرات کردستان، ١٣٧٨، ل٤٠٣.

[4] خزری، ٢٠٢٠، ل١٨٥.

حەیدەری، مەلائاواره و سەعید کوێستانی ئەنجامدرا، بەبێ ئەوەی باس لە دروستبوونی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بکرێت.[1]

لە کۆتایی شوباتی ١٩٦٧ سولەیمان موعینی و مونتەقیم قازی و ژمارەیەک لە کادرەکانی لقی سێ سەردانێکی ناوچەی خەلان و زینوێیان کرد، پاشان سولەیمان بۆ دێرێ گەڕایەوە. مونتەقیم قازی بەبێ ڕەزامەندیی سولەیمان،[2] هەوڵیدا لە ڕێگەی مستەفای شێخ عوبەیدوڵڵای نەوەی شێخ ڕەشیدی لۆلان، پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە بکات. ناوبراو براکەی بە ناوی عومەری شێخ عوبەیدوڵڵا، لە هەولێر لەگەڵ حکومەتی عێراق کاری دەکرد. لە گەڕانەوەیدا مونتەقیم قازی لەلایەن پاراستنەوە دەستگیر کرا و ڕادەستی حکومەتی ئێران کرایەوە.[3] ئەوەش گرژییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبەی زیاتر کرد، چونکە سەرکردایەتیی شۆڕش، چوونی مونتەقیم قازیی بۆ هەولێر و هەوڵەکانی بۆ پەیوەندیکردن بە حکومەتی عێراق، بەکاری سولەیمان موعینی دانا.[4]

دوابەدوای دەستگیرکردنی مونتەقیم قازی، نامەیەک لە مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک" ەوە گەیشتە سولەیمان موعینی، تیایدا بانگهێشت کرابوو بۆ مەکتەبی سیاسی.[5] موعینی پەیامی نامەکەی جێبەجێ نەکرد، ترسی هەبوو دەستگیر بکرێت و ڕادەستی ئێران بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە، سەعید کوێستانیی نارده مەکتەبی سیاسی، تا بزانێت سەرچاوەی پەیامەکە کوێیە و بۆ چ مەبەستێکە. کوێستانی پاش چوونی بۆ مەکتەبی سیاسی، چاوی بە عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کەوت. ئەوان بێئاگایی خۆیان لە پەیامەکە ڕاگەیاند و بە کاری ئیدریس بارزانییان زانی.[6] پاش هاتنەوەی سەعید کوێستانی لە مەکتەبی سیاسی، سولەیمان موعینی زۆرینەی کادرە باڵاکانی حیزبەکەی لەو ڕەوشەی تووشی هاتوون، ئاگادار کردەوە.[7] پاشان لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان، بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێرانیان دا تا خۆیان لە گرتن و ڕادەستکردنەوە بپارێزن. ئامانجیشیان ئەوە بوو لە کوردستانی ئێران وێڕای خەباتی سیاسییان خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران بپارێزن.[8] لەو سەروبەندەشدا، حزبی تووده لە ژێر کاریگەریی نامەکانی سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی، لە مانگی نیسانی ١٩٦٧، پێشنیازیان بە کەریم حیسامی کرد سەردانێکی کادرەکانی "ح.د.ک" لە عێراق بکات، لە بارودۆخیان بکۆڵێتەوە و ئامادەسازی بۆ کۆبوونەوەیەکی فراوانی نێوانیان لە لوبنان یاخود عێراق بکات. حیسامی لە نیسانی ١٩٦٧ گەیشتە بەغداد. پاش پەیوەندیکردن بە سولەیمان موعینی و کۆمیتەی شۆڕشگێڕەوە، تەنها چاوی بە سمایل شەریفزادە

---

[1] خزری، ٢٠٢٠، ل١٩١.

[2] محەمەد خزری باسی هەوڵی پەیوەندیی حکومەتی عێراق لەگەڵ سولەیمان موعینی لە ڕێگەی برایم ئاغای مامی بایزاغای هەباساغای سەرکەپکانی ئامر لیوای ڕانیە دەکات، بەڵام ناوبراو ڕازی نەبووە و ڕەتی کردووەتەوە. بۆ زیاتر بڕوانە: خزری،٢٠٢٠، ل٢٠١-٢٠٢.

[3] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٠١-٢٠٥.

[4] حیسامی، ١٩٨٨، ل٥٩.

[5] کوێستانی، ١٩٩٦، ل١٥٦؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٢٠٥؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٧.

[6] کوێستانی، ١٩٩٦، ل١٥٧؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٢٠٥.

[7] قازی، ٢٠١٤، ل١٢٥؛ کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١١؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٧.

[8] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٠٦؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٧.

کەوت، چونکە موعینی گەڕابوویەوە کوردستانی ئێران. حەمەدەمین سیراجییش لە لایەن کاربەدەستانی شۆڕشەوە ڕێگەی ئەو سەردانەی پێنەدرا. شایەنی باسە لە هەمان سەردان و بەجیا، حیسامی چاوی بە سەعید کۆیستانی و چەند ئەندامێکی دیکەی "ح.د.ک" کەوت.[1]

لەو ڕەوشە ناسکەی "ح.د.ک" و پاش ماوەیەکی کەم، کۆمیتەی شۆڕشگێڕی گوندی ئالانێ دوچاری قەیران هات.[2] پاش گەڕانەوی سولەیمان موعینی بۆ کوردستانی ئێران، سەننار مامەدی و سالار حەیدەری بەبێ پرس و ڕاوێژی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، بە مەبەستی ئەنجامدانی کار و چالاکی لە پێناو خەباتی سیاسی و چەکداری بە شێوەی پارتیزانی گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران.[3] بەڵام پێچەوانەکەی ڕوویدا و هەردووکیان خۆیان ڕادەستی حکومەتی ئێران کرد و دەستیان لە خەبات هەڵگرت.[4] پێش ئەوانیش مەلا عەبدوڵڵای سەربازیش چووبوویەوە کوردستانی ئێران و دانیشتبوو، ئەوەش وایکرد کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لاواز بێت و تەنها چوار کەس لەڕێبەرایەتی مایەوە.[5]

تەوەری دووەم: کاریگەریی گەڕانەوەی سولەیمان موعینی بۆ کوردستانی ئێران لەسەر دەستپێکی جوواڵانەوەکە

گەڕانەوەی سولەیمان موعینی بۆ کوردستانی ئێران، دەنگدانەوەیەکی فراوانی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و هەرێمی لێکەوتەوە. حکومەتی ئێران گەڕانەوەی ناوبراوی بۆ کوردستانی ئێران، بە هۆی پێگە جەماوەری و حیزبییەکەی بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بینی. دەزگای ساواک لە دوای کۆنگرەی دووی "ح.د.ک" وە، هەستی بە مەترسیی ناوبراو کردبوو. لەو کاتەوە، یەکێک لە داواکراوەکانی ساواک لە سەرکردایەتیی شۆڕش بوو.[6] بە گەیشتنی یەکەم دەستەی کادرەکانی "ح.د.ک" بە سەرۆکایەتیی سولەیمان موعینی،[7] بۆ کوردستانی ئێران لەسەرەتای بەهاری ١٩٦٧،[8] نیگەرانی و مەترسییەکانی حکومەتی ئێران زیادی کرد. بە مەبەستی ڕێگرتن لە فراوانبوونی فراوانبوونی چالاکییەکانی موعینی، پچڕانی پەیوەندیی کادر و پێشمەرگەکانی دیکەی ئەو حیزبە و

---

[1] حیسامی، ١٩٨٨، ل٥٦-٦٣؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٢٢٤-٢٢٩.

[2] سەبارەت بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ (مەبەست لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی گوندی ئالانێ) مەلا ڕەسوڵ پێشنەماز وتی: ''کۆمیتەی شۆڕشگێڕ هەر نێوەکەی هەبووە، هیچ مانا و مەفهوومێکی نەبوو، هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتاوە بە دوای یەکدا چوار کەسیان خۆیان تەحویل دایەوە، ئەوانیش مەلا عەبدوڵڵای سەرباز، سەننار مامەدی، سالار حەیدەری و سەعید کۆیستانی''. گفتوگۆ لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ پێشنەماز لە ڕێگەی مەسنجەر، ١٧-٨-٢٠٢٥؛ سەبارەت بە هەمان پرس، ئەحمەد نەستانی وتی: ''کۆمیتەی شۆڕشگێڕ هیچ پەیوەندییەکی بە جوواڵانەوەکەوە نەبووە، لە جوواڵانەوەکە غایب بوون....سەننار مامەدی، سالار حەیدەری، مەلا عەبدوڵڵای بێ خەو(مەلا عەبدوڵڵای سەرباز) و سەعید کۆیستانی خۆیان تەحویلی ئێران دایەوە. گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ ئەحمەد نەستانی، ٢٨-٨-٢٠٢٥.

[3] کۆیستانی، ١٩٩٦، ل١٥٩؛ حیسامی، ١٩٩٧، ل١٨٢؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٢٠٩.

[4] کۆیستانی، ١٩٩٦، ل١٥٩-١٦٠؛ حیسامی، ١٩٩٧، ل١٨٣.

[5] چپ در ایران به روایت اسناد ساواک، حزب دموکرات کردستان،١٣٧٨، ل٤١٤.

[6] خزری، ٢٠٢٠، ل١٢٨.

[7] دیارترینی ئەو کادر و پێشمەرگانەی لەگە ڵ سولەیمان موعینی بوون و وەکوو یەکەم دەستەی "ح.د.ک" بەمەبەستی ئامادەسازی بۆ خەباتی چەکدارانە گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران ، بریتی بوون لە مینەشەم، ئەحمەد نەستانی، کەریم نەستانی، مەلا ڕەسوڵ پێشنەماز، مەلا مەحموود زەنگەنە، ڕێبوار، هەڵمەت ، کاوە ماراغانی و عەبدوڵڵا موعینی. بۆ زیاتر بڕوانە پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٨٩-١٩٣.

[8] کۆچێرا، کریس، ١٣٧٧، *جنبش ملی کرد*، چاپ دوم، ت، ابراهیم یونسی، چاپ نوبهار، ل٤٢٩.

ڕێگرتن لە گەڕانەوەیان بۆ هاتنە نێو ڕیزی دەستەکەی ناوبراو، بەردەوام هێزەکانی لە ئامادەباشدا بوون.[١] لە کوردستانی عێراقیش، سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان، ئەم گەڕانەوەیان بە زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەبینی کە لەو کاتەدا لەگەڵ تاران لە پەیوەندییەکی ئاڵۆزدا بوو. هەربۆیە کادرەکانی "ح.د.ک" لە کوردستان عێراق، کەوتنە ژێر گوشاری توند و چاودێریی سەرکردایەتیی شۆڕش و دەزگای پاراستن.[٢]

لە چوارچێوەی ئەم فشارانەدا بنکەی "ح.د.ک" لە سوێ داخرا، کادرەکانی هێنرانە سەنگەسەر و خرانە ژێر چاودێری.[٣] حەسۆ میرخان(١٩٣٢-١٩٨٣) فەرماندەی هێزی کاوە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی کادر و ئەندامانی دیکەی ئەو حیزبە لە سەنگەسەر. سەرەتا خێزانەکەی سولەیمان موعینیی هێنایە سەنگەسەر و خستنیە ژێر چاودێریی خۆی.[٤] ئەمیر قازی، پاش ئەو ڕووداوانە خۆی خۆی هاتە سەنگەسەر و دانیشت.[٥] مەلائاواڕە لە کۆتایی مایسی ١٩٦٧ لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە،[٦] پێشمەرگە،[٦] گەڕایەوە ناوچەکانی تێکۆشانی خۆی لە بانە و سەردەشت[٧] و لە بەهاری ١٩٦٧ دەستی دەستی بە کاری سیاسی کردەوە.[٨] بە گەڕانەوەی مەلائاواڕە، تەنها سێ ئەندام لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە کوردستانی عێراق مانەوە. مەلائاواڕە لەگەڵ سولەیمان موعینی یەکیان گرتەوە، ئامانجیان ڕێکخستنەوەی شانەکانی "ح.د.ک" و ئامادەکاری بۆ خەباتی چەکدارانە لە ئایەندەدا بوو. لە گوندی هەڵۆێ چاویان بە عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کادری "ح.د.ک" کەوت. لەو بارەیەوە عەبدوڵڵای حەسەنزادە دەڵێت: ''کەوتینە قسەکردن، کە زیاتر موخاتەبەکە کاک سولەیمان موعینی بوو. ئەمن لێم پرسی گوتم مەسەلە چییە کە ئاوا هاتوونەوە؟....گوتی ئێمە لە کوردستانی عێراق جێگامان پێ لێژ بووە، بۆیە هاتووینەوە.....گوتم وەختی کارێکی وا نییە... بگەڕێنەوە، بچنەوە لای مەلامستەفا، مەسەلەکە لەوێ حەل بکەن. گوتی ناوێرم متمانەی پێناکەم. لەباشترین حاڵەتدا دەمانکوژێ، دەنا تەحویلی ئێرانمان دەداتەوە. گوتم بچنە نێو دەوڵەتی عێراق. گوتی خەڵک پێمان دەڵێن جاش. گوتم باشە بچن بۆ لای جەلالییەکان. زۆر بە سەڕاحەت گوتی بە خائینیان دەزانم....پێمگوتن ئێستا کە هەر دەمێننەوە دەبێ کاری نیزامی بکەن، ئەگەر عەمەلیاتی چەکداری بکەن خەڵکێکتان وێ هەڵدەڕووسکێ.... خەڵکەکە تەحەممولی ئەوەی ناکەن. بەڕەحمەت بێ گوتی بڕیارێکی وامان نییە، ئەگەر بڕیارێکی واشمان هەبێت ئێستێ بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە وەختێکی باش نییە''.[٩]

حەسۆ میرخان لە چوارچێوەی کۆکردنەوەی کادرەکانی "ح.د.ک" و بە مەبەستی هێنانی سمایل شەریفزادە و حەمەدەمین سیراجی، چەند پێشمەرگەیەکی بۆ گەڵوەڕەز نارد. بەهۆی گەشتکردنی

---

[١] قازی، ٢٠٢٢، ل٣٧٢.

[٢] قازی، ٢٠١٤، ل١٢٦-١٢٧؛ مستەفایی، تەیمور، ٢٠١٥، *٧٠ وێستگەی مێژوویی*، کردستان: ب.چ، ل٤٦.

[٣] قازی، ٢٠١٤، ل١٢٧؛ کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١١٢.

[٤] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٠٨.

[٥] قازی، ٢٠٢٠، ل١٢٧.

[٦] جەلال، ١٩٩٨، ل٢٤٣.

[٧] قازی، ٢٠١٤، ل١٢٧.

[٨] مینایی، عەولا، ١٣٥٨، *مەلا ئاوارە*، ب.ش، ب.چ، ل٢٠.

[٩] کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١١٣.

شەریفزادە بۆ بەغداد، تەنها سیراجییان هێنا.[1] هەروەها حەسەن ڕەستگاریشی لە گوندی "بەستێ"وە "بەستێ"وە گواستەوە بۆ سەنگەسەر[2] و وەکوو دەستبەسەرێک ژیانی بەڕێ دەکرد.[3] بەم شێوەیە حەسۆ میرخان بەشێکی زۆر لە کادرەکانی "ح.د.ک"، لە سنووری دەستەڵاتیدا خستە ژێر چاودێرییەوە، هاوکات ژیانی لە گرتن و ڕادەستکردنەوە بە ئێران پاراستن.[4]

لە ناوچەکانی دیکەی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستەڵاتی هێزی باڵەک بە سەرۆکایەتیی سدیق ئەفەندی، هێزی خەبات بە سەرۆکایەتیی عەبدولوەهاب ئەتروشی،[5] هەروەها لە ناوچەی سلێمانی و بەهۆی لقی چواری "پ.د.ک"، گوشارەکان گەیشتنە ئاستی زیندانی کردن و کوشتن و ڕادەستکردنەوەی ئەندامانی "ح.د.ک" بە حکومەتی ئێران. عەولاغا پشدەری، ئامرهێزی باڵەک، لە ئەیلوولی ١٩٦٧، ئەندامێکی ئەو حیزبەی بە ناوی سواڕە سەکر گرت و ڕادەستی حکومەتی ئێرانی کردەوە.[6] لە هەڵەبجە، لە بەهاری ١٩٦٧ بنکەکانی "ح.د.ک" داخران، بەشێک لە کادرەکانیان، ڕوویان کردە سەنگەسەر و قەڵادزێ.[7] هەندێکیشیان وەکوو ئەسکەندەر عەلی، محەمەد موئمین، تۆفیق مستەفا، حەبیب ئەبابەکر و جافر ئەبابەکر لە لایەن عەبدولوەهاب ئەتروشییەوە دەستگیر کران، پاشان لە شارۆچکەی نەوسوودی سەرسنوور ڕادەستی حکومەتی ئێرانی کردنەوە.[8] دواتر مەلاڕەحیم وێردی[9] ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی "ح.د.ک" و چوار لە هاوەڵانی، لەلایەن عەبدولوەهاب ئەتروشییەوە، لەگوندی سورەدزێی ناوچەی شارباژێڕ دەستگیرکران.[10] پاش ماوەیەک لە زیندانکردنی، مەلاڕەحیم وێردیان لە سورەدزێ گواستەوە بۆ مەرۆێ، پاشان بۆ بیارە و لەوێ کوشتیان،[11] تەرمەکەیان ڕادەستی ئێران کردەوە.[1] بەهۆی ئەو

---

[1] خزری، ٢٠٢٠، ل٢١٠-٢١١.

[2] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٤٠٦.

[3] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢١٠.

[4] پێشنەماز، مەلا ڕەسوول، ٢٠٢١، *جوولانەوەی ١٩٦٧ و ١٩٦٧ کۆمەڵێک زانیاری*، یاداشت، بیرەوەری و بەڵگەنامە.

[5] سەبارەت بە پەیوەندیی شۆڕشی کوردستانی عێراق و حکومەتی ئێران، ڕەشید ئەحمەدی دەڵێت: ''بەداخەوە وەزعی شۆڕش بەجۆرێک چووبووە ژێر کاریگەریی ساواکەوە کە هەر بەرپرسێک لەناوچەی خۆیدا پەیوەندیی تایبەتی بە ساواکەوە هەبوو و ڕاستەوخۆش سەفەر و هاتوچۆیان بۆ شارەکانی ئێران هەبوو و بەتەواوی گوێڕایەڵ و دەستەمۆی ساواک بوون''. بۆ زیاتر بڕوانە: ئەحمەدی، ٢٠٠٩، ل١٢٨-١٢٩؛ بەڵام د.مەحموود عوسمان گوێڕایەڵیی فەرماندەکانی شۆڕشی بۆ ساواک بەو ڕێژە زۆرە ڕەتکردەوە و وتی: '' هەموو فەرماندەکان شوێنکەوتەی سەدی سەدی مەلامستەفا بوون، لە عەینی وەقتیشدا ئێران دەستی خستبووە نێو پاراستن، بەڵام نەگەیشتبووە ئەو ئەندازەیەی خۆی کاری سەربەخۆ بکات. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د. مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢١-٤-٢٠٢٥.

[6] قازی، ٢٠٢٥، ل٣٧٦.

[7] قازی، ٢٠١٤، ل١٢٨.

[8] حیسامی، ١٩٨٨، ل١٤٦؛ قازی، ٢٠١٤، ل١٣٣؛

[9] لە پاش دەستگیرکردنی مەلاڕەحیم وێردی، نزیکەی ٣٠ کەس لە ئەندامانی "ح.د.ک"لە سەنگەسەر بە ڕێنوێنیی ئەمیر قازی، نامەیەکی ناڕەزاییان بە ئیمزای خۆیانەوە بەمەبەستی سەرکۆنەی کارەکانی عەبدولوەهاب ئەتروشی و ڕزگارکردنی گیانی مەلاڕەحیم وێردی بۆ مستەفا بارزانی نارد، بەڵام پێش گەیشتنی نامەکە مەلاڕەحیم بە کوژراوی ڕادەستی ئێران کرایەوە. بڕوانە:حیسامی، ١٩٨٨، ١٤٦-١٤٩؛ قازی، ٢٠١٤، ل١٣٣-١٣٤؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٤١٥-٤١٧.

[10] خزری، ٢٠٢٠، ل٣١٠؛ پێشنەماز، ، ٢٠٢١.

[11] سەبارەت بە پرسی ڕادەستکردنەوەی تەرمی مەلاڕەحیم وێردی لەلایەن عەبدولوەهاب ئەتروشییەوە، ڕای جیاواز لە نێوان یاداشتەکانی ئەندامانی "ح.د.ک"دا هەیە. هەندێک پێیان وایە تەرمەکەی ڕادەستی ئێران کراوەتەوە، هەندێکی دیکە

ڕووداوانەوە ساڵی ١٩٦٧، بە ساڵێکی شوم لە مێژووی خەباتی کوردستانی ئێران و "ح.د.ک" دادەنرێت.[٢] ئەمیر قازی پاش ئەو ڕووداوانە سەردانی بارزانیی کرد و گلەیی لە هەڵسوکەوتی عەبدولوەهاب ئەتروشی و هەندێک لە بەرپرسانی شۆڕش، لە بەرانبەر پەنابەرەکانی کوردستانی ئێران، گەیاندە بارزانی. ناوبراو دەڵێت: '' بارزانی گوتی چی بکەم من لەسەر پردێ گەیشتوومەتە ورچێ، دەبێ پێی بڵێم خاڵە، دەنا دەمدڕێ''.[٣]

ئەوەی جێگەی سەرنجە و بە خوێندنەوەی یادداشتەکان بۆمان دەردەکەوێت، هەندێک لە کەسایەتییەکانی "ح.د.ک"، بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ گەڕانەوەی سولەیمان موعینی و پاراستنی گیانی، چەندین هەوڵی کۆمەڵایەتی و سیاسییان داوە. لە کاتێکدا ناوبراو بەمەرجی دەستهەڵگرتن لە تێکۆشان لە کوردستانی ئێران، ئامادەی گەڕانەوە و دانیشتن لە کوردستانی عێراق نەبووە. ئەگەر ناوبراو ئارەزووی گەڕانەوەی بکردایە، دەیتوانی ڕوو لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی باڵی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک" بکات و وەکوو قادرشەریف لە بەکرەجۆ نیشتەجێ ببێت، بەڵام ناوبراو بە گەڕانەوە بەو مەرجە قایل نەبووە و بارزانییش لە خواستەکانی تێگەیشتبوو.[٤] سولەیمان موعینی لە نامەیەکیدا بۆ ئیدریس بارزانی لە ١٥ی نیسانی ١٩٦٨ پەرۆشیی خۆی بۆ خەبات و تەرخانکردنی ژیانی لە پێناو گەل و نیشتمان ڕوون کردووەتەوە و دەڵێت: ''خەبات و کۆڵنەدان و ڕەنج و ئازار و ئەشکەنجە و دەربەدەری و تاڵی و سوێری و شەونخوونی و چیا و چۆڵ و ئیمان بە بیر و باوەڕ و بە گەل، لەو مەیدانی کردەوە و شۆڕش و کارزاری ژیاندا وای قاڵ کردووم و تواندوومیەوە کە لە کوردایەتی و حیزبایەتی و دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و ناحەز بەو لاوە، حەز لە هیچ ژیانێکی تر نەکەم و بۆی بەپەرۆش نەبم''.[٥]

پێیان وایە تەرمەکەی لە کوردستانی عێراق بەخاک سپێردراوە. ڕەشید ئەحمەدی، ئەندامی ح.د.ک و دانیشتووی مەرویێ نزیک سورەدزێ، لە زاری خەڵکی ناوچەکەوە، سەبارەت بە گرتنی مەلا ڕەحیم، پاش ماوەیەک، دەڵێت: '' ... دوای ماوەیەکی کورت بە ناوی ئەوەی کە تەحویلی مەرزبانیی نەوسوودی ئەدەن لە ڕێگادا پیاوەکانی عەبدولوەهاب ئەتروشی شەهیدی دەکەن. بە وتەی خەڵکی ناوچەکە بەو گەرمای هاوینە، جەنازەکەی چەند ڕۆژێک دەمێنێتەوە تاکو خەڵکی ناوچەکە پێدەزانن و دەچن دەیهێننەوە ئاوایی و بە خاکی دەسپێرن''. بۆ زیاتر بڕوانە ئەحمەدی، ٢٠٠٩، ل١٥٢؛ بەڵام سەعید کوێستانی باس لە ساتی ڕادەستکردنەوەی مەلاڕەحیم دەکات و دەڵێت: ''پیاوەکانی ئیتلاعات دێن کە مەلاڕەحیم وەرگرنەوە، کە دەبینن نەماوە و کوژراوە، زۆر تووڕە دەبن و پێیان دەڵێن: ئێمە مردوومان نەکڕیوە، پێویست بوو بە زیندوویی تەسلیممان کەنەوە'' بۆ زیاتر بڕوانە : کوێستانی، ٢٠٠٥، چ. ٢، ب.ش، ب. چ، ل٧٧

[١] قازی، ٢٠١٤، ل١٣٣؛ حیسامی، ١٩٨٨، ل١٤٧.

[٢] ڕەسوول، فاتیح، ٢٠٠١، *بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان*، چ. ١، سوید، ستۆکهۆڵم: ب.چ، ل٢١٤.

[٣] قازی، ٢٠١٤، ل١٣٧.

[٤] ئەمیر قازی باسی لە باسی سەردانی خۆی بۆ لای مستەفا بارزانی لە بەهاری ١٩٦٧و لەزاری بارزانییەوە نوسیوویەتی: ''با منیش پرسیارێک لە تۆ و ئەحمەد و سلێمان بکەم و جوابیشم بدەنەوە. عەرزم کرد بەڵێ فەرموو: وتی بەباوەڕی ئێوە ئەگەر ئەتۆ و ئەحمەد و سلێمان، مستۆ(مەبەست مستەفا بارزانی)شتان دەگەڵ....ئەو شۆڕشەی ئێستا کە لێرە بەدەستمانەوەیە، بەجێ بێڵین و بچین لەو دیو دەست بەشۆڕشێکی دیکە بکەین، لەوەی لێرە هەمانە باشترمان بۆ دەکرێ؟ ئەگەر پێتان وایە دەکرێ قانیعم بکەن، تالێرە لاچین و ڕوودەوێ بکەین، ئەگەرنا با بە هەموومان هەوڵ بدەین ئەوەی لێرە هەمانە بیگەیەنینە بەرهەم، جا چاو لە لایەکی دیکە بکەین'' بۆ زیاتر بڕوانە قازی، ٢٠١٤، ل١٣٨.

[٥] حیسامی، ١٩٨٨، ل١٠٥.

یەکەم هەوڵ بۆ گەڕانەوەی سولەیمان موعینی کە باسی لێوەکراوە، هەوڵی دەستەیەک بوو کە دیارترینیان مەلاڕەسوول پێشنەماز، سمایل شەریفزادە، حەمەدەمین سیراجی و مەلائاوارە، بوون. ئەوان لە گوندی سونێ کۆ بوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا بە مەبەستی ڕێگەدان بە گەڕانەوەی سولەیمان موعینی و پاراستنی گیانی، نامەیەکیان بۆ مستەفا بارزانی نووسی. سەرەتا نامەکەیان بۆ سەنگەسەر نارد تا کادرەکانی "ح.د.ک" ئیمزای بکەن. هەروەها بڕیاریان دا مەلائاوارە و مەلاڕەسوول پێشنەماز بە مەبەستی باسکردنی ئەو پەیامەی بۆ بارزانییان ناردووە، سەردانی سولەیمان موعینی بکەن. دەستەی نوێنەران لە گوندی ئالیەمەڕان، لە کوردستانی ئێران چاویان بە موعینی کەوت. بە پێی وتەی مەلاڕەسوول پێشنەماز، ناوبراو لەگەڵ ئەو پەیامەی بۆ بارزانی نێردراوە، هاوڕا بووە. لەو گەشتەدا مەلاڕەسوول پێشنەماز لەسەر داوای سولەیمان موعینی لە کوردستانی ئێران ماوەتەوە.[١]

لە دریژەی هەوڵەکانی هەندێک لە کەسایەتییەکانی نێو "ح.د.ک" بۆ گەڕانەوەی سولەیمان موعینی و وەرگرتنی گرەنتیی پاراستنی گیانی لە خودی بارزانی، ئەمیر قازی سەردانی مستەفا بارزانیی کرد. لەو دیدارەدا لەگەڵ بارزانی، لەسەر گەڕانەوەی موعینی بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕش ڕێککەوتن. بۆ ئەو مەبەستە لەگوندی نۆکان، ئەمیر قازی چاوی بە موعینی کەوت. ناوبراو، وەکوو ئەمیر قازی باسی لێوە کردووە، بە گەڕانەوە ڕازی بوو، بە مەرجێک خودی بارزانی بەڵێنی پێبدات و ڕێگەشی بدات بیبینێت. ئەمیر قازی گەڕایەوە لای بارزانی، بەڵام وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرای دەست نەکەوت، کێشەکە گەیشتبووە بنبەست.[٢] کەریم حیسامی لە ڕێگەی دارا تۆفیقەوە بۆ هەمان مەبەست پەیامی بۆ مستەفا بارزانی نارد، بەڵام داواکەی پەسەند نەکرا.[٣] حەسەن ڕەستگار لە ڕێگەی د.حیکمەت، کە دکتۆڕی شۆڕش بوو، هەوڵیدا بگاتە بارزانی و وەڵامی ئەرێنی بێنێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.[٤] هەروەها مەلاڕەسوول پێشنەماز لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفیدەوە، چەند جارێک لە ساڵی ١٩٦٧ لە سیتەکەوە هەوڵیاندا بۆ هەمان مەبەست، بەڵام ئەوانیش سەرکەوتوو نەبوون.[٥] بەڵام عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەبارەی هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەی سولەیمان موعینی وتی: ''سولەیمان موعینی گەڕانەوەی بۆ کوردستانی عێراق نەویستووە، لە هیچ کەسیش داوای ئەوەی نەکردووە، ئەو بە مەبەستی کارکردن بۆ خەباتی چەکدارانە لە نێو خاک و میللەتی خۆی گەڕابوویەوە کوردستانی ئێران''.[٦]

لە کوردستانی ئێران، جگە لە دەستەکەی سولەیمان موعینی، مراد شیرێژیش[٧] خۆی و چەند پێشمەرگەیەک لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بوون و لە حکومەت قاچاخ بوون، حکومەت

---

[١] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٨٣-١٨٦

[٢] قازی، ٢٠١٤، ل١٤٠.

[٣] حیسامی، ١٩٨٨، ل١٣٩-١٤٥؛ خزری، ٢٠٢٠، ٢٣٠.

[٤] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٧-٣٩٩.

[٥] پێشنەماز، ٢٠٢١.

[٦] گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندی واتسئەپ، ٢٢-١٠-٢٠٢٥.

[٧] مراد شیرێژ لە گوندی "جەڕان"ی ناوچەی پیرانشار لەدایک بووە. لە سەرەتای لاوێتییەوە لە حکومەت یاخی بووە، لە چەند شەڕێکدا ڕووبەڕووی هێزەکانی حکومەت بووەتەوە، لەوانە شەڕی شاخی بەردەسپیان و بەردەرشان بوو. ناوبراو

بودجەیەکی باشی بۆ گرتن و کوشتنیان تەرخان کردبوو.[1] لە لایەکی دیکەشەوە حکومەتی ئێران خەریکی کۆکردنەوەی هێز و ئامادەکردنی جاش، بە مەبەستی بەگژداچوونەوەی سولەیمان موعینی و پێشمەرگەکانی "ح.د.ک" بوو.[2] چونکە ئێران ترسی لە هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی چەکدارانە و تەنینەوەی بۆ سەرانسەری وڵاتەکەی هەبوو. ئەوەش سەرئێشەیەکی گەورەی بۆ حکومەتی ئێران بەدواوە بوو.[3] سولەیمان موعینی و پێشمەرگەکانی، سەرەڕای خۆپاراستنیان لە تێکهەڵچوون، لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ئێران تووشی چەند شەڕێک بوون. گرنگترینیان شەڕی "سپی سەنگ"[4] لە نیسانی ١٩٦٧[5] لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ئێران بوو، کە بۆ گرتنی مراد شیرێژ لە "سپی سەنگ" و دەوروبەری هاتبوون. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان زیانی زۆریان لە هێزەکانی حکومەت دا و و پێنج سەربازیان کوشتن و چەند سەربازێکیشیان دەستگیرکرد و دواتر ئازادیان کردن. لە دەستەی پێشمەرگەکانیش، عەبدوڵڵا موعینی بریندار بوو.[6] بە شەڕی "سپی سەنگ"، جووڵانەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ دژ بە دەوڵەتی ئێران لە کوردستانی ئێران دەستی پێکرد. جووڵانەوەکە بۆ ماوەی ١٨ مانگ بەردەوام بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٨ شەڕەکانی جووڵانەوەکە و بەرخۆدانی پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" گەیشتە لووتکە.[7] ئەوەش یەکەم خاڵی گۆڕانکاری لە شێوازی خەباتی ئەو حیزبە لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەیدا بوو، چونکە ئەمجارە خەباتی چەکداریی گرتەبەر. بەم شێوەیە جووڵانەوەی ٦٧-٦٨ لە کوردستانی ئیران وەکوو بەشێک لەو خەباتە چەکداریەی بەشێک لە وڵاتانی جیهانی لە ساڵانی دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوودا گرتبووەوە، دەستی پێکرد.[8]

عەبدوڵڵا موعینی پاش شەڕی "سپی سەنگ" بە مەبەستی چارەسەری برینەکەی، بە هاوڕێیەتیی مەلاڕەسوول پێشنەماز گەڕایەوە کوردستانی عێراق. لە قەڵادزێ بە هاوکاری "حشع"، چوونە

بەشداری جووڵانەوە چەکدارانەکەی ١٩٦٧-١٩٦٨ی کرد و لە بەهاری ١٩٦٨ لە شەڕێکدا لە دۆڵی کانیزەرد لە ناوچەی پیرانشار کوژرا . ماڵپەڕی shehid.com,٢٠٢١، -١٠-٢٠٢٥٢٥ .

[1] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٩١.

[2] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٨٥.

[3] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٤٧.

[4] کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١١٤.

[5] سەبارەت بە کاتی شەڕی "سپی سەنگ" مەلاڕەسوول پێشنەماز گوتی دووەمین مانگی بەهاری ١٩٦٧ بوو، هێشتا بە کێوەکانەوە بەفر مابوو، بە بەڵگەی ئەوەی، ئەحمەد نەستانی یەکێک لە پێشمەرگەکانی دەستەی سولەیمان موعینی، پاسەوان بوو لە شاخی سپی سەنگ، بەدووربین سەربازەکانی حکومەتی ئێران و جاشەکانی بینیبوو. هات و گوتی: کاکە عەجەم و جاش هاتن، بەڵام عەجەمەکان ئێجگار زۆرن، ...لێم پرسی بەچی دەزانیت عەجەمەکان زۆرترن، گوتی ئەوانەی لە لاپاڵەکانەوە بەسەر ڕەنوەبەفردا هەڵدێن کوردن زۆر کەمن، بەڵام ئەوانەی لەسەر چنگ دەڕۆن و ناوێرن بەپەلە بڕۆن ئەوە عەجەمن. گفتوگۆی تۆیژەر لەگەڵ مەلا ڕەسوول پێشنەماز لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسنجەر، سوید، ٥-١١-٢٥٢٥؛ پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٩٠.

[6] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل١٨٩-١٩٣؛ ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٩-٤٠١.

[7] گادانی، جەلیل، ٢٠١٢، *لە کەشکۆڵی پێشمەرگەیەکەوە*، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ل٩؛ گفتوگۆی تۆیژەر لەگەڵ مەلا ڕەسوول پێشنەماز، ٥-١١-٢٠٢٥؛ گفتوگۆی تۆیژەر لەگەڵ ئەحمەد نەستانی، ٢٨-٨-٢٠٢٥؛ کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١١٤.

[8] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٥٧؛ ئاراس، ١٣٩٥، کوردستان، ژ. ٦٧٩، ل٧؛ ئیسماعیلنەژاد(ئامادەکار)، ٢٧٢٣، ل٣٩٩.

سلێمانی، پاشان بە مەبەستی پاراستنی گیانیان و وەرگرتنی چارەسەر، بۆ لای شێخ لەتیفی حەفید(١٩١٣-١٩٧٢) بۆ سیتەک چوون. پاش وەرگرتنی چارەسەر عەبدوڵڵا موعینی گەڕایەوە کوردستانی ئێران، مەلاڕەسوول پێشنەماز لە کوردستانی عێراق مایەوە و چوویەوە گوندی هێرۆ، پاشان لە ژێر پێداگریی حەسەن ڕەستگاری ئامۆزای و خێزانەکەی، ماڵەکەی گواستەوە بۆ سەنگەسەر و خۆی ڕادەستی حەسۆ میرخان کرد و نەگەڕایەوە بۆ کوردستانی ئێران.[١] شەڕی "سپی سەنگ" دەنگی دایەوە و کاریگەریی نەرێنیی لەسەر "ح.د.ک" دروست کرد. دەستبەجێ کاربەدەستانی ئێران و ساواک بە مەبەستی سەرکوتکردن[٢] و ڕێگەنەدان بە جوواڵانەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران خۆیان گەیاندە حاجی ئۆمەران و شوێنی مانەوەی مستەفا بارزانی.[٣]

بنکەی جەماوەریی "ح.د.ک" لە کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی سوڵەیمان موعینی لە فراوانبووندا بوو. پاش "شەڕی سپی سەنگ" لە بەهاری ١٩٦٧، ژمارەیەک پێشمەرگەی ئەحمەد تۆفیق بە ناوەکانی برایمە سوور، عەلی گوێڕەش، حوسێن چلکۆچ، قادرە شەلە و قادر پەنیرە، کوردستانی عێراقیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە کوردستانی ئێران.[٤] بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە سوڵەیمان موعینی و پێشمەرگەکان.[٥] بەڵام بەهۆی حاڵەتی ئامادەباشی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوە و دروستبوونی ئەو جۆرە پەیوەندییانە، پێشمەرگەکان پێش گەیشتنیان بە سوڵەیمان موعینی لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ئێران لە پشتی خانێ تووشی شەڕ بوون. پاش ڕووبەڕووبوونەوە توانیان خۆیان ڕزگاربکەن[٦] و بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و لە ژێر فشاردا فشاردا ڕوویان کردە شاخەکانی گوندی زینوێی شێخی، هێزەکانی حکومەتی ئێران بە پاڵپشتی جاشە ناسراوەکانی خانێ و لاجان لە کوردستانی عێراق شوێنپێیان هەڵگرتن و بە هاوکاریی بەرپرسانی شۆڕش، لە گوندی ئاڵانێ چواردەوریان گرتن و پاش تەقەکردن و دروستبوونی شەڕ، برایمەسوور کوژرا و عەلی گوێڕەش بریندار بوو، ئەوانی دیکەشیان دەستگیر کرد و سەرجەمیان بردەوە بۆ کوردستانی ئێران. عەلی گوێڕەش و سێ پێشمەرگەکەی دیکە لە جەڵدیان لە سێدارەدران.[٧] تەرمی برایمە سووریش لە خانێ نمایش کرا.[٨] ئەو ڕووداوانە لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێران دەنگی دایەوە، بە جۆرێک خەڵکی پشتیوانییان لە پێشمەرگەکانی "ح.د.ک" دەکرد و شەڕەکانیان لەگەڵ حکومەتی ئێران، وەکوو داستان دەگێڕایەوە و بە چاوی پاڵەوانانە لە پێشمەرگەکانیان دەڕوانی و پێشوازییان لێدەکردن.[٩]

---

[١] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢١٦؛ ڕەستگار، ٢٠٢١، ل٤١١.

[٢] سەبارەت بە ترسی ئێران لە شەڕی "سپی سەنگ" حەسەن ڕەستگار نوسیوویەتی: ''دەنگۆی ئەوە هەبوو کە فەرماندەی فەرماندەی لەشکری ئێران ژێنراڵ پالیزبان، لەبەر کاک مەسعود پارزانی و گوتویە ئەگەر یارمەتیم نەدەن ئەو حەرەکەتە سەرکوت بکرێ، شا ڕێگەم نادا بگەڕێمەوە تاران''. ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٩.

[٣] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٣٩٩.

[٤] کوێستانی، ١٩٩٦، ل١٦٦؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٢١٩.

[٥] گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ مەلا محەمەد خزری لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندی واتسئەپ، ٢٣-١٠-٢٠٢٥.

[٦] حیسامی، ١٩٨٨، ل٤٨.

[٧] کوێستانی، ١٩٩٦، ل١٦٥-١٦٧؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٢١٤-٢١٩.

[٨] حیسامی، ١٩٨٨، ل٤٨.

[٩] قازی، ٢٠٢٢، ل٢١٠.

پاش ئەو ڕووداوانە، ڕۆژ دوای ڕۆژ گوشاری حکومەتی ئێران لەسەر کاربەدەستانی شۆڕش زیادی کرد، ئەوەش لەسەر گوشاری کاربەدەستانی شۆڕش بۆسەر "ح.د.ک" کاریگەریی هەبوو.[١] دواجار سەرکردایەتیی شۆڕشی کورستانی عێراق لە ژێر فشاری ئێراندا، لە مایسی ١٩٦٧ لە ڕێگەی سامی عەبدولڕەحمانە(١٩٣٢-٢٠٠٤)وە، سێ بژاردەی بۆ کادرەکانی ئەو حیزبە دانا. یەکێکیان بریتی بوو لە جێهێشتنی کوردستانی عێراق و چوونە بەغداد، ئەوی دیکەیان دانیشتن لە کوردستانی عێراق بە مەرجی چەکدانان و دەستهەڵگرتن لە چالاکیی سیاسی و سنوور نەبەزاندن، دواهەمینیان چوونەوە بۆ کوردستانی ئێران و پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردستانی عێراق.[٢]

حەمەدەمین سیراجی و سمایل شەریفزادە، سەرەتای هاوین گەڕانەوە کوردستانی ئێران و ئامادەی چەکدانان نەبوون، لەسەر خەباتی چەکدارانە سووربوون و هیوایان بە شۆڕشێکی سەرتاسەری لە ئێراندا هەبوو.[٣] شەریفزادە پاش سەردانەکەی بەغداد ڕاستەوخۆ گەڕایەوە کوردستانی ئێران. پاشان حەمەدەمین سیراجی بە هاوڕێیەتی دەستەیەک لەو پێشمەرگانەی "ح.د.ک"، کە گەڕانەوەیان بۆ کوردستانی ئێران هەڵبژاردبوو، وەکوو سالّەح لاجانی و کەریم ڕەشاش و ژمارەیەکی دیکە گەڕانەوە کوردستانی ئێران.[٤] کەریم حیسامی سەبارەت بەکاتی گەڕانەوەی حەمەدەمین سیراجی و سمایل شەریفزادە نووسیویەتی: ''بە گوێرەی نامەی کاک سمایل شەریفزادە کە ٢٢-٦-١٩٦٧ بۆ منی نووسیوە، ئەشێ ڕۆیشتنی ئەوان دەوروبەری ٢٠-٦-١٩٦٧ بووبێ''.[٥]

سمایل شەریفزادە و حەمەدەمین سیراجی، ئامانجیان یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێکانیان لە "ح.د.ک" و ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی چەکداریی پێکەوە لە نێو گوندەکانی کوردستانی ئێران بوو. لەو پێناوەدا پاش گەڕانەوەیان بۆ کوردستانی ئێران، چوونە لای کادرەکانی لقی سێی "ح.د.ک" و بە لای سولەیمان موعینیدا کەوتن. لەو کاتەدا موعینی لە کوردستانی ئێران لە مەیدانی خەباتدا بوو.[٦] حەمەدەمین سیراجی، لە نامەیەکیدا بۆ کەریم حیسامی لە بەرواری ١٨ی تەمووزی ١٩٦٧، یەکگرتنەوەیانی ڕاگەیاندووە. شایەنی باسە "حشع" و مەکتەبی سیاسی "پ.د.ک"، لە یەکگرتنەوە و کارکردنی ئەم دوو بەرەیەی "ح.د.ک" پێکەوە، ڕۆڵیان هەبوو.[٧] موعینی و شەریفزادە و سیراجی، پاش یەکگرتنەوەیان و کۆبوونەوەیان لەدەوری یەکتر لە کوردستانی ئێران، بە مەبەستی کۆکردنەوەی پێشمەرگەکانی کوردستانی ئێران لە ژێر ڕێبەرایەتی ناوەندێکی یەکگرتوودا، هەروەها پووچەڵکردنەوەی ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی ئێران، لە ناوهێنان و هێنانە خوارەوەی ئاستی بزووتنەوە و پێشمەرگەی کورد و ناوهێنانی بە چەتە، دەستەی مراد شیرێژیان هێنایە پاڵ خۆیان.

---

[١] ڕەستگار، ٢٠١٢، ل٤١١.

[٢] کۆچێرا، ١٣٧٧، ل٤٢٩؛ جەلال، ١٩٩٨، ل٢٤٣.

[٣] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، ١٩٦٦، ڕێگای سەرکەوتن و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، *گۆڤاری تیشک*، ژ. ١، ل١؛ بختیاری، ١٤٠٣، ل١٤٠

[٤] خزری، ٢٠٢٠، ل٢١٢-٢١٣؛ حیسامی، ١٩٨٨، ل٦٤.

[٥] حیسامی، ١٩٨٨، ل٦٤.

[٦] خزری، ٢٠٢٠، ل١٨٣؛ قازی، ٢٠٢٥، ل٣٣٢.

[٧] حیسامی، ١٩٨٨، ل٦٨، ٧٥.

لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا، تێکڕا پێکەوە بڕیاری هەڵبژاردنی ٢١ کەس بۆ ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانیان دا. هەروەها بڕیاریاندا تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی حیزبەکەیان، لە جیاتی ناوی "ح.د.ک"، بە ناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک"، بەردەوامی بە خەبات بدەن. بەم شێوەیە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە حوزەیرانی ١٩٦٧ لە کوردستانی ئێران دامەزرا و سەرکردایەتیی جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨ی کوردستانی ئێرانی کرد.[١]

دروستبوونی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ گوڕ و تینی زیادتری بە کار و چالاکیی سیاسیی "ح.د.ک" لە کوردستانی ئێران دا. لە پاییزی ١٩٦٧ کادرەکانی لێبڕاوانە دەستیان بە کاری سیاسی کرد. حکومەتی ئێران ترسی لەو چالاکییانە پەیدا کرد و کەوتە ئەزیەتدانی خەڵک و تۆقاندنیان،[٢] چونکە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردی بوو، لە گرنگیدان بە پرسی نەتەوەیی پێشینەی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەژێر کاریگەریی بیر و ئەندێشەی ماویزمدا بوو. حکومەتی ئێرانیش ئامانجی لێدان و بنبڕکردنی بزووتنەوە چەپەکان بوو، چونکە بەهۆی ئەوەی شۆڕشگێڕانی چەپی نوێ لە خەباتیاندا ڕێکخراوتر و سەرکەوتووترن، ترسی لە ئایدۆلۆژیای چەپی نوێ هەبوو.[٣]

بە دروستبوونی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ جارێکی دیکە، دەستەگەری لە نێوخۆی "ح.د.ک" دروست بوو. دەستەی یەکەم وێڕای بەڕاست زانینی شۆڕشی کوردستانی عێراق، لەگەڵ کارکردنی بەردەوام لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بە مەبەستی ئامادەسازی بۆ شۆڕشی چەکدارانەدا بوون. سوڵەیمان موعینی سەرکردایەتیی ئەو دەستەیەی دەکرد و زۆرینە بوون. کەسانی وەکوو مەلائاواڕە و سمایل شەریفزادە و حەمەدەمین سیراجی و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی "ح.د.ک" ی لەگەڵدابوو. دەستەی دووەم، پێیان وابوو کاری لەو جۆرە خۆکوژییە و ناکرێت، پێویستە لە کوردستانی عێراق، کاری ڕێکخراوەیی بکەن و چاوەڕوانی شۆڕشی کوردستانی عێراق و ڕووداوەکانی داهاتوو بن. ئەم دەستەیە کەمینە بوون و ئەمیر قازی سەرکردایەتیی دەکرد، کەسانی وەکوو سەیدڕەسووڵ دێهقان و مەلاسەید ڕەشید و ژمارەیەک پێشمەرگەی لەگەڵدابوو.[٤] شایەنی باسە هەندێک لە ئەندامان ئەندامان و لایەنگرانی دەستەی یەکەم، لەگەڵ دەستپێکی جوولانەوەکە، بیرۆکەی دەستەی دووەمیان لا پەسەندتربوو، وازیان لە کار و تێکۆشانیان لەگەڵ دەستەی یەکەم هێنا. لەوانە حەسەن ڕەستگار، مەلاڕەسووڵ پێشنەماز، سەعید کوێستانی[٥] و عەبدوڵلا حەسەنزادە.[٦] ئەوە جگە لەوەی دەستەیەکی دیکەی پەنابەرەکانی "ح.د.ک" لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ کوردستانی عێراق، لە حیزبەکەیان دوور کەوتبوونەوە و چووبوونە پاڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و، بەدڵ لەو پێناوەدا تێکۆشان. سەرکردایەتیی ئەو دەستەیە هەژاری شاعیر و خالیداغای حیسامی بوون. دەستەی دووەم و

---

[١] مستەفایی، ٢٠١٥، ل٤٧.

[٢] عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٥٧.

[٣] احمدزادە، مسعود، ١٣٤٩، *مبارزة مسلحانه هم استرتژی، هم تاکتیک*، ب.ش،ب.چ، ل٢٢.

[٤] دێهقان، ١٩٩٨، ل٤٤؛ قازی، ٢٠٢٥، ل٣٤١.

[٥] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ٤٢٥،٤١٠.

[٦] کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١١٤.

سێیەم، پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ بارەگای بارزانیدا هەبوو، هەژمونی ئەوانیان قبووڵ بوو. هاوکات لە لایەن سەرکردایەتیی شۆڕشەوە گیانیان پارێزرا.[1]

باسی دووەم: هەوڵەکانی جووڵانەوەکە لە پێناوی دروستکردنی پەیوەندی و بەدەستهێنانی پشتیوانیدا:

کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بۆ ئەوەی بۆ خەباتی چەکداریان دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنێت، پێویست بوو کەناڵەکانی پشتیوانییان فراوان و بەهێز بکەن، چونکە پشتیوانیی سیاسی و ئابووری، لەپاڵ بەدەستهێنانی ڕای گشتیی جەماوەری جیهانی لە پایە سەرەکییەکانی پێگەی سیاسی، سەربازی، بەرخۆدان و خەباتی چەکدارییەن. بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەکە هەوڵەکانی بە مەبەستی دروستکردنی پردی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی خستەگەڕ.

تەوەری یەکەم: هەوڵی پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی:

کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" هەستی بە بایەخی پشتیوانیی سیاسی و ئابووری بۆ خەباتە چەکداریەکەیان کردبوو. لەو پێناوەدا و بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی حکومەتی ئێران، هاتە سەر ئەو باوەڕەی لە ڕێگەی یەکگرتن و کۆکردنەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێرانەوە، ڕووبەڕووی ئەو ڕەوشە نالەبارەی ئێران ببنەوە.[2] لەبەر ئەوە ساڵی١٩٦٧، بۆ دروستکردنی پەیوەندی، لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە دەرەوە و بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی هەوڵەکانیان بەرەو ئامانجێکی یەکگرتوو، کە ڕزگاربوون لە دەستی ستەمی دەستەڵاتی ئێرانە، هەوڵی جیدی و ڕاستەقینەی دا. ئەم هەوڵدانە لەو ڕوانگەوە بوو کە پێیانوابوو شۆڕشی کوردستان لە چوارچێوەی شۆڕشی هەمەلایەنەی ئێران و بە یەکگرتوویی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران[3] شانسی سەرکەوتنی زیاترە. هەر بۆیە لە پێناو فراوانکردنی تواناکانیان و بە مەبەستی پەیوەندی بە حزبی تووده و سازمانی ئینقلابیی حزبی تووده ، دەنگی خۆیان گەیاندە ئەوروپا.[4]

یەکەم: پەیوەندییەکان لەگەڵ حزبی تووده: پەیوەندییەکانی جووڵانەوەکە لەگەڵ حزبی تووده، لە ژێر فشاری کەسایەتییە کوردەکانی نێو حزبی تووده (کەریم حیسامی و عەبدوڵڕەحمان قاسملوو)[5] و ئەو نامانە دروست بوو کە هەریەکە لە سوڵەیمان موعینی، حەمەدەمین سیراجی و سمایل

---

[1] قازی، ٢٠٢٥، ل٣٤١.

[2] مؤمنی، حمید، ١٣٥٨، در باره مبارزات کردستان، چ. ٢، ب.ش، ل٥٢.

[3] سوڵەیمان موعینی سەبارەت بە یەکخستنی تواناکانیان لەگەڵ هێزەکانی دیکە دەڵێت: ''ئیمڕۆ لە ئێراندا کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەهۆی حکومەتی چلکاوخۆری شا دەوری ئاغایەتی دەگێڕێ و ماوەی هیچ پشوودانێکیان بۆ کەس نەهێشتووەتەوە، هەموو تێکۆشەرێکی ئازادیخوازی خستووەتەسەر ئەو باوەڕە کە هەموو خەڵکەکانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵێک دەبێ لە بەرەیەکی زیدی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی یەک بگرن و بەخۆ ئاراستەکردن و هاتنە مەیدانەوە لە دوژمن بدرێت''. بۆ زیاتر بڕوانە: حیسامی، ١٩٨٨، ل٤٦

[4] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده،١٩٧٠، ل١٨.

[5] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٦٣؛ قازی، ٢٠٢٢، ل٣٢٨.

شەریفزادە، بەجیا بۆ حزبی تووده و کادرە کوردەکانی ئەو حیزبە نووسیبوویان.[1] لە نامەکانیاندا جگە لە ڕوونکردنەوەی ڕەوشی ئەو کاتی ئێران و هەلومەرجی خەبات، داوای هاوکارییان لە حزبی تووده کردبوو. لە ئەنجامدا ئەو حیزبە بڕیاری دا لە نزیکەوە لە بەغداد چاوی بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" بکەوێت و لەسەر شێوازی خەبات و هاوکاری گفتوگۆ بکەن.[2] بۆ ئەو مەبەستە حەمەدەمین سیراجی و سولەیمان موعینی چوونە بەغداد.[3] لە ئەوروپاشەوە کەریم حیسامی، عەبدولڕەحمان قاسملوو و د.ڕەزا ڕادمەنیش، سکرتێری حزبی تووده، چوونە بەغداد. لە ٩ی شوباتی ١٩٦٨، یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی لە نێوان حزبی تووده و کۆمیتەی شۆڕشگێڕ ئەنجام درا. سەبارەت بە ئەندامەکانی هەر دوولا، هەرچەندە لەو کاتەدا کەریم حیسامی ئەندامێکی حزبی تووده بوو، بەڵام وەکوو خۆی دەڵێت، سولەیمان موعینی لە ڕێزی ئەندامانی خۆیان هەژماری کردووە. د.ڕەزا ڕادمەنیش، خۆی و قاسملووی لە بەرەی تووده هەژمار کردووە.[4] ماوەی چوار ڕۆژ کۆبوونەوە بەردەوام بوو.[5] لەو کۆبوونەوانەدا، د.ڕەزا ڕادمەنیش لەسەر کاری سیاسی و ڕێکخستن سوربوو، هاوکات سولەیمان موعینی ڕەوشی ئەوکاتی ئێران و توانا و لێهاتوویی ساواکی بۆ ڕوون کردنەوە، هەروەها جیاوازیی تواناییی حکومەتی ئێران لە سەردەمی د.محەمەد موسەددیق و ئەوکات و پێویستییان بە یارمەتیی هەمەلایەنە خستەڕوو.[6] موعینی بە هیوای ئەوەبوو، د. ڕەزا ڕادمەنیش جگە لە کۆمەکی حیزبەکەی، کۆمەکی وڵاتانی سۆسیالیستییشی بۆ بهێنێت، تا پایەکانی خەباتی چەکدارییان بەهێز بکات.[7] پاش چوار ڕۆژ کۆبوونەوە و گفتوگۆ، هەردوولا لەسەر ئەم خاڵانە ڕێک کەوتن :

---

[1] هاوکات بەڵگەنامەیەکی ساواک، بە بەرواری ٢٣-٥-١٩٦٧، ئاماژەی بە هەوڵەکانی "ح.دک"بۆ نزیکبوونەوە لە کۆمۆنیزمی جیهانی و شۆڕشگێڕەکانی دیکە، وەکوو"حشع"، حیزبی تودەی هەڵوەشاوەی ئێران، جەبهەی میللی، ڕۆحانییە تونڕەوەکان و خوێندکارانی کوردی وڵاتانی ئەوروپا بەمەبەستی بەدەستهێنانی هاوکاری، لەپێناو ئامانجەکەیان کە خودموختارییە، کردووە. بۆ زیاتر بڕوانە: چپ در ایران به روایت اسناد ساواک، حزب دموکرات کردستان ایران، ١٣٧٨، ل٤١٩؛ شایەنی باسە ئەم بەڵگەنامەیەی ساواک، هاوکاتە لەگەڵ ئەو کاتەی کە کەریم حیسامی بە ڕێگەپێدانی حیزبی تودە، بۆ یەکەمجار و بە مەبەستی دیداری سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی گەڕابوویەوە عێراق، ئەوەش نیشانەی ئاگایی ساواکە لە چالاکییەکانی ح.د.ک. بۆ زیاتر بڕوانە: حیسامی، ١٩٨٨، ل٦١-٦٣.

[2] حیسامی، ١٩٩٧، ل١٩٠.

[3] کەریمی، (ئامادەکار)، ٢٠٠٥، ل٢٠٩.

[4] سەبارەت بە شاندی هەر دوو حیزب و هەڵوێستی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بەرامبەر کەریم حیسامی و قاسملوو، فاتیح ڕەسوڵ لە زاری حەمەدەمین سیراجییەوە دەڵێت: ''ئیمەی کۆمیتەی ئینقلابی لە گوندێکی ناوچەی سوێسنییەکان کۆبوونەوەیەکمان پێکهێنا. ژمارەمان ٢٥ کەس دەبوو، بڕیارمان وەرگرت کە د. قاسملوو و کاک کەریم حیسامی وەک دوو ئەندامی کۆمیتەکەمان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەین. بەڕێگای هاوڕێیانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق نامەیەکم بۆ سەرکردایەتیی حیزبی تووده نارد، داوای دیدەنی و کۆبوونەوەم لەگەڵ کردن. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ شەهید سولەیمان گەیشتینە بەغدا. لەگەڵ شاندێکی حیزبی تودە کە پێکهاتبوو لە د.ڕەزا ڕادمەنیش، سکرتێری حیزبی تووده، د.قاسملوو و کاک کەریمی حیسامی، لەگەڵ نوێنەرانی تووده ڕێککەوتین کە پەیوەندی و هاوکاریی نێوان تووده و حیزبی دیموکرات تۆندوتۆڵ بکرێت". بۆ زیاتر بڕوانە: ڕەسوڵ، ٢٠٠١، ل٢١٥.

[5] حیسامی، ١٩٨٨، ل٩٤.

[6] کوێستانی، ١٩٩٦، ل١٦١-١٦٤؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٢٤١-٢٤٢.

[7] کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١٢٦.

١-بەڕەسمی ناسینی "ح.د.ک" لەلایەن حزبی توودەوە، بە مەرجێک "ح.د.ک" لەژێر ڕێبەرایەتیی مارکسیستەکانی کورددا بێت.
٢- مانەوە و بەهێزکردنی ئەو هێزە چەکدارەی لە کوردستانی ئێران هەیە، بەمەبەستی تێکۆشانی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی.
٣- بەرنامەی "ح.د.ک" دژی بەرنامەی حزبی تووده نەبێت.
٤-نەهوروژاندنی مستەفا بارزانی، دیاریکردنی کەریم حیسامی بە مەبەستی هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە بارزانی.

1- حزبی تووده یارمەتیی ماددی، سیاسی، تەکنیکی و مەعنەویی "ح.د.ک" بدات.
2- قاسملوو بۆ پێگەیاندنی کادری سیاسی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، هەروەها پەیوەندی نەکردن بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حزبی تووده، یەکێکی دیکە بوو لە خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە.

ئەوەی لە کۆبوونەوەکان لەسەری ڕێکنەکەوتن، تەنها بابەتی ڕۆژنامە بوو. عەبدولڕەحمان قاسملوو لەگەڵ ئەوەدا بوو ئەو ڕۆژنامەی "کوردستان"ە کە لە ئەوروپا دەردەچوو، ببێتە ئۆرگانی "ح.د.ک"، بەڵام سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی دژی ئەو بیرۆکەیە بوون و ڕازی نەبوون ڕۆژنامەیەک لە ئەوروپاوە ئۆرگانی "ح.د.ک" بێت.[١] د.ڕەزا ڕادمەنیش و حیسامییش بەهەمان شێوە دژی ئەو بیرۆکەیەی قاسملوو بوون. لە دواییین کۆبوونەوە و پاش دەرکردنی بەیانێکی تایبەت بەو ڕێککەوتنە، حزبی تووده، یارمەتیی ماددیی پێشکەش بە سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی کرد[٢] کە ئەوە یەکەم و دواییین هاوکاری بوو، چونکە حزبی تووده لە ڕێککەوتنەکە پەشیمان بوویەوە و هیچ کام لە بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکرد. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی نێو سەرکردایەتیی ئەو حیزبە.[٣] پاش ماوەیەک لە گەڕانەوەی بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت، د.ڕەزا ڕادمەنیش لە لە سکرتێریی حزبی تووده دوور خرایەوە.[٤] یەکیەتیی سۆڤیەت لەو کاتەدا بەهۆی باشبوونی پەیوەندییە ئابووریەکانی لەگەڵ ڕژێمی شا و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیەی حزبی تووده لەگەڵ "ح.د.ک" قایل نەبوو.[٥] ئەمە وێڕای ئەوەی حزبی تووده، لە بنەڕەتدا باوەڕی بە خەباتی چەکدارانە نەبوو، لە ڕێگای میدیاکانیەوە (ڕادیۆی پەیکی ئێران و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی) دژی شێوازی خەباتی چەکدارانە، ڕۆژانە دەیان وتاری بڵاو دەکردەوە.[٦] هاوکات کۆمیتەی شۆڕشگێڕیش بەهۆی پشتیوانیی ئەو حیزبە بۆ مستەفا بارزانی، وێڕای پابەندبوونی ئەو حیزبە بە سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتیانە کە سۆڤیەت بانگەشەی بۆ دەکرد، هەروەها تێڕوانینی ناوەندگەرایانەیان، بەو کۆبوونەوە و ڕێککەوتنە زۆر دڵخۆش نەبوو.[٧]

---

[١] حیسامی، ١٩٨٨، ل٩٤-٩٥، ١٠١.
[٢] حیسامی، ١٩٩٧، ل١٩٥.
[٣] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٦٣.
[٤] کوێستانی، ١٩٩٦، ل١٦٤؛ سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٦٣.
[٥] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٦٣.
[٦] بداغی، عەلی(ئامادەکار)، ٢٠٢٥، *٨٠ساڵ خەبات لە پێناو ڕزگاری(حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦-١٣٤٧*-د.سمایل بازیار، هەولێر: چاپخانەی ڕۆکسانا، ل١٢٥.
[٧] شوکت، حمید، ١٣٨١، *نگاهی از درون به‌جنبش چپ ایران(گفتگو با کورش لاشایی)*، چ. ١، تهران: نشر اختران، ل١٣٠.

دووەم: پەیوەندییەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" لەگەڵ سازمانی ئینقلابیی حزبی تووده:[1]

سمایل شەریفزادە، ڕێبەری سیاسی و فکریی جوولانەوەکە و ئەندامی ڕێبەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیی هەمەلایەنەدا بوو. ناوبراو لە ڕێگەی سەلاحەدین شەمسی بورهان، ئەندامی کوردی سازمانی ئینقلابیی حزبی تووده و نیشتەجێی نەمسا، هەروەها محەمەد موهتەدی، هاوڕێی قۆناغی خوێندنی زانکۆیی لە تاران کە لەو کاتەدا لە کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا خوێندکار بوو ، پەیوەندیی بە سازمانی ئینقیلابیی حزبی تووده‌وە کرد[2] و پەیامێکی بۆ سازمانی ئینقلابی نارد و ڕایگەیاند، ئەگەر سازمانی ئینقلابی ئامادەیی تێدابێت، بۆ ئاگاداربوون لەو خەباتە چەکدارانەیەی لە دژی حکومەتی ئێران لە ئارادایە، دەتوانن نوێنەرێک بۆ کوردستانی ئێران بنێرن، ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێدەکەین. سازمانی ئینقلابی بە خەباتێکی چەکداری لە ئێران خۆشحاڵ بوون و بە ئومێدەوە لێیان ڕوانی. هەر بۆیە سازمان بڕیاری دا، دکتۆر کوروش لاشایی، ئەندامی ڕێبەریی سازمان، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکە و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەو بارەیەوە بۆ کوردستانی ئێران بنێرێت. لاشایی بۆ گەیشتن بە کوردستانی ئێران، ڕێنمایی لە کەمال فوئاد[3]، کوردی نیشتەجێی بەرلین و هاوڕێی جەلال تاڵەبانی(١٩٣٣-٢٠١٧) وەرگرت تا بگاتە بەغداد و چاوی بە تاڵەبانی بکەوێت.[4] لاشایی پاش گەیشتنی بۆ بەغداد، لەو شارە چاوی بە تاڵەبانی کەوت.[5] لە ڕێگەی تاڵەبانییەوە لە کۆتاییەکانی شوباتی ساڵی ١٩٦٨، گەیشتە سلێمانی، بە هۆی بارینی بەفرێکی زۆر، ماوەی مانگێک بۆ مانگ و نیوێک چاوەڕێی کرد تا ڕێگاکان کرانەوە، پاشان بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ گەشتەکەی هەواڵی لە شەریفزادەوە پێگەیشت. تاڵەبانی ئەرکی پاراستن و گەیشتنی لاشایی بە دەستەی شەریفزادەی گرتە ئەستۆی خۆی.[6] لاشایی لاشایی تەنها کەس بوو لە نزیکەوە، نزیک بە دوو مانگ لە سەرەتای بەهاری ١٩٦٨ لەگەڵ

---

[1] سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ڕێکخراوێکی جیابووەوە بوو لە حیزبی تودە، لە ساڵی ١٩٦٤ بەهۆی هەلپەرستی و سیاسەتی سازانخوازیی حیزبی تووده و بەپێویست زانینی خەباتی چەکداری لە ئێران، لە حیزبی تووده جیا بوویەوە. پاش جیابوونەوەی لەو حیزبە لە ساڵی١٩٦٤ دەستی بە چالاکییەکانی کرد. بۆ زیاتر بڕوانە: احمدزادە، مسعود، ١٣٤٩، مبارزە مسلخانە هم استراتژی، هم تاکتیک، ، بدون محل چاپ، ل٢٤؛ ئەم دابڕانە بە گەورەترین دابڕان لە مێژووی حیزبی تووده دادەنرێت و نزیکەی لە سەدا نەوەدی لایەنگرانی حیزبی تووده‌ی لەگەڵ بوو. بۆ زیاتر بروانە: سعید، اسماعیل عبدالرحمن، ٢٠٢٢، سازمانی ئینقلابی و ڕەوتی چەپی نوێ لە باشوری کوردستان (١٩٦٨-١٩٧٠)، *گۆڤاری زانکۆی کۆیە*، ل١٠.

[2] قازی، ٢٠٢٢، ل١٢.

[3] د. کەمال فوئاد، ناوی تەواوی کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد، کەساسیەتییەکی سیاسی و ڕووناکبیری کوردستانە لە ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لەدایک بووە. لە سلێمانی و بەغدا و ئەڵمانیا خوێندوویەتی، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایە لە زمانی کوردی و دەستنووسە کوردییەکان، لە بواری سیاسەتدا ، سەرەتا لە نێو ڕیزەکانی حشع و پاشان پ.د.ک و دواتر ی.ن.ک، کاری کردووە و لە دەستەی دامەزرێنەرانی "ی.ن.ک" ە. ساڵی ٢٠١٤ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر بڕوانە: بێ ناوی نووسەر، ٢٠٢٥، د. کەمال فوئاد سەرکردە و ئەندامی دەستەی دلمەزرێنەرانی ی.ن.ک، *کوردستانی نوێ*، ژ. ٩٥٤٢ ، ل٨.

[4] شوکت، حمید،١٣٧٩، *نگاهی از درون به جنبش چپ ایران(گفتگو با ایرج کشکولی)*، چ. ١، تهران: اختران، ل٩٨؛ شوکت، ١٣٨١، ل١١٦.

[5] ڕەشید،سەلاح(ئامادەکار)، ٢٠١٧، *مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری*، چ. ٢،چاپخانەی کارۆ، ل٣٨٣.

[6] شوکت، ١٣٨١، ل١٢٥.

پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت مایەوە.[1] جگە لە شەریفزادە چاوی بە مەلائاوارە، عەبدوڵڵا موعینی و مینەشەم و نزیکەی ٢٠ پێشمەرگەی تر کەوت. هاتنی لاشایی بۆ کوردستانی ئێران بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕ هیوابەخش بوو، چونکە پەیداکردنی دۆستێک لەگەڵ هاوکاریی سەربازی و ئابووری بۆ ئەوان لە دەرەوەی هەرێمەکە جێگای ئومێد بوو.[2]

پێش گەڕانەوەی، لاشایی لەگەڵ شەریفزادە وا ڕێک کەوتن کە لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەوروپا، ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ڕەوشی ناوچەکە و کۆمیتەی شۆڕشگێڕ پێشکەش بە سازمانی ئینقیلابی بکات. هاوکات بە مەبەستی ڕێکخستنی خەباتی چەکدارانە، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران،[3] چونکە تێزی سازمانی ئینقلابییش لەو کاتەدا بریتی بوو لە "گەمارۆدانی شارەکان لەڕێگای گوندەکانەوە". ئەوەش دروست لە خەباتی چەکدارانەی کورد بە ڕێبەرایەتیی کەسانی خوێندەواری وەکوو شەریفزادە دابین ببوو.[4] سازمانی ئینقلابی ئومێدیان بە کوردستان بوو، بۆ ئەوەی وەکوو بنکەیەک بۆ دزەکردنە نێو بەشەکانی دیکەی ئێران سوودی لێوەربگرن. لە بەرانبەریشدا شەریفزادە خۆشحاڵ بوو، هیچ داوایەکی تایبەتی نەبوو، تەنها خوازیاربوو لەو خەباتەی خەریکە شکڵ دەگرێت، هاوکارییان بکەن.[5]

لاشایی پاش گەڕانەوی بۆ ئەوروپا، لە بەهاری ١٩٦٨، لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی کارگێڕیی سازمانی ئینقلابی لە هاوینی هەمان ساڵ، ڕەوشی کوردستان و ڕاپەڕینی چەکدارانەی کوردستانی ئێرانی شیی کردەوە. گرنگترین خاڵی ڕاپۆرتەکەی، لە پێشنیازی شەریفزادە و مەلائاوارە، بریتی لە ناردنی هێزێکی سازمانی ئینقلابی بۆ کوردستانی ئێران، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی خەباتی چەکدارانە پێکهاتبوو.[6] چونکە چەند کەسێک لە کادر و ئەندامانی ڕێبەریی سازمان، لە چین و کووبا خولی ڕاهێنانی سەربازییان بینیبوو، لەگەڵ تاکتیکی شەڕی پارتیزانی قاڵ ببوون.[7] سازمان، پێشوازی لە داخوازییەکەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" کرد و بڕیاری دا، دەستەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری لە هاوینی ١٩٦٨ بۆ کوردستانی ئێران بنێرێ. ئەندامانی دەستەکە بریتی بوون لە کۆرش لاشایی، ئیرەج کەشکۆڵی، عەتا کەشکۆڵی، عەلی سادقی، سیامەک موئەیدزادە، سیاوش پارسانەژاد، خوسرەو سەفایی و موحسین خاتەمی. دەستەکەی سازمان لە ڕێگەی تورکیاوە چوونە

---

[1] بازیار، سمایل، ١٣٨٦، خوێندنەوەیەکی سەرهەڵدانی جوواڵنەوەی چەکدارانەی ٤٦-٤٦، *گۆڤاری تیشک*، ژ.١٩، ل٦٩.

[2] شوکت، ١٣٨١، ل١٢٥-١٢٨.

[3] شوکت، ١٣٨١ل١٣٧؛ بازیار، سمایل، ٢٠١٧، ڕێبەرانی جوواڵنەوەی ٤٦-٤٧ کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕۆحی خەباتگێڕییە کرد کە لە شەستەکاندا لەسەرتاسەری جیهان وەڕێ کەوتبوو، *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژ.٧٠٣، ل٧.

[4] قازی، حەسەن(ئامادەکار)، ٢٠٢٤، ١٩-٤-٢٠٢٥، هەڤپەیڤین لەگەڵ د. هاشم ئەحمەد زادە ڕەخنەگر و توێژەری ئەدەبی ''ئاوڕێک لە بیرەوەرییەکانم'' ی نەمر کەریمی حیسامی، ڕوانگە، ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤. https//ruwanga.blogspot.com.

[5] شوکت،١٣٨١، ل١٣٧.

[6] سعید، ٢٠٢٢، ل١٣.

[7] شوکت، ١٣٨١، ل١٤٠؛ عەبدولقادر، فەرەیدون، ٢٠٢٠، *هەڵۆ سوورەکانی قەندیل*، چ. ٢، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ل٧٢.

عێراق و له بەغداد چاویان به تاڵەبانی کەوت،[1] که پێشتر ناوبراو کارئاسانیی بۆ ئەو پەیوەندییە کردبوو. لای حکومەتی عێراق، به ئەفسەری ئێرانیی دژە حکومەتی ئێران ناساندبوونی. ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ وەرگرتنی ڤیزای عێراق له تورکیا.[2] دەستەکە پاش دیداری تاڵەبانی به هیوابوون هەرچی زووتره بەغداد جێبهێڵن و بگەنە کوردستانی ئێران. بەڵام له بەغداد و لای تاڵەبانی، پێش ئەوەی هیچ هاوکارییەکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" بکەن، هەواڵی کۆژرانی شەریفزادە و عەبدوڵڵا موعینی و مەلا ئاوارەیان پێگەیشت.[3]

وێڕای ناردنی ئەو دەستەیە، سازمانی ئینقلابی له ڕێگەی شانه نهێنییەکانی خۆیەوە له ئێران، کەسێکی به ناوی "هادی گرامی فرد"، به مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک سەبارەت به ڕەوشی سیاسیی کوردستانی ئێران و خزمەتکردن به خەباتی چەکدارانه و پەیوەندیکردن به دەستەی مەلائاواره و ڕاگەیاندنی ئامادەیی چل کەس بۆ خزمەتکردن به خەباتی چەکدارانه، بۆ کوردستانی ئێران نارد. بەڵام کاتێک ناوبراو چووە کوردستانی ئێران، سەرکردەکانی جووڵانەوەکه کۆژرابوون و جووڵانەوەکه کۆتایی هاتبوو.[4] بەم شێوەیه دووەم هەوڵی پەیوەندی به هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران له دەرەوه نەگەیشته بەرهەم. گەیشتنی هەواڵی کۆژرانی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک"، ئەندامانی سازمانی تووشی خەمباری کرد، چونکه ئەوان چارەنووسی خۆیان به خەباتی چەکدارانەی کوردستانی ئێرانەوه گرێدابوو. هەر وەکوو کۆرش لاشایی دەڵێت: ''به مردنیان هیواکانمان بۆ داهاتوو بوون به هەڵم''.[5]

تەوەری دووەم: هەوڵی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی وەکوو میسر و عێراق:

سەرچاوەکان ئاماژە به بوونی پەیوەندی و هاوکاریی وڵاتی میسر و "ح.د.ک" پێش له شەڕی شەش ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و میسر له حوزەیرانی ١٩٦٧ دەکەن. شایەنی باسه لەساڵی ١٩٥٦-١٩٧٠، جەمال عەبدولناسر(١٩١٨-١٩٧٠) سەرۆکی میسر سەر به بەرەی سۆسیالیزم و دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران، پشتیوانێکی مەعنەویی دۆزی کورد له ناوچەکه بوو.[6] ڕەحمان شەخسی (١٩٥١-...) یەکێک له ئەندامانی ڕێکخستنەکانی مەلائاواره، باس له سەردانی سوولەیمان موعینی بۆ میسر دەکات، له باسی ئەو پەیوەندییەدا دەڵێت: ''له دێیەکی کوردستانی ئێران بووین به ناوی بووبانه، ساڵی ١٩٦٧ کاک سوولەیمان گێڕایەوه که چاوی به جەمال عەبدولناسر کەوتووه له میسر، هەر دوو لا لەسەر نەخشەی کوردستان گفتوگۆیان کردووه''. سەبارەت به کۆمەک و پشتیوانیی میسر، ڕەحمان شەخسی دەڵێت: ''کاک سوولەیمان یارمەتییەکی کەمی وەرگرت له میسر، بەڵام

---

[1] شوکت، ١٣٨١، ل١٤٥-١٤٦؛ شوکت، ١٣٧٩، ل١٢٠.

[2] فەرەیدون، ٢٠٢٠، ل٧٣.

[3] شوکت، ١٣٨١، ل١٤٦؛ شوکت، ١٣٧٩، ل١٢٠.

[4] مرتضوی، باقر، ٢٠١٥، *حلقەی گمشده -سیروس نهاوندی*، چ. ٢، المان، کۆلن، ب.چ، ل١٧٥.

[5] شوکت، ١٣٨١، ل١٤٦-١٤٧.

[6] قاسمی، ٢٠٢٤، ل٩٣.

نەمزانی یارمەتییەکە چەک بوو یان یارمەتیی مالّی بوو''[1] بەڵگەنامەیەکی ساواک بوونی پەیوەندیی میسر و سولەیمان موعینی پشتڕاست دەکاتەوە،[2] لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی ڕابردوویان، سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی، ئەندامانی ڕێبەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" لە زستانی ١٩٦٨ ڕوویان لە سلێمانی کرد، بۆ ئەوەی بچنە بەغداد و بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، لەگەڵ ئەو هێز و وڵاتانەی دژی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی ئێران لە ناوچەکەدا، چاویان بە "حشع"، حزبی تووده، باڵوێزی دەوڵەتی میسر و کاربەدەستانی حکومەتی عێراق بکەوێت.[3] سیراجی و موعینی، لە سلێمانی چوونە لای "حشع" و لە ڕێگەی ئەوانەوە چوونە باڵوێزخانەی میسر.[4] باڵوێزخانە سەرەتا ڕای باڵی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک" ی وەرگرت. پاش وەرگرتنی وەڵامێکی ئەرێنی، سەبارەت بە سیراجی و موعینی، بڕیاریدا خوێندنەوە بۆ داخوازییەکانیان بکات، بەڵام پێناچێت هیچ هاوکارییەکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیان کردبێت.[5] هەوڵەکانی سیراجی و موعینی لەو ڕووەوە شکستی هێنا و هیچی لێ سەوز نەبوو، چونکە حکومەتی میسر پاش شەڕی شەش ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل، لە بارودۆخێکی وەهادا نەبوو هاوکاریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بکات.[6] بەڵگەنامەیەکی ساواک بە ناونیشانی پرسی هاوکارییەکانی حکومەتی میسر بۆ "ح.د.ک"، بە ژمارە ٦٢١٨ لە بەرواری ٢١-١٠-١٩٦٧، لەوبارەیەوە نووسیویەتی: ''پێش شەڕی حکومەتی میسر و ئیسرائیل، "ح.د.ک" لە هەموو جۆرە هاوکارییەکی حکومەتی میسر بەهرەمەند بوو، بەڵام پاش ئەو شەڕە، ئەو پشتیوانییەی لەدەستدا.[7]

سەبارەت بە حکومەتی عێراق، سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی، لە زستانی ١٩٦٨، کاتێک چوونە بەغداد بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ حزبی تووده، ئامانجیان ئەوە بوو ئەگەر حزبی تووده هاوکاریی نەکردن، پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە بکەن. بەڵام کەریم حیسامی لەو ئامانجە پەشیمانی کردنەوە و هۆشداری پێدان کە لانی کەم لە نێوان باڵی جەلالی و مەلایی، بێلایەن بن.[8] هەربۆیە سیراجی و موعینی بە نهێنی و بێ ئەوەی چاویان بە ئەندامانی باڵی مەکتەبی سیاسی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق بکەوێت، گەڕانەوە بۆ سلێمانی.[9] هەرچەندە بەڵگەنامەکانی ساواک باسی لە پەیوەندیی حکومەتی عێراق و کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" کردووە، بە نموونە بەڵگەنامەیەکی ساواک بەناونیشانی سولەیمان موعینی، بەژمارە٢٣٢-٦٤٢٣٣، لە بەرواری ٢٧-١٢-١٩٦٨، باسی لە چوونی سولەیمان موعینی بۆ لای ڕوکنی دووی استخباراتی عەسکەری، بە هاوڕێیەتی دوو لە ئەندامانی باڵی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک"، عەبدولرحمان زەبیحی و حیلمی عەلی

---

[1] چاوپێکەوتنی باڵوێنەکراوەی نیما حوسێنی(شۆڕش) لەگەڵ ڕەحمان شەخسی بۆ توێژەری ناردووە، ١٦-٩-٢٠٢٣، گوندی دێوالانی ناوچەی سەردەشت.

[2] چپ در ایران به روایت اسناد ساواک، حزب دموکرات کردستان ایران، ١٣٧٨، ل٤٥٥.

[3] کەریمی(ئامادەکار)، ٢٠٠٥، ل٢٠٩.

[4] ڕەشید(ئامادەکار)، ٢٠١٧، ل٣٨٢.

[5] ڕەشید(ئامادەکار)، ٢٠١٧، ل٣٨٢.

[6] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٦١؛ کریمیان، ٢٠٢٤.

[7] چپ در ایران به روایت اسناد ساواک،حزب دموکرات کردستان ایران، ١٣٧٨، ل٤٤٥.

[8] حیسامی، ١٩٨٨، ل٩٠-٩١.

[9] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٣٤؛ کەریمی(ئامادەکار)، ٢٠٠٥، ل٢١٠.

شەریف کردووە.[1] بەڵام نەرمین عوسمان لەو بارەیەوە وتی:"هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و حزبی دیموکرات بوونی نەبووە."[2] هاوکات عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆک کۆماری عێراق (١٧ی نیسانی ١٩٦٦-١٧ی تەموزی ١٩٦٨) هیوای بە چارەسەری کێشەکان لەگەڵ ئێران لە ڕێگەی دانوستانەوە هەبوو.[3] بۆیە پێناچێت پەیوەندییەکی لەو جۆرە بوونی هەبووبێت. ئەگەر بە وتەی هەژار موکریانی پەیوەندی و گفتوگۆش هەبووبێت، ئەوا هیچ هاوکارییەکی ماددی و مەعنەوییان لە حکومەتی عێراق وەرنەگرتووە و ئەو حکومەتە هاوکاریی نەکردوون.[4] بە وردبوونەوەش لە توانای ماددی و ئەو چەکانەی بە پێشمەرگەکانی جوولانەوەکە بوو، بۆمان دەردەکەوێت کە جوولانەوەکە لە لایەن هیچ ولاتێکەوە بە عێراقیشەوە هاوکاری نەکراوە.[5]

تەوەری سێیەم: هەوڵەکان لەپێناوی ڕێکخستنەوە و ئاشتەوایی نێوخۆدا:

ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک"، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێران و فراوانکردنی بنکەی جەماوەرییان، بانگهێشتی ئەو کەسایەتی و دەستانەیان کردەوە کە لە ژێر گوشاری ئەحمەد تۆفیقدا مەیدانی خەباتی حیزبەکەیان بەجێهێشتبوو. لەو پێناوەدا پەیوەندییان بە کادرە دێرینەکانی "ح.د.ک" لە ئەوروپا و کوردستانی عێراقیشەوە کرد.[6] دیارترینی ئەو کەسانەش، کەریم حیسامی[7] و عەبدولڕەحمان قاسملوو بوون کە لەو کاتەدا لە ئەوروپا ئەندامی ئەندامی حیزبی تووده بوون. سمایل شەریفزادە، سولەیمان موعینی و حەمەدەمین سیراجی، لە ڕێگەی نامەوە ئاگاداریان کردن و داوای هاوکارییان لێکردن بۆ ئەوەی بە هەر شێوازێک کە لە توانایاندا بێت، جا لە ڕێگەی نووسین و میدیاوە بێت یان کاری سیاسی و پێگەیاندنی کادرەوە،[8] بەڵام بەکردەوە کەسیان نەگەڕانەوە مەیدانی خەباتی "ح.د.ک" لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨، هەرچەندە

---

[1] چپ در ایران به روایت اسناد ساواک،حزب دموکرات کردستان ایران،١٣٧٨، ل٤٥٩.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ نەرمین عوسمان، ٥-١٠-٢٠٢٥،سلێمانی. نەرمین عوسمان، ساڵی١٩٥٠ لە کۆیە لەدایک بووە، ساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بیرکاری لە زانکۆی بەغداد بەدەستهێناوە. لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەکوو یەکەم ژن، بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە کردووە. لەپاش ساڵی ١٩٩٢، جیا لە پۆستی حیزبی، چەند پۆستێکی حکومی لە هەرێمی کوردستان وەرگرتووە. لەپاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق چەند پۆستێکی حکومی لە بەغداد وەرگرتووە. ئەسەسەرد، فەرید، ٢٠٢١، ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چ. ٤، ب. ١، سلێمانی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، ل٢٢٥٦-٢٢٥٧.

[3] کریمیان.https://www.radiozamaneh.com/٨١٦٣

[4] موکریانی، ١٩٩٧، ل٤٩٥.

[5] شوکت، ١٣٨١، ل١٣٤؛ کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١٢٦.

[6] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٣٩.

[7] لەنامەیەکیدا بۆ کەریم حیسامی لە بەرواری ١٦ی تەموزی ١٩٦٧، حەمەدەمین سیراجی دەڵێت: "... لە وەختی وادا نێزیکی ئامۆژگاری و یارمەتیی ماددی و مەعنەوی، ئەرکی سەرشانی هەر تێکۆشەرێکی بەڕاستی ڕێبازی ئازادی و دیموکراتیەتی ئێرانە. ئێمە داواتان لێدەکەین بە زمان، بە قەڵەم و بە هەموو چەشنە توانایەکتان شانبەشانمان بوەستن بۆ بەرەنگاریی دام و دەزگای کۆنەپەرستی ئێران". بروانە: حیسامی، ١٩٨٨، ل٧٩.

[8] قاسمی، ٢٠٢٤، ل٢٧.

بەپێی ڕێککەوتنەکەی ٩ی شوباتی ١٩٦٨ی نێوان حزبی تووده و کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، بڕیار بوو عەبدولڕەحمان قاسملوو بە مەبەستی پێگەیاندنی کادری سیاسی بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران. بەڵام قاسملوو نەگەڕایەوە و هیچ بەندێکی ئەو ڕێککەوتنەش جێبەجێ نەکرا. کەریم حیسامییش بە بیانووی کارکردنی لە ڕادیۆی پەیکی ئێران و مۆڵەت پێنەدانی لە لایەن حزبی تووداوە نەگەڕایەوە کوردستان، تەنانەت نەیتوانی لە ڕێگەی ڕادیۆی پەیکی ئێرانەوە، کە دامەزراوەیەکی میدیایی بوو، خزمەت بە جوواڵانەوەکە بکات.[١] سوڵەیمان موعینی، لە ڕێگەی سواره قەڵادزێیی ئەندامی "حشع"، دووجار نامەی بۆ حەسەن ڕەستگار لە کوردستانی عێراق نارد. داوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران و پەیوەستبوون بە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی لێکرد، بەڵام ناوبراو جگە لەوەی ئەمیر قازیی لە ناوەڕۆکی نامەکان ئاگادار کرد، بە سواره قەڵادزێیدا پەیامی خۆی نارد و ڕایگەیاند، بزووتنەوە و کاری لەو جۆرە بە هەڵە دەزانێ و باوەڕی پێی نییە.[٢]

ئەزموونەکانی کووبا و جەزائیر و شۆڕشە سەرکەوتووەکانی دەیەی شەستی سەدەی بیست، ئەوەیان سەلماند کە خەباتی چەکداری پێویستی بە هاوکاریی باڵێکی سیاسیی کارا هەیە.[٣] بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕیش بوونی باڵێکی سیاسی لە پێویستییە سەرەکییەکانی جوواڵانەوەکە بوو، بە مەبەستی هاندانی وەرزێران و ئامادەکردنیان بۆ هاتنە پاڵ جوواڵانەوەکە، تا خەباتی چینایەتی لەپاڵ خەباتی نەتەوایەتیدا یەک بخەن و ببێتە شەڕی زەحمەتکێشان لە پێناو سەرکەوتن. چونکە ئەو وەرزێرانە باشتر لە هەموو چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە هەستی چینایەتی و خراپیی گوزەران لە سایەی حکومەتی ئێران تێدەگەیشتن.[٤] لەو پێناوەدا سمایل شەریفزادە، لە ڕێگەی نامەوە پەیوەندیی بە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تارانەوە کرد. لە نامەکەیدا هاتنەوەیان بۆ کوردستانی ئێران و پێویستییان بە بوونی باڵێکی سیاسی بۆ خەباتە چەکدارانەکەیان ڕوون کردبوویەوە بۆ ئەوەی بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" پەیوەست بن و، وەک باڵێکی سیاسی و فەرهەنگیی جوواڵانەوەکە بچنە نێو کۆمەڵانی خەڵک، هۆشیاری سیاسییان بەرز بکەنەوە و جەماوەر لە دەوری جوواڵانەوەکە کۆ بکەنەوە، ئیرادەیان بەهێز بکەن و بیرۆکەی تەسلیمبوون ڕەت بکەنەوە.[٥] خوێندکارەکان، کە ژمارەیان حەوت بۆ دە کەس بوون، بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی پەیامەکەی شەریفزادە و چۆنیەتیی پەیوەستبوونیان بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، لە ماڵی سواره ئیلخانیزادە کۆ بوونەوە. ئەنجامی کۆبوونەوەکە، ئەرێنی بوو. خوێندکارەکان بڕیاریاندا خۆیان بۆ چوونە پاڵ جوواڵانەوەکە ئامادە بکەن، بە جۆرێک هەر یەکێکیان کار بکەن پێنج کەس بۆ ڕیزی تێکۆشان ڕاکێشن.[٦] ڕێبەرانی جوواڵانەوەکەش بە باڵی سیاسی و ئەگەری هاوکارییەکانیان و کاریگەرییان

---

[١] حیسامی، ١٩٨٨، ل٩٦، ١٠٣.

[٢] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٤١٨، ٤٢٥.

[٣] تابر، روبرت، بدون تاریخ طبع، کتاب استراتیجی عسکری حرب المسضعفین، ت.مەحموود سید الرصاص، ب.ش، ب.چ، ل٢٤.

[٤] سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٢١.

[٥] بەهرەوەر، محەمەد، ٢٠١١، شیعر و پەخشانی سواره لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەرهەمەکانی سواره‌ی ئیلخانیزادە، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، ل٢٢٨؛ حمەلاو، ٢٠١٧، ل١٥٢.

[٦] خاکی، محەمەد(ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران یدالله بیگلری، ٣١-١٠-٢٠٢٥.

لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و ڕاکێشانی جەماوەر بۆ نێو جوولانەوەکە گەشبین بوون.[1] پاش ماوەیەکی کەم لە کۆبوونەوەی یەکەم، لە نەورۆزی ١٩٦٨، خوێندکارەکان لە پەراوێزی شاییەکی سەقز، لە باخێکی نزیکی سەقز، دووبارە کۆ بوونەوە. پاش ئەوەی بانگهێشتی سمایل شەریفزادەیان بەدەست گەیشت کە داوای هاوکاریی بە کردەوەی بۆ جوولانەوەکە کردبوو.[2] لە کۆبوونەوەکەدا پێچەوانەی کۆبوونەوەی یەکەم، خوێندکارەکان بوون بە دوو بەش، بەشێکیان کە تەنها بریتی بوون لە دوو خوێندکار پێیان وابوو، ڕەوشەکە لە ڕوانگەی وردبوونەوە لە ژمارەی پێشمەرگەکان و لایەنی پشتیوانی بۆ جوولانەوەی چەکدارانە لەو کاتەدا لەبار نییە.[3] هەروەها لکانی ناوی "ح.د.ک" بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕەوە، گرفتێکی دیکەیان بوو. ئەو دوو کەسەش سەلاحەدین موهتەدی و فاتیح شێخولئیسلامی بوون.[4] هاوکات سەلاحەدین موهتەدی باسی لە هۆکارێکی دیکەی پەیوەست نەبوونی دوو خوێندکارەکە کردووە، ئەویش ڕادەی مارکسیست نەبوونی ڕێبەرانی جوولانەوەکە و کادرەکانیەتی.[5] بەشەکەی دیکە کە زۆرینە بوون لەگەڵ چوونە پاڵ جوولانەوەکەدا بوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی بڕیاری دەستەکە بەجۆرێک بوو، بڕیارەکان کاتێک کاری پێدەکرێت کە کۆدەنگیی لەگەڵدابێت. بۆیە کۆبوونەوەی دووەم بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕ نەڕێنی بوو.[6] پاش کۆبوونەوەکە، خوێندکارەکان بەبێ پەیوەستبوونیان بە جوولانەوەکە، گەڕانەوە بۆ تاران. پاش ماوەیەک هەواڵی کوژرانی سمایل شەریفزادەیان لە "داریٚنە"ی ناوچەی بانە پێگەیشت. جارێکی دیکە و لە هەوڵێکی دیکەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، خوێندکارەکان لە ڕێگەی مینەشەم و عەبدوڵڵا موعینییەوە پەیامیان بە دەست گەیشت.[7] خوێندکارەکان بریاریاندا لە سنە بە مەبەستی هاوکاری و چوونەپاڵ جوولانەوەکە وەکوو باڵی سیاسی، کۆبوونەوەیەک بکەن، بە جۆرێک کە وەکوو کۆبوونەوەی پێشووتریان نەبێت، ئەگەر نەیانتوانی بە تێکڕا بچنە پاڵ جوولانەوەکە، ئەوا ئەوەی لایەنگر بوو بڕوات و ئەوەشی دژ بوو بگەڕێتەوە بۆ تاران. بەڵام پێش بڕیاردان هەواڵی کوژرانی مینەشەم و عەبدوڵڵا موعینی بە خوێندکارەکان گەیشت و پێش ئەوەی هیچ هاوکارییەک لە لایەن خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران وەربگرن، پەیوەندییەکە کۆتایی هات.[8]

تەوەری چوارەم: سروشتی پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق:

---

[1] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٣٩.

[2] خاکی، محەمەد (ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران یدالله بیگلری، ٣١-١٠-٢٠٢٥؛ ئەسکەندەری، ٢٠٢١، ل١٠٣.

[3] خاکی، محەمەد(ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران یدالله بیگلری، ٣١-١٠-٢٠٢٥

[4] خاکی، محەمەد(ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران فاتح شێخولئیسلامی ٣١-١٠-٢٠٢٥

[5] بەهرەوەر، محەمەد، بێ ساڵی چاپ، *سواره و پەخشانی کوردی- کتێبێک لە گفتوگۆدا*، ب.ش، ب.چ، ل٣٤٩.

[6] خاکی، محەمەد(ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران ساعد وطن دوست، ٣١-١٠-٢٠٢٥

[7] یەدوڵڵا بیگلەری، ئەندامی دەستەی خوێندکارانی زانکۆی تاران، لەبارەی پەیامی مینەشەم بۆ دەستەکەیان و پەیوەستبوون بە جوولانەوەکە وەکوو باڵێکی سیاسی دەڵێت: ''مینەشەم گووتبووی دانیشجو بێنە کۆمەکمان، قسەمان بۆبکات و تەبلیغاتمان لە دێکان بۆ بکات، ناهێڵم بەهەورازدا سەرکەون و لە ئاو بدەن، بە کۆڵ دەیانبەم'' خاکی، محەمەد (ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران یدالله بیگلری، ٣١-١٠-٢٠٢٥.

[8] خاکی، محەمەد(ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران یدالله بیگلری، ٣١-١٠-٢٠٢٥

پەیوەندییەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک"، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی(جەلالی) پەیوەندییەکی ئەرێنی بوو. باڵی مەکتەبی سیاسی، بەڕاشکاوی پشتیوانیی خۆیان بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕ دەربڕی،[1] چونکە لەو کاتەدا باڵی مەکتەبی سیاسی، دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول(باڵی مەلایی) بوون و هاوپەیمانی حکومەتی عێراق بوون. لەبەرئەوە ناوچەکانی ژێردەستەڵاتیان ببووە مەڵبەندی دااڵدەدانی ئەو کادرانەی "ح.د.ک"، کە بەهۆی بوونی چالاکیان لە ئێراندا، نەیاندەتوانی بچنە ناوچەکانی ژێردەستی سەرکردایەتیی شۆڕش.[2] لە سەروبەندی جووڵانەوەکە، باڵی مەکتەبی سیاسی پشتیوانییان لێکردن و هانیاندان.[3] کە نموونەکەی نموونەکەی گەیشتنی کۆرش لاشایی بۆ کوردستانی ئێران، پاشان هاتنی دەستەیەک لە ئەندامانی سازمانی ئینقلابیی حزبی تووده بۆ عێراق و سلێمانی، لەڕێگەی جەلال تاڵەبانی و نوێنەرەکەیەوە(کەمال فوئاد) لە بەرلین بوو.[4] جگە لەوەی یەکێک لە ڕێبەرانی جووڵانەوەکە (مەلائاواڕە) لەساڵی ١٩٦٤ەوە پەیوەندیی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی و خودی جەلال تاڵەبانی هەبوو، چەند جارێک بۆ بینینی ناوبراو سەردانی بەکرەجۆی کردبوو،[5] هاوکات بەشداریی چەند خولێکی پێگەیاندنی کادر بە سەرپەرشتیی تاڵەبانی کردبوو. بە سوودوەرگرتن لەو پەیوەندییە، مەلائاواڕە نامەیەکی بە ئەندامێکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بە ناوی ڕەحمان کاژەییدا بۆ تاڵەبانی نارد و داوای هاوکاریی لێکرد.[6] تاڵەبانی بە ڕێژەیەکی کەم، لە تفەنگ و فیشەک[7] و پارە، هاوکاریی کردن. هەروەها پێی ڕاگەیاندن بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک ئامادەن. تەنانەت کۆمەڵێک لە گەنجەکانی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا و شازاد سائیب، لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" ئامادەی پەیوەستبوون و ئیشکردن بوون، بەڵام بەهۆی تەمەنی کورتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ ئەو پەیوەستبوونە دروست نەبوو. هەروەها شەریفزادە لە نامەیەکیدا بۆ جەلال تاڵەبانی، داوای هاوکاری و ئامۆژگاریی سیاسیی کرد، تاڵەبانی لە نامەیەکی سی لاپەڕەیدا وەڵامی داواکەی شەریفزادەی دایەوە.[8]

پەیوەندیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول (باڵی مەلایی)، لە خراپترین دۆخیدا بوو. لە پێناو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەو دوولایەنە، د.ڕەزا ڕادمەنیش و دارا تۆفیق بە جیا سەردانی مستەفا بارزانییان کرد. بارزانی لە وەڵامدا، وتبووی ''ئەگەر لەگەڵ عەبدولڕەحمان عارف و جەماعەتی جەلالی نەبن ئەمن کارم پێیان نەداوە، بە دەهۆڵ و زورنا نەیەن بەو سنوورە یدا، با بە نهێنی بچن و ئەمن کارم پێیان نەداوە، ئەوان کاریان بە من

---

[1] حیسامی، ١٩٨٨، ل١٠٣.

[2] جەلال، برایم، ٢٠١٢، *چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە*، چ. ٢، ب.ش، چاپخانەی چوارچرا، ل١٧.

[3] هەژاری(ئامادەکار)، ٢٠١٧، ل٢٣، ٢٥.

[4] بازیار، سمایل، ٤-١٩-٢٠٢٥، یادی پەنجا ساڵەی ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ لە وتوێژی کوردستان لەگەڵ سمایل بازیار، کوردستان و کورد، ٢٠١٧.https//kurdistanukurd.com

[5] ڕەشید (ئامادەکار)، ٢٠١٧، ل٣٨٣-٣٨٤.

[6] کاژەیی، ڕەحمان، ٢٠٢١، *کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم*، ب. ١، چ. ١، سوید: کتاب ئەرزان، ل٣٨،٤٢.

[7] کەریمی(ئامادەکار)، ٢٠٠٥، ل٢١٢؛ کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١٢٦.

[8] ڕەشید(ئامادەکار)، ٢٠١٧، ل٣٨٤.

نەدابێ. لە ناسری وەردەگرن، لە ڕووس وردەگرن بەڵام لە بەعس و ئەوانە وەرنەگرن''.[١] ڕێبەرایەتیی جوولانەوەکەش، هەوڵیاندا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش ئاسایی بکەنەوە، چونکە کاری لە پێشینەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، کاری ڕێکخستن و تەشکیلاتی بوو، بەڵام پەیوەندییەکان نەک ئاسایی نەبوونەوە، بەڵکو ڕۆژ دوای ڕۆژ گرژتر بوو.[٢] بەهۆی پەیوەندیی ستراتیژی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حکومەتی ئێران، پاراستنی ئاسایشی سنووری ئێران–عێراق کەوتبووە ئەستۆی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق، وێڕای پاراستنی ئاسایشی کوردستانی ئێران لە جموجۆڵەکانی "ح.د.ک".[٣] چونکە مستەفا بارزانی بۆ شۆڕشی کوردستانی عێراق، یارمەتی لە ئێران وەردەگرت و بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانی تاران و کرماشان چارەسەر دەکران، پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەمووی لە ڕێگەی ئێرانەوە بوو.[٤] بەو هۆیەوە سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان دژی جوولانەوەی چەکدارانەی١٩٦٧–٦٨ی کوردستانی ئێران بوو.[٥] تەنانەت لەسەر داوای ئێران، سەرکردایەتیی شۆڕش چەند دەستەیەک پێشمەرگەی بۆ هاوکاریی هێزەکانی حکومەتی ئێران بۆ کۆتایهێنان بە جوولانەوەکە ناردە نێو کوردستانی ئێران. بەناوبانگترینی ئەو دەستانەش، دەستەی مام وسوو دزەیی، گریکۆ یەزیدی، ملازم ئەحمەد، عەبدوڵلا ئاکۆ و مەحموود حەمەڕەش بوون.[٦] بەڵام هیچ ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانێک لە نێوان پێشمەرگەکانی کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران ڕووینەدا،[٧] بە کردەوە هاوکاریی هێزەکانی حکومەتی ئێرانیان نەکرد. لەو لەو بارەیەوە د.مەحموود عوسمان وتی: ''ڕێنمایمان بە پێشمەرگەی خۆمان دابوو، کە هاوکاریی تەواوی ئێران نەکەن، لە شوێنێک پێشمەرگەی "ح.د.ک" یان بینی هەواڵیان بدەنێ کە بڕۆن و ئەو شوێنە جێ بهێڵن''.[٨]

پەیوەندییەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لەگەڵ "حشع"، لە ئاستێکی باشدا بوو. "حشع" لە توانایی و ڕادەی دەستەڵاتی خۆیدا هاوکاری کردن.[٩] بەڵام بەهۆی بێ تواناییی ئەو حیزبە لە کوردستان، مەودای هاوکارییەکانی بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، تەنها لە بواری مەعنەوی و هاوکارییەکی کەمی بواری تەندروستی بوو.[١٠] هاوکات پاڵپشتیی ئەو کادرانەی "ح.د.ک"ی کرد، کە لە کوردستانی عێراق کەوتنە مەترسیی گرتن و ڕادەستکردنەوە لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە.[١١] جگە لەوەی

---

[١] کەریمی، ٢٠٠٥، ل٢١٠.

[٢] کاژەیی، ٢٠٢١، ل٤٢.

[٣] جەلال ٢٠١٢، ل١٦.

[٤] سازمانی ئینقلابیی حیزبی تودە، ١٩٧٠، ل١٦ .

[٥] بێ ناوی نووسەر، ١٩٦٩، خەباتی نەتەوەی کورد، *گۆڤاری ڕزگاری*، ژ.٢، ل٢٦–٢٧.

[٦] خزری، ٢٠٢٠، ل٢١٤.

[٧] کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١٢١.

[٨] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د.مەحموود عوسمان، ٢١–٤–٢٠٢٥.

[٩] بازیار، ٢٠١٧، ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژ.٧٠٣، ل٧.

[١٠] پێشنەماز، ٢٠٢١.

[١١] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٧٠.

پەیوەندییەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لەگەڵ حزبی تووده و کادرە کوردەکانی ئەو حیزبە، لە ڕێگەی "حشع" وە بوو.[1]

بە شێوەیەکی گشتی جوولانەوەکە نەیتوانی یارمەتی لە هیچ لایەنێکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی وەربگرێت، لە دروستکردنی پەیوەندی بە کەناڵە جیاوازەکانەوە شکستی هێنا، لە پشتیوانی و یارمەتی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی کە یەکێکە لە گرنگترین پایەکانی خەباتی چەکداری، بێبەش بوو. ئەوەش بە هۆکارێکی دیکەی شکستی جوولانەوەکە دادەنرێت.

[1] حیسامی، ١٩٨٨، ل٦٣، ٩٣.

باسی سێیەم: ڕۆڵی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" لە جووڵانەوەی ١٩٦٧-١٩٦٨ و گەیشتنی جووڵانەوەکە بە لووتکەی خۆی:

تەوەری یەکەم: خەباتی سیاسیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٧:

دروستبوونی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ گوڕ و تینی بە کار و چالاکیی سیاسیی "ح.د.ک" لە کوردستانی ئێران دا. لە هەلومەرجێکدا، حکومەتی ئێران ڕێگریی لە هەموو جووڵەیەکی گرووپە سیاسییەکان دەکرد و چالاکییەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بە زەبری هێز ڕاگیرا بوو، ترس لە نێو خەڵک و جەماوەری ئێران بڵاو ببووەوە، کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لەو کاتەدا دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کرد. ئامانجیان هەڵگیرساندنی خەباتی چەکدارانە دژ بە حکومەتی ئێران بوو، خەباتی چەکداریان بە تاکە ڕێگا و دوابژاردە بۆ شکاندنی بنبەستی سیاسی و کۆکردنەوەی خەڵک لە دژی حکومەتی ئێران زانی. ئامانجی کۆمیتەکە ئەوە بوو لە پێناوی ڕزگارکردنی گەلی کورد و تەواوی گەلانی ئێران لە دەستەڵاتی شا، ئەم خەباتە بۆ تەواوی ناوچەکانی ئێران بگوازێتەوە. دروشمی نەتەوەیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، بریتی بوو لە دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد لە کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی ئێراندا. هەرچەندە کۆمیتەی ناوبراو پێیوابوو، وەرزێران هێز و داینەمۆی گرنگی خەباتن، پێویستە دروشمی ڕوونیان لەو بارەیەوە هەبێت، تا جووڵانەوەکە لە جووڵانەوەیەکی نەتەوەییەوە، ببێتە بزووتنەوەیەکی فراوانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی، بەڵام بابەتی چینایەتییان بە تەواوی ڕوون نەکردەوە و دروشمی نەتەوەیی و چینایەتیان پێکەوە گرێ نەدا.[١]

کۆمیتەکە لە هەنگاوی یەکەمیدا بە مەبەستی ئامادەکاری پێویست و ڕێکوپێک، خەباتی سیاسیی گرتەبەر.[٢] چونکە ئەرکی یەکەمی خەباتی چەکداری بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی خەڵک و بەشداریی چالاکانەی خەڵک لەو خەباتەدایە، تا پشتیوانیی جەماوەر بەدەست بهێنێت.[٣] بەو هۆیەوە بڕیاریدا بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناو خەڵکدا بن، چالاکیی سیاسییان دریژە پێبدەن و، بۆ ئامادەکاری لە بواری ڕێکخستنی سەربازی و بەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنی، ڕێکخستنی سیاسی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی، دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران[٤] سوود لە پشتیوانیی دانیشتوان و کات وەربگرن. بۆ ئەو مەبەستە سیاسەتی خۆلادان لە شەڕیان لەگەڵ

---

[١] تودە، ١٩٧٠، ل١٨؛ حیسامی، ١٩٩٧، ل١٩١-١٩٢.

[٢] مینایی، عەولا، ١٣٥٨، *مەلا ئاوارە*، ب.س، ب.چ، ب.ش، ل١٩؛ نەقشی، ڕەحمان(ئامادەکار)، ٢٠٢٤، *یادێک لە شەهید سولەیمانی موعینی*، ب.س، ب.ش، ب. چ، ل١٢.

[٣] تابر، روبرت، بدون تاریخ طبع، حرب *المستضعفین*، ت. مەحمود سید الرصاص، ص٢٣.

[٤] خزری، ٢٠٢٠، ل٢٤١-٢٤٢؛ کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠٠٩، ل١١١.

هێزەکانی حکومەت گرتبەر، تا ئەو پەڕی توانا هەوڵیاندا خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە لەگەڵ هێزەکانی حکومەت بپارێزن .[١]

کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە، لە کۆتایی مانگی تەمووزی ١٩٦٧[٢] چەند بڕیارێکی دەرکرد، تیایاندا کارەکانی لە نێوان دەستەی ڕێبەرایەتی دابەش کرد.[٣] بەپێی بڕیاری کۆمیتەی شۆڕشگێڕ سولەیمان موعینی وەکوو سەرپەرشتی گشتی دیاریکرا. مەلائاوارە سەرپەرشتی ناوچەکانی ئالان و سوێسنایەتی و سەردەشتی پێ سپێردرا، مەلاڕەحیم لۆمانی و هەڵمەت (کەدواتر خۆی ڕادەستکردەوە و بووبە جاش) هاوکاری بوون. حەمەدەمین سیراجی وەک بەرپرسی پەیوەندییەکان دانرا و لای مەلائاوارە دەمایەوە. مینەشەم ناوچەی گەورکایەتیی سەردەشتی بۆ دیاری کرا، ئەحمەد نەستانی و کەریم نەستانی هاوکاری بوون. مەلا قادر لاچینی ناوچەی شنۆ و پیرانشاری بۆ دیاری کرا، سالّەح لاجانی هاوکاری بوو. ناوچەی بۆکان و مەهاباد بۆ عەبدوڵلا موعینی دیاری کرا، سەید فەتاحی نیزامی و کەریم ڕەشاش هاوکاری بوون. ناوچەی بانە بۆ سمایل شەریفزادە دیاری کرا، میرزا محەمەد شاتمانی و عەلی عەوڵاکۆڵی هاوکاری بوون. پاش دیاریکردنی ئەرکەکان، هەر یەکێکیان بە مەبەستی تێکۆشانی سیاسی چوونە ناوچەکانی خۆیان. شایەنی باسە بە مەبەستی ناساندنی سمایل شەریفزادە بە ئەندامانی "ح.د.ک" لە بانە، سولەیمان موعینی ماوەی٢٠ ڕۆژ لە بانە مایەوە دواتر گەڕایەوە ناوچەکانی گەورگایەتی و سیسێر و نەستان.[٤]

مەلائاوارە لە سنووری خۆیدا، پەیوەندیی بە تەواوی مەلا و فەقێ و خوێندەواران و وەرزێران و تویژە جیاوازەکانەوە کرد.[٥] بە مەبەستی کۆکردنەوەی تەواوی چین و تویژەکان و ئاڕاستەکردنی هەوڵەکان بەرەو ئامانجێکی یەکگرتوو. چونکە لە خەباتی چەکداریدا، خۆڕاگری و بەرخۆدان تەنها ململانێیەکی سەربازی نییە، بەڵکو پێویستی بە کۆکردنەوەی هەموو چین و تویژە جیاوازەکانە بۆ بەشداریکردن لە کۆکردنەوەی پێداویستی و پێدانی زانیاریی هەواڵگری.[٦] ناوبراو لە کۆبوونەوەکانیدا، هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە سەرنجی ئێستایان تەنها لەسەر کاری ڕێکخراوەییە، نەک بەرپاکردنی ڕاپەڕینی چەکدارانە. ڕاشیگەیاند ئەو چەکانەی پێیانە تەنها بۆ بەرگری لەخۆکردنە لە ئێستادا نەک بۆ هێرشبردن. بۆ ئەو مەبەستە چووە نێو تویژە جیاوازەکانی جەماوەر بە لاوان و ژنانیشەوە و چەندین وتاری پێشکەشکرد.[٧] سەبارەت بە کار و ڕێکخستنەکانی مەلائاوارە، ڕەحمان شەخسی دەڵێت: ''مەلا ئاوارە لە بواری سەرکردایەتی و ڕێکخستندا زۆر

---

[١] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٥٦؛ کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠٠٩، ل١١١.

[٢] نەستانی، ئەحمەد، ٥-١١-٢٠٢٥، ئاوڕێک لە جوولانەوەی ٤٦-٤٧ لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی، کوردستان و کورد، ٢٢-٨-٢٠٢٢، https://kurdistanukurd.com.

[٣] خزری، ١٣٩٤؛ مستەفایی، ٢٠١٥، ل٤٧.

[٤] نەستانی ٢٠٢٢.

[٥] هەژاری، ٢٠١٧، ل٩٠؛ قاسمی، ٢٠٢٤، ل٢٣.

[٦] منظمة مجموعات التحفيز، ٣١ أكتوبر ٢٠٢٤، حرب ڤيتنام: نموذج مقاوم يلهم حركات التحرر، ٢٣-١١-٢٠٢٥https://stimulusgroups.org.

[٧] کاژەیی، ٢٠٢١، ل١٣.

زیرەک بوو، ژمارەیەکی بەرچاو سەر بە ڕێکخستنەکانی مەلا ئاوارە بوون، لەسەر شێوازی ڕێکخستنی هێشوویی کاری دەکرد و بەردەوام سەردانی دەکرن، بەڵام هەموویان چەکدار نەبوون''.[١] مەلا ئاوارە لە کۆبوونەوەکاندا داوای هاوکاری لە ئامادەبووان کرد، هانیدان بۆ ئامادەسازی بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانە لە ئایندەدا، لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا نزیکەی٢٠ کەس بە تفەنگەوە، چوونە ریزەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی. مەلائاوارە جیا لە تێکۆشانی سیاسی، سەرپەرشتی و ڕاهێنانی سەربازیی چەکدارە نوێیەکانی لەئەستۆ گرت.[٢]

سمایل شەریفزادە بە نازناوی مەلا عەزیز، لە ناوچەی بانە دەستی بە کاری خۆی کرد. چووە ناو گوندەکان و سەبارەت بە دۆخی چینایەتی و چینی هەژاران، هەروەها بە مەبەستی زیندووکردنەوەی ڕێکخستنی سیاسی،[٣] کۆکردنەوەی هێز لە نێو وەرزێران و ئامادەکردنی پێشمەرگە و هۆشیارکردنەوەی خەڵک قسەی بۆ خەڵکی کرد.[٤] بە ئومێدەوە باسی سەرهەڵدانی خەباتی چەکدارانەی دەکرد، وەکوو تاکە ڕێگەی ڕزگاربوون لە ستەمی ڕژێمی شا.[٥] لە ماوەیەکی کورتدا توانی تەشکیلاتێکی ڕێکخراو بنیاد بنێت. تەنانەت بەشێک لە سوپای زانست (سوپای دانش)ی نێو گوندەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا[٦] و هەڵوێستیانی بەرانبەر بە پێشمەرگە گۆڕی. بۆ ئەو کارە سوودی لە کۆرش لاشایی وەرگرت، چونکە ناوبراو بەڕەگەز فارس بوو، قسەکانی لە نێو ئەندامە فارسەکانی نێو سوپای دانش بەهەند وەردەگیرا.[٧] شەریفزادە لە میانی خەباتی سیاسیدا، هەموو هەوڵێکی دا تا لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ئێران تووشی تێکهەڵچوون نەبن و بە پارێزەوە کاری دەکرد. دەستەکەی کە نزیکە ٢٠کەس دەبوون، بە سوودوەرگرتن لە جوگرافیای ناوچەکە، بەردەوام لە حاڵەتی جووڵەدا بوون بۆ ئەوەی نەکەونە داوی هێزەکانی حکومەتی ئێران. ئەوەش نیشاندەری بە ئەزموونبوونی شۆڕشگێڕە. کۆرش لاشایی، شەریفزادە بە شۆڕشگێڕێکی تەواو ناودەبات و باس لە شێوازی کار و ئەزموونی دەکات و دەڵێت: '' شەریفزادە و عەبدوڵلا موعینی تایبەتمەندییەکانی شۆڕشگێڕ تیایاندا بەرجەستە ببوو، هەم ڕۆشنبیربوون و هەم لە خەڵک بوون و بۆ خەڵک بوون''. لەو ڕووەوە لەگەڵ فکری ماو و چینیەکان هاوشێوەن. بەڵام هەندێک بیروباوەڕیان و چوونیان لەگەڵ دەستە چەکدارەکان بۆ گوندەکان و شێوازی پڕۆپاگەندەیان، لە شێوازی کاری گیڤارا و سیاسەتی کووبا نزیکیان دەکاتەوە، بەڵام جیاواز لە گیڤارا، کۆمیتەی شۆڕشگێڕ کورد بوون و خەڵکی ناوچەکە بوون کە بەردەوام لە جووڵەدابوون و هەمیشە هەنگاوێک لە پێش دوژمنەوە بوون. هیچ کات پشتیان بە شوێنی جێگیر نەدەبەست بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی دوژمن. لەگەڵ ئەو خۆپارێزییەشدا، بۆ وەڵامدانەوەی خێرا لە کاتی هێرشی هێزەکانی حکومەتی ئێران بۆ سەریان، حاڵەتی ئامادەباشیان لەبیر نەکردبوو. ئەوانە نیشانەی کاریگەریی بیری چەپی نوێیە لەسەر

---

[١] چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی نیما حوسێنی(شۆڕش) لەگەڵ ڕەحمان شەخسی، ١٦-٩-٢٠٢٣.

[٢] مینایی، ١٣٥٨، ل٢٠-٢١.

[٣] عەزیزی،٢٧١٩، ل٢٦٦

[٤] شوکت، ١٣٨١، ل١٣٠.

[٥] قادری، ئەحمەد، ١٣٨١، *بەدەم ڕێگای ژیانەوە*، ب.ش، چاپخانەی سەرکەوتن، ل٤٠-٤١.

[٦] نەستانی، ٢٠٢٢ https://kurdistanukurd.com

[٧] قازی، ٢٠٢١، ل٣٩٠-٣٩١.

ڕێبەرانی جوولانەوەکە و ئەزموونکردنی شێوازی تێکۆشانی ماو و گیڤارایە لە کوردستانی ئێران لە لایەن ڕێبەرانی جوولانەوەی ٦٧-٦٨ بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان.[١]

چالاکییە سیاسییەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بە شێوەیەکی سنووردار لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێکرا. جگە لە شکاکەکانی سەڵماس[٢]، ژمارەیەکی دیکە لە وەرزێران پەیوەندییان پێوەکردن و ژمارەیان گەیشتە ١٥٠-٢٠٠ کەس.[٣] شایەنی باسە کادرەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بنکە و شوێنی حەوانەوەی تایبەت بە خۆیان نەبوو. ڕۆژانە ژیانیان بە خۆراکێکی کەم و سادە، بێ ئەوەی بنکە و شوێنی حەوانەوەیان هەبێ، بەبێ هۆیەکانی گواستنەوە و پەیوەندی و پێداویستیی پزیشکی و پێداویستیەکانی دیکەی ڕۆژانە، بەسەر دەبرد.[٤] بە گشتی هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵک بە چین و توێژە جیاوازەکانەوە، لە جیاتی بەشداریکردن وەکوو هێزی چەکدار، زیاتر بریتی بوو لە پشتیوانیکردنی خەباتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، حەواندنەوەیان لە ماڵەکانی خۆیاندا و ئامادەکردنی خواردن و پاراستنیان لە سیخوڕەکانی ساواک و دەزگاکانی ڕژێ.[٥] توێژی ژنان و لاوان وەکوو پیاوان لە هاوکاریکردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕدا بەشداربوون، ئەوان وەکوو هەواڵبەر و پێدانی زانیاری سەبارەت بە جووڵەی هێزەکانی حکومەتی ئێران و هێنانی دەرمان لە دەرمانخانەی شارەکانەوە بۆ نێو گوندەکان و تیمارکردنی پێشمەرگە بریندارەکان هاوکاریی ئەو شۆڕشگێڕانەیان دەکرد. جەماوەر و پێشمەرگە هێندە لێک نزیکبوون، خەڵکەکە پێشمەرگەکانیان بە بەشێک لە خۆیان دەزانی، ئەوەش بۆ سەرکەوتن و پەرەگرتنی خەباتی چەکداری، خاڵێکی ئەرێنی و بنەڕەتییە.[٦] بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێشوازییە بۆ سەرکەوتنی خەباتێکی چەکداریی هاوشێوەی ڤێتنام، کە ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ پێیان سەرسام بوون، بەس نەبوو.[٧] ئەزموونی خەباتی ڤێتنامییەکان ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە خەبات بۆ ئازادی، بەندە بە خەباتی چەکداری، ئەوەش لە لایەک پێویستی بە هێزی مەعنەوی و وەرەی بەرز هەیە، کە لە پێشمەرگەکانی جووڵانەوەکەدا بەرجەستە بوو. لە لایەکی دیکەوە پێویستی بە پشتیوانیی بەربڵاوی جەماوەری هەیە، ئەو خاڵەیان بۆ جووڵانەوەکە بە شێوەی پێویست فەراهەم نەبوو.[٨]

---

[١] شوکت،١٣٨١، ل١٣٠-١٤٢.

[٢]شکاک هۆزێکی گەورەی کوردن لە باکوری پارێزگای ورمێ لە ناوچەکانی مەرگەوەڕ و تەڕگەوەر، سۆما و برادۆست، پیران، نازلو، ئەنزەلی و سەڵماس نیشتەجێن، بەشێکیشیان لە ڕۆژئاوای تورکیا دەژین. شکاکەکان بە شێوەزاری کرمانجی قسە دەکەن، ئەم هۆزە لەمێژووی ڕزگاریخوازی کورددا ڕۆڵێکی گرنگی بە ڕێبەرایەتیی سمکۆی شکاک گێڕاوە. بۆ زیاتر بڕوانە: .htpps://ckb.wikipedia.org

[٣]سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل١٧.

[٤] شوکت، ١٣٨١، ل١٣٤-١٣٦.

[٥]سەلام، هەژار(ئامادەکار)، ٢٠٢٦، چیرۆکیان لەگەڵ د.جەعفەر شێخولئیسلامی، https://m.youtube.com/watch?v=hLs٢tMZCbeg&fbclid

[٦] سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٢٠-٢١؛ کاژەیی، ٢٠٢١، ل٢٥-٢٦.

[٧] حیسامی، ١٩٨٨، ل٤٦؛ ڕەستگار، ٢٠٢١، ل٣٩٤.

[٨] منظمة مجموعات التحفيز، ٢٠٢٤.

ساواک، هەستی بە مەترسیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" بۆسەر ئاسایشی ئێران کرد.[1] لەگەڵ دەسپێکی جووڵانەوەکە، ئەرتەشبود ئۆوەیسی، ئەفسەری بەناوبانگی سوپای شاهەنشاهی بۆ کۆتایهێنان بە جووڵانەوەکە ڕاسپێردرا. ناوبراو بنکەی لە سەربازگەی جەڵدیان دانا و بۆ کۆتاییهێنان بە جووڵانەوەکە ئامادەکاریی تەواوی کرد.[2] لەبەر ئەوەی جووڵانەوەکە پشتی بەسەرەتای خەبات لە لە ڕێگەی گوندەکانەوە بەستبوو، بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە جوگرافیای ناوچەکە، هێزەکانی حکومەتی ئێرانیش شارەزایی تەواوی گوندەکان نەبوون، بۆیە ئۆوەیسی، لەساڵی ١٩٦٧ بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە شارەزایی خەڵکی ناوچەکە لە لایەک و پەرتکردنی ڕیزەکانی پێشمەرگە و یەکیەتی خەڵکی ناوچەکە لە لایەکی دیکە، ستراتیژی کورتخایەنی "خۆ خۆشەویستکردن" لە نێو خەڵکی بەڕێوە برد . لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەدا توانیی ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و وەکوو جاش لە ناوچەکەدا بڵاوەیان پێبکات.[3] بە گشتی ئەو هەوڵەی شکستی هێنا، چونکە نەیتوانی تەنها لەو ڕێگەیەوە کۆتایی بە خەباتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بهێنێت. بەڵکو ژمارەی پێشمەرگەکان بەراورد بە جاشەکان ڕوو لە زیادبوون بوون.[4] جیا لە کوردستانی ئێران، لە کوردستانی عێراقیش لە ڕێگای سەرکردایەتیی شۆڕشەوە، ڕێوشوێنی توند دژ بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و جووڵانەوەکە گیرایەبەر.[5]

کۆمیتەی شۆڕشگێڕ سەرەڕای خۆپاڕێزی لە تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ئێران، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٧ تووشی چەند شەڕێک بوون. ئەو شەڕانە ئەو کاتە دەستیان پێکرد، کە حکومەتی ئێران بە مەبەستی چاودێریکردنی پێشمەرگە و لە قاڵبدانی خەباتی سیاسیان، هێزەکانی خۆی لە تەواوی ناوچەکەدا بڵاوە پێکرد، بەو هۆیەوە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ پێش ئامادەکاری و خۆڕێکخستن لە بواری سیاسی و سەربازی، کەوتە خەباتی چەکدارانە دژی ڕژێمی شا.[6] بەبێ دەستخستنی هیچ هاوکاری و بوونی هیچ پشت و پەنایەک، پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ کەوتنە بەرداشی هێزەکانی حکومەتی ئێران و پشتی بەرەیەکی مینڕێژکراو. بۆ کشانەوەی کاتی و سوود وەرگرتن لە کات هیچ قووڵاییەکی ستراتیژییان نەبوو.[7] بەڵام ئەوە لەسەر ورەی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و بەرخۆدانیان کاریگەریی نەبوو، بابەتی مەرگ و ژیان لای ئەوان بە تەواوی یەکلابووەوە و لەو ڕووەوە لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریدا بوون. کۆمیتەی شۆڕشگێڕ گوند و ناوچەکانیان، لە نێوان خۆیان دابەشکرد و بەرخۆدانیان بەهێزترکرد و تەنها پشتیان بە خۆیان بەست. ئەو ورەبەرزی و ئازایەتییەی ئەوان، هۆکاری سەرکەوتنیان لە چەند شەڕێکدا لەگەڵ

---

[1] کەریم حیسامی لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٧ لە بەغداد چاوی بە کۆمەڵێک پیاوی کوردستانی ئێران کەوت، پاش دانیشتن لەگەڵیان و پرسیارکردنی ناوبراو سەبارەت بە ڕەوشی کوردستان و سوڵەیمان موعینی و مراد شیرێژ، باسی ترسی حکومتیان کرد لێیان و وتیان: ''بابم بەخۆڵای لەهەموو کوردستان هەن. خەڵکیان لەگەڵە. عەجەم لێیان دەترسن. پێیان دەڵێن چەتە''. حیسامی، ١٩٨٨، ل٨٥.

[2] بازیار، ٢٠١٧، ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژ.٧٠٣، ل٧.

[3] حەداد، حاجی حوسێن، ٢٠٠١، کوا ئاوێنەی ڕاستییەکان، ب.ش، ب.چ، ل٢٦.

[4] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٢٢.

[5] حیسامی، ١٩٨٨، ل٧٨؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٢١٣-٢١٤؛ نەقشی، ٢٠٢٤، ل١٢-١٣.

[6] مەرەسەنە، خدر، ٢٠٠٤، *ئاوێنەی ڕاستیەکان*، چ. ٢، سلێمانی: چاپخانەی قانع، ل٧٩.

[7] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٦٦.

هێزێکی چەند بەرانبەری خۆیان و لەژێر پشتیوانیی هەلیکۆپتەر بوو. جوولانەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن سولەیمان موعینی و مەلائاواڕە کە خاوەنی ئەزموون و کاری زیاتر بوون، ڕێبەرایەتی کرا.[١] سنووری جوولانەوەکە، دەوروبەری سەردەشت و بانە تا نزیکی مەهاباد، لەگەڵ هەردوو ناوچەی لاجان و شنۆی گرتەوە.[٢] بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەی موکریان تێپەڕی نەکرد، چونکە لە لایەک پێگەی "ح.د.ک" لەو ناوچانە بەهێزتر بوو، لە لایەکی دیکەشەوە وەڵامی خێرای ساواک بۆ جوولانەوەکە، مەودای تەشەنەکردنی بۆ ناوچەکانی دیکە نەدا.[٣]

لەو شەڕانەدا کۆمیتەی شۆڕشگێڕ زیانی گیانی بەرکەوت. لە یەکێک لەو شەڕانەی تووشی هاتن، لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٧ لە گوندی بەیرەم، مەلا مەحموود زەنگەنە لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە کوژرا.[٤] ناوبراو یەکێک بوو لە پێشمەرگە لێهاتووەکانی دەستەی سولەیمان موعینی. پاش کوژرانی تەرمەکەی لە شاری مەهاباد نمایش کرا.[٥] شایەنی باسە، نمایشکردنی تەرمی کادرەکانی "ح.د.ک" و لکاندنی ناوی چەتە پێیانەوە لە شارە کوردییەکاندا، یەکێکی دیکە بوو لە ستراتیژییەکانی حکومەتی ئێران دژ بە جوولانەوەکە، بە مەبەستی چاوترسێنی خەڵک و دابڕێنی جەماوەری کوردستان لە جوولانەوەکە.[٦] هەروەها لە شەڕێکی دیکەدا لە گوندی "دۆڵەنی"ی ناوچەی پیرانان، پێشمەرگەیەکی دیکە بە ناوی محەمەدی دەرویش تاژاندەری کوژرا. ناوبراو پێشمەرگەیەکی لێهاتوو بوو، بەشداریی شەڕی هەندرێن لە کوردستانی عێراقی کرد بوو. عەبدوڵڵا گڕوێ، پێشمەرگەیەکی دیکەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بوو، لە نزیک پاسگای "دۆڵەتوێ" لە بۆسەیەکی هێزەکانی حکومەتی ئێراندا کوژرا. هەر لە ساڵی ١٩٦٧ پێشمەرگەیەکی دیکە بە ناوی وەسمان بە دەستی هێزەکانی حکومەتی ئێران کوژرا.[٧] بە گشتی ساڵی ١٩٦٧ لە چەندین بەرەوە، هێزەکانی پێشمەرگە کەوتە نێو

---

[١] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل١٧، ٢٠.

[٢] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠ل٦؛ ئاراس، ٢٠١٦، نەسلێکی عەمەلگەرا و لەخۆبردوو، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٦٧٩، ل٧. بۆ زانیاری لەسەر جوگرافیای ناوچەکانی جوولانەوەکە لەسەر نەخشە، بڕوانە پاشکۆی ژ. ٩.

[٣] بازیار، ڕۆژنامەی "کوردستان"، ژ.٧٠٣، ل٧.

[٤] مەلا مەحموود زەنگەنە بە هەڵە هەواڵی پێگەشت کە ڕەشید فەلاحی، ئەندامی کۆمیتەی چاودێریی بەرز لە سلێمانییەوە گەڕاوەتەوە کوردستانی ئێران، بە بارێکی قاچاغەوە دەستگیرکراوە. مەلا مەحموود بە مەبەستی ڕزگارکردنی لەگەڵ ئەو هێزە ڕووبەڕوو بوویەوە، لەئەنجامدا مەلا مەحموود لەو شەڕەدا کوژرا. بۆ زیاتر بڕوانە : کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل٧٦؛ هەروەها سەرهەنگ عامری، ئەفسەری حکومەتی ئێران و بەشدار لە سەرکوتی جوولانەوەی ٦٧-٦٨، باسی کوژرانی مەلا مەحموودی زەنگەنە دەکات، بەجۆرێک ڕۆژێک لەگەڵ ٥ ژاندارم لە مەهابادەوە بەرەو سەردەشت دەڕۆن، لە پاسگای گوێچکەدەرە پێیانڕادەگەیەنن، چەن عێراقییەک هاتوونەتە ئاوایی گەنمان بۆ پەیوەندیکردن بە پێشمەرگەوە، بە خێرایی لەگەڵ سەرۆکی پاسگا بەڕێدەکەون بۆ ئاوایی، لەماڵی کوێخای گوندەکە دەستگیریان دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیانبەن، کەمتر لە ٥٠ مەتر ڕێیان بڕیبوو، لەلای چەپەوە لە نێو دارستانەوە تەقەییان لێکراوە و داوای تەسلیمبوونیان لێکردن، لەئەنجامدا شەڕ لەنێوان هەر دوولا دروستبوو. پاش کەمێک دەنگی تەقە لەنێو دارستانەوە نەما، کە نزیک بوونەوە بریندارێک و دوو کوژراویان هەیە، ئەوانیش مەلا مەحموود زەنگەنە و پێشمەرگەیەکی دیکەبوو. پاش لێکۆڵینەوە لە بریندارەکە و هۆکاری نەکوشتنی هیچ کەسێک لەلایەن پێشمەرگەکانەوە، بریندارەکە گوتی مەلا مەحموود زەنگەنە تەنها ویستی بارمتەکان ئازاد بکات، نەیووستووە ئێوە بکوژێ. بۆ زیاتر بڕوانە: قازی، ٢٠٢٥، ل٣٧٢-٣٧٣.

[٥] حیسامی، ١٩٨٨، ل٤٧؛ خزری، ٢٠٢٠، ل٣٢١.

[٦] خزری، ٢٠٢٠، ل٣٢١.

[٧] حیسامی، ١٩٨٨، ل٤٩.

گەمارۆی هێزەکانی حکومەتی ئێران و هێزە بەکرێگیراوەکانیان. لە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەکاندا هێزەکانی پێشمەرگە تا دواییین فیشەک شەڕیان کرد و خۆیان ڕادەست نەکرد.[١] لەگەڵ ئەوەی ساواک سالّی ١٩٦٧ هێزێکی گەورەی لە ناوچەکە بڵاو کردەوە و بەردەوام هێزەکەی لە گەڕان و هەڵسووڕاندا بوون، بەڵام نەیتوانی دەستی بە هیچ یەک لە ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بگات.[٢]

سوڵەیمان موعینی بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانیی جەماوەری، ویستی بۆ جووڵانەوەکەیان سوود لە ڕۆڵی میدیا وەربگرێت، لەو چوارچێوەیەدا نامەیەکی بە ''ناونیشانی پۆڵا دەشکێ بەڵام ناچەمێ''بۆ کەریم حیسامی نارد، بە مەبەستی خوێندنەوەی لە ڕادیۆی پەیکی ئێران و ڕاگەیاندنی تاوانەکانی حکومەتی ئێران دەرهەق بە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران. ناوبراو سالّی ١٩٦٧ی بە سالّی ڕاپەڕین دژی ڕژێمی شا ناوبردووە و نووسیویەتی: ''سالّی ١٩٦٧ لە مێژووی "ح.د.ک"، سالّی ڕاپەڕین و بەرهەڵستە دژی ئیمپریالیزم و ئیستیبداد و دیکتاتۆریەت''. هاوکات باسی کوژرانی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی "ح.د.ک" ی لەو نامەیەدا کردبوو. ئەوەش نیشاندەری هۆشیاریی بەرزی ڕێبەرانی جووڵانەوەکە بوو کە تەنها پشتیان بە خەباتی چەکداری نەبەستبوو، بەڵکو ڕای گشتیی ئێران و جیهانیش بۆ جووڵانەوەکە گرنگ بووە.[٣]

تەوەری دووەم: ڕەوشی سیاسی و سەربازیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە سالّی ١٩٦٨:

لە سەرەتای بەهاری سالّی ١٩٦٨ ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد. حکومەتی ئێران لە سیاسەتی "گەمارۆدان و لەناوبردن" بەردەوام بوو.[٤] هاوکات هێزەکانی حکومەت بە پشتیوانیی جاش و سیخوڕ، دۆڵ و شیو و چیاکانی سنووری جووڵانەوەکەیان تەنی، بە تۆندی کەوتنە ڕاونانی هێزەکانی پێشمەرگە. ئەو هێزانە لە سالّی ١٩٦٨ بە ناچاری تووشی چەندین شەڕ . نابەرانبەریی هێز لە ڕووی ژمارەی سەرباز و چەکەوە لە تێکڕای شەڕەکان بەرچاو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ تا ئاستی مردن شەڕیان لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ئێراندا کرد. دیلەکانیشیان ئازایانە بەرەنگاری ئەشکەنجەی سەربەزخانەی جەڵدیان بوونەوە.[٥] "هادی گرامی فرد"ی نێردراوی سازمانی ئینقلابی بۆ کوردستان لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە خۆڕاگریی یەکێک لە پێشمەرگە کوردەکان بەناوی عەلی عەجەم کردووە کە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە لەسێدارە دراوە و دەڵێت: ''کاتێک ویستوویانە عەلی عەجەم لە سێدارە بدەن، لێیان پرسیوە بەر لەسێدارە چیت دەوێ؟ وتبووی هیچ، تەنیا لە کەمەر بەرەو خوار بمبەستن بۆ ئەوەی کاتێک لە سێدارە دەدرێم و دەکەوم، کڕنوشم بردبێت بۆ کۆمەڵانی خەڵک''.[٦] سالّی ١٩٦٨ بۆ کوردستانی ئێران بە گشتی و "ح.د.ک" بەتایبەتی سالّێکی دڵتەزێن و خەمهێن بوو. چونکە لەو ساڵەدا ئەو حیزبە

---

[١] قازی، ٢٠٢١، ل١٧٧.

[٢] ئەحمەدی، ٢٠٠٩، ل١٦٠؛ کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١٢٠.

[٣] حیسامی، ١٩٨٨، ل٤٥–٤٨.

[٤] سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٢٢.

[٥] مەحموودی، عادل، ٢٠١٧، لە حوجرەوە، مەلا ئاوارە، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٧١٠، ل٩.

[٦] بۆ زیاتر بڕوانە: مرتضوی، باقر، ٢٠١٥، *حلقەی گمشدە –سیروس نهاوندی*، چ. ٢، المان، کۆلن، ب.چ، ل١٧٤، ١٧٧

به کوژرانی کادره پله یەکەکانی و ڕێبەرانی جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨، سەرمایەیەکی گەورەی لە دەستدا.[١]

یەکەم دەستەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ کە ساڵی ١٩٦٨ بەهۆی بوونی سیخوڕەوە لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ئێران کەوتنە شەڕەوە، دەستەی سمایل شەریفزادە بوو. سولەیمان موعینی لە سلێمانی بوو، پێش گەڕانەوەی لە ماڵی قالە تەگەرانیەوە[٢] نامەی بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕ نارد، هەواڵی گەڕانەوەی خۆی و خەلیل شەوباش (١٩٤٣-١٩٦٨)ی ڕاگەیاندبوو. داوای کردبوو دەستەیەک بێنە سوورکێو بۆ بەدەمەوەهاتنیان. شەریفزادە بڕیاری دا خۆی و دەستەکەی کە پێکهاتبوون لە عەبدوڵلا کەریمزادە، میرزا محەمەدی شاتمان ناسراو بە محەمەدی ئەستێ مەنگوڕ، عەلی عەولا کۆڵ، حوسێنی ڕەحمان ڕابی، مچە قەشکێن، کوێخاشەریفی کێلەشین[٣] و محەمەد حەسەن پەنای زاوای، بڕۆن بۆ پێشوازی.[٤] بەڵام پێش ئەوەی بە دیداری سولەیمان موعینی بگات، کەوتە داوی سیخوڕێکەوە و لەگەڵ سێ لە هاوڕێکانی لە دارێنە کوژران.[٥] شایەنی باسە جاش و سیخوڕە ناوچەییەکانی ساواک هاوکارییەکی بێوێنەی حکومەتی ئێرانیان کرد و لە لەداوخستنی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و کۆتایی هاتن بە جوولانەوەکەدا ڕۆڵی نەرێنیان هەبوو. لە دەستەی شەریفزادە، کوێخا شەریف و محەمەدی زاوای، سیخوڕ و هاوکاری ساواک بوون. ئەحمەد خانی ئەحمەدی، سەرۆکی جاشی بانە و خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەو کارە کوێخاشەریفی ڕاسپاردبوو. بەڵگەنامەکانی ساواک باسیان لەوە کردووە، کە کوێخاشەریف بە هۆی پێشینەی تاوانەوە هەڵهاتووە بۆ عێراق. پاش ئەوەی لە ڕێگەی ئەحمەد خانی ئەحمەدیەوە خۆی ڕادەستی ساواک دەکات، ساواکیش لێبووردنی ناوبراوی دایە دەستی ئەحمەد خانی ئەحمەدی، بە مەرجی ئەنجامدانی خزمەتێکی بەرچاو. ئەحمەدی پەیامەکەی ساواکی گەیاندە کوێخاشەریف و پێی ڕاگەیاند لە بەرانبەر چوونە ناو ڕیزەکانی حیزبێک لە بانە (مەبەست لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی، ت.) هێنانی هەواڵ لەبارەیانەوە دەتبەخشین.[٦] ئەویش ئامادەیی خۆی نیشاندا، پاشان کوێخاشەریف پەیوەندی بە سمایل شەریفزادەوە کرد.[٧]

---

[١] کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١٢١.

[٢] قالە تەگەرانی، ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی تەگەرانی ناوچەی شارباژێڕ لەدایک بووە، کاری قاچاخچێتی بوو لە ناوچەی بانە، وەکوو سەرچاوەکان باسی دەکەن، سیخوڕی بۆ ساواک و شۆڕشی کوردستانی عێراق و حکومەتی عێراقیش کردووە، ساڵی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کردووە. حیسامی، ١٩٨٨، ل١٠٩.

[٣] کوێخاشەریفی کێلەشین خەڵکی کێلەشینی میرەدێی ناوچەیەکی نێوان سەقز و بانەیە. ساواک خزاندبوویە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە. پێش دوومانگ پەیوەندیی بە پێشمەرگەکانەوە کردبوو، هاوکات بەهۆی کوێخا شەریفەوە سێ کەسی دیکە هاتبوونە دەستەی شەریفزادە، ئەوانیش حوسێنی ڕەحمان ڕابی، محەمەدی ژن برای و حوسێنی مچە قەشکێن، بەڵام حوسێنی ڕەحمان ڕابی ئاگادری پلان و پەیوەندیی ساواک و کوێخا شەریف نەبوو. بۆ زیاتر بڕوانە: عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٦٨.

[٤] عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٦٨.

[٥] حیسامی، ١٩٨٨، ل١٠٩. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شوێنی جوگرافی دارێنە بڕوانە پاشکۆی ژ. ١٠.

[٦] بڕوانە پاشکۆی ژ. ١١.

[٧] نادری، ١٣٩٤، ل٧٦٥.

شەریفزادە و دەستەکەی بەرەو مەرزی بانە–سەردەشت کەوتنەڕێ، بۆ شەوەکەی گەیشتنە گوندی داڕێنەی سەروو.[1] کوێخا شەریف ئەو شەوە پاسەوان بوو، بەڵام ئەرکەکەی قۆستەوە و لە کاتی خەودا تەقەی لە شەریفزادە کرد، بەڵام لەجیاتی ناوبراو محەمەدی ئەستێ مەنگوڕی بە فیشەکەکە پێکا، پاشان هەڵهات و خۆی گەیاندە گوروهانی سیاومە. دەستەکە بە بریندارەکەوە گوندەکەیان جێهێشت و چوونە نێو دۆڵ و چەمی داڕێنە. مچە قەشکێن و محەمەدی سیخوڕ هەڵهاتن. گوروهانی سیاومە هێزەکانی دیکەیان لە بانە و کۆخان و سەقز ئاگادار کرد،[2] بە هاوکاریی سەرۆک جاشەکانی وەکوو عەبدوڵڵاخانی شەهیدی، ئەحمەدخانی ئەحمەدی و محەمەدخانی یوونسی، کە شارەزای ناوچەکە بوون،[3] بە هێزێکی ٣٠٠ کەسیەوە بە جۆرەها چەک هێرشیان کردە سەر داڕێنە. دەستەی شەریفزادە کە چوار کەس و بریندارێک بوون لە کاتژمێر دەی بەیانی تا ئێوارەی ٢ی ئایاری ١٩٦٨، شەڕیان لەگەڵ هیزە جۆربەجۆرەکانی حکومەتی ئێران کرد.[4] بە هیوا بوون لەگەڵ داهاتنی شەو خۆ ڕزگار بکەن، بەڵام پێش تاریکبوون بە نارنجۆکی دوکەڵساز هێرشیان کرایە سەر و لێیان نزیک بوونەوە و توانییان شەریفزادە و هاوڕێکانی بکوژن، تەنها عەبدوڵڵا کەریمزادە ناسراو بە عەوڵاڕەش بە بریندارى ڕزگاری بوو.[5] تەرمی سمایل شەریفزادە کەوتە دەستی هێزە ئەمنییەکان و ڕادەستی کەسوکاریان نەکردەوە و لە شاری سنە لە گۆڕستانی "تایلە" بە خاکیان سپارد. حکومەتی ئێران لە کوشتنی شەریفزادە سەرکەوتوو بوو، بەڵام ناوبراو پاش کوژرانیشی کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕەوشی سیاسیی کوردستانی ئێران دروست کرد و بووە ئاوێنەی شۆڕش و سیمبولی لاوان. هەموو لاوانی کوردستان ئاواتیان بوو ببنە شەریفزادە.[6] لەژێر کاریگەری کەسایەتیی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕیی شەریفزادە ڕێکخراوی یەکیەتیی خوێندکارانی دیموکراتی کوردستان، لەپێناو بەرزڕاگرتنی خەباتی ناوبراو، ڕۆژی کوژرانی شەریفزادەی وەکوو ڕۆژی خوێندکارانی کورد پەسەند کردووە و ساڵانە لەو ڕۆژەدا یادی خوێندکاران دەکاتەوە، هاوکات ڕێکخراوەکە هەمان لۆگۆی مۆنۆمێنتەکەی سەر گۆڕی شەریفزادەی کردۆتە لۆگۆی خۆی. بە گشتی ئاماژەیەکە بۆ خوێندنەوە و کتێب و دەستی چەپی مستکراو، کە هێمایەکە بۆ ناڕەزایی خوێندکاران و شۆڕشگێڕبوون.[7]

---

[1] عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٦٩.

[2] ڕەشید ئەحمەدی، کە لەو کاتەدا یەکێک بوو لە جاشەکانی بانە و ئاگاداری شەڕ و ڕەوشەکە بووە، نوسیوویەتی: ''بە جۆرەها چەک تەقە کرا لە هەرشوێنێک کە گومانی لێکرابێت، ئەو دەوروبەرە، بە ئاگری گوللەی چەند جۆر چەکەوە شوێن نەمابوو گوللەی بەرنەکەوتبێت''. بڕوانە ئەحمەدی، ٢٠٠٩، ل١٦٢. هەروەها عەبدوڵڵا کەریمزادە یەکێک لە پێشمەرگەکانی شەڕەکە، کە بە بریندارى و خۆشاردنەوە لە ئاودا ڕزگاری بوو، سەبارەت بە قورسیی شەڕەکە دەڵێت: '' وەک خیز و خۆڵ گوللە هات بەسەرماندا '' بڕوانە: عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٧٠.

[3] کەریمی، ٢٠٢١، ل١١٢.

[4] ئەحمەدی، ٢٠٠٩، ل١٦٢؛ عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٧٠.

[5] قادری، ١٣٨١، ل٤١؛ عەزیزی، ٢٧١٩، ل٢٧٠–٢٧١.

[6] سوڵتانی، ڕەشاد مستەفا، ٢٠٠٧، *کاک فوئاد سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی*، چ. ٢، ئەڵمانیا، کۆڵن: چاپخانەی باقر مورتەزەوی، ل١٧٥.

[7] گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ هەردی سەلیمی لە ڕێگەی هێڵی پەیوەندیی تیلیگرام، ٢٤–١–٢٠٢٦، هەردی سەلیمی لە شاری سەقز ساڵی ١٩٩٢ لەدایک بووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ئەدەبی ئینگلیزی. ساڵی ٢٠١٨ پەیوەندیی بە "حدک"ەوە کردووە، لە میدیا و

حکومەتی ئێران ترسی لە فراوانبوونی چالاکییەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و خودی سوڵەیمان موعینی هەبوو، بە دوای گرتن یان کوشتنی ناوبراوەوە بوو، چونکە سوڵەیمان کەسی یەکەمی جوولانەوەی ٦٧-٦٨ و "ح.د.ک" بوو.[١] دەسەڵاتدارانی ئێرانیش، بەدرێژایی مێژوو، لە ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبوون و ڕاپەڕینەکانی کوردستانی ئێراندا هەمیشە سیاسەتی لەنێوبردنی کەسی یەکەمیان پەیڕەو کردووە و لە سەرکردایەتیان داوە، چونکە پێیان وابووە ئەگەر توخمی سەرەکی نەمێنێت، توخمی هاوشێوە بەرهەمی نابێت.[٢] بەڵگەنامەکانی ساواک نیگەرانییەکانی حکومەتی ئێران و خودی شا سەبارەت بە دواکەوتنی پرۆسەی کوشتنی سوڵەیمان موعینی نیشان دەدەن. ئەوەش وای لە شا کرد فەرمانی شاهەنشاهی بۆ کوشتنی ناوبراو دەربکات. لەوبارەیەوە بەڵگەنامەیەکی ساواک (لە بەرواری ١-١-١٩٦٨) هۆکاری دواکەوتنی کوشتنی سوڵەیمان موعینی گەڕاندووەتەوە بۆ نەبوونی هاوکاریی نێوان ئەرتەش و ساواک لەگەڵ دەزگای ژاندەرمەری. هەروەها هاوکاریی مەعنەویی مستەفا بارزانی بۆ سوڵەیمان موعینی و گرووپەکەی، لە ڕوانگەی ئەوەی دڵنیان هەر کاتێک بارزانی بیەوێت دەتوانێت لەناو خاکی عێراق سەرکوتیان بکات.[٣] سەرئەنجام محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی فەرمانی شاهانەی لەو بارەیەوە دەرکرد. بەپێی فەرمانەکە، ساواک سەرکردایەتیی شۆڕشی ئاگادار کردەوە، هەرچی زووترە سوڵەیمان موعینی و ئەحمەد تۆفیق ڕادەستی حکومەتی ئێران بکات، ئەگەر نا، سیاسەتی هاوکاریی خۆیان لەگەڵ شۆڕشی کوردستانی عێراق دەگۆڕن.[٤]

سوڵەیمان موعینی، پاش سەردانەکەی بەغداد، بە مەبەستی بردنی خێزانەکەی لە سەنگەسەرەوە بۆ سلێمانی و نیشتەجێکردنی لە سیتەک لە ژێر چاودێری شێخ لەتیفی حەفید بۆ ماوەیەک لە سلێمانی مایەوە، بەڵام حەسۆ میرخان ڕێگەی نەدا.[٥] پاش نائومێدبوونی لە گواستنەوەی خێزانەکەی، سوڵەیمان موعینی لە ڕێگەی قالە تەگەرانی بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران دا. هەرچەندە شێخ لەتیفی حەفید لە بارەی قالە تەگەرانی هۆشداری دابوویە، بەڵام هۆشداریەکەی بە هەند وەنەگرت، قالەتەگەرانی لە دامێنی چیای ئەزمەڕ[٦] لە گوندی "کانی بەردینە"، سلەیمان موعینیی بە هاوڕێیەتیی خەلیل شەوباش، ڕادەستی سدیق ئەفەندی فەرماندەی لقی چواری "پ.د.ک" ی کردن.[٧]

ڕاگەیاندنەکانی حیزبەکەی کاری کردووە، لە کۆنگرەی حەوتی یەکیەتیی خوێندکارانی دیموکراتی کوردستان وەکوو دەستەی بەڕێوەبەری و سکرتێری ڕێکخراوەکە هەڵبژێردراوە و تاکو ئێستا لە پۆستەکەی بەردەوامە.

[١] قازی، ٢٠٢٥، ل٤٢٣.

[٢] بختیاری، ١٤٠٣، ل١٤٤.

[٣] نادری، مەحموود، ١٣٩٤، حزب دمکرات کردستان ایران، تهران، ل٧٥٧.

[٤] قازی، حەسەن، ٦-١١-٢٠٢٥، هەندێک بەڵگەی ساواک سەبارەت بە شەهادەتی سەرکردەی نەمر سوڵەیمان موعینی، ١٤-٥-٢٠٢٠ruwange.blogspot.com .

[٥] حیسامی، ١٩٨٨، ل١٠٧.

[٦] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢١٦.

[٧] بێ ناوی نووسەر، ١٩٦٩، خەباتی کوردستان، سوڵەیمان موعینی، *گۆڤاری ڕزگاری*، ژ.٨، ل٢٦-٢٨؛ قازی، ٢٠١٤، ل١٥١.

بەڵگەنامەکانی ساواک ئەوە نیشان دەدەن، ساواک بە وردی ئاگاداری جوولەی سولەیمان موعینی بووە تا لە شوێنی کۆنکرێت دەستگیری بکەن.[١] بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی ئێران لە ئەنجێنەی کوردستانی ئێران، بۆسەی بۆ گرتنی سولەیمان موعینی لە ڕێگەی سالحەخڕەی خوشکەزای قالە تەگەرانیەوە دانابوو. قالە تەگەرانی لە هەمانکاتدا ساواک و سدیق ئەفەندییشی لە جوولەی سولەیمان موعینی لە کوردستانی عێراقەوە بەرەو کوردستانی ئێران ئاگادار کردبوو، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە کوردستانی ئێران و دەستی ساواک، لە کوردستانی عێراق دەستگیر کرا.[٢]

حکومەتی ئێران لە ڕێگەی سیخوڕەکانیەوە، هەواڵی گرتنی سولەیمان موعینیی لە کوردستانی عێراق پێگەشت. پاش دەستگیرکردنی، ڕاستەوخۆ داوای ڕادەستکرنەوەی سولەیمان موعینیی کرد.[٣] بۆ ئەو مەبەستە وەفدێکی بۆ لای سەرکردایەتیی شۆڕش نارد و گوشاری زۆری بۆ هێنا، لە ئەنجامدا سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق، بەهۆی پێویستیی زۆری بە هاوکارییەکانی ئێران، بڕیاری کوشتنی سولەیمان موعینی دا و[٤] لە ١٥ی ئایاری ١٩٦٨[٥]، تەرمەکەیان ناشت و ڕادەستیان نەکردەوە، بەڵام ئێران وەفدێکی دیکەی نارد و بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە کوژرانی و بەدناو کردنی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە کوردستانی ئێران، داوای تەرمەکەیان کرد. سەرئەنجام سەرکردایەتیی شۆڕش تەرمەکەیان ڕادەستی ئێران کرد.[٦] حکومەتی ئێران لە پیرانشار تەرمەکەیان نمایش کرد، وێستیان لە مەهابادیش هەمان کار ئەنجام بدەن، بەڵام ڕووبەڕووی ناڕەزایی دانیشتووان بوونەوە و ناچاربوون تەرمەکە ڕادەستی کەسوکاری بکەنەوە، پاشان تەرمی موعینی،[٧] برایە گۆڕستانی بداغ سوڵتان و بەخاک سپێردرا.[١]

---

[١] قازی، حەسەن، ٦-١١-٢٠٢٥، هەندێک بەڵگەی ساواک سەبارەت بە شەهادەتی سەرکردەی نەمر سولەیمان موعینی، ١٤-٥-٢٠٢٠ruwange.blogspot.co .

[٢] ئەحمەدی، ٢٠٠٩، ل١٦٥-١٦٦.

[٣] هەژار، ١٩٩٧، ، ل٤٩٤ ؛ قازی، ٢٠١٤، ل١٤٩-١٥١؛ قازی، حەسەن، ٦-١١-٢٠٢٥، هەندێک بەڵگەی ساواک سەبارەت بە شەهادەتی سەرکردەی نەمر سولەیمان موعینی، ١٤-٥-٢٠٢٠؛ ئەمین، کاوە(ئامادەکار)، ٢٠١٧، جەلیل گادانی، ١٠-١٢-٢٠٢٥، https:// youtu.be.rudaw.ruwange.blogspot.com

[٤] سەبارەت بە کوشتنی سولەیمان موعینی، مەسعوود بارزانی نوسیوویەتی: ''شۆڕش ناچاربوو کارێکی زۆر خەم هاوەر هاوەر بکا کە چاری ناچار بوو بیکا، ئەوە بوو سولەیمان موعینی، نەیاری ئەحمەد تۆفیقی گرت کە چووبووە پاڵ جاشەکانی ٦٦و هاوکاریی لەگەڵ حکومەتی عێراق لە دژی شۆڕشی کورددا دەکرد و ، ئیعدام کرا و لاشەکەی نێردرایەوە بۆ ئێران. بۆ زیاتر بڕوانە: بارزانی، ٢٠٠٤، بەرگی٣.ب.٢، ل١٩١؛ هەژاری شاعیر سەبارەت بە چارەنووسی سولەیمان موعینی دەڵێت: ''بە بارزانیم گوت ڕاستە کارەکەی دژی کارەکەی تۆیە، کە دەگەڵ ئێران دۆستی، بەڵام بەبڕوای من بە هیچ جۆر نابێ ئەو دوو کەسە نەبکوژی، نەبیاندەیەوە بە ئێران، لە جێگەیەکی دوورەدەست لە سنوور حەبسیان کە، بڵێ ناتاندەمەوە، بەڵام گرتوومن و نایەڵم دژی ئێران بجوڵێنەوە. بیان کە بە پەڕی قوماری بەرندە. هەروەخت ئێرانی کەوتنە بڕ و بەهانە دۆزینەوە، دەفەرمووی من فایەق و ئەحمەد تەوفیقم پێ بەخێو ناکرێ، بەرهەڵدایان دەکەم و ئازادن چ دەکەن بکەن.... '' بۆ زیاتر بڕوانە هەژار، ١٩٩٧، ل٤٩٥-٤٩٦

[٥] قازی، حەسەن، ٦-١١-٢٠٢٥، هەندێک بەڵگەی ساواک سەبارەت بە شەهادەتی سەرکردەی نەمر سولەیمان موعینی، ١٤-٥-٢٠٢٠ruwange.blogspot.com .

[٦] چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ د. مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢١-٤-٢٠٢٥.

[٧] ئەحمەدی قازی، یەکێک لە بەشدارانی پرسەی سولەیمان موعینی نوسیوویەتی: ''عومەری قازی کە زۆر لە مێژ نەبوو لە زیندان ئازاد کرابوو، دروشمی دژی حکومەتی دا و بەم جۆرە بۆ یەکەم جار پاش چەند ساڵ بێدەنگی شکێندرا و ڕێ و ڕەسمەکە بوو بە خۆپیشاندان و پرۆتێست کردن''. قازی، ٢٠٢١، ل١٧٨.

شایەنی باسە سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە سولەیمان موعینی ئارەزووی ئەوەی کردووە لە کوردستانی عێراق بیکوژن، لەجیاتی ئەوەی ڕادەستی حکومەتی ئێرانی بکەنەوە.[٢] ئەوەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شۆڕشگێڕ، کە نایەوێت بە زیندوویی بکەوێتە دەستی دوژمن.[٣] موعینی، وێڕای ئەوەی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ مستەفا بارزانی بوو، وەکوو سەرکردەیەکی کورد ڕێزێکی زۆری لێدەگرت و خزمەتی ئامانجەکانی کرد، بەڵام لە زیندان بێڕێزیی بە ناوبراو کرد. زۆرێک لە سەرچاوەکان ئەو بێڕێزییە بە هۆکاری کوشتنەکەی دەزانن، ئامانجی لەو بێڕێزییە ئەوە بووە بەزیندوویی نەکەوێتە دەستی حکومەتی ئێران.[٤] هاوکات سەرچاوەکانی دیکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە مستەفا بارزانییش نەیویستووە بە زیندوویی بیدەنەوە دەستی حکومەتی ئێران و داوای ئێرانی بۆ بەزیندوویی ڕادەستکردنەوەی ڕەت کردووەتەوە.[٥]

سولەیمان موعینی وەکوو ڕێبەری سیاسی و ڕێکخەری جوواڵانەوەکە، لە پاراستنی گیانی خۆی وەکوو پێویست مامەڵەی نەکرد. لە گرنگیی زیندوومانەوەی و گرێدراوییەکەی بە بەردەوامیی جوواڵانەوەکە و خەبات لە کوردستانی ئێران تێنەگەیشتبوو. بێ پاسەوان لە کوردستانی عێراق جووڵەی دەکرد، لە کاتێکدا قاچاخچی و کاسبکاری ئێران کە زۆربەیان سیخوڕی ساواک بوون، بە ئازادانە لە سەرتاسەری کوردستانی عێراق تا دەگاتە سنووری بەعس هاتوچۆیان دەکرد، دەیانتوانی ئەو کارانەی پێیان سپێردراوە جێبەجێی بکەن و بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان بە ئاسانی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی دروست دەکرد.[٦] هەست بەوە دەکرێت سولەیمان موعینی ڕەچاوی ڕەوشی ئەمنی خۆی نەکردبوو[٧] لە کوردستانی ئێران[٨] و کوردستانی عێراقیش. ئەوەش یەکێک بوو لە هەڵەکانی و هۆکاری لەداوکەوتنی کە بەبێ چەک و بەبێ بوونی پاسەوانێکی ئەوتۆ دەستگیرکرا.[٩]

هەواڵی مەرگی سولەیمان موعینی و شەریفزادە کاریگەریی زۆری لەسەر مەلائاوارە هەبوو، بەڵام دڵنەوایی پێشمەرگەکانی دایەوە و بۆ بەردەوامیی خەبات و هەڵگرتنی چەکی برا پێشمەرگە

---

[١] گادانی، جەلیل، ١٣٩٤، *ڕاستی ڕووداوەکان*، ب.ش، ب.چ، ل٢٩٦-٢٩٧ ؛ قازی، ٢٠٢١، ل١٧٨.

[٢] حەداد، ٢٠٠١، ل٣٥؛ قازی، ٢٠٢٤، ل٤٣١.

[٣] چریکهای فدائی خلق ایران، ١٣٥١، آموزش هائی برای جنگ چریکی در شهر،https://siahkl.com

[٤] ڕۆژگار، مەلا، ١٩٩٥، لانەی جاسوسی، ژ.٢، هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری، ل٢٧٢؛ قازی، ٢٠٢٤، ٤٣؛ ئەمین، کاوە (ئامادەکار)، ٢٠١٧، جەلیل گادانی، ١٠-١٢-٢٠٢٥، https:// youtu.be.rudaw

[٥] هەژاری، ٢٠١٧، ل٧١.

[٦] قازی، ٢٠٢١، ل١١٨.

[٧] هەژاری شاعیر باسی لە چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ سولەیمان موعینی لە زیندانی شۆڕش کردووە، ڕەچاونەکردنی ڕەوشی ئەمنیی لە وەسان پێوتووە و دەڵێت: ''فایەقم دیت..... گوتم..... ئەگەر من بوومایە لە جیاتی تۆ، کە دەمزانی دوژمنایەتیی بارزانی دەکەم و بە وڵاتی بەردەستی ئەودا دێم و دەچم، هەر بە شەو، بەبێ ڕێ، بەناو دارستاندا سەفەرم دەکرد. هەمیش چل تفەنگچییەکم لەگەڵ دەبوو، لەسەر هەست و دەست لەسەر پەلەپیتکە. تووشی هەر ڕێبوارێک دەبووم، نەمدەهێشت بڕوا و خەبەرم لێبدا، دەمبەستەوە تا زۆر دوور دەکەوتمەوە. بۆ چەند کیلۆمەتر لەپێشەوە ڕێگایان بۆ تاقی دەکرمەوە و هەمیشە دەستەیەک لە دواوە دەیان پاراستم. لە کوێ دەنگ درابام دەمکردە تەقە و خۆم ڕزگاردەکرد''، بۆ زیاتر بڕوانە: هەژار، ١٩٩٧، ل٤٩٤-٤٩٥.

[٨] کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١١٤.

[٩] هەژار، ١٩٩٧، ل٤٩٤.

کوژراوەکانیان هانیدان.[1] چونکە لە خەباتی چەکداریدا، لەنێوچونی گرووپێکی چەکداری و قوربانیدان قوربانیدان ئەگەرێکی نزیکە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو چەکەی لەدەستی پێشمەرگەیەک دەکەوێتە خوارەوە، پێشمەرگەیەکی دیکە هەڵیبگرێت و بەردەوامی بە ڕێبازەکەی بدات.[2] ئەوە خواستی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و خێزانی پێشمەرگەکانیش[3] بوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی باڵی سیاسیی کۆمیتەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و ئاگایی ساواک، ئەو خواستە بەرجەستە نەبوو. جگە لە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ کەسی دیکە ئامادەی هەڵگرتنی چەک دژی ڕژێم نەبوو. پاش ماوەیەکی کەم مەلائاوارەش، بەهۆی جاش و سیخوڕەوە دەستگیرکرا، پاش ئەوەی لە لایەن پێشمەرگەیەکی ڕێکخستنەکانی بە ناوی کوێخاپیرۆتی "کونەمشکێ" پاش خۆڕادەستکردنی، خەیانەتی لە مەلائاوارە کرد و چوونی ناوبراو و هاوڕێکانی بە ناوەکانی مەلا کەچە و ڕەحمانی وەتمان چاوشین و ڕەحمان شەخسیی بۆ سەردانی ڕێکخستنەکان لە گوندی دێوالان ، بە ساواک ڕاگەیاند. سەرئەنجام هێزەکانی حکومەت ئابلۆقەیاندان و دەستگیریان کردن.[4] پاش ئەوەی دەستەی پێشمەرگەکانی مەلائاوارە و ساڵەح لاجانی بە ڕووداوەکەیان زانی، لە دوورەوە ڕووبەڕووی هێزی ژاندەرمەکان لەناو گوندی دێوالان بوونەوە و ژاندەرمەیەک بریندار بوو،[5] پاشان لە ژێر فشار و بە زەبری هێز، مەلائاوارە نامەیەکی نووسی و بە ژنێک کە دایکی ڕەحمان شەخسی بوو ناردی بۆ پێشمەرگەکان، تا تەقە ڕاگرن. نامەکە هەوالّی خۆبەدەستەوەدانی مەلائاوارەی تێدابوو. بۆ بەیانی بە هێلیکۆپتەر چوار دەستگیرکراوەکەیان گواستەوە بۆ سەردەشت و لەوێشەوە بۆ سەربازگەی جەڵدیان.[6] زیاتر لە دوومانگ مەلائاوارە و هاوڕێکانی بەرگەی دڕندەترین ئەشکەنجەی جەڵدیانیان گرت و بوونە نموونەی ئەو شۆڕشگێڕانەی بەرگەی ئەشکەنجەی توندی زیندانەکانی حکومەتی ئێرانیان گرت، بێ ئەوەی هیچ یەکێک لە شانەکان ئاشکرا بکەن و مەترسی بۆ گیانی هاوڕێکانیان دروست بکەن پاش بێئومێدبوونی ئەفسەرەکانی سەربازگەی جەڵدیان لە دانپیانانی مەلائاوارە و هاوڕێکانی، لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٦٨ لە سەردەشت،[7] مەلا ئاوارە، مەلا کەچە و مام ڕەحمانی وەتمان چاوشین لە سێدارە دران[8] و لە گۆڕستانی گردەسووری سەردەشت بە خاک سپێردران، بەڵام ڕەحمان شەخسی لە سزای سێدارە ڕزگاری بوو، پاش ئەوەی مەلائاوارە دادوەری دادگاکەی لە تەمەنی

---

[1] مینایی، ١٣٥٧، ل٢٦،٢٤.

[2] احمدزاده، ١٣٤٩، ص٢١.

[3] یەکێک لە پێشمەرگە کوژراوەکانی دەستەی شەریفزادە، میرزا محەمەد شاتمانی بوو، کە بە تفەنگی خۆی چووبووە پاڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕ. پاش کوژرانی پێشمەرگەکان بەهۆی پێویستبوونیان بە چەک، چەکەکەیان ڕادەستی دایکە بێوەژنەکەی بەناوی ئەستییە مەنگوڕ نەکردەوە، پارەی چەکەکەیان بۆ نارد. ئەستییە مەنگوڕ وتبووی: ''ڕۆڵە گیان ئەمن ئەو تفەنگەم بە پوڵی تەشی ڕێسی بۆ محەمەدی کڕیوە، ئێوە ڕێگاکەی ئیدامە بدەن، دیسان بە تەشی ڕێسی پێنجی دیکەشتان بۆ دەکڕم''. بۆ زیاتر بڕوانە: کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١٢٧.

[4] چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی نیما حوسێنی(شۆڕش) لەگەل ڕەحمان شەخسی، ١٦-٩-٢٠٢٣.

[5] مینایی، ١٣٥٨، ٣٠.

[6] چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی نیما حوسێنی(شۆڕش) لەگەل ڕەحمان شەخسی، ١٦-٩-٢٠٢٣.

[7] شەڵماشی، ٢٢-٨-٢٠٢٢، یادێک لە شەهید ئاوارەی شۆڕشگێڕ و شەهید، ١٩-٤-٢٠٢٥، https;//kurdstsnukurd.com

[8] مینایی، ١٣٥٨، ل٣٣؛ مەحموودی، عادڵ، ٢٠١٧، لە حوجرەوە، مەلا ئاوارە، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٧١٠، ل٩.

ڕەحمان شەخسی ئاگادار کردبووەوە، کە تەمەنی تەنها ١٦ ساڵ بوو، دادگا سزای ٥ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند.[١] کۆژرانی مەلائاوارە کاریگەریی زۆری لەسەر پاشماوەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ هەبوو. ناوبراو دەنگ و ڕۆحی جوواڵنەوەکە بوو، وەکوو شاعیر، مەلا و جەنگاوەرێک ڕۆڵی بێوێنەی لە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵانی خەڵک و کۆمیتەی شۆڕشگێڕدا هەبوو. بەهۆی شارەزاییی وردی لە جوگرافیای ناوچەکە و پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی لەگەڵ جووتیارانی ناوچەکە، مایەی ترسی هێزەکانی حکومەتی ئێران بوو.[٢]

پاش دەستگیرکرانی مەلا ئاوارە، عەبدوڵڵا موعینی و مینەشەم کە سەرپەرستی دوو دەستەی پێشمەرگە بوون، بۆ کۆکردنەوەی پێشمەرگەکان و درێژەدان بە خەبات هەوڵێکی زۆریاندا. بە مەبەستی پەیوەستبوونی خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران و هاتنیان بۆ ڕیزی خەبات، لە مایسی ١٩٦٨ لە "کوێستانی حاجی کێمی" لەگەڵ سەڵاحەدین موهتەدی و چەند کەسێکی دیکە کۆ بوونەوە. بڕیاری کۆبوونەوەکە وابوو، خوێندکارەکان بێنە ناوچەی گەورکایەتی و بە جووڵانەوەکەوە پەیوەست بن. بەڵام بە ڕۆیشتنەوەی خوێندکارە کوردەکان بۆ لای هاوڕێکانیان، دەستبەجێ بۆ بەیانییەکەی جاش و هێزەکانی حکومەتی ئێران لە قالوێی ڕەسووئاغا گەمارۆی مینەشەم و عەبدوڵڵا موعینیان دا، پاش گەیشتنی هێزێکی گەورەی زەمینی لە ڕێگەی کۆپتەرەوە بۆ هاوکاریی جاش و هێزەکانی ئێران،[٣] عەبدوڵڵا موعینی و مینەشەم لە شەڕی قالوێ لە ٢٠ی مایسی ١٩٦٨ کۆژران و تەرمەکانیان کەوتە دەستی هێزەکانی ڕژێمی شا لە مەهاباد.[٤] پێشمەرگەیەکیش بەناوی حەسەن خورخورەیی بەدیل گیرا و پاشان لە سێدارەدرا.[٥] ساواک ئامادە نەبوو تەرمی مینەشەم و عەبدوڵڵا موعینی ڕادەستی کەسوکاریان لە مەهاباد بکاتەوە، تەرمەکانی بۆ پیرانشار نارد و لە گۆڕستانی کۆنی ئەو شارە بە خاکی سپاردن.[٦]

مراد شیرێژ و ئەحمەدی عەلی عەجەم لە بەهاری هەمان ساڵ، لە شەڕێکدا لە ناوچەی لاجان، لە هەوارەکانی خەرپاپی بەری مێرگانی پیرانشار لە دۆڵی کانیزەرد، لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم، بە هاوکاری و چاوساغیی جاشەکانی حەمەدەمین چیچۆ و سەید باپیری چیانەی پیرانان لە نزیک خەرپاپ کوژران.[٧] تەنها حەمەدەمین سیراجی لە دەستەی ڕێبەرایەتیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ

---

[١] چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی نیما حوسێنی(شۆڕش) لەگەڵ ڕەحمان شەخسی، ١٦-٩-٢٠٢٣.

[٢] شەڵماشی، ٢٢-٨-٢٠٢٢، یادێک لە شەهید ئاوارەی شۆڕشگێڕو شەهید، ١٩-٤-٢٠٢٥، https;//kurdstsnukurd.com https;//kurdstsnukurd.com

[٣] نستانی، ٢٠٢٠، ل٧؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شوێنی جوگرافی قالوێی ڕەسووئاغا بڕوانە پاشکۆی ژ. ١٤.

[٤] گادانی، ١٣٩٤، ل٣٠٠، نستانی، ٢٠٢٠، ل٧؛ قازی، ٢٠٢٢، ل١٢٥؛ گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم مینەشەم لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ٦-١٢-٢٠٢٥، سوید. . ئیبراهیم مینەشەم، ناسراوە بە ئیبراهیم محەمەدی، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی سێسێر لەدایک بووە، منداڵی لەوێ بەسەربردووە، تەمەنی ١٢ساڵان بوو کاتێک مینەشەمی باوکی لە شەڕی قالوێ دەکوژرێت. لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پەیوەندیی بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە کردووە، لە نێو ئەو حیزبە و لە کۆنگرەکاندا چەندین پۆستی جیاجیای وەرگرتووە. لە ئێستا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبەیە.

[٥] نستانی، ٢٠٢٠، ل٧.

[٦] گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ ئیبراهیم مینەشەم لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ٦-١٢-٢٠٢٥،سوید.

[٧] خزری، ٢٠٢٠، ل١٧٢؛ نستانی، ٢٠٢٠، ل٧؛ قازی، ٢٠٢٢، ل١٢٥؛ بۆ زانیاری لەسەر شوێنی جوگرافیی دۆڵی کانیزەرد بڕوانە پاشکۆی ژ. ١٥.

مابوویەوە. ئەویش پاش کوژرانی هاوڕێکانی بە هیوای پەیداکردنی هاوکاری و گەڕانەوەی کەریم حیسامی و عەبدولڕەحمان قاسملوو بۆ کوردستانی ئێران، چووە بەغداد. بۆ ئەو مەبەستە، نامەی بۆ د.ڕەزا ڕادمەنیش نارد. حزبی تووده، لە تەموزی ١٩٦٨، قاسملووی بۆ چاوپێکەوتنی سیراجی لە بەغداد ڕاسپارد. ناوبراو بەسەردانێک چووە بەغداد و چاوی بە سیراجی کەوت و پاشان گەڕایەوە ئەوروپا، پەیامی سیراجیی بۆ حیسامی و حزبی تووده هێنا، بەڵام حزبی تووده یارمەتیی جوولانەوەکەی نەدا و هیچ بڕیارێکی لە بەرژەوەندی کوردستانی ئێران نەدا. حیسامی و قاسملووش نەگەڕانەوە. سیراجی بە بێئومێدی لە بەغداد مایەوە، پاش کوژرانی هاوڕێکانی و دەستەبەرنەکردنی هیچ هاوکارییەک، بڕیاری دا نەگەڕێتەوە کوردستانی ئێران.[١] بەم شێوەیە لە ماوەیەکی کورتدا، جوولانەوەی ٦٧-٦٨زۆرینەی فەرماندە و ڕێبەرەکانی لەدەست دا. لە ئەنجامدا، سەرگەردانی ڕووی لە پاشماوەی پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە کوردستانی ئێران کرد. لەو سەروبەندەدا، قادر شەریف، کە پێشتر لەگەڵ ڕێبەرانی جوولانەوەکە ناکۆک بوو، پاش کوژرانیان، ڕێبەرایەتیی جوولانەوەکەی گرتەدەست و پێشمەرگەکانی کۆ کردەوە و بڕیاریدا درێژە بە کار و چالاکییە سیاسییەکانیان بدەن.[٢] لەو ماوەیەدا، سەرکردایەتیی چەند شەڕێکی دژی هێزەکانی حکومەت و جاش و سیخوڕەکانیان کرد، ڕژێم سەرەڕای بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی، زیانی گیانی و ماددیی زۆری بەرکەوت.[٣] ڕێبەری نوێی جوولانەوەکە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ بەیانێکی تایبەتی لەبارەی شەڕ و پێکدادانەکانیان لەگەل هێزەکانی ڕژێم بڵاو کردەوە.[٤]

بەپێی بەیاننامەکە، یەکەم شەڕی قادر شەریف، شەڕی سەرشیو بوو، لە ١٩ی تەموزی ١٩٦٨ لە دێی سەرشیوی ئاغەڵانی نزیکی سەردەشت،[٥] کە شەڕی "سپیلکێ"شی پێدەوترێت. لەو شەڕەدا جگە لە بریندارەکان هەشت کەس لە جاش و ژاندارم کوژران. یەک لە کوژراوەکان برای سەرۆک جاشی مەرەسەنە بوو. هەروەها دوو پێشمەرگە کە ببوونە جاش بە ناوەکانی هەڵمەت قادری و محەمەد بەریاجی هەر دووکیان لە نێو کوژراوەکاندا بوون، هاوکات کادرێکی "ح.د.ک"، بەناوی محەمەدی ڕەسوەمەڕە کوژرا.[٦] لەو شەڕانەدا جگە لە قادر شەریف، چەند پێشمەرگەیەکی دیکەی وەکوو ئەحمەد نەستانی، پیرەباب و هەمزەی خاڵە مینە ڕۆلی گرنگیان هەبوو.[٧] شەڕی کێوی هۆمل لە ١٦ی ئابی ١٩٦٨، یەکێکی دیکە لە شەڕەکان بوو، هێزی پێشمەرگە گورزێکی تووندیان لە هێزەکانی ڕژێم و جاشەکانی حەمەدەمین چیچۆ دا، لە بەرانبەریشدا پێشمەرگەیەک بە نازناوی عەبدوڵلا گرۆێ بریندار بوو.[٨] لە شەڕێکی دیکەدا، لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ لە چیای "حاجی

---

[١] حیسامی، ١٩٨٨، ل١٢١_١٣٨.

[٢] سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٢٣.

[٣] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢٢٠.

[٤] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل١٥٤-١٥٧.

[٥] حەمەئەمین، دلێر(ئامادەکار)، ٢٠١٠، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سێ بەڵگەنامەی مێژوویدا، *گۆڤاری چیا مەگەزین*، ل٨٧؛ کاژەیی، ٢٠٢١، ل٥٦-٥٧.

[٦] حداد، ٢٠٠١ ، ل٤٥.

[٧] کاژەیی، ٢٠٢١، ل٥٨.

[٨] سەردەشتی، ٢٠٠٢، پاشکۆ، بەیانێکی چەکدارە شۆرشگێڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ چۆنیەتی وەزع و کارەساتە خوێناوییەکانی کردەوەکانی دیکتاتۆری شادا، ل١٤٧-١٥٠؛ ئیسماعیلنەژاد، ٢٧١٩، ل٢٦٥.

کێمی" لە نێوان شارەکانی مەهاباد و بۆکان، هێزەکانی ڕژێم زیانێکی زۆری ماددییان بەرکەوت، هاوکات بە هۆی بۆمبارانی فڕۆکەکانەوە، چەند پێشمەرگەیەک بە ناوەکانی سەید فەتاحی نیزامی، دەروێش عوسمان، فەقێ عەلیی وەرگێل و عەلییە گەلە کوژران.[1] هەروەها لە شەڕی خاڵەباد لە ٧ی تشرینی یەکەمی١٩٦٨ و شەڕی چیای نەستان لە ٨ی تشرینی یەکەم، زیانی زۆری گیانی و ماددییان لە ڕژێم دا، هاوکات دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی حوسێن خاتوون و حاجی پاراستی کوژران.[2]

دواجار لە ئەنجامی گوشاری زۆری هێزەکانی حکومەت و نەبوونی هیچ هاوکارییەکی دەرەکی، پەیدابوونی ناکۆکی لە نێو پێشمەرگەکانی "ح.د.ک" و نەبوونی کەسایەتییەکی بەهێز کە بتوانێت سەرکردایەتیی جووڵانەوەکە بکات، ڕیزەکانی پێشمەرگەی "ح.د.ک" لەبەریەک هەڵوەشا و ڕوویان کردە کوردستانی عێراق. قادر شەریف و ژمارەیەک پێشمەرگە چوونە بەکرەجۆ بۆ لای باڵی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک".[3] ژمارەیەکی دیکەش چوونە لای سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق، لەوانە دەستەی سااڵح لاجانی کە حەوت کەس بوون، بەاڵم سەرکردایەتیی شۆڕش ڕادەستی حکومەتی ئێرانی کردنەوە. حکوومەتیش هەموویانی لە سەربازگەی جەڵدیان لە سێدارەدا.[4] سێدارەدا.[4] بەم شێوەیە جووڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨، لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٦٨ کۆتایی هات. شێوازی خەباتی چەکدارانەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیش وەکوو یەکەم خەباتی چەکداری لە دژی دەستەاڵتی محەمەد ڕەزاشا لە ئێران خۆی تۆمارکرد. هەروەها چۆنیەتیی کوژرانی ڕێبەرانی ئەو کۆمیتەیە، بوویە وانەیەک لە کۆڵنەدان و قوربانیدان لەپێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا.[5] پاش ئەوەی ڕووبەڕووی سەرکێشیەکی ئاڵۆز بوویەوە، ئەویش بریتی بوو لە نەبوونی یارمەتیی سەربازی و ئابووری، نەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و تەنانەت نێوخۆییش. ئەوەش پێچەوانەی ڕەوشی لەباری خەباتێکی چەکدارانەی هاوشێوەی خەباتی گەلی ڤێتنام لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوودا بوو.[6]

جووڵانەوەی ٦٧-٦٨ وێڕای ڕەوشی سەختی، ماوەی ١٨ مانگ لە بەرانبەر هێزەکانی حکومەتی ئێران خۆی ڕاگرت. بە "شەڕی سپی سەنگ" لە مانگی نیسانی ١٩٦٧ دەستی پێکرد و بە شەڕی "خاڵەباد" و چیای نەستان لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ کۆتایی هات. وێڕای ئەوەی "ح.د.ک" باشترین کادرەکانی لە دەستدا، هێزەکانی حکومەتیش زیانی گیانی و مادیی گەورەیان بەرکەوت. شێوازی خەبات و بەرخۆدانی کادرەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، وەرچەرخانێکی گەورەی لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێراندا دروست کرد.

---

[1] حەمەئەمین(ئامادەکار)، ٢٠١٠ ، ل٨٧؛ قازی، ٢٠٢١، ل١٧٨.

[2] سەردەشتی، ٢٠٠٢، پاشکۆ، بەیانێکی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ چۆنیەتی وەزع و کارەساتە خوێناوی یەکانی کردەوەکانی دیکتاتۆری شادا.

[3] سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٢٣؛ کاژەیی، ٢٠٢١، ل٦٠.

[4] سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٢٣؛ کرمانج گوندی، کەریمی سەعید مەسیفی، ١٩٩٠، سی٣٠ ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، سوید: ب.چ، ل٥٦.

[5] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٢٣؛ گادانی، ٢٠١٢، ل٩؛ کاژەیی، ٢٠٢١، ل٦٠.

[6] منظمة مجموعات التحفيز، ٣١ أكتوبر ٢٠٢٤، حرب *ڤيتنام*: نموذج مقاوم يلهم حركات التحرر، ٢٣-١١-٢٠٢٥ https://stimulusgroups.org.

بەشی سێیەم:
کاریگەرییەکان و دەنگدانەوەی جوواڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨

باسی یەکەم: کاریگەرییەکان و دەنگدانەوەی جوواڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨:

تەوەری یەکەم: کاریگەریی جوواڵانەوەکە لەسەر "ح.د.ک":

تەوەری دووەم: کاریگەرییەکان لەسەر کوردستانی ئێران بە تایبەتی و ڕەوتی خەباتی چەکداری لە ئێران بە گشتی:

باسی دووەم: دەنگدانەوەی جوواڵانەوەکە و پرسی کورد لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا:

تەوەری یەکەم: دەنگدانەوەی جوواڵانەوەکە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئێرانییەکاندا:

تەوەری دووەم: دەنگدانەوەی جوواڵانەوەکە لە عێراقی هاوسێ و واڵاتانی دیکەدا.

باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی جوواڵانەوەکە لە ئەدەبیاتدا :

تەوەری یەکەم: ڕەنگدانەوەی جوواڵانەوەکە لە شیعری نوێی کوردستانی ئێراندا:

تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی جوواڵانەوەکە لە شاعیرانی نوێی شیعری کلاسیکدا:

تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی جوواڵانەوەکە لە ئەدەبیاتی دەرەوەی کوردستانی ئێراندا:

باسی یەکەم: کاریگەرییەکان و دەنگدانەوەی جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨:

پاش شکستی جوولانەوەی ١٩٦٧–٦٨، کوردستانی ئێران و "ح.د.ک" بۆ جارێکی دیکە کەوتنەبەر هەڵمەتێکی فراوانی دەستگیرکردن و لە سێدارەدان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە. کادرەکانی "ح.د.ک" لە نێوخۆ و دەرەوە بە لەدەستدانی کادرە لێهاتوو بالاکانیان شۆک ببوون. وێڕای ئەو ڕەوشە نالەبارەی ڕووی لە کوردستانی ئێران و "ح.د.ک" کرد، بەڵام کاریگەرییە ئەرێنییەکانی جوولانەوەکە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەورەتربوون. ئەم ڕووداوە مێژوویییە دەنگدانەوەی لە نێو ڕۆژنامە چەپەکانی کوردستانی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا هەبوو. لە نێو ئەدیبان و ڕۆشنبیراندا، دروستبوونی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە ساڵی ١٩٦٧ و دواتر سەرکردایەتیکردنی جوولانەوەی ١٩٦٧–١٩٦٨ وەکوو ڕاچەنینێکی توند و یەکەم خەباتی چەپی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە، کاریگەریی لەسەر چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران هەبوو. ئەوانەی هیواکانیان لەسەر خەباتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و سەرهەڵدانی جوولانەوەکە هەڵچنیبوو و بە ئومێدەوە لێیان دەڕوانی، دواتر بە سەرکوتکردن و کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەران و پێشمەرگەکانی، تووشی خەم و نائومێدی بوون. شاعیران بە ئەرکی خۆیان زانی لەم دۆخەدا پەیامدارانە، بخزێنە ناو کارەساتە دڵتەزێنەکانی کوژرانی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و پۆلێک لە پێشمەرگەکانی "ح.د.ک".

تەوەری یەکەم: کاریگەریی جوولانەوەکە لەسەر "ح.د.ک":

تێکشکانی جوولانەوەی چەکدارانەکەی ١٩٦٧–٦٨، کاریگەریی گەورەی لەسەر "ح.د.ک" هەبوو. لە لایەک زەبرێکی توند لە شانە و ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە درابوو، لە لایەکی دیکەشەوە، جوولانەوەکە، لاپەڕەیەکی بەرەنگاریی لە مێژووی خەباتی "ح.د.ک"، تۆمار کردبوو.[١] کوژرانی ڕێبەرانی جوولانەوەکە، جارێکی دیکە ئەو حیزبەی بێ سەرکردە کرد. جگە لە کوژرانی زۆرینەی ڕێبەرە بەتواناکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، سولەیمان موعینی، لەپاش قازی محەمەد و ئەحمەد تۆفیق (ناوبراو تا ساڵی ١٩٧٣ لە ژیاندابوو، بەڵام ١٩٦٦ دوورخرایەوە و لە حیزبەکەی دابڕا) و سدیق ئەنجیری، چوارەم سەرکردەی "ح.د.ک" بوو کە لەسەر ئاستی کەسی یەکەمی حیزبدا، کوژرا. ئەوەش بۆ ئەو حیزبە و جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، گورزێکی کوشندە بوو. "ح.د.ک" وێڕای ئەوەی ژمارەیەک کادری باڵا و پێشمەرگەی لە شەڕەکانی جوولانەوەکە لەدەستدا، ژمارەیەک کادری دیکەشی لە ئەنجامی پەلاماری بەربڵاوەکەی ساواک لەدەستدا. پەلامارەکەی ساواک، شانە و ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبەی لەبنەوە هەڵتەکاند و ئاسەواری پەیوەندیی تەشکیلات و ڕێکخستنەکانی نەهێشت.[٢] زۆرێک لەو کادرانەی بەر پەلامارەکەی ساواک نەکەوتبوون، ڕوویان کردە کوردستانی عێراق و لەوێ پەرش و بڵاو بوونەوە. ئەمیر قازی، کە بەشێک نەبوو لە جوولانەوەکە، زۆربەی کاتەکانی لە ئێستگەی شۆڕش بەسەر دەبرد، لەگەڵ ژمارەیەک کادری دیکەی "ح.د.ک" لە ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی سەرکردایەتیی شۆڕشدا بوون.

---

[١] مەرەسەنە، ٢٠٠٦، ل٣٥.

[٢] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٧٣؛ حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل٢٠١.

بەشێکی دیکەش لە پێشمەرگە و کادرەکانی "ح.د.ک" لە بەکرەجۆ، لای باڵی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک" بوون.[١] هەندێکی دیکەشیان لە بەغداد بوون، وەکوو حەمەدەمین سیراجی و یووسف ریزوانی.[٢] شایەنی باسە ئەم پاشماوەیەی "ح.د.ک"، هەڵوێستێکی ئەوتۆیان لە ئاستی جووڵانەوەکەدا نەبوو. لەئاستی ئەو کارەساتەی تووشی حیزبەکەیان هاتبوو، یەکدەست نەبوون. هەندێک کادریان لە ئاستی ڕێبەریدا، ڕێبەرانی جووڵانەوەکەیان سەرزەنشت دەکرد، لە لایەکی دیکەشەوە زۆرینەی کادرەکان لە بەرانبەر ئەو کارەساتە خەمباربوون و هاوسۆزی جووڵانەوەکە بوون.[٣]

یەک لە کاریگەرییەکانی جووڵانەوەکە، کۆتاییهێنان بە تاقانەبوونی "ح.د.ک"، وەکوو تاکە هێزی سیاسی لە کوردستانی ئێران بوو. جووڵانەوەی ٦٧-٦٨ لەسەر ئەو ڕەوتە فکرییە کە دواتر ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی-لینینستی بەناوی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" لێکەوتەوە، کاریگەریی زۆری هەبوو، چونکە زۆربەی ئەو خوێندکارە لاوانەی خەریکی ڕێکخستنی سیاسی بوون و دواتر ناوکی کۆمەڵەیان بنیادنا، لە ژێر کاریگەریی قارەمانێتی سمایل شەریفزادە و هاوڕێکانیدا بوون[٤]. کۆمەڵە بە نهێنی دەستی بە خەبات دژی دەستەڵاتی شا کرد ، ئەوەش خاڵێکی ئەرێنی بوو سەبارەت بە خەباتی ڕزگاریخوازی کودستانی ئێران.[٥] بەڵام ئەوەمان بیرنەچێت، بەشێک لە توێژی لاوە ڕووناکبیرەکانی "ح.د.ک"ی بۆلای خۆی ڕاکێشا، کە سااڵنێک خێزانەکانیان لە ڕیزی ئەو حیزبە درێژەیان بە خەبات دابوو. بێگومان ئەوە بۆ "ح.د.ک" خاڵێکی نەرێنی بوو. دیارترینی ئەو لاوانە خانە موعینی(١٩٥١-١٩٧٨) بوو، برای عەبدوڵڵا و سولەیمان موعینی و ...هتد.[٦]

ویڕای ئەو زیانە مرۆیی و مەعنەوییە گەورەیەی لە ئەنجامی جووڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨، بەر "ح.د.ک" کەوت، بەڵام لە هەمانکاتدا جووڵانەوەکە، بە ئاوێتەکردنی خەباتی چەکدارانە لەگەڵ چالاکییە سیاسی و فکرییەکان، وەرچەرخانێکی گەورەی لەناو و ناوەڕۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران دروست کرد.[٧] هاوکات قۆناغێکی بەرەنگاری نوێی لە مێژووی خەباتی

---

[١] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢٣٦-٢٣٧.

[٢] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل٢٠٧.

[٣] کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١٢٩.

[٤] دامەزرێنەرانی کۆمەڵە سەرەتای دامەزراندنی ئەو حیزبە دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩، کە لەسەرەتاوە بە تەشکیلات ناسراوە. تەشکیلات لە یەکگرتنی هەردوو مەحفەلی عەبدوڵڵای موهتەدی، یەدوڵڵا بیگلەری و ساعید وەتەندووست...هتد و مەحفەلی "فوئاد مستەفا سوڵتانی، محەمەد حسین کەریمی، شوعەیب زەکەریایی...هتد" پێکهات. پاش کۆبونەوەی ئەندامانی هەردوو مەحفەل و گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی کوردستانی ئێران و هۆکاری شکستی جووڵانەوەی ٦٧-٦٨، ئەندامانی کۆبوونەوەکە هۆکاری شکستەکەیان گەڕاندەوە بۆ نەبوونی بنکەی جەماوەری. لەکۆتاییدا ئەندامانی هەردوو مەحفەل گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە تەشکیلات و ڕێکخراوێکی جەماوەریی بە بیروباوەڕی مارکسی هەیە. دواجار لە پاییزی ١٩٦٩ بڕیاری دامەزراندنی تەشکیلاتیاندا و بە نهێنی تاکو ساڵی ١٩٧٩ کاریان کرد. لە ١٥ی شوباتی ١٩٧٩خەباتی خۆیان ئاشکراکرد. بۆ زیاتر بڕوانە: حەمەلاو، ٢٠١٧، ل١٧٠-٢٥٥.

[٥] کریمیان، https;//www.radiozamaneh.com؛ گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسەنجێر، ١٤-١٢-٢٠٢٤.

[٦] سەعیدی، بەهمەن(ئامادەکار)، ٢٠١٠، *٥سال لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی*، چ. ١، ب.ش، چاپخانەی پویا، ل٤٩، ٥٣.

[٧] بەهرەوەر(ئامادەکار) ، ٢٠١١، ل٦٦.

ڕزگاریخوازی کورددا تۆمارکرد. پاش ساڵانێک لە بێدەنگی، دووبارە دەنگی ناڕەزایی کوردی لە کوردستانی ئێران بەرز کردەوە، هەستی نەتەوایەتیی لە تەواوی کوردستانی ئێران بووژاندەوە، جوواڵەی خستە نێو لاوان و ڕووناکبیرانی کوردستان و ئەزموونی خەباتی چەکداریی خستە سەر مێژووی جوواڵانەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران . کاریگەریی گەورەی بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان لە کوردستانی ئێران بە گشتی و مەهاباد بە تایبەت لە درێژخایەندا هەبوو.[١] جوواڵانەوەکە، ڕۆڵی گەورەی لەو پێشوازییەی جەماوەردا هەبوو کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، بە نموونە لە میتینگی ٢ی ئازاری ١٩٧٩ لە مەهاباد لە "حدکا" کرا. چونکە تەنها ١٠ساڵێک بەسەر جوواڵانەوەکەدا تێپەڕیبوو، هێشتا ڕێز و یادی ڕێبەرانی جوواڵانەوەکە لە بیری خەڵکیدا مابوو.[٢] هەروەها جوواڵانەوەکە یەکەم هەوڵ بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق بوو. لە پاش ڕووخانی کۆمار کۆڵەکەی سەرلەنوێ بووژانەوەی "ح.د.ک" بوو. بۆشایی و سستیی خەباتی نزیکەی ٢٠ساڵی ئەو حیزبەی پڕ کردەوە. وەکوو سەرمایەیەکی مەعنەویی گەورە، دوو قۆناغی مێژووی ئەو حیزبە (قۆناغی کۆماری کوردستان و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران)ی پێکەوە گرێدا.[٣]

لە ١٤ی ئابی ١٩٦٩ کۆنفراسی دووی "ح.د.ک"، بە بەشداریی دوو لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (ئەمیر قازی، مەلا سەیدڕەشید) لە ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق، لە دامێنی چیای قەندیل بەسترا.[٤] لەم کۆنفراسەدا، کادرەکانی بەکرەجۆی "ح.د.ک" و نێوخۆی کوردستانی ئێران، کە لایەنگری ڕەهای جوواڵانەوەکە بوون، ئاگادار نەبوون و هیچ نوێنەرێکیان بەشدارنەبوو.[٥] لە کۆنفرانسدا، بەمەبەستی شوێنگرتنەوەی ئەندامە کوژراوەکانی نێو کۆمیتەی ناوەندی، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، حەسەن ڕەستگار و هێمنی شاعیر، وەکوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دیاری کران. هەرچەندە ڕێبەرانی کۆنفرانس سەبارەت بە جوواڵانەوەکە وەکوو یەک بیریان نەدەکردەوە، بەڵام تێکۆشانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیان لەیاد نەکرد و ناوی شەهیدیان لە کوژراوەکانی جوواڵانەوەکە نا، نامەیەکیشان بۆ مستەفا بارزانی نارد و ڕەخنەیان لە هەڵوێستی "پ.د.ک" و شۆڕشی کوردستانی عێراق بەرانبەر بە جوواڵانەوەکە و "ح.د.ک" گرت.[٦] وێڕای ئەوەی کۆنفرانس نەیتوانی چارەسەری ڕەوشی قەیراناویی حیزبەکەی بکات،[٧] بەڵام پێشی بە

---

[١] سەعیدی (ئامادەکار)، ٢٠١٠، ل٦٠-٦١.

[٢] بازیار، ٢٠١٧، ل٧.

[٣] یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد، ١٣٩٩، ڕاگەیەندراوی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ. ٧٧٣، ل٣.

[٤] قازی، ٢٠١٤، ل١٥٩.

[٥] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل٢٠٢-٢٠٣؛ پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢٣٩.

[٦] ڕەستگار، ٢٠٢٢، ل٤٤١-٤٤٢.

[٧] سعید، اسماعیل عبدالرحمان، ٢٠١٩، کاریگەریی بیرو ئەندێشەی چەپ بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٩، *گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان*، ژ. ١، ل٣٧-٣٨.

پەرتەوازەبوونی زیاتری گرت و سەرەتایەک بۆ ژیاندنەوەی ڕێکخراوی حزبی بوو.[١] شایەنی باسە کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی دوو، پاش گەڕانەوەی عەبدولڕەحمان قاسملوو و کەریم حیسامی و گرێدانی کۆبوونەوە و لێکنزیکبوونەوە لەگەڵیاندا، بڕیاری دەرکردنی یەکەم ژمارەی خولی چوارەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"یان وەکوو ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی "ح.د.ک"دا. ئەم ڕۆژنامەیە بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بە هاوکاریی عەبدولڕەحمان قاسملوو و کەریم حیسامی چاپ دەکرا.[٢] لە ڕێبەندان (کانوونی دووەم)ی ١٩٧١ یەکەم ژمارەی دەرچوو، بەشی زۆری وتارەکانی ئەم ژمارەیەی بۆ یادی دامەزراندنی کۆمار لە دووی ڕێبەندانا تەرخان کرا.[٣]

جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨، وەرچەرخانێکی فیکریی لە مێژووی سیاسیی کوردستانی ئێراندا دروست کرد، چونکە جوولانەوەکە بۆ یەکەم جار فکری چەپ و نەتەوەیی تێکەڵ بەیەک کرد، سەرەتای کۆتاییهێنان بە باڵادەستیی باڵی ڕاستی "ح.د.ک" لە نێو حیزبەکەیاندا بوو. ئەم شێوازە لە خەبات بوویە بناغەی قۆناغەکانی دواتری خەباتی سیاسیی کوردستانی ئێران بە گشتی و "ح.د.ک" بەتایبەتی. سەرەتای هاتنی لاوە ڕۆشنبیرەکان بۆ وەرگرتنی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە بوو. ئەوەش لە کۆنفرانسی سێی ئەو حیزبە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٧١، ڕەنگی دایەوە. ئەم کۆنفرانسە بە بناغەی بووژانەوە و یەکگرتنەوەی "ح.د.ک" دادەنرێت، کۆنفرانس بە بەشداریی ٣٢ کادر بەسترا. دیارترینیان قاسملوو و کەریم حیسامی،[٤] لەگەڵ حەمەدەمین سیراجی، (تاقانەکەی ڕێبەرایەتیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ) بوون. ناوبراو نوێنەرایەتیی کادر و پێشمەرگەکانی "ح.د.ک"ی لە بەکرەجۆ بوو. شایەنی باسە لەم کۆنفرانسەدا ١١ کەس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران کە یەکیان حەمەدەمین سیراجی بوو. بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی "ح.د.ک" پەسەند کرا و ڕێبازی سیاسیی حزبەکەش داڕێژرا.[٥] بەگشتی کۆنفرانسی سێ، بۆ ڕەوشی نێوخۆی "ح.د.ک"، سازان و لێکنزیکبوونەوەی باڵی ڕاست و چەپی ئەو حزبە و دەستپێکی هاتنە پێشەوەی باڵی چەپ بوو.[٦]

ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی "ح.د.ک"، پاش کۆنفرانسی سێ و لە ژمارە ٧یدا لە مانگی ئابی ١٩٧١، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی "ڕێگای شۆڕشی ئێران"، بۆ ڕزگاربوون لە حکومەتی دیکتاتۆری ئێران جەختی لە خەباتی چەکدارانە کردووەتەوە.[٧] هەروەها لە ژمارە ٨ یدا، لە ئەیلوولی ١٩٧١ لە وتارێکیدا بە ناونیشانی "دیسان ڕێگای شۆڕشی ئێران" دووبارە جەختی لە سیاسەتی حیزبەکەی لە بارەی خەباتی چەکدارانە دژ بە حکومەتی ئێران کردووەتەوە. ئەوەش واتای گرتنەبەری هەمان شێوازی خەباتی ڕێبەرانی"جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨" لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی نوێ، دژ بە حکومەتی ئێرانە[٨]. جگە لەوەی کۆنفرانسی سێ جوولانەوەکەی بە

---

[١] لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٢٠٢١، ل٥٣.

[٢] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل٢١١.

[٣] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، ١٩٧١، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.١، ل١-٤.

[٤] پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢٤٧-٢٤٨.

[٥] حەسەنزادە. ٢٠٠٢، ل٢١٢-٢١٣؛ پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢٤٧-٢٤٨.

[٦] سعید، ٢٠١٩، ل٣٨.

[٧] ١٩٧١، *ڕۆژنامەی "کوردستان"* ، ژ.٧، ل١-٢.

[٨] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، ١٩٧١ ،*ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٨، ل١.

تاقیکردنەوەیەکی بەنرخی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دانا.[١] پاش تەواوبوونی کۆنفرانسی سێ، پێنج ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران، حەمەدەمین سیراجی یەکێکیان بوو. ئەوانی دیکەش بریتی بوون لە عەبدولڕەحمان قاسملوو، کەریم حیسامی، هێمنی شاعیر و عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لە بەرەی دژبەرانی جوولانەوەکە نەبوون، ئەوەش واتای باڵادەستیی باڵی چەپ بەسەر باڵی ڕاستدا بوو.[٢]

هاوکات جوولانەوەکە دەستپێکی گۆڕانی ڕیشەیی لە بنکەی جەماوەریی "ح.د.ک"، شێوازی خەبات و گۆڕانی دروشمی ئەو حیزبە لە "خود موختاری"یەوە بۆ "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو.[٣] ئەم گۆڕانە بووە بناغەی قۆناغەکانی داهاتووی ئەو حیزبە. سەبارەت بە بنکەی جەماوەری، بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستانی ئێران، چینی جووتیاران بووە بڕبڕەی پشتی شۆڕش. هەروەها ڕۆشنبیران و کادرە سیاسییەکان سەرکردایەتیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و جوولانەوەکەیان گرتەدەست. بنکەی جەماوەری، لە عەشیرەت و خێڵەکانەوە، گۆڕا بۆ جەماوەری گوندەکان، کە شەریفزادە وەکوو ڕێبەرێکی سیاسی بە مەبەستی ڕێکخستنیان لە نێو گوندەکان کاری دەکرد.[٤]

کۆنگرەی سێی "ح.د.ک"[٥] کە لە ئەیلوولی١٩٧٣ بە بەشداریی٤٩ کەس لە شاری بەغداد بەسترا،[٦] وێڕای ئەوەی جوولانەوەی ١٩٦٧–٦٨ی بە لاپەڕەیەک لە خەباتی زێڕینی حیزبەکەی ناو برد، جێگەی تایبەتی لە مێژووی حیزبەکەدا بۆ کردەوە.[٧] هاوکات هاوشێوەی جوولانەوەکە کاری لەسەر ئەوە کرد کە چینی جووتیار، کرێکار و ڕۆشنبیر، وەکوو بنکەی جەماوەریی حیزب کەڵکیان لێوەربگرێت. لەو بارەیەوە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی "ح.د.ک" بۆ کۆنگرەی سێیەمی حیزبەکەیان (لە خاڵی پێنجەمدا) هاتووە: ''پێویستە جووتیاری کوردستان هەر لە ئێستا ڕا بزانێ حزبی ئێمە دەیەوێ لە دواڕۆژدا زەوی بداتێ و لە هەموو بارێکەوە یارمەتیی بدا. پێویستە کرێکاری کوردستان بزانێ کە حزبی ئێمە بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی وی تێدەکۆشێ، پێویستە ڕووناکبیری کورد تێبگا کە حزبی ئێمە بۆ لەنێو بردنی نەخوێندەواری و بۆ پێشخستنی فەرهەنگ و زانست لە کوردستان و بۆ گەشەپێدانی میراتی فەرهەنگیی نەتەوەکەمان بەرنامەیەکی ڕوونی هەیە.

---

[١] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧٣، ڕاگەیاندنێک لەسەر کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٢٩، ل٢.

[٢] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل٢١٤.

[٣] حیسامی، ١٩٩٧، ل١٩١.

[٤] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، ل٢١–٢٢.

[٥] بۆ دەستکەوتنی زانیاریی زیاتر لەسەر کۆنگرەی سێی ح.د.ک بڕوانە: بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٢٠٢١، ل٣٣–٩٣.

[٦] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧٣، ڕاگەیاندنێک لەسەر کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٢٩، ل١.

[٧] حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل٢٢٠؛ لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٢٠٢١، ل٥١.

ئەو وەختەیە کە هەموو ئەو چین و توێژە دێموکراتییانە پشتیوانییەکی گەرم لە حزبی ئێمە دەکەن''.[1]

سەبارەت بە شێوازی خەباتیش، لە بەیاننامەی پێکهاتنی کۆنگرەدا هاتبوو کە خەباتی چەکدارانە دژ بە حکومەتی ئێران، شێوازی بنەڕەتیی خەباتیان لە پێناوی بەدیهاتنی دروشمەکانی "ح.د.ک"دایە.[2] تەنانەت هۆکاری هەڵبژاردنی خەباتی چەکداری لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی سێ، لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ هۆکاری هەڵبژاردنی خەباتی چەکداری لای سوڵەیمان موعینی کەسی یەکەمی جووڵانەوەکە تێدایە. سوڵەیمان پێش ٥ ساڵ لە کۆنگرەی سێ، لە شوباتی ١٩٦٨ نامەیەکی لەژێر سەردێڕی ''پۆڵا دەشکێ بەڵام ناچەمێ'' بۆ کەریم حیسامی نارد. لەو نامەیەدا ناوبراو باس لە هۆکاری هەڵبژاردنی خەباتی چەکدارانە دەکات و دەڵێت: ''دوژمن (مەبەستی ڕژێمی شایە) دەمێکە سنگی لی بڕیوینەوە ڕێگای مەیداندارییی لێ گرتووین.....هەڵوێستی توند و تیژ سەرکوتانێ حکومەتێ فاشیستی تاران لە ڕۆژی کودیتای خائینانەی ٢٨ی مرداد تا بەرواری ئەورۆ بێ پسانەوە و پشوودان بەهۆی گرتن و ئازار و تیرەباران و هەزاران فرت و فێڵی سیاسی بە ئامۆژگاریی ئیمپریالیزمی ئەمریکا کردوویە و دەیکا، دیسان هەموو کۆڕوکۆمەڵێک دەخاتە سەر ئەو باوەڕە زانایانە کە بە شێوەی چۆکدادان و بێ دەنگی هیچ گۆیەک لە مەیدان نەچێتەدەر، دەبێ لە تیۆری خەباتی چەکدارانە پەیڕەوی بکرێت''.[3] لە کاتێکدا ڕاپۆرتی کۆنگرەی سێی "ح.د.ک" لە تشرینی دووەمی ١٩٧٣ هۆکاری دەستنیشانکردنی شێوازی خەبات و گۆڕانی دروشمی حیزبەکەی خستووەتەڕوو، کە هەمان دروشمی کۆمیتەی شۆڕشگێڕە و نوسیوویەتی: ''ڕاپۆرت دوای لێکدانەوەیەکی قوواڵی وەزعی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیمای سیاسیی نێونەتەوایەتی و هەلومەجی تێکۆشانی حیزب، ئەرکە گرنگەکانی حیزب لە داهاتوودا ڕوون دەکاتەوە. ڕاپۆرت جارێکی دیکە دەیسەلمێنێ کە ڕژێمی دیکتاتۆری پاشایەتی دەرەتانی هەموو جۆرە خەباتێکی قانوونی و هێمنانەی لە گەلان بڕیوە و بۆیە ڕێگای ئەسڵیی خەبات بۆ لابردنی ڕژێمی سەر بە ئیمپریالیزمی پاشایەتی و هەروەها بۆ وەدیهێنانی دروشمی ئەساسیی حیزب "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" ڕێگای خەباتی چەکداری بە ئەرکی سەرشانی حیزب و بەڕێوەبەرایەتی دادەنێ کە خۆیان و کۆمەڵانی خەڵک بۆ ئەو چەشنە خەباتە ئامادە بکەن''.[4] ئەگەر سەرنج بدەینە سەر دروشمی "ح.د.ک" لەو ڕاپۆرتەی کۆنگرەی سێدا ، بۆمان دەردەکەوێت کە هەمان دروشمی کۆمیتەی شۆڕشگێڕە کە لە پێناویدا دەستی دایە خەباتی چەکداری دژ بە حکومەتی ئێران.[5] پاش جووڵانەوەکە، "ح.د.ک" ئەگەرچی بە کردەوە نەیتوانی خەباتی چەکداری درێژە پێ بدا، بێ ئەوەی ئەم شێوە خەباتە ڕەت بکاتەوە، لەسەر خەبات ی بۆ ئازادیی کوردستانی ئێران و بەدەستهێنانی مافەکانی بەردەوام بوو، تا سەرئەنجام لە

---

[1] بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٢٠٢١، ل٦٤.

[2] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧٣، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٢٩،ل٢؛ مک داوڵ، ٢٠٠٨، ل٣٢٣.

[3] حیسامی ١٩٨٧، ل٤٦.

[4] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، ١٩٧٣، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٢٩، ل٢

[5] حیسامی، ١٩٩٧، ل١٩١.

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ١١ی شوباتی ١٩٧٩ دەستەڵاتی شا کۆتایی هات.[١] بە شێوەیەکی گشتی بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی سێ، هاوشێوەی بەرنامەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و ڕێبەرانی جووڵانەوەی ١٩٦٧–٦٨، بەرنامەیەکی چەپی ڕادیکاڵ بوو.[٢] ئامانجی بەرنامەی پەسەندکراو، چارەسەری پرسی نەتەوەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی بەدیهێنانی خودموختاری بۆ کوردستان و گرتنەبەری ڕێگای سۆسیالیزم بوو، بەڵام پرسە نەتەوەییەکە، پرسی سەرەکی و بنەڕەتی بوو. ئەم تێڕوانینەی "ح.د.ک" واتای گۆڕانی بیری عەبدولڕەحمان قاسملووە لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ لە ساڵی ١٩٧١ وە بوو، بەو پێیەی قاسملوو لە کۆنفرانسی سێ و کۆنگرەی سێ بە سکرتێری "ح.د.ک" هەڵبژێرابوو. ئەوەش هاوشێوەی بیری ڕێبەرانی جووڵانەوەکە بوو، کە چارەسەری پرسی نەتەوەیی کاری لە پێشینە و بنەڕەتییان بوو.[٣]

بە چاوخشانێک بە ئەدەبیاتی سیاسیی "ح.د.ک"، دەبینین جووڵانەوەکە، تا ئێستاش کاریگەریی لەسەر ئەدەبیاتی سیاسیی ئەو حیزبە هەیە. لە مەیدانی کردەوەدا، جووڵانەوەکە ئیلهامدەر و سەرمەشقی مێژووی خەباتی ئەو حیزبە لە قۆناغە جیاوازەکاندایە. لە نەورۆزی ٢٠١٦، دەستەواژەی "ڕاسان" بە فەرمی لەلایەن سکرتێری گشتیی حدکا (مستەفا هیجری)یەوە وەکوو پێناسەی قۆناغێکی نوێی خەباتی نەتەوەیی بەکارهێنرا. لەو بەرواڕەوە ئەم دەستەواژەیە هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی حدکاوە. بە وردبونەوە لە واتای زمانەوانی و سیاسیی "ڕاسان"،[٤] دەتوانین بڵێین یەکەم ئەزمونی لە شێوەی "ڕاسان" لە مێژووی "ح.د.ک"، جووڵانەوەی ٦٧–٦٨ە، کە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، ئەو حیزبە ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵ لە بێدەنگیدا مایەوە و نزیکەی ١٠ ساڵێکیش بە سەرکردایەتییەوە مەیدانی خەباتیان لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بەجێهێشتبوو، ببوونە پەنابەر لە کوردستانی عێراق و بە کێشە نێوخۆییەکانی خۆیان و پارتەکانی کوردستانی عێراقەوە سەرقاڵ ببوون. ڕاست لەو کاتەدا سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (نەحۆ پاشایی، مەلا ڕەحیمی وێردی و سولەیمان موعینی) بە خۆیان و چەکەکانیانەوە مەیدانی تێکۆشانی خۆیان بردەوە بۆ کوردستانی ئێران، لەگەڵ کادرەکانیان لەپێناوی گۆڕینی شێوازی خەبات و بەڕێخستنی ڕاپەڕینێکی چەکداریدا هەوڵی ڕێکخستنی شانەکانی "ح.د.ک"یان دا. پاش کوژرانی نەحۆ پاشایی و مەلا ڕەحیمی وێردی لەو پێناوەدا، هەندێک لە لاوە خوێندەوارەکانی ئەو حیزبە بڕیاری گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵاتیان دا و

---

[١] هیجری، مستەفا، ٢٠١١، *خەبات لەپێناو ئازادیدا*، ب.ش، ب.چ، ل٦٥.

[٢] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٧٧.

[٣] سعید، ٢٠١٩، ل٣٩–٤٠.

[٤] ڕاسان لەڕووی زمانەوانییەوە، لە ڕەگی ڕاستبوونەوە یان هەستانەوە یان ڕاپەڕین دێت، کۆمەڵێک یان کەسێک پاش بێدەنگییەکی ماوەدرێژ هەڵدەستنەوە و خۆیان ڕێک دەخەنەوە، ئەوە پێی دەگوترێت ڕاسان. مەبەست لە ڕاسان گۆڕینی تەواوی شێوازی خەبات و تێکۆشان لە قۆناغێکدا بوو. لە گرنگترین پەیامەکانی ڕاسان، کۆتایهێنان بە قۆناغی بەرگریی پاسیڤ، گرێدانەوەی خەباتی شاخ و شار و بردنەوەی خەبات بۆ نێوخۆی وڵات بوو. گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ د. قادر وریا، ٢–١–٢٠٢٦؛ د. قادر وریا ساڵی ١٩٦٣ لە ناوچەی شنۆی کوردستانی ئێران لەدایک بووە، قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە شنۆ خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ح.د.ک وە کردووە لە ساڵی ١٩٩٣ لە بناری قەندیلەوە ڕووی کردۆتە دەشتی کۆیە و لە نزیک ئەو شارە گیرساوەتەوە. لە ساڵی ١٩٩٥ تاکو ٢٠١٩ چەندین پۆستی باڵای حیزبەکەی وەرگرتووە. لە کوردستانی عێراق دریژەی بە خوێندن داوە و بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرای بەدەستهێناوە. لە ٢٠١٧وە مامۆستای زمانی کوردییە لە زانکۆی کۆیە.

پەیوەندییان بە سوڵەیمان موعینییەوە کرد. پێکەوە ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ، ئەوان ڕێکخستنەکانیان پتەوتر کرد و بۆ گرێدانی خەباتی شاخ و شار کاریان کرد و ڕێبەرایەتیی جوولانەوەی ٦٧-٦٨یان کرد.[1]

لێرەوە گرنگی و کاریگەریی جوولانەوەی ٦٧-٦٨مان لەسەر خەباتی "ح.د.ک" لە پاش جوولانەوەکە و تا وەکوو ئێستاش بۆ دەردەکەوێت، هەر لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەوە تا بنکەی جەماوەری و شێوازی خەبات. وێڕای ئەوەی سەرەتایەک بۆ سەربەخۆبوون و ڕزگاربوون لە کاریگەریی حیزبەکانی کوردستانی عێراق بوو. هاوکات عەبدولڕەحمان قاسملوو پاش شکستی جوولانەوەکە و کوژرانی ڕێبەرانی، بووە میراتگری جوولانەوەکە و کادرە پەرتەوازەکانی کۆ کردەوە. فیکری شۆڕشگێڕانەی شەریفزادە و سوڵەیمان موعینیی لە کۆنگرەی ٣دا کردە بەرنامەیەکی سیاسیی داڕێژراو. ئەو شکستی جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨ی گۆڕی بۆ سەرکەوتنێکی ڕێکخراوەیی و فیکری، کە "ح.د.ک" ی گەیاندە قۆناغی شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران.

تەوەری دووەم: کاریگەرییەکان لەسەر کوردستانی ئێران بە تایبەتی و ڕەوتی خەباتی چەکداری لە ئێران بە گشتی:

جوولانەوەی چەکدارانەی ١٩٦٧-٦٨، تەنها داستانێکی سەربازی نەبوو کە کاریگەریی نەرێنی و شکستی تۆمار کردبێت، بەڵکو تەقینەوەی هۆشیاری بوو لە ئێران بە گشتی و کوردستانی ئێران بە تایبەتی. هەرچەندە لە ڕووی سەربازییەوە تێک شکا و زۆرینەی ڕێبەرانی کوژران، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران بەجێی هێشت. ئەم کاریگەرییە هۆکارێک بوو بۆ خۆشەویستیی پێگەی "ح.د.ک"، بە جۆرێک کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران(١٩٧٩) بووە بنەمای بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەورە لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەدا. لە دیارترین کاریگەرییە نەرێنییەکانی جوولانەوەکە لەسەر کوردستانی ئێران، بریتی بوو لە وریابوونەوەی حکومەتی ئێران بەرانبەر خەباتی "ح.د.ک" و تیشک خستنەسەر کوردستانی ئێران. حکومەت پاش کوژاندنەوەی جوولانەوەکە، بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ڕزگاریخوازی و بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتەکانی ساواک، تاوانی دوور لە مرۆڤایەتیی لە کوردستانی ئێران بەرانبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجامدا. حکومەتی ئێران پاش دامرکاندنەوەی جوولانەوەکە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٨، لە دژی بەشداربووانی جوولانەوەکە و هاوکاران و لایەنگرانی، شەپۆلێکی نوێ و ڕێکخراوی لە سەرکوت و دەستگیرکردن لەنێو خەڵکی کوردستانی ئێران دەست پێکرد. ئەم شاڵاوە لە کرماشان و ڕەوانسەر و هەورامانەوە، تا مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕی گرتەوە. شاڵاوێک لە درندەیی کە پێشتر وێنەی نەبووە، بە سەدان کەسی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری

[1] سلێمانی، محەمەد، ٤-٩-٢٠١٨، ستەمی سیاسی و نەتەوایەتی، هۆکاری سەرهەڵدانی قۆناغە چەکداریییەکانی حدکا بووە! گیارەنگ٢٠-١١-٢٠٢٥، https://giareng.com/?=٤٨٣١

ڕاپێچی سەربازخانەکانی جەڵدیان و خانێ کران.[1] لە ڕاستیدا زۆرێک لە دەستگیرکراوەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە جوواڵنەوەکەوە نەبوو، بەڵام بە تۆمەتی هاوکاریکردنی جوواڵنەوەکە دەستگیرکران.[2] ئەم شەپۆلە نوێیەی سەرکوت و دەستگیرکردن، لەپاش ڕووخانی کۆمار، چوارەمین شاڵاوی دەستگیرکردن بوو، کە تەڕو وشکی پێکەوە سوتاند.[3] ژمارەی زیندانییان هێندە فراوان بوو، لە سەربازخانەکانی جەڵدیان و خانێ جێگایان نەدەبۆوە، بەو هۆیەوە ژمارەیەک لە زیندانییەکانیان کردە شوێنی تایبەتی ئەفسەر و ژاندەرمەکان.[4] ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندانییەکان لە پاش دادگاییەکی ڕووکەشانە، لە سێدارە دران، ژمارەیەکی دیکەش بە زیندانی درێژماوە سزا دران.[5] ژمارەیەکیشیان بۆ زیندانی "فلک الافلاک" لە خوڕەم ئاباد لە لوڕستان گواستەوە. سەرەتا ڕێگەیان بە خێزانەکانیان نەدا سەردانیان بکەن، بەڵام پاش مانگرتنی دەستەیەک لە زیندانییەکان، مافی چاوپێکەوتن و سەردانی خێزانەکانیان بۆ گەڕاندنەوە. پاش ماوەیەک هەندێک لە زیندانییەکانیان هێنایەوە بۆ ورمێ و بە کەفالەت ئازادکران.[6] هەندێکی دیکەشیان گواستەوە بۆ یەزد و کرمان.[7] ڕۆژنامەی "مردم"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی تووده، ڕاگەیەنراوێکی حیزبەکەی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨ بڵاو کردووەتەوە کە لە پێوەندی لەگەڵ ڕەشەکوژییەکانی حکوومەتی شا لە کوردستانی ئێراندا دەری کردبوو. بەیانەکە سەرکۆنەی ڕەشبگیری و سزای لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستانی ئێران پاش جوواڵنەوەکەی کردووە.[8] هەروەها گۆڤاری "ڕزگاری" لە ١٨ی ئایاری ١٩٦٩، لە وتارێکدا بە ناونیشانی"ڕژێمی کۆنەپەرستی تاران حوکمی ئیعدامی دەستەیەک لە نیشتمانپەروەرانی کورد ئەدات"، باسی لە تیرۆری ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە لایەن دەزگای کۆنەپەرستی ئێران لە ناوچەکانی سنە، کرماشان، بۆکان، سەردەشت، مەهاباد، سەقز، بانە، پاوە و خانێ و بە گشتی لە سەرانسەری کوردستان کردووە.[9] هەر سەبارەت بەم ڕەشبگیرییە، ڕۆژنامەی "تۆفان" ئۆرگانی سازمانی مارکسیست- لینینستی تۆفان لە ئایاری ١٩٦٩ بابەتێکی بە

---

[1] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٧٠؛ قازی، ٢٠١٤، ل١٥٦؛ خزری، ١٣٩٤.

[2] کەریمی، ٢٠٢١، ل١١٣.

[3] عەبدوڵلا حەسەنزادە، جەختی لەسەر ڕەشبیگیری و سوتاندنی تەڕ و وشک پێکەوە لە شاڵاوی دەستگیرکردنەکەی پاش جوواڵنەوەکە کردووەتەوە و بەڵگەی هێناوەتەوە و نوسیوویەتی: ''لە ناوچەی سەردەشت کە شوێنی تێکۆشانی شەهید مەلائاوارە بوو، زیاتر لە سەد کەس گیران، بەڵام تەنیا چەند کەسیان لە ئەندامی حیزب لەنێودابوون. ئەوانیش لە سەریان سابیت نەکرا''. بۆ زیاتر بڕوانە: حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ل٢٠١

[4] گادانی، جەلیل، ٢٠١٧، بەرنامەی پەنجەمۆر لەگەڵ جەلیل گادانی، https://youtu.be/xAhxTqX٢W٣٠?si.

[5] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٧٠.

[6] گادانی، ٢٠٠٨، ، ل١٦١.

[7] گادانی، ٢٠٠٨، ل١٦١؛ کەریمی، ٢٠٢١، ل١١٤.

[8] ارگان حزب توده ایران، ١٣٤٧، اعلامیه کمیته مرکزی حزب توده ایران، مردم، ش. ٤٢، ص٥، بۆ بینینی ڕاگەینراوەکە بڕوانە پاشکۆی ژ. ١٦

[9] بێ ناوی نووسەر، ١٩٦٩، ڕژێمی کۆنەپەرستی تاران حوکمی ئیعدامی دەستەیەک لە نیشتمانپەروەرانی کورد ئەدات، *گۆڤاری ڕزگاری*، ژمارە ٤، ل٣.

ناونیشانی ''پلانی ڕەشبگیریی نوێ لە کوردستان'' بڵاو کردووەتەوە و باس لە تاوانی حکومەتی ئێران لە دەستپێکردنی شەپۆلێکی فراوانی دەستگیرکردن و ئەشکەنجە لە کوردستان دەکات. ئەو بابەتە ئاماژەی بە فەرمانی لە سێدارەدانی نزیکەی ٤٠ کەس لە زیندانییەکان کردووە.[١] هەروەها ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی "ح.د.ک"، لە ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٧١، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی ''تا خەڵک وریاتر بێ سازمانی ئەمنیەت بێ هێزتر دەبێت''، ئاوڕی لە پەلامار و هێرشی پاش جوولانەوەکە داوەتەوە و بە یەکێک لە درندانەترین و خوێناویترین پەلاماری میژووی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێرانی لە قەڵەم داوە.[٢]

ئەو شەپۆلە فراوانەی سەرکوتکردن و دەستگیرکردن کە کوردستانی ئێرانی گرتەوە، ئاوارەبوونی ژمارەیەک لە چالاکانی سیاسیی کوردی بۆ کوردستانی عێراق بەمەبەستی ڕزگاربوون لە پەتی سێدارە و زیندانی جەڵدیان، بەدوای خۆیدا هێنا.[٣] بەو هۆیەوە ژمارەی پەنابەران لە کوردستانی عێراق ڕووی لە زیادبوون کرد. هەژمونی ساواک هێندە فراوان بوو،[٤] پەنابەرەکان پاش پاش هاتنیان بۆ کوردستانی عێراقیش ترسی ڕادەستکردنەوە و لە سێدارەدانیان هەبوو، بۆیە ناچاربوون بەناوی خۆیانەوە دەرنەکەون[٥] و نازناو بۆ خۆیان دابنێن.[٦] لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شەپۆلە کادرەکانی "ح.د.ک"ی لە کوردستانی عێراقیش گرتەوە. لە درێژەی ئەو کوشتارەدا حکومەتی ئێران بە پیلانی ساواک دەستی گەیشتە قادر شەریف و لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری سلێمانی کوشتی.[٧] شەپۆلەکە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا و دوورخستنەوەیەکی فراوانی خەڵکی کوردستان بۆ مەڵبەندەکانی دیکەی ئێرانی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ڕۆژنامەی"ستارە سرخ"، باسی لە دەستگیرکردنی ١٥٠ کەس لە کۆتایی نیسانی ١٩٧٠، لە نێوان سەردەشت و مەهەباددا کردووە.[٨] هەروەها ڕۆژنامەی "کوردستان"، لە ژمارە ٣ ی ساڵی ١٩٧١، ئاماژەی بە پەلامار و هێرشی دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێران بۆ سەر گوندەکانی کوردستان و دوورخستنەوەی زیاتر لە ٥٠ کەس

---

[١] ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی توفان ، ١٣٤٨، طرح سیاهکارهای تازه در کردستان، *توفان* ش. ٢٢، ص١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ١٧

[٢] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ١٩٧١، ژ.٢، ل٣.

[٣] کریمیان، https;//www.radiozamaneh.com

[٤] هەژمونی ساواک و هەڵمەتی دەستگیرکردنی پاش جوولانەوەکە هێندە فراوان بوو، ساواک هەواڵی ناردبوو بۆ عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا حەسەنزادە (بۆ وەبیرهێنانەوە ناوبراو لەسەروبەندی جوولانەوەکە و پێش شکستی جوولانەوەکە، بەهۆی فشاری ساواکەوە، ڕووی لە کوردستانی عێراق کردبوو. ت)، ئەگەر نەگەڕێتەوە، زیندووەکەی یان مردووەکەی لە مستەفا بارزانی وەردەگرینەوە. حەسەنزادە، پاش ئەو هەواڵە و بەمەبەستی پاراستنی گیانی چووە لای حەسۆ میرخان و پێی ڕاگەیاند: ''ئەگەر شتی وا مومکینە با خۆم بڕۆمەوە، چونکە هەر نەبێ دەمبەخشن، بەڵام ئەگەر وانەبێت، ئەو وەختی دەمگرن و دەمکوژن''. بۆ زیاتر بڕوانە: کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١٧، ١٢٨.

[٥] یەکێک لەو پەنابەرانەی پاش جوولانەوەکە ڕووی لە کوردستانی عێراق کرد، هێمنی شاعیر بوو. ناوبراو لە ترسی ڕادەستکردنەوە بە نازناوی مام حەسەنی وەڵزێ لەنێو خەڵکیدا بوو. بۆ زیاتر بڕوانە پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢٣٥

[٦] گادانی ، ٢٠٠٨ ل١٦٠؛ پێشنەماز، ٢٠١٢، ل٢٣٥.

[٧] حیسامی، ١٩٧١، ل١١٣.

[٨] بی نام نویسنده، ١٣٤٩، موج نوین مبارزه، *ستاره سرخ*، ش. ١-سال اول، ص٤.

بۆ مەڵبەندەکانی دیکەی ئێران لە ساڵی ١٩٧٠دا کردووە. هاوکات باسی لە دوورخستنەوەی جارێکی دیکەی مامۆستایانی مەهاباد و شارەکانی کوردستان لە هەمان ساڵدا کردووە.[١] درێندەیی و فراوانیی ئەم هێرش و پەلامارەی ساواک بۆ سەر کوردستانی ئێران و دانیشتوانەکەی، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی لە ئەوروپا بۆ داکۆکیکردن لە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، هێنایە سەر هێڵ. کۆمەڵەکە لە ١٨ی مایسی ١٩٧١، بەیانێکی بۆ ڕای گشتیی جیهانی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند، کاربەدەستانی حکومەتی ئێران لەو کاتەوە جوولانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧-٦٨ی کوردستانی ئێرانی لە خوێندا گەوزاندووە، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لە چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد و پێشێلکردنی سەرجەم مافەکانی بەردەوامە. بەو هۆیەوە داوای لە گشت ڕێکخراوە جیهانییەکان کرد، بۆ هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی دیموکراتیی پێشکەوتوو، کە لە سایەیدا گەلی کورد بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی بگات، پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بکەن. هاوکات داوای ئازادکردنی گشت دیل و زیندانییە سیاسییەکان، گێڕانەوەی دوورخراوەکان بۆ کوردستان و دانانی سنووورێک بۆ سیاسەتی کوشتن و ئاوارەبوونی کرد.[٢]

بە سەرنجدان لە هەواڵەکانی نێو ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی "ح.د.ک"، دەبینین ئەو گەنجانەی لە کاتی جوولانەوەکە چوونە نێو ڕیزەکانی "ح.د.ک" و لەپاڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕدا، دەستیان بە کار کرد و پاش شکستی جوولانەوەکە لە خەبات بەردەوام بوون، لە ساڵانی دواتردا دەزگا سیخوڕی و ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران جێپێیان هەڵگرتوون و بە شێوازی جۆراوجۆر پەلاماری داون، پاشان بە سزای سێدارە یان بە شێوەی دیکە گیانی لێ ئەستاندوون. ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژمارە ٢٥ی ساڵی ١٩٧٣، هەواڵی کۆڕانی مەلا قادر وێردی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی "ح.د.ک" و کۆڕی مەلا ڕەحیمی وێردیی ڕاگەیاندووە. ناوبراو لە کاتی جوولانەوەکە سەرپەرستی ناوچەی لاجان و شنۆ بوو. پاش جوولانەوەکە، لەگەڵ ئەوەی لە کوردستانی عێراق دەژیا، لە شاری بانە ڕێکخستنێکی باشی دروست کردبوو. لە سەردانێکیدا بۆ ئەوشارە لەلایەن هێزەکانی حکومەتی ئێرانەوە پەلامار درا و کۆژرا.[٣] لەو پەلامارەدا دوو هاوەڵی بەناوەکانی عەزیز مستەفازادە و محەمەد سدیق دەستگیرکران.[٤] لە هەمان ژمارەدا، ڕۆژنامەی "کوردستان" هەواڵی لە سێدارەدانی کادرێکی "ح.د.ک" ی بە ناوی محەمەد ڕەمەزانی، کە لە ساڵی ١٩٦٨دا پەیوەندیی بەو حیزبەوە کردبوو، بڵاو کردووەتەوە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٢ لە شاری بانە دەستگیر کرا، پاشان گواستراوەتەوە بۆ سنە و لەوێ لە سێدارە دراوە.[٥] هەمان ڕۆژنامە لە ژمارە ٣٠ دا هەواڵی لە سێدارەدرانی دوو کادرەکەی هاوڕێی مەلا قادری وێردییان لە شاری سنە ڕاگەیاندووە. محەمەد سەدیق یەکێک لەو کادرانەیە کە لەساڵی ١٩٦٨ لە ژێر کاریگەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ پەیوەندیی بەو حیزبەوە کربوو. کادرەکەی دیکە عەزیز مستەفازادە برای خەلیل شەوباشی پێشمەرگەی کۆژراوی جوولانەوەکە بوو. ناوبراو پاش جوولانەوەکە، ماوەی ١١ مانگ لە زیندانی

---

[١] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧١، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٣، ل٤.

[٢] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧١، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ١٩٧١، ژ.٦، ل٤.

[٣] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، ١٩٧٣، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٢٥، ل١.

[٤] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، ١٩٧٣، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٢٩، ل١.

[٥] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، ١٩٧٣، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٢٥، ل١، ٣.

"فەلەکولئەفلاک" زیندانی کراوە، پاشان ئازاد کراوە، بەڵام دواتر ساڵی ١٩٧٢ دەستگیرکرایەوە، پاش بەسەربردنی ٨ مانگی دیکەی زیندان لە سنە لە ساڵی ١٩٧٣ لەسێدارە درا. هەموو ئەم پەلامار و گرتن و لەسێدارەدانانە، درێژکراوەی ئەو شەپۆلە ئەمنی و سەرکوتانە بوو کە حکومەتی ئێران دەرهەق بە ئەندامان و لایەنگرانی جوولانەوەکە ئەنجامیدان.[١] هاوکات سەرکوتی جوولانەوەکە، لای دانیشتوانی کوردستانی ئێران، بووە هۆی دابەزینی ڕێز و بە پیرۆز سەیرکردنی شۆڕشی کوردستانی عێراق، ئەویش بەهۆی بەگژداچوونەوەی جوولانەوەکە و هاوکاریکردنی حکومەتی ئێران بۆ لێدانی جوولانەوەکە.[٢]

وێڕای هەموو ئەوانە، کاریگەرییە ئەرێنییەکانی جوولانەوەکە گەورەتر بوو. لەسەر ئاستی ئێران شکاندنی بەربەستی ترس بوو. لە هەلومەرجێکدا، کە شا، ئێرانی بە دووڕگەی ئارامی نێو ڕەوشی قەیراناویی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست ناو دەبرد، لە چیاکانی کوردستانەوە ماوەی ١٨ مانگ، پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بەردەوامییان بە ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی حکومەتی ئێران دا،[٣] ئەوەش دووڕگەی ئارامی شای شڵەقاند، سام و هەیبەتی دەزگای ساواک و حکومەتی ئێرانی تێکشکاند، جگە لەوەی لە دەستپێکردنی خەباتی چەکداری دژی حکومەتی ئێران، هیوابەخش و سەرمەشقی شۆڕشگێڕەکانی سەراسەریی ئێران بوو. کۆمیتەی شۆڕشگێڕ "ح.د.ک"، ڕەچەشکێنی خەباتی چەکداری لە سەرانسەری ئێراندا بوو. ئەو شەپۆلە خەباتی چەکداری و شۆڕشگێڕییەی ئەمریکای لاتین و ڤێتنام و کووبای گرتەوە، لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی ٢٠ بۆ یەکەم جار بە هۆی کۆمیتەی ناوبراو گوازرایەوە بۆ ئێران و لە کوردستانی ئێران تاقیی کردەوە. کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بووە پێشەنگی هێزە سیاسییەکان لە تێپەڕاندنی بێدەنگیی حزبی تووەدا. پاش دووساڵ لە جوولانەوەکە، فۆڕمی خەباتی پارتیزانی چووە نێو سیاسییەکانی ئێران، لە "سیاهکەل"[٤] ی گیلان، چەکدارە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووخوازەکانی ئێران بۆ یەکەمجار دەستیاندایە خەباتی چەکداری دژ بە حکومەتی ئێران. "دووڕگە ئارامەکەی شا"یان هێندەی دیکە ئاڵۆز کرد.[٥] ڕووداوی سیاهکەل لە هۆشیارکردنەوە و هاندانی خەڵکی ئێران بۆ خەباتی چەکدارانە دژ بە ڕژێم سەرکەوتوو بوو. پاش ڕووداوی سیاهکەل ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، کە تا ئەو کاتە هیچ هەنگاوێکی چەکدارانەیان نەنابوو، خۆی بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکدارانە ئامادە کرد. هەروەها ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکیش خەباتی پارتیزانیی خۆی ڕاگەیاند.[٦] بەم شێوەیە ئەو خەباتە چەکداریەی لە ساڵانی دەیەی ١٩٦٠ (شێستەکان)، زۆرێک لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین،

---

[١] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، ١٩٧٣، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ.٣٠، ل.١.

[٢] کاردۆ(ئامادەکار) ٢٠١١، ل١٢١.

[٣] سەردەشتی، ٢٠٠٢، ل٧٣؛ بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٥٥.

[٤] لە ٨ی شوباتی ١٩٧١، شۆڕشگێڕانێک کە دواتر بە چریکە فیداییەکانی گەل ناسران، هێرشیان کردە سەر سەربازگەیەکەی بچوک لە سیاهکەل لە گیلان، بۆماوەی چەند کاتژمێرێک دەستیان بەسەرداگرت. بەڵام دواتر لە ڕووی سەربازییەوە شکستیان هێنا، پاش ئەوەی بەهێزێکی گەورەی ڕژێم گەمارۆدران، دوو کەسیان لێکوژرا، ١٣ کەسیشیان لە ١٧ی ئازاری ١٩٧١ گوللەباران کران. بۆ زیاتر بڕوانە: یارئەحمەد، ژیلوان لەتیف، ٢٠١٧، *مێژووی بزاڤی چەپ لە ئێران هەڵوێستی بەرانبەر بە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان*، سلێمانی: چاپخانەی حەمدی، ل١٨٠.

[٥] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٥٣٠؛ بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٥٥؛ کەریمی، ٢٠٢١، ل١٠٦.

[٦] سەردەشتی، ٢٠١١، ل٥٣٠؛ یارئەحمەد، ٢٠١٧، ل١٨١-١٨٣.

ئەفریقا و ئاسیای گرتبووەوە، لە ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ گەیشتە ئێران و بۆ یەکەمجار لە کوردستانی ئێران ئەزموون کرا و گواستراییەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران. لە لایەکی دیکەشەوە جوولانەوەکە کێشەی پرسی نەتەوەی کوردی لە ئێراندا وروژاند و هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هێنایە سەر هێڵ، بۆ داننان بە چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد و بێبەشکردنی لە زمان و کولتووری خۆی لە خاک و وڵاتی خۆیدا. ڕۆژنامەی "تۆفان"(ئۆرگانی سازمانی مارکسیستی لینینستی "توفان")، لە ئازاری ١٩٦٨ دا، بە ناونیشانی ''دروستکردنی ڕێگای ڕزگاری''، ئاماژەی بە نایەکسانیی نەتەوایەتی و بێبەشکردنی گەلی کورد لە زمان و کولتورەکەی کردووە، هاوکات دانی بە مافەکانی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا ناوە و ڕایگەیاند، ڕێکخراوەکەیان بێ هیچ دووڤاقیەک چارەسەری بۆ پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا خستووەتەڕوو.[١]

لە گرنگترین کاریگەرییە ئەرێنییەکانی جوولانەوەکە لەسەر کوردستانی ئێران، بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی و وریاکردنەوەی خەڵک لەو ستەمە بەردەوامەی حکومەتی ئێران بوو کە لە نەتەوەی کوردی دەکرد. کوژرانی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، کاریگەریی سایکۆلۆژیی گەورەی کردە سەر کوردستانی ئێران بە گشتی و مەهاباد بە تایبەتی. ڕێبەرانی کۆمیتەی ناوبراو، بوونە هێمای بەرخۆدان و سیمبۆلی لاوانی کوردستانی ئێران و کاریگەری لەسەر ڕێچکەیان دانا.[٢] حکومەتی ئێران بە نمایشکردنی تەرمی پێشمەرگە و ڕێبەرانی جوولانەوەکە، بە تایبەتی سولەیمان موعینی، بریندێکی قوواڵی لە میژووی خەباتی سیاسی کوردستانی ئێران و جەماوەرەکەیدا دروست کرد. هەستی دژایەتی و ڕقی خەڵکی خرۆشاند. هونەرمەندان وەکوو تۆژەکانی دیکەی کۆمەڵگە کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوە میژووییە و گۆڕ و تینی کوردایەتییان لێوەرگرت و پەیامی خۆیان لە ڕێگەی هونەرەوە بە تایبەتی پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەربڕی. ناسر قازیزادە،[٣] یەک لە ناودارترین نیگارکێشەکانی کوردستانی ئێران، لە ڕێگەی کێشانی نیگاری سولەیمان موعینی و زۆرێک لە پێشمەرگەکانی جوولانەوەکە، پەیامی مرۆڤانە و داکۆکیکردنی لە مافی نەتەوەکەی دژ بە ستەمی حکومەتی ئێران نیشانی خەڵکی دا،[٤] ناوبراو لەبارەی بینینی تەرمی سولەیمان موعینیەوە دەڵێت: ''بە دیتنی تەرمی کاک سولەیمان موعینی دڵنیشاو و تووڕە بووم، دنیام لە پێش چاو ڕەش

---

[١] ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی توفان، راه رهائی خلق کرد، ١٣٤٨، *توفان*، ش.٢٠، ص٤.

[٢] بازیار، سمایل، ٢٠١٧، ڕێبەرانی جوولانەوەی ٤٦-٤٧، ژ.٧٠٣، ل٧.

[٣] ناسر قازیزادە ساڵی ١٩٤٦ لە سەقز لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سەردەشت تەواو کردووە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕووی لە ساباڵاخ کردووە و لەو شارە دیپلۆمی وەرگرتووە، پاشان ڕووی کردووەتە زانکۆی تاران و کۆلێژی هونەری لەو زانکۆیە تەواو کردووە. لە منداڵییەوە خولیای وێنەکێشانی هەبووە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ سەردەشت، بەڵام لەژێر فشاری ساواک، سەردەشتی جێهێشت و ڕووی لە تاران کردووە. یەکەم پێشانگای خۆی تایبەت بە ڕەوشی کوردستانی ئێران لە پاش ڕووخانی ڕژێمی شا لە تاران کردەوە. لەژێر فشاری حکومەتی ئێراندا لە ساڵی ١٩٨٣ ڕووی کردووەتە فەرەنسا و تاکو ئێستاش لە وڵاتە لە کاری هونەری بەردەوامە. گفتوگۆی تۆژەر لەگەڵ ناسر قازیزادە لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ٩-٨-٢٠٢٥. پاریس.

[٤] هاشم، حەمە(ئامادەکار)، ٢٠٢٥، ناسر قازیزادە (هونەرمەندی شێوەکار) لەسەردەشتەوە بۆ پاریس، لە ریالیزمەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم، https://ruwange.blogspot.com/٢٠٢٥/٠٧_post-blog?m=٣٠.html١

بوو. بیرم لە چارەنووسی کوردی لێقەوماو دەکردەوە''.[1] نیگارەکەی سولەیمان موعینی لە لای قازیزادە جێگایەکی تایبەتی هەیە و تا ئێستاش ئەم نیگارە لە ماڵەکەیدا دەبینرێت.[2] ئەو سەبارەت بەو نیگارە هەروەها دەڵێت: ''بۆ خۆم، شاهیدێکی زیندووی ئەو ڕۆژە تاڵەم کە تەرمی کاک سولەیمان نمایش کرا، جۆرە نزیکایەتی و پەیوەندییەکی ڕۆحیم لەگەڵ نیگارەکەی کاک سولەیمان هەیە، لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەم نییە''.[3] ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە لەو کاتەوە ئەو وێنەیە لە میٚشکیدا چەسپاوە و بیری کردووەتەوە ڕۆژێک نیگارێکی بکێشێت.[4]

کاریگەرە ئەرێنییەکانی جوولانەوەکە، لەسەر توێژی لاوانی ڕۆشنبیر گەورەتر بوو. بۆ بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی، ڕازی نەبوون بە ستەم و داگیرکاری، فراوانبوونی بیری سیاسی، دروستبوونی ڕۆحی شۆڕشگێڕی لە نێو نەوەی ئەو کاتی کوردستانی ئێران و نەوەکانی دواتر و ئێستاشدا پاڵنەرێکی گەورە بوو. بە ئیلهاموەرگرتن لە ڕۆحی شۆڕشگێڕیی پێشمەرگەکانی جوولانەوەکە، خوێندکارانی کورد ڕوویان لە تێکۆشان کرد و لە ئێراندا دەستیاندایە خەباتێکی نهێنی و شۆڕشگێڕانە. لەپاڵ ئاشنابوون بە جیهانی زانستی، ڕەنگ و بۆیەکی قوولٚتریان بە چالاکییە نهێنییەکانیان بەخشی.[5] جوولانەوەکە، "ح.د.ک" ی وەکوو حیزبێکی داکۆکیکاری نەتەوەی کورد لە نێو بیری لاوانی خوێندکاردا چەسپاند. لەو بارەیەوە تاهیری بەرهوون[6] دەڵێت: ''جوولانەوەکە خەڵکی هۆشیار کردەوە، کە دەوڵەتێک هەیە زوڵم و زۆر دەکات، خەڵکێکیش هەیە دژی ئەو دەوڵەتەیە و شەڕی چەکدارانە لە نێوانیاندا ڕووی داوە، کە جوولانەوەی شەریفزادە و هاوڕێکانی بوو. دەوڵەت تەرمی کوژراوەکانی لە نێو شاردا گێڕا. ئەوە هۆکاری یەکەمین چەکەرەی بیری سیاسیی من بوو، هەستم کرد شتێک لە جێی خۆیدا نییە''.[7] دواجار ئەو ڕووداوە گرنگ و میٚژوویییە میٚژوویییە لەگەڵ نمایشکردنی تەرمی دابێژراوی پێشمەرگەکان، بووە هۆی بووژانەوەیەکی نوێ و هێزی بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا، ئەوەش فراوانبوونی ڕیزەکانی "ح.د.ک" ی بەدوای خۆیدا هێنا. بۆ جارێکی دیکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو حیزبەی بووژاندەوە.[8] لە ئەنجامی نمایشکردنی تەرمی پێشمەرگەکان، خەڵکی بێزاربوون و بە فرمێسکەکانیان ناڕەزاییان دژی حکومەتی ئێران و شۆڕشی کوردستانی عێراق دەردەبڕی. لەو کاتەدا هەر لایەنێک دژی حکومەتی

---

[1] گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ ناسر قازیزادە لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ٩-٨-٢٠٢٥، پاریس؛

[2] بڕوانە پاشکۆی ژ. ١٨.

[3] Ghazizadeh,Nasser, ،٢٠٢٠soulhman moeini ١٩٣٣-١٩٦٨,٣-٨-٢٠٢٥.

[4] قازیزادە، ناسر، https://youtu.be/YmKZa٩uULDY

[5] بی نام نویسدە، ١٩٧٩، یاد شهیدان، آیندگان، ش. ٣٣٨١، ص٥.

[6] تاهیر بەرهوون ساڵی ١٩٥١ لە شاری بانە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە بانە و ناوەندیی لە سەقز خوێندووە، لە تەمەنی ١٦ ساڵی و لەکاتی جوولانەوەی ٦٧-٦٨ بۆ یەکەم جار هەستی نەتەوەیی و بیری سیاسیی گەشەی کردووە. پاشان لە ڕێگەی هاشم کەریمیەوە چاوی بە ئەساسنامەی "ح.د.ک" کەوتووە و بەو حیزبە ئاشنا بوو، دواتریش لە زانکۆی تاران لەگەڵ خانەی موعینی ئاشنا دەبێت و کارە سیاسییەکانی لەچوارچێوەی ڕێکخستنێک کە ساڵانی دواتر ناوی کۆمەڵەی لێنرا دەست پێکردووە. بۆ زیاتر بڕوانە: گۆدەرزی، سیاوەش(ئامادەکار)، ١٠-٤- ٢٠٢٤، بەرنامەی تاراوگە لەگەڵ تاهیر بەرهوون، ٣-١٢-٢٠٢٤، https;//youtu.be/Nn-Ivuqo٥zK

[7] گۆدەرزی(ئامادەکار)، ٢٠٢٤، https;//youtu.be/Nn-Ivuqo٥Zk

[8] گادانی، ٢٠٠٨، ل١٦٨؛ هیجری، ٢٠١١، ل٤٦.

ئێران بوەستایەتەوە، لای خەڵک خۆشەویست بوو. بەو هۆیەوە پێشمەرگە و ڕێبەرانی جوولانەوەکە، خۆشەویستی و ڕێزی خەڵکەکەیان بەدەستهێنابوو. لە بەرانبەریشدا هەر چەشنە هاوکاری و هاودەنگییەک لەگەڵ حکومەتی ئێران دژی جوولانەوەکە لە لایەن خەڵکەوە بە خەیانەت سەیر دەکرا.[١] شایەنی باسە کاریگەریی جوولانەوەکە لەسەر کوردستانی ئێران، بەردەوام بوو، وێنەی ڕووداوەکانی جوولانەوەی ٦٧-٦٨ لە بیری خەڵکیدا مابوو.[٢] پاش کۆتایی هاتنی دەستەڵاتی شا و نەمانی ترس لە ساواک، "حدکا" بە هاوکاری ناسر قازیزادە، پێشانگایەکی هونەریی تایبەت بە کوردستانی ئێران و جوولانەوەی ٦٧-٦٨ی لە تاران لە گۆڕەپانی "کێنێدی" کردەوە. لەو پێشانگایەدا قازیزادە تابلۆی بەشێکی زۆر لە ڕێبەران و پێشمەرگەکانی جوولانەوەکەی کێشابوو.[٣] ئەو پێشانگایە پێشانگایە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. دواتریش لە شارەکانی مەهاباد، تەورێز، کرماشان، مەشهەد و شیراز هەمان پێشانگا کرایەوە، خەڵکی بە پەرۆشەوە سەردانیان کرد.[٤]

پاش ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکانی ساواک لە ساڵی ١٩٧٩ گۆڕی شەریفزادە و دەستەکەی ئاشکرابوو. کۆمەڵە، بە هاوکاریی خوێندکارەکانی بەشی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران، مۆنۆمێنتێکیان لەسەر گۆڕی شەریفزادە بنیاد نا و پەیکەرێکیان لە برۆنز و پۆڵا دروستکرد، ناوی چوار شەهیدەکەی دارێنەیان لەسەر لەوحەیەک نووسی، پەیکەرەکە گوزارشتی لە خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگە دەکرد. سیمای لێبڕاوانەی پێشمەرگە، وردی بەرزی پێشمەرگە و چەک و فیشەکدانەکانیان لە پەیکەرەکەدا ڕەنگی دابووەوە. پاشان ئەو زیندانییە سیاسیانەی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ئازاد دەبوون، ڕێوڕەسمی ئازادبوونیان لەسەر مۆنۆمێنتەکەی شەریفزادە بۆ پێک دەهات و ژمارەیەکی بەرچاو ئامادەی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە دەبوون، یادی ئەو شۆڕشگێڕەیان دەکردەوە، وەکوو سیمبولی بەرخۆدان و ئازادی تەماشایان دەکرد.[٥] هونەرمەندانی بواری گۆرانی و و مۆسیقاش زۆرێک لەو شیعرانەی سەبارەت بە جوولانەوەکە و ڕێبەرانی نوسرابوون، لە پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران(١٩٧٩) کردیانە مەقام و لە شێوەی گۆرانیی شۆڕشگێڕانە بۆ بەرزکردنەوەی وردی خەڵکی و شانازیکردن بە بەرخۆدانی لاوەکانیان، بەگوێی خەڵکیان گەیاند. ناسری ڕەزازی یەکێک لەو هونەرمەندانە بوو، کە شیعری "سنە"ی ڕێبواری بە مەقام خوێندەوە.[٦] هەروەها شیعری "دارێنە"ی ڕێبوار لەلایەن محەمەد حوسێن کەریمی، یەک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بە دەنگێکی پڕ سۆز و هەستەوە لە کاسێتێکدا تۆمارکرا.[٧] هەروەها کەریم بلووری(١٩٥٧-١٩٨١)، بە گۆرانییەکی

---

[١] گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ ناسر قازیزادە لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ٩-٨-٢٠٢٥. پاریس.

[٢] بازیار، سمایل، ٢٠١٧، ڕێبەرانی جوولانەوەی ٤٦-٤٧، ژ.٧٠٣، ل٧.

[٣] گادانی، ٢٠٠٨، ل١٦٥؛ لیژنەی یادی ٧٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ١٣٩٩، *کۆمەڵە وتار*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل١٠٥.

[٤] گادانی، ٢٠٠٨، ل١٦٥؛ گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ ناسر قازیزادە لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ٩-٨-٢٠٢٥.

[٥] سولتانی، ٢٠٠٦، ل١٨٤-١٨٥.

[٦] قاسمی، ٢٠٢٤، ل١٧١.

[٧] سولتانی،٢٠٠٦، ل١٧٥؛ ئەحمەدزادە، هاشم، ٢٠٢٥، بەرنامەی تایبەت بە هەشتاساڵەی دامەزراندنی ح.د.ک و کاریگەرییەکانی بەسەر ئەدەبی بەرگریی کورد،-١٢-٢٠٢٥٢٤ kurd channel-کورد کاناڵ

شۆڕشگێڕانە بەڵێنی بەردەوامی خەباتی بە سەرکردە لاو و شەهیدەکانی کوردستانی ئێران وەکوو مەلائاوارە، سمایل شەریفزادە و فوئاد مستەفا سولّتانی ...دا.[1]

لەگەڵ ئەو شەپۆلە سەرکوتەی پاش جوولّانەوەکە، بەمەبەستی سڕینەوەی ئاسەوارەکانی جوولّانەوەی٦٧-٦٨ کوردستانی ئێرانی گرتەوە ، بەڵام دواجار ڕێبەرانی جوولّانەوەکە، هاوشێوەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بوونە جێگای شانازی و پیاهەڵدانی چین و تۆێژەکانی کوردستانی ئێران بێ ڕەچاوکردنی بیری حیزبایەتی. تێکڕای، کۆمەڵگە بە "ح.د.ک" و کۆمەڵەشەوە، شانازی بە جوولّانەوەی ٦٧-٦٨دەکەن و لە یاد و هزریاندا ماوە و لە خەباتی چەکدارانەیاندا بە پێشەنگی خۆیانی دادەنێن.

[1] کەریم بلووری، هۆنراوەی گۆرانییەکەی خۆی نووسیویەتی و دەڵێت:
ڕێگای کاک فوئاد، سمکۆ و ئاوارە
بۆ شێرە لاوەکان زۆر باش دیارە
واباشە ئێمەش لە ڕی لا نەدەین
لەسەر کوردستان گشتمان خوین بدەین.....
کوردسانەکەم تۆ دڵنیا ئەکەم
بۆ ڕزگاربوونت شۆڕشێ دەکەم
ئالای سەربەستیت لەسەر هەڵدەکەم من دوور لەخاکت ساتێ هەڵناکەم. بۆزیاتر
بڕوانە:,https;//youtu.be/XCeNzYbaەis?si=٢٥-١١-٢٠٢٢، ٢٠١٢- ٢٠٢.

باسی دووەم: دەنگدانەوەی جوولانەوەکە و پرسی کورد لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا:

بە هۆی سانسۆر و زاڵبونی سەرکوتی سیاسی لە ئێران، ڕەگەزپەرستیی نەتەوەی باڵادەست و پشتگوێخستنی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامە نێوخۆییەکانی ئێران هەواڵەکانی تایبەت بە جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨یان تەنانەت لە شێوەی سەرکۆنەکردنیشدا، وەکوو ڕووداوێکی نێوخۆی ولاتەکەیان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕوومالّ نەکرد. چونکە حکومەتی ئێران ترسی لە تەشەنەکردنی جوولانەوەکە هەبوو. لە بەرانبەردا، جوولانەوەکە پاش شکستی و پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، تا ڕادەیەکی باش دەنگدانەوەی لەنێو ئۆرگان و بڵاوکراوەکانی حیزبە چەپەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا هەبوو. حیزبە چەپەکانی ئێران بە مەبەستی نیشاندانی دیکتاتۆریەتی حوکمی پەهلەوی، پشتگیری لە خەباتی چەکدارانە، لەپێناو یەکخستنی تواناکانیان لەگەڵ خەباتکارانی کورد و ڕووبەڕووبوونەوەی حوکمی شا، بابەت و هەواڵەکانی تایبەت بە جوولانەوەکەیان قۆستەوە و خستیانە سەر ڕووی ڕۆژنامەکانیان. پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش بەهۆی نەمانی سانسۆر لەسەر ڕۆژنامەکان، بە مەبەستی قسەکردن لەسەر ڕووداوەکانی سەردەمی حوکمی شا، هەندێک لە ڕۆژنامەکانی ئێران لە پەراوێزی چەند بابەتێکدا ئاماژەیان بە جوولانەوەکە کردووە.

تەوەری یەکەم: دەنگدانەوەی جوولانەوەکە لەنێو ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئێرانییەکاندا:

حزبی تووده، یەکێک لە حیزبە چەپەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بوو کە وێڕای هەڵوێستی نادۆستانەی لە سەروبەندی جوولانەوەکە و یارمەتی نەدانی بەکردەوەی جوولانەوەکە، بەڵام لە ڕێگەی ڕۆژنامەی "مردم" (ئۆرگانە تایبەتەکەیەوە)، لەپاش شکستی جوولانەوەکە، لەچەند ژمارەیەکدا باسی لە جوولانەوەکە و بەرخۆدانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" کردووە و هەندێک لە ڕێبەرانی جوولانەوەکەی بە خوێنەرانی ناساندووە. هەر چەندە پێش جوولانەوەکە و تەنانەت لە سەروبەندی جوولانەوەکەشدا ئەو حیزبە ڕێگەی بە باسکردنی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران لە ڕادیۆی پەیکی ئێرانی تایبەت بەخۆی نەدابوو ، تەنها بۆ یەکجار، یەک وتاری سولەیمان موعینی، بێ ڕاوێژکردن بە ناوەندی ڕادیۆکە، لە لایەن کوردێکی وەکوو کەریم حیسامییەوە خوێندراوەتەوە.[1]

یەکەم جار پاش شکستی جوولانەوەکە، حزبی تووده ڕاگەیەندراوێکی تایبەت بە ڕەوشی کوردستانی ئێران، لە ڕۆژنامەی "مردم"لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، بە ناونیشانی ''ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی تووەدەی ئێران بەبۆنەی ڕەشەکوژییەکانی ئەم دواییەی کوردستان'' بڵاو کردووەتەوە. تیایدا باسی لە لەشکرکێشیی بەرفراوانی حکومەتی ئێران دژ بە گەلی کورد کردووە کە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیاندا خەبات دەکەن. سکرتاریەتی حزبی تووەدەی ئێران، وێڕای ئەوەی سزای لە سێدارەدان و ئەشکەنجەی زیندانییەکان لە لایەن حکومەتی ئێرانەوەی لەپاش جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨ لە کوردستانی ئێران مەحکووم کردووە، هاوکات هەواڵی لە سێدارەدانی ١٠ کەسیشی بە ناوەکانی عەلی ڕەحیمی، ئەحمەد مەجید، محەمەد ڕەسوول، حسین چلکۆچ، حەمزە مەولوود، یوسف حەمزە، مەلا حەسەن، مەلا عەبدوڵلا و مەلا ئاوارەی لە شاری مەهاباد و لە

[1] حیسامی، ١٩٨٧، ل٤٥.

سەربازخانەکانی جەڵدیان و خانێ ڕاگەیاندووە کە سەرجەمیان بەشێک بوون لە پێشمەرگە و کادری باڵای کۆمیتەی شۆرشگیر.[1]

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨، ڕۆژنامەی "مردم"، جارێکی دیکە، نامەیەکی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی تووەی بڵاو کردووەتەوە، کە بەرواری ٨ی تشرینی یەکەمی لەسەرە. کۆمیتەکە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ناوبراوەوە نامەکەی ئاڕاستەی هەموو حیزب و ڕێکخراوە دیموکراتەکان و خەڵکی ئازادیخواز کردووە لە سەرانسەری جیهاندا. لە نامەکەدا حزبی تووەد، جارێکی دیکە باسی لەشکرکێشی و کۆمەڵکوژی فراوانی حکومەتی ئێرانی دژ بە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کردووە، کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە، سەبارەت بە کارە نایاسایی و دڕندانەکانی ڕژێمی شا و دەسەڵاتدارانی ئێران ناڕەزایی دەربڕیوە، هاوکات داوای لە هەموو حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی ئێران و جیهان کردووە کە بەرانبەر نیشتمانپەروەرانی ئێران هاوەدەنگ و هاوسۆزبن، بەرانبەر ئەو هەڵسوکەوتە نامرۆڤانانەی ڕژێم ناڕەزایی دەربڕن و بۆ ڕزگارکردنی زیندانیانی سیاسی بە تایبەتی کورد و ئازەربایجانییەکان کە لەژێر هەڕەشەدان، ئەوەی لە توانایاندایە ئەنجامی بدەن.[2]

هەمان ڕۆژنامە لە ئابی ١٩٦٩ لە چەند لاپەڕەیەکیدا باسی لە جووڵانەوەی ٦٧-٦٨کردووە. سەرەتا لە لاپەڕە یەکدا لە بەشی خوارەوە بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی: ''ڕژێمی شا جارێکی دیکە وێرانکاری لە کوردستان دەکات، نزیک بە سەد کەس شەهید بوون و هەزار کەسیش دەستگیر کراون، ئەمە دواییین هێرشە لە زنجیرەیەک هێرشی ڕژێم لە کوردستان. بژی تێکۆشەرە ئازاکانی گەلی کورد کە مەردانە بەرانبەر ئەم بێدادییە وەستاون''. پاشان لە لاپەڕە ٢ دا لە پەراوێزی وتارێک بەناوی ''هەوڵەکان بۆ زیندووکردنەوەی پەیمانی مردوو''، (مەبەستی پەیمانی سەنتۆیە.ت)، باسی لە ڕەوشی کوردستانی ئێران لەو کاتیدا کردووە و نووسیویەتی: ''لە کوردستان سەرەڕای بەکۆمەڵکوشتنی دڕندانەی تێکۆشەرانی کورد، بزووتنەوەی جەماوەریی نیشتمانپەروەران ناوەستێت. تا ئێستا بکوژانی ڕژێم دەیان کەسیان لەو تێکۆشەرانە کوشتووە و هەزارانیان زیندانی کردووە''. هەروەها باسی لەوە کردووە بەهۆی درێژەکێشانی جووڵانەوەکە، کاربەدەستانی ئێران کەوتوونەتە دۆخێکی سەختەوە، ئەوەش بێگومان وای لە نوێنەرانی ئێران کردووە لە دانیشتنی ئەم دواییەی هاوپەیمانیی سەنتۆ، ئەو پرسە بوروژێنن و بۆ سەرکوتی جووڵانەوەکە لە کوردستان، داوای هاوکاری بکەن. هەروەها لە لاپەڕە ٦دا وێنەی تەرمی سولەیمان موعینی داناوە و لە تەنیشتیدا باسی لە هەر دوو برایانی موعینیی نێو کۆمیتەی شۆڕشگێڕ کردووە و نووسیویەتی: ''سولەیمان موعینی و عەبدوڵلا موعینیی برای، دوای خەباتی قارەمانانە لە پێناوی ئایدیای گەلەکەیاندا شەهید بوون، ئەمە وێنەی تەرمی سولەیمان موعینییە، کە جەللادەکانی شا وەکوو وانەیەک بۆ خەڵکی دیکە نمایشیان کرد. دروود بۆ ئەو قارەمانانەی لە کوردستان شەهید بوون''.[3]

لە درێژەی هەوڵەکانی تایبەت بە ڕەوشی کوردستان پاش شکستی جووڵانەوەکە، ڕۆژنامەی "مردم"لە ئەیلوولی ١٩٦٩، باسی لە دەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لە جیهاندا کردووە. لە وتارێکدا بە

---

[1] ارگان مرکزی حزب توده ایران، ١٣٤٧، اعلامیه مرکزی حزب توده ایران، مردم، ش.٤٢، ص٥.

[2] ارگان مرکزی حزب توده ایران، ١٣٤٧، نامه کمیته مرکزی حزب توده ایران، مردم، ش. ٤٣، ص١،٦؛ بڕوانە پاشکۆی ژ.١٩.

[3] ارگان مرکزی حزب توده ایران پ.پرتو،١٣٤٨،تلاش برای احیای"پیمان مرده"، مردم، ش. ٥١، ص١،٢،٦؛بڕوانە پاشکۆی ژ.٢٠.

ناونیشانی ''ڕەنگدانەوەی تاوانەکانی ڕژێم لە کوردستان'' نووسیویەتی :'' لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٧-تا تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ڕژێمی دژە نەتەوەیی و دژە دیموکراسیی شا، ٤٧ کەسی لە چین و تویژە جیاوازەکان تیرەباران کردووە، سەدان نیشتمانپەروەری کورد لە زیندانەکانی کوردستان و ئازەربایجان زیندانی کراون و ئەشکەنجە و سووکایەتییان پێکراوە و هیچ زانیارییەک لەسەر چارەنووسیان نییە. هاوکات دەزگاکانی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی سەر بە ڕژێم، لە ترسی ڕای گشتی، هەواڵ لەسەر ئەو تاوانانە بڵاو ناکەنەوە و بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بە ڕووداوەکانی کوردستان هەموو هەوڵێک ئەدەن''. هەروەها ڕۆژنامەکە باسی لەوە کردووە، سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی ئێران بۆ پەردەپۆشکردنی ڕووداوەکانی کوردستان، بەڵام ڕای گشتیی جیهان لە تاوانەکانی کاربەدەستانی ئێران لە کوردستان ئاگاداراە. ڕۆژنامەکە ناوی چەندین ڕۆژنامەی هەرێمی و جیهانی و سەروتارەکانیانی سەبارەت بە تاوانەکانی حکومەتی ئێران لە پاش شکستی جووڵانەوەکە، هێناوە. لە کۆتایی وتارەکەدا وێنەیەکی مەلائاوارە، یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی جووڵانەوەکەی داناوە و بە کورتی باسی لە تێکۆشان و مێژووی لە سێدارەدانی ئەو ڕێبەرەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" کردووە.[١]

هەمان ڕۆژنامە لە تشرینی دووەمی ١٩٦٩، لە وتارێکی دیکەیدا بە ناونیشانی ''تاوانەکانی ڕژێم بەپێی جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ'' جارێکی دیکە تاوانەکانی حکومەتی ئێرانی دژ بە ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ باس کردووە. لە وتارەکەدا سەرەتا ڕەخنەی لە قسەکانی سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤی ئێران(ئەشرەف پەهلەوی، خوشکی شا) گرتووە کە لە سااڵڕۆژی جارنامەی گەردونیی مافی مرۆڤدا پێشکەشی کردووە. پاش ئەوەی تاوانەکانی شای لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە کوردستان و دواتریش لە ئازەربایجانی وەبیر هێناوەتەوە، سەرکوتی سیاسی و نەبوونی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە سایەی حوکمی شای ڕوون کردووەتەوە. پاشان ناوی چەندین تێکۆشەری ئێرانی هێناوە کە لە ڕێگای بەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانیان لە لایەن حکومەت ئێرانەوە کوژراون و گیانیان بەخت کردووە، لەوانە خوسرەو روزبە، دکتۆر فاتمی، شەریفزادە و سولەیمان موعینی و.....هتد. پاشان لە لاپەڕە ٧یدا وێنەیەکی سولەیمان و عەبدوڵڵا موعینی داناوە، خەبات و شێوازی کوژرانی ئەو دوو ڕێبەرەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" ی بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی ناساندووە.[٢] ڕۆژنامەی "مردم" تا سااڵی١٩٧٠ لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە جووڵانەوەکە بەردەوام بووە. لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠، لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا لە وتارێک لەسەر ڕەوشی بزووتنەوەکانی کوردستانی ئێران بە ناونیشانی ''باسێک لە بزووتنەوەی دیموکراتی مەهاباد'' ناو و یادی ڕێبەرانی جووڵانەوەکەی لە پاڵ قازی محەمەددا کردووەتەوە. وتارەکە سەرەتا ڕەخنەی لە دەسەاڵتدارانی ئێران گرتووە کە بەدرێژایی مێژووی فەرمانڕەوایی محەمەد ڕەزاشا، هەوڵی پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی داوە. پاشان گرنگیی ڕۆڵی بزووتنەوەکانی مەهاباد و پێگە و ڕۆڵی "ح.د.ک" و قازی محەمەدی لە

---

[١] ارگان مرکزی حزب توده ایران، ح. شیروان، ١٣٤٨، انعکاس جنایات رژیم در کردستان، مردم، ش. ٥٢،ص٢، ٥؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢١.

[٢] ارگان مرکزی حزب توده ایران، کیوان، ١٣٤٨، مغلطه کاری رژیم بحساب اعلامیه جهانی حقوق بشر، مردم ، ش. ٥٥، ل٤، ٦، ٧؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢٢.

خەباتی گەلی کورد دا ڕوون کردووەتەوە. لە کۆتایی وتارەکەدا نووسەر نووسیویەتی: ''ئەمسالّ گەلی کورد لە هەلومەرجێکدا یادی ٢٤ هەمین سالّی حکومەتی مەهاباد دەکاتەوە، کە خوێنی دەیان خەباتکاری وەکوو شەریفزادە، موعینی، ئاوارە و زەنگەنە هێشتا لە دەشت و شاخەکانی کوردستاندا دەکولّێت، سەدان خێزان لە مەراسیمی ماتەمی مندالّەکانیان ڕەشیان پۆشیوە، سەدان کوردی ماندوویینەناس لە زیندانەکانی ڕژێم چارەنووسیان نادیارە. گەلی کورد لە شکستی بزووتنەوەی مەهاباد و جوولّانەوەی ٦٧-٦٨وانەی بەنرخی وەرگرتووە''.[١]

دەنگدانەوەی جوولّانەوەکە تەنها لە ڕۆژنامەی "مردم"دا نەبوو، بلّاوکراوەی "پیمان"، ئۆرگانی کۆنفێدراسیۆنی جیهانیی خوێندکارانی ئێرانی، سالّی ١٩٦٨ وتارێکی بەناونیشانی ''لە کوردستان'' بلّاو کردووەتەوە. لەهەمان ژمارەدا لەبەشی خوارەوە لاپەڕە ٢ بە مانشێتێکی گەورە نوسیوویەتی ''لەپێناوی زیندانییە سیاسییەکاندا هەوڵێک بدەن'' کە ئاماژەیە بەو هەڵمەت و پەلاماردانانەی، کە حکومەتی ئێران لە قۆناغی پاش شکستی جوولّانەوەکە لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی و لە ئێران بە گشتی کردبوویە سەر نەیارانی خۆی.[٢] هەروەها لە ژمارەیەکی دیکەیدا، بلّاوکراوەی ''پیمان'' باسی لە ترسی حکومەتی ئێران لە جوولّانەوەی چەکداری لە کوردستان و ڕێگەگرتن لە دەنگدانەوەی کردووە. هاوکات باسی لە کوشتنی ١٢ شۆڕشگێڕی کورد و نمایشی تەرمەکانیان لە مایسی ١٩٦٨ لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە کردووە.[٣]

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی "توفان" ، ئۆرگانی سازمانی مارکسیست- لینینستی "توفان"، یەکێکی دیکە لە ڕۆژنامە چەپەکانی ئێران لە دەرەوە بوو کە لە پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە چەند ژمارەیەکیدا، هەوالّی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران و ڕێبەرانی جوولّانەوەکەی لەپاش شکستی جوولّانەوەی ٦٧-٦٨ هێنایە سەر لاپەرەکانی خۆی و خوێنەرانی لەو پرسە ئاگادار کردەوە. ڕۆژنامەکە لە تشرینی یەکەمی سالّی ١٩٦٨، وتارێکی بە ناونیشانی ''بۆ یادی تیرەبارانکراوانی کوردستان'' بلّاو کردووەتەوە. تیایدا تیشکی خستووەتە سەر ڕەوشی کوردستان لەو کاتەدا و نووسیویەتی: ''پاش شەهیدبوونی ئیسماعیل شەریفزادە و هاوڕێکانی و ئەو ڕۆلّە شایستانەی گەل کە خەباتی چەکداریان لە دژی ڕژێمی محەمەد ڕەزاشا دەست پێکردبوو، تاوانی نوێ لە کوردستان ڕوو دەدات'' ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات کە ڕەوشی کوردستانی ئێران لە سالّانی پێش جەنگی جیهانیی دووەم جیاوازە و خەڵکی کوردستان تینووی ئارامی و ئاسوودەیین، خەباتی گەلی کورد لەو پێناوەدا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزتر لە هۆشیاریی سیاسی. هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکە لە لاپەڕە ٣دا بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی: ''یادی تیرەبارانکراوانی کوردستان بەرز و پیرۆز بێت''.[٤]

---

[١] ارگان مرکزی حزب توده ایران، ح. شیروان،١٣٤٧، یادی از جنبش دمکراتیک مهاباد، *مردم*، ش. ٥٦، ص٧؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢٣.

[٢] ارگان دفاعی کنفدراسیون جهانی، ١٣٤٧، در کردستان، پیمان، ش. ٣، ص٢؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢٤.

[٣] حیسامی، ١٩٨٧، ل١٧٢.

[٤] ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی توفان، ١٣٤٧، بەیاد تیرباران شدگان کردستان، *توفان*، ش. ١٤، ص١، ٣؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢٥.

ڕۆژنامەکە دریژەی بە بڵاوکردنەوەی وتارەکانی تایبەت بە کوردستان داوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی جوواڵانەوەکە، کە پرسی کوردی کردە پرسێکی گرنگی ئێران و زۆرێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هەوڵی خۆنزیککردنەوە و یەکخستنی تواناکانیان لەگەڵ گەلی کورد بوون. لە نیسانی ١٩٦٩، ڕۆژنامەی "توفان" وتارێکی بە ناونیشانی ''ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد'' بڵاو کردووەتەوە، تیایدا وێڕای ئەوەی ئاماژەی بە بڵاوکراوەیەکی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری کوردی ئێران لە ١٢ی کانوونی یەکەمی١٩٦٨ کردووە، کە ڕێکخراوە کوردەکە داوای لە ڕێکخراوی "توفان" کردووە، جارێکی دیکە بۆچوونەکانیان لەبارەی پرسی نەتەوەیی، چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ڕێگای ڕزگاریی گەلانی ئێران بخەنەڕوو. ڕۆژنامەکە لە زاری سازمانی "توفان"ەوە ڕایگەیاندووە کە ڕیکخراوەکەیان لە دوو بڵاوکراوەی مانگانەی تۆفاندا بەڕوونی بێهیچ دووڤاقییەک پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا وروژاندووە و لەو بارەیەوە نەخشەڕێگای خۆی خستووەتەڕوو. ڕۆژنامەکە وێڕای داننان بە مافە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران و تورکیا و عێراق، پرسی ڕزگاریی نەتەوەی کوردی زیاتر ڕوون کردووەتەوە، بەجۆرێک ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد و چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە ناوچەکەدا، بە خەباتی هاوبەشی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرجەم گەلانی ئێران و ناوچەکە دژ بە دەسەڵات و هەژمونی ئیمپریالیزم بەستووەتەوە. "توفان" لە تێڕوانینی ئایدۆلۆژیای مارکسی- لینینستیی خۆیەوە، دروشمی کوردستانی یەکگرتوو، کە ناسیۆنالیستە کوردەکان بەرزیان کردبووەوە، بۆ ئەو قۆناغەی خەباتی ئێران بە گونجاو نازانێت و پێیوایە، تاکە ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد ئەوەیە کە کەمینەی کورد لەو سێ وڵاتەدا خەباتیان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئەو وڵاتانەدا لەپێناو ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و بەدیهاتنی یەکسانی لە مافەکانیاندا یەک بخەن. پاش بەدەستهێنانی ئازادی بۆ کەمینەی کورد لە هەر وڵاتێکدا، ئەوکات خەڵکی کوردستان دەتوانن لەسەر چارەنووسی خۆیان واتە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی یاخود مانەوە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی کە ئازادییان تێدا بەدەستهێناوە، بڕیار بدەن. لە کۆتایی وتارەکەدا سازمانی "توفان" ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ دۆستانی کورد لەسەر ئەو پرسانەی سەرەوە، یاخود هەر بابەتێکی دیکە کە پەیوەندیداربێت بە چارەنووسی گەلی کوردەوە، دەربڕیوە.[١]

ڕۆژنامەی "تۆفان" جارێکی دیکە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٩، وتارێکی بەناونیشانی ''پلانی نوێی ڕەشبگیری لە کوردستان'' بڵاو کردووەتەوە و باسی لە کردەی ڕەشبگیریی هێزەکانی ڕژێم لە کوردستان لە سەروبەندی جووڵانەوەکە و پاش جووڵانەوەکەدا کردووە. ڕۆژنامەکە نوسیوویەتی: ''هێزەکانی ڕژێم لە کوردستان بە دڕندانەترین شێوە مامەڵەیان کردووە، خەڵکی بێ چەکیان بۆردومان کردووە و خانووەکان و شوێنی نیشتەجێ بوونیان سوتاندوون. تاوانبارانی ڕێکخراوە ئەمنییەکانی ڕژێم، پەڕاویان بۆ ئازادیخوازانی کورد کردووەتەوە و دەستگیریان کردوون و ئەشکەنجەیان داون، ژمارەیەکیان لەناوبردوون. بەشێوەیەکی ترسناک تەرمی هەندێک لەو خەباتکارانەی کە چاونەترسانە ڕووبەڕووی محەمەد ڕەزاشا بوونەوە، بەشەقام و بازاڕەکاندا

[١] ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی توفان، ١٣٤٨، راه رهائی خلق کرد، *توفان*، ش. ٢٠،ص٤، ٢؛ سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٦، (تۆفان و ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی کوردی ئێران و ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد)، وانی تایبەتیی ناوبراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکhttps://www.facebook.com/share/p/١٧uGsALZvG

گێڕاوە... نزیکەی ٤٠ کەس لە زیندانییەکان سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، هاوکات ژیانی٤٠ کەسی دیکە لە باشترین ڕۆڵەکانی وڵات لە زیندانەکانی کوردستان لەمەترسیدایە''. لە درێژەی وتارەکەدا سازمانی "توفان" جارێکی دیکە لەسەر یەکخستنی خەباتی هەموو هێزە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی ئێران لە بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی بە ڕێبەرایەتیی چینی کرێکاردا جەختی کردووەتەوە. هەروەها ڕوونی کردووەتەوە کە ئەزموونی خەباتی ئێران و کوردستان، نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە بەبێ هەمەهانگی و یەکگرتوویی خەباتی هەموو نەتەوەکان و چینە دیموکراتەکان، بێ سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو، بێ ستراتیژی و سیاسەتێکی دروست کە توانای دژایەتیی هێزە یەکگرتووەکانی ئیمپریالیزمی هەبێت مەحاڵە و هەر لایەنێک خەباتی گەلانی ئێران دابەش بکات، دژی بەرژەوەندی گەلانی ئێران بە گەلی کوردیشەوەیە.[1]

ڕۆژنامەی "تۆفان" جارێکی دیکە، پرسی کوردی هێنایە سەر ڕووی لاپەڕەکانی. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ وتارێکی بە ناونیشانی "چەند گفتوگۆیەک لەگەڵ دۆستانی کورد" بڵاو کردووەتەوە. ڕێکخراوەکە جارێکی دیکە بڕیارەکانی سازمانی "توفان"ی سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم-لینینیزمەوە دووپات کردووەتەوە. وتارەکە باسی لەوە کردووە کە سازمانەکەیان لە دوو ژمارەی گۆڤاری مانگانەی تۆفاندا دوو بەیاننامەیان سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی بڵاو کردووەتەوە. لە هەر دوو بەیاننامەکەدا وشە و دەستەواژەی جیاواز بەکارهاتووە، بەڵام هەردووکیان یەک مانا و ناوەڕۆکیان هەیە. بەڵام دۆستە کوردەکانیان بەیاننامەی دووەم لە شیکردنەوەی پرسی نەتەوەیی لە ڕوانگەی سازمانی "توفان"، بە هەنگاوێکی باشتر دەزانن. چونکە لە بەیاننامەی یەکەمدا لەجیاتی دەستەواژەی گەلی کورد، کەمینەی کورد بەکارهاتووە، دۆستانی کورد پێیان وایە کەمینەکان خاکی تایبەت بە خۆیان نییە. سازمانی تۆفان لە ڕێگەی ئۆرگانەکەیەوە ڕوونی کردووەتەوە، مەبەستیان لە بەکارهێنانی کەمینە، کەمینەیە بەرانبەر بە زۆرینە لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا، زیاتر ڕوونی کردووەتەوە و نووسیویەتی:گەر نەتەوەی کوردمان بە کەمینەیەکی بێ خاک لەقەڵەم بدایە، ئەوا مافی دیاریکردنی چارەنووس تا ئاستی جیابوونەوەمان بە گەلی کورد ڕەوا نەدەدیت. سازمانی ئێمە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی دۆستە کوردەکانی، پێیوایە نابێت یەکلاکردنەوەی پرسی نەتەوەیی کاری لە پێشینە بێت و چارەسەرکردنی ئەو پرسە مەرجی سەرکەوتنی خەباتی گشتیی گەلانی ئێران بێت، چونکە لەو ڕێگەیەوە خەباتی گشتیی گەلانی ئێران سەرکەوتوو نابێت، تەنانەت سەروەریی گەلی کوردیش مسۆگەر نابێت. سازمان جارێکی دیکە جەختی لەوە کردووەتەوە کە سەرکەوتنی خەباتی گشتیی گەلانی ئێران، پێویستە کاری لەپێشینە بێت، ئەوەش ڕێگایەکە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا.[2]

"سازمان انقلابی حزب توده"(ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حزبی تووده)، یەکێکی دیکە بوو لەو ڕێکخراوە چەپانەی ئێران لە دەرەوەی وڵات، کە بە بایەخەوە لە جووڵانەوەکەیان ڕوانی. لە حوزەیرانی ساڵی١٩٧٠ ئۆرگانەکەی بە ناوی بڵاوکراوەی "توده"، لەشێوەی نامیلکەیەکدا، بۆ باسکردن لە ڕەوشی گشتیی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەکە تەرخان کرد. تیایدا چەند بابەتێکی

---

[1] ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی توفان، ١٣٤٨، طرح سیاهکاریهای تازه در کردستان، *توفان*، ش. ٢٢، ص١.

[2] نویسنده ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی توفان، ١٣٤٨، سخنی چند با دوستان کرد، *توفان*،ش. ٣٠، ص٤، ٢؛ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارە ٢٢، ٣٠، بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢٦.

تایبەت بە جوولانەوەکە و کوردستانی ئێرانی بڵاو کردووەتەوە کە دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بەمانە بکەین: ''بزووتنەوەی چەکدارانە لە کوردستانی ئێران، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، خەباتی چەکدارانەی ئەم دواییانە، بۆچوون بۆ مەسەلەی کورد و شەهیدانی کوردستان''.[1] شایەنی باسە تۆیژەر ئەو ژمارەیەی "تودە"ی وەکوو سەرچاوەیەکی بەنرخ لە تۆیژینەوەکەیدا بەکارهێناوە، چونکە نووسەری بابەتەکانی ئەو بڵاوکراوەیە، ماوەی نزیک بە ٢ مانگ لەگەڵ ڕێبەران و پێشمەرگەکانی جوولانەوەکە بووە، لە نزیکەوە بەچاوی خۆی ڕەوشەکەی بینیوە و پاشان تۆماری کردووە.

ڕۆژنامەی "ستارە سرخ"(ئەستێرەی سوور)ی نزیک لە "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حزبی تووده"، یەکێکی دیکەیە لەو ڕۆژنامانەی پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانە کە باسی لە جوولانەوەکەیان کردووە و بەتایبەتی یادی سمایل شەریفزادەیان کردووەتەوە. "ستارە سرخ" لە ژمارەی ١ی نیسانی١٩٧٠ وتارێکی بە ناونیشانی ''شەپۆلێکی نوێی خەبات'' بڵاو کردووەتەوە و نووسیویەتی: ''ئەم مانگی ئایارە، دووەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی شەریفزادەیە، پێویستە یادی ئەو شۆڕشگێڕە کوردە بە زیندوویی ڕابگرین، چونکە نموونەیەکە بۆ هەموو ڕووناکبیرانی وڵاتی ئێمە. ئەو دەستبەرداری ژیانی ڕووناکبیرانەی شار بوو، ڕووی کردە جەماوەر و لەگەڵیان تێکەڵاو بوو، مەردانە خزمەتی پێکردن و چەکی لەشان کرد، لەگەڵ وەرزێران ژیا و خەباتی کرد. تا دوایین ساتەکانی ژیانی بەرانبەر کۆمەڵانی خەڵک وەفادار بوو، گیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت کرد. ئەو قارەمانانە ژیا و قارەمانانە شەهید بوو''. پاشان چەند نامەیەکی لەپاش بەجێماوی سمایل شەریفزادەی بڵاو کردووەتەوە کە ناوبراو بۆ هاوڕێکانی ناردووە. شەریفزادە لە یەکێک نامەکانی لە سەرەتای بەهاری ١٩٦٨ و لەکاتی جوولانەوە چەکدارانەکەدا، نووسیویەتی: ''لێرە وەرزێران بە گەرمی پێشوازیمان لێدەکەن، وەزع زۆر باشە، ئەگەر بزووتنەوە ڕێبەرایەتییەکی دڵسۆز و دروستی هەبێ، دەتوانێ پرۆسەکێک بێت، سەرتاسەری ئێران ئاور تێ بەردا''. ڕۆژنامەکە لە کۆتاییدا نووسیویەتی: ''پیرۆز بێت یادی سمایل شەریفزادە، سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد، بژی یەکیەتیی خەباتخوازانەی گەلانی ئێران''. ڕۆژنامەکە خەباتی شەریفزادە و جوولانەوەکەی بە سەرەتای شەپۆلێکی نوێی خەبات پێناسە کردووە کە زنجیرەیەک ناڕەزایی و مانگرتنی لە نێوخۆی ئێران بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەوەشی بە بەشێکی گرنگ لە ئامادەکاری و دانانی بناغەی قۆناغی کۆتایی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران لە قەڵەم داوە. لە دریژەی وتارەکەدا، ڕۆژنامەکە پەسنی خەباتی نێوخۆی ئێرانی کردووە، چونکە بە خەباتێکی ڕەسەن و ناوەندی کێشکردن و گواستنەی خەبات بۆ نێوخۆی ئێرانی لە قەڵەم داوە، ئەوەش دەتوانێت خەبات بەرەو سەرکەوتنی کۆتایی بەرێت. لە کۆتایی وتارەکەدا، ڕۆژنامەکە ڕەخنەی لە حزبی تووده گرتووە کە تەنها لایەنە نەرێنییەکانی ئەو خەباتە دەبینێ و لایەنە ئەرێنییەکانی پشتگوێ خستووە، هەروەکوو چۆن لە پێوەندی لەگەڵ لەشکرکێشی و بۆردومانەکانی شا بۆ ئەو ناوچەیە فرمێسکی تیمساحیان بۆ کوردستان ڕشت، بەڵام هیچیان لەبارەی ئازایەتی و ڕۆحی شۆڕشگێڕیی کوردستانەوە باس نەکرد.[2]

---

[1] ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی تووده، ١٩٧٠، بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران، *تووده*، ژ.١٩، ل١-٣٦.

[2] بدون نام نویسنده، ١٣٤٩، موج نوین مبارزه، *ستارەسرخ*، ش. ١ ، ل٦، ٤، ٥؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢٧

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، نەمانی سانسۆر لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕووداو و کۆمەڵکوژییەکانی سەردەمی حکوومەتی شا، چەند ڕۆژنامەیەک لە پەراوێزی بابەتەکانیاندا باسیان لە جوواڵانەوەی ٦٧-٦٨ و قارەمانەتیی بەشێک لە ڕێبەرانی جوواڵانەوەکە کردووە. لەو نێوەدا، ڕۆژنامەی"کیهان" لە شوباتی ١٩٧٩، وتارێکی بە ناونیشانی ''پاش ٣٢ ساڵ لە چالاکیی نهێنی، حزبی دیموکراتی کوردستان بەفەرمی تێکۆشانی ئاشکرای خۆی ڕادەگەیەنێ''، بڵاو کردووەتەوە. تیایدا باسی لە ئامادەبوونی دەیان هەزار جەماوەر لە مەهەباد بەبۆنەی دەستپێکردنی تێکۆشانی سیاسیی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان کردووە. لەنێو وتارەکەدا ڕۆژنامەکە باسی لەوە کردووە کە خەڵکی وێنەی قازی محەمەد و مەلا ئاوارە و شەهیدەکانی جوواڵانەوەی ٦٧-٦٨یان بەرز کردووەتەوە. هاوکات باسی لە وتارێکی عەبدولڕەحمان قاسملوو لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا کردووە و لە زمانی قاسملووەوە نووسیویەتی: ''حیزبەکەمان شەهیدی زۆی داوە، تەنیا لە جوواڵانەوە چەکدارانەکەی ٦٧-٦٨دا سەد هاوڕێمان لەدەست دا. ... حیزبەکەمان حزبی قازی محەمەد و شەهیدانی مەیدانی چوارچرایە، کە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا شەهیدانی مەهەباد لە سێدارە دران. لە سەر ڕێگای مەلائاوارەکان و عەزیز یووسفییەکان تا گەیشتن بەهەموو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەردەوام دەبین''.[١] هەروەها گۆڤاری "تهران مصور" لە ٦ی ئازاری ١٩٧٩، شیعرێکی شاعیر عەلیڕەزا نابدل، شاعیری تورکی ئازەربایجانیی ناسراو بە "اوختای" بەناونیشانی''کوردستان" لەلایەن شاعیری لە خوێن گەوزاوی خەڵکەوە'' بڵاو کردووەتەوە. شایەنی باسە شاعیر ئەم شیعرەی لە ژێر کاریگەریی جوواڵانەوەی ٦٧-٦٨و لە پاش لەخوێنداگەوزانی کادرەکانی جوواڵانەوەکە هۆندووەتەوە.[٢] ڕۆژنامەی "پیغام امروز" بەهەمان شێوە، لە ٢٩ی ئازاری ١٩٧٩، هەمان شیعری علیڕەزا نابدلی بڵاو کردووەتەوە.[٣]

یەکێکی دیکە لەو ڕۆژنامانەی کە لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران باسیان لە جوواڵانەوەکە و ڕێبەرانی کردووە ڕۆژنامەی "آیندگان"ە. ئەو ڕۆژنامەیە لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٧٩ وتارێکی بە ناونیشانی ''یادی شەهیدان'' بڵاو کردووەتەوە، لەپاڵ وتارەکەدا وێنەی برایانی موعینیی داناوە. وتارەکە باس لە ژیان و تێکۆشانی خانەی موعینی، برا بچووکی موعینییەکان و کوژرانی ناوبراو لە کوردستانی عێراق دەکات. لەپاڵ خانەی برا بچووکدا، ڕۆژنامەکە یادی سولەیمان و عەبدوڵڵا موعینی و کوژرانیان لە جوواڵانەوەی ٦٧-٦٨یدا کردووەتەوە.[٤] هەروەها گۆڤاری "روز" لە ساڵی ١٩٧٩، هەواڵی پێشانگای تایبەت بە یادی کادرە باڵاکانی "ح.د.ک"، بەتایبەتی کادرەکانی جوواڵانەوەکە کە گیانی خۆیان لە پێناو خەباتی ڕزگاریخوازیدا بەخت کردووە، بەناونیشانی ''تێبینییەک لەسەر پێشانگای تابلۆ و پۆستەری کوردستان لە هۆڵی نەقش – داستانێکی خوێنین و

---

[١] بی نام نویسنده، ١٣٥٧، پسن از ٣٢ سال فعالیت پنهانی حزب دمکرات کردستان علنی شد، *کیهان*، ش. ١٠٦٥١، ص٧؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢٨.

[٢] سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٦، (شیعرێکی عەلیڕەزا نابدل) والّی تایبەتیی ناوبراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکhttps://www.facebook.com/share/p١/AWwZ٤tGoq

[٣] اوختای، علیرضا نابدل، (کردستان) از شاعر به خون خفته خلق علیرضا نابدل، *پیغام امروز*، ش. ١٩، ص٥؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢٨.

[٤] بی نام نویسنده، ١٣٥٨، یاد شهیدان، *آیندگان*، ش. ٣٣٨١، ص٥؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ٢٩.

دڕندانه''دا بڵاو کردووەتەوە. تیایدا ئاوڕی لە بەرخۆدانی کادرەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ داوەتەوە و پەسنی کارە هونەرییەکانی ناسر قازیزادەی بە گشتی کردووە و بە تایبەتی باسی لە وێنەکانی تایبەت بە کەسایەتییە کوژراوەکانی جووڵانەوەکە، لەوانە سولەیمان و عەبدوڵڵا موعینی، شەریفزادە، سەید فەتاح نیزامی و سالّەح لاجانی و...ی کردووە''.[1]

جووڵانەوەی ٦٧-٦٨سەرەڕای شکستهێنانی، دەنگدانەوە و کاریگەریی خۆی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و پرسی نەتەوەی کورد لە ئێراندا بەجێهێشت. جووڵانەوەکە وای لە ڕێکخراوە چەپەکان کرد کە پرسی کورد زیاتر لە قۆناغی پێش جووڵانەوەکە بهێننە سەر لاپەڕەی ئۆرگانەکانیان. لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی جووڵانەوەکە و سەرسام بوون بە بەرخۆدانی کۆمەڵێک لە لاوە شۆڕشگێڕەکانی "ح.د.ک" لە چوارچێوەی خەباتی چەکدارانەیاندا، بیرکردنەوەی ڕێکخراوە چەپەکانی ئێرانی سەبارەت بە کوردستانی ئێران و "ح.د.ک" گۆڕی، وەکوو هێزێکی بەرچاو لە نەتەوەی کوردیان ڕوانی و هەوڵیاندا هێزەکانیان لە خەبات دژ بە شای سەر بە ئیمپریالیزم، پێکەوە یەک بخەن. لەو پێوەندییەدا، جیا لە سەرکوتی سیاسی و گەندەڵیی ئابووری و زەوتکردنی ئازادییەکان کە تەواوی ئێرانی گرتبووەوە، بەڕوونی دانیان بە سەرکوتی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کولتووری لە کوردستاندا نا.

تەوەری دووەم: دەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لە ڕۆژنامەکانی عێراق و وڵاتانی دیکەدا.

جووڵانەوەی ٦٧-٦٨ لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکاندا دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەوەش پەیوەندیی بە گیرۆدەبوونی عێراق بە کێشە نێوخۆییەکان و ململانێی توندی نێو هێزە سیاسییەکانەوە هەبوو. بەڵام لەنێو ڕۆژنامە کوردییەکانی نزیک لە بیری چەپ و باڵی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک"، دەنگدانەوەکەی بەرچاوتر بوو. هەندێک هێز و لایەن بە مەبەست هەوڵی پەردەپۆشکردنی ئەو ڕووداوەیان داوە. لە بەرانبەریشدا هەندێک هێزی تر بە مەبەست لە پشت بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە جووڵانەوەکە و کوژرانی ڕێبەرەکانی بوون. لە دەرەوەی عێراقیش بەشێوەیەکی گشتی، جووڵانەوەکە لەنێو ڕۆژنامە چەپەکاندا دەنگدانەوەی هەبوو.

یەکێتی قوتابیانی کوردستان، سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی، لە دوو بەیاننامەدا، لەپێش کوژانەوەی جووڵانەوەکە، باسی لە جووڵانەوەی ٦٧-٦٨ کردووە. یەکەم جار بەیاننامەیەکی لەبارەی دەستگیرکردنی سولەیمان موعینیەوە لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٨، بە ناونیشانی ''ئەی جەماوەری قوتابیانی کوردستان! ئەی گەلی مەزنمان! پیلانگێڕییەکە ڕسوا بکەن'' بڵاو کردەوە. لە بەیانەکەدا یەکیەتیی قوتابیان باسی لە دەستگیرکردنی سولەیمان موعینی کردووە و نووسیویەتی: ''بەو دواییەش یەکێک لە ڕێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان کە خەباتگێڕ "فایەق"ە- (ناوی نهێنیی سولەیمان موعینییە) لەلایەن بارزانییەوە قۆڵبەست کراوە، داخۆ بارزانی لە زیندانەکانی خۆیدا دەیهێڵێتەوە یان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەکاتەوە''.[2] پاشان یەکیەتیی قوتابیانی کوردستان

---

[1] بی نام نویسنده، ١٣٥٨، یادداشتی بر نمایشگاه نقاشی و پوستر کردستان در تالار نقش حماسه خون و شقاوت،*گزارش روز*، ش. ١٥، ص١٢-١٧؛ بۆ زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژ. ٣٠.

[2] سەردەشتی، ٢٠١٢، ل٥٣٢.

لە ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی ٦ خۆیدا، لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٦٨ لە خاڵی ٧یدا، باسی لە جوولانەوەکە کردووە و بڕیاری کۆنگرەکەیانی لەبارەی خەباتی گەلی کورد لە ئێران و تورکیا خستووەتە ڕوو و نووسیویەتی: ''گەلی کوردمان لە ئێران و تورکیا بە دەست ستەمی ڕەگەزپەرستییەوە دەنااڵێنن و لەپێناو مافە ڕەواکانیان درێژە بە خەباتی قارەمانانەی خۆیان دەدەن. کۆنگرەی ئێمە ئیدانەی هاوکارییەکانی بارزانی لەگەڵ ڕژێمی شا و دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەکات، کە ئامێرێکە بۆ لێدانی گەلەکەمان لە ئێران و ناچارکردنی باشترین تێکۆشەرانی بۆ ڕاپەڕین و جوولانەوەی چەکداری. داوا لە هەموو ڕێکخراو و حیزبە پێشکەوتووەکان دەکەین، پشتیوانی جوولانەوەی گەلەکەمان لە ئێران بکەن''.[١]

ڕۆژنامەی "طريق الشعب"، ئۆرگانی ناوەندیی "حشع"، لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨، لە وتارێکدا بە ناونیشانی ''دەنگی ناڕەزایی کۆمۆنیستەکانی عێراق دژ بە تاوانەکانی ڕژێمی ئێران لە دژی گەلی کوردی تێکۆشەر'' باسی لە سێدارەدانی بەکۆمەڵی نیشتمانپەروەرانی کوردی لەلایەن ڕژێمی شاوە کردووە.[٢] هەمان ڕۆژنامە لە ژمارەیەکی دیکەدا، بەیانێکی بە ناونیشانی ''بۆ سوودی کێ ئەمە کرا'' بڵاو کردەوە. لە بەیانەکەدا هاتووە: ''لە ناوەڕاستی ئایاری ڕابردوو سکرتێری حزبی دیموکراتی کورد لە ئێران، سولەیمان ئەحمەد موعینی کوژرا، کە لە کوردستانی عێراق بە ناوی فایەق ئەمین ناوبانگی دەرکردبوو.... حزبی شیوعیی عێراقیمان لەکاتێکدا کە قوولترین داخی خۆی و ناڕەزایی بەرانبەر بەم ڕووداوە خەمناکە دەرئەبڕێ، پرسەی گەرمی خۆی پێشکەش بە حزبی دیموکراتی کورد و هەموو تێکۆشەرانی دژی حوکمی شای کۆنەپەرستی نۆکەری ئیمپریالیزم ئەکا''. "حشع" لە بەیانەکەدا بەڵێنی بە ڕای گشتی داوە، لەگەڵ دەستکەوتنی زانیاری لەو بارەیەوە، چۆنیەتیی ڕووداوەکە لە ژمارەکانی دواتری ئۆرگانەکەی بڵاو بکاتەوە.[٣]

ڕۆژنامەی ''ئاڵای کارگەران''، ئۆرگانی کۆمیتەی محەللیی "حشع" لە سلێمانی، لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨، وتارێکی بە ناونیشانی ''زوڵمی نەتەوایەتی لە کوردەکانی ئێران'' بڵاو کردەوە. تیایدا باسی لە تاوانەکانی حکومەتی ئێران لە کوردستانی ئێران کردووە. هەروەها ڕۆژنامەی "ڕێگای کوردستان"ی ئۆرگانی کۆمیتەی هەرێمی کوردستانی "حشع"، لە ئەیلوولی ١٩٦٩ وتارێکی بە ناونیشانی ''ئایا شا دەتوانێت لە ڕێگەی سێدارە و تیرەباران کردنەوە تەختی لەرزیوی بپارێزێت؟'' بڵاو کردووەتەوە. ڕۆژنامەکە ئاماژە بە ناوی هەندێک لە کوژراوەکانی جوولانەوەکە کردووە. لە کۆتایدا نووسیویەتی: ''بەڵێ ئەمانە شەهید کران، بەڵام ئایا لە سێدارەدان، کاروانی خەباتی گەل ڕادەگرێت''.[٤] هەروەها ڕۆژنامەی "النور"، بڵاوکراوەی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک"، لە ساڵی ١٩٦٩، وتارێکی لەسەر جوولانەوەکە بە ناونیشانی ''خەباتی گەلی کورد لە ئێران دژ بە

---

[١] هێرش، شازین، ٢٠٠٠، *ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەییەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا ١٩٥٨-١٩٦٨*، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ژمارە ٦٣، ب،ش، ل٨٧.

[٢] ح. شیروان، ١٣٤٨، *مردم* ش. ٥٢، ص٢.

[٣] بێ ناوی نووسەر، ١٩٦٩، خەباتی کوردستان، *گۆڤاری ڕزگاری*، ژمارە٨، ل٢٨.

[٤] ح. شیروان، ١٣٤٨، *مردم*، ش. ٥٢، ص٢؛ حیسامی، ١٩٨٧، ل١٧١.

حکومەتی بەکرێگیراو'' بڵاو کردووەتەوە ، تیایدا بە وردی باسی شەڕەکانی جوولانەوەکە و کوژرانی ٥٠ کەسی لە پێشمەرگە و ڕێبەرانی جوولانەوەکەی کردووە.[١]

گۆڤاری "ڕزگاری" کە خاوەندارییەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ باڵی مەکتەبی سیاسیی "پ.د.ک"، بڵاوکراوەیەکی دیکە بوو کە بایەخی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە جوولانەوەکە دابوو و لە چەند ژمارەیەکیدا یادی ڕێبەرانی جوولانەوەکەی کردبووەوە. گۆڤاری "ڕزگاری"، لە ٢٧ی نیسانی ١٩٦٩، لە وتارێکیدا بەناونیشانی ''خەباتی نەتەوەی کورد''، یادی شەریفزادەی کردووەتەوە و بە یەکێک لە کوردە ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕەکانی ئێران و کادرێکی هەڵکەوتووی "ح.د.ک" ی ناو بردووە. پاشان کورتەیەکی لەسەر ژیان و خەباتی شەریفزادە لەپاڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕ بڵاو کردووەتەوە. لە کۆتاییشدا سەرەخۆشیی خۆیان ئاڕاستەی گەلی کورد و خەباتکارانی ئێران کردووە.[٢] هەمان گۆڤار، لە ٤ی ئایاری ١٩٦٩ لە وتارێکیدا بە ناونیشانی ''مەلائاوارە'' یادی مەلائاوارەی کردووەتەوە. وتارەکە بەناوبانگترین شیعری مەلائاوارەی بە ناونیشانی "تووتنەوانێکی هەژاری ناوچەی سەردەشت" و کورتەیەکی لە ژیاننامەی ناوبراو بڵاو کردووەتەوە. جارێکی دیکە گۆڤارەکە، لە ١٨ی ئایاری ١٩٦٩، لە وتارێکدا بە ناونیشانی ''پەیکی کامە ئێران''، بە هەر دوو زمانی فارسی و کوردی ڕەخنەی توندی لە هەڵوێستی ڕادیۆی پەیکی ئێران بەرانبەر بە شۆڕشگێڕانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران گرتووە. لە درێژەی وتارەکەدا ناوی بەشێک لە شەهیدەکانی جوولانەوەکەی هێناوە و لە نێو ڕەخنەکانیدا، نووسیویەتی: ''لە جیاتی ئەوەی پشتیوانی لە خەباتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران بکات و، لەجیاتی ئەوەی لەسەر تێکۆشەرەکانی کوردستان هەڵبداتێ، هەمیشە بە بکوژانی شەهیدەکانی کوردستانی ئێران، بە بکوژانی شەهیدانی نەمر ئیسماعیل شەریفزادە، سولەیمان موعینی، عەبدوڵلا موعینی، مەلائاوارە، مەلاڕەحیمی مەنیجەڵانی و دەیان تێکۆشەری تردا هەڵدەدات. بەو پەڕی بێشەرمییەوە تاوانەکانی بکوژانی شەهیدەکانی کوردستان دائەپۆشن و یارمەتیی کوژاندنەوەی بڵیسەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و گەلانی تری ئێران دەدەن''.[٣] گۆڤاری "ڕزگاری" لەسەر یادکردنەوەی ڕێبەرانی جوولانەوەکە بەردەوام بووە. لە ١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩، لە زنجیرە وتارێک بە ناونیشانی ''خەباتی کوردستان'' کورتەیەکی لەسەر ژیاننامەی سولەیمان موعینی، کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و کوشتنی عەبدوڵلا موعینی بڵاو کردووەتەوە.[٤]

ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی "حدکا"، یەکێکی دیکە لەو ڕۆژنامە کوردییانە بوو کە لە بەغدادی پایتەختی عێراق چاپ و بڵاو دەکرایەوە و هانی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و سەرجەم گەلانی دیکەی ئێران دژ بە حکومەتی ئێرانی دەدا. چاوەڕوان دەکرا ڕۆژنامەی "کوردستان" لە دەستپێکی خولی چوارەمیەوە لە ساڵی ١٩٧١، لە هەر ژمارەیەکدا، ڕێبەران و کادری باڵای جوولانەوەکە و پێشمەرگەکانی بە خوێنەرانی خۆی بناسێنێت، چونکە

---

[١] فرج مرزی، ١٩٦٩، نضال الشعب الکردی فی ایران ضد حکومة العمیل، جریدة *النور*، ع. ١٧٨، ص٣، ١٠. بڕوانە پاشکۆی ژ. ٣١.

[٢] بێ ناوی نووسەر، ١٩٦٩، خەباتی نەتەوەی کورد، گۆڤاری ڕزگاری، ژ. ٢، ل٣٤.

[٣] بێ ناوی نووسەر، ١٩٦٩، پەیکی کامە ئێران، *گۆڤاری ڕزگاری*، ژ. ٤، ل١٨.

[٤] بێ ناوی نووسەر، ١٩٦٩، خەباتی کوردستان، *گۆڤاری ڕزگاری*، ژ. ٨، ل٢٦، ٢٧.

جوولانەوەی٦٧-٦٨ بەشێکی زێڕینە لە مێژووی خەباتی ئەو حیزبە، بەڵام لە ماوەی ساڵی ١٩٧١ هیچ ژمارەیەکی تایبەتی بۆ جوولانەوەکە تەرخان نەکردووە. هاوشێوەی ڕۆژنامەی "تودە"ی ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حزبی تووده، تەنانەت وتاری تایبەتیشی لەوبارەیەوە نییە و یادی ڕێبەرانی جوولانەوەکەی نەکردووەتەوە و پەسنی خەباتیانی نەکردووە، بەڵکو لە پەراوێزی بابەتەکاندا باسی لە جوولانەوەکە کردووە، لە کاتێکدا لەهەمان ساڵدا، ڕۆژنامەی "کوردستان" لە تشرینی دووەمی ١٩٧١ وتارێکی بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی "بیروباوەڕی شۆڕشگێڕێکی شەهید". وتارەکە باس لە کەسایەتیی شۆڕشگێڕ و قارەمانێتیی ئەمیر پەرویز پویان، یەک لە ڕێبەرانی چریکە فیدایییەکان و نامیلکەکەی کردووە.[١] لە کاتێکدا یەکەمین دەستەی شۆڕشگێڕی لە ئێراندا، کادر و ڕێبەرانی جوولانەوەی ٦٧- ٦٨بوون، بەڵام تا ئەو بەرواڕە، ڕۆژنامەکە یادێکی لە ڕێبەرانی جوولانەوەکە نەکردووەتەوە. عەبدوڵڵا حەسەنزادە، هۆکاری باسنەکردن و یادنەکردنەوەی جوولانەوەی ٦٧-٦٨ بۆ جیاوازیی بیروڕا لە نێوان باڵی ڕاست و چەپی "حدکا" سەبارەت بە جوولانەوەکە دەگێڕێتەوە. ئەوەش هۆکار بوو کە ڕۆژنامەکە تا ساڵی ١٩٧٣ و بەستنی کۆنگرەی سێی حیزبەکەی، کە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێزەوە ناوی جوولانەوەکەی هێنا، باسێکی تێر و تەسەل لە جوولانەوەکە نەکات .[٢]

ڕۆژنامەی "کوردستان"، لە حوزەیرانی ١٩٧١، بەیانێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی ئەوروپای بڵاو کردووەتەوە. لە چوارچێوەی بەیانەکەدا، باسی لە ڕەوشی خراپی کوردستانی ئێران پاش لەخوێنداگەوزانی جوولانەوەی ١٩٦٧- ٦٨ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێرانەوە کردووە.[٣] ڕۆژنامەی ناوبراو ساڵێک دواتر و لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٢ ، وتارێکی بە ناونیشانی یادێک و یادگارێک، بڵاو کردووەتەوە. وتارەکە تایبەتە بە یادی مەلائاوارە.[٤] هەمان ڕۆژنامە لە ئایاری ١٩٧٣ وتارێکی بە ناونیشانی ''یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی ئێران'' بڵاو کردووەتەوە. وتارەکە لە نێوان یادی کوژرانی "سەرتیپ ئەفشار تووس"، سەرۆکی شارەوانیی حکومەتی د.موسەددیق و خوسرەو ڕووزبە، یادی شەهیدانی مانگی مایسی جوولانەوەکەی کردووەتەوە کە بریتین لە سمایل شەریفزادە، میرزا محەمەد شاتمان، عەلی عەبدوڵڵا کۆڵ، حوسێنی ڕەحمان ڕابی، سولەیمان موعینی و خەلیل مستەفازادە.[٥] پاش کۆنگرەی سێ، باسی جوولانەوەکە لەسەر ڕووی ڕۆژنامەی کوردستان زیاتر دەردەکەوێت، بەڵام وەکوو پێویست نەبوو. بەگشتی خوێندنەوەی حدکا بۆ جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨ی حیزبەکەیان لە پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، تا ڕادەیەک نەڕێنییە، چونکە لە شیکارییەک

[١] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، ١٩٧١، بیروباوەڕی شۆڕشگێڕێکی شەهید، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ. ١٠، ل٤، ٣.

[٢] گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ١٨-١-٢٠٢٦.

[٣] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک،١٩٧١، بەیانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ. ٦،ل٤

[٤] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧٢، یادێک و یادگارێک، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ ١٩، ل٤.

[٥] ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧٣یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی ئێران، *ڕۆژنامەی "کوردستان"*، ژ ٢٦، ل١.

که ئەو حیزبە بۆ جوولانەوەی ١٩٦٧–٦٨ی کردووە زیاتر خاڵە نەرێنییەکانی بینیوە و باسی لە خاڵە ئەرێنییەکان و باوەڕ و بیری شۆڕشگێڕیی کادرەکانی نێو جوولانەوەکەی نەکردووە.[١]

ڕۆژنامەی "هاوکاری" یەکێکی دیکە لە ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراقە، کە بە گرنگییەوە لە جوولانەوەکەیان ڕوانیوە و لە چەند ژمارەیەکیدا باسی جوولانەوەی ٦٧–٦٨ و یادی ڕێبەرانی هێناوەتە سەر لاپەڕەکانی. ڕۆژنامەی ناوبراو لە نیسانی ١٩٧٢، لە چوارەمین ساڵیادی کۆژرانی شەریفزادەدا، وتارێکی بە ناونیشانی ''یادی شەهیدی نەمری کورد ئیسماعیلی شەریفزادە'' بڵاو کردووەتەوە، تیایدا جگە لە باسی کۆژرانی شەریفزادە، باسی کۆژرانی چەند ڕێبەرێکی دیکەی جوولانەوەکە کردووە.[٢] هەمان ڕۆژنامە لە ئەیلوولی ١٩٧٢ لە یادی کۆژرانی مەلائاوارە، وتارێکی بە ناونیشانی ''مەلائاوارە شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان'' بڵاو کردووەتەوە، تیایدا نووسەر باسی لە تێکۆشان و لە سێدارەدانی مەلائاوارە کردووە، هاوکات باسی لە ڕەوشی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە ساڵی ٦٧–٦٨ و کۆژرانی ڕێبەران و پێشمەرگەکانی دیکەی جوولانەوەکە کردووە.[٣] ڕۆژنامەکە لە یادکردنەوەی پێشمەرگە و کادرەکانی جوولانەوەکە بەردەوام بووە. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢ لە ژمارەیەکی دیکەیدا، وتارێکی بە ناونیشانی ''مەلامەحموودی زەنگەنە شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان'' بڵاو کردووەتەوە، تیایدا وێڕای یادکردنەوەی تێکۆشانی زەنگەنە، باسی لە ڕەوش و خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کردووە.[٤] ڕۆژنامەکە لە ساڵی ١٩٧٣، لە پێنجەمین ساڵیادی کۆژرانیدا، جارێکی دیکە یادی شەریفزادەی کردووەتەوە و وتارێکی بە ناونیشانی''یادی شەهیدی قارەمانی نموونەی گەلی کورد سمایل شەریفزادە'' بڵاو کردووەتەوە، تیایدا باسی لە لەدایکبوون و وێستگەکانی تێکۆشانی ناوبراوی کردووە.[٥] هەروەها لە هەمان ساڵدا جارێکی دیکە یادی کۆژرانی مەلائاوارەی کردووەتەوە و وتارێکی بە ناونیشانی"پێنجەمین ساڵیادی شەهیدبوونی مەلائاوارە" بڵاو کردووەتەوە.[٦]

لە دەرەوەی وڵات، چەند ڕۆژنامەیەکی دیکەی حیزبە چەپەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهانەوە، لە پاش بڵاوبوونەوەی دەنگدانەوەی جوولانەوەکە لە نێو ڕۆژنامەی حیزبە چەپەکانی ئێران، باسیان لە جوولانەوەی ٦٧–٦٨ کردووە، لەوانە "ڕۆژنامەی نیپ–سابات چاک"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی سۆسیالیستی کرێکارانی مەجەرستان، لە مانگی ١١ی ١٩٦٨، بابەتێکی بە ناونیشانی ''گازندە دژی لێشاوی کوشت و بڕ لە ئێراندا'' بڵاو کردووەتەوە و نووسیوویەتی: ''جارێکی دیکە هێزەکانی چەپ کەوتوونەتە بەر پەلاماری ڕژێم. پتر لە ١٢ هەزار ژاندارم و فەوجێکی لەشکر بە کوردستانی ئێران وەربوون و بۆ سەرکوتکردنی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەستیان بە کوشتار

---

[١] از انتشارات حزب دمکرات کردستان ایران، ١٩٨١، *دو بحث کوتاه در بارەی دو رویداد تاریخی در کردستان ایران*، تایپ و تکثیر از حزب دمکرات کردستان ایران، تشکیلات اروپا، ب.ش، ل٨–١٢.

[٢] بۆکانی، ١٩٧٢، یادی شەهیدی نەمری کورد ئیسماعیلی شەریفزادە، *ڕۆژنامەی "هاوکاری"*، ژ. ١١٢، ل٢.

[٣] عادل، ١٩٧٢، مەلائاوارە، شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، *ڕۆژنامەی "هاوکاری"*، ژ. ١٣٥، ل٢، ٤.

[٤] عادل، ١٩٧٢، مەلامەحموودی زەنگەنە، شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، *ڕۆژنامەی "هاوکاری"*، ژ. ١٣٧، ل٢.

[٥] غالب، ١٩٧٣، یادی شەهیدی قارەمانی نموونەی گەلی کورد سمایلی شەریفزادە، *ڕۆژنامەی "هاوکاری"*،ژ. ١٦٥، ل٢، ٤.

[٦] غالب، ١٩٧٣، پێنجەمین ساڵیادی شەهیدبوونی مەلائاوارە، *ڕۆژنامەی "هاوکاری"*، ژ. ١٨٤، ل٢.

کردووە''. هەروەها ڕۆژنامەی "لۆموند"ی فەرەنسی، لە ژمارە ١٦ی مانگی ١١ی ١٩٦٨، ڕۆژنامەی "مۆرنینگ ستار"، ئۆرگانی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا، لە ژمارە ٦ی مانگی ١٢ی ١٩٦٨، گۆڤاری "ئاشتی و سۆسیالیزم"، ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی جیهان، لە ژمارە ١ی ساڵی ١٩٦٩، ڕۆژنامەی "ال سیگلۆ"، ئۆرگانی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی شیلی، لە ژمارە ٢٧ی مانگی ١١ی ١٩٦٨، ڕۆژنامەی "ایل پارتیتۆ"،[١] چاپی ئیتالیا لە ژمارەی ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٦٩، هەواڵی ڕەوشی کوردستانی ئێرانیان لە پاش شکستی جووڵانەوەکە لەسەر لاپەرەکانیان بڵاو کردووەتەوە.[٢]

جووڵانەوەی ٦٧-٦٨ بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆی نەبوو، بەڵام پاش شکستی، تا ڕادەیەک لە نێو ڕۆژنامەکان دەنگدانەوەی هەبوو. دەنگدانەوەی جووڵانەوەکە و ڕەوشی کوردستانی ئێران پاش دامرکانەوەی جووڵانەوەکە لە پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە فارسییەکان، فراوانتر بوو. جووڵانەوەکە و دەنگدانەوەکەی، دەرگای بە ڕووی ڕۆژنامەی هێزە چەپەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا کردەوە بۆ ئەوەی لەپاڵ باسکردنی تاوانەکانی حکومەتی ئێران دژ بەکورد، ئاوڕ لە پرسی نەتەوەیی کورد و ڕێگە چارەی ئەو پرسە لە ڕوانگەی خۆیانەوە بدەنەوە. هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئامانجیان لە ورووژاندنی ئەم پرسە یەکخستنی تەواوی هێزی گەلانی ئێران و سوود وەرگرتن لە توانایی و جوگرافیای کوردستان دژ بە حکومەت بوو. پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش ڕۆژنامە فارسییەکان بە مەبەستی نیشاندانی ئازادی و ڕاگەیاندنی برایەتیی گەلان و ڕاکێشانی سۆزی کورد، لە پەراوێزی هەندێک بابەتدا باسیان لە جووڵانەوەکانی کوردستانی ئێران، لە نێویشیاندا جووڵانەوەی ٦٧-٦٨ کردووە. دەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لە عێراق و کوردستانی عێراقیش -بە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی "حدکا"شەوە- لە نێو گێژاوی ململانێ نێوخۆییەکاندا خۆی نمایش کرد. لە نێو ڕۆژنامەکانی دیکەی جیهانیشدا ئەو دەنگدانەوەیە لە چوارچێوەی پشتگیری لە خەباتی شۆڕشگێڕانە و دژایەتیی وڵاتاتی ئیمپریالیزمدا بوو.

[١] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر وتارەکان و ناوەڕۆکیان بڕوانە: ح. شیروان، ١٣٤٨، ص٢، ٥؛ حیسامی،١٩٨٧، ل١٦٧-١٧٠

[٢] حیسامی، ١٩٨٧، ل١٦٧-١٧٠.

باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لەسەر ئەدەبیات :

بە درێژایی مێژوو، سیاسەت و ڕووداوە مێژوویییەکان لەگەڵ ئەدەبیات کارلێک و پەیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەبووە. لە کوردستانیش ڕووداوە مێژوویییەکان، لەسەر ئەدەبی کلاسیک و مۆدێرنیش کاریگەرییان داناوە، چونکە کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتە داگیرکەرەکان هەیە، ئەدەبیاتەکەی هەمیشە ڕووبەڕووی دەستەڵاتی داگیرکەر بووەتەوە. بەو هۆیەوە بەشێکی گەورەی ئەدەبیاتەکەی ئەدەبی بەرگرییە و بۆ دۆخێکی مێژوویی دەگەڕێتەوە. جووڵانەوەی چەکدارانەی ١٩٦٧-٦٨یش وەکوو قۆناغێکی مێژوویی لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستانی ئێران، کاریگەریی لەسەر ئەدەبیات (شیعری نوێ و شیعری کلاسیکی نوێ) دانا. لە ماوەی جووڵانەوەکە و چەند ساڵێک پاش شکستیشی، دەیان پارچە شیعری نوێ و چیرۆکی ئەدەبی لە لایەن شاعیران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕەوە نووسراو و بە نهێنی بڵاو کرایەوە. ئەوان کوژرانی ڕێبەران و پێشمەرگەکانی جووڵانەوەکەیان لە ڕێگەی ئەدەبی بەرگرییەوە نووسییەوە و بەزیندوویی هێشتیانەوە و کردیانن بە بەشێک لە سەرمایەی فەرهەنگی نەتەوەی کورد.[١]

تەوەری یەکەم: ڕەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لەسەر شیعری نوێی کوردستانی ئێران:

دروستبوونی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و سەرکردایەتیکردنی جووڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵوێستی ڕووناکبیران، ئەدیبان و شاعیران لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستانی ئێران دانا. شاعیران وەکوو تاکێکی هەستیار و هۆشیاری نێو کۆمەڵگە، سەرەتا کەوتنە ژێر کاریگەریی سەرهەڵدانی جووڵانەوەکە، پاشان سەرکوتکردن و کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەران و پێشمەرگەکانی، کاری کردە سەر هەست و نەست و بیرکردنەوەیان. ئەو کاریگەرییەش لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی دایەوە. ئەوان لە سەرەتادا هیواکانی خۆیان لەسەر کۆمیتەی شۆڕشگێڕ هەڵچنی و لە دڵەوە، وەکوو ڕێکخراوێکی هەڵگری فکری شۆڕشگێڕانە پشتگیرییان کرد. بە شکستیشی تووشی ئەو خەم و ئازارە بوونەوە کە کوردستانی ئێرانی گرتەوە. ئەوان بە قەڵەمەکانیان، خەمەکانیان لە ئاست ئەو ڕووداوە دەربڕی. لێرەوە بەشێک لە ئەدەبی بەرگریی کوردستانی ئێران لەدایک بوو. ڕێبەران و پێشمەرگەکانی ئەو جووڵانەوەیە و ڕەوشی ئەو کاتی کوردستانی ئێران، بووە هەوێنی شیعر و کەرەستەی پەخشان و داستانەکانی زۆرێک لە شاعیرانی کوردستانی ئیران. هەستی نەتەوەیی و شینگێڕانی شاعیران بۆ لەدەستدانی هاوزمانان و هاوڕێکانیان لە بەرهەمی زۆرێک لە شاعیرانی شیعری نوێ ڕەنگی دایەوە،[٢] بەڵام بەشێکی زۆری ئەو ڕەنگدانەوەیە، بە هۆی هەڕەشە و ستەمی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران، لە شێوەی

---

[١] ئەحمەدزادە، هاشم، ٢٠٢٥، بەرنامەی تایبەت بە هەشتاساڵەی دامەزراندنی ح.د.ک و کاریگەرییەکانی لەسەر ئەدەبی بەرگریی کورد، ٢٤-١٢-٢٠٢٥ kurd channel-کورد کاناڵ.

[٢] قاسمی، ٢٠٢٤، ل ١٦٠.

دەربڕینی هێما و ڕەمز خۆی نمایش کرد، ئەو شێوازە لە ئەدەبیاتدا بە سیمبولیزم[1] ناسراوە. چونکە هەر شیعرێک ناوەڕۆکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕانەی هەبووایە، شاعیر ناچار بوو پەنا ببات بەر ڕەمز و هێما.[2] کاروانی شیعری نوێی کوردستانی ئێران، کە بە سێکوچکەی "هاوار"(١٩٣٩-١٩٩٢)، "چاوە"(١٩٤٢-...) و "سوارە"(١٩٣٧-١٩٧٥) دەستی پێکردبوو، بەجۆرێک "هاوار" بووە ڕابەری شیعری نوێ و پاشان "چاوە"، بەڵام "سوارە" بوویە ناسنامەی ئەو ڕەوتە نوێیەی شیعر و هیچ شاعیرێک نەیتوانی ڕکابەریی بکات.[3] سمایل شەریفزادە یەک لە ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و جووڵانەوەکە، هاوڕێ و هاوڕێگای شاعیر و خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران بوو. پاش جێهێشتنی زانکۆ و چوونی بۆ کوردستانی عێراق و پەیوەندیکردنی بە ڕیزەکانی "ح.د.ک"ەوە، بووە نوێنەر و سیمبولی خوێندکاران لەنێو ئەو حیزبە. لەنێو سێکوچکەی شیعری نوێی کوردستانی ئێران، هاوار، پاش کۆتایهاتنی جووڵانەوەکە و کوژرانی شەریفزادە، شیعرێکی بە ناوی "گەلی هەژار" بۆ جووڵانەوەکە نووسیوە. لە شیعرەکەیدا بێ پەردە ناوی سمایل شەریفزادەی هێناوە و نووسیویەتی: ''بۆ سمایل شەریفزادە''.[4] شاعیر لەم شیعرەیدا شینی بۆ گەلەکەی و قارەمانی لەدەستچووی گێڕاوە؛ هاواری خەڵکی بۆ لای خودا بردووە و خەمی بۆ شکستی جووڵانەوەکە دەربڕیوە. هۆکاری شکستەکەی بۆ کەم توانایی شۆڕشگێڕان لە ئاستی سوپای حکومەت ئێران گەڕاندووەتەوە.[5]

لە نێو سێکوچکەی شیعری نوێی کوردستانی ئێراندا،[6] "سوارە" لە هەمووان زیاتر لە ژێر کاریگەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و جووڵانەوەکەدا بووە. ئەو کاریگەرییەش لە پەخشان و شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەو هۆیەوە بە شاعیری جووڵانەوەکە ناودێر بووە.[7] سوارە شیعرەکانی "بانگەوازی پەنجەرە" و "خێڵی درۆ"ی، لە سەردەمی خەباتی سیاسیی کۆمیتەی

---

[1] شێوازی سیمبولیزم لە شیعردا، بریتییە لە دیاریکردنی بابەتێک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتا شاعیر پەیامەکەی لە ڕێگەی چەندین ڕەمز یان ئاماژەیەکی زۆر لە ڕەمز دەخاتەڕوو، ئەوەش یارمەتیی شاعیر دەدات کە ئامانجەکان لە ماوەی ڕەمز و بەکارهێنانەکانی بهێنێتە دی. شاعیر بەهۆی نەبوونی ئازادیی دەربڕین لە نووسین و بابەتە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکاندا ئەم شێوازە دەگرێتەبەر. بۆ زیاتر بڕوانە: ئەحمەد، گوڵباخ حوسێن، ٢٠١٦، *ئەزموونی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان*- کرمانجیی ناوەڕاست(١٩٨٠-٢٠١٤)، نامەی ماستەر، هەولێر: زانکۆی سەڵاحەدین، ل١٠٤-١٠٥.

[2] بەهرەوەر، ب.س، ل٣٤٥.

[3] بەهرەوەر، ٢٠١١، ل٢٧٣؛ ڕەئوف، ٢٠١٤، ل١٠، ٢٩.

[4] هاوار لە شیعری گەلی هەژار لە ساڵی ١٩٦٨دا دەڵێت:

گەلی هەژارو خەمینم، لە زوڵمی بێگانە،

لە گوێن سەهۆڵی سەری لەند و هەوشینان،

کە تاقەتی نییە خۆ ڕاگرێ لەبەر گەرما،

تواوە تک تک و ڕێی گرتەبەر بەرەو هیچی. بۆ زیاتر بڕوانە: ڕەئوف، د. لوقمان(ئامادەکار)، ٢٠١٤، *دیوانی هاوار(عەلی حەسەنیانی)*، سلێمانی: چاپخانەی دێکانی، ل١٧٧-١٧٨.

[5] قاسمی،٢٠٢٤، ل١٦٤-١٦٥.

[6] شایەنی باسە لە نێو سێکوچکەی شیعری نوێی کوردستانی ئێران، شیعری چاوە بۆ جووڵانەوەکە بەرچاو ناکەوێت، چونکە ناوبراو وەکوو کەسێکی کۆسمۆپۆلیتیک، ڕەوایەتیی بە هیچ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کوردی نەداوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بەهرەوەر(ئامادەکار)، ب.س، ل٤٠٢-٤٠٣.

[7] قاسمی، ٢٠٢٤، ل١٦٢-١٦٣.

شۆڕشگێڕدا نووسیوە. لە "بانگەوازی پەنجەرە"دا[1] شاعیر دڵ بەئومێدە و هیوای بە یەکبوونی خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران و کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و بووژانەوەی خەبات هەیە.[2] بەڵام لە شیعری "خێڵی درۆ"دا،[3] نائومێدی باڵی بەسەردا کێشاوە و سەبارەت بە پەیوەست نەبوونیان بە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و پەشیمانبوونەوە لە کۆبوونەوەی یەکەمیان، گلەیی لە هەڵوێستی هاوڕێکانی کردووە.[4] تێکشکانی جوواڵنەوەکە و کوژرانی زۆرینەی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، جارێکی دیکە دیکە کاری لە سۆزی "سوارە" کرد و بە شیعری "شەنگەسوار"[5] شینی کوژرانی شەریفزادەی گێڕا، هەستی بێهیوابوونی لە ڕەوشی کوردستانی ئێران دەربڕیوە و دووبارە سەرکۆنەی هاوڕێکانی کردووە. بەڵام دواتر پێچەوانەی ئەو نائومێدییەی کە لە شیعری "شەنگەسوار"دا ڕووی تێکردبوو، لە

---

[1] سوارە لە بانگەوازی پەنجەرە لە ساڵی ١٩٦٧–١٩٦٨دا دەڵێت:

تەوژم و تین،
ئەگەڕا نوتفەدانی پەنجەرەکان،
وەماڵی بێ زگ و زا، پر ئەبوو
لە تۆوی بەهار
شنە هەمیشە وەکوو.
وێردی زاری پەنجەرە بوو؛
ئەبوو بەسەربەندێ
لە قاپی سەوزی زەمەندا، دووپات ئەکراوە؛
منیش دڵم پشکووت
بەڵێنی دەعوەتی ڕەنگینی پەنجەرەی تاکی
بەرەو بەهارم دا. بۆ زیاتر بڕوانە: ئاشتی، سەلاحەدین(ئامادەکار)، ٢٠١٤، *شەنگەسوار–سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارەی ئیلخانیزادە*، چاپی دووەم، سلێمانی، غەزەلنووس، ل٥٧١–٥٧٢.

[2] قاسمی، ٢٠٢٤، ل٦٥–٦٦.

[3] سوارە لە شعری "خێڵی درۆ"دا لە ساڵی ١٩٦٨ دا دەڵێت:

ئێوە کێن؟ خێڵی درۆ!
ئەی گەلی دەم پڕ لە هەرا !
نیشتەجێی شاری بەگرمە و دووکەڵ.
پێم بڵێن ئێوە چ کارەن؟
چ کەسن؟ ئێوە ئەی کرمی کتێب!
یاری غاری هۆدە! بە گەرووی قاسپەکەری کەوتارێن،
جارێ کام گوم بوو ئەدەن، وا بە هەڵپە و بە دەهۆ؟ بۆ زیاتر بڕوانە: ئاشتی(ئامادەکار)، ٢٠١٤، ل٥٦٩–٥٧٠

[4] بەهرەوەر(ئامادەکار)، بێ ساڵی چاپ، ل٣٥٠.

[5] سوارە لە شیعری شەنگەسوار لە ساڵی ١٩٦٨ دا دەڵێت:

کوا شەنگە سوار،
کە درەوشانەوەی پەڕی سەری ئەسپی
چاوێک بخاتە بیری تلووعێ؟!...
دیتم کە پڕمە دێ!
من گەرمی بیر و هیوا بووم
پڕمەی کەحێڵی سواری مەریوانە؟
بێچارە خۆم!.... بۆ زیاتر بڕوانە: ئاشتی(ئامادەکار)، ٢٠١٤، ل٥٧٦–٥٧٧.

شیعری "کچی بەیان"[1] ئومێدی هاتووەتەبەر و تێکشکانی جوولانەوەکەی بە بڕگەیەک لە خەباتی ڕزگاریخوازانە داناوە و ڕایگەیاندووە، تێکۆشانی نەتەوە بۆ ڕزگاری کۆتایی نەهاتووە.[2] کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و جوولانەوەی ٦٧-٦٨ بە جۆرێک کاری لە سوارە کردبوو، نەک تەنها لە شیعرەکانی بەڵکوو لە پەخشانەکانیشدا ڕەنگدانەوەی هەبوو. ساڵی ١٩٦٩ سوارە داستانێکی بەناوی "چەکوش وەشێنی ڕۆڵەکوژراو"، لە بارەی داستانی کاوەی ئاسنگەرەوە نووسیوە. نووسەر لە پەخشانەکەیدا، ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی بردووەتە ئاستی قارەمانانی وەک کاوەی ئاسنگەر، زەردەشت، سەلاحەدین ئەیوبی و بابەکی خورەم.[3] سوارە لەو پەخشانەدا ڕەوشی کوردستانی ئێرانی لە سایەی حوکمی شا بەسەردەمی ئەژدیهاک بەراورد کردووە. لە داستانەکەیدا لە لایەک باسی ئەژدیهاک و ستەمی بێئەژماری دەکات، لە لایەکی دیکەوە باسی تەسلیم نەبوونی گەل و قارەمانێتی و بەرخۆدان لەپێناو ڕزگاریدا دەکات.[4]

موسڵیح شێخولئیسلامی، ناسراو بە "ڕێبوار"(١٩٤٧...) برای چاوە، یەکێکی دیکە لەو شاعیرانەیە کە بە شیعر و چیرۆک سۆزی خۆی بۆ تێکشکانی جوولانەوەکە دەربڕیوە. ناوبراو لە شیعری "دارێنە" وێڕای ئەوەی ستایشی توانایی و لێهاتوویی شەریفزادەی کردووە و بەڵێنی درێژەدان بە خەباتەکەیانی داوە، هاوکات باسی لە سیمای شۆڕشگێڕانەی شەریفزادە و هاوڕێکانی لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ کردووە و پەردەی لەسەر تاوانی حکومەتی ئێران لاداوە.[5] هەروەها شیعری "سنە"[6] ی بۆ

---

[1] سوارە لە شیعری "کچی بەیان" لە ساڵی ١٩٦٩دا دەڵێت:
من ئەڵێم: پەپوولەیەک فڕی بە باڵی سەوز و سوورەوە!
من ئەڵێم: گوڵێ بەدەم شنەی شەماڵەوە، بزەی بزووت!
تۆ ئەڵێی: چ بوو پەپوولەیەک فڕی
یانە سوورە گوڵ، زەردە کەوتە لێوی ناسکی؟
من ئەڵێم هەتا هەتایە، دەوری جوانییە!
ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە نەماوە ئاگر و گڕی،
مێرگی ئاسمان بە سووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆک، پڕ لە خاڵ و قۆپەنە،...
خۆشەویستەکەم! ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات،
ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین،
فێر نەبووین بەزین و دابەزین!
ڕانەهاتووە چاوی قارەمانی کورد بە شەونمی گرین... بۆ زیاتر بڕوانە: ئاشتی(ئامادەکار)، ٢٠١٤، ل٥٦٧-٥٦٨

[2] قاسمی، ٢٠٢٤، ل٨٥، ٩٩.

[3] سوارە بەر لە دەستپێکی داستانەکە تێبینییەکی نووسیوە و دەڵێت: ''هۆزی کورد، قارەمانی زۆری داوە بە مێژووی دنیا، وەکوو: زەردەشت، کاوە، سەلاحەدینی ئەیوبی و بابەکی خورەم. ئەم داستانەم لە بابەت کاوەی ئاسنگەرەوەیە.
ولاتی ئێران شەوەزەنگە، داگیرکەری بێ بەزەیی کە وەک سێبەری شەیتان بەسەر هەموو ولاتا مەینەتی کێشابوو. کۆمەڵ کڕوکپ و بێدەنگ ملی دانەواندبوو بۆ زۆر و ستەم، بەڵان نا...گەل تەسلیم نەبووە و چاوەڕێیە، چاوەڕوانی دەستێکی ئالاهەڵگر. لەم خاڵانەدا گەلی ئێران وەک ئاوی سەر ئاور ئەجۆشێ، بەڵام هەڵنەچووە، چاوەڕوانی هەڵچوونە، چاوەڕوانی دەرفەتە... ،ئاشتی(ئامادەکار)، ٢٠١٤، ل٤٥٣.

[4] ئاشتی، ٢٠١٤، ل-٤٥٣.٤٩٦

[5] سوڵتانی، ڕەشاد مستەفا، ٢٠٠٧، *کاک فوئاد، ڕێبەر و سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی*، چ. ٢، ئاڵمان: کۆڵن، ل١٧٥؛ کەریمی، ٢٠٢١، ل١١٥-١١٦.

[6] ڕێبوار لە ساڵی ١٩٦٩ لە شیعری "سنە" دا دەڵێت:

بۆ سمایل شەریفزادە هۆندووەتەوە و دەڵێت: ''ئەوە بۆ سەرکردەیەکە کە بڕوام پێی هەبووە''. لە شیعرێکی دیکەیدا بە ناوی "سەقز و بانە"[1] جارێکی تر یادی شەریفزادەی کردووەتەوە و پیاهەڵدانەکانی بۆ لاوانی سەقز و بانەیە، گلەییەکانیشی ڕوو لە کوردستانی عێراقە. ڕێبوار تا ئازاری ١٩٧٣، هێندە لە ژێر کاریگەریی جوواڵانەوەکەدا بووە، شێعرەکانی بۆ نموونە شیعری "بۆکان"[2] و شیعری "سابڵاغ"ی بۆ ڕێبەرانی جوواڵانەوەکە و بەرخۆدانیان تەرخان کردووە.[3] ڕێبوار جگە لە

لەسەر ئاریێزەوە با بڕوانم
بۆنەکەی خۆشە ئەگاتە گیانم...
قیبلەکەم شاری کزی مل بەخوێن
گۆڕی پیرۆزی شەهیدان لە کوێن؟
با بچم دەستە گوڵی لێدانێم
دڵی داماوی لەبەرپێ دانێم
گوڵەبارانی گڵی سمکۆ کەم
گڵەبانانی دڵی پڕسۆ کەم
چاوی ڕاستی مە؛ "گیڤارا"ی کوردی
خۆزگەمان پێت کە بە مەردی مردی... بۆ زیاتر بڕوانە: ڕێبوار، موسلیح، ٢٠١٩، *بۆ ئازادی-کۆبەرهەمی موسلیح ڕێبوار*، چاپی دووەم، ب.ش، چ. حەمدی، ل٦٢.

[1] ڕێبوار لە شیعری سەقز و بانە لەساڵی ١٩٦٩ دا دەڵێت:
ئاوی چۆمی سەقز ئەسرینی شار
لایە-لایەی خەمی لاوانی هەژار ...
ڕوو لە دارێنە لە ئارباباوە
کە دوا سەنگەری سمکۆی لاوە...
هەر لەوێوە بە کەژی سوورکێوا
ڕاسپێرن گلەیی بەو دیوا
قارەمانانی دوێ و ئەورۆ درۆ
هێشتا ناسۆرە بریێنی سمکۆ
شۆڕشی کۆڕپە لەوێ خنکاوە
نۆکەری دوژمنی خەڵکی باوە. بۆ زیاتر بڕوانە: ڕێبوار، ٢٠١٩، ل٦٥-٦٦.

[2] ڕێبوار لە شیعری "بۆکان"دا لە ئازاری ١٩٧١ دا دەڵێت:
شاری بۆکان ئەوەتا خەمبارە
ئازیەت باری کوڕانی پارە
لێرەیە جووتە- برا کوژراون
کوێر بێ دوژمن؛ کە خەڵک هەر ماون. بۆ زیاتر بڕوانە: ڕێبوار، ٢٠١٩، ل٧١-٧٢

[3] ڕێبوار لە شیعری "سابڵاغ" لە ئازاری ١٩٧٣ دا دەڵێت:
...دڵە هەڵقرچێ بە یادی جاران
ئێرە سابڵاغە و قیبلەی یاران
شاری سابڵاغ ی "سولەیمان" پەروەر
چۆن ئەتۆ ماوی بەبێ ڕۆڵەی شەڕ؟
کوان"عەولا" ت و "موراد شیرێژ"ت؟
کوانێ ڕۆڵەی نەبەز و خوێنڕێژت؟
کاکە "سمکۆ"ی لە سنە نێژراوت؟

شیعرەکانی، لە کورتەچیرۆکی بە شێعرنووسراوی "داڕێنە"دا بەسەرهاتی خەباتی سیاسیی شەریفزادە و هەڵوێستی خەڵک و شێوازی کوژرانی ناوبراوی گێڕاوەتەوە.[1] هەموو ئەو شیعر و چیرۆک و پەخشانانە، لای لاوان دەستاودەستیان دەکرد و بۆ بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان دژی ستەمی حکومەتی ئێران، هیوابەخش و هاندەر بوون.[2] کاریگەریی جوواڵانەوەکە لەسەر ڕۆشنبیران، هێندە قووڵە کە تا ئێستاش بەردەوامیی هەیە و ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ پاڵەوانی شیعری هەندێک لە شاعیرانی نەوەی ئەم سەردەمەن. نیما حوسێنی (٢٠٠٥-...) شاعیر و ڕۆشنبیری لاوی کوردستانی ئێران ساڵی ٢٠٢٣، لە یادی جوواڵانەوەکەدا شیعرێکی بەناونیشانی "عێلوێ"،[3] هەمان ئەو شاخەی قالوێ، کە عەبدوڵڵا موعینی و مینەشەمی تێدا شەهیدبوون بڵاو کردووەتەوە، لە شیعرەکەیدا شاعیر شینی کوژرانی عەبدوڵڵا موعینی و مینەشەم دەگێڕێت.[4]

تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی جوواڵانەوەکە لەسەر شاعیرانی نوێی شیعری کلاسیک[5]:

جوواڵانەوەی ٦٧-٦٨ و شکانەکەی، کاریگەریی لەسەر شاعیرانی نوێی شیعری کلاسیکی کوردی لە کوردستانی ئێران دانا. ئەو کاریگەرییەش بە شێوازی جیاواز لە بەرهەمی بەشێک لە شاعیرەکاندا ڕەنگی دایەوە، بە جۆرێک زۆرینەیان ئەم جوواڵانەوەیان بەخەباتی ڕەوای گەلەکەیان دانا. جوواڵانەوەکە هەستی نەتەوەیی ئەوانی بووژاندەوە، لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە لە لایەک پشتیوانیی خۆیان بۆ جوواڵانەوەکە و ڕزگاریی نەتەوەکەیان دەربڕی، لە لایەکی دیکەشەوە خەمی لەدەستدانی ئەو پۆلە پێشمەرگەیان لەگەڵ گەلەکەیان لە کوردستانی ئێران بەش کرد و ناوی شەهیدانی ئەو

چاکترین شۆڕە کوڕی کوژراوت.
"مینە شەم" چۆنە بەهەشتی جێیە؟
لە بەهەشتی دڵی خەڵک جێی کوێیە؟. بۆ زیاتر بڕوانە: ڕێبوار، ٢٠١٩، ل٧٣-٧٤

[1] ڕێبوار، ١٩٩٦، چیرۆکی شیعری "داڕێنە"، *گۆڤاری "گزنگ"*، ژ.١٠، ل٥٠-٥١.

[2] سوڵتانی، ٢٠٠٦، ل٥٣.

[3] شاعیر لە شیعری عێلوێ دا لە ساڵی ٢٠٢٣ دا دەڵێت:
لەگەڵ قاسپەی خرتە و باڕت
لەگەڵ خشپەی، کەرۆێشکەی نێو گەنمە جاڕت...
تیژکەڵێکی بەرزەبااڵم بیر دێتەوە...
پتەی ئەنگوستی ژاندارمە و ، تەقەی چەک و ، نرکەی "عەوڵا"م بیر دێتەوە...
لەگەڵ شێنەت، کزەت، نزەت...
هاواری مان...
شەپۆڕی ژان...، ناڵەی زامی" مینە شەم" م بیر دێتەوە. بۆ زیاتر بڕوانە:-https://t.me/history ٦٨/٢٠١٩٦٧

[4] شۆڕش، نیما حوسێنی، ٢٠٢٣، -https://t.me/history١٩٦٧ ٦٨/٢٠

[5] قۆناغی شیعری نوێ کە قۆناغی "گواستنەوە"شی پێدەوترێت، قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکارییە و مەودای نێوان قۆناغی کلاسیک و نوێ دەگرێتەوە. سەرەتا و دەستپێکی گۆڕانکارییە لە کلاسیکەوە بۆ نوێ. دەستپێکی ئەم قۆناغە لەسەر دەستی شاعیرانی موکریان بووە. هێمنی شاعیر یەکێکە لە شاعیرانی ئەو قۆناغە، کە بە ئاوێتەکردنی ئەوین و سیاسەت، گۆڕانکاریی لە ناوەڕۆکی غەزەلدا کرد و غەزەلی سیاسیی هێنایە ئاراوە. ئەم غەزەلەش بوویە ڕەوتێکی نوێ و شاعیرانی هاوزەمانی هێمن. وەکوو هێدیی شاعیر و شاعیرە نوێخوازەکانی دیکە، درێژەیان بەم ڕەوتە دا. بۆ زیاتر بڕوانە: ئەحمەد، ٢٠١٦، ل، ١٤، ٢٢، ٢٦.

جوولانەوەیان خستە ڕیزی قازی محەمەد و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەیان. هێمن موکریانی(١٩٢١-١٩٨٦) لە نێویاندا نموونەی ئەو شاعیرانەیە کە لە ڕێگەی پەیامە شیعرییەکانییەوە پشتیوانیی لە جوولانەوەکە کردووە. شیعرەکانی نێوان ساڵانی ١٩٦٧-١٩٧٠ی هێمن بە ڕوونی کاریگەریی جوولانەوەکەیان پێوە دیارە. جوولانەوەکە نەک هەر لەسەر شێعرەکانی، بەڵکوو لەسەر ژیان و چارەنووسی خودی هێمنیش کاریگەر بووە، بەجۆرێک کە ژیان و خەباتی ئەو شاعیرە پاش جوولانەوەکە، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ، ناچار بووە ڕوو بکاتە کوردستانی عێراق و لە پاڵ "ح.د.ک" درێژەی بە خەباتی خۆی داوە. هێمن لە ساڵی ١٩٦٧، لە سەرەتای تێکۆشانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، بە شیعری "ناسۆری تەشەنا"[١] خەم و نائومێدیی خۆی لە ڕەوشی کوردستانی ئێران لە سایەی حکومەتی ئێراندا دەربڕیوە. شاعیر لە بیئومێدیدا ڕووی لە مەیخانە کردووە.[٢] دواتر پاش تێکشکانی جوولانەوەکە، بەهۆی ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنەی حکومەتی ئێران پاش جوولانەوەکە دەستی پێکردبوو، لە ساڵی ١٩٦٨ڕووی کردە کوردستانی عێراق، ساڵی ١٩٦٨ بە شیعری "ڕەق هەڵاتم"[٣] باسی لە هۆکاری هەڵهاتنەکەی کردووە. لە هەمان ساڵدا هێمن بە شیعری "گەرمەشین"،[٤] شینی بۆ کوژرانی زۆرینەی ڕێبەرانی جوولانەوەکە و پێشمەرگەکانی "ح.د.ک" گێڕاوە. شیعرەکانی دواتری هێمن وەکوو "مەتەڕێزی شەرەف"، "شەنگەبێری" و "ئامێزی ژن"، لە چوارچێوەی ئەدەبی بەرگریدا، باس لە گرنگیی بەدەستهێنانی ئازادیی نەتەوەکەی بۆ بەردەوامی لە کایەکانی ژیان دەکات.[٥] ناوبراو بە پێچەوانەی هەژاری شاعیر ساڵانە بە شیعرەکانی یادی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کردووەتەوە،[٦] ساڵی ١٩٧١ لە شیعری "ترۆپکی ڕزگاری"، یادی خەباتی قازی محەمەد

---

[١] هێمن موکریانی لە شعری "ناسۆری تەشەنا" لە ساڵی ١٩٦٧دا دەڵێت:

وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەوشۆ خەمی دڵ کەم کەم
لووزەوم بەردە سەرێ، نامەوێ جورعەی کەم کەم
تەشەنا بووەتەوە ناسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنە و بە مەیی کۆنی دەبێ مەڵهەم کەم...
چۆن نەبەم بۆ مەی و مەیخانە پەنا، تێگەیوم

لەو وڵاتە هەموو شت زۆرە، بەنی ئادەم کەم. بۆ زیاتر بڕوانە: حەبیب، وریا(نووسیار)، ٢٧٠٨، *دیوانی هێمن موکریانی*، چ. ١، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا، ل٢٠٦-٢٠٧

[٢] حیسامی، کەریم، ١٩٨٧، یادی هێمن، سوید، لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی نوێ، ل٢٧.

[٣] هێمن لە شعری "ڕەق هەڵهاتم" لەساڵی ١٩٦٨دا دەڵێت:

....کوا بەخۆشی خۆم بە جێ دێڵم وڵاتی خۆشەویستم
من لە ترسی زلە و باتووم و دار و شەق هەڵاتم!. بۆ زیاتر بڕوانە: حەبیب(نووسیار) ، ٢٧٠٨، ل٢٠٨.

[٤] هێمن لە شیعری گەرمە شین لەساڵی ١٩٦٨ دا دەڵێت:

بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤاڵێکی کە چووە بێ سەروشوێن دەگریم
بۆ هەموو پیر و جوانێکی لەسەر کوردستان
چوونە بن داریّ بە بێ وەی کە بشلوێن دەگریم.... بڕوانە: حەبیب (نووسیار) ، ٢٧٠٨، ل٢٠٩-٢١١.

[٥] حیسامی، ١٩٨٧، ٢٨-٢٩

[٦] هەژار یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی شیعری کلاسیک، کە لە نزیکەوە زۆرینەی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و جوولانەوەکەی ناسیوە و ڕۆژگارێکیش هاوخەباتیان بووە، بەڵام پێچەوانەی شاعیرەکانی دیکە، قەڵەمەکەی بەشدار نەبوو لە شینگێڕان بۆ کوژرانی پۆلێک لە کادرە بااڵکانی ح.د.ک لە جوولانەوەی ٦٧-٦٨. بەڵکو بە پێچەوانەوە، دژی

و مەلائاوارەی کردووەتەوە و ڕایگەیاندووە کە ڕێگای ئەوانی گرتووە.[1] پاشان لە ساڵی ١٩٧٩بە شیعری "ڕەوەز ورد نابی" جارێکی دیکە یادی جوولانەوەکە و سوڵەیمان موعینیی کردووەتەوە.[2]

خالید ئاغای حیسامی ناسراو بە "هێدی"ی شاعیر(١٩٢٧-٢٠١٦) یەکێکی دیکە لە شاعیرانی کلاسیک بوو کە پاش شکستی جوولانەوەکە و کۆژرانی ژمارەیەک لە هاوڕێکانی لە نێو کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک"، بە شیعرەکانی بەشداریی خەمی نەتەوەکەی کرد. هەر چەندە ناوبراو پاش جێهێشتنی کوردستانی ئێران و هاتنی بۆ کوردستانی عێراق، لە سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق نزیک ببووەوە، بەدڵ لە پاڵ "پ.د.ک" درێژەی بە خەباتی خۆیدا و لە "ح.د.ک" دوور کەوتەوە و متمانەی بنەماڵەی بارزانی بەدەستهێنابوو. بەڵام ئەوە لە شینی هێدی بۆ هاوڕێ کۆژراوەکانی ڕێگر نەبوو. هێدی لە شیعری شینی هەڤاڵانیدا بە ناوهێنانی شوێنی شەڕەکان و ناوی کۆژراوەکان، ئاماژەی بە وردەکاریی کۆژرانی ژمارەیەک لە ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەکان کردووە. سەرەتا باسی محەمەدئەمین موعینی،[3] باوکی سوڵەیمان و عەبدوڵڵا موعینی دەکات و کەم

جوولانەوەکە بووە و لە ڕێگەی "چێشتی مجێور"ەوە، کە لە شێوەی چیرۆکێکدا بۆ خانیی کوڕی گێڕاوەتەوە، هێرشی توندی کردووەتە سەر جوولانەوەکە بە گشتی و سوڵەیمان موعینی، کەسی یەکەمی جوولانەوەکە بەتایبەتی. جگە لە سوڵەیمان موعینی ڕووی هێرشی کردووەتە سەر حەمەدەمین سیراجی و بە خەیانەتکردن لە هاوڕێکانی و ترسنۆک وەسفی کردووە. پێدەچێت نزیکیی هەژار لە سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق هۆکاری ئەو هەڵوێستەی هەژار بووبێت. بڕوانە: هەژار، ١٩٩٦، ل٤٠٢-٤٠٥؛ ئەم نووسینەی هەژار لەسەر جوولانەوەکە، کاردانەوەی بەدوا خۆیدا هێنا، مەلا ڕەسول پێشنەماز یەک لەو کەسانە بوو لە نووسراوێکدا، بە بەڵگە و شاهیدیی ئەو کادر و کەسانەی لەژیاندان، وەڵامی هەژاری داوەتەوە و قسەکانی بەبێ بنەما وەسف کردووە. هۆکاری ئەو کارەی هەژاری گەڕاندووەتەوە بۆ خۆشیرینکردن لای بارزانی و هێنانەوەی پاساو بۆ کوشتنی سوڵەیمان موعینی. بۆ زیاتر بڕوانە: پێشنەماز، مەلا ڕەسوول، ١٩٩٨، چەند سەرنجێک لەسەر چێشتی مجێوری هەژار موکریانی، *گۆڤاری گزنگ*، ژ.٢١، ل٦٢-٦٨؛ هاوکات شێرکۆی کوڕی هەژاریش بە هەمان شێوە وەڵامی باوکی داوەتەوە. ناوبراو جگە لەوەی باوکی بە کەمتەرخەم دەزانێت لە پرسی کوشتنی سوڵەیمانی موعینی، سەبارەت بە باسکردنی موعینی لە چێشتی مجێوردا دەڵێت: '' هەژار ئەوەی کە لە باسی موعینیدا لە چێشتی مجێوردا دەیڵێت، شتێکە ئەگەر هەوڵ بدەم زۆر بێ ئەدەب نەبم بریتییە لە هیچ''. بۆ زیاتر بڕوانە: هەژار، شێرکۆ، ٢٠١٦، *بارزانی و هەژار و هەژار و چەند کەسێک*، ب.ش، ب،چ، ل٤٢-٤٥؛ هەروەها فەرەنسۆ هەریری یەکێکی دیکە بووە لەو کەسانەی کە ڕەخنەی لە چێشتی مجێوری هەژار هەبووە، وێڕای ئەوەی نێوانی لەگەڵ هەژار خۆش بووە. لەو بارەیەوە عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەڵێت:''فەرەنسۆ هەریری بەخۆمی گوت، بەداخەوە مردووە، دەنا ئەگەر زیندووبایە، بەقەت خۆیم لەسەر دەنووسی''. کاردۆ(ئامادەکار)، ٢٠١١، ل١٢٤.

[1] هێمن لە شیعری "ترۆپکی ڕزگاری" لە ساڵی ١٩٧١ دا دەڵێت:

ڕێبوارێکم ئازا و بە زیبک و زاکوون
دەبڕم چیا و چۆڵ و پێدەشت و بێروون.....
پێم گرتەوە، دەرچووم لە دارە دارە
ڕێم گرتەوە ڕێگای قازی و ئاوارە

نامترسێنێ گوللە، پەتک، سێدارە. بۆ زیاتر بڕوانە: ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧١، "کوردستان"، ژ. ٤، ل٤؛ حەبیب(نووسیار)، ٢٧٠٨، ل٢٢٢.

[2] حەبیب، ٢٧٠٨، ل٣٤٩-٣٥٠.

[3] هێدی لە باسی کاکەمین دا دەڵێت:

کاکەمین ئەو سەروبەندەی چۆنە؟
دڵی سووتاوی دەکا سەرکۆنە؟....
بەهەموو هەستەوە شینی گێڕا؟

توانایی پێنووسەکەی لە ئاستی خەمی باوکی موعینیەکان بۆ لە دەستدانی ڕۆڵەکانی دەخاتەڕوو. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، هێدی بە ڕوونی باسی لە کوژرانی سوڵەیمان موعینی نەکردووە، هەرچەندە کەسی یەکەمی جووڵانەوەکە بوو. پێدەچێت ئەو هەڵوێستەی بۆ نزیکیی ناوبراو لە سەرکردایەتی شۆڕش بگەڕێتەوە و نەیویستبێت ئەو ڕووداوە بخاتە بەرباس. دواتر لە درێژەی شینی هەڤاڵاندا و لە شیعرەکانی "گوندی بەیرەم"[1]، "کوێستانی سپی سەنگ"[2]، "قالوێی گەورکان"،[3] "شاخی حاجی کێمی"،[4] "شاخی گوێزەکوێرە"،[5] "سپیلکی سەرشیو"،[1] "چۆمی کۆدەڵ"[2] و "گوندی

یان لەبەر دوژمنەکەی نەیوێرا؟ بۆ زیاتر بڕوانە :هێدی، خالید حیسامی، ١٣٦٤، *کاروانی خەیاڵ*، چ. ١، ارومیە، چاپخانەی سەڵاحەدینی ئەیوبی ل٢١١-٢١٣.

[1] هێدی لە شیعری "گوندی بەیرەم"دا دەڵێت:
ڕێ بەکۆسپ و تەگەرە و چاڵ و چۆڵ
ڕێیە ڕێبواری دەوێ توند و تۆڵ...
بگرم شوێنی مەلا مەحموودی
ون نەکەم خوێنی مەلا مەحموودی...
بۆ زیاتر بڕوانە: هێدی ١٣٦٤، ل٢٢٠-٢٢١

[2] هێدی لە شیعری کوێستانی "سپی سەنگ" دا دەڵێت:
...هەڵکشێ بێتە ''سپی سەنگ'' تاوێ
خۆی لە ئامێزی چیا و چڕ باوێ
سەرەوەی سەنگەری سەربەرزانە
گیان لەوێ چەندی بڵێی هەرزانە..... بۆ زیاتر بڕوانە: هێدی، ١٣٦٤، ل٢٢٣-٢٢٦

[3] شاعیر شیعری "قالوێی گەورکان"ی تایبەت کردووە بە بەرخۆدانی مینە شەم و عەبدوڵڵا موعینی و دەڵێت:
مەتەرێزێکی ترە لەو ناوە
لەو گل و دۆرە ئەوێی هەڵناوە.....
چۆلگەیە، زورکەنە، شوێنی چاڵە
باوەشی ماوەتەوە ئاواڵە
سەنگەری مینە شەم و عەولایە
داخەکەم دەنگی کەسی لێنایە... بۆ زیاتر بڕوانە: هێدی ١٣٦٤، ل٢٢٧-٢٢٩

[4] هێدی شیعری "شاخی حاجی کێمی"ی بۆ بەرخۆدانی سەید فەتاحی نیزامی و هاوڕێکانی هۆندووەتەوە و دەڵێت:
داخۆ ئێستەش هەموو ڕۆژێ لەوێ
دەنگی ''پیرۆت'' و ''عەلی''ی دێتە گوێ
لەو هەرێمە خەوی ئارامی شەوێ
بەتەقەی ''سەید فەتاح'' ی دەڕەوێ
داخۆ دوژمن کە بە دوایدا دەکشا
خەنجەری ''عەلیە گەلە''ی چۆن دەوەشا
بیری ''عوسمانی''دەکا جاروبار
ئاو لە چاوانیەوە دێتە خوار؟... بۆ زیاتر بڕوانە: هێدی، ١٣٦٤، ل٢٣٢-٢٣٠.

[5] هێدی بە شیعری شاخی ''گوێزە کوێرە'' یادی دوو پێشمەرگەی کوژراوی جووڵانەوەکەی کردووەتەوە و دەڵێت:
...لێرە زۆرجار چەتەیان بۆ هاتوون
''حاجی پاراست'' و حوسێنی خاتوون''
ئێستە هەستێکی نییە بێ دەنگە
چاوی جاسووس لە خەوا بێ ڕەنگە..... بۆ زیاتر بڕوانە هێدی، ١٣٧٤، ل٢٣٣-٢٣٤

دێوالان"[٣] جگە لە شینگێران و پیاهەڵدان بە قارەمانێتیی پێشمەرگەکان، باسی وردەکاریی کوژرانی مەلا مەحموود زەنگەنە، عەبدوڵڵا موعینی، مینەشەم، سەید فەتاح نیزامی، مەلائاواڕە و سمایل شەریفزادە و چەندین پێشمەرگەی دیکەی کردووە. هاوکات باسی لە دڕندەیی هێزەکانی حکومەتی ئێران، جاش و سیخوڕەکانی نێوخۆ و مەترسیان بۆ سەر پێشمەرگەکان کردووە.[٤]

سەید کامیلی ئیمامی(١٩٠٣-١٩٨٩) ناسراو بە "ئاوات"، شاعیرێکی دیکەی کلاسیکی کوردستانی ئێران بوو، بە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرە لە ساڵانی ١٩٦٧ بەدواوە، هەست بە کاریگەریی جووڵانەوەکە و خراپیی ڕەوشی سیاسیی کوردستانی ئێران لەو چەرخەدا دەکەین. بەڵام شاعیر ڕاستەوخۆ ئامانجی خۆی دەرنەبڕیوە، وەکوو زۆرینەی شاعیرەکانی سەردەمی خۆی لە کوردستانی ئێران بەهۆی ڕەوشی ئەمنییەوە شێوازی سیمبولیزمی بەکارهێناوە. شاعیر لە شیعری "تاونەدیو"، باسی لە چاوەڕوانی بۆ گەیشتن بە ئاوات کردووە، کە بریتییە لە سەربەخۆبوون و

---

[١] هێدیی شاعیر شیعری "سپێلکی سەرشیو"ی بۆ بەرخۆدانی پێشمەرگەکان لە سپێلکی گوندی سەرشیوی ناوچەی سەردەشت هۆندووەتەوە و دەڵێت:

...نە بە ڕۆژ دێ نە شەوانە لە سەری
دەنگی دەسڕێژی ''حەمەی ڕەسوومەری''
نە تەقەی گەرمە نە هاتوچۆیە
باوەشی چۆڵە سپێلک بۆیە... بۆ زیاتر بڕوانە: هێدی ١٣٦٤، ل٢٣٥-٢٣٦

[٢] هێدیی شاعیر شیعری ''چۆمی کۆدەڵ'' ی بۆ کوژرانی شەریفزادە و هاوڕێکانی هۆندووەتەوە و دەڵێت:

'' کۆدەڵ'' ئێستاشی سرەوتن ناوێ
سینگ لەبەرد ئەکوتێ پریشک داوێ...
وات ئەزانی کە هەموی کافورە
ئێستە بە خوێنی شەهیدان سوورە...
نە''شەریفزادە'' لەهیچ کوێ هەستی
دێتەوە گوێ، نە''محەمەد ئەستی''
نە ''حوسێن ڕابی''ئێتر لەو ناوە
هەڵمەتی نیوە شەوانی ماوە
نە لە جێیەک ''عەلی عەولا کۆڵی''
ماوە هەڵمالێ لە دوژمن قۆڵی... بۆ زیاتر بڕوانە: هێدی، ١٣٦٤، ل٢٤٤-٢٤٥

[٣] هێدیی شیعری ''گوندی دیوالان''ی بۆ یادی تێکۆشان و لەسێدارەدانی مەلا ئاواڕە و هاوڕێکانی هۆندووەتەوە و دەڵێت:

هەڵکشا ئێتر ئەوە زەردەی خۆر
زەردەیان گرت پەمەیی و ئاڵ و مۆر...
دیمەنی جوانە بەڵام وەدیارە
ڕێی مەترسی هەیە بۆ ''ئاوارە''
تا بڵێی گوندی بەداو و کەڵەکە
بەدهۆن زۆر و بە فێڵ و تەڵەکە...
بێن ببینن کە ''شەهید ئاوارە''
سەری چەند بەرزە لەسەر سێدارە
چۆن ''حەمەد ئەحمەد'' و ''ڕەحمان وەتمان''
بۆ وەتەن مردن و سەریان نەچەماندن..... بۆ زیاتر بڕوانە: هێدی ١٣٦٤، ل٢٤١-٢٤٣.

[٤] هێدی، ١٣٦٤، ل٢١٣-٢٤٥.

ڕزگاربوون لەدەستی حوکمی بێگانە.[1] هەروەها شیعری "نیشتمان"،[2] شیعرێکی سیاسیی دیکەی شاعیرە لەنێو دیوانەکەیدا، کە تیایدا خەم و ئازارەکانی چۆڵیی نیشتمانەکەی دەربڕیوە و باسی لە تۆڵەسەندنەوەی گەلەکەی کردووە. ئەم شیعرەی بەرواری ساڵی ١٩٦٧ی لەسەرە، ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە شاعیر ئاگاداری سەرەتاکانی جووڵانەوەی ٦٧-٦٨ بووە.[3] شیعرێکی دیکەی شاعیر، "عەزیزی میسری دڵ"ە، باس لە گرتنی کەسێکی خۆشەویستی نێو دڵی شاعیر دەکات. ئەم شیعرەی شاعیر هاوکاتە لەگەڵ لووتکەی جووڵانەوەکە، ئاشکرایە لەو کاتەدا سپەهبود ئوەیسی لە جەڵدیان سەربازخانەیەکی بۆ گرتن و ئەشکەنجەی خەباتکارانی کورد بنیات نابوو،[4] بەڵام لە بیرمان نەچێت سمایل شەریفزادە لای هاوڕێکانی لە زانکۆی تاران نازناوی سمکۆی هەبوو، بەڵام بە ناوی نهێنیی مەلاعەزیز لە کوردستانی ئێران خەباتی دەکرد، بۆ ئەوەی لەچاوی ساواک دوور بێت. پێدەچێت عەزیزی میسری دڵەکەی شاعیر، سمایل شەریفزادە بێت. هەروەها شاعیر لە شیعری، "دەستی ماندوو زگی برسی"، "بەهاری ناخۆش"، "ئاردی نێو دڕوو"، "لافاو"[5] و "کەی بەهار وایە"، هاوسۆزیی خۆی بۆ جووڵانەوەکە و کوژراوەکانی نێو کۆمیتەی شۆڕشگێڕی "ح.د.ک" دەربڕیوە.[6]

هەر چەندە کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و جووڵانەوەی ١٩٦٧-٦٨، لە کاتی خۆیدا لە لایەن چین و تۆێژە جیاوازەکانی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازییەکی گەرموگوڕیان لێنەکرا و خەڵکی لەبەر چەندین هۆکار، کە گرنگترینیان ترس لە ساواک و حکومەتی ئێران بوو ، ئامادە نەبوون پۆل پۆل و دەستە دەستە بچنە پاڵ جووڵانەوەکە و چەک لەشان بکەن، بەڵام شکستی جووڵانەوەکە و کوژرانی

---

[1] سوڵتانی، ئەنوەر، ٢٠٢٢، *شیکردنەوەی دیوانی ئاوات*، ب. دووەم، چ. ٢، ئەڵمانیا: بنکەی ڕۆشنگەری، ل٢٥.

[2] سەید کامیلی ئیمامی لە شیعری "نیشتمان" ساڵی ١٩٦٧ دا دەڵێت:

تەماشا نیشتمان ڕێک جێگە مۆڵە
چ وێران و کەلاوە و چۆڵ و هۆڵە
گەلیش هەروا بە فکرێکە لە کونجێ
کە چۆن بستێنێ لەو، بەو فێڵە، تۆڵە
بەڵام دەشت و دەری زەنوێرە هێشتا

لە بۆ سەیرانی گەل زۆر نەرم و نۆڵە.... بۆ زیاتر بڕوانە: زەنبیلی، سەید جەعفەر ئیمام(ئامادەکار)، ٢٠١٣، *"شاری دڵ"، دیوانی سەید کامیلی ئیمام زەنبیلی-ئاوات*، چ. ١، سنە: کتێبخانەی کانی، ل١٩٢.

[3] سوڵتانی، ٢٠٢٢، ل٧٧.

[4] سوڵتانی، ٢٠٢٢، ل٩١.

[5] سەید کامیلی ئیمامی لە شیعری "لافاو" لە ساڵی ١٩٦٨دا شین بۆ کوژرانی پێشمەرگەکانی جووڵانەوەکە دەگێڕێت و دەڵێت:

هەستا لافاو لە وڵاتی ئێمە تۆفان
هەڵڵایە، هەرایە، شینە، گریان
بێ کەشتی و نووح و شۆرتە ماوین
مالکاولی دەم شەپۆلەئاوین....
نانووسرێ کاکە! کارەساتی
لافاوی بەهاریی و نەهاتی
ڕووی کردە وڵاتی کوردەواری

هەر ماوەتە ڕەحمی زاتی باری... بۆ زیاتر بڕوانە: زەنبیلی، ٢٠١٣، ل٣٢٤-٣٢٥.

[6] سوڵتانی، ٢٠٢٢، ل٩٦، ١٠٠، ١٠٣، ١١٦، ١٢١.

زۆرینەی ڕێبەرانی، کاریگەریی زۆری لەسەر تێکڕای چین و تویژەکان، بە چینی ئەدیبان و شاعیرانیشەوە دروست کرد، بەجۆرێک ئەو شیعر و نوسراوانەی پاش شکستی جوولانەوەکە، پیاهەڵدانیان بۆ جوولانەوەکە و ڕێبەرانی تێدا بوو، لەنێو گەنجان وخەڵکدا پێشوازیی گەرمیان لێکرا. خەڵکی کوردستانی ئێران ڕێزیان لە کۆژراوەکانی جوولانەوەکە گرت و وەکوو شەهیدی نەتەوەکەیان لەپاڵ قازی محەمەدا هەژماریان کردن. لە بەرانبەریشدا لە دژی ئەو دەنگە تاک و تەرایەی دژ بە جوولانەوەکە و ڕێبەرانی هەبوو، بێدەنگ نەبوون و دەنگیان هەڵبڕی.

تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی جوولانەوەکە لەسەر ئەدەبیاتی دەرەوەی کوردستانی ئێران:

دەربڕینی هاوخەمی و پیاهەڵدانی خەباتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و جوولانەوەی ١٩٦٧-٦٨، سنووری ئەدەبیاتی کوردستانی ئێرانی تێپەڕاند. لە دۆخێکدا کە ڕادیکاڵیزم و گوتاری شۆڕشگێڕانە لە جیهان و بەتایبەتی ئەمریکای لاتین، ئەفریقیا و ئاسیا لە دەیەی شەست سەرچڵی گوتارەکان بوو،[1] ناواخنی شیعری شاعیران لە کوردستانی عێراق کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو گوتارانە و بەشێک لە شاعیران بە خەباتی چەکدارانەی شۆڕشگێڕانە سەرسام بوون. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە خەباتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ و ڕێبەرانی، وەکوو بەشێک لە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێران، لە ساڵانی پاش شکستی جوولانەوەکە و تەنانەت تا ئەم ساڵانەی دواییش، کاریگەریی لەسەر شاعیرانی کوردستانی عێراق دروست کرد و لە شیعری هەندێک لە شاعیراندا، وەکوو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەی کورد ناویان هێنان. شێرکۆ بێکەس(١٩٤٠-٢٠١٣) پێشەنگی ئەو شاعیرانەیە کە ئەو ڕووداوە مێژووییەی لە بیر نەکردووە و ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کردووەتە کەرەستەی خاوی هەندێک لە شیعرەکانی و خەباتەکەیانی بەرز نرخاندووە. سولەیمان موعینی، کەسی یەکەمی جوولانەوەکە، وەکوو سیمبولی قوربانی و خۆڕاگری لە شیعری شێرکۆدا جێگەی خۆی کردووەتەوە. شاعیر لە شیعری "داستانی هەڵۆی سوور"، تێکۆشانی ناوبراوی بەرز ڕاگرتووە، هاوسۆزیی بۆ محەمەدئەمینی باوکی دەربڕیوە و شینی خۆی بۆ کۆژرانی موعینییەکان گێڕاوە.[2] جارێکی دیکە و لە داستانی شیعری "کوڕی زەریا"دا، شێرکۆ بێکەس، یادی موعینی دەکاتەوە و وەکوو سوارێکی ئازا و بەجەرگی سەردەمی شا ناوی بردووە.[1]

---

[1] بازیار، ٢٠٢٠، ل٢٤٠.

[2] شاعیر لە شیعری داستانی "هەڵۆی سوور"دا دەڵێت:

آغا بیا، ئێمە لەکوێین؟ لە بەستێندا ئێمە لم بووین...
شەقامەکان ڕیزە تابووتێکی ڕەش بوون، سەرەکانیان کرابۆوە
لەناویاندا موعینییەکان ڕاکشابوون
کەبەسەریاندا ئەڕۆیشتین، دەرەلنگی شەڕوالّەکانیان ئەگرتین
ئەوە چۆن بوو نەئەمردین؟....
ئەوە مێزەرە سپیەکەی محەمەدە، بۆتە دەسماڵی سەرچۆپی
مەرگێکی سووری دووبارەی بەهاری شار
ئەوە چۆغەی موعینییە، بەسەر ئەسپی قودسییەوە دەوران ئەکا و
جارێکی تر ئەیجۆشێنێ کۆتەڵی شار!
ئەی تفەنگەکەی موعینی، تەنها ئەو وەختە ببورە لە پیاوکوژان

جەلال میرزا کەریم(١٩٣٥-١٩٩٣)، یەکێکی دیکە بوو لە شاعیرانی شیعری نوێی کوردستانی عێراق. ئەم شاعیرە بە گوتارە شۆڕشگێڕییەکانی لە شیعردا بەناوبانگە. زۆرینەی ڕەهای شیعرەکانی، باسی شۆڕشی کوردی و پێویستیی ڕزگاربوونی گەلی کورد لە ڕێگەی شۆڕشەوەیە.[٢] لەگەڵ ئەوەی جەلالی میرزا کەریم زۆرینەی شیعرەکانی لەسەر شۆڕشی ئەیلوولە، بەڵام تێکۆشان و بەرخۆدانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی لەبیر نەکردووە، لە شیعری "پێشکەشە بەو شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمدیون"، پەسنی خەباتی قازی محەمەد و موعینیی لە پاڵ یەک کردووە و لە شیعرێکدا ناوی هێناون و خەباتی ئەو دوو سەرکردەیەی پێکەوە گرێداوە. لە هەمان کاتدا شینی بۆ لەدەستدانی ئەو سەرکردانە گێڕاوە.[٣] سواڕە قەڵادزێیی، شاعیرێکی دیکەی کوردستانی عێراقە، کە بە خەباتی

گەر توانیان جارێکی تر موعینییت بۆ بهێننەوە بتکاتە شان
بە دڵدارانی شام بڵێن، حەریقێ بەربۆتە دڵم
هەر کە ئەدوێم ئەبێ بە وەرزی ژیلەمۆ و پشکۆبارین... بۆ زیاتر بڕوانە: *دیوانی شێرکۆ بێکەس ١٩٧٤-١٩٨٦*، ٢٠٠٦، ب.٢، کوردستان: ل١٥٩-١٦٣.

[١] شاعیر لە شیعری "کوڕی زەریا"دا دەڵێت:
لە شەوێکدا تەم و مژ، وەک دەم و چاوی ڕەزاشا
لەتاراندا گرژو مۆن بوو، ئەو خۆر و شمشێرەی
بە ئاڵاوە لکێنرابوون، بێزار بوون و بەپێدزکێ
پشتیان بۆ یەکتری دانا و هاتنە خوارێ...
کە صەمەد هاتەوە، ڕوانی شێر تووڕەیە
شێر وتی: هەر شوێنێ مەترسی لێئەکرێ لەوێ ئەبم
بێ سوارم، بەبێ سوار ڕام مەگرە.
صەمەد ڕۆی..هاتەوە، سوارێکی لەگەڵ بوو
کەڵەگەت، مەچەک پڕ سنگ تووکن
سوارەکە ڕاستەوخۆ چووە سەر کۆڵی شێر
سەرەتا نەمناسی سوار کێیە، نەمدیبوو بریینی
هێندم بیست کە ڕۆیشتن شێرەکە پێی ئەوت موعینی... بۆ زیاتر بڕوانە: *دیوانی شێرکۆ بێکەس ١٩٧١-١٩٩٣*، ٢٠٠٦، ب. ٣، ل٣٢٢-٣٢٨.

[٢] یەعقوبی، عەبدولخالق،٢٠٢٤، جەلالی میرزا کەریم-شاعیری شۆڕش و شۆڕشگێڕی شاعیر، *گۆڤاری کاروان*، ژ. ٢٥٧، ل٥٢-٥٣.

[٣] جەلالی میرزا کەریم لە شیعری "ئەو شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمدیون" لە ساڵی ١٩٧٥دا دەڵێت:
...هەواڵەکانی ڕۆژنامەی مەرگی قازی، گۆرانییەکمان فێرئەکا:
(کەسێک ڕێی خۆر بگرێ ئەبێ، ئەبێ بە تەلیسمی شەوا بڕوا..
وازنەهێنێ لە گیانبازی). چاوی پرسیار..
دەفتەرەکانی ڕابوردوو، یەک بە یەکیان ئەکاتەوە...
کێ پۆستەی تەرمی موعینی، خستە بەردەم سێدارەی شا؟
ڕێبوارێکم.. نازانم چۆن بتانبینم
زمانێکم.. نازانم چۆن بتاندوێنم
لە کوێن؟ هەتا جێگا گوللەی سەرسینەتان ، بەکل برژم....
ئەڕۆم.. خەمی بینینەوەی پەڵە خوێنی، ڕێگاتان لەگەڵ خۆم ئەبەم... .
ئەچمە سابڵاخ، فرمێسکی سەر گۆڕی شاری بێبارانی

شۆڕشگێڕانە سەرسام بووە. ناوبراو لەژێر کاریگەریی شەهیدبوونی ڕێبەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕدا، بە شیعری "من.. دایکی...شەریفزادەم... هاوڕێیان...؟" پشتگیریی خۆی بۆ خەباتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ دەربڕیوە، خەمی لەدەستدانی ئەو شۆڕشگێڕانەی لە شیعرەکەیدا هەڵڕشتووە.[1] هەروەها ئەحمەد حوسێن، نووسەر و شاعیر لە کوردستانی عێراق، شیعرێکی بە ناوی "ویژدان فرۆشتن" بۆ جووڵانەوەکە و خودی سوڵەیمان موعینی نووسیوە و خەباتی موعینیی بەرز نرخاندووە.[2]

جووڵانەوەکە لە نێوخۆی وڵاتی ئێران و لە نێو شاعیران و ئەدیباندا، دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو. بڵاونەبوونەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی جووڵانەوەکە، هەروەها ترس لە فشار و ڕاوەدوونانی ساواک، هۆکارێک بوون بۆ سنووردارببوونی دەنگدانەوەی جووڵانەوەکە لەنێو ڕووناکبیران و ئەدیبانی ئێران. هۆیەکی تر، زاڵبوونی بیری چەپ لە نێو زۆرینەی ئەدیبان و ڕووناکبیرانی ئێراندا بوو، ئەوەش کاری کردووەتە سەر ئەدیبان و وابیریان کردووەتەوە جووڵانەوەکە، ڕەوتێکی نەتەوایەتییە و چارەسەری پرسی چینایەتی پێ نەبووە، بۆیە خۆیان لە باسکردنی بواردووە. جگە لەوەی نابێت هەستی ڕەگەزپەرستیی نەتەوەی باڵادەستی ئێران بەرانبەر نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەبیر بکرێت.[3] بەڵام وێڕای ئەو ڕەوشەش، چاومان بە شیعری شاعیری

هەناسەی باخ. بە گڕ ئەسڕم. بۆ زیاتر بڕوانە: کەریم، جەلالی میرزا، ٢٠٢١، *ڕێگا دوورەکانی چاومان*، چ. ١، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، ل١٨-٢٠.

[1] سواره قەڵادزێیی لە شیعری "من..دایکی..شەریفزادەم..هاوڕێیان"دا دەڵێت:

.... جاران بەو ماچە خوێناوییانە، چاوە کەسکەکانی، "تاقەدار"م پێ پڕ لە سورمە دەکرد
جاران خونچەی زەردەخەنەم، وەک شەکراو بۆ شۆڕە سواڕەکەی "دارێنەم"...!
دەکردە گەرووی شۆخە کچەکانی سابڵاخەوە...!
جاران لە کۆڵانە تەنگ و "شەوە" لێدراوەکانی شاری موعینییەکان و مەلائاوارەوە...
کەزیەکانم.. بۆ لاوژەکەم دەکردە بەر چارشێو...
لەوەتەی دالّی چڕنوق ژاراوی، قوڵایی لە دڵ و جگەرم گیرکردووە....!
لەو وەرزە تۆفانەی "لاوکۆ" عاشقەکەی ئازادیم، لەسەنگەری نەبەردیدا
منی کردە قوربانیی دایکی گەورەی "کوردستان"...!!
پەیمانەکەی گەیاندە سەر لە ناو بڵێسەی ئاگردا....

بوو بە ڕووناکبیرترین شەهید، بووبە جوانترین "جیوارا"....!؟ . بۆ زیاتر بڕوانە: قەڵادزێیی، سواره، ٢٠١١، *کاتێک شیعر زمانی دەڕژێ*، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیر، ل١٧٩-١٨٢.

[2] ئەحمەد حوسێن لە شیعری "ویژدان فرۆشتن" دا دەڵێت:

تۆ نموونەی تێکۆشان بوویت موعینی
بۆ گەل سیمای دڵخۆشان بوویت موعینی...
گیانت شاد بێت چرۆی دەرکرد نیازت

شوێنکەوتووانت دەڕۆن لەسە ڕێبازت ... گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ ئەحمەد حسێن لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسنجەر، ٢٣-١٢-٢٠٢٥. ئەحمەد حوسێن ئەحمەد، ساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی لەدایک بووە، نازناوی "پێژان"ە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ەوە بووە بە دۆستی شیعر و چەندین شیعری بۆ خۆشی و ناخۆشییەکانی نەتەوەکەی نووسیوە. کۆمەڵە بەرهەمێکی زۆری شیعری لە گۆڤارەکانی ژین، هاوکاری، کاروان و بەیان بڵاوکردووەتەوە؛ پێشنەماز، ٢٠٢١.

[3] کەریمی، ٢٠٢١، ل١٠٦.

ئێرانی سەعید سوڵتانپور(١٩٤٠-١٩٨٢) دەکەوێت.[١] ناوبراو لە شیعرێکیدا بە ناوی "سرود کردستان خون آلود"(سروودی کوردستانی خوێناوی)، باسی لە جوواڵانەوەی ٦٧-٦٨کردووە و ئەو خەباتەی بەرز نرخاندووە.[٢] هەروەها خەباتکاری بەناوبانگی ئێرانی علیرزا نابدل(١٣٢٣-١٣٥٠)، لەژێر کاریگەریی جوواڵانەوەکە و لەخوێندگەوزانی پۆلێک لە لاوانی کورد، شیعرێکی بە ناونیشانی "کردستان" نووسیوە،[٣] لە شیعرەکەیدا شاعیر ئاوڕی لە ماندوویینەناسیی گەلی کورد و بێزاریی گەورەیان لە ڕژێمی شا داوەتەوە.[١]

---

[١] سعید سوڵتانپور یەکێک بوو لە شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی ئێران، ساڵی ١٩٦٨ کۆمەڵە شیعرێکی خۆی پاش وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی، بڵاو کردەوە.. بەڵام هێندەی نەبرد ساواک هەمووی کۆ کردەوە. بەڵام کۆنفیدراسیۆنی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات چاپی کردەوە. بۆ زیاتر بڕوانە: asre-non.net

[٢]شاعیر لە "سرود کردستان خون آلود" دا دەڵێت:

آه، آه،
دیگر باره باید "رود" را ببینم
"رود"،
که مرا با تفنگ و قمقمه، گذر داد
"رود"،
که خون گلوله‌ام را شست
دیگر باره باید "رود" را ببینم
از "رود" بگذرم و
در "بانه" و "قصر شیرین"
شلیک کنم.
گلوله من چیست؟
گلوله من چیست
ای برادر فولادی؟
گلوله من چیست
جز ستاره‌ای
که نعره انتقام می‌کشد
و مهاجم وحشی را
از آسمان "بانه"
بر صخره‌های "سقز"
منفجر می‌کند
گلوله من چیست؟

ستاره‌های "بوکان" می‌تابند
و مردان قبیله
زیر ستاره‌های سرخ
حماسه‌های کوهی می‌خوانند. بۆ زیاتر بڕوانە:
https://soundcloud.com/khoroos/٢g١hhbvghtvz

[٣] علیرەزا نابدل لە شیعری "کردستان"دا دەڵێت :
"آنک، کوهای سربر افراخته

بر مناعت این قله‌ها، چکمه‌های خونین راهی نتوانند گشود
و آهوان این دامنه‌ها،
تیر صید افکنان بیگانه را آماجی نخواهند بود...

*

آنک، کوهساران سربرافراخته
بر این بلندیها ، چکمه‌های خونین ، راهی نتوانند جست
گشتاوران آن، راست بالایان خمیده چشم اند
در دلهاشان عشقی بزرگ
عشقی از آندست که در سینهء " صلاح الدین" بوتهء
آتش نهاد

و در افسانه‌های رزم انسان ، بر کمر او شال همت بست." بۆ زیاتر بڕوانە: اوختای، علیرضا نابدل، ۱۳۵۸، از شاعر بخون خفته خلق، علیرضا اوختای، *پیغام امروز*، شماره ۱۹ ص۵؛ سەردەشتی، یاسین، ۲۰۲٦، والّی تایبەتی فەیسبوک/https;//www.facebook.com/share/p/۱AWwZ٤tGoq

[۱] https://rojpress.wordpress.cop/۲۰۱۱/۰۳/۱۲/azari-song-for-kurds/، ۲۰۲۵۲۲-۱۲-

ئەنجام

یەکەم: ڕەوشی نێوخۆی کوردستانی ئێران لە ساڵانی دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوو، لە سایەی دەستەڵاتی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی، بەگشتی دژوار بوو، وێڕای شەپۆلەکانی سەرکوتی سیاسی و هەڵمەتەکانی دەزگای ساواک بۆسەر ناوچە کوردنشینەکان و دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی نیشتمانپەروەران، ناوچەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیشەوە وەکوو کەرتەکانی پەروەردە، تەندروستی، ئاوەدانکردنەوە، ڕێگاوبان و دابیکردنی ئاوی خواردنەوە پشتگوێخرا بوو. هاوکات کەرتی ئابووورییش بە داتەپیوی مابووەوە، ڕیفۆرمی زەوییش نەیتوانی لە چارەسەری گرفتە ئابووورییەکاندا سەرکەوتوو بێت. تێکڕای ئەو ڕەوشە نالەبارە، کادرە پێشکەوتنخوازەکانی "ح.د.ک"ی هێنایە سەر ئەو بڕوایە، کە لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، خەباتی سیاسی و پەرلەمانی توانای چارەسەری ئەو ڕەوشە قەیراناوییەیان نییە. بەو هۆیەوە، بۆ ڕزگاربوون لە ستەمی حکومەتی ئێران بیریان لە شێوازێکی نوێی خەبات کردەوە.

دووەم: ڕەوشی نێوخۆی "ح.د.ک" لە دواساڵەکانی دەیەی پەنجاکان و ساڵانی شەست، قەیراناوی بوو. دۆخی پەنابەرییان لە کوردستانی عێراق و دوورکەوتنەوەیان لە بنکەی سەرەکیی خەبات، ئەو حیزبەی بەرەو هەڵدێر برد و خستیە ژێر کاریگەریی ڕووداوە خێراکانی عێراق و کوردستان. ئەوەش دەرفەتی قوولّبوونەوەی ناکۆکییەکانی زیاتر کرد، تا گەیشتە ئاستی پەرتبوون و سڕینەوەی یەکتر. دواجار تاکڕەوی بەسەر ئەو حیزبەدا زاڵ بوو. ئەو ڕەوشە نالەبارە، بەشێک لە کادرە باڵا و لاوە خوێندەوارەکانی ئەو حیزبەی، لە نیوەی دووەمی ساڵانی شەست هێنایە سەر ئەو بڕوایەی بیر لە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی حیزبەکەیان بکەنەوە، بۆ دوورکەوتنەوە لە کاریگەریی شەپۆلی گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق کار بکەن و لایەک لە ڕەوشی نالەباری هاوولاتانیان و حیزبەکەیان لە کوردستانی ئێران بکەنەوە و بەردی بناغەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بنیاد بنێن.

سێیەم: ئەو گۆڕانکارییانەی کە جیهانی چەپی گرتەوە، لەگەڵ شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئەمریکای لاتین، کووبا، ڤێتنام و جەزائیر، کاریگەرییان لەسەر لاوە خوێندەوارەکانی "ح.د.ک" دانا و بوون بە هۆی ئەوە ئەو شێوازە لە تێکۆشان بۆ کوردستانی ئێران بگوازنەوە و بۆ ڕزگارکردنی لە دەستی حکومەتی ئێران تێ بکۆشن. ئەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە کوردستانی عێراق دژ بە حکومەتی عێراق، لە شۆڕشی چەکداریدا بوو، ئەوەش وێڕای ئەوەی هەستی نەتەوایەتیی کادرەکانی "ح.د.ک"ی بووژاندەوە، هاوکات بە چەک و شۆڕشیش ئاشنای کردن و کاریگەریی لەسەر دانان.

چوارەم: فاکتەرە نێوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەکان، وەک بەهێزیی سوپای ئێران و توانای دەزگای ساواک، پەیوەندیی بەهێزی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراق و حکومەتی ئێران، بوونی سیخوڕ لەنێو چینی ئاغا و دەرەبەگ کە بەرژەوەندییان لەگەڵ کۆمیتەی شۆڕشگێڕ نەبوو، قەتیس مانەوەی جوولّانەوەکە لە ناوچەیەکی دیاریکراو و پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەرگری لە جیاتی هێرشکردن، نەبوونی هۆشیاریی سیاسی و گوڕوتینی جەماوەر، دەرفەتی پێگەیشتنی ئەو خەباتەی نەدا و جوولّانەوەکە شکستی هێنا.

شەشەم: کوژرانی پێشوەختەی سەرکردە کاریزماکانی وەکوو سمایل شەریفزادە، سولەیمان موعینی و مەلائاوارە، لە باری دەروونییەوە گورزێکی کوشندە بوو بۆ تێکۆشەرانی بەشداری جوولانەوەکە و کاری ڕێکخراوەیی ئەوان، چونکە پڕکردنەوەی جێگای ئەو سەرکردانە لەکاتی شەڕدا کارێکی ئەستەم بوو. ئەوەش کاری حکومەتی ئێرانی لە کوژاندنەوەی جوولانەوەکەدا ئاسان کرد.

حەوتەم: نمایشکردنی تەرمی پێشمەرگەکانی جوولانەوەکە و هەڵمەتی فراوانی حکومەتی ئێران بۆ سەر کوردستان لە پاش کوژاندنەوەی جوولانەوەکە، تەقینەوەی هۆشیاریی سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا و لاوانی پەلکێشی ڕیزی خەبات کرد، خەڵکی زیاتر لە هەر کاتێک ڕوویان لە "ح.د.ک" کرد و هەستی نیشمانپەروەریان بووژایەوە.

هەشتەم: خەباتی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ح.د.ک بووە بەشێکی زێڕینی تێکۆشانی سیاسی لە کوردستانی ئێران و ناوی ڕێبەرانی جوولانەوەکەی لەپاڵ ناوی قازی محەمەددا بە زیندوویی تۆمارکرد. هاوکات جوولانەوەکە بووە ئەڵقەی یەکەمی زنجیرەیەک لە خەباتی چەکداریی کوردستانی ئێران و هێشتا بەردەوامی هەیە، بۆ ئێرانیش یەکەم لێدان لە هەیبەت و دەستەڵاتی شا و ساواک بوو. هەروەها ڕەچەشکێنی لە گرتنەبەری خەباتی چەکداری لە تەواوی ئێراندا بوو.

نۆیەم: جوولانەوەکە خاڵی وەرچەرخانی تێکۆشانەکانی "ح.د.ک" لەسەر ئاستی ڕێبەرایەتی، شێوازی خەبات و بنکەی جەماوەری بوو. لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا لاوانی ڕۆشنبیر بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکانی ئەو حیزبە هاتنە پێشەوە. بنکەی جەماوەریی ح.د.ک، لە خێڵ و عەشیرەتەوە بۆ چینی جووتیاران و وەرزێران و ڕۆشنبیران، گۆڕانی تێدا پێک هات. شێوازی چەکدارانەی خەباتیش بووە یەکێک لە گرنگترین و درێژخایەنترین شێوازەکانی خەباتی داهاتووی حیزبەکە.

دەیەم: جوولانەوەکە لە پاش کوژانەوەی، هەندێک لە حیزبە چەپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵاتی هێنایە سەر هێڵ و بۆ بردنە پێشی ئامانجەکانی خۆیان، دەنگی ناڕەزاییان لە بەرانبەر هێرش و پەلامارەکانی حکومەتی ئێران لە کوردستان بەرز کردەوە، لە ڕێگەی ئۆرگان و بڵاوکراوەکانیانەوە دانیان بە ستەمی نەتەوەیی بەرانبەر کورد لە ئێراندا نا. هاوکات لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیای چەپی مارکسیەوە داوای یەکخستنی خەباتی گەلانی ئێرانیان کرد.

یانزەیەم: حکومەتی ئێران بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دەنگدانەوە و لێکەوتەکانی، ڕێگریی لە بڵاوبوونەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە جوولانەوەکە لە بڵاوکراوەکانی نێوخۆی ئێراندا کرد، ئەوەش دەنگدانەوەی جوولانەوەکەی لەسەر ئاستی ئێران لاوازکرد.

دوانزەیەم: لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە جوولانەوەکە تاڕادەیەک دەنگدانەوەی لەنێو ڕۆژنامە چەپەکانی وڵاتانی ئاسیا و ئەورووپادا هەبوو. ڕۆژنامەکان کوشتاری تێکۆشەرانی کورد لە کوردستانی ئێران و پەلاماری حکومەتی ئێران بۆ سەر ئەوانیان بڵاوکردەوە و سەرکۆنەیان کرد.

سیانزەیەم: جوولانەوەکە، وەکوو قۆناغێکی مێژوویی لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستانی ئێران کاریگەری قوواڵی لەسەر چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەبوو. توێژی شاعیران و ڕووناکبیرانیش وەکوو توێژێکی هۆشیار و هەستیاری کۆمەڵگە لەو کاریگەرییە بێبەش نەبوون و بەشێک لە ئەدەبی بەرگریی کوردستانی ئێران لە ئەنجامی جوولانەوەکە لەدایک بوو. شاعیرانی شیعری نوێ و کلاسیزمی نوێ، لە ڕێگەی ئەدەبی بەرگرییەوە، کۆژرانی ڕێبەران و پێشمەرگەکانی جوولانەوەکەیان نووسییەوە و کردیانە بەشێک لە فەرهەنگی نەتەوەی کورد. هاوکات لە کوردستانی

عێراقیش جوولانەوەکە بووە ژیلەمۆی شیعری هەندێک لە شاعیرانی شۆڕشگێڕ. کاریگەریی جوولانەوەکە، سنووری ئەدەبیاتی کوردستانی تێپەڕاند. سەرەڕای سەرکوتی سیاسی و نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین، هەندێک لە شاعیرە ئێرانیەکان هۆنراوەیان بۆ جوولانەوەکە و کوردستان هۆنیوەتەوە.

لیستی سەرچاوەکان

یادداشت و بیرەوەریی:

- ئەحمەد زادە و هاوڕێیانی، عومەر، ٢٠١٩، یادێک لە عومەری ئەحمەدزادە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
- ئەحمەدی، ڕەشید، ٢٠٠٩، چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم، بیرەوەریی سالانی ١٩٥٠-١٩٨٢، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، سوید، چاپخانە کتاب ارزان.
- ئەسکەندەری، ئەحمەد، ٢٠٢١، بیرەوەری و یادداشت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران .
- بەرزنجی، عومەر مەعروف، ١٩٩٧، مەحموود خانی دزڵی، چاپی دووەم، هەولێر، نووسینگەی ئازاد بۆ چاپەمەنی.
- بلووریان،غەنی، ١٩٩٧، ئاڵەکۆک-بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم، ب.چ.
- پێشنەماز، مەلا ڕەسوول، ٢٠١٢، سەربردەی ژیانم، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان .
- پێشنەماز، مەلا ڕەسوول،٢٠٢١، جوولانەوەی (١٩٦٧-١٩٦٨ز) (١٣٤٦-١٣٤٧ی هەتاوی)، ب.س، ب.چ.
- خزری، محەمەد، ٢٠٢٠، لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوولانەوەی ساڵەکانی٤٢-٤٧(١٩٦٣-١٩٦٨)ی حزبی دێموکراتی کوردستان
- کوردستان، ب.ش، ب.چ.
- کرمانج گوندی، کەریمی سەعید مەسیفی، ١٩٩٠، سی٣٠ ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، سوید، ب.چ.
- حسن زادە، عبدالله، ٢٠٠٢،کورتە مێژووی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم.
- حیسامی، کەریم، ١٩٨٤، لە بیرەوەرییەکانم لە منالیەوە تا ساڵی ١٩٥٧، بەرگی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، منتدی اقرأ الثقافی.
- حیسامی، کەریم، ١٩٨٧، لە بیرەوەرییەکانم ١٩٥٧-١٩٦٥، ب٢، ستۆکهۆڵم.
- حیسامی، کەریم، ١٩٨٧، یادی هێمن، سوید، لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی نوێ.
- حیسامی، کەریم، ١٩٨٨، لە بیرەوەرییەکانم ١٩٦٥-١٩٧٠، ب. سێیەم، ستۆکهۆڵهم، ب.چ.
- حیسامی، کەریم، ١٩٩٧، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، چاپخانەی هەرزان.
- مەرەسەنە، خدر، ٢٠٠٤، ئاوێنەی ڕاستیەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی قانع.
- ڕەستگار، حەسەن، ٢٠٢٢، بڕگەیەک لە ژیان و خەباتم، چاپی دووەم، ب. یەکەم، ب.ش، ب.چ.
- ڕەشەی قاچاخچی، ڕەشیدی فەلاحی، ٢٠١٠، بیرەوەرییەکان لە شۆڕشدا، چاپی یەکەم، ب.ش، چاپخانەی ئەزمەڕ.
- ڕەشید، سەلاح (ئامادەکار)، ٢٠١٧، مام جلال، دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
- سولتانی، مەلەکە مستەفا، ٢٠٢٤، سێبەری قەلەبەرد لەسەر ئەلمانە و تاڵەسوار، چاپی دووەم، ب.ش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی.
- عەبدولقادر، فەرەیدون، ٢٠٢٠، هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، چاپی دووەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- قادری، ئەحمەد، ١٣٨١، بەدەم ڕێگای ژیانەوە، ب.ش، چاپخانەی سەرکەوتن.
- قازی، ئەمیر، ٢٠١٤، لەبیرەوەرییە سیاسییەکانم، سلێمانی، چ. شڤان.
- قازی، ئەحمەد، ٢٠٢١، دەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان، چاپی یەکەم، سۆران، کۆمەڵگەی فەرهەنگیی ئەحمەدێ خانی.
- قازی، عومەر، ٢٠٢٢، ئەوەی دیتم و بیستم، بیروەرییەکانی عومەری قازی، چاپی یەکەم، ب.ش، ب.چ
- قاسملوو، عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٢، کورتە مێژووی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی دا، چاپی یەکەم، ب.ش ب.چ.

- قاسملوو، نەسرین، ٢٠١٤، ئوروپاییەک لە وڵاتی کوردان، چاپی یەکەم، و.ناهید حسێنی، چاپخانەی سەردەم
- کاژەیی، ڕەحمان، ٢٠٢١، کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سوید، کتاب ئەرزان.
- کەریمی، هاشم. ٢٠٢١، گەشتێک لە ئەربابای بانەوە بۆ باواجیی کۆیە، چاپی یەکەم، سوید، چاپخانەی کتاب ئەرزان.
- کۆیستانی، سەعید، ١٩٩٦ز، ئاوڕێک لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حزبی دێموکراتی کوردستان، بەرگی یەکەم، ب.ش، ب.چ.
- کۆیستانی، سەعید کاوە، ٢٠٠٥، وەردانەوە، چاپی دووەم، ب.ش، ب. چ.
- گادانی، جلیل، ٢٠٠٨، ٥٠ ساڵ خەبات، چاپی دووەم، دهۆک، چاپخانەی خانی.
- گادانی، جەلیل، ٢٠١٢، لە کەشکۆڵی پێشمەرگەیەکەوە، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
- گادانی، جەلیل، با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ب،چ
- مەرەسەنە، خدر، ٢٠٠٦، بیرەوەرییەکانم بۆ مێژوو، ب.ش، چاپخانەی دیلان .
- نستانی، عەبدول، ٢٠٢١، ژیانی دەربەدەریم، چاپی یەکەم، ب.ش، چاپخانەی کارۆ.
- هەژار، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، ١٩٩٧، چاپی یەکەم، پاریس، ب.چ.
- هێدی، خالد ئاغای حیسامی، ٢٠٠٨، ئاوێنەشکاو، چاپی دووەم، هەولێر، ب.چ.

نامەی ماستەر و توێژینەوەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی

- خورشید، هێمن حمید، ٢٠١٥، سیاسەتی ئێران لە هەمبەر عەشیرەتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٢١-١٩٤١)، نامەی زانکۆیی(بڵاونەکراوە)، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی.
- ئەحمەد، گوڵەباخ حوسێن، ٢٠١٦، ئەزموونی شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- کرمانجی ناوەڕاست(١٩٨٠-٢٠١٤)، نامەی زانکۆیی، هەولێر، زانکۆی سەڵاحەدین.
- سعید، اسماعیل عبدالرحمن، ٢٠٢٢، سازمانی ئینقلابی و ڕەوتی چەپی نوێ لە باشووری کوردستان (١٩٦٨-١٩٧٠)، *گۆڤاری زانکۆی کۆیە*. ب. ٥، ژ. ٢.
- سعید، اسماعیل عبدالرحمان، ٢٠١٩، کاریگەریی بیرو ئەندێشەی چەپ بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٩، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ژ. ١.

پەرتووکە کوردییەکان:

- ئاشتی، سەڵاحەدین(ئامادەکار)، ٢٠١٤، شەنگەسوار-سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارەی ئێلخانیزادە، چاپی دووەم، سلێمانی، غەزەلنووس
- ئاوە، کامەران ئەمین، ٢٠٢٢، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ب.ش، چاپخانەی هێڤی.
- أحمد، ئیبراهیم خلیل و مراد، خلیل علی، ٢٠١١، مێژووی ئێران و تورکیا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ئەسەسەرد، فەرید، ٢٠٢١، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپی چوارەم، بەرگی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری.
- ئەلعامری، دکتۆر عەبدولخالق ناسر، ٢٠٢١، بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق ١٩٣١-١٩٧٥، و.ئەرکان شاربازێڕی، دهۆک، ب.ش.
- ئەمیری، ڕەحمان، ٢٠١٢، مێژووی بزاڤی خوێندکاری لە ئێران ١٩٥٣-١٩٩٩، چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمیتەی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی یەکیەتیی خوێندکارانی ح.د.ک.
- بارزانی، مەسعود، ٢٠٠٤، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ،بەرگی ٣، بەشی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- بارزانی، مەسعود، ٢٠٠٤، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چ.١، ب٣، بەشی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- بازیار، سمایل، ٢٠٢٠، کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان –حزبی دیموکراتی کوردستان وەک نموونە(١٩٤٥-١٩٩١)، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- باوەڕ، ئەحمەد، ٢٠٢٣، پەرەسەندنەکانی دۆزی کورد لە عێراق و کاریگەری لەسەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ١٩٨٥-١٩٧٩، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
- بەهرەوەر، محەمەد، ٢٠١١، شیعر و پەخشانی سواره، لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەرهەمەکانی سوارەی ئیلخانی زادە، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- بەهرەوەر، محەمەد، بێ ساڵی چاپ، سواره و پەخشانی کوردی- کتێبێک لە گفتوگۆدا، ب.ش، ب.چ، ل٣٤٩.
- بەهمەن(ئامادەکار)، ٢٠١٠، ٥ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی پویا.
- بورزوویی، موجتەبا، ٢٠٠٥، بارودۆخی سیاسی کوردستان(١٨٨٠-١٩٤٦)، چاپی یەکەم، و. نازناز محمد عەبدولقادر و ئەوانی تر، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٦، دیوانی شیعر، بەرگی یەکەم ١٩٦٨-١٩٨٠، کوردستان، ب.چ.
- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٦، دیوانی شیعر، ١٩٧٤-١٩٨٦، ، بەرگی دووەم، ،کوردستان،ب.چ.
- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٦، دیوانی شیعر، ١٩٧١-١٩٩٣، بەرگی سێیەم، کوردستان.ب.چ.
- پرووونهووبێر، کارۆڵ، ٢٠٠٩، خولیا و مەرگی قاسملووی کورد، چاپی یەکەم، و.فەتاح کاویان، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- پژمان، عیسا،١٩٩٧، نهێنی یەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر، وەرگێڕ: ناسر ئیبراهیمی، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید.
- تۆفیق، جووتیار، ٢٠٠٧، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- جەلال، برایم، ٢٠١٢، چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە،چاپی دووەم، ب.ش، چ. چوارچرا.
- جەلال، ئیبراهیم، ١٩٩٨، خواروو‌ی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی دووەم، سوید، چاپخانەی هێرمان.
- حەبیب، وریا (نوسیار)، ٢٧٠٨، دیوانی هێمن موکریانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
- حداد، حاجی حسین، ٢٠٠١، کوا ئاوێنەی ڕاستییەکان، ب.ش، ب.چ.
- حمەلاو، شەیما، ٢٠١٧، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە(سازکا)، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.
- حەسرەتیان، م. ئە. یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، ٢٠٠٧، و.دلێر ئەحمد حمد، چاپی یەکەم، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
- رەئوف، د.لوقمان (ئامادەکار)، ٢٠١٤، دیوانی هاوار(عەلی حەسەنیانی)، سلێمانی، چ.دێکانی.
- رەئیسنەژاد، ئارەش، ٢٠٢٢، شای ئێران،کوردی عێراق و شیعەی لوبنان ١٩٨٥-١٩٧٩، چاپی یەکەم، و. شەفیقی حاجی خدر، ، هەولێر، چ. ڕۆژهەڵات.
- ڕەسوولْ، فاتیح، ٢٠٠١، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی یەکەم، سوید، ستۆکهۆڵم.
- ڕەحمانی، وریا، ٢٠٢٤، شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەڕنسادا ١٩٦١-١٩٧٦، هەولێر، چاپخانەی ڕۆکسانا.
- زەنبیلی، سەید جەعفەر ئیمام(ئامادەکار)، ٢٠١٣، شاری دڵ دیوانی سەید کامیلی ئیمام زەنبیلی-ئاوات، چاپی یەکەم، سنە، کتێبخانەی کانی.
- حەمەدئەمین، ئەحمەد، ٢٠١٠، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چ. ١، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- حوسێن، هیمدادی، ٢٠٠٨، ڕۆژنامەوانی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٣-١٩٤٧، چاپی یەکەم، لوبنان، گرین گالۆری.
- حیسامی، کەریمی، ١٩٧١، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستان، ب.ش، سنندج انتشارات روزبه.
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠٠٢، خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕوداوە نێوخۆییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان(حدکا) و جوولانەوەی چەکدارانەی سالانی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕاز.
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠٠٥ هەڵوێستی حزبی تووده لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١-١٩٨٣)، سلێمانی، چ.شڤان.
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠٠٧، ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمد تۆفیق(١٩٣١-١٩٧٣)، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠٠٧، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ب١، سلێمانی، چاپخانەی سیما.
- سەردەشتی، یاسین و مەلا تەها، بەرزان، ٢٠١٠، مێژووی هاوچەرخی ئێران، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی سایە.
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠١١، کوردستانی ئێران-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩)، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی سیما.سەعیدی،
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠١٥، گێڕانەوەی بەسەرهاتی بێسەروشوێکراوێکی بێ گلکۆ و مەزار سەدیقی ئەنجیری ئازەر، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠١٦، بیرەوەرییەکانی جەمیل مەردۆخی سەبارەت بە قۆناغێکی گرنگی شۆڕشی کوردستان، سلێمانی
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٥، هەواڵی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی دەزگای سەربازی و ئەمنیەتی ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێران، ب.ش، ب.چ.
- سەردەشتی، ٢٠٢٥، خاک و خون سەرچاوەیەکی مێژووی هاوچەرخی کوردستان، ب.ش، ب.چ
- سابیر، ڕەفیق، ٢٠١٤، ئیمپراتۆریای لم -لە بارەی ئیسلام، خێڵ و ناسیۆنالیزم، چاپی چوارەم، سلێمانی، غەزەلنوس
- سججادی، علاءالدین، ٢٠١٧، شۆڕشەکانی کورد و کوردو کۆماری عێراق، چاپی یەکەم، سنە، چاپخانەی کوردستان.
- سوڵتانی، ئەنوەر، ٢٠٢٢، شیکردنەوەی دیوانی ئاوات، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، ئەڵمانیا، بنکەی ڕۆشنگەری.
- سوڵتانی، ڕەشاد مستەفا، ٢٠٠٧، کاک فوئاد سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی، چاپی دووەم، ئەڵمانیا، کۆڵن، چاپخانەی باقر مورتەزەوی.
- شێخانی، هۆشمەند عەلی مەحموود،٢٠٠٧ ، عەبدولڕحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا (١٩٣٠-١٩٨٩)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.
- شەرەفی، سمایل،(وەرگێڕ و ئامادەکار) ١٣٨٥، شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، ب.ش، ب.چ.
- علی، طاهر محمد، ٢٠١٣، قانع ژیان و بەرهەمی، ب.چ. ب.ش
- عبدالقادر، نازناز محمد، ٢٠٠٨، سیاسەتی ئێران بەرانبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراقدا(١٩٦١-١٩٧٥)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
- غەریب، دیار، ٢٠١٦، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی.
- غەفور، خەڵەف، ٢٠١٩، هەتاوی ئازادیخوازی(گفتوگۆ لەگەڵ سەڵاحەدینی موهتەدی)، چاپی یەکەم، ب،ش، چاپخانەی کارۆ.
- فەرشی، ئیبراهیم، ٢٠٠٨، سەدەی کارەسات، سلێمانی، چاپخانەی شڤان،.
- رسول، فاتیح، ٢٠٠١، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، بێ شوێنی چاپ،: فەرشی، ٢٠٠٨ .

- قازی، محمد ڕەزا سەیفی، ٢٠٠٨، نهێنییەکانی دادگایی کردنی قازی محمد و هاوڕێیانی، چاپی یەکەم، و. علی ئەکبەر مجیدی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- قازی، قاسم، ٢٠٢٥، مێژووی گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان(سەردەمی دووبەرەکی و لێکدابڕان)، بەرگی ٤، چاپی چوارەم، سوید، ب.چ.
- قاسمی، تاهیر، ٢٠٢٤، ئیعجازی ئەنگوستی پاکی موحەمەد، چاپی دووەم، کوردستان، ب.چ.
- قەڵادزێی، سواره، ٢٠١١، کاتێک شیعر زمانی دەپرژێ، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیر.
- کاردۆ، هەیاس، ٢٠١٢، ئەزموونی خەبات ئاورێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵای حەسەنزادە، چاپی دووەم، سوێد، چاپخانەی ئەرزان.
- کریمی، عەلی، ٢٠٠٥، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی(مامۆستا عولەما)، چاپی یەکەم، سوید، چاپخانەی زاگرۆس گوتنبێرگ.
- کەریم، جەلالی میرزا، ٢٠٢١، ڕێگا دورە کانی چاومان، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم،
- کورد، جلال الدین شافعی، ١٣٧٨، جغرافیای تاریخی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی بهرام.
- کەمالی، فەریدە کوهی، ٢٠١٢، ناسیۆنالیزمی شوانکارەیی، وەرگێڕانی د.یاسین سەردەشتی، ب.ش، ب.چ
- کۆچێرا، کریس، ١٣٦٩، مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، چاپی یەکەم، تاران، چاپخانەی کارون.
- گەوهەری، حامید، ٢٠١٥، ئەحمد تۆفیق، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- مک داوڵ، دیڤید، ٢٠٠٨، مێژووی هاوچەرخی کورد، و.حامید ڕەشیدی زەرزا، ب.ش، ب.چ.
- محێدین، واحد عومەر، ٢٠٠٦، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق١٩٢١-١٩٦٨، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی،
- مستەفایی، تەیمور، ٢٠١٥، ٧٠ وێستگەی مێژوویی، چاپی یەکەم، کوردستان، ب.چ،
- نەبەز، جمال، ٢٠١٠، گۆڤاری نیشتمان، چاپی دووەم، هەولێر، ب.چ.
- هەژاری، شەریف، ٢٠٢١، جووڵانەوەی نەتەوەیی باشووری کوردستان ١٩٣٢-١٩٦١ لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، چاپی دووەم، و.پارسا شێرکۆ، دهۆک، ب.ش، ل٥٨
- هەژار، شێرکۆ، ٢٠١٦، بارزانی و هەژار و هەژارو چەند کەسێک، ب.ش، ب،چ، ل٤٢-٤٥.
- هەروتی، سعدی عوسمان، ٢٠٠٧، بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا(١٨٨٠-١٩٣٩)، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
- هیجری، مستەفا، ٢٠١١، خەبات لەپێناو ئازادیدا، ب.ش، ب.چ.
- هێرش، شازین، ٢٠٠٠، ڕێکخراوە دیموکراسی و پیشەییەکان لە چیند بەڵگەنامەیەکی مێژوویدا ١٩٨٥-١٩٦٨، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ژمارە ٦٣، ب.ش.
- هێدی، خالید حیسامی، ١٣٦٤، کاروانی خەیاڵ، چاپی یەکەم، ارومیە،چاپخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی.
- یارئەحمەد، ژیلوان لەتیف، ٢٠١٧، مێژووی بزاڤی چەپ لە ئێران هەڵوێستی بەرانبەر بە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

ناميلكەكان:

- ڕۆژگار، مەلا، ١٩٩٥، لانەی جاسوسی، زنجیرە ٢، بڵاوکراوەی کوردستانی نوێ، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیر،ل٢٦٨؛ ئەحمەدزادە و هاوڕێیانی،٢٠١٩.
- حسن پور، محمد ڕەسوڵ، ١٣٨٠، یادی یاران ساتێک لەگەڵ مەلا ئەحمەدی شەڵماشی، ب.ش، ب چ حاجی خدر، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- خزری، محەمەد ٢٠١٠، نامەیەکی سەر ئاواڵە بۆ بەڕێزکاک ئەمیری قازی. ب.ش، ب،چ.
- عەبدوڵڵا، ژیلوان، ٢٠١٧، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ تۆپزاوا (چاوپێکەوتن لەگەڵ بابە شێخ حوسەینی سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، هەولێر .

- کاوسی، سیروان، بێ سالّی چاپ، کوردستان لەسەردەمی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی، بێ شوێنی چاپ، بێ چاپخانە
- مینایی، عەولّا، ١٣٥٨، مەلا ئاواره، ب.ش، ب.چ.
- نەقشی، ڕەحمان (ئامادەکار)، ٢٠١٥، جوولّانەوەی شۆڕشگێڕانە سالّەکانی ٤٦-١٣٤٧-جەلیل گادانی، ب.ش، ب.چ
- نەقشی، ڕەحمان(ئامادەکار)، ٢٠٢٤، یادێک لە شەهید سولەیمان موعینی، ب.س، ب.ش، ب. چ.

پەرتووکە عەرەبییەکان:

- البوتانی، دکتور عبدالفتاح علی، ٢٠٢٥، الموقف الأمریکی من الثورة الکردیة ٨ شباط ١٩٦٣_٢٦ تشرین الاول ١٩٦٥، دهوک، نوهەدرا.
- جواد، سعد ناجی، ٢٠٠٥، دراسات فی المسألة القومیة الکردیة، الطبعة الاول، الدار العربیة، ص٦٣
- الخرسان، صلاح، ٢٠٠١، التیارات السیاسیة فێ کردستان العراق قراءة فی ملفات الحرکات والأحزاب الکردی، فی العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، الطبعة الاولی، لبنان، بیروت.
- تابر، روبرت، بدون تاریخ طبع، حرب المستضعفین، ت. مەحموود سید الرصاص، ص٢٣
- ولبر، دونالد، ١٩٨٥، ایران ماضیها و حاضرها، الطبعة الثانیة، و.عبدالمنعم محمد حسنین، القاهرة دارالکتاب المصری.

پەرتووک به زمانی فارسی:

- ابراهامیان، یرواند، ١٣٨٤، ایران بین دو انقلاب، چاپ یازدهم، تهران، چ. غزال
- ابراهامیان، یرواند، ١٣٨٩، تاریخ ایران مدرن، چاپ چوارەم، ت. محمد ابراهیم فتاحی، تاران، ب چ.
- احمدزاده، مسعود، ١٣٤٩، مبارزة مسلحانه هم استرتژی، هم تاکتیک، ب.ش،ب.چ، ل٢٢
- أحمدی، محمد علی، ١٣٦٩، گفتمان چپ در ایرن دوره قاجار و پهلوی اول، چاپ اول، تاران، شمشاد.
- اوری، پتر، ١٣٧٩، تاریخ معاصر ایران، چاپ چهارم، ت. محمد رفیقی مهرابادی، تهران، انتشارات عوامی
- بختیاری، اسماعیل، ٢٠١٤، نکرشی تاریخی بر جنبش مسلحانەی ٤٧-١٣٤٦ کردستان(مکریان) در رژیم شاه، سلیمانیه، نشر چواچرا.
- توکولی، محەمەد رەئوف، ،١٣٥٤ جغرافیا و تاریخ بانه، کردستان، چاپ اول، چ.سهیل.
- رعنایی، شهین، ١٣٩٧، اصلاحات ارضی در استان کردستان ١٣٥٣-١٣٤١، چ. شیرازه.
- شوکت، حمید، ١٣٧٩، نگاهی از درون به جنبش چپ ایران (گفتوگو با ایرج کشکولی)، چاپ اول، تهران، اختران.
- حزب دمکرات کردستان ایران، ١٩٨١، دو بحث کوتاه در بارەی دو رویداد تاریخی در کردستان ایران، ترجمه و تکثیر از حزب دمکرات کردستان ایران تشکیلات اروپا، از انتشارات حزب دمکرات کردستان ایران، ب.ش،
- شرفکەندی، صادق، بی سال چاپ ،تاریخچه جنبشهای ملی کرد،(از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم)، ب.م، چاپ، ب.چ.
- شوکت، حمید، ١٣٨١، نگاهی او درون به جنبش چپ ایران (گفتوگو با کورش لاشایی)، چاپ اول، تهران، نشر اختران.
- قرگزلو، ، ٢٠٠٦، از انقلاب سفید تا انقلاب اسلامی زمینەها و ریشەیابی عوامل، چاپ نخست، پاریس، دایره مینا
- مدنی، حسین، ١٣٦٩، تحلیلی فشرده از دینامیزم و شیوەهای مبارزاتی در کردستان ایران
- مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات، ١٣٧٨، چپ در ایران به روایت اسناد ساواک، جلد اول، تهران.
- فرد، عرفان قانعی، ١٣٩٠، در دامگه حادثه بررسی علل و عوامل فروپاشی حکومت شاهنشاهی گفتگو با پرویز ثابتی(مدیر امنیت داخلی ساواک)، شرکه کتاب.
- کۆچێرا، کریس، ١٣٧٧، جنبش ملی کرد، چاپ دوم، ت، ابراهیم یونسی، چاپ نوبهار.
- مؤمنی، حمید، ١٣٥٨، در بارة مبارزات کردستان، چاپ دوم، ب.ش.

- مرتضوی، باقر، ۲۰۱۵، حلقەی گمشدە -سیروس نهاوندی، چاپ دوم، المان، کلن.
- نادری، مەحموود، ۱۳۹٤، حزب دمکرات کردستان ایران، تهران.

بڵاوکراوەی حیزبی

- لە بڵاکراوەکانی کۆمسیۆنی چاپەمەنی حزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان(کۆنگرەکانی ۱-۹)، ۲۰۲۱، بەرگی یەک.
- کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ۱۹۸۱، خیانەتەکانی قیادەی موومقەت بە نەتەوەی کورد، ب.ش، ب.چ
- لیژنەی یادی ۷۵ ساڵەی حزبی دێموکراتی کوردستان، ۱۳۹۹، کۆمەڵە وتار، چ.ڕۆژهەڵات.
- بداغی، عەلی(ئامادەکار)، ۲۰۲۵، ۸۰ساڵ خەبات لە پێناو ڕزگاری(حزبی دێموکراتی کوردستان و ڕاپەڕینی چەکدارانەی ۱۳٤٦-۱۳٤۷-د.سمایل بازیار، هەولێر، چ.ڕۆکسانا.

چاوپێکەوتن :

- چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەن زادە، کۆیە، ۱۲ی ٤ی ۲۰۲۵.
- چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ د.مەحموودعوسمان، ۲۱-٤-۲۰۲۵، هەولێر
- چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ مەلا ڕەسوولی پێشنەماز. ۲۹-٤-۲۰۲۵، سلێمانی.
- چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ نەرمین عوسمان، ٦-۱۰-۲۰۲۵.
- چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی نیما حوسێنی (شۆڕش) لەگەڵ ڕەحمان شەخسی، ۱٦-۹-۲۰۲۳، دێوالان.

گفتوگۆکان لەڕێگەی پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە:

- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ ئەحمەد حسێن لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسنجەر، ۲۳-۱۲-۲۰۲۵.
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ ئەحمەد نەستانی، ۲۸-۸-۲۰۲۵.
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ ئیبراهیم مینەشەم لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ٦-۱۲-۲۰۲۵، سوید
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ بابە شێخ حوسێنی لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسنجەر، ۱۵-۷-۲۰۲۵.
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ د. قادر وریا، ۲-۱-۲۰۲٦
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ۲۲-۱۰-۲۰۲۵
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ عەبدوڵلا حەسەنزادە لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ۱۸-۱-۲۰۲٦
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ عەبدوڵلا موهتەدی لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسینجەر، ۱٤-۱۲-۲۰۲٤.
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ محەمەد خزری لە ڕێگەی وەتسئەپ، ۲۷-٤-۲۰۲۵
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ محەمەد خزری لە ڕێگەی وەتسئەپ ، ۷-۸-۲۰۲۵.
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ محەمەد خزری لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ۲۳-۱۰-۲۰۲۵
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ محەمەد خزری، لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ۲۹-۱۱-۲۰۲۵
- گفتوگۆ لەگەڵ مەلا ڕەسوول پێشنەماز لە ڕێگەی مەسنجەر، ۱۷-۸-۲۰۲۵.
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ مەلا ڕەسوول پێشنەماز لە ڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسنجەر، ٦ی ۹ی ۲۰۲۵
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ مەلا ڕەسوول پێشنەماز لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی مەسنجەر، ۵-۱۱-۲۰۲۵.
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ ناسر قازیزادە لەڕێگەی تۆڕی پەیوەندیی واتسئەپ، ۹-۸-۲۰۲۵، پاریس.
- گفتوگۆی تویژەر لەگەڵ هەردی سەلیمی لە ڕێگەی هێڵی پەیوەندیی تیلیگرام، ۲٤-۱-۲۰۲٦

ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی

- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ، تیشک، ۱۹٦٦، ڕێگای سەرکەوتن و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، ژ.۱.

- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ١٩٧١، ڕۆژنامەی کوردستان ، ژ. ١.
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧١، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.٢.
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک ،١٩٧١،ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.٣.
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک ، ١٩٧١، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ. ٤.
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک ، ١٩٧١، بەیانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژ.٦
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک ، ١٩٧١، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ. ٧.
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک ، ١٩٧١، بیروباوەڕە شۆڕشگێڕێکی شەهید، *ڕۆژنامەی کوردستان*
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک ، ١٩٧١، ژ.٨.
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک ، ١٩٧٢، یادێک و یادگارێک، *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژ ١٩.
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک ، ١٩٧٣، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.٢٥.
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک ، ١٩٧٣یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری ئێران، *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژ ٢٦
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک، ١٩٧٣، ڕاگەیاندنێک لەسەر کۆنگرەی سێهەمی حزبی دیموکراتی کوردستان، *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژ.٢٩.
- ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک ، ١٩٧٣، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.٣٠.
- ئاراس، ٢٠١٦، نەسلێکی عەمەل گەرا و لەخۆبردوو، *ڕۆژنامەی کوردستان* ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک ،.١٩٦٨.ژ ٩.
- بازیار، سمایل، ٢٠١٧، ڕێبەرانی جوولانەوەی ٤٦-٤٧ کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕۆحی خەباتگێڕییە کرد کە لە شەستەکاندا لەسەرتاسەری جیهان وەڕێ کەوتبوو، *ڕۆژنامەی کوردستان* ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک ، ژ.٧٠٣.
- مەحموودی، عادل، ٢٠١٧، لە حوجرەوە، مەلا ئاوارە، *ڕۆژنامەی کوردستان* ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک، ژ.٧١٠.
- باباخانی، ناسر، ٢٠١٨، چێگواراکان، *ڕۆژنامەی کوردستان* ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک ، ژ.٧٣٣.
- خوێندکارانی کورد، ١٣٩٩، ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد، *ڕۆژنامەی کوردستان* ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک ، ژ. ٧٣٣.
- بێ ناوی نووسەر، ٢٠٢٥، د. کەمال فوئاد سەرکردە و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی ی.ن.ک، *کوردستانی نوێ*، ژ. ٩٥٤٢
- حیسامی، کەریمی، ١٩٧٠، ٢٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان، *ڕۆژنامەی "هاوکاری"*، ژ.٣٢.
- بۆکانی، ١٩٧٢، یادی شەهیدی نەمری کورد ئیسماعیلی شەریفزادە، ڕۆژنامەی "هاوکاری"، ژ. ١١٢.
- عادل، ١٩٧٢، مەلائاوارە شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، ڕۆژنامەی "هاوکاری"، ژ. ١٣٥.
- عادل، ١٩٧٢، مەلامەحموودی زەنگەنە شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، ڕۆژنامەی "هاوکاری"، ژ. ١٣٧.
- غالب، ١٩٧٣، یادی شەهیدی قارەمانی نمونەی گەلی کورد سمایل شەریفزادە، ڕۆژنامەی "هاوکاری"،ژ. ١٦٥.
- غالب، ١٩٧٣، پێنجەمین ساڵیادی شەهیدبوونی مەلائاوارە، ڕۆژنامەی "هاوکاری"، ژ. ١٨٤.

ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی:

فرج مرزی، ١٩٦٩، نضال الشعب الکردی فی ایران ضد حکومة العمیل، جریدة النور، ع. ١٧٨.

رۆژنامەکان بە زمانی فارسی:

- بی نام نویسندە، ۱۳۵۸، یاد شهیدان، *"آیندگان"*، ش. ۳۳۸۱.
- اوختای، علیرضا نابدل، (کردستان) از شاعر به خون خفته خلق علیرضا نابدل، *پیغام اموز*، ش. ۱۹.
- ارگان دیفاعی کونفدراسیون جهانی ، ۱۳٤۷، در کردستان، پیمان ، ش. ۳.
- ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی "توفان" ، ۱۳٤۷، بیاد تیرباران شدگان کردستان، *"توفان"*- ، ش. ١٤
- ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی "توفان"، ۱۳٤۸، راه رهائی خلق کرد، "توفان"، ش.۲۰.
- ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی "توفان"، ۱۳٤۸، طرح سیاهکارهای تازه در کردستان، "توفان"، ش. ۲۲.
- ارگان سازمان مارکسیستی لینینستی "توفان"، ۱۳٤۸، شاه و کودتای عراق، "توفان"، ش. ۳۰.
- بی نام نویسندە، ۱۳۵۸، یادداشتی بر نمایشگاه نقاشی و پوستر کردستان در تالار نقش، حماسه خون و شقاوت، روز، ش. ۱۵
- بدون نام نویسندە، ۱۳٤٤، شکایت کشاورزان قریه مامش، خاک و خون، ش. ۵۲.
- بی نام نام نویسندە، ۱۳٤٤، ظلم و ستم از هرسو که باشد ناپسند است، خاک و خون، ش. ٦٦.
- بی نام نام نویسندە، در شهرستانهای میهن، خاک و خون، ش. ۱۲۸.
- بی نام نام نویسندە، در شهرستانهای میهن، خاک و خون، ش. ۸۹.
- بی نام نام نویسندە، در شهرستانهای میهن-خاک و خون، ش. ۵۹،
- بی نام نویسندە، ۱۳٤۹، موج نوین مبارزه، ستاره سرخ، شماره۱-سال اول.
- *ارگان مرکزی حزب توده ایران*، کمیته مرکزی حزب توده ایران ، ۱۳٤۷، اعلامیه مرکزی حزب توده ایران ، *مردم*، ش.٤۲
- نامه کمیته مرکزی حزب توده ایران، ۱۳٤۷، *مردم ارگان مرکزی حزب توده ایران*، ، ش. ٤۳.
- پ. پرتو، ۱۳٤۸، تلاش برای احیای "پیمان مرده"، *مردم ارگان مرکزی حزب توده ایران*، ش. ۵۱.
- ح شیروان، ۱۳٤۸، انعکاس جنایات رژیم در کردستان سال ۱۳٤۷، مردم، ارگان مرکزی حزب توده ایران، ش. ۵۲.
- کیوان، ۱۳٤۸، مغلطه‌کاری رژیم به‌حساب اعلامیه جهانی حقوق بشر، *مردم ارگان مرکزی حزب تووده ایرن*. ش ۵۵.
- ح. شیروان،۱۳٤۷، یادی از جنبش دموکراتیک مهاباد، *مردم ارگان مرکزی حزب تووده ایران*، شماره ۵٦.
- بدون نام نویسندە، ۱۳٤۹، موج نوین مبارزه، *ستاره‌سرخ*، ش. ۱.
- بی نام نویسندە، ۱۳۵۷، پس از ۳۲ سال فعالیت پنهانی حزب دمکرات کردستان علنی شد، *کیهان*، ش. ۱۰٦۵۱.

گۆڤارەکان بە زمانی کوردی:

- سەردەشتی، یاسین، ۲۰۰٦، سەرنجێک لە کۆمەڵەی ڕزگاری، *گۆڤاری پەیامی کوردستان*، ژ. ۳۲.
- ئۆرگانی سازمانی ئینقلابیی حزبی تووده، ۱۹۷۰، بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستانی ئێران، *تووده*، ژ.۱۹.
- بازیار، سمایل، ۱۳۸٦، خوێندنەوەیەکی سەرهەڵدانی جوولانەوەی چەکدارانەی ٤٦-٤٦، *گۆڤاری تیشک*، ژ.۱۹.
- ئیسماعیل نەژاد، ئاگری، ۲۷۲۳، وتوویژ لەگەڵ ئەنوەر سوڵتانی، *گۆڤاری تیشک*، ژ.٤۷-٤۸.
- عەزیزی، هادی، ۲۷۱۹، تابلۆیەکی ٤٦-٤۷، *گۆڤاری تیشک*، ژ. ۵۲.
- بێ ناوی نووسەر، ۱۹٦۹، خەباتی نەتەوەی کورد، *گۆڤاری ڕزگاری*، ژ.۲.
- بێ ناوی نووسەر، ۱۹٦۹، ڕژێمی کۆنەپەرستی تاران حوکمی ئیعدامی دەستەیەک لە نیشتمانپەروەرانی کورد ئەدات، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە ٤.
- بێ ناوی نووسەر، ۱۹٦۹، خەباتی کوردستان سولەیمان موعینی، *گۆڤاری ڕزگاری*، ژ.۸.
- یەعقوبی، عەبدولخالق،۲۰۲٤، جەلالی میرزا کەریم-شاعیری شۆڕش و شۆڕشگێڕی شاعیر، *گۆڤاری کاروان*، ژ. ۲۵۷.

- ڕێبوار، ١٩٩٦، چیرۆکی شعری داڕێنە، *گۆڤاری گزنگ*، ژ.١٠.
- دێهقان، سەید ڕەسوولّی بابی گەورە، ١٩٩٨، بەسەرهاتی ژیانم، *گۆڤاری گزنگ*، ژمارە ٢٠.
- بڕوانە: پێشنەماز، مەلا ڕەسوولّ، ١٩٩٨، چەند سەرنجێک لەسەر چێشتی مجێوری هەژار موکریانی، *گۆڤاری گزنگ*، ژ.٢١.
- مەهدی و حەمید هیمداد، هەردی، ٢٠٠٨، عەبدولستار تاهیر شەریف، نهێنییەکانی ژیانی ئاشکرا دەکات، *گۆڤاری لڤین*، ژ. ٦١.

گۆڤارە عەرەبییەکان:

- توفیق، اسراء طالب،٢٠٢١، میثاق سعدآباد عام ١٩٣٧ قراءة معاصرة فی العلاقات (العراقیه–الترکیه–الایرانیة، *مجلة دراسات فی التأریخ والاثار*، ژ٧٨.
- کاطع، عقیل جبار، ٢٠٢٤، الحرکه السیاسیه الکردیه فی عهد البهلوی(١٩٢٥–١٩٧٩)، جامعه بصره، *مجله دراسات التاریخیه*، عدد ٣٩.
- حمیری، هلال کاظم، ٢٠١٨، عبدالکریم قاسم روایة معاصرة فی المسار العلاقات، *مجلة الکلیة الاسلامیة الجامعة*، العدد ٤٥.
- عبدالکریم، د. وجیه احمد، طبیعة العلاقات الأیرانیة العراقیة خلال الفترة ١٩٨٥–١٩٦٣، حولیة الکلیة اللغه العربیة بایتای البارود، ژ.٣٣.

گۆڤاری فارسی:

- رفیعی، محمد حسین، ١٤٠٣، سیاست منطقه ای ایران در عراق بر پایه اسناد ساواک (از سقوط پادشاهی تا قدرت گیری حزب بعث)، نشریه علمی تحقیقات اسناد انقلاب اسلامی، ش ١٢.

سایتە ئەلکترۆنییەکان بە زمانی کوردی:

- ئەمین، کاوە(ئامادەکار)، ٢٠١٧، جەلیل گادانی، ١٠–١٢–٢٠٢٥، https:// youtu.be.rudaw.ruwange.blogspot.com
- ئەحمەدزادە، هاشم، ٢٠٢٥، بەرنامەی تایبەت بە هەشتاساڵەی دامەزرانی ح.د.ک و کاریگەرییەکانی بە سەر ئەدەبی بەرگریی کورد، ٢٤–١٢–٢٠٢٥– kurd channel–کورد کاناڵ.
- بازیار، سمایل، ٤–١٩–٢٠٢٥، یادی پەنجاساڵەی ڕاپەڕینی ٤٦–٤٧ لە وتوویژی کوردستان لەگەڵ سمایل بازیار، کوردستان و کورد، ٢٠١٧، .https//kurdistanukurd.com
- قازیزادە، ناسر، https://youtu.be/YmKZa٩uULDY
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٦، (شیعرێکی عەلیرەزا نابدل) والّی تایبەتی ناوبراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک https://www.facebook.com/share/p١/AWwZ٤tGoq/
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٦، (تۆفان و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری کوردی ئێران و ڕێگاری ڕزگاری گەلی کورد)، والّی تایبەتی ناوبراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک: https://www.facebook.com/share/p/١٧uGsALZvG/
- شۆڕش، نیما حوسێنی، ٢٠٢٣، https://t.me/history– ٦٨–١٩٦٧/
- گەوهەری، حامید، ٢٠٢٦، سدیقی ئەنجیری کێ بوو، کێ تیرۆری کرد، والّی تایبەتی فەیسبوک https://www.facebook.com/share/p/١https:gN٤C DtY/?mibextid=wwXlf٥٥
- کەریم بلووری ٢٥–١١–٢٠٢٢، ٢٠١٢– ٢٠٢٥ =https;//youtu.be/XCeNzYba٥is?si ،

- گۆدەرزی، سیاوەش (ئامادەکار)، ١٠-٤- ٢٠٢٤، بەرنامەی تاراوگە لەگەڵ تاهیر بەرهون، ٣-١٢-٢٠٢٤، https;//youtu.be/Nn-Ivuqo٥zK
- قازیزادە، ناسر، سولەیمان موعینی، www.nasserghazizdeh.six.com
- Nasser،Ghazizadeh ،٢٠٢٠، ١٠٦٨-١٩٣٣ soulhman moeini ،٢٠٢٥-٨-٣.
- هاشم، حەمە(ئامادەکار)، ٢٠٢٥، ناسر قازیزادە (هونەرمەندی شێوەکار) لەسەردەشتەوە بۆ پاریس، لە ریالیزمەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم، https://ruwange.blogspot.com/٢٠٢٥ /٠٧_post-blog?m=٣٠.html١
- سلێمانی، محەمەد، ٤-٩-٢٠١٨، ستەمی سیاسی و نەتەوایەتی هۆکاری سەرهەڵدانی قۆناغە چەکدارییەکانی حدکا بووە! گیارەنگ،٢٠-١١-٢٠٢٥، ٤٨٣١=?https://giareng.com/
- شلّماشی، مستەفا، ١٩-٤-٢٠٢٥، یادێک لە شەهید ئاوارەی شۆڕشگێڕ و شاعیر، ٢٠٢١، https://kurdistanukurd.com
- خزری، مەلا محەمەد، ١٢-٥-٢٠٢٥، بەهاری کوردەواری سورو شینە، https//t.me/kurdistsnbook

- قازی، حەسەن، ٦-١١-٢٠٢٥، هەندێک بەڵگەی ساواک سەبارەت بە شەهادەتی سەرکردەی نەمر سولەیمان موعینی، ١٤-٥-٢٠٢٠ruwange.blogspot.com
- سمکۆی شکاک. بۆ زیاتر بڕوانە: htpps://ckb.wikipedia.org.
- نەستانی، ئەحمەد، ٥-١١-٢٠٢٥، ئاوڕێک لە جوولانەوەی ٤٦-٤٧ لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی، کوردستان و کورد، https://kurdistanukurd.com. ،٢٢-٨-٢٠٢٢
- قازی، حەسەن(ئامادەکار)، ٢٠٢٤، ١٩-٤-٢٠٢٥، هەڤپەیڤین لەگەڵ د. هاشم ئەحمەد زادە ڕەخنەگر و تۆێژەری ئەدەبی ''ئاوڕێک لە بیرەوەرییەکانم'' ی نەمر کەریمی حیسامی، ڕوانگە، ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، https//ruwanga.blogspot.com
- مالّپەری shehid.com ،٢٠٢١، ٢٥-١٠-٢٠٢٥
- گۆڤاری مەتین.https;//govarametin.com/dosten-kurdan
- نەقشبەندی، ئەسعەد سیراجەدینی، ٢٠٢٥، چاوپێکەوتنی میدیای درەو لەگەڵ ئەسعەد سیراجەدینی-بەشی یەکەم، https;//youtu.be/cF٢yGdqJMos?si=DEj٤DS٥xqHhcmm٩w
- گفتوگۆ لەگەڵ ئەمیر حەسەنپور، ٩-١١-٢٠١٤، https://www.youtube.com/watch?v=٣w٠٧٥NdfQjg
- ڕوانگە، ٢٠٢٤-٧-١١، هەڤپەیڤین لەگەڵ دکتور هاشم ئەحمەد زادە ڕەخنەگر و تۆێژەری ئەدەبی،٤-١٩-٢٠٢٥،https://ruwanga،blogspot.com
- نەقشبەندی، ئەسعەد سیراجەدینی،٢٠٢٥،بەشی یەکەم، ٢٠١٢-٢٠٢٥. ٣٣٨٠@drawmedia
- هاشم حەمە(ئامادەکار)، ٢٠٢٥، دیمانەی هونەرمەند ناسر قازیزادە، https://ruwange.blogspot.com/ blog-spot-٣٠.html?m=١/٧/٢٠٢٥
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٦، (تۆفان و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری کوردی ئێران و ڕێگاری ڕزگاری گەلی کورد)، والّی تایبەتی ناوبراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکhttps://www.facebook.com/share/p/١vuGsALZvG
- سەردەشتی، یاسین، ٢٠٢٦، https;//www.facebook.com/share/p/١AWwZ٤tGoq/
- ئەحمەدزادە، هاشم، ٢٠٢٥، بەرنامەی تایبەت بە هەشتاسالّەی دامەزراندنی ح.د.ک و کاریگەرییەکانی بەسەر ئەدەبی بەرگری کورد،. ٢٤-١٢--٢٠٢٥ kurd channel-کورد کانالّ.
- خاکی، محەمەد(ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران، یدالله بیگلری، ٣١-١٠-٢٠٢٥
- خاکی، محەمەد(ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران فاتح شێخولئیسلامی ٣١-١٠-٢٠٢٥
- خاکی، محەمەد(ئامادەکار)، ٢٠١٧، تاریخ شفاهی چپ در ایران ساعد وطن دوست، ٣١-١٠-٢٠٢٥

- سەلام، هەژار (ئامادەکار)، ۲۰۲٦، چیرۆکیان لەگەڵ د.جەعفەر شێخوئیسلامی، https://m.youtube.com/watch?v=hLstMZCbeg&fbclid۲

سایتە ئەلکترۆنییە فارسیەکان:

- https//www.azadi-b.com/?p=٤٠٩١٤ اردلان، یوسف، ریشەهای فکری کومەلە، ۱۸-۳-۲۰۲۵، ریشەهای فکری کومەلە، ٦-۲-۲۰۲۳.
- کریمیان، سۆران، قیام چریکی مائوئیست ها در کردستان(۱۹٦۷-٦۸)، https;//www.radiozamaneh.com
- سعید سڵطانپور، : asre-non.net
- سرود کردستان خون آلود،
- http://www.bokan.de./laperekan/farsi/adabyat/trjume/soltanpur٪۲۰farsi.pdf.
- علیرضا نابدل، https://rojpress.wordpress.cop/۲۰۱۱/۰۳/۱۲/azari-song-for-kurds/
- منظمة مجموعات التحفيز، ۳۱ أكتوبر ۲۰۲٤، حرب ڤيتنام: نموڤج مقاوم يلهم حركات التحرر، ۲۳-۱۱- ۲۰۲۵ https://stimulusgroups.org
- منظمة مجموعات التحفيز، ۳۱ أكتوبر ۲۰۲٤، حرب ڤيتنام: نموڤج مقاوم يلهم حركات التحرر، ۲۳-۱۱- ۲۰۲۵ https://stimulusgroups.org.

- magiran مرجع فراگیر مجلات علمی و تخصصی ایرانی، ۱۰ی ۷ی ۲۰۲۵.
- چریکهای فدائی خلق ایران، ۱۳۵۱، آموزش هائی برای جنگ چریکی در شهر، https://siahkl.com.

پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە (١) ڕۆژنامەی ""خاک و خون""، ژ. ٦٣ .
وەرگیراوە لە سەردەشتی، ٢٠٢٥، "خاک و خون" ل ٢٠٤.



